# بانەکانی وێزەرینگ



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

ئیمیلی برۆنتێ

# بانەکانی وێزەرینگ

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:

گۆران سەباح غەفوور



ناو کتێب: بانەکانی وێزەرینگ - ڕۆمان
نووسینی: ئیمیلی برۆنتێ
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: گۆران سەباح غەفوور
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٦٦٤
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مەریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (١١٦٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

# بەشی یەکەم

لە ساڵی ١٨٠١، لە سەردانێکدا گەڕامەوە بۆ کاولبووەکەم. گەڕامەوە لە شوێنێکی بەتەنها، لە شوێنێک هەرگیز وەک پەناگەیەک تیایدا پشووم نەخواردووە. بێگومان ئەمە وڵاتێکی جوانە! لە ئینگلتەرادا، هەرچی من بیری لێ دەکەمەوە و سەیری دەکەم بەدەر نییە لە کێشە و ئاریشەی کۆمەڵگە. لە بەهەشتێکی پڕ لە ڕەشبینیدا، من و بەڕێز هیتکلیف گونجاوترین دوو کەسین نائومێدی و ئێش و ئازار لە بەینی خۆماندا دابەش دەکەین. هیتکلیف هاوەڵێکی مەزنە! کاتێ کە شوێنی خۆم گۆڕی، هەروەها کاتێ پەنجەکانی خستنەوە نێو گیرفانی، بەبڕیارێکی بەرزخوازانەوە، دوورتر لە پاڵتۆکەی، کاتێ کە ناوی خۆم ڕاگەیاند، کاتێ هەستم بەچاوە ڕەشەکانی کرد پڕ بەگومانەوە لەژێر ئەبرۆکانی پاشەکشێیان دەکرد، ئەوەی هێنا پێش چاوی خۆی کە دڵم بۆ وی چەند دەسووتێ.

وتم: تۆ بەڕێز هیتکلیفی؟

سەرێکی ئەرێی بۆ لەقاندم.

بەڕێز لۆکود، بەکرێدەرە نوێیەکەت گەورەم. من خۆم شەرافەتمەندی بانگکردن دەکەم بەزووترین کات پاش گەیشتنم، هیوادارم سەری جەنابتانم نەهێشاندبێت بەهۆی داواکردن و سووربوونم لەسەر بەکرێ گرتنی سرەسکرۆس گرانج: دوێنێ گوێبیستی ئەوە بووم کە بەڕێزتان هەندێ بیرۆکەتان لە لا گەلاڵە بووە.

قسەکانی پێ بڕیم و وتی "سرەسکرۆس هی منە، گەورەم". دەستی پێکردەوە و وتی "من لێناگەڕێم هیچ کەس سەریەشەم بۆ بنێتەوە، تا هێزم هەبێت هەمپەری دەخەمە



بەر و دەیپچڕێنم!"

"دەیپچڕێنم" لە زمان و نێوان ددانێکی چیڕەوە هاتە دەر، هەروەها ئەو هەستەی دەربڕی "بچۆ بۆ دیوس". تەنانەت ئەو دەرگایەشی کە بەسەریدا چەمابووەوە، هیچ سۆزێکی بزوێنەری بۆ وشەکان نەخستە ڕوو. من وای بۆ دەچم کە ئەو بارودۆخە وای لێ کردم داوەتەکە پەسەند بکەم: هەستم بەوە کرد کەیفم بەو پیاوە دێت کە زۆر زیاتر لە من خۆی دەپارێزێت.

کاتێ لمووزی ئەسپەکەی منی بینی پاڵ بەدیوارەکەوە دەنێت، دەستەکانی دەرهێنا وەک بڵێی زنجیری لێکردنەوە، دواتر بەمووڕەوە ڕێڕەوەکەی بەمن نیشان دا، هەرکە چووینە نێو ڕێرەڕەوەکە، بەسەر جۆزێفدا قیڕاندنی و وتی "جۆزیف، ئەسپەکەی بەڕێز لۆکود بگرە و هەندێ شەڕابی بۆ بێنە".

"من وای بۆ دەچم کە ئێمە دەتوانین تەواوی خەڵکی ئەم گەڕەکە لێرە بحەوێنینەوە" ئەم قسەیە ڕەنگدانەوەیەک بوو، بەهۆی ئەم سیستەمە ئاڵۆزەوە پێشنیار کرا. "هیچ سەیر نییە فریز لە نێوان ئالاکان دەڕوێت و تەنیا مەڕومالات و پەڕەواڵەکان دەتوانن بچنە ئەو دیو شوورەکەوە".

جۆزیف پیاوێکی پیر و چارە نەویست بوو: هەرچەندە لەش و لاری بەهێز بوو بەڵام ڕەنگ زەرد و زۆر پیر بوو. بەدڵێکی گران و ناخۆشەوە، لەسەرەخۆ لە بەر خۆیدا وتی "خوا یارمەتیمان بدات!". کاتێ منی لە ئەسپەکەدا ڕاحەت کرد: بەڕق و کینەوە وا سەیری دەموچاوی کردم کە من خێرخوازانە هەستم کرد ئەو پێویستی بەهاوکاری ئیلاهی هەیە بۆ هەرسکردنی نانی ئێوارە. هەروەها هاوار کرنەکەی بۆ خودا بۆ ئەوە بوو کە هیچ بەڵگەیەکی نەبوو بۆ ئەو گەیشتنە کتوپڕەی من.

وێزەرینگ هایتس ناوی خانووەکەی بەڕێز هیتکلیفە. "وێزەرینگ" ئاوەڵناوێکی بەرچاوی مەحەلییە، بەکار دێت بۆ وەسفکردنی ژاوە ژاوی کەش و هەوا کە وێستگەکەی لە کەش و هەوایەکی گەردەلوولاوی بەدەر دەکەوێت. لە هەموو کاتێکدا دەبوایە هەوا گۆڕێکی پاک و تەندروست لە سەرەوەدا هەبێت، ئەوەی ڕاستی بێت: ڕەنگە بابایەک مەزندەی ئەوە بکات بای باکور بەسەر شوورەکەوە هەڵبکات، لە بەر ئەو درەختە هەمیشە سەوزانەی لە کۆتایی خانووەکەدا، هەروەها لە بەر ئەو قەدە

پەرپوت و بێ هێزانەی کە لق و پۆپەکانیان بەیەک لادا درێژ کردبووەوە، وەک بڵێی زۆر شەیدای ئاو و خۆراک و ڕووناکی خۆر بوونە. خۆشبەختانە، ئەو ئەندازیارەی وێزەرینگ هایتسی دروست کردووە ڕوحێکی پێشبینیکەرانەی تیا بووە، بۆیە وا بەهێز ئەم خانووەی دروست کردووە: پەنجەرە باریکەکان بەتوندی لە دیوارەکان قایم کرابوون، هەروەها گۆشەکانی بەبەردی وا بەهێز دروست کرابوون بەرگەی سەدساڵی دیکەشیان دەگرت.

پێش تێپەڕ بوون بەگرێژەنەی دەرگا، وەستام و سەرسامی خۆمم نواند بۆ ئەو پەیکەرە ناشرینەی بەسەر پێشەوەی خانووەکەدا چەمیبووەوە، بەتایبەتی دەربارەی دەرگای سەرەکی، کە لە سەریدا، لە نێو ئەو پەیکەرە تێکشکاو و ڕووخاوانەی کە لاشەیان شێر و باڵ و سەریان هەڵۆ و مناڵە بچووکە بێ شەرمەکان، ورد بوومەوە ساڵی ١٥٠٠ نووسرابوو لەگەڵ ناوی "هاریتۆن ئێرنشۆ". زگم پڕی قسە بوو بیدرکێنم و بێگومان داوام لە خاوەنی ئەم شوێنەش دەکرد کە مێژووی ئەو خانووەم پێ بڵێت، بەڵام سەرو سیمای لە دەرگاکەوە وا پێ دەچوو داوای ئەوە بکات بەخێرایی بێمە ژوورەوە، یان بڕۆم لەوێ نەمێنم، هەروەها نەمویست نائارامییەکەی خراپتر بکەم و زیاتر بە هاتنم دڵ گرانتری بکەم.

وەستانێک ئێمەی هێنایە نێو ژووری دانیشتنی خێزانەکە، بێ هیچ پرسگەی خۆناساندن و تێپەڕبوون: پێی دەڵێن ئێرە "خانووەکە" کە خانووێکی زۆر بەناوبانگە. بەگشتی پێک هاتووە لە موبەقێک و ژوورێکی دانیشتن. بەڵام پێم وایە لە وێزەرینگ هایتس تەواوی موبەقەکە بەزۆری چارەگێکی زیاترە: ئەوەی من سەرنجم دا بەلایەنی کەم زمانەکان بەردەوام قسەیان دەکرد، تەقە تەقی قاپ و قاچاخیش دەهات، ئەم تەقە تەقە لە قووڵایی موبەقەکەوە دەهات. هەروەها هیچ هێما و سۆراخێکی گۆشت سوورکردنەوە و کوڵاندن یان نان کردنم نەبینی، هیچم بەدی نەکرد دەربارەی ئاگردانە گەورەکە، هەروەها هیچ وێنە و تابلۆی مسینم بەسەر دیوارەکەوە نەبینی. ئەوەی ڕاستی بێت، کۆتاییەک بەگەورەیی ڕەنگی ڕووناکی و گەرمی دایەوە لە ئاستە گەورەکانی قاپلەمە و دۆلکەی زیو و گلاسی گەورەی بیرە، زۆر بەجوانی ڕیز دوای ڕیز لەسەر ئەو کەوەنتەرەی کە لە داری بەڕوو دروست کرابوو تا بنمیچی ژوورەکە



دانرابوون. ئەوەی دواتر هەرگیز شتی لێ دەرنەهێنرا بوو: تەواوی پێکهاتەکەی کەوتبووە چاوێکی بەپەرۆش و دەیشاردەوە، جگە لەو شوێنەی کە چوارچێوەیەکی دارین بوو پڕ بوو لە خواردن و کۆمەڵێک قاچی گوێرەکە و مەڕ و بەراز. لە سەرەوەی ئاگردانەکە کەڵاوێک و چەکی کۆن و جووتێک دەمانچەی سەر ئەسپ هەبوون، هەروەها لە ڕووی دیکۆرەوە سێ سینی نەخشێنراوی بەدرێژایی لێوارەکە هەڵواسرابوون. ئەرزەکە لە بەردی لووس و سپی دروست کرابوو، کورسیەکان پشت بەرز و سادە دروست کرابوون و ڕەنگیان سەوز بوو، یەک دووانێکی قورسی ڕەش لە سێبەرەکەدا دیار بوون. لە کەوانەکەی ژێر کانتۆرەکەدا دار عەسایەکی گەورەی نەخشێنراو هەڵواسرابوو، چەند تووڵەیەک دەوریان دابوو، سەگەکانی تریش وەک بڵێی ڕوو لە تارماییەکان بوون.

باڵەخانەکە و کەلوپەلەکانی شتێکی سەیر و نامۆ نەبوون چونکە دەگەڕێنەوە بۆ جوتیارێکی لادێی لای باکور، کە کەللە ڕەق و دڕدۆنگ بوو، هەروەها چوست و بەهێز دەهاتە پێش چاو بەسوود وەرگرتن لە گۆرەوی و بەلەک پێچ. کرِ و کپ لەسەر کورسییەکەی دانیشتبوو، قۆغە پڕ لە شەڕابەکەی لەسەر مێزە خڕەکەی بەردەمی بوو، کە لە دووری پێنج شەش میلی نێو گردۆڵکەکانی بەرامبەر خانووەکە دەبینرا، گەر لە کاتێکی گونجاودا پاش نانی ئێوارە بۆی بچیت. بەم شێوەیە، بەڕێز هیتکلیف تەواو پێچەوانەی خانووەکە و شێوازی ژیانەکەیەتی. لە ڕواڵەتدا قەرەجێکی ئەسمەر بوو، لە جل و شێوەدا پیاو ماقووڵێک بوو وەک هەموو پیاو ماقووڵێکی ئەو وڵاتە: کەمێک بێ ئاگا و هۆش بوو، بەڵام ئەو بێ هۆشییەی شتێک نەبوو چونکە لەش و لارێکی قۆز و ڕێکی هەبوو، هەروەها هەمیشە نامۆ و بێ ئومێد دەهاتە بەرچاو. ڕێی تێدەچێت کە هەندێ خەڵک وای تێ بگەن کە زۆر شانازی بەخۆیەوە دەکات. بەڵام من سازانێکی گونجاوم هەیە لەگەڵ ئەوە پێم دەڵێت کە هیچ شتێکی لەو جۆرە نییە: لە خۆمەوە دەزانم پاراستنەکەی لە ڕق و کینەوە باز دەدات بۆ نیشاندانی هەستەکانی و بۆ خستنە ڕووی بەزەییەکی دوو لایەنە. لە یەک کاتدا بەیەکسانی ڕقی دەبێتەوە و یەکێکی خۆش دەوێت لە ژێرەوەدا، هەروەها شانازی دەکات بەڕەگەزێکی بێ ڕێز کە خۆش بویسترێت یان ڕقی لێ ببێتەوە. نەخێر من زۆر بەخێرایی بڕیار دەدەم: من

سیفەتەکانی خۆم بەخۆڕایی دەبەخشم بەو. بەڕێز هیتکلیف هیچ یەکێک لەو سیفەتانەی تیا نییە، بەڵام هەمیشە دەستەکانی لە دەرەوەی ڕێگەی ئەو شارەزایانە دەپاراست، لەوانەی کە هەستی دەبزوێنن و چالاکی دەکەن. هیوادارم هەموو ئەو قسانەم نامۆ بن: دایکی ئازیزم هەمیشە پێی دەوتم کە من هەرگیز نابم بەخاوەنی ماڵێکی ئاسوودە و بەختەوەر، هەروەها تەنیا هاوینی ڕابردوو بەتەواوی خۆم سەلماند کە شایەنی هیچ نیم تەنانەت خانوویەکیش.

پاش خۆشی و ڕابواردنی مانگێک لەو کەش و هەوایە خۆشەی کەنار دەریا، فرێدرامە نێو گروپێک کە سەرنج ڕاکێشترین مەخلوق بوون: شتی ڕاستەقینە لە نێو چاوانمدا زەق دەچێتەوە، سەرەڕای ئەوەی هیچ سەرنجی منی نەدا . من هەرگیز بەدەنگێکی بەرز و ئاشکرا بەخۆشەویستەکەم نەوتووە، ئێستاش گەر نیگاکان زمانیان هەبێت، گەمژەترین کەس وای بۆ دەچێت کە من چەندین سەر و گوێم هەیە: دواجار تێم گەیشت، هەروەها ئاوڕێکی داوە، کە شیرینترین و جوانترین نیگای خەیاڵاوی بوو. بڵێ من چیم کرد؟ منیش بەشەرمەوە دانم پیا نا، لە شەرمان خۆم وەک لوولپێچ خستەوە ناو یەک. لە هەر نیگایەکدا ساردتر و دوورتر دەبوو، تا دواجار هەژارە بێ تاوانەکە وای لێ کرا گومان لە هەستەکانی خۆی بکات، هەروەها لە هەڵەکەی سەری لێ شێواو و شپرزا، دایکی قایل کرد ڕا بکات. بەهۆی ئەو بۆچوونە بۆ ڕۆیشتن، من ناوبانگی دڵ ڕەقترین کەسم بەدەست هێنا، چەندە بێ نرخ بوو، تەنیا خۆم دەتوانم بینرخێنم.

لە کۆتایی ئاگردانەکەدا بەرامبەر خاوەنەکە دانیشتم، ئەم ناوە تەنرا بوو بەبێدەنگی بەهۆی هەوڵدان بۆ لە ئامێزگرتنی ئەو دایکەی وەک سەگ مامەڵەی لەگەڵ دەکرا، ئەو دایکەی پیشەی پەرستاری خۆی جێ هێشتبوو و گورگئاسا گازی لە پشتی قاچمەوە گرتبوو، لێوەکانی لوول، ددانە سپییەکانی ئاویان دەکرد بۆ لەتە نانێک. ئامێز گرتنەکەی من هانی باوەشێکی توند و درێژی دا .

بە ڕازی بوونەوە بەڕێز هیتکلیف لوراندی "وا باشترە واز لە سەگەکە بهێنی"، بەقاچە تووڕەکانییەوە توندتر و تووڕەتر خۆی دەنواند . دیسانەوە تێی هەڵداوە "ئەو سەگە فێری ئەو ژاوە ژاوە نەبووە، بۆ ئەوەش لێرە نییە لە ئامێز بگیرێت". پاشان،



هەنگاوی بەرەو لایەکی دەرگاکە نا، دووبارە هاواری کرد و وتی "جۆزیف!"

جۆزیف لە قووڵایی ژێر زەمینەکەوە منگە وناڵەیەکی لێوە هات، بەڵام هەوڵی ئەوەی نەدا بێتە سەرەوە و ئەو هاوارەی لە لا کاریگەر نەبوو. بۆیە سەرۆکەکەی تێی هەڵچۆوە، منی لە لای کەسێکی تووڕە و تاوانبار و جووتێک سەگی پیسی بەر مەڕان جێهێشت، کە هاوبەشی پاسەوانیەتی لەگەڵ ئەودا دەکرد بەسەر هەموو جووڵەکانی من. حەزم نەدەکرد بەخۆیی و چرنووکەکانیان بێنە لام، هەر دانیشتم، بەڵام، بێ ویستی خۆیان لە هەڕەشە بێدەنگەکان دەگەیشتن و سڵیان دەکردەوە. منی هەش بەسەریش جووڵەیەکم کرد و ڕووم کردە هەر سێکیان، هەندێ سووڕاندنی دەم و سەر و سیمام خانمەکەی تووڕەتر دەکرد، کە لە ناکاو تووڕەییەکەی تەقییەوە و بازی دایە سەر ئەژنۆکانم. منیش بەپەلە پشتیم لادا و خێرا مێزەکەم خستە نێوانمانەوە. ئەمە شانەی هەنگەکانی بێدار کردەوە: نیو دەرزەن پیاوی چوار شانەی شەڕانگێز، لە تەمەن و قەبارەی جیا جیاوە، لە کونە شاراوەکانەوە هەڵیانکوتایە نێوەندەکە. هەستم کرد قاچ و پاژنە و ئەژنۆم لە ترسی هەڕەشە و هێرش دەستیان کردە لەرزین. هەرچەندی لە توانامدا هەبوو بەمەقاشی ئاگرەکە شەڕکەرە زەبەلاحەکانم دوور خستەوە و خۆشم قورتار کرد، دەستی داوا و هاوکاریم شکابوو کە بەدەنگێکی بەرزەوە دەهات لە ژنەکە بۆ بەرقەرار کردنی ئاشتی.

بەڕێز هیتکلیف و پیاوەکەی بەسەر پەیژەکانی ژێرزەمینەکە کەوتن بەبەڵغەمە بێزار کەرەکانیانەوە: پێم وا نییە چرکەیەک چییە خێراتر لە ڕۆیشتنی ئاسایی هەنگاویان نابێت، لە نێو مەمەڕەکەدا هاوار کردن و ترس و ڕاڕایی دنیای دەهەژاند. خۆشبەختانە، یەکێک لە موبەقەکە هەمووانی بەدەرەوە نا: ئافرەتێکی بەشان و شەوکەت بوو، سەرتاپای عەبایەک بوو، قۆڵەکانی ڕووت بوون، ڕوومەتەکانی ئاگری لێ دەباری، خێرا خۆی خزاندە نێو ئێمە و مەقلییەکی بەدەستەوە بوو: مەقلی و زمانی وەک چەکێک بەکار هێنا، وەک بڵێی گەرداوێکی خەیاڵی هەڵی کردووە بەمەبەستی ئاشتکردنەوە دەینەڕاند . کاتێ کە سەرۆکەکەی گەیشت تەنیا ئەو ئافرەتە مایەوە، وەک دەریای دوای بای توند هەڵچووبوو.

پرسیاری کرد "کام شەیتان ئەم هۆسەیەی ناوەتەوە؟"، سەیرێکی منی کرد

بەشێوەیەک کە من نەمتوانی بەرگەی نیگاکەی بگرم، پاش ئەو مامەڵەیە ناشرینەی لەگەڵی کردم.

منیش منگەیەکم لێوەهات و وتم "وەڵا بابە شەیتانە، گەورەم ئەو گروپە بەرازە نەیانتوانی ڕوحی خراپتریان هەبێت لە چاو ئەو ئاژەڵانەی تۆ. تۆش ڕەنگە نامۆیەک لەگەڵ بەچکە پڵنگەکان بەجێ بێڵی!"

بوتڵەکەی لە پێش من دانا و وتی "ئەوان هیچ لەوانە ناکەن کە دەست لە هیچ نادەن"، پاشان مێزەکەی لە شوێنی خۆی دانایەوە. "سەگ لە کاتی ئێشکگریدا هەر کارێکی بیکات ڕاستە. گلاسێک شەڕاب دەخۆیەوە؟"

"نەخێر، سوپاس"

" پێت نەکەوت؟"

"گەر پێم کەوتبا، نیشانەی خۆم لەسەر ئەو کەسە بەجێ دەهێشت کە لە منی داوە." ڕووە گرژەکەی هیتکلیف هێور بووەوە و بزەیەکی هاتێ.

وتی "وەرە وەرە، بەڕێز لۆکود تۆ خۆشمەشرەبی، ها تۆزێک شەڕاب بخۆوە. لەم خانووەدا میوان زۆر کەمە، من و سەگەکانم وا بەباشی نازانین چۆن پێشوازییان لێ بکەین. تەندروستی تۆ، گەورەم؟"

داهاتمەوە و چوومەوە سەر بەڵێنەکە، تازە لەوە گەیشتم کە کارێکی گەمژانەیە دانیشی و داوای لێبوردن بکەیت لە ڕەفتارە خراپەکانی کەسێک، هەستم کرد کە یاوەرانم لەسەر حیسابی خۆم دڵخۆشتر بکەم، چونکە میزاژی ئەو وای دەهێنا . پێ دەچوو خۆی وەک بەکرێدەرێکی باش بخاتە ڕوو، بەڕاناو و فرمانە یاریدەدەرەکانەوە هەندێ هێور بووەوە ، هەروەها دەستی بەکردنەوەی بابەتێک کرد کە من حەزم لێی بوو، گفتوگۆیەک لەسەر سوود و زیانەکانی ڕۆیشتنی شوێنەکەی ئێستام. لەو باسانەی ئێمە دەستمان پێ کرد هەستم کرد زۆر زیرەک و دانایە. هەروەها پێش ئەوەی بچمەوە ماڵێ، دەفع بووم خۆبەخشانە بەیانیش سەردانێکی تر بکەم. پێ دەچوو حەزی بەدووبارەکردنەوەی قسەکانم نەدەهات. لەگەڵ ئەوەشدا ، هەر دەچم. شتێکی زۆر سەیرە من بە بەراورد لەگەڵ ئەو چەندە ڕوحێکی کۆمەڵایەتیم تیایە.



## بەشی دووەم

دوێنێ ئێوارە کەش و هەوا سارد و تەڕ بوو. نیمچە بیرێکم لای ئەوە بوو کە ئەو کاتە بەخوێندنەوە لای ئاگردانەکە بەسەر بەرم، باشترە، لە جیاتی ئەوەی بەنێو قوڕ و لیتەدا ڕێ بکەم بەرەو وێزەرینگ هایتس. بەڵام، لە نانی ئێوارە بوومەوە (من لە نێوان دوانزە تا یەک نانی ئێوارە دەخۆم، بەڵام خزمەتکارەکە، خانمێکی پیرو قەڵەوە بۆ ئەم خانووە بەکرێ گیراوە، ناتوانێت لە داواکاری من تێ بگات، یان هەر تێ ناگات کە ڕەنگە من سەعات پێنج نانی ئێوارە بخۆم)، لەسەر سەرکەوتنی پەیژەکان بەو مەبەستە تەمبەڵەوە، هەنگاونان بۆ نێو ژوورەکە، کچێکی خزمەتکارم لەسەر ئەژنۆکانی بینی بە سەتڵ و فڵچەیەکەوە، وردە وردە تۆز و خۆڵی ئەو ناوەی پاک دەکردەوە. ئەو دیمەنە یەکسەر منی بردەوە سەردەمێکی ڕابردوو، کڵاوەکەم لەسەر کرد و پاش چوار میل ڕۆیشتن، گەیشتمە دەروازەی باخچەی هیتکلیف، ئەوەندە خێرا ڕۆیشتم بۆ ئەوەی یەکەم کڵپەی بەفرم بەر نەکەوێت، بۆیە کەمێک زووتر گەیشتم.

لە سەر لووتکەی ئەو گردە ماتە، لەگەڵ ئەو کرێوە ڕەشەدا سەرکەوتن یان ڕۆیشتن زۆر سەخت بوو، هەواکەش لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا هەموو گیانمی دەهێنا لەرزە. هەرچەندی هێنام و بردم نەمتوانی زنجیری دەرگاکە بکەمەوە، بازم دا، خێرا خۆم گەیاندە ئەو ڕێڕەوەی کە بە بەیار و دەوەن داپۆشرابوو، بەهیلاکییەکی زۆر و بەنادڵییەوە لە دەرگام دا بۆ ئەوەی بچمە ژوورەوە، هەرچەندی لە دەرگام دەدا هەموو جومگەکانی لەشم خێراتر دەلەرزین و سەگەکانیش توندتر دەیانحەپاند.

بەهەموو هۆش و جۆشم هاوارم کرد "ئەی بەندییە نەخۆش و بوودەڵەکان! ئێوە شایەنی دوورەپەرێزییەکی بەردەوامی لە ڕەگەزەکان لەبەر ئەو پێشوازییە نامەردانەیە. بەلایەنی کەم، من بەرۆژی نیوەڕۆیە دەرگاکانی ماڵی خۆم داناخەم. من لێرە لە بەر ئەو سەرماو سۆڵە تەقەی سەرم دێ ، هەر دێمە ژووریٚ! زۆر سوور بووم و کلیلی دەرگاکەم گرت و تا هێزم لە بەر ما بوو هەژاندم. دەم و چاوە کشمشیی و جیقنەکەی جۆزیف بەدیارکەوت کاتێ سەری بەیەکێک لە پەنجەرەکانەوە نا .

هاواری کرد و وتی "بۆچی هاتووی بۆ ئێرە؟ زۆر زەحمەتە کەس بتوانێت دەرگا بکاتەوە، بڕۆ دواوەی خانووەکە گەر دەتەوێت قسەی لەگەڵ بکەیت."

هانام بۆ بردو پڕ بەبایەخەوە وتم "کەس لە ژووریٚ نییە دەرگاکەم لێ بکاتەوە؟"

"بێگومان مەردوم هەنە لە ژووریٚ، بەڵام کەس دەرگات لێ ناکاتەوە و تۆ تا بەیانی چی دەکەیت لێرە، بڕۆ هەش بەسەر لێرە تا بەیانی دەمری "

"بۆچی؟ ناتوانی پێی بڵێی من کێم، ها جۆزیف؟"

نووزەیەک لە سەرە زلەکەیەوە هاتو وتی "نا من ناتوانم، کاکە من چ ئیشم بەو شتانەوە هەیە" ئیتر ون بوو.

بەفرەکەش تا دەهات بەخوڕتر دەهاتە خواریٚ. دیسان قفڵی دەرگاکەم گرت و دووبارە هەوڵم دایەوە. کاتێ پیاوێکی گەنج، بەبێ قاپووت، چەنگاڵێکی باخەوانی لە شان بوو، لە حەوشەی پشتەوە بەدیار کەوت. ئاماژەیەکی بۆ کردم بەدوای بکەوم، پاش ئەوەی بەنێو ئاوەکەدا ڕۆیشتم، بەڕێڕەوێکی چەم ڕێژ کراو، تا تێپەڕیم ئەم لاو ئەو لای ڕێڕەوەکە هێلانەی کۆتر و شوێنی خەڵووز و پەمپی لێ بوو، دواجار گەیشتینە باڵەخانەیەکی گەورە و گەرم و خۆش، لەوێ بەفەرمی پێشوازی کرام. ئەو شوێنە لەگەڵ بڵێسە و تیشکی ئاگردانەکە دەدرەوشایەوە. ئاگردانەکە گرمەی لێوە دەهات و پڕی بوو لە خەڵووز و دار و پووش و پەڵاش. ئاگردانەکە لە نزیک مێزێکی جوان و ناسکی نانخواردن بوو. زۆر حەزم لێ بوو سەرنجی ئەو کەسە بدەم کە هەرگیز پێشتر نەمدەزانی دەیبینم. خۆم چەماندەوە و چاوەڕێم کرد، وامدەزانی ئاماژەم بۆ دەکات و دەڵێ وەرە دانیشە. ئافرەتەکە سەیری کردم، گەڕایەوە سەر کورسییەکەی و بێ جووڵە و بێدەنگ مایەوە.



منیش هەڵمدایە و وتم "کەشوهەوایەکی نالەبارە! خاتوو هیتکلیف (ژنی هیتکلیف) دەترسم دەرگاکە بەرگەی ئەنجامی ئامادە بوونە لە خۆڕایەکەی خزمەتکارانی نەبێت: من کارم هەبوو وایان لێ بکەم گوێبیستی من بن"

هەرگیز دەمی بەیەکدا نەکردەوە. تێی ڕامام و ئەویش بەهەمان چەشن لە من ڕاما: هەر چۆنێک بێت بەشێنەیی و بێ سەرنجدانی من چاوەکانی لەسەر من لەنگەریان گرت، ئەو بەزمە بۆ من ئەوپەڕی خەجاڵەتی و شوورەیی بوو.

پیاوە گەنجەکە بەسەر گرانییەوە وتی "دانیشە، هەر ئێستا دێتە ژووریٚ."

منیش لە کورتیم بڕیەوە و گوێڕایەڵ بووم، هەروەها بانگی جەنۆی (سەگ) هیچ و پووچم کرد، کە لە چاوپێکەوتنی دووەمدا، خۆی وێک هێناوە و پۆپتە سەری کلکی جووڵاند. ئەو جووڵانە ئاماژە بوو بەسەرەتای گفتوگۆ کردن لەگەڵ منی بێ چارە و بێ ماڵ.

هەمدیس خۆم پێ نەگیرا و تێم هەڵدایەوە و وتم "ئاژەڵێکی جوانە! ئایا خاتوون، نیازت وایە ئاژەڵە بچووکەکان جێ بهێڵی؟"

ئافرەتە میواندارەکە ناخۆشتر و قێزەوەنتر لە هیتکلیف وەڵامی دایەوە و وتی "هی من نین"

منیش ڕووم سووڕاندە کوشنێکی لێڵ کە پڕ بوو لە شتی وەک پشیلە، بەردەوام بووم و وتم "ئەها، تۆ زیاتر کەیفت بە پشیلان دێت؟"

بە سووکایەتییەوە تێی هەڵدا و وتی "هەمم... ئای لەو ئیختیارە نامۆیە!"

بەدبەختانە، کۆمەڵێک کەروێشکی مردوو بوون لەسەر کوشنەکە. دووبارە لە کورتیم بڕیەوە و لە ئاگردانەکە نزیکتر بوومەوە، لێدوانەکەم لەسەر ئێوارە سەخت و دڕندەکەم دووبارە کردەوە.

هەڵسا و گەیشتە لای بەشێکی ئاگردانەکە و دوو مەنجەڵە بۆیە کراوەکە و وتی "نەدەبوایە بێیتە دەرەوە"

پێشتر شوێنەکەی وا هەڵکەوتبوو لەش و لاری بەڕووناکییەکە شاراوە بوو، بەڵام ئێستا تەواوی قیافە و ئارامی و لەش و لارم لە لا گەلاڵە بوو. لەشێکی ڕێکی هەبوو،

هێشتا تەڕایی پاکیزەیی و کچێنی پێوە دیار بوو: شێوەیەکی سەرنج ڕاکێش و ڕووێکی تا ئەوپەڕی جوان و ناسک کە تا ئێستا لە ژیانم خۆشییەکی وام نەدیوە، ئاکاری دەم وچاوی ورد و ڕێک بوو، قژێکی زەرد و لوولی بەسەر ملیدا هاتبوونە خوارەوە، زەردییەکەی لە زێڕ دەچوو، ئەو قژە زۆر بەخاوی بەسەر لاملیدا پاڵ کەوتبوو. ئەی چاوەکانی، نازانم چ کلۆجە دەربڕینێک بەکار بهێنم بۆ چاوەکانی چونکە ئەو چاوانە چاوی ئاسایی نەبوون و من ئەو تینەم تیا نەبوو بەرگەیان بگرم: خۆشبەختانە لە بەر دڵە پڕ لە واس واس و گومانەکەی من، لە نێوان ترووکانەکانی برژانگیدا جۆرێک لە بێ ڕێزی و پەستی بەدیار دەکەوت، ئەو ئاکارەی چاوەکانی سروشتی نەبوون. هێندەی نەمابوو بگاتە لای مەنجەڵەکان، جووڵەیەکم کرد و ویستم هاوکاری بکەم، وەک ڕزگار کەرێک کە ڕەنگە گەر هەر یەکێک بیەوێت یارمەتی بدات لە حیسابکردنی زێڕەکانی ئاوا بەسەر من و پێش من داهاتەوە.

شریقەی لێوە هات و وتی "یارمەتی تۆم ناوێت، خۆم دەتوانم بیانهێنم"

بە پەلە وەڵامم داوە و وتم "ببوورە، وتت چی؟!"

وتی "تۆ داوای چات کرد؟" بەرلانپیلێکی بەسەر فوستانە ڕەش و جوانەکەی قایم کرد بوو، بەلەش و لارێکی هاوسەنگ بەخۆی و قۆریە چایەکە کتلیەکە وەستابوو.

وەڵامم دایەوە "خۆشحاڵ دەبم گەر کووپێک چا بخۆمەوە"

دووبارە وتی "تۆ بووی داوای چات کرد؟"

بە نیوە بزەیەکەوە وتم "نەخێر، تۆ کەسێکی باشی ئەو پرسیارەم لێ دەکەی"

چا و مەلاک و هەموو شتەکانی بردەوە، لەسەر کورسییەکە لە نزیک ئاژەڵەکەوە دانیشت، نێوچەوانەکەی شێواو بوو، لێوە سوورەکانی وێک هاتنەوە، وەک ئەوەی چۆن منالێک لچی وێک دێنێتەوە بیەوێت دەست بەگریان بکات.

لە هەمان کاتدا، پیاوە گەنجەکە کە زۆر لە کەسایەتی خۆی ڕازی بوو و بەدڵنیاییەوە سەری بەرز کردەوە و شێوازی دانیشتنی ڕێکسخت بەرامبەر ئاگردانەکە، بەگۆشە نیگایەکی چاوانی سەیرێکی منی کرد وەک بڵێی من باوکیم کوشتبێت و ئەویش هێشتا تۆڵەی خۆی نەکردووەتەوە. گومانم لە لا دروست بوو لەسەر ئەوەی ئایا خورامکەیە یان نا: هەم قسە و هەم جلەکانی نارێک بوون،



قسەکانی تەواو خاڵی بوون لە بەکارهێنانی وشەی بەڕێزی وەک بەڕێز فولان خاتوو فولان. قژە ئەستوور و لوولەکەی پیس، وەک بڵێی سەد ساڵە ئاویان پێ نەکەوتووە، خەنافسەکانی لا ڕوومەتەکانی ناشرینتر و قێزەوەنتر کردبوو، هەروەها دەستەکانی چرچ و کاڵ وەک چۆن بەننایەکان دەستیان بەچیمەنتۆ چرچ دەبێت: هێشتا ڕەفتارەکانی ئازاد بوون، زۆر بە خۆشییەوە دەنازی، هەرگیز وای نیشان نەدەدا کە یارمەتی خانمەکە دەدات لە کاروبارەکانی نێو ماڵدا . لە بەر ئەوەی نەیدەتوانی بەباشی من ببینێت لە شوێنەکەی خۆیەوە، منیش زۆر بەوردی سەرنجم دابووە ڕەفتارە لەخۆباییەکانی، پاش پێنج دەقیقەی تر، هاتنە ژوورەوەی هیتکلیف دڵخۆشی کردم و لەو حاڵە نالەبار و نامورتاحەی خۆم ڕزگاری کردم.

بە خۆشی دەستم کرد بەشیکردنەوە و وتم" دەبینی گەورەم، بەپێی بەڵێنەکە هاتمەوە! لەوە دەترسم بۆ نیو سەعات لە ژێر ئەو کەش و هەوایەدا نەتوانم بژیم، گەر پەناگەیەکم پێ بدەی لەو شوێنەدا، ئەوا پیاوەتییەکی گەورەم لەگەڵ دەکەیت"

ئەو وتی "نیو سەعات؟" کلۆ بەفرە سپییەکان لەسەر جلەکانی دەلەزرین. "پێم وایە تۆ دەبێ گەرداوێکی ئەستووری بەفر هەڵبژێری بۆ ئەوەی بەناویدا بتوانی ڕێ بکەیت. تۆ ئەوە دەزانیت کە تۆ ژیانی خۆت خستووەتە مەترسییەوە لە ونبوون لە نێو ئەو زەلکاوانەدا؟ خەڵکی شارەزای ئەو بەیارانە بوونە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجاریش لەو جۆرە ئێوارانەدا ڕێگەیان لێ ون دەبێت، دەشتوانم ئەوەت پێ بڵێم کە حاڵی حازر هیچ هەلێک نییە ئەو کەش و هەوایە وا زوو بگۆڕێت"

" ڕەنگە بتوانم یەکێک لە پیاوەکانت وەک ڕێبەر لەگەڵ خۆم بەرم، با ئەویش لە گرەنج بمێنێتەوە تا بەیانی، دەتوانی یەکێکیانم لەگەڵ بنێریت؟"

"نەخێر، ناتوانم"

" بەڕاست! باشە دەی: کەواتە دەبێ متمانە بەژیری خۆم بکەم"

"ئەها، ژیری خۆت!"

نیگا دڕندانەکەی لە منەوە گواستەوە بۆ ئافرەتە گەنجەکە و داوای لێ کرد "ئەرێ دەچی چایەک ئامادە بکەیت؟"

ئەویش بە هیتکلیفی وت "بۆ ئەویش بێنم؟"

"ئامادەیی دەکەیت یان نا؟" ئەمە وەڵامەکە بوو، زۆر بەدڕندەیی لە گۆ هاتە دەر کە من هەستم بەبریندابوون کرد. ئەو تۆنەی کە وشەکانی پێ ژەنرا سروشتێکی خراپی ڕاستەقینەی ئاشکرا کرد. هیچی تر هیتکلیفم بەهاوڕێیەکی مەزن نەزانی و دانەنا.

کاتێ ئامادەکارییەکان تەواو کران، داوەتی کردم و وتی "گەورەم، ئێستا کورسییەکەت بێنە پێشەوە". ئێمە هەموومان بەگەنجە لادێیەکەشەوە لە دەوری مێزەکەدا خڕ بووینەوە: بێدەنگییەکی سەرسام باڵی بەو ناوەدا کێشا کاتێ ئێمە ژەمەکەمان گفتوگۆ دەکرد.

وام زانی گەر من ئەو هەورانەم دروست کردووە، کەواتە ئەرکی منە کۆششێک بکەم و پەرت و بڵاوی بکەم. ئەوان ناتوانن هەموو ڕۆژێ ئاوا بەتوندی و مۆنی و گرژییەوە دابنیشن، هەرچەند میزاژیان نەخۆش بێت ئەمە مەحاڵە هەموو ڕۆژێ وا بێت، ئەو گرژی و مۆنییەی ئەوان جیهانی بوو و هەموو ڕۆژێک لە پێوەندیکردندا دووبارە دەبووەوە.

من دەستم پێکرد، لە کاتی هەڵدانی کووپە چایەک و وەرگرتنی یەکێکی تر، وتم "سەیرە، شتێکی نامۆیە بزانە چۆن داب و نەریت دەتوانن کار لە زەوق و فیکرمان بکەن: بەڕێز هیتکلیف زۆر کەس هەن نازانن خۆشی لە ژیاندا هەیە، هەر ونبوون و دوورپەرێزییان دیوە لەو جیهانەی تۆ تیایدا گوزەر دەکەیت، ئێستاش، من ئەو دەستپێشخەرییە ترسناکە دەکەم و دەڵێم کە ناخۆشی و دڵتەنگی دەوری خێزانەکەت و خانمە ڕووخۆشەکەتی داوە، سەر و ماڵ و دڵتی تەنیوە"

تێی هەڵچۆوە و وتی "خانمە ڕووخۆشەکەم!" لەسەر ڕووی نەخشەیەکی پڕ لە گاڵتە دروست بوو. "کوا خانمە ڕووخۆشەکەم لە کوێیە؟"

" مەبەستم خاتوو هیتکلیفە، خێزانەکەت"

" ئەها، بەڵێ بەڵێ. تۆ ئەوە ڕوون دەکەیتەوە کە روحەکەی پۆستی وەزیرێکی فریشتە ئاسای وەرگرتووە و پاسەوانی سەروەتەکانی وێزەرینگ هایتس دەکات، تەنانەت کاتێ کە جەستەشی نەماوە، ئەوەیە مەبەستت؟"



زانیم کە من بەهەڵەدا چوومە، هەوڵم دا خۆم ڕاست بکەمەوە. دەبوایە ئەوەم بەدی کردبا کە جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان تەمەنی هەردووکان کە هەرگیز لە ژن و مێرد ناچن. یەکێکیان نزیکەی چل ساڵ دەبوو: پیاوان لەو تەمەنەدا تووشی کێشەی فیکری دەبن و زۆر بەدەگمەن هی وا هەڵدەکەوێت بە خۆشەویستی کچێک بهێنێت: ئەو خەونە پارێزراوە بۆ دڵدانەوەمان لە نێو ساڵەکانی تەواو بوونی تەمەنمان. ئەوەکەی تریشیان پێ نەدەچوو حەڤدە پاییزی تەواو کردبێت.

پاشان منی تیر باران کرد و وتی "ئەو قۆشمەچییەی لای هەنیشکم، کە وا چایەکەی لەسەر تەشتەکە دەخواتەوە و بەدەستە پیس و نەشووراوەکانی نان دەخوات، ڕەنگە مێردی ئەو خانمە بێت کە تۆ باسی دەکەیت: بێگومان پێی دەڵێن هیتکلیفی مناڵ. ئەوەتا ئەنجامی زیندە بەچاڵ کردن: ئەو خانمە لە دەست ئەو گێژ و شێتە دوور دەخاتەوە لە پشتگوێ خستنی ئەوەی کە تاکی باشتر هەیە! بەزەییەکی ناخۆشە، دەبوایە هەشیار بم چۆن بتوانم وای لێ بکەم پەشیمان بێتەوە لە ئیختیارەکەی. دوا قسەی ئەوەی خستە ڕوو کە تۆزێک کەیفی بەخۆ دێت، وا نەبوو. دراوسێکەم لێی دام کاتێ سنووری لەسەر پەست بوونەکەم دانا، لە ڕێگەی ئەزموونەکانەوە زانیم کە من زۆر سەرنج ڕاکێشم بەلای ئەوەوە.

هیتکلیف وتی "خاتوو هیتکلیف بووکی منە" مەزندەکەی منی دووپات کردەوە. ڕووی وەسووڕاند کاتێ قسەی دەکرد نیگایەکی تایبەت بەئاڕاستەی خاتوو هیتکلیف بەڕێ کرد: نیگایەکی پڕ لە ڕق و کینە، دیار بوو هەموو ماسوولکەکانی کە، وەک ئەوانی تر، زمانی روحی لێک دەدەنەوە، ڕەق وەستابوون.

منیش ڕووم وەسووڕاند و وتم "ئەها ئێستا تێگەیشتم، تۆ زۆر بە بەزەیی"

ئەمە لەوەی پێشتر خراپتر بوو: گەنجەکە سوور هەڵگەڕا و دەستەکانی گردکردنەوە و مستی دروست کرد، وا پێ دەچوو ئێستا نا ئێستا هێرش بکاتە سەرم. بەڵام دواتر پێ دەچوو خۆی دەگرێت، مۆڕەیەکی لە گەرداوە دڕندەکە کرد، لە جیاتی من منگەیەکی لێوە هات: بەڵام من گوێم پێ نەدا.

میوان ڕاگرەکەی من وتی "مەزندەکانت مایەی دڵتەنگییە گەورەم، هیچ یەکێکمان ئەو ئیمتیازەمان تیا نییە ببین بەخاوەنی ئەفسانە باشەکەی تۆ، پیاوەکەی ئەو

مردووە. من وتم ئەو خانمە بووکی منە ئەمەش واتە ئەو مێردی بەکوڕی من کردووە.

" ئەی کەواتە ئەو گەنجە کوڕی تۆیە....."

"بێگومان کوڕی من نییە"

هیتکلیف دووبارە خەندەیەکی هاتێ، وەک بڵێی زۆر بوێرانە بۆچوونی باوکایەتی دژی ئەو گەنجە ڕەت دەکاتەوە.

ئەوەکەی تر لووراندی و وتی "من ناوم هاریتۆن ئێرنشۆیە و پێت دەڵێم دەبێ ڕێزی بگریت"

" من هیچ بێ ڕێزییەکم نیشان نەداوە" ئەمە وەڵامی من بوو، لە ناخەوەش پێکەنینم بەو شانازییە دەهات کە ئەو بەخۆی دەکرد.

چاوەکانی لەسەر من بۆ ماوەیەکی درێژتر چڕ کردەوە کە من بەهەشیارییەوە نیگاکەم وەرگرتەوە، لە ترسان هەوڵم دا یان گوێی ئەو دابخەم یانیش وا بکەم ئەو بارە پڕ پێکەنیناوییە دەربخەم. هەستم کرد ئێستا هەڵەیەک لە نێو بازنەی ئەو خێزانە سەیرەدا هەیە. کەش و هەوایەکی روحانی و تەماوی باڵی بەسەر ئەو ناوەدا کێشا کە ئاسایی نەبوو، ڕاحەت بوونێکی جەستەیی دەوری دام و لەوە تێگەیشتم کە نابێ بۆ جاری سێهەم هەڵە بکەم بەرامبەر ئەو کێشە کەسییە.

مشووری کاری نان خواردن کرا بوو، هیچ کەس وشەیەک چییە نەیدرکاند بۆ گفتوگۆ کردن. لە پەنجەرەیەک نزیک بوومەوە تا بزانم کەش و هەوا چۆنە. دیمەنێکی خەماویم بینی: شەوێکی تاریک دونیای داپۆشیبوو، ئاسمان و گردەکان لە نێو گێژەلووکەی با ببوونە یەک و لە نێو بەفردا نغرۆ ببوون و دەخنکان.

نەمتوانی بێدەنگ بوەستم، بۆیە وتم "پێم وا نییە من ئێستا بتوانم بگەمەوە ماڵێ بەبێ ڕێبەرێک. ڕێگەکان هەمووی گیراون، گەر نەشگیرابن، ناتوانم بەڕێی ماڵێ بکەومەوە.

هیتکلیف وتی "هاریتۆن، ئەو مەڕانە ببەوە ژێر خانەکە. بەبن بەفری دەکەون گەر تا بەیانی لەوێ بمێننەوە: پارچە دارێکیشیان لە بەردەم دابنێ.

بە تووڕەبوونێکی زیاترەوە، بەردەوام بووم و وتم "باشە من چۆن بگەمەوە ماڵێ؟"

هیچ وەڵامێک نەبوو بۆ پرسیارەکەی من، سەیرێکی چوار دەوری خۆم کرد تەنیا



جۆزیفم بینی هەندێ نان و شیری بۆ سەگەکان دەهێنا، هەروەها خاتوون هیتکلیف چووە لای ئاگرەکە و هەندێ چیلکە داری خستە نێو ئاگردانەکە و چا و پیاڵەکانی لە شوێنی خۆی داناوە. جۆزیف، کاتێ کە بەرپرسیارێتییەکەی خۆی ئەنجام دابوو، ڕووپێوێکی گرینگی ژوورەکەی کرد، بەدەنگێکی ناخۆشەوە وتی "من نازانم تۆ چۆن دەتوانی بێ ئیش لێرە بیت و تەنیا شەڕ بنێیتەوە، ئێستا تۆ لێرەیت و هیچ سوودی نییە، تۆ هەرگیز ناتوانی خۆت چاک بکەیت، وەک دایکت شەیتانێکی دڕدۆنگی!"

هەڵوەستەیەکم کرد و زانیم کە ئەو قسە خێرا و ناخۆشە ئاڕاستەی من کرا، زۆر تووڕە بووم، هەنگاوم نا بەرەو ئەو بەتەمەنە کەللە پووچە بەمەبەستی ئەوەی لێی بدەم و فڕێی بدەمە دەرێ. بەڵام، خاتوو هیتکلیف بەوەڵامەکەی منی هەشیار کردەوە کە لەگەڵ منیدا نییە.

وەڵامی دایەوەو وتی "تۆ پیرێکی دوو ڕوو و بێ شەرمیت! تۆ لەوە ناترسیت هەر ئێستا لاشەکەت ون بکەن لێرە، چ کاتێک تۆ ناوی شەیتانت هێناوە؟ چاک بزانە، وا پێت دەڵێم و ئاگەدارت دەکەمەوە کە خۆت دوور خەرەوە لە من و هیچی تر تیر و توانجم تێ مەگرە، گەر جارێکی تر وا بکەیت بەداوایەکی تایبەتی وا دەکەم ونت بکەن لێرە! جۆزیف بوەستە! سەیری ئێرە بکە" کتێبێکی درێژ و ڕەشی لەسەر ڕەفەکە هێنا و بەردەوام بوو و وتی "پیشانت بدەم چەندە من پێش کەوتووم لە هونەری ڕەش: بەم زووانە دەتوانم خانووێکی جوانی لێ دروست بکەم. مانگا سوورەکە بەڕێکەوت نەمرد، ئەو هەموو سەردانە بە بەختەت هەیە بۆیە کەس سەرکۆنەی ڕۆماتیزمەکەت ناکات!"

پیاوە پیرەکە وسپەیەکی لێوە هاتو، وتی "وای لەو نەقۆرایەی، ئەوە نەقۆرایە، خوایە لە خراپەکاران بمانپارێزی!"

" نەخێر، تۆ بەکەڵکی هیچ نایەیت! تۆ کەسێکی بێ سەر و سۆراخی، دەمت داخە کەس نازانی لە کوێوە هاتووی، ئەگینا بە جدی ئازارت دەدەم! لە نێو قوڕ و لیتەدا هەموو شێوەیەکت لێ دروست دەکەم! دەبێ بەدەستی یەکێک وات بەسەر بێنم کە تۆ خۆشت نەزانی ئەو کەسە کێیە، خۆت بگرە دەیبینیتەوە! بڕۆ دەی وەل بە، هەمیشە چاویشم لێتە چی دەکەیت و چیش ناکەی!"

له چاوه جوانەکانی جادووکەره بچووکەکە جۆرێک له ڕق و زەبر و زەنگ و گاڵتەجاڕی دیار بوو، جۆزیفیش، له ترسان هەر دەلەرزی، پەلەی بوو، دوعای دەکرد، هەر سەرکۆنەی نەقۆرایەکەی دەکرد و ڕۆیشت. پێم وابوو بەهۆی ڕەگەزێکی گاڵتەجاڕییەوه ئاوا ڕەفتاری کرد، ئێستاش ئێمه بەتەنیا بووین، ویستم ئەو هەله بقۆزمەوەو وای لێ بکەم بایەخ بەو نەهامەتی و حاڵە ناخۆشەی من بدات.

به سۆزو مەبەستەوه وتم "خاتوو هیتکلیف، داوای لێبوردن دەکەم چونکه تۆم خستە نێو کێشەوه. من وای بۆ دەچم هەر تەنیا له بەر ئەو دەموچاوه تۆ ناتوانی ببیت بەکەسێکی باش و دڵ نەرمونیان. تکا دەکەم سووکه تەعریفێکم بۆ بکه بۆ ئەوەی بتوانم بەڕێگەی ماڵەوه بکەوم و بچمەوه: ئێستا دەتوانم بچمه لەندەن بەڵام ناتوانم بەڕێی ماڵەوه بکەومەوه!"

شوێنی خۆی لەسەر کورسییەکە خۆش کرد و وەڵامی دایەوه و وتی "هەمان ئەو ڕێگەیه بگره لێوەی هاتی" کتێبە درێژەکە له بەردەمی کرابووەوه و مۆمێکیش دەسووتا "ئەمه تەعریفێکی زۆر کەمه بەڵام من هەر ئەوەندەی لێ دەزانم".

"باشه گەر ڕۆژێک له ڕۆژان گوێبیستی ئەوه بووی که لاشەی من به مردوویی له نێو زەلکاوێک یان چاڵێکی پڕ له بەفر دۆزرایەوه، ئەو کاته ویژدانت وسپەی لێو نایەت و پێت بڵێت له سایەی سووکه تەعریفەکەی تۆ ئەو کابرایه گیانی دەرچوو، هەڵەی تۆ بوو ئەو کابرایه مرد."

بۆچی من؟ من ناتوانم پاسەوانیت بکەم و قسەکانیشم بەگرێنتی وەرمەگره. ئەوان لێ ناگەڕێن من تا کۆتایی دیواری باخچەکە بڕۆم، پێش دیواری باخچەکە دوا سنووری هامشۆی منه."

" ئای لەوه! داوای لێبوردنم هەیه گەر داوام لێ کردبیت بچیتە ئەو دیو دیوارەکه تەنیا بۆ ئاسانکاریم لەو شەوه سەختەدا" دەستم کرد بەهاوار و وتم "هەنووکه دەمەوێ تۆ ڕێگەکەم پێ بڵێیت نەک نیشانم بدەیت: یانیش ئەوەتا بەڕێز هیتکلیف قایل بکه بۆ ئەوەی ڕێبەرێکم لەگەڵ ڕەوان بکات."

باشه پێم ناڵێی کێت لەگەڵ بنێرێت. تۆ زۆر سەیری. بەڕێز هیتکلیف خۆیتی، ئێرنشۆ و زیلا و جۆزیف و من لێرەدا دەژین، کامەت لەگەڵ بنێرێت؟"



بۆچی هیچ کوڕێک نییه لەو نێو ئەو کێڵگەیەدا بژیت؟"

نەخێر، هەر ئەوەندەین."

"کەواته من ناچارم لێره بمێنمەوه."

"بۆ ئەمەیان دەبێ قسه لەگەڵ میواندارەکەت بکەیت. من هیچ پێوەندییەکم بەمەوه نییه و هیچیشم له تواناداا نییه بیکەم."

"هیتکلیف له دەرگای موبەقەکەوه ڕا بەدەنگێکی نێرانه وتی "هیوادارم ئەمه ببێته پەندێک بۆ تۆ بۆ ئەوەی جارێکی دیکه گەشتی وا خێرا بەسەر ئەو گردانەوه نەکەیت. من شوێنی حەوانەم نییه بۆ میوانەکان: گەر دەتەوێ لێره بیت دەبێ یان ئەوەتا لەگەڵ هاریتۆن یانیش جۆزیف بخەویت."

منیش وەڵامم دایەوه و وتم "ئەمشەو دەتوانم لەم ژووره لەسەر کورسیەک بنووم"

"نا نا نا! غەریبه بشفڕی هەر غەریبەیه، غەریبه هەژار یا دەوڵەمەند هەر غەریبەیه: من بۆم ناچێتە سەر ڕێگه بەهیچ کەسێک بدەم لێره بێت له کاتێکدا من له پاسەوانیدا نیم!" ئەم قسەیەی بەشێوازێکی زۆر ناشرین و بەدئاکارانه وت.

خۆگری و ئارامیم لەگەڵ ئەو هەڕەشه و قسه ناشرینانه گەیشته کۆتایی. ئاخێکی پڕ له پەستیم هەڵکێشا و هەموو سنوورێکم بەزاند و بەخێرایی دژی ئێرنشۆ ڕام کرد. ئەوەنده تاریک بوو نەمتوانی هیچ ڕێگەیەکی چوونه دەر ببینمەوه، کاتێکیش سەیرێکی دەوروبەری خۆم کرد بەمەبەستێکی ڕێگەیەک بۆ چوونه دەرەوه، گوێم له جۆرێکی تری ڕەفتاری مەدەنیانه بوو له نێوه خۆیاندا . یەکەم جار پیاوه گەنجەکه ویستی ڕووخۆشیم لەگەڵ بنوێنێت و دڵخۆشیم بداتەوه.

وتی "تا گەراجەکه لەگەڵی دەچم."

سەرۆکەکەی یان هەرچییەکی بووبێت به سەرسوڕمانەوه وتی "یاخوا لەگەڵی دەچووی بۆ دۆزەخ! ئەی کێ ئاگای له ئەسپەکان بێت، ها؟"

خاتوو هیتکلیف بەمنگەیەکەوه که زۆر نەرم و نیانوبەڕێز بوو، وتی "ژیانی مرۆڤێک زۆر گرنگتره له پشت گوێ خستنی ئەسپەکان تەنیا بۆ ماوەی یەک شەو: یەکێک هەر دەبێ لەگەڵی بچێت."

هاریتۆن بەتووڕەییەوە وتی "ئەوە بەئەمری تۆ نییە خانم. گەر ناتەوێت لە خۆت تێک بدەیت، باشترە کڕ بی."

ئەویش بەتوندی وەڵامی دایەوە و وتی "گەر وایە، هیوادارم تارماییەکەی هەراسانتان بکات. ئاواتی ئەوەش دەخوازم کە بەڕێز هیتکلیف هەرگیز پەناگەیەکی تر بەخۆیەوە نەبینێت تا گڕەنج وێران دەبێت و بەسەر یەکدا دەڕووخێت."

جۆزیف ئەو کەسەی من تەمایەکم پێی هەبوو ڕێم پێ نیشان بدات، منگەیەکی لێوە هات و وتی "سەیرکە، سەیرکە، وا خەریکە لەسەر بێگانەکی سەرکۆنەمان دەکات!"

دانیشت و گوێی قەتیس کردبوو، مانگایەکانی لە ژێر ڕۆشنایی چرایەکەوە دەدۆشی، کە من ئەو ڕەفتارەم پێ هیچ نەبوو. بۆ ئەوەی من ئەمەشەو لەوێ نەمێنمەوە، نزیکترین دەرگای پشتەوەی پێ نیشاندام.

پیاوە پیرەکە چراکەی دەجوولاند و هاواری کرد و بانگی کردم "وەرە بۆ ئێرە" دواتر وتی "ئەی سەگەکان، گورگەگان بیگرن بیگرن!"

هەر کە دەرگا بچووکەکە کرایەوە، دوو دێوەزمەی تووکن لە بەرچاوما فڕین، لە قاچیان کردم، چراکەشیان کوژاندەوە. لە هەمان کاتدا پێکەنین و سووکایەتی پێکردنەکەی هیتکلیف و هاریتۆن منیان تووڕەتر و هەراسانتر کرد. خۆشبەختانە، جانەوەرەکان بێدەنگ لەسەر پێی خۆیان دوور وەستابوون، دەیانلووراند و کلکیان مەیلانی دەکرد. ئەوەندە بەس بوو بۆ زیندوو مانەوەی من. یەکسەر بیرم بۆ ئەوە چوو کە ئەو گیاندارانە عەزابی زیندوو بوونەوە نابینن. منیش زۆریم لە خۆم کرد قەناعەت بەدرۆکانی خۆم بهێنم کە سەرۆکە دڕندەکەیان (هیتکلیف) خۆشحاڵە ڕێگەم پێ نیشان بدات: پاشان هەر ئەم هەستە منی خستە نێو لەرزین و بێ ئومێدییەوە. داوام لەو دێوەزمانەی ژوورەوە کرد دەقیقەیەک زیاتر بمهێڵنەوە، دڵیشم هەر پڕ بوو لە تۆڵە سەندنەوەی ئەو هەموو سووکایەتی پێکردنە، ناخیان پڕ بوو لە بەدفەڕی و ناشرینی. ویستم بەخورتی بگەڕێمەوە تەنیا بۆ زللەیەک وەک زللەکەی شا "لیر" تێیان هەڵدەم.

هێزی تووڕەبوونەکەم خوێنی لە لووتم هێنا خوارەوە، هیتکلیفیش هێشتا هەر پێکەنینی دەهات، منیش هێشتا هەر سووک و چریک دەمناڵاند. نازانم چ شتێک کۆتایی بەو دیمەنە دەهێنا، کەسێکی لێ نەبوو لە خۆم ئاقڵتر، هیچ کەس بەرگەی ئەو



ڕابواردنە ناگرێت کە بە من دەکرا. با یەکێک هەبوو، ئەویش زیلا بوو، ژنە قەڵەوەکە. کە بەهەناسەیەکی درێژەوە ویستی پرسیار لە بارەی سروشتی ئەو بارەی من بکات. وای زانی کە هەندێکیان دەستیان لە من وەشاندووە، نەشیدەتوانی هێرش بکاتە سەر سەرۆکەکەی، دەنگەکەی وەک چەکێک بەکار هێنا دژی گەنجە بێ قیمەت و کەم و هیچەکە.

هاواری کرد و وتی "باشە بەڕێز ئێرنشۆ، بزانم ئەم جارە چیت لە هەگبەدا هەیە؟ ئایا ئێمە خەڵکی دەکوژین لە نێو دەرگاکەمان؟ پێم وایە ئەو ئەسپە هەرگیز کارێک بۆ من ناکات، سەیری ئەو پیاوە داماوە بکە، وەزعی زۆر خراپە. ها تۆ، ناتوانی ئاوا ڕێ بکەیت، وەرە ژوورەوە، من چاکت دەکەمەوە، ئێستا بەهاناتەوە دێم هەر لەوێ بە"

لەگەڵ ئەو وشانە لە ناکاو خۆی گەیاندە من و بەفرەکانی لەسەر ملم هەڵتەکاند و منی پەلکێش کرد بۆ نێو موبەقەکە. بەڕێز هیتکلیف بەدوامانەوە بوو، ئەو خۆشی و لەزەتە کتوپڕەی خێرا توایەوە لە نێو ڕق و مڕومۆچییە عادەتییەکەی.

من تا سەر ئێسقان هەستم بەماندووبوون و نەخۆشی دەکرد. سەرم گێژی خوراد و بوورامەوە. ئەمە وای کرد ئەمشەو بحەوێمەوە لە ژێر خانووەکەی. بەزیلای وت گلاسێک براندیم بداتێ، پاشان چووە ژوورەکەی دواوە. کاتێ زیلا دڵخۆشی منی دەدایەوە و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی هیتکلیف بوو، من تۆزێک بەخۆ هاتمەوە، هەر ئەوەندە هۆشم بەبەردا هات، ئاگام لێ نەبوو منی بردە نێو پێخەفێک.

## بەشی سێیەم

کاتێ بە پێپلیکانەکان سەردەکەوتین، پێشنیاری کرد کە مۆمەکە بشارمەوە و نوقەم لێوە نێت چونکە سەرۆکەکەی میزاژی زۆر عەنتیکە بوو دەربارەی ئەو ژوورەی کە ئەو ئافرەتە منی بۆ دەبرد، هەروەها هەرگیز کەسی لەوێ بەخۆشحاڵییەوە نەحەواندووەتەوە. پرسیاری هۆیەکەم کرد بەڵام نەیزانی، وەڵامی دایەوە: تەنیا ساڵێک یان دوو ساڵ لەوێ ژیاوە، هەروەها ئەوان زۆر شتی نامۆیان هەبوو لەوێ، ئیتر نەیویست زۆر لەسەر ئەوە بڕوات.

منیش لە بەر بێ تاقەتی خۆم نەمتوانی زۆری لەسەر بڕۆم، هەر خێرا دەرگاکەم کردەوە و زوو چاوم لە شوێنێکی خەوتن گێڕا لە ژوورەکە. تەواوی کەلوپەلەکانی نێو ژوورەکە بریتی بوون لە کورسییەک و دەلاقەیەکی جلان و کەنتۆرێک لە دار بەڕوو دروست کراو لەگەڵ سیسەمێکی نوستن لە نزیک پەنجەرەکەوە دانرابوو. لەو پێکهاتەیە نزیک بوومەوە، سەیری ناوەوەم کرد، زانیم کە ئەمە سیسەمێکی تاک نەفەرییە، وەها دروست کرابوو کە بەپێی پێویست هەر ئەندامێکی خێزانەکە ژوورێکی بۆ خۆی هەبێت. لە ڕاستیدا، هەموو ئەمانە نهێنییەکی لا دروست کردم، هەروەها لێواری پەنجەرەکە، کە داخرا بوو، وەک مێزێک بەکار دەهات. هەردوو لایەکەیم پاڵ دا، مۆمەکەم خستە سەری، پێکەوەم هێنانەوە، هەستم بەئارامی و ئاسایش کرد دژی هەشیاری هیتکلیف و هەموو ئەوانی تریش.

ئەو لێوارەی مۆمەکەم لە سەری دانا، هەندێ کتێبی تۆزاوی لە گۆشەکەدا لەسەر یەک دانرابوون، بەرگەکەی بەشێوەیەکی سەیر نوسرا بوو. بەڵام نووسینەکە هیچ



شتێک نەبوو جگە لە ناوێک کە بەهەموو شێوەیەک دووبارە کرابوونەوە، بەگەورەیی بەبچووکی، لێرەو لەوێ نووسرا بوو کاسرین ئێرنشۆ، بۆ کاسرین هیتکلیف، دووبارە نووسرا بوو بۆ کاسرین لینتن.

بێ هێز و بەلەرزە لەرز سەرم لە دژی پەنجەرەکە خوار کردەوە و بەردەوام سەیری کاسرین ئێرنشۆ و هیتکلیف و لینتنم کرد، تا چاوەکانم لێک ناو داخست، بەڵام پێنج دەقیقە پشوویان نەخوارد کاتێ نیگایەکی تووڕەی نامە سپییەکان لە تاریکاییەوە دەستی پێ کرد، ئاشکرا بەقەد هەموو خەیاڵەکان، هەواکە هەمووی کاسرینەکان بوون، خۆم بەزۆری بێدار کردەوە بۆ ئەوەی بتوانم ناوە بێ هەڵەکان لێک جودا بکەمەوە، پاشان بینیم کە مۆمەکەم لەسەر یەکێک لە کتێبەکان دەتوانەوە، هەروەها بۆنێکی ناخۆشی بەرگی کتێبەکە ئەو ناوەی کاس کردبوو. هەناسەیەکم هەڵکێشا، هەستم بەساردی و نەخۆشی کرد و هێڵنجم دەهات بۆ ڕشانەوە، دانیشتم و کتێبە بریندارەکەم یا سووتاوەکەم لەسەر ئەژنۆکانم دانا. بەڵگەنامەیەک بوو، جۆرێکی کۆن بوو، بۆنێکی ترسناک و ژەنگاوی لێ دەهات: گەلایەک نووسینەکەی نووسیبوو "کاسرین ئێرنشۆ، کتێبەکەی" بەروارەکەشی چارەگە سەدەیەک پێش ئەو کاتە بوو. دامخستەوە، یەک دوای یەک هەڵم گرتن تا سەیری هەمووانیم کرد. کتێبخانەکەی کاسرین زۆر ڕێک بوو، ئەو ڕێکی و جوانەی ئەوەی دەسەلماند کە بەباشی بەکار هێنراوە، هەرچەندە هەموویان لاپەڕەکانیان تەواو نەمابوو: بەدەگمەن بەشێک نەما بوو، دیار بوو زۆرینەی بەقەڵەم و مەرەکەب نووسرابوون. هەندێکیان ڕستەی جودا جودا بوون، بەشەکانی تر وەک دەفتەری یادەوەری ڕێک بوون، بەدەست و خەتێکی ناخۆش و منالانە نووسرابوونەوە. لە سەری سەرەوەی پەڕێکی تر (سەروەتێک بوو، بەتایبەتی کاتێ یەکەم ڕووناکی کەوتە سەر) زۆر پێم خۆش بوو کە کاریکاتێرێکی هاوڕێکەم جۆزیف بینی، بەناشرینی و دڵڕەقانە دروست کرابوو. یەکسەر ئەو کاسرینەی کە وجوودی نەبوو سەرنجی ڕاکێشام، هەر خێرا هەوڵی تێگەیشتنی نهێنییەکانیم دا.

پەرەگرافێک لە ژێرەوە نووسرابوو "یەک شەممەیەکی ناخۆش و ترسناک بوو. خۆزگە دووبارە باوکم دەگەڕایەوە. هیندلی کەسێکی خۆشمەشرەب نییە،

ڕەفتارەکەی بۆ هیتکلیف زۆر دڕندانە بوو. (هـ) و من یاخی دەبین، ئێمە ئەم ئێوارەیە هەنگاوی بەرایی دەگرینە بەر. ڕۆژی ئەورۆ باران تۆفانی دروست کرد. نەمانتوانی بچینە کەنیسە. بۆیە جۆزیف دەبێ سەرەوە بکاتە پەرستگا، هەروەها هیندلی و خێزانەکەی لە بەردەم ئاگرێکی خۆش لە خوارەوە دانیشتن، هیچیان نەدەکر جگە لە خوێندنەوەی ئینجلەکانیان، من وەڵامی دەدەمەوە، هیتکلیف خۆم هەروەها کوڕە دڵساردەکە ئەمری پێ کرا بوو کتێبی دوعاکانمان بۆ بێنێت، وتی: ئێمە لە نێو سرەیەکدا بووین، لە نێو گونیەی پێست، دەترساین و دەلەرزین، بەهیوای ئەوە بووین کە جۆزیفیش دەست بەلەرزین بکات، بۆ ئەوەی لە بەر خاتری خۆی بتوانێت ئێمەش بەرێتەوە ماڵێ. بیرۆکەیەکی خراپە! خزمەتگوزارییەکە سێ سەعاتی پێ چوو، ئێستا برام ڕوویێکی هەیە بۆ سەرسوڕمان، کاتێ ئێمەی بینی دەچووینە خوارەوە، "پێشتر چی کراوە؟" لە ئێوارەی یەکشەممان ئێمە گەر گارە گارمان نەکردبا ڕێگەمان پێ دەدرا یاری بکەین، بەڵام ئێستا تۆزە پێکەنینێک ئێمە ڕەوانەی زاوییەکان دەکات.

ستەمکارەکە دەڵێت "دیارە لە بیرت چووە لێرە سەرۆکێکت هەیە. ئەو کەسەی جەو و عەسابی من تێک بدات لە ناوی دەبەم! بۆیە پێ دادەگرم لەسەر خۆگری و بێدەنگییەکی تەواو. ئۆو! ئەوە تۆ بووی؟ فرانسیسی خۆشەویست، قژی بەدوای خۆتدا ڕاکێشە: گوێم لێ بوو پەنجەکانی دەقرتاندەوە." فرانسیس بەتوندی قژی ڕاکێشا، پاشان رۆیشت و لەسەر ئەژنۆی مێردەکەی دانیشت. ئا لەوێ بوون وەک دوو منداڵی بچووک، یەکتریان ماچ دەکرد و دەستیان بەقسەی قۆڕ کرد بۆ ماوەی سەعاتێک. قسەی پڕ و پووچی وا کە ئێمە ڕوومان سوور هەڵگەڕابوو لە شەرمان. حیسابی دەسکی کەنتۆرەکەشیان بۆ نەکردین، بۆیە ئێمەش خەیاڵمان بەدرۆ ڕاحەت کرد. تازە بەروانکەکەم بەستا بوو، بەسەر پەردەکەم دادان، کاتێ کە جۆزیف بەئەرکێک هاتە ژوورەوە. کارە دەستییەکان و کارتۆن و گوێکانمی دادڕی و قیڕاندی:

" ئێستاش هەر هەست بەخورەی سییەکانت دەکەم! کەس چارەی تۆی ناوێت! شەرم کە و بۆ خۆت دانیشە، هەی منداڵی سیسنی هەمیشە نەخۆش! هێشتا کتێبی تری لێیە گەر دەیانخوێنیتەوە، کتێبی زۆر باشتر: دەی لێرە دانیشە و بیرێک لە گیانت بکەرەوە!"



ئەمەی وت و ئێمەی ناچار کرد لە ئاگردانەکە دوور بکەوینەوە و هەڵمی ئاگرمان بەهیچ شێوەیەک نەگاتێ، لە کاتی ڕۆیشتنیشدا پاڵێکی توندی بەئێمەوە وەنا. من نەمتوانی بەرگەی ئەو بەزمە بگرم. بۆیە تا هێزم هەبوو کتێبە پیسەکەم توور هەڵدایە نێو شوێنی سەگ، یەک بەخۆم هاوارم کرد و وتم من ڕقم لە کتێبی باشە. هیتکلیف کتێبەکەی داناوە شوێنی خۆی. پاشان ژاوە ژاوێک پەیدا بوو.

قەشەکەی ئێمە هاواری کرد و وتی "بەڕێز هیندلی، بەڕێز وەرە ئێرە! وا خەریکی کاسی لێرە دەڕوات، هیتکلیفیش خەریکە یەکەم هەنگاوی خۆی بەرەو ڕێگەی وێران بوون دەهاوێژێت! شتێکی باشە گەر لێ گەڕێی ئەوان بەم دەروازەیەدا بچنە دەرەوە. ئاخ! پیاوەکەش بەجوانی ئەوی بەڕێ کرد، بەڵام بەبای داچوو!"

هیندلی خێرا لە بەهەشتەکەی بۆ نێو ڕێڕەوەکە هاتە دەر، یەخەی یەکێکمان و قۆڵی ئەوانی تریشی گرت، هەردووکیانی ڕاپێچا نێو موبەقەکە، ئا لەو کاتەدا جۆزیف هەڵیدایە و وتی "ئا دەی نیک خۆی بۆمان دێتە ئێرە، من چۆن دڵنیام کە من ئێستا دەژیم ئاواش دڵنیام کە نیک ئەو کارە دەکات: ئێمەش زۆر ڕاحەت بووین و بەدوای گۆشەیەکدا دەگەڕاین چاوەڕێی هاتنە ژووری ئەوی تیا بکەین. گەیشتمە ئەم کتێبە و شووشەیەک مەرەکەب لەسەر ڕەفەکە، تۆزێ دەرگاکەم پاڵ دا بۆ ئەوەی تۆزێ ڕووناکی بێتە سەر کتێبەکە، نزیکەی بیست دەقیقە کاتم دەسکەوت بۆ ئەوەی شتێک بنووسم، بەڵام ئەوەی لەگەڵمدا دابوو بێ ئارام بوو، پێشنیاری ئەوە دەکات کە دەبێ حیسابی کاتی ئەو بکەین، هەروەها دەبێ بەسەر ئەو بەیارانەدا ڕا بکەین بەژێر پەناگەکەیدا. پێشنیارێکی دڵخۆشکەر بوو، پاشان گەر پیاوە پیرەکە بێتە ژوورەوە، ڕەنگە باوەڕ بەڕوحی پێشبینی خۆی بکات کە ئێمە ناتوانین ئەو هێزەمان هەبێت لە بەر باران و سەرماو سۆڵەدا بژین.

***

پێم وایە کاسرین پرۆژەکەی جێبەجێ کرد، چونکە ڕستەی پاش ئەوە بابەتێکی تری بەخۆوە گرتبوو: ئەو زۆر بەخێرایی دەستی بەگریان کرد.

کاسرین نووسی بووی "تاچ ڕادەیەک من خەونم بەوە بینی کە هیندلی بەم شێوەیەک وام لێ دەکات ئەوەندە بگریم! سەرم دێشی، ئەوەندە دێشی ناتوانم بەسەر

سەرینەکەدا پاڵ بکەوم. بەڵام هەر ناتوانم واز بێنم. ئەی هیتکلیفی داماو! هیندلی پێی دەڵێت ئاوارە و بێ سۆراخ، هەروەها لێ ناگەڕێت لەگەڵ ئێمەدا دانیشێت، هیچی تر لێ ناگەڕێت نانمان لەگەڵدا بخوات. ئەویش دەڵێت، من و ئەو نابێ پێکەوە یاری بکەین، هەروەها هەڕەشەی ئەوەمان لێ دەکات گەر فەرمانەکانی ئەو بشکێنین ئەوا هیتکلیف لەو ماڵە دەر دەکاتە دەرەوە. هەمیشە گلەیی لە باوکمان دەکات (چۆن شتی وا دەکات) بەشێوەیەک مامەڵە لەگەڵ (هـ) بکات. زۆر بەشێوەیەکی ناشرینان و دڕندانە سوێندی ئەوە دەخوات کە شوێنەکەی کەم بکاتەوە و لێ بکاتە کونە مشک!"

***

بە چاوێکی خەواڵووەوە سەرم بەسەر پەڕە بێ هێز و نەرمەکەدا لەقاند: چاوەکانم لە نووسینەکاندا ورد بوونەوە. ناونیشانێکم بینی بەڕەنگی سوور نووسرا بوو "حەوتاو حەوتەمین جار و یەکەمی حەوتاو یەکەمین" گفتوگۆیەکی ئاینی لە لایەن قەشە جابێز براندرهامەوە لە پەرستگای گیمرین پێشکێش کراوە ". منیش بۆ پشیە خەوێک سەرم گێژی دەخوارد، بۆیە نەمتوانی تەکانێکم بەمێشکم بدەم بۆ ئەوەی بتوانم بزانم جابێز براندرهام لە نێو ئەو بابەتەدا چی نووسیوە، چوومەوە نێو پێخەفەکەم و خەوم لێ کەوت. وەلێ ئەفسووس بۆ کاریگەری چایە خراپەکە و میزاژە خراپەکە! چ شتێک هەیە بتوانێت ئەو شەوەم لێ بکاتەوە و دەربازم کا؟ لە تەواوی ژیانمدا لەوەتەی من ئازار و ناخۆشی دەبینم هیچ شەوێکی ترم بیر نایەت بەراوردی بکەم لەگەڵ ئەم شەوە.

دەستم کرد بەخەون بینین، پێش ئەوەی بەتەواوی لە هۆش خۆم نەمێنم و خەو بمباتەوە، خەوم بینی. وام زانی بەیانییە و منیش وا بەرەو ماڵێ شۆڕ دەبمەوە و جۆزیفیشم وەک ڕێ نیشاندەرێک لەگەڵە.لە دەرەوە، بەفر مەتر و نیوێک قووڵ بوو و ڕێگەکەی داپۆشی بووین، هەرکە ڕووبەڕووی بووینەوە، هاوەڵەکەم منی بەوە ڕاڕا کرد کە من ستافی حەجاجانم لەگەڵ خۆم نەهێناوە: پێی وتم کە من هەرگیز نەمدەتوانی بەبێ یەکێک بچمەوە ماڵێ، بێگومان یەکێکی ئیماندار و دار عەسایەکی لە دەست بێت. من نەدەچوومەوە ماڵێ: گەشتەکەمان بۆ لای جابێز براندرهام بوو بۆ ئەوەی گوێ لە قسەکانی بگرین لە بارەی ئەو دەقەی نووسیبووی بەناوی "حەفتاو حەفتەمین



جار" یان ئەوەتا جۆزیف، قەشەکە، یانیش خۆم پابەند بووین بە"یەکەمی حەفتاو یەکەمین" کە خەریک بوو بەگشتی بەدیار بکەوین و پێوەندی گشتیمان هەبێت.

چووینە نێو پەرستگاکە. دوو سێ جاران بەپێیەکانی خۆم بەناویدا هاتوچۆم کرد. پەرستگاکە دەکەوێتە دۆڵێکی نێوان دوو گردەوە: دۆڵێکی بەرز بوو، نزیک زەلکاوێک بوو، دەڵێن تەڕاتی و شێدارییەکەی وەڵامی هەموو مەبەستەکانی پاراستنی ئەو چەند لاشەیە دەداتەوە کە لەوێ دانرابوون. سەربانی پەرستگاکە تا ئێستا پارێزراو بوو، بەڵام لە بەر ئەوەی مووچەی پیاوە ئاینییەکە لە ساڵێکدا بیست پاوندە، خانووێکی دوو ژووری، دوو ژوور بەقەد ژوورێکی ئاسایی نەدەبوون، هیچ پیاوێکی ئاینی نییە ڕۆڵی وەزیرێک ببینێت: بەتایبەتی هەروەک دەڵێن گوایە قەشەکە پاشەکەوتی پێ ناکرێت و هەر ئەوەندەی نەماوە لە برسان پەلەواژ بێتەوە و بمرێت، فلسێک چییە لە گیرفانی زیاد ناکات. بەڵام، لە خەونەکەمدا، جابێز پاشەکەوتێکی باشی هەبوو، لای خوا قەشەیەکی باش بوو! چ وتارێک بوو، دابەش کرا بووە سەر چوار سەد و نەوەد بەش، هەر بەشێکیان بەقەد وتارێکی ئاسایی سەر میمبەر دەبوو، هەر یەکەیان لەسەر تاوانێکی جیاواز دەدوا! ناتوانم باسی شێوازە تایبەتییەکەی وتار خوێندنەوەکەی بکەم. شێوازێکی تایبەتی هەبوو لە لێکدانەوەی دەستەواژەکان، وا دەیگوت دەبێ برا لە هەر بۆنەیەکدا تاوانێکی جیاواز بکات. ئەو بەشانە سیفەتی زۆر سەیریان هەبوو کە زۆر لە ئاینی ڕاستی مەسیحیەتدا لایاندا بوو، من هەرگیز پێشبینی ئەوەم نەدەکرد.

ئای کە چەند ماندوو و خەواڵوو بووم. زۆر خۆم هەرگێڕ و وەرگێڕ کرد و باوێشکم دەهات و سەرم دەلەقاند و لە پڕێکدا چاوەکانم ئەبڵەق دەوەستا! هەرچەندی دەمکرد لە ماندووییان خەوم لێ نەدەکەوت، چاوەکانم هەرپشێوا و هەستامەوە و دیسان دانیشتمەوە و هەنیشکێکم لە جۆزیف دا تا پێم بڵێت گەر هەرگیز تاوانێکی کرد بێت: دواجار، قەشەکە گەیشتە "یەکەمی حەوتاو حەوتەمین" لەو قەیرانەدا، سروشێکی کتوپڕ هاتە نێو کەللەی سەرم، پاڵی پێوە نام و هەڵیساندمەوە سەرکۆنەی جابێز براندرهامم کرد وەک تاوانباری تاوانەکان کە گوێی هیچ مەسیحیەک شتی وا پەسەند ناکات.

بە سەرسوڕمانەوە وتم "گەورەم، دانیشتن لێرە لە نێو ئەو چوار دیوارە، لە یەک ڕێڕەودا، بەرگەی ئەو چوار سەد و نەوەد بابەتەی تۆم گرت و لێی خۆش بووم. حەفتاو حەفت جار کڵاوەکەم هەڵگرت و ویستم بڕۆم، حەفتاو حەفت جار تۆش منت بەزۆری دانیشاندەوە. ئاخر چوار سەد و نەوەد وتار زۆر زۆرە. برا شەهیدەکان، لەسەر وی حیساب بکەن! بەدوای خۆتانیدا پەلکێش بکەن و بیکەنە ملیۆن پارچە گەردیلە، بۆ ئەوەی ئەو شوێنەی کە دەیناسێت هیچی تر نەیناسێتەوە!"

جابێز بەسەر میمبەرەکەیەوە لار بووەوە و دوای بێدەنگییەکی کەم، وتی "تۆ پیاوی هونەریت! تۆ حەفتا و حەفت جار دەمت بەش کردەوە و ڕووی خۆت وەرگێڕا، حەفتا و حەفت جار ڕاوێژیم لەگەڵ ڕوحی خۆم کرد، ئەمەیە بێهێزی مرۆڤ: ڕەنگە ئەم بێهێزییە چارەسەری نەبێت! یەکەمی حەفتا و حەفت هاتووە. برێتن، ئەو حوکمەی لەسەر جێ بەجێ بکەن کە نووسراوە. ئەم جۆرە شەڕەفە هەموو پیاوە پیرۆزەکانی لە پشتە!"

لەگەڵ وتنی ئەو قسەیە، تەواوی دانیشتنەکە کۆتایی هات و ڕیزەکان هەموو پێکڕا ستایشی ئەم قسەیان کرد، هەموو پێکڕا چواردەوری منیان گرت. منیش هیچ چەکێک، شتێکم پێ نەبوو بەرزی بکەمەوە و بەرگری لە خۆم بکەم. ناچار تاوێکم دایە جۆزیف و دارەکەی لێ بسەنم کە نزیکترین و سەرکێشترین هێرشبەر بوو. ئاپۆڕەی ئەو ئیماندارانە گرژتر بوو و منیان کردە ئامانجی خۆیان ڕوو بەڕووم هاتن، ئەوەندە زۆر بوون بەسەر یەکدا دەکەوتن. لە پڕا گوێم لەو مستانە بوو کە هەر بابایە و لەوەی تری دەکێشا، دەستی هەر یەکێک دژی ئەوەکەی تر وەستایەوە، هەراو زەنایەک بوو نەبێتەوە. براندرهام نەیویست بێ ئیش دابنیشێت، هەموو گیانی خۆی بەکار هێنا و بووقێکی بەدەست گرت و خێرا چووە سەر میمبەرەکە، زۆر بەخورتی هەوای لە بووقەکە خست و دەنگە زۆرەکەی ئەو ناوەی پڕ کرد، هەموو ئەو هەراو هۆسە و دەنگە بێداریان کردمەوە. باشە ئەوە چی بوو ئەم بەزمەی نایەوە؟ ئەمە چی بوو ڕۆڵی جابێزی بینی لە سرەکەدا؟ پەنجەرەکە کە لە دار دروست کراسبوو بەلوورەی با دەهات و دەچوو و بەر دیوارەکە دەکەوت و دەنگێکی ناخۆشی دروست دەکرد. من بەگومانەوە گوێم بۆ ڕادێرا، سەرم بڵند کرد و جاڕسکەرەکەم پشکنی، پاشان ڕووم



سووڕاند و گێژم خواردەوە، دووبارە چوومەوە نێو خەونەکەوە: گەر بشێت ڕازی نەبووم وەک ئەوەی پێشتر.

ئەم جارە بیرم کەوتەوە کە من لەسەر سیسەمێک پاڵکەوتووم لە دار بەڕوو دروست کرابوو، گوێم لە گڤە گڤی با بوو جۆرە دەنگێکی ترسناکی دروست کردبوو. هەروەها گوێم لە هاتنە خوارەوەی بەفر بوو، هەروەها دارەکانیش خڕەیان لێوە دەهات و بەلای ڕاستدا دەلەرینەوە: ئەو هەموو دەنگە منیان زۆر بێزار کردبوو، بۆیە هەوڵم دا گەر بۆم بکرێت بێدەنگی بنوێنم، بیرم کردەوە، هەڵسام و بەخورتی داری پەنجەرەکەم داخستەوە. پەنجەرە دارینەکە بزماری لێ هاتبوونە دەر بۆیە پێوە نەدەدرا: تا لە خەو هەڵنەستام نەمزانی ئەو پەنجەرە ئاوایە. لە بەر خۆمەوە وتم "هەر دەبێ بیوەستێنم!" دەستەکانم بەنێو کونی پەنجەرە شکاوەکە بردە ژوورەوە، قۆڵم درێژ کرد لایە گرنگەکە بگرمە دەست، سەرما و سۆڵی دەرەوە پەنجەکانمی بەست! تەزوویەکم تێ ڕاگیرا و ترسی مۆتەکەیەکم بەناو لەشیدا تێپەڕی: هەوڵمدا قۆڵم بهێنمە ژوورەوە، بەڵام دەستێک گرتی و بەدەنگێکی زۆر خەمگینەوە وتی "بمبە ژوورەوە، بمبە ژوورەوە! منیش سەرم هێنا و برد هەوڵی ئەوەم دا دەستم بێنمە ژوورەوە و پرسیارم کرد "تۆ کێیت؟" بەلەرزێکەوە وەڵامی دایەوە "من کاسرین لینتنم، دێمەوە ماڵێ (بۆ دەبێ من بیرم بۆ لینتن بچێت؟ زیاتر لە بیست جار ئێرنشۆ بۆ لینتنم خوێندەوە): لە نێو بەیارەکەدا ڕێگەکەم ون کرد! لە کاتی قسە کردنیدا، من زیاتر لەو لێڵییە ورد بوومەوە، ڕووی منداڵێک بەنێو پەنجەرەکەوە دەبڕوانی. ترس و تۆقین منیان کردە دڕندە، بەمەم زانی کە هەوڵدان بۆ جوولاندنی مەخلوقەکە بێ هوودە بوو، مەچەکم گرت و ڕامکێشا بۆ پەنجەرە شکاوەکە، ئەوەندەی هێنام و بردم تا خوێن پژایە سەر جلەکانم: هەر شینی دەکرد و دەکڕووزایەوە "لێم گەڕێ با بێمە ژوورەوە" هەر سوور بوو لەسەر هاتنە ژوورەوەکەی، هەندەی نەما بوو بەو ترسە شێتم بکات. وتم "چۆن بتوانم، گەر دەتەوێ بتهێنمە ژووری دەستم بەردە با بڕۆم،!" پەنجەکانی بەردام و پشوویان دا و لە نێو کونی پەنجەرەکە هێنامە ژوورەوە، کتێبەکانم بەشێوەیەکی هەڕەمی لە بەر دەم کونەکە دانا، گوێم ڕادێرا تا تەواوی دوعا غەمگینەکەم گوێ لێ بێت. بۆ ماوەی چارەگە سەعاتێک نزیک وەستام، دیسان گوێم گرتەوە، دەنگێکی

نامۆ و غەمگین دەکرووزایەوە. منیش هاوارم کرد و وتم "برۆ لێرە، ون بە. هەرگیز لێ ناگەڕێم بێیتە ژوورەوە، لێ ناگەڕێم گەر بیست ساڵیش لێرە لێم بپاڕێیتەوە! دەنگەکەش بەکزی وتی "ئێ ئەوە بیست ساڵە، ئەوە بیست ساڵە من چاوەڕێ دەکەم!" دەنگێکی بەرزی تێکشکاو لە دەرەوە هاواری دەکرد و سەفتە کتێبەکەش جووڵان وەک بڵێی بۆ پێشەوە دەچوون. هەوڵمدا باز بدەم، بەڵام نەمتوانی بەسەر پەنجەرەکە بکەوم. دەنگەکەش تا دەهات بەرزتر و ترسناکتر دەبوو. هەرچەندە سەرم وا لێ شێوا بوو هیچم بۆ لێک نەدەکرایەوە، بەڵام درکم بەوە کرد کە ئەم هاوار کردنە میسالی نییە: لەپڕا چەند شوێن پێیەک بەخێرایی لە دەرگای ژوورەکەم نزیک بووەوە، هێندەی نەبرد یەکێک دەرگاکەی پاڵدا بەدەستێکی زبر و توندەوە کردیەوە، لەگەڵ کرانەوەی دەرگاکە تروسکاییەک کەوتە سەر پێخەفەکەم. دانیشتم و هەموو گیانم دەلەرزی و ، ئارەقی نێوچەوانم سڕییەوە: ئای لەو بەزمە بە چلەی زستان لەو سەرماو سۆڵە ئارەقم کردبوو: ئەوەی هاتە ژوورەوە وا پێ دەچوو ڕاڕا بێت، لە بەرخۆیەوە قسەی دەکرد. دواجار، بەنیمچە وسپەیەکەوە دەستی بەقسە کرد و چاوەڕێی وەڵامی نەکرد "کێ لێرەیە؟" پێم باش بوو خۆم ئاشکرا بکەم چونکە هەرکە قسەی کرد زانیم ئەوە هیتکلیفە دەنگیم ناسییەوە، لەوە ترسام گەر هەروا بێدەنگ بم ڕەنگە زۆرتر بگەڕێت. بەو نیازەوە، هەستام و پەنجەرەکەم کردەوە. من هەروا زوو کاریگەری ئەو کردارەم لە بیر ناچێتەوە.

هیتکلیف پانتۆڕ و کراسێکی لە بەردا بوو و لە نزیک دەروازەکەوە وەستا، مۆمێکیش لەسەر دەستی دەسووتا، ڕەنگی دەم و چاوی وەک دیوارەکەی پشتی سپی هەڵگەڕا بوو. یەکەم جیڕەی دار بەڕووەکە وەک شۆکی کارەبا ترساندی: مۆمەکەی لە دەستی کەوتە بەرپێیان و هەموو گیانی کەوتە لەرزە، ئەوەندە دەلەرزی نەیتوانی دابێتەوە و مۆمەکە هەڵگرێتەوە.

منیش لەپڕا هەڵمدایە و وتم "گەورەم تەنیا میوانەکەت لێرەیە" ئەم وتە کتوپڕەی من زیاتری ترساند و شەرمەزاری کرد. حاڵەتم خراپ بوو و لە خەونما زۆر هاوارم کرد، بەڕاستی مۆتەکەیەکی ترسناک بوو. ببوورە کە بێزارم کردی و سەریەشەم بۆ نایەوە."





بە مشەمشێکەوە وتی "ئەی خوا بتگرێ بەڕێز لۆکود! بریا هەر لە ....." خۆم خۆشەویست کرد، مۆمەکەم لەسەر کورسیەک دانایەوە، چونکە هەرگیز تینی ئەوەی تیا نەمابوو لە شوێنی خۆی دابنێتەوە. ئیتر نینۆکەکانی خستەوە نێو ناو لەپی و ددانەکانی لێک جیڕ کردەوە و تەمای هێرشێکی هەبوو، بەردەوام بوو "کێ ئەم ژوورەی بەتۆ نیشان داوە و تۆی هێناوەتە ئێرە؟ ئەوە کێ بوو؟ ئێستا مێشکم سافە بۆ ئەوەی لە نێو ئەو خانووەدا بیانکەمە دەرەوە؟"

خۆم فڕێ دا سەر ئەرزەکە و بەخێرایی جلەکانم هەڵگرتەوە و وەڵامم داوە "ئەوە زیلای خزمەتکارەکەت بوو. بەڕێز هیتکلیف هەرچەندە من نابێ پێوەندیم بەوە هەبێت بەڵام ئەو زۆر شایانیەتی. وای بۆ دەچم ویستی لەسەر حیسابی من بەڵگەیەکی تر بدۆزێتەوە کە شوێنەکە پڕە لە تارمایی. باشە دەی ئەم شوێنە جمەی دێ لە تارمایی و جن. تۆ هۆیەکت بەدەستەوەیە داتخستووە، من دڵنیات دەکەمەوە. کەس سوپاست ناکات بۆ پشیە خەوێک لە نێو ئەم کونە ئەشکەوتەی شوێنی جنان!"

هیتکلیف پرسیاری کرد "مەبەستت چییە؟ و تۆ چی دەکەیت؟ پاڵکەوە و شەوەکە تەواو بکە، بەڵام ئەمە لە بەر خاتری خوا تۆم لێرە هێشتووەتەوە! ئەو دەنگە دەنگە ترسناکە دووبارە مەکەرەوە: هیچ شتێک نابێتە پاساو بۆت، تا سەری خۆت بەبڕین دەدەی!"

منیش وەڵامم داوە "گەر خراپەکارێکی بچووک بەناو ئە پەنجەرەدا هاتبێتە خوارەوە، ئەو ئافرەتە منی دەخنکاند! من تازە بەرگەی ئەوە ناگرم ئەژدادی تۆ بۆم بێتە ئێرە و هەڵمواسێت. ئایا ئەمە قەشە جابێز براندرهام نەبوو شێوەی لە تۆ دەکرد و لە دایکیشت دەچوو؟ هەروەها ئەو نەگریسە، کاسرین لینتن یان ئێرنشۆ، یان هەرچییەکی پێ دەوترا، ئەو روحە بچووکە بەد نەگریسە بووبێت! پێی وتم کە ئەوە بۆ ماوەی بیست ساڵە چاوەڕێی ئێرە دەکات: من هیچ گومانم نییە لەوەی کە ئەمە سزایەکی عادیلانەیە بۆ سەرپێچی و تەجاوزە جیهانییەکەی!"

ئەم وشانە بەدەگمەن دەئاخنران کاتێ کۆمەڵە ناوەکەی هیتکلیف و کاسرینم لەو کتێبە کۆ کردەوە، کە بەتەواوی لە زەینمدا خزابوونە دنیای ڕاستی، تا بەئاگای هێنام. من لەو بێئاگاییەدا سوور هەڵگەڕام، بێ ئەوەی ئاگام لە خۆم بێت کە ئەم

قسانەی من ئەو زۆر تووڕە دەکەن، بەخێرایی دەستم بەقسە کردەوە "گەورەم ڕاستییەکە ئەوەیە کە یەکەم بەشیم لە شەوەدا خوێندەوە .." ئا لێرەدا وەستام. قەول بوو بڵێم سەیری هەموو ئەو کتابانەم کرد، خەریک بوو مەعریفەی من بۆ نووسین و چاپکردن و ناوەڕۆکەکانی ئاشکرا بکەن، بۆیە خۆم ڕاست کردەوە و بەردەوام بووم "لە خوێندنەوەی ناوەکە کە لەسەر لێواری پەنجەرەکە نووسراوە. وەک کارێکی دووبارە بووەوە و بێزارکەر منی خزاندە نێو خەو، وەک ژماردنی ، یان ...."

وەک هەورە تریشقە و برووسک بەتووڕەیی نەڕاندی و وتی "مەبەستت چییە بەم شێوەیە قسە لەگەڵ من دەکەی! تۆ چیت و چۆن دەوێری لە ژێر بانی من بەم شێوەیە قسە دەکەیت؟ ئەی خودا! شێت بووە ئەم قسانە دەکات!" بەتووڕەیییەوە شەقێکی لە نێوچەوانی خۆی هەڵدا.

من نەمدەزانی نە ئەو زمانەم ببڕم و قسە نەکەم نە بەردەوام بم لەسەر شیکردنەوەکەم، بەڵام پێ دەچوو زۆر بەهێز کاری تێکرا کە بەزەییم نواند و لەگەڵ خەونەکانم بەردەوام بووم، ئەوەم دووپات کردەوە کە هەرگیز گوێم لە داوا و نزای کاسرین لینتن نەبوو پێشتر، بەڵام خوێندنەوەی زۆرجار ئینتیباعێکی بەرهەم هێنا کە خۆی نواند کاتێ من هیچی تر کۆنترۆڵم لەسەر خەیاڵم نەما. کاتێ من قسەم دەکرد، هیتکلیف وردە وردە دەکەوتە نێو پێخەفەکە، دواجار لە پشتی سیسەمەکە دانیشت. لەگەڵ ئەوەیشدا، من هەستم بەبرِکە برِک و هەلاکەتی هەناسەم دەکرد، هەوڵی دەدا ئەو تووڕەیییە لە ژێر پەردەیەکی سۆزانەوە بشارێتەوە. خۆشیم بەوە نەدەهات ئەوەی نیشان بدەم کە گوێم لە ململانێیەک بوو، بەمشەوەشی لەسەر کورسییەکە دانیشتم، سەیری سەعاتەکەم کرد، بەدرێژایی ئەم شەوە لە بەر خۆمدا قسەم دەکرد: "هێشتا نەبووەتە سەعات سێ! دەمتوانی سوێند بخۆم کە بووەتە سەعات شەش. کات لێرە هەر نارِوات وەک ئاوی مەنگ وەستاوە: من بێگومانم لەوەی کە ئێمە هەر سەر لە ئێوارەوە سەعات هەشت نەبوو بوو چووین بۆ سەر جێگە و خەوتین.

میواندارەکەم بەمۆڕەیەکەوە وتی "لە زستاندا هەمیشە سەعات نۆ و لە سەعات چواریش هەڵدەستێت" کاتێک بەسێبەری قوڵ و باسکی خەیاڵ بۆ خۆی بردمەوە و کاتێکیش کە سەیری چاویم کرد فرمێسک زۆر بەهێمنی دەهاتنە خوارەوە، بەردەوام



بوو و وتی "بەڕێز لۆکود، تۆ بچۆ ژوورەکەی من: تۆ تەنیا لە ڕێگە دەبی، زۆر زوو لەسەر پەیژەکان هاتیە خوارەوە: هەروەها هاوار کردنە منالْ ئاساکەت خەوی بۆ من ڕەوانەی شەیتان کردووە، خەوی لێ زڕاندووم"

وەڵامم دایەوە "منیش هەروام. لە هەیوانەکە تا بەرە بەیان هاتوچۆ دەکەم، پاشان دەڕۆم، پێویست ناکات هیچی دیکە بترسیت لەوەی من جارێکی دیکە بەهاتنم بۆ ئێرە جارِست بکەم. من تازە بەتەواوی لەوە بوومەوە بەدوای خۆشیدا بگەڕێم لە نێو کۆمەڵگە، جا چ شار یان لادێ بێت. پیاوی بەئەحساس دەبێ هاوەڵێکی گونجاو لە نێو خودی خۆیدا بدۆزێتەوە."

هیتکلیف منگەیەکی هات و وتی "هاوەڵێکی دڵخۆشکەر! مۆمەکە بەرەو هەر شوێنێکت پێ خۆشە برِۆ ئەوێ. منیش ڕاستەوخۆ بەشدار دەبم لەگەڵتا. لە هەیوانەکە دوور خۆت بپارێزە. سەگەکان نەبەستراونەتەوە و جونۆ پاسەوانی خانووەکە دەکات، تۆ تەنیا دوای هەنگاو و ڕێڕەوەکان دەکەویت. بەڵام دوورە لە تۆ. تۆ برِۆ، منیش پاش دوو دەقیقەی تر دێم!"

تا ژوورەکەشم جێ هێشت گوێڕایەڵ بووم. لەو کاتە قسەکانیم پشت گوێ خست کە لە ڕێڕەوەکە بووم، وەستام و ئارەزوومەندانە بەئەسپایی گوێم لە پارچە ئەفسانەیەک گرت لە لای خاوەن خانووەکە هات کە درۆی لەگەڵ من کرد، کە بە شێوەیەکی سەیر ماناکەی ڕوون بوو. چووە سەر پێخەفەکە، لەپڕا خێرا پەنجەرەکەی کردەوە، هاواری لێ هەستا، تا گوڕو تینی هەبوو پەنجەرەکەی پاڵ دا و نەیتوانی بەسەر خۆیدا زاڵ بێت و فرمێسک بەچاوانیدا بارین و بەدەم هەنسکەوە وتی "وەرە ژوورەوە! وەرە ژوورەوە! دەی کاسی خێرا وەرە، جارێکی دی وەرەوە لام! دەی توخوا خۆشەویستەکەم وەرەوە لام! دەی ئەم جارە گوێت لێم بێت، کاسرین دوا جار وەرەوە لام!" ئەم دیمەنە بیرۆکەی دیمەنێکی ئاسایی خستە ڕوو: هیچ هێمایەکی وجوودی نەدا بەدەستەوە، بەڵام بەفر و باران درِندانە ڕوویاندەکردە ژوورەوە، تەنانەت گەیشتە لای منیش، چراکەشیان ڕوو لە کزی کرد.

ئای لەو ئازارە، ئای لە نێو لافاوی ئەم خەمەدا چۆن هەمووومان نغرۆ بووین، هەر ئەمە بوو ئەم نەگبەتیەی بەدوادا هات، کە وای لە هەست و سۆزم کرد بەسەر

شێتاتییەکەیدا زاڵ بم. پاشەکشێم کرد، نیمچە تووڕەبوونێکم هەبوو لەوەی کە گوێم لە هەمووی گرت، ناڕەحەتیش بووم لەوەی کە مۆتەکە نەگریسەکەم لەگەڵ ئەو دیمەنە تێک کردەوە، چونکە ئەو ئازارە بەسوێیەی دروست کرد، هەرچەندە بۆچی ئەمە لە پاڵ تێگەیشتنی منەوە بوو. چوومە خوارەوە بۆ شوێنێکی دوورتر، لە پشتەوەی موبەقەکە گیرسامەوە، کە بڵێسەی ئاگر، پێکەوە بەهەموو لایەکدا بڵاو دەبوونەوە، دووبارە وزەی بەمۆمەکەم بەخشییەوە. هیچ شتێک زیاد لەو پشیلە خۆڵەمێشییە چاو بزە بێزارکەر نەبوو کە بەسەر پاشماوەکاندا خشپە خشپی لێوە دەهات، بەزۆری میاواندی و سڵاوێکی لێ کردم.

دوو کورسی بێ پشت، شێوەیان بازنەیی بوو، نزیکەی ڕێڕەوەکەیان داخستبوو. لەسەر یەکێکیان خۆم درێژ کرد و ئەوەکەی تریشیان بەشی گریمالکین (پشیلەکە) بوو. ئێمە هەردووکمان وامان دەزانی نەک پاشەکشێمان کردووە بەڵکو داگیریش کراوین، پاشان جۆزیفیش بەدیار کەوت، خش خش لەسەر پێپلیکانە دارینەکان هاتە خوارەوە کە لەسەر بنمیچەکە ون بوو، بەنێو تەلەیەکدا: بەمن وابی دەچووە نێو کوخەکەی. نیگایەکی گرتە ئەو گڕەی کە من یاریم پێ دەکردن، پشیلەکەی لە شوێن خۆی لەقاند، خۆیشی نغرۆ کرد و خۆی خەریکی دروستکردنی جگەرەیەکی سێ ئینجی کرد. ئامادەبوونی من لە دیراسەکەی ئەودا ئاشکرا بوو کە پارچە ڕوومەتێک بوو زۆر بەشەرمەزاری دەهاتە بەرچاو: بەبێدەنگی جگەرەکەی خستە نێوان لێوەکانی، قۆڵی وێک هێنانەوە، مژێکی قووڵی هەڵکێشا. وازم لێ هێنا تا چێژ لەو جگەرەیە وەرگرێت. پاش ئەوەی دوا مژی لێ دا، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، هەڵسایەوە، هەروەک چۆن بەهێواشی هات ئاواش وردە وردە ڕۆیشت.

ئیدی هەنگاوێکی هێواشتر هات، ئێستا دەمم لێک کردەوە بۆ بەیانی باشێک، بەڵام نەمکرد و دامخستەوە، سەلام کردنەکە ڕووی نەدا، لە بەر ئەوەی هاریتۆن ئێرنشۆ خەریکی کاری خۆی بوو، دەستی لە هەر شتێک دەدا نەفرەتی لێ دەکرد، نەفرەتی لە هەموو شتێکی نێو ئەو خانووە دەکرد، کاتێ لە گۆشەیەکەوە ڕادەما بۆ بێڵێک یان پێمەڕەیەک بۆ لادانی قۆمەتە بەفرەکە. ئاوڕێکی بەسەر پشتەوەی کەوەنتەرەکەدا دایەوە، کونە لووتی فشتر کردن، کەمێک سەروسیمای لەگەڵ من و هاوڕێکەم



پشیلەکە ئاڵووێر کرد. بەئامادە کردنەکەی پێم وابوو ئەو دەرگایە ڕێگەی پێدرا بوو، کۆخەیەکی توندم لێ هەستا و جووڵەیەکم کرد و بەدوای کەوتم. هەستی بەوە کرد، چووە نێو دەرگایەکی ژوورەوە لەگەڵ کۆتایی بێڵەکەی، دەنگێکم لێوە هات کە شوێنێکی هەبوو دەبوایە بۆی بچم، بۆ ئەوەی شوێنەکەم بگۆڕم.

دەرگاکە بۆ نێو خانووەکە کرایەوە، ئافرەتەکان لەوێ پێشتر چالاک بوون، زیلا خەریکی ئاگر خۆش کردن بوو، خاتوو هیتکلیفیش ئەژنۆی بەعەرزی داکوتابوو، بەهاوکاری ڕووناکی ئاگرەکە کتێبێکی دەخوێندەوە. دەستەکانی لە نێوان ئاگر و چاوەکانی گرتبوو، پێ دەچوو لە شوێنەکەی زۆر ڕاحەت نەبوو، هێندە شوێنی خۆی خۆش کردبوو کە پریشک بەخۆی و خزمەتکارەکە نەکەوێت، یان بۆ دوور خستنەوەی لە سەگەکە. جار جارە، ئەمە لووتی دەپرووزکاند و بەسەر دەموچاویدا دەیخوراند. منیش سەرم لەوە سوڕما کە هیتکلیفم لەوێ بینی. لە لای ئاگرەکە دانیشت بوو، پشتی لە من بوو، تازە دیمەنە گەردەلوولاوییەکەم لەگەڵ زیلا تەواو کردبوو، کە ناوە ناوە لە کارکردن لە گۆشەیەکەوە دەوەستا و ئاهێکی قووڵی هەڵدەکێشا.

کاتێ من چوومە ژوورەوە، ڕووی لە بووکی کرد و وتی "ئەی تۆ، بێ قیمەت" نازناوێکی بەکار هێنا وەک مراوی یان مەڕ بێ زەڕ بوو بەڵام بەگشتی بەخێرایی لە دەم هاتە دەر. بەردەوام بوو و وتی "ها ئێوەن لێرە، دووبارە بەخۆت و فێڵە بێ سوودەکان! ئەوانی تر نانی خۆیان پەیدا دەکەن. ئێوە لەسەر خێری من دەژین! لەسەر حیسابی من پیسایی دەکەن، بۆ خۆتان شتێک بدۆزنەوە بیکەن. ئێوە دەبێ باجی ئەو تاعونە بدەن کە لە ژێر ڕکێفی مندا هیچتان لێ ناکات. گوێتان لێمە، هەی نەگریسینە؟

خانمە گەنجەکە کتێبەکەی داخستەوە و فڕێی دا سەر کورسییەکە و وەڵامی داوە "من پیسایی خۆم هەر فڕێ دەدەم، چونکە گەر ڕەتی کەمەوە تۆ دەتوانی دروستم بکەیت. بەڵام من هیچ ناکەم. بەڵام دەبێ تۆ ئاگەداری زمانی خۆت بی، جگە لەوەی چی من پێم خۆشە ئەوە لە گۆت بێتە دەر!

هیتکلیف دەستی بەرز کردەوە و قسەکەرەکەش چووە شوێنێکی سەلامەتتر، دیار بوو کە لەگەڵ ئەو شتانە ڕاهاتبوو. حەزی بەوە نەدەکرد ببێتە مەزە لە شەڕی مشک و

پشیلەدا، منیش خێرا چوومە پێشەوە، وەک بڵێی بەپەرۆش بم بەشداری بکەم لە گەرمی بەزمەکە، هەروەها بێ بەریش بووم و زانیاریم نەبوو من بۆچی تێهەڵدەچمەوە. دانیشتوەکانی نێو ئەم خانووە چاویان ئەبڵەق بوو و چاوەڕێی قسەی ناخۆشتریان دەکرد: هیتکلیف لە نێو گیرفانەکانی مستی خۆی پڕ کرد، لەسەر خۆی نەبوو، خاتوو هیتکلیف لێوەکانی تێکهەڵسوون، ڕۆیشت لەو لاوە دانیشت، لەو شوێنەی کە قسەکانی پاراست بەهۆی یاریکردن بە بەشێک لە پەیکەرەکە لە کاتی مانەوەی من. ئەمە درێژەی نەخایاند. ئەوەم ڕەت کردەوە نانی بەیانییان لەگەڵ بخۆم، هەروەها لەگەڵ یەکەم تیشکی بەرەبەیاندا، هەلێکم بۆ ڕێکەوت و هەڵاتمە نێو هەوا ئازادەکە، ئێستا هەوا پاک و بێ گەرد بوو، ئێستاش وەک سەهۆڵبەندان تەزی و سارد بوو.

سەرۆکەکەم لێم نزیک بووەوە و ویستی بموەستێنێت، من گەیشتبوومە کۆتایی باخچەکە، پێم وت پیاسەیەکم لەگەڵ بکات بەنێو بەیارەکەدا. باش بوو ئەمەی کرد، چونکە تەواوی پشتی گردەکان لوورەی بایان لەگەڵ بوو، زەریایەکی سپی. هەڵبەز و دابەزی ئەو کەش و هەوایە پەست بوونێکی لەسەر ئەم ئەرزە پەیدا کرد. کەمترین چاڵ تا ئاستێک پڕ کرا بوو لە بەفر، هەروەها تەواوی زنجیرە چیاکان، ڕەتکردنەوەی یارییەکان، وەک بڵێی ئێستا وێنەی هاتوچۆیەکەی دوێنێم لە بیر ما بوو. لە یەکێک لە لایەکانی ڕێگەکە، لەگەڵ شەش حەوت یاردێک هێڵێکی بەردینم بەدی کرد، بەنێو تەواوی درێژی ئەرزە ڕووت و بێ پیتەکەدا بەردەوام بوو: ئەم هێڵە بە کلسی داپۆشرابوون هەر بەئەنقەست بۆ ئەوەی ببنە ڕێ نیشاندەر لە کاتی تاریکیدا، هەروەها لەبەر خۆدا دەموت ئێستا نا ئێسا دەکەومە خوارەوە ، ئەو لاو ئەم لام زەلکاوی قووڵ بوون: بەڵام، گۆمە پڕ لە سیانەکان لێرە و لەوێ دیار بوو. هەموو شوێن پێکان ون ببوون: هەروەها هاوڕێکەم بەپێویستی زانی ئاگەدارم بکاتەوە بۆ ئەوەی سەیری ڕاست و چەپم بکەم، کاتێ وام زانی بەدوام دەکەون، ڕاست بوو، لوورە لووری ڕێگەکە بوو.

کەمێک سوالفەمان کرد، لە دەروازەی سرەسکرۆس پارک وەستا و وتی من لێرە هیچ هەڵەیەک ناکەم. خوا حافیز بوونمان تەنیا خۆ چەمانەوەیەکی خێرا بوو، پاشان



بەرەو پێشەوە هەنگاوم نا، متمانەم بە سەرچاوەکانی خۆم کرد، چونکە پاسەوانی کووخەکەی چۆڵ و هۆڵ بوو. دووری نێوان دەروازەکە و گرەنج دوو میل بوو، پێم وابوو دەگەیشتە چوار میلیش، چی گەر خۆم لێ ون بێت لە نێو درەختەکان، تا ملان بکەومە نێو بەفر: ڕێگەیەک بوو تەنیا خەڵکی بەئەزموون دەتوانن بینرخێنن چۆن ڕێگەیەکە. لە هەر حاڵەتێکدا، بەو ڕێیە سەر سەختەدا چووم، سەعات دوانزە لێیدا کاتێ کە چوومە نێو خانووەکە، ئەمەش مانای ئەوە بوو کە هەر میلێم بەسەعاتێک بڕی لە وێزەرینگ هایتسەوە خانووەکە.

هەر ئەوە بوو چوم پێکهاتەیەکی مرۆییانەی بینی وا خێرا بەرەو من هات و بەخێرهاتنی کردم، زۆر سەیرم پێ هات، هەرگیز کەس بەم شێوەیە بەخێرهاتنی نەکردوومە لە ژیانمدا. بەتەواوی دەستیان لە من هەڵگرتبوو: هەموو کەسێک وای دەزانی من دوێنێ شەو مردووم. نەیاندەزانی چۆنیش دەست بکەن بەگەڕان بەدوای مندا. دەستێکم بۆ جووڵاند کە هێمن بن، ئێستا کە منیان بینی گەڕامەوە، لە دڵەوە زۆر بێ هۆش بووم، بەشێواوی چوومە سەرەوە. پاش ئەوەی جلی وشکم لە بەر کرد، بۆ ماوەی سی تا چل خولەک هاتوچۆم کرد، بۆ گێڕانەوەی گەرمی نێو لەشم، چوومەوە سەر دیراسەکەم، وەک مێرووی گێژخواردوو بێ تاقەت بووم: ئەوەندە ماندوو بووم نەمدەتوانی بچمە پێش ئاگرەکە و فرە قاوەیەک بخۆمەوە کە خزمەتکارەکە بۆ حەسانەوەی من ئامادەی کردبوو.

# بەشی چوارەم

ئێمە چ پەڕەمووچێکی بوودەڵە و بێ کەڵکین! من کە هەمیشە سوور بووم لەسەر ئەوەی کە خۆم ئازاد و سەربەخۆ بپارێزم لە قسە و باسە کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها سوپاسی ئەستێرەکانم کرد کە، بەدرێژاییدا، من ڕووناکیم لەسەر شوێنێک هەبوو کە نزیک بوو لە بێ کەڵکی. زۆر بێ هێز و کز ببووم، تا زەردەپەڕ من ململانێم بوو لەگەڵ ڕوح و تەنیاییەکەم، دواجار ڕەنگەکانی ڕۆشن کردەوە، لە ژێر ئامادەبوونی بەدەست هێنانی زانیاری دەربارەی پێویستی گیرسانەوەم لە شوێنێک، من کەیفم بە خاتوو دین دەهات، کاتێ نانی ئێوارەی هێنا، دانیشت تا من نانەکەم خوارد، بەهیوای ئەوە دانیشت باسی دونیام بۆ بکات، یان ئەوەتا بەمەبەستی ئەوەی خەوم لێ نەکەوێت و بکەومە جووڵە یانیش گێژم بکات و خەوم لێ بکەوێت.

به هێمنی وتم "ماوەیەکی باشە لێرە دەژیت، تۆ نەتوت بۆ ماوەی شانزە ساڵە؟

"گەورەم هەژدە ساڵە من لێرە دەژیم: کاتێ من هاتمە ئێرە ئەو خانمە مێردی کردبوو، کاتێ خانمەکە مرد، سەرۆکەکە منی وەک دەرگاوان بەکرێ گرت."

" بەڵێ ڕاست دەکەی."

بۆ ماوەیەک بێدەنگ بووین، هەموو دونیا بێدەنگ بوو. ئەو بوختانکەر و قسە هێن و بەرە نەبوو کە من زۆری لێ دەترسام تا ئەو کاتەی زانیم کاروباری چییە. کاروبارەکانیشی زۆر سەرنجی منیان ڕاکێشا. بەڵام لە ماوەی ئەو بێدەنگییەدا لە دەوروبەری خۆم ڕامام، دەستەکانم لەسەر ئەژنۆکانم، پەڵە هەورێکی پڕ لە بیرکردنەوە بەسەر ڕوخساریدا سەمایان دەکرد، بەنەرمی وتی "ئۆو، دوای ئەو کاتە



زەمانە بەتەواوی گۆڕاوە!"

منیش وتم "بەڵێ. وابزانم تۆ چەند بەدیلێکی باشت بینیوە؟"

وتی "بەڵێ وایە بینیومن: بەڵام دەردەسەریشم بینی."

هەر لە خۆما بیرم کردەوە و وتم "من باسەکە دەگۆڕم دەیبەمەوە سەر ئەو خێزانەی کە شەوێکم لایان بەدەردەسەری بەسەر برد. بابەتێکی باشە بۆ دەست پێکردن! زۆر حەزیشم دەکرد مێژووی ئەو کچە بێوەژنە جوانە بزانم: بزانم ئایا بەئەسڵ خەڵکی ئەو وڵاتەیە، یانیش ئەوەتا بێگانەیە و کەس نازانێت کچی چ پیاوێکە و خزم و کەسی کێیە کێ نییە" هەر بەو نیازەوە پرسیارم لە خاتوو دین کرد بۆچی هیتکلیف سرەسکرۆس گرەنجی جێ هێشت و ژیانێکی پەسەند کرد کە لە بارێکی زۆر ناخۆش و ناجۆر دەیباتە سەر. پرسیم "بای ئەوەندە دەوڵەمەند نییە کە دەستێک لە خانووەکە وەردات و نوێی بکاتەوە؟"

وەڵامی دایەوە "گەورەم هەر زۆر دەوڵەمەندە!. کەس نازانێت ئەو کابرایە چەند پارەی هەیە، هەموو ساڵێش لە زیادبووندایە. بەڵێ، بەڵێ، با ئەوەندەی هەیە لە خانووێکی خۆشتر لەوەی ئێستا هەیەتی بژیت: بەڵام زۆر نزیکە، دەست داخراوە. هەروەها گەر مەبەستی بوایە سرەسکرۆس گرەنج جێ بهێڵێت، هەر کەسێک داوای لێ بکات بۆ کرێ دەستی کەرەمی ناگێڕێتەوە، ئەوا هەرگیز بۆ ئەوە لە دایک نەبووە ئەو هەلە لە دەست خۆی بدات و چەند سەد دۆلارێکی تر بەدەست نەهێنێت لە کرێیەکە. شتێکی زۆر نامۆیە کە خەڵک زۆر چڵێس و بەتەماعن، هەرچەندیشە بەتەنیا لە جیهان بژین هەر بەتەماعن!"

"وا پێ دەچێت، کوڕێکی هەبووبێت؟"

" بەڵێ کوڕێکی هەبوو، ئەویش مردووە."

ئەی ئەو خانمە گەنجە، خاتوو هیتکلیفی ناوە، بووکیەتی؟"

"بەڵێ"

"لە ئەسڵدا ئەو لە کوێ هاتووە؟"

" گەورەم بۆچی، ئەو خانمە کچی گەورەکەی منە، خوا لێی خۆش بێت: کاسرین

لینتن ناوی پاکیزەییەتی، پێش ئەوەی مێرد بکات ئەو ناوەی هەبوو، واتە لە ئەسڵدا کچی لینتنە. من خۆم بەخێوم کردووە، حورمەکی زۆر غەریبە! خۆزگە بەڕێز هیتکلیف لێرەی لا دەبرد، ڕەنگە ئەو کاتە دووبارە بۆ خۆمان سەرمان بەیەکدی دەکردەوە و پێکەوە دەژیاین."

منیش سەرم سوڕما و هاوارم لێ هەستا "چی! کاسرین لینتن؟ بەڵام ڕەنگدانەوەی یەک دەقیقە قایلی کردم کە ئەو کاسرینە نەبوو وەک تارمایی بۆم دەرکەوت. پاشان بەردەوام بووم و پرسیم "کەواتە ئەو خێزانە بەناوی لینتن بانگ دەکرێن؟"

"بەڵێ بەو ناوە بانگ دەکران."

" ئەی ئەو ئێرنشۆیە کێیە: هاریتۆن ئێرنشۆ، کە لەگەڵ بەڕێز هیتکلیف دەژیت؟ ئایا خزمایەتییان هەیە؟"

نەخێر، ئەوە برازای بەڕێز لینتنی خوا لێ خۆشبووە."

"کەواتە ئامۆزای ئەو خانمە گەنجەکەیە، وا نییە؟"

"بەڵێ. هەروەها مێردەکەشی ئامۆزای بوو: یەکێکیان بەلای دایکەوە، ئەوی تریشیان بەلای باوکەوە: هیتکلیف خوشکی بەڕێز لینتنی هێناوە."

ئەی لەسەر دەرگای پێشەوەی بانەکانی وێزەرینگ نووسراوە "ئێرنشۆ". ئایا ئەوانە خێزانێکی کۆنن؟"

گەورەم هەر زۆر کۆنن. هاریتۆن دوا نەوەیانە، وەک کاسیش دوا نەوەی ئێمەیە. مەبەستم دوا نەوەی لینتنە. ئایا قەت لە بانەکانی وێزەرینگ ماویتەوە؟ ببوورە کە ئەم پرسیارە دەکەم بەڵام، حەز دەکەم بزانم دەنگ و باسی چۆنە؟"

"خاتوو هیتکلیف؟ دیار بوو زۆر باش بوو، و شۆخ و شەنگیش بوو. بەڵام وابزانم زۆر دڵخۆش نەبوو."

"ئۆو بەڕێزەکەم، دەزانم! ئەی سەرۆکەکەت پێ چۆن بوو؟"

" کەسێکی زۆر توڕەهاتە. بەڵام خاتوو دین ئایا ئەوە سیفەتی بەڕاستی خۆیەتی؟"

" تووڕ وەک ددانەکانی مشار، ڕەقیش وەک مەڕمەڕی ڕەش وایە! چەند کەم بیدوێنی ئەوەندە باشترە."



"ڕەنگە لە ژیانیدا هەڵبەز و دابەزی زۆر دیبێت، بۆیە ئاوا تووڕەوتوند بووە. ئایا هیچ لە بارەی مێژووی ئەو کابرایە دەزانی؟"

"گەورەم مێژووی ئەو کابرایە سەربوردەیەکە بۆ خۆی. هەموو شتێکی لە بارەیەوە دەزانم: بەڵام یەک شتی لە بارەوە نازانم ئەویش ئەوەیە نازانم لە کوێ لە دایک بووە و دایک و باوکی کێن و چۆن ئەو هەموو پارەیەی دەست کەوتووە. هەروەها هاریتۆن زۆر بەخراپی لێ کەت! ئەو پیاوە بەدبەختە تاکە کەسێکە لەو شوێنە کە نازانێت چۆن دەسخەرۆ کراوە."

باشە، خاتوو دین، خێرت دەگاتێ گەر شتێکم لە بارەی دراوسێکانم پێ بڵێیت: من وا هەست دەکەم گەر ئێستا بێ ئەو شتانە بنووم ناحەسێمەوە. بۆیە تکات لێ دەکەم ئەو چاکەیەم لەگەڵ بکە و لێرە دانیشە و سەعاتێک قسەم بۆ بکەم."

"بە سەرچاو گەورەم! دەچم هەندێ کاری دروومان دێنم و پاشان تا تۆ پێت خۆش بێت دادەنیشم و قسەت بۆ دەکەم. بەڵام تۆ سەرمات بووە: دەبینم لە سەرما دەلەرزیت، دەبێ هەندێ شیری گەرم بخۆیتەوە تا گەرم بیتەوە."

ئافرەتە دڵ باشەکە ڕۆیشت، منیش خۆم لە ئاگرەکە نزیکتر کردەوە. سەرم گەرم داهات بەڵام تەواوی بەشەکانی تری جەستەم سڕ ببوو: لەگەڵ ئەوەشدا، مەست ببووم، تا ڕادەیەک کە نزیک ببوومەوە لە شێتی و گەمژەیی، بەڵام هێشتا هەر ترسم لە دڵدا مابوو و ئەو ڕووداوانەی ئەمڕۆ و دوێنێ بە جدی کاریگەرییان هەبوو لەسەر دڵ و دەروونم. زوو هاتەوە، کەلوپەلی شیر و سەللەی کارکردنی خۆی هێنا، قۆریە شیرێکی خستە سەر تەباخەکە و لە شوێنی خۆی دانیشتەوە، دیار بوو کە زۆر خۆشی بەوە دەهات کە منی دۆزیوەتەوە و قسەم بۆ دەکا.

هیچی تر خۆی نەگرخاند و باسەکەی دوا نەخست، بۆیە دەستی کرد بەقسە و وتی "پێش ئەوەی بێمە ئێرە بژیم. من زۆربەی کات لە بانەکانی وێزەرینگ بووم. لە بەر ئەوەی دایکم چاودێری هیندلی ئێرنشۆی دەکرد، کە باوکی هاریتۆنە. منیش لەوە ڕاهاتبووم کە یاریم لەگەڵ منداڵان دەکرد: هەروەها کاری ڕۆژانەشم بەڕێوە دەبرد. "کا"م کۆ دەکردنەوە، هەموو کاروبارەکانی نێو کێڵگەکەم بەڕێوە دەبرد و کەسیش یارمەتی نەدەدام. لە بەیانییەکی خۆشی هاویندا سەرەتای دروێنە بوو، لە بیرمە

بەڕێز ئێرنشۆ، سەرۆکە گەورەکە، لە قاندرمەکە هاتە خوارەوە، بەنیازی گەشتێک خۆی پۆشتە کردبوو. پاش ئەوەی بەجۆزیفی گوتبوو کە ئەمڕۆ چی بکەن، گەڕایەوە بۆ هیندلی و کاسی و من، چونکە لەگەڵیان دانیشتبووم نانم دەخوارد. قسەی لەگەڵ کوڕەکەی دەکرد و وتی "ئێستا وا بووی بە پیاوێکی قۆز، ئەمڕۆ دەچم بۆ لیڤەرپوول، چیت بۆ بێنم؟ هەرچیت پێ خۆشە ناوی بێنە تا بۆتی بێنم: بەڵام با شتێکی بچووک بێت چونکە دەڕۆم بۆ ئەوێ و دەگەڕێمەوە: هەر سەرە و ٦٠ میلە. ئەو ڕێگەیە دوورەش هەر بەدەم خۆشە!" هیندلی وتی من کەمانچەیەکم دەوێ بۆم بێنی. پاشان پرسیاری لە کاسی کرد، هێشتا شەش بەهاری تەواو نەکردبوو، بەڵام دەیتوانی سواری ئەسپ بێت و ئەسپ سوارێکی چاک بوو. کاسیش پەتێکی هەڵبژارد. منیشی لە بیر نەچوو، لە بەر ئەوەی دڵێکی باشی هەبوو هەرچەندە هەندێ جار کەمێک توند بوو. بەڵێنی بەمن دا کە زەمبیلەیەکی سێو و هەرمێم بۆ بێنێت، پاشان منداڵەکانی ماچ کرد و خواحافیزی کرد و ڕۆیشت.

لە گەشتەکەیدا سێ ڕۆژی پێ چوو. ئەو سێ ڕۆژە بۆ هەموومان زۆر بوو. زۆربەی جار کاسی دەیپرسی کەی باوکم دێتەوە ماڵێ. خاتوو ئێرنشۆ لە سێیەم ئێوارەیدا مەزندەی ئەوەی کرد کە دەوروبەری نانی ئێوارە دەگەڕێتەوە. بۆیە نانخواردنەکەی سات دوای سات دوا دەخست. هیچ سەر و سۆراخێک بۆ گەڕانەوەی نەبوو، بۆیە دواجار منداڵەکان ماندوو بوون هەندەی بچنە دەرەوە و سەیری ڕێڕەوەکە بکەن. پاشان دونیا تاریک داهات. دەبوایە بیانباتە سەر پێخەفەکانیان بۆ ئەوەی بخەون بەڵام پاڕانەوە بۆ ئەوەی هەندێکی تر بمێننەوە. دەوروبەری سەعات یانزە قفڵی دەرگاکە بەهێمنی تەقەی لێوە هات و سەرۆک هاتە ژوورەوە. خۆی خزاندە سەر کورسییەک. پێدەکەنی و ناڵەی لێوە دەهات. بەدەست ئاماژەی بۆ هەمووان کرد دانیشن. لە بەر ئەوەی بەقوربانی مردنێ ببوو، هەرگیز جارێکی دی گەشتی نەکرد بۆ سێ شانشینەکەی تر.

قاپووتە زلەکەی شل کردەوە کە لە قۆڵ و باسکی توند قایمی کردبوو و شتێکی تێدا بوو و وتی "ئەمە لە سەرە مەرگیدا بوو. ئافرەت سەیری ئێرە بکە! لە ژیانمدا هەرگیز هیچ شتێک ئاوا شەکەت و ماندووی نەکردوومە: بەڵام دەبێ تۆ وەک



دیارییەک لە لایەن خواوە وەری بگریت، هەرچەندە ئەوەندە ڕەشە دەڵێی لە لایەن شەیتانەوە هاتووە."

ئێمەش هەموومان لە سەری کۆبووینەوە. سەیری ڕووی کاسیم کرد قێز و بێزی لێ دەکردەوە. منداڵێکی شەکەت و قژ ڕەش بوو. ئەوەندە گەورە بوو کە دەیتوانی بڕوا و قسە بکات. ئەوەی ڕاستی بێت بەدەم و چاو دیار بوو لە کاسی هەراشتر بوو. کاتێ منداڵەکە کەوتە سەر پێیەکانی سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد و هەندێ قسەی هەڵەت و پەڵەتی لە گۆ هاتە دەر کە کەسمان سەرمان لێ دەرنەدەچوو. من لێی ترسام، خاتوو ئێرنشۆ ئامادە بوو پەلی بگرێت و فڕێیداتە دەرەوە: هاواری لێ هەستا و پرسی چۆن قەرەجێکی ئاوا دێنیتە ماڵەوە، کاتێ کە ئێمە وا منداڵی خۆمان هەیە و بەخێوی دەکەین و بۆی دەژین؟ مەبەستی چییە لەم کارەی و چی لەو کوڕە دەکات، خۆ شێت نەبووە؟ سەرۆک هەوڵی شیکردنەوەی مەسەلەکەی دا، بەڵام ئەوەندە ماندوو بوو ڕەنگی مردووانی لێ نیشتبوو. ئەوەی من لە قسەکانیم بەدی کرد ئەوە بوو کە بەسەرهاتی ئەو منداڵە ئەوە بوو کە بێ ماڵ و گێژ و لە شەقامەکانی لیڤەرپوول کەوتبوو و لە برسان خەریک بوو دەمرد. لەوێ هەڵیگرتەوە و بەدوای خاوەنەکەیدا گەڕاوە: وتی، کەسم نەبینی و نەناسی خۆی بەخاوەنی ئەم منداڵە بزانێت. کات و پارەکەی سنووردار بوو. ئەوەی پێ باشتر بوو کە لەگەڵ خۆیدا بیهێنێتەوە ماڵێ لەوەی کە مەسرەف بکات و بگەڕێت بەدوای خاوەنەکەی: لە بەر ئەوەی سوور بوو لەسەر ئەوەی کە ئاوا بەتەنیا لەسەر ئەو شەقامانە جێی ناهێڵێت. لە ئەنجامی قسەکانیدا، خاتوونەکەی هێور بووەوە، بەڕێز ئێرنشۆ بەمنی وت: جوان بیشۆ و جلی پاکی بدەرێ و با لەگەڵ منداڵەکاندا بخەوێت.

هیندلی و کاسی خۆیان خەنی کرد لەگەڵ سەیرکردن و گوێگرتن تا ئاشتی گەڕایەوە: پاشان هەردووکیان دەستیان کرد بەکۆڵینەوەی گیرفانەکانی باوکیان بۆ ئەو دیارییانەی کە بەڵێنی پێ دابوون بۆیان بێنێت. ئەوەی یەکەمیان کوڕێکی چواردە ساڵان بوو، بەڵام کاتێ ئەو شتەی هێنایە دەر کە دەبوایە کەمانچەیەک بێت، لە نێو قاپووتە گەورەکە هەپڕوون بە هەپڕوون ببوو، بەدەنگێکی بەرز دای لە قوڵپی گریان. هەروەها کاتێک کاسی زانی باوکی پەتەکەی لەسەر ئەو بێگانەیە ون کردووە، دەستی

کرد بەگاڵتە و گەپ و تێروپڕی لە شتە بچووکە گەمژەکە هەڵدا، بۆ دڵناخۆشییەکەی نووزەیەکی ئاراستەی باوکی کرد، بۆ ئەوەی فێری شێوازێکی پاکتری بکات. هەردووکیان بەتەواوی ئەوەیان ڕەت کردەوە کە ئە کوڕە بێگانەیە بێتە بن جێگە لەگەڵیان، تەنانەت ژوورەکەیشیان لێ قەدەغە کرد. منیش چی دیکە حەوسەڵەم نەما، بۆیە لەسەر قاندرمەکانم دانا بەهیوای ئەوەی بەیانی لێیدا و بڕوات. بەڕێکەوت بوو یان هەر چۆنێک بێت سەرنجی دا دەنگی ئێرنشۆ، بە گاگۆڵان چووە لای دەرگای بەڕێز ئێرنشۆ. کاتێکیش ئێرنشۆ بینی کە ژوورەکەی بەجێ هێشتووە. دەستی کرد بەپرسیاران چۆن ئەو کوڕە گەیشتووەتە ئەوێ. منیش ناچار بووم دانی پیا بنێم، هەروەها لە بری ترسنۆکی و کارە نامرۆڤانەکەم کە ئەو مناڵەم لەوێ فڕێ داوە ڕەوانەی دەرەوەی خانووەکە کرام.

ئەمە یەکەم ئاشنابوونی هیتکلیف بوو لەگەڵ خێزانەکە. پاش چەند ڕۆژێک کاتێ کە گەڕامەوە (چونکە هەرگیز خەیاڵم بۆ ئەوە نەدەچوو کە دوورخستنەوەکەم هەمیشەیی بێت)، زانیم کە بەمەسیحییان کردووە و ناوێکیان لێ ناوە ئەویش "هیتکلیف" بوو: ئەوە ناوی ئەو کوڕەیان بوو کە بەمناڵی گیانی دەرچوو، ئەو ناوە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت خزمەتی پێگەیاندووە هەم بۆ مەسیحیەت و هەمیش بۆ نازناوی. خاتوو کاسی و ئەو کوڕە ئێستا زۆر بەینیان خۆش بوو. بەڵام هیندلی کەیفی پێ نەدەهات و ڕقی لێ بوو: ئەوەی ڕاستی بێت منیش کەیفم بەچارەی نەدەهات. ئێمەش هەر بە قێز و بە شەرمەوە ژیانمان لەگەڵی دەبردە سەر: چونکە من ئەوەندە ئاقڵ نەبووم هەست بەو نادادوەرییەی خۆم بکەم، هەروەها خێزانی ئێرنشۆش هەرگیز ئامۆژگارییەکی ئەو کوڕەی نەدەکرد کاتێ دەیبینی هەڵەیەک دەکات.

مناڵێکی خەمۆک و بەسەبر بوو. ئەو هەموو مامەڵە خراپەی لەگەڵ دەکرا تەقەی سەری دەهات: بەرامبەر هیندلی دەوەستا بێ ئەوەی چاوی بترووکێنێت یان فرمێسکی لە چاوان بێتە خوار، کاتێ منیش گوێچکەکانیم توند دەگوشی هەناسەیەکی هەڵدەکێشا و چاوەکانی دەکردنەوە، وەک بڵێ بەڕێکەوت ئازاری خۆی داوە و هەرگیز شکاتی لە کەس نەدەکرد. ئەم هەموو بەرگە گرتنە ئێرنشۆی پیری



تووڕە کرد، کاتێ زانی کوڕەکەی ڕەفتاری خراپە لەگەڵ ئەو مناڵە هەژارە بێ باوکە و ئازاری دەدات. بۆیە بانگی کوڕەکەی کرد و بەشێوەیەکی عەنتیکە بردییە لای هیتکلیف، باوەڕی بەهەمووان کرد و وتی (لە بەر ئەو مەسەلەیە، ڕاستی شتەکانی درکاند) تازە ئەوە لەگەڵ ئێوە دەژیت و وەک ئێوەش حیسابی بۆ دەکرێت، دواتریش بردییە لای کاسی کە مامەڵەی زۆر باشی لەگەڵ دەکرد و قەت ڕۆژێک لە ڕۆژان ئازاری نەدەدا.

بەم شێوەیە، هەر لە سەرەتاوە، ئەو کوڕە هەستێکی خراپی لە نێو ئەو خانووەدا چاند. کەمتر دووساڵ پاش ئەو مەسەلەیە خاتوو ئێرنشۆ مرد. کوڕەکەی هەستی بەوە دەکرد کە باوکی زیاتر لە چەوسێنەرێک دەکات نەک هاوڕێیەک، هیتکلیفیشی بە سووخۆرێک دادەنا لەسەر حیسابی سۆزەکانی دایک و باوکی و ئیمتیازەکانی: ئەو شتانە زۆر برینداریان کرد و وردە وردە ڕک و کینەی زیاتر دەبوو. من هەرگیز بەزەییم بەو مناڵەدا نەدەهاتەوە، بەڵام کاتێ مناڵەکان نەخۆشی کوشندەی سوورێژەیان گرت، من دەبوایە چاودێرییان بکەم، من ڕاستەوخۆ وەک ئافرەتێک پاش مردنی دایکیان بوومە خەمخۆری ئەو مناڵانە. فیکرەی خۆم گۆڕی و هیچی تر ڕقم لە کەسیان نەبووەوە. هیتکلیف بەڕادەیەکی ترسناک نەخۆش بوو. کاتێ کەوتە سەر جێگە من هەمیشە لەسەر سەرینەکەی بووم. پێم وابێ هەستی بەوە دەکرد کە من مامەڵەی باشی لەگەڵ دەکەم، بەڵام پەی بەوە نەدەبرد کە من لە ناچارییان ئەو کارە دەکەم.، دەبێ ئەوەش بڵێم کە هێمنترین مناڵ بوو تا ئێستا لە ژیانمدا دیبێتم. جیاوازی نێوان ئەو و ئەوانی تر وای لێ کردم کە کەمتر بێ لایەن بم. کاسی و براکەی زۆر منیان هەراسان دەکرد و بێزاریان دەکردم: ئەویش وەک بەرخ وابوو زۆر بێدەنگ بوو هەرگیز نارەزایی لە هیچ شتێک دەرنەدەبڕی، مناڵێکی زۆر بێ ئەرک بوو. هەرچەندە ڕەقییەکەی لەگەڵ هیندلی جار جار تووشی گرفتی دەکرد.

لە نەخۆشییەکەی ڕزگاری بوو، دکتۆریش دووپاتی ئەوەی کردەوە کە چاکبوونەوەی ئەو مناڵە لە منەوە بوو و ستایشی شێوازی چاودێرییەکەی منی کرد. من لەو هەموو ستایشەی دکتۆرەکە بێ تاقەت بووم، وای لێ کردم کە زیاتر لەگەڵی باش بم. بەم شێوەیە هیندلی دوا هاوڕێ و یارمەتیدەری خۆی لە دەست دا: لەگەڵ ئەوەشدا، من

هێشتا زۆر خۆشەویستی خۆم بۆ هیتکلیف نیشان نەدەدا. زۆر سەیرم بەوە دەهات کە چ شتێک وای لە باوکی هیندلی کرد ئەوەندە سەرنجی بەلای ئەو مناڵە خەمۆکەدا بچێت کە بەڕای من هەرگیز ناتوانێت بەهیچ شێوەیەک جەزای خێری ئەو کابرایە باتەوە و سوپاسی بکات. لەگەڵ ئەو کەسەی کە یارمەتی دەدا ڕەق نەبوو، هەستی زۆر سادە بوو. بەڵام هەرکە قسەی دەکرد دەبوایە هەموو خانووەکە گوێی لێ بگرێت و داواکانی بەجێ بێنێت. بۆ نموونە، بەبیرمە جارێکیان بەڕێز ئێرنشۆ جووتێ جوانووی لە بازاڕێکی نزیک ئەو ناوە کڕی بوو دای بەکوڕەکان. هیتکلیف جوانترین جوانووی پێ درا بەڵام هەر زوو شەلەل بوو، کاتێ کە بەوەی زانی بە هیندلی وت:

" تۆ دەبێ ئەسپەکەتم لەگەڵ بگۆڕییەوە: من حەزم لەوەی خۆم نییە. گەر لەگەڵیشم نەگۆڕییەوە ئەوا بەباوکت دەڵێم لە ماوەی ئەو هەفتەیەدا سێ جار لە منت داوە و قۆڵی خۆمی پێ نیشان دەدەم کە شانم شین و مۆر بووەتەوە." هیندلی زمانی بەست و دوو شەپازللەی لە بنا گوێی قایم کرد. سوور بوو و وتی "وا چاکە جارێک وا بکەیت" ڕای کردە لای هەیوانەکە (ئەوان سەقامگیر بوون)، هیندلی هاواری لێ هەستا: گەر وا بکەیت ئەوا دووبارە تێت هەڵدەدەمەوە، گەر گوێشم لەو قسەیە بێت هەر لێت دەدەم. هەی سەگی نەگریس!" بەچەنگاڵێک هەرەشەی لێ کرد کە بۆ پەتاتە و (کا) بەکار دەهات. هەر ڕاوەستا بوو و وەڵامی دایەوە "فڕێی دە. پاشان پێت دەڵێم کە چۆن هەر کە ئەو بمرێت تۆ دەرم دەکەیتە دەرەوە، دوای بزانم ڕاستەوخۆ دەرت ناکات" هیندلی فڕێی دا و پەلاماری دا و خستیە سەر ئەرزەکە، بەڵام هەر زوو بەلادا هات و هەستایەوە. هیتکلیف هەناسە بڕکێ بوو و ڕەنگی سپی هەڵگەڕابوو، گەر من لێی گەڕابام یەکسەر دەچووە لای باوکی هیندلی. تەواو ئەو تۆڵەیەی لە خۆ گرت. ئێرنشۆی گەنج (هیندلی) وتی "دەی قەرەج ئێستا جوانووەکەی من بۆ خۆت بێت. خوایەکە ملت بشکێنێت: بیبە هەی سواڵکەری بێ سەر و سۆراخ! قەناعەتیش بە باوکم بێنە لە هەموو ئەو شتانەی هەیەتی: تەنیا پاشان ئەوەی پێ نیشان بدە کە تۆ چیت، بەشێک لە شەیتانی تۆ، دەی ئەو ئەسپەی من ببە، هیوادارم مێشکت بپرژێنێتە سەر زەوی!"

هیتکلیف چووبوو ئاژەڵەکە شل کاتەوە، بە هی خۆی ببەستێتەوە. بەپشتیدا





ڕۆیشت، کاتێ هیندلی قسەکەی تەواو کرد بەهۆی لە ژێر ئەسپەکەدا بەئەزری دادا، بێ ئەوەی بزانێت کە هیواکانی هاتوونەتە دی، تا هێزی هەبوو خێرا ڕای کرد. حەپەسام بەوەی کە بینیم چون ئەو منداڵە خۆی کۆکردەوە، لەسەرخۆ هەستایەوە. هەموو شتەکانی خۆی گۆڕی و پاشان لەسەر کۆمەڵە کایەک دانیشت بۆ ئەوەی زاڵ بێت بەسەر ئەو هەستە خراپە کە بۆ ئەو زۆر توندو تیژ بوو، پێش ئەوەی بێتە ژوورەوە. بەئاسانی قەناعەتم پێ هێنا کە گلەییەکە قەلب مۆر بوونەوەکەی بخەمە سەر ئەسپەکە: تۆزێک لە دڵی گران بوو چ شتێک گێڕدرایەوە چونکە باسەکە بەدڵی ئەو نەبوو. بەدەگمەن ناڕەزایی دەردەبڕی، بەرگەی ئەو هەموو شتە ناخۆشانەی دەگرت، بۆیە بەڕاستی بەمناڵێکی دڵ گەورەم زانی: هەروەک چۆن گۆلێیە، من بەتەواوی دەسخەرۆ و هەڵخەڵەتێنرام.

# بەشی پێنجەم

بە تێپەڕ بوونی کات بەڕێز ئێرنشۆ وردە وردە پەکی دەکەوت. زۆر چالاک و تەندروست بوو. ئێستاش هەموو گوڕو هێزی لە پڕا جێیان هێشت. کاتێ دونیای لێ داخرا و کەوتە سەر جێگە لە بەرامبەر ئاگرەکە ئەقڵی خەڵەفا و ڕوو لە ونبوون بوو. هیچ شتێک بێزاری نەدەکرد. بەڵام ئەو دەسەڵاتەی کە هەیبوو هەر کاریگەر بوو. ئەمە لە کاتێکدا گەر یەکێک هەوڵی دابا خۆی بسەپێنێت بەسەر ئەودا: زۆر ئیرەیی پێ دەهات، هەر قسەیەک یان کارێک بکرابا دەبوایە بەویستی ئەو بوایە. وا پێ دەچوو کە ئەو بیرۆکەیەی لە مێشکی خۆی چەسپ کردبێت کە لە بەر ئەوەی کەیفی بەهیتکلیف دەهات، هەموو ئەوانی تر ڕقیان لێی دەبووەوە، ئەوانی تر حەزیان لێ بوو کە بەخراپی مامەڵەی لەگەڵ بکات. ئەمە هیچ سوودێکی نەبوو بۆ مناڵەکە، چونکە ئەو نەیویست سەرۆک نیگەران بکات. بۆیە ئێمە گاڵتەمان بەبێ لایەنییەکانی هات. ئەمە بووە هۆی دەوڵەمەندکردنی شانازی و بیرە خراپەکانی مناڵەکە. ئێستاش بووە شێوازێکی پێویست دوو سێ جار، ڕق و بێ ڕێزی هیندلی لە نزکی باوکی بەرامبەر مناڵەکە باوکی زۆر تووڕە کرد: بۆیە باوکی دار عەساکەی گرتە دەست ویستی لێی بدات، بەڵام هەرچەندی هێنا و بردی نەیتوانی لە کوڕەکەی بدات لەسەر مناڵێکی بێگانە.

دواجار، زمانحاڵەکەمان (ئەو کاتە زمانحاڵێکمان هەبوو کە بەرپرسیار بوو لە پەروەردەی هەموو نەوەی لینتن و ئێرنشۆ و خۆیشی کێلگەکەی خۆی دەکرد) ئامۆژگاری ئەوەی دا کە پیاوە گەنجەکە دەبێ ڕەوانەی کۆلێژ بکرێت. بەڕێز ئێرنشۆ



ڕازی بوو، هەرچەندە زۆر دڵی بەو بڕیارە گران بوو چونکە وتی "هیندلی مناڵێکی بەکەڵک و بێ بەرهەمە، هەرگیز ئەو کوڕەی من لە داهاتوو سەرناکەوێت و پێش ناکەوێت.

من لە دڵەوە هیوای ئەوەم دەخواست ئێستا ئاشتی بگەڕێتەوە ناومان. زۆر ئازارم دەچەشت کاتێ بیرم دەکردەوە سەرۆک هەرچەندە کاری باشیش دەکات کەچی هەر ناحەسێتەوە. قەت باوەڕم نەدەکرد کە وشکبوونی تەمەن و نەخۆشی لە ئەنجامی ناکۆکی نێوانیان ڕوو بدات. ئەو خۆی درکی بەوە کردبوو: گەورەم بەڕاستی تۆ دەزانی ئەمە ئەو کابرایەی نغرۆ و وشک کرد! ئێمە پێش دەکەوتین، بەو هەموو نەهامەتییەوە، ئەویش لە بەر دوو کەس بوو ئەوانیش خاتوو کاسی و جۆزیفی خزمەتکار: وا بزانم تۆ ئەوت لەو بەرزاییە بینی. ئەو کاتی و ئێستاشی لەگەڵدا بێت چاپووک بوو زۆر متمانەی بەخۆی بوو و هەمیشە سەرکۆنەی جیرانەکانی دەکرد. توانای قسەکردن و توانای ڕابەرایەتی و گفتوگۆکردن ئینتباعێکی باشی لە لای بەڕێز ئێرنشۆ دروست کردبوو بۆ خۆی. چەند سەرۆک بێ هێزتر دەبوو ئەوەندە کاریگەرێتی و بالا دەستی بەدەست دێنا. زۆر گوێی بەوە نەدەدا ڕوحی زۆر ماندوو بکات، خەمی ئەوەیشی نەبوو کە مناڵەکان زۆر بە توندی حوکم دەکات. هانی دا کە هیندلی بەکەسێکی باش نەزانێت، شەو دوای شەو، زۆر ڕقی لە هیتکلیف و کاسرین هەڵدەستا و هەرچی خراپە بەوانی دەکرد: هەمیشە هەوڵی دەدا بەڕێز ئێرنشۆ لاوازتر و بوودەڵەتر بکات لە ڕێگەی هەمیشە قسەکردن لە بارەی ئەوان بە سووکی و بە خراپی.

بێ گومان کاسرین بەشێوەیەک بوو لەگەڵی کە من هەرگیز ئەو جۆرە ڕەفتارە جوانانەم لە مناڵێکی ئاوا بەدی نەدەکرد. هەمیشە هەموومانی سارد دەکردەوە مەبەستم لێ نەدەگەڕا کەس تووڕە بێت، ڕۆژانە بەلایەنی کەم زیاتر لە پەنجا جار ئێمەی هێور دەکردەوە. لەو ساتەی کە دەهاتە خوارەوە تا ئەو ساتەی کە دەچۆوە نێو جێگەکەی بۆ خەوتن ئێمە دڵمان هیچی نەکرد و هەرگیز لەوە نەدەترساین ئەو شتێکی بەسەر بێت چونکە زۆر ئاگەداری خۆی بوو و بێ ئەرک بوو. هەمیشە دڵتەڕ و ڕوحی ئاسوودە بوو. زمانی هەمیشە دەگەڕا بەگۆرانی وتن و پێکەنین، گەر یەکێکیش

وەک ئەو نەبوایە ئەوا لێی تووڕە دەبوو. زۆر بزۆک و بەجووڵە بوو. جوانترین چاوی هەبوو، شیرینترین زەردەخەنە لە لێوانی دەباری، سووکترین و ناسکترین پێی هەبوو: پاش هەموو ئەو شتانەش هەرچییەکی بکردبا مەبەستی ئازاردانی خەڵکی نەبوو، دڵی کەسی لە خۆی نەدەڕەنجاند، هەمیشە لە خۆشییاندا تۆی بەگریان دەهێنا. کەم جاری وا هەبوو بەلات تێپەڕ بێت و نەتدوێنێت، زۆر بەدەگمەن مڕومۆچ دەبوو. هەروەها ناچاری دەکردی تۆش هێمن بیت و دڵی ئەو خۆش بکەیت. زۆر کەیفی بەهیتکلیف دەهات. ناخۆشترین و دڕندانەترین سزا کە ئێمە بەومان بەخشیبێت ئەوە بوو کە لە هیتکلیفمان جودا بکردبایەوە: هەر لەسەر هیتکلیف زیاد لە هەموومان ئەو کچە بەدەستی براکەی سەرکۆنە دەکرا. لە یاریکردندا زۆر حەزی لێ بوو خۆی بکاتە شاژن، دەستەکانی بەئازادی بەکار بهێنێت و فەرمان بەسەر یاوەرانی بکات: وای بۆ من کرد، بەڵام من بەرگەی فەرمان و شەپازللەم نەدەگرت بۆیە ئاگادرم کردەوە کە لەگەڵ من نەکات.

ئێستا بەڕێز ئێرنشۆ لە نوکتەی گاڵتە و گەپی مناڵەکانی نەدەگەیشت: هەمیشە سنووردار و بەزەبر بووە لەگەڵیاندا. کاسرین، بەش بەحاڵی خۆی، درکی بەوە نەدەکرد بۆچی بوکای ئاوا بێ سەبر و تووڕە و توندە لەو ماوەیەدا کە پێشتر وا نەبووە لەگەڵیان. تووڕە و توندییەکەی وای لەو کچە کرد کە هەمیشە هەر بۆ خۆشی تووڕەی بکات و بیوروژێنێت. لە ژیانیدا ئەوەندە دڵخۆش نەبوو کاتێ بە هەموومان قسەمان پێ دەوت، ئەویش لە بەرابەردا سووکایەتی بە هەمووان دەکرد بەهۆی نیگا بز و ڕەفتارە بوێرەکان و وشە ئامادەکانی. نەفرەتە ئاینییەکانی جۆزیفی بەگاڵتە و مەنەلۆج دەوتەوە، منی تووڕە دەکرد، ئەو شتەی دەکرد کە باوکی زۆر ڕقی لێ بوو، ئەوەی دەخستە ڕوو کە چەند بێ ڕێزە، باوکیشی وای دەزانی ئەمە بەڕاستی وا دەکات، کە هیتکلیف لای لە هەموو شتێک زیاتر گەورەتر و بەهێزتر بوو: کوڕەکە چۆن فەرمانەکانی ئەوی لە هەموو شتێک بەجێ دەگەیاند، ئەوەیش هەمووی لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو کە زۆر کەیفیان پێکدی دەهات و لەگەڵ یەک دەگونجان. پاش ئەوەی هەموو ڕۆژێ ئاوا بەخراپی ڕەفتاری دەکرد، هەندێ جار حەزی دەکرد بەشەوانیش هەمان شت دووبارە بکاتەوە. پیاوە پیرەکەش (باوکی) دەیوت "نا کاسی



دیسان دەست بە بەزمی خۆت مەکە. ناتوانم تۆم خۆش بوێت، تۆ لە براکەت خراپتری. بڕۆ دوعا بکە و لە خوا بپاڕێوە لێت خۆش بێت. من گومانم لە دایکت هەیە و پەشیمانم تۆمان بەخێو کردووە. یەکەم جار، ئەو قسانە کاسییان گریاند، پاشان کاریگەری توندی لەسەر هەبوو، پێدەکەنی و کاتێ پێم دەوت بڕۆ داوای لێبوردن بکە لە هەڵەکانت و بپاڕێوە و داوای لێخۆشبوون بکە.

بەڵام لە کۆتاییدا کاتی ئەوە هات کە کۆتایی بەکێشەکانی بەڕێز ئێرنشۆ بێت لەسەر زەوی. لە یەکێک ئێوارەکانی مانگی دە بەهێمنی لەسەر کورسییەکەی کە لە لایەکی ئاگردانەکە دانیشتبوو گیانی لە دەست دا. بایەکی بە تین خانووەکەی هەژاند و قیژەی لە ئاگردانەکەوە هێنا: کەش و هەوا تەماوی و گەرداوی بوو، بەڵام هێشتا ساردی نەکربوو، ئێمە هەموومان پێکەوە بووین. من کەمێک لە لای ئاگردانەکە دوور کەوتمەوە، سەرقاڵی دروێنەی خۆم بووم، هەروەها جۆزیفیش لە نزیکی مێزەکەوە خەریکی خوێندنەوەی ئینجیل بوو (چونکە بەگشتی خزمەتکارەکان پاش تەواوبوونی کارەکانیان لە نێو خانووەکەدا دادەنیشتن). خاتوو کاسی نەخۆش بوو، ئەو مردنەی باوکیشی خراپتری کرد. سەری بەئەژنۆی باوکی کردبوو، هیتکلیفیش لەسەر ئەرز پاڵکەوتبوو و سەری بەکۆشی کاسی کردبوو. ئێستا لە بەر چاومە کە سەرۆک پێش ئەوەی دوا ترپەی دڵی لە لێدان بکەوێت دەستی بەقژە جوانەکەی داهێنا - پێی خۆش نەبوو وا بەداماوی لەسەر ئەژنۆکانی کەوتووە - وتی "تۆ بۆ چی ناتوانی هەمیشە کچێکی باش بیت، ها کاسی؟" ئەویش سەری بەرز کردەوە و سەیری کرد و پێکەنی و وەڵامی دایەوە "ئەی بابە بۆچی ناتوانی هەمیشە پیاوێکی باش بیت؟"بەڵام هەرکە زانی دیسان تووڕە بوو و وا لە سەرە مەرگدایە، هەر دوو دەستی گوشی و ماچی کردن و وتی گۆرانیت بۆ دەڵێم تا بخەویت. بەهێواشی، بەدەنگێکی نەرم دەستی بەگۆرانی وتن کرد، تا پەنجەکانی لەسەر قژی شل بوونەوە و سەری کەوتە سەر سنگی. پاشان من پێم وت بێدەنگ بێت و لە شوێنی خۆی نەجووڵێت، نەبادا لە خەوی هەڵسێنێت. بۆ ماوەی نیو سەعات هەمووماん وەک مشک بێدەنگ بووین، هەروا بەبێدەنگی تا ماوەیکی زۆر ماینەوە. تەنیا جۆزیف نەبێت کە بەشەکی خۆی تەواو کرد و هەڵسا سەر پێ و وتی دەبێ سەرۆک هەڵگرین و بیبەینە سەر جێگە و دوعای

بۆ بکەین. هەنگاوی بەرەو پێشەوە نا، بە ناو بانگی کرد و دەستی لە شانی دا، بەڵام نقەی لێوە نەهات و نەجوولا: بۆیە مۆمەکەی گرتە دەست و سەیرێکی کرد. زانیم شتێک ڕووی داوە کاتێ ڕووناکییەکەی داناوە شوێنی خۆی، مناڵەکانیشی لە باوەش خۆی گرتن، بە وسپەیەکەوە پێی وتن بچنە سەرەوە و گارە گاری زۆر نەکەن، ڕەنگە ئەو ئێوارەیە بەتەنیا نوێژ بکەن، پێی وتن وا بکەن.

کاسرین دەستی لە ملی باوکی کرد و وتی "من دەبێ یەکەم جار شەوباش لە باوکم بکەم" پێش ئەوەی ئێمە فێڵ لەو بکەین، یەکسەر هەستی بەوە کرد کە باوکی نەماوە، قیژاندی و وتی "هیتکلیف بەخوا باوکم مردووە! هەردووکیان دایان لە زرمەی گریانێکی بەکوڵ.

منیش لەگەڵ ئەوان بەدەنگێکی بەرز و تاڵەوە دەستم بەگریان کرد. بەڵام جۆزیف وتی ئەو شین و شەپۆڕە بەو شێوەیە هیچ سوودێکی لە بەهەشت پێ ناگەیەنێت. بەمنی وت عەباکەم لە بەر بکەم و هەر بەڕاکردن بچمە گیمەرتۆن و دکتۆرێک و قەشەیەک بانگ بکەم. من ئەو کاتە نەمدەزانی جۆزیف ئەو دووانەی بۆ چییە. بە هەر حاڵ چووم. بەنێو با و باراندا ڕێ کەوتم، دکتۆرێکم لەگەڵ خۆم هێنایەوە، ئەوەکەی تر، قەشەکە، وتی من بەیانی دێم. جۆزیفم جێ هێشت بۆ ئەوەی شتەکان شی بکاتەوە، ڕام کردە ژووری مناڵەکان: دەرگاکەیان نیوە کراوە بوو، هەرچەندە نیوەی شەو بوو، سەیرم کرد کەسیان پاڵ نەکەوتوون. بەڵام هێمنتر بوون و پێویستی بە من نەدەکرد دڵنەواییان بدەمەوە. ئەو روحە بچووکانە سەبووریی و ئارامییان زیاتر پێکەوە دەهات و باشتر دەژیران نەک من بەزۆری وایان لێ بکەم هەست بەئارامی بکەن. هیچ قەشەیەک لەو جیهانەدا بەهەشتی بەو شێوەیەی ئەوان جوان وێنە نەکێشابوو، بە قسە کز و بەریئەکانیان، کاتێک من هەنسکەوە گوێم لێ گرتن، خۆم پێ نەگیرا خۆزگەی ئەوەم خواست کە هەموومان لەوێ لە بەهەشت پێکەوە بە سەلامەتی ژیانێکی تر دروست بکەین.



## بەشی شەشەم

بەڕێز هیندلی بۆ تازیەکە هاتەوە ماڵێ. ئەو شتەی کە سەری هەموومانی سووڕ کرد و دراوسێکان لە ڕاست و چەپەوە باسیان دەکرد ئەوە بوو کە هیندلی ژنێکی لەگەڵ خۆی هێنابووەوە. هەرگیز پێی نەوتین چییە و لە کوێ لە دایک بووە: دیار بوو نە ناوی هەبوو نە پارەش کە پێشنیاری بکات، یانیش بەئەسپایی ئەو یەکگرتنەی لە باوکیەوە پاراستووە.

ئافرەتەکە کەسێکی وا نەبوو کە لەسەر حیسابی خۆی ماڵەکە بێزار بکات. هەموو ئەو شتانەی بەچاوی ئەو ئاشنا بوون، ئەو ساتەی کە ئەو لێیەوە هاتە نێو ڕێڕەوەکە دیار بوو زۆر دڵخۆشیان دەکرد. هەروەها هەر بارودۆخێک کە دەربارەی ئەو ڕووی دەدا، ئەو زیاتر کەیفی بەو ناوە دەهات، جگە لە ئامادەکارییەکان بۆ ناشتن و ئەو کەسانەی هاتبوونە سەر تازیەکە. کاتێ دیقەتم لە ڕەفتارەکانی دا، زوو زانیم کە مەیلەو گێل یان گەمژەیە: هەر خێرا ڕایکردە ژوورەکەی خۆی و وای لێ کردم لەگەڵی بچم هەرچەندە من دەبوایە لای مناڵەکان ئێشک بگرم: لەوێ دانیشت و لە خۆشییانا دەلەرزی و بەهەردوو دەستی چەپڵەی لێ دەدا. چەند جار ئەو پرسیارەی لە من دووبارە کردەوە "هێشتا نەڕۆیشتوون؟" پاشان باسی ئەوەی کرد کە سۆز و دڵ و دەروونی زۆر ناخۆش دەبێت کاتێ ڕەنگی ڕەش دەبینێت. دواتر دەلەرزی و هەڵدەپەڕی و لە کۆتاییدا دەستی بەگریان کرد. کاتێکیش پرسیم مەسەلە چییە بۆ دەگری. لە وەڵامدا وتی "نازانم"، بەڵام دیار بوو زۆر لە مردن دەترسا! من ئەوەم هاتە پێش چاوی کە ئێمە هەردووکمان لەوێ بەمردوو حیساب بووین. کەمێک لاواز بوو،

بەڵام گەنج و تەڕایی زۆری تیا بوو. چاوەکانیشی وەک ئەڵماس دەتریسکانەوە. پێم وا بوو خێرا سەرکەوتنی بەسەر قاندرمەکان لێدانی دڵیان زیاد و خێرا کرد. کەمترین دەنگ و هەرا دەبوونە هۆی لەرزینی هەموو جەستەی. هەندێ جاریش زۆر بەتوندی دەکۆخی: بەڵام هیچم نەدەزانی لە بارەی ئەوەی ئەو کۆخەیەی چۆن دەوەستێت، هیچ بەزەییشم پێ نەدەهاتەوە. بەڕێز لۆکود، بەگشتی ئێمە لێرە هیچ بێگانەیەک وەرناگرین تا ئەو بێگانەیە پێش ئێمە جارێک وەرمان نەگرێت.

ئێرنشۆی گەنج (هیندلی) ئەو سێ ساڵەی کە لە لامان نەمابوو زۆر گۆڕابوو. کامڵتر ببوو، ڕەنگی پێشووی نەمابوو، هەروەها شێوەی قسەکردن و جلی تەواو جیاواز بوو. هەر ئەو ڕۆژەی کە گەڕاوە بە من و جۆزیفی وت بچین لە پشتەوەی موبەقەکە بژین و ماڵەکە بۆ ئەوان جێ بهێڵین. بەڕاستی، ژوورێکی بچووکی مۆکێت کرد و ئامادەی کرد بۆ ژووری پێشوازی. ژنەکەی وتی من حەزم لە ڕەنگی سپییە بۆ موکێتەکە و ئاگردانێکی گەورەشی هەبێت. هەروەها شوێنی سەگەکە و قاپ و قاچاغ و کەوەنتەرەکە لەو شوێنە لاببرێت کە ئەوان لێی دادەنیشن، ئەویش پەسەندی کرد و وای لێکدایەوە کە ئەمە ژنەکەی بێزار دەکات بۆیە دەستی کرد بە جێبەجێ ردنی.

هەروەها وتی من حەزم لەوەیە کە خوشکێک بدۆزینەوە لە نێو ئەو ماڵە نوێیە، چووە لای کاسرین و ماچی کرد و لەگەڵ خۆیدا بردی و هەر لە سەرەتاوە چەندین دیاری دایە. هەر زوو ئەو حەوسەڵەیەی نەماو ماندوو بوو. کاتێ ئەو تووڕە دەبوو، هیندلی دەبووە ستەمکارێک نەبێتەوە. چەند قسەیەک لەو ئافرەتەوە، کە هیتکلیف پێی خۆش نەبوو، بەس بوو بۆ هیتکلیف کە هەموو ڕق و کینەی مناڵی هاتەوە یاد. هیندلی لەگەڵ خۆیانی دوور خستەوە و بردیە لای خزمەتکارەکان، بێ بەشی کرد لە ڕێنماییەکانی مامۆستا یان زمانحاڵەکەیان. هەروەها سوور بوو لەسەر ئەوەی هیچی تر لە ماڵەوە دانەنیشێت، بەڵکو دەبێ وەک ئەوانی تر لە ناو کێڵگەکە کار بکات.

هیتکلیف هەر لە یەکەم جارەوە هەژارییەکەی خۆی بەجوانی نیشان دا، چونکە کاسی خۆی فێری چی بوو هەر ئەو شتەشی فێرە وی کردبوو. هەروەها لە نێو کێڵگەکانەوە یاری یان کاری لەگەڵ دەکرد. هەردووکیان بەڵێنیان دابوو پێکەوە لە



هەموو ترشی و شیرینییەکدا پێکەوە گەورە بن. سەرۆکە گەنجەکە (هیندلی) بەتەواوی بێ ئاگا بوو لەوەی چۆن ئەو جووتە ڕەفتار دەکەن. هەر شتێکیشیان دەکرد ئەویان لێ ئاگەدار نەدەکردەوە. هیندلی ئەوەشی نەدەزانی یەکشەممان چ کاتێک پێکەوە دەچنە کەنیسە. تەنیا جۆزیف و مامۆستاکە یان زمانحاڵەکە هیندلیان ئاگەدار دەکردەوە کاتێ ئەوان ون دەبوون. ئەوە وای کرد هیندلی فەرمان بە لێدانی هیتکلیف بدا و کاسرینیش نانی ئێوارەی پێ نەدرێت. بەڵام ئەوە یەکێک لە خۆشی و ڕابواردنە سەرەکییەکانیان بوو کە پێکەوە لە کاتی بەیانییان بچن بۆ نێو بەیارەکان و تەواوی ڕۆژەکە لەوێ بمێننەوە و گاڵتە بە سزاکانی هیندلی بکەن و بدەن لە قاقای پێکەنین. مامۆستاکە وانەکانی بەئارەزووی خۆی زیاد کرد بۆ ئەوەی کاسرین لە بەریان بکات، ڕەنگە جۆزیفیش لە هیتکلیف هەڵدات تا قوڵی بە ژان دەکەوێت. بەڵام کاتێ کە پێکەوە دەبوون بۆ ماوەی یەک خولەک هەموو شتێکیان بیر دەچۆوە: بەلایەنی کەم ئەو خولەکەی کە پێکەوە هەندێ پلانی سەرکێشییان دادەڕشت بۆ تۆڵەسەندنەوە. زۆرجاران هاوارم لێ هەستاوە و دیقەتم داوەتێ ڕۆژ بەڕۆژ یاخیتر دەبوون، نەشمدەوێرا تەنانەت یەک بڕگە لە گۆم بێتە دەر چونکە دەترسام نەوەک ئەو دەسەڵاتە کەمە لە دەست بدەم کە بەسەر مەخلوقە ئێسک گرانەکاندا هەمبوو.

یەکشەممە ئێوارەیەک، وا ڕێکەوت هەردووکیان لە ژووری دانیشتن دوور خرانەوە و بۆ تا هەتایە ژووری دانیشتنیان لێ قەدەغە کرا تەنیا لە بەر ئەوەی دەنگە دەنگیان لێوە هاتووە، یاخود جۆرێک لە بێزارییان بەخشیوەتە کەش و هەواکە. کاتێک چووم بۆ نانی ئێوارە بانگم کردن، لە هیچ شوێنێک ئەوانم نەبینییەوە. بەتەواوی خانووەکەدا بەدوایاندا گەڕاین، لە سەرەوە و خوارەوە، حەوشە و داڵان و ڕێڕەوەکان. لە هیچ شوێنێک دیار نەبوون: تا دواجار هیندلی بەسۆزێکەوە بەئێمەی وت دەرگاکان دابخەین و سوێندی خوارد کە نابێ کەس بهێڵێت ئەو شەوە بێنە ژوورەوە. تەواوی خێزانەکە ئەو ناوەیان چۆڵ کرد و ملیان بۆ نوستن شۆڕ کرد. منیش زۆر بێ تاقەت بووم و بەدوودڵی پاڵم دایەوە. پەنجەرەکەم کردەوە و گوێم ڕادێرا لە دەرەوە تا گوێم لە تەپەی پێی ئەوان بێت. هەرچەندە بارانیش دەباری بەڵام پەنجەرەکەم هەر کردەوە: سوور بووم لەسەر ئەوەی کە گەر بێنەوە هەر چۆنێک بێت بیانهێنمە ژوورەوە

سەرەڕای ئەوەی فەرمانمان پێ درابوو دەرگایان لێ نەکەینەوە. پاش ماوەیەک، هەستم بەوە کرد وا تەپەی پێیان دێت و بەرەو سەرەوە دەچن، هەروەها تیشکی چراکەش بەئاستەم بەنێو دەروازەکەدا دەدرەوشایەوە. منیش شاڵێکم بەسەر سەرم دادا و ڕام کرد بۆ ئەوەی نەهێڵم لە دەرگا بدەن و بەڕێز ئێرنشۆ لە خەوی تاڵ بێدار بکەنەوە! تەنیا هیتکلیف بوو: تەنیا ئەوم بە تەنیایی بینی.

منیش بەخێرایی بەدەنگێکی نزمەوە پرسیم "ئەی کوا خاتوو کاسرین؟ خۆ خوا نەخواستە هیچ ڕووی نەداوە؟ ئەویش وەڵامی داوە "ئەو لە سرەسکرۆس گرەنجە. منیش هەرلەوێ بووم، بەڵام شوێنیان نەبوو من لەوێ بمێنمەوە" منیش وتم "باشە، دوایی هەڵیدەگریتەوە! تۆ هەرگیز ڕازی نابی تا نەتنێرن بۆ کار. چ شتێک لەم جیهانەدا وای لێ کردی سرەسکرۆس گرەنجت بەخەیاڵدا بێت؟" ئەویش وتی "با بچم جلە تەڕەکانم لە بەر داکەنم، پاشان هەموو شتێکت پێ دەڵێم، باشە نیڵی. "منیش بەدەست ئاماژەم بۆ کرد کە بێدەنگ بێت نەبادا سەرۆک لە خەو هەڵسێت. کاتێ جلەکانی دانا و منیش چاوەڕێم کرد بۆ ئەوەی مۆمەکە دابنێم لە دەرەوە، ئەو بەردەوام بوو و وتی:

" من و کاسی لەو خانووە ڕامان کرد بۆ ئەوەی پیاسەیەک بکەین لە نێو کتێبخانەکە و سەیرێکی ڕووناکییەکانی گرەنج بکەین. ئێمە بڕیارمان دا بچینە ئەوێ بۆ ئەوەی ببینین و بزانین ئایا ئەوەی لینتنەکان چۆن ئێوارەی یەکشەممەیان بەسەر دەبەن، ئایا لەسەر پێ لە گۆشەکان دەوەستن و هەڵدەلەرزن، کاتێ دایک و باوکیان دانیشتوون و دەخۆن و دەخۆنەوە، پێدەکەنن و گۆرانی دەڵێن، چاوەکانیان لە بەر دەمی ئاگر دەسووتێن. بەس بۆ ئەوە چووین بزانین ئەوان چی دەکەن. تۆ پێت وایە ئەوان ئەو کارە دەکەن؟ یان ئەوەتا بەس وتار دەخوێننەوە و لە لایەن خزمەتکار یان مامۆستاکانیان فێری وانەی باش دەبن و فێری ستوونی ناوەکانی کتێبی پیرۆز دەبن، گەر بەتەواوی وەڵام نەدەنەوە؟ منیش وتم "دیارە کە وا ناکەن. ئەوان بێ گومان منالّی باشن، شایەنی ئەو مامەڵەیە نین کە تۆ وەری دەگریت، تەنیا لە بەر ڕەفتارە خراپەکانت". هیتکلیف وتی "وا مەڵێ نیڵی، ئەوە چییە ئەو قسە هەڵەت و پەڵەتانە! ئێمە بەسەر بانەکاندا ڕۆیشتین و چووینە نێو باخچەکە، بەبێ وەستان، کاسرین



بەتەواوی لە پێشبڕکێکە دۆڕاندی چونکە بە پێی پەتی بوو. دەبێ تۆ بەیانی لە نێو زەلکاوەکە بەدوای پێڵاوەکانیدا بگەڕێیت. بەسەر لێوارێکی ڕووخاودا گاگۆڵەمان کرد و ڕێگەکەمان بردەوە ناو خانووەکە، خۆمان لەسەر گوڵدانێک لە نزیک پەنجەرەی ژوورێکەوە بەرز ڕاگرت. ڕووناکی لەوێوە دەهات، پەنجەرەکانیان دانەخستبوو، پەردەکانیش نیمچە داخراو بوون. هەردووکمان دواتر لەسەر ئەرزەکەوە توانیمان سەیری ژوورەوە بکەین، جار جارەش بەسەر لێواری دیوارەکە دەکەوتین و سەرمان بەرزتر دەکردەوە. ئا ئەو کاتە بڵێ چمان بینی، ئۆه! زۆر جوان بوو، شوێنێکی گەورە بوو، بەمۆکێتی سوور داپۆشرابوو، ئەو ناوە پڕ بوو لە مێز و کورسی سوور، بنمیچێکی سپیش بە زێڕ دەوردراو ماڵەکەی داخستبوو. تەواوی ئەو ماڵە ڕووناک بوو. بەڕێز لینتن و خاتوو لینتنی گەورە لەوێ نەبوون. ئێدگار و خوشکەکانی هەر بۆ خۆیان ئەو بەزمەیان دروست کردبوو. بۆ وا ناکەن بابە، بۆ دڵخۆش نابن؟ ئێمە وامان دەزانی کە لە بەهەشت داین! ئێستا بڵێ چی، دەبێ منالّە باشەکانی ئێوە لەوێ چییان کردبێت؟ ئیزابێلا: وابزانم تەمەنی یانزە ساڵە، ساڵێک لە کاسی منالّترە، لە کۆتایی ژوورەکە کەوتبوو و دەیقیژاند، وا دەلەرزی وەک بڵێی سحربازەکان دەرزی نووک تیژیان لە لەشی چەقاندبێت. ئێدگار لە لای ئاگرەکە وەستابوو بەبێدەنگی دەگریا، هەروەها لە ناوەڕاستی مێزەکە سەگێک پاڵ کەوتبوو، چنگەکانی دەجووڵاند و دەحەپی. کە گوێمان لە تۆمەتبارکردنی یەکتریانەوە بوو، ئێمە لەوە گەیشتین کە ببوونە دوو بەش لە نێوە خۆیان. ئەو گەمژانە! ئەوە کەیف و سەفا و خۆشی ئەوان بوو! شەڕە قسە بکەن لەسەر بازدان لەسەر قژێکی گەرم، هەریەکەیان دەست دەکەن بەهاوارکردن لە بەر ئەوەی هەردووکیان، پاش ململانێیان بۆ وەرگرتنی، ڕەتی ئەوە دەکەن وەری بگرن. ئێمەش یەک بەخۆمان دامان لە قاقای پێکەنین بەو شتە هەڵیت و پەڵیتانە. زۆر بەسووکی دەهاتنە بەر چاومان! کەی تۆ من دەگریت کە کاسرین خۆزگەی چی دەخواست و چی دەویست؟ یان بەهۆی خۆمانەوە بماندۆزنەوە، هەمووی وێڵی ڕابواردن بوون، دەیانخواردەوە و هاواریان دەکرد و لەسەر ئەرزی سەمایان بوو، لە تەواوی ژوورەکەدا بڵاو ببوونەوە؟ من حاڵەتی خۆم بەهەزار ژیان لێرە ناگۆڕمەوە بەژیانی ئێدگار لینتن لە سرەسکرۆس. نایگۆڕمەوە گەر جۆزێف لە

بەرزترین جەمەلۆنەکان دابنێم و پێشەوەی خانووەکە بەخوێنی هیندلی بۆیاغ بکەمەوە!"

قسەکانم پێ بڕی و وتم "ووس، وس! هیتکلیف تا ئێستا پێت نەوتم چۆن کاسرین لە پاش تۆ لەوێ بەجێما؟"

وەڵامی داوە "پێم وتی ئێمە پێکەنین. نەوەکانی لینتن گوێیان لە قاقای ئێمە بوو، تەنیا بەیەک ئاماژە هەموو وەک تیر باران ڕژانە نێو دەرگاکە. بێدەنگی ئەو ناوەی کپ کردبوو. لەپڕا هاوار هاوارێک هات "ئەی دایە، ئەی دایە! ئۆهـ بابە، ئۆهـ دایە، وەرنە ئێرە. ئۆهـ بایە، ئۆهـ!" هەموویان بەئاڕاستەی دەنگەکە ڕۆیشتن. ئێمەش زیاتر دەنگی ترسناکمان دروست دەکرد بۆ ئەوەی زیاتر بیانترسێنین، پاشان لە لێواری پەنجەرەکە هاتینە خوارەوە، چونکە یەکێک سەیری پەنجەرەکانی دەکرد. بۆیە هەستمان بەوە کرد کە باشترە بڕۆین. کاسی لە دەستی مندا بوو، لەگەڵ خۆم زۆریم لێ دەکرد بڕوات، بەڵام لەپڕا کەوتە خوارەوە. ئەویش بەوسپەیەکەوە پێمی وت "ڕاکە هیتکلیف، ڕاکە" ئەوانیش سەگە سەر زلەکەیان بەڕەڵا کرد و پەلاماری منی دا" شەیتانەکەی تر چنگی لە گۆزنگی کاسی گیر کرد، نیلی: گوێم لە فنە فنە بێزەوەرەکەی بوو. کاسرین هاواری نەکرد، نا نەخێر! پێی شەرم بوو هاوار بکات، گەر گایەکی شێتیش بە قۆچەکانی هەڵیاندابایە ئاسمان هەر هاواری نەدەکرد. بەڵام من یەک بەخۆم هاوارم کرد: ئەوەندە جوێنم دا بەس بوو بۆ ئەوەی ئیبادەی هەر شەڕانگێزێکی مەسیحیەت بکەم. دەستم دایە بەردێک و لە نێوان شەویلاگەکانم چەقاند، بەهەموو هێزم هەوڵم دا ملی لە یەخەم بکەمەوە. وەحشێکی خزمەتکارێک بەچرایەکەوە هات، دواجار هاواری کرد "دەی سکەڵکە خێرا کە، دەی خێرا بڕۆ!" بەڵام کاتێ یاری سکەڵکەی بینی نووەتەکانی خۆی گۆڕی. سەگەکە زمانە بە لیکاو و پیسەکەی تا نیوەی لە دەمی دەرهێنا بوو، لێوەکانیشی وەک بڵێی تازە خوێنی کۆیلەیەکیان لێ وشک بووبووەوە. پیاوەکە کاسی هەڵگرتەوە. کاسی نەخۆش بوو: لە ترسان نەخۆش نەکەوتبوو، من لەوە بێگومانم لە ترسان نەبوو، بەڵکو لە بەر ئازار بوو نەخۆش کەوت.

پیاوەکە کاسی بردە ژوورەوە. منیش بەدوایدا چووم، ددانەکانم بەناوی وێرانکردن



و تۆڵەوە جیڕکردنەوە. لینتن لە دەروازەکەوە وتی "ڕۆبێرت، ئەوە چ نێچیرێکە؟" ئەویش وەڵامی دایەوە "گەورەم، سکەڵکە ئەو کچە بچووکەی گرتووە." پاشان بەپەنجە ئاماژەیەکی بۆ من کردو وتی "گەورەم کوڕێکیشی لەگەڵە، کە زۆر بەغەریبان دەچێت! هەر لەو دزانە دەچێت کە لە لایەن کۆمەڵێک عەسابەوە لە پەنجەرەوە ڕەوانەی ژوورەوە دەکرێت بۆ ئەوەی دەرگاکە بکاتەوە کاتێ تەواوی ئەو شوێنە نوستوون، کە ڕەنگە کاتی هاتنە ژوورەوە هەمووومان بکوژن. هێی تۆ دەمت داخە، دەم شڕی دز! لە بەر ئەم کارەت دەبێ لە سێدارە بدرێیت. گەورەم بەڕێز لینتن چەکەکەت مێنە خوارەوە."

گەمژە پیرەکە وتی "نا نا ڕۆبێرت. ئەو چەپەڵە زانیویەتی کە دوێنێ کاتی بەکرێدانی خانووەکانی من بووە: وایان زانیوە منیان بەژیرانە چنگ کەوتووە. وەرە ژوورەوە. وا دەچم ژوورێکی پێشوازی بۆ ڕێک دەخەم. جۆن ئا لەوێ زنجیرەکە ببەستەوە. جێنی هەندێ ئاو بدەرە سکەڵکە. قازیەکەش هەر لە شوێنی خۆی دانێ. ئا لەوێ بێ ڕێزییەکەی دەوەستێت؟ ئۆهـ، ئازیزەکەم ماری سەیری ئێرە بکە! مەترسە، تەنیا کوڕێکە، بەڵام دەم و چاوی ئاوا بە شەلاتیان دەچێت، ئایا حەقی وڵات نییە ئێستا یەکسەر هەڵیواسێت، پێش ئەوەی سروشت و سیفەتەکانی لە کارەکانیدا دیار بکەوێت؟"

منی بەژێر سوڕەییاکەوە ڕاکێشا. خاتوو لینتنیش سەرنجی بینەرانی بۆ سەر لووتی خۆی ڕاکێشا و دەستی بەترسەوە بەرز کردەوە. مناڵە ترسنۆکەکەش کە ناوی ئیزابێلا لیسپینگ بوو نزیکتر بووەوە "شتێکی ترسناکە! بابە بیبەنە ژێر زەمینەکە. شێوەی تەواو لە کوڕی ئەو فاڵچییە دەکات کە کەوەکەی منی دزی، ئەی ئەوە خۆی نییە ئێدگار؟"

کاتێ کە منیان دەپشکنی، کاسی هاتە ئەو ناوە. دوا قسەی گوێ لێ ببوو و دەستی بەپێکەنین کرد. پاش وردبوونەوەیەکی زۆر، ئێدگار لینتن هەموو ژیری خۆی کۆکردەوە تا کاسی ناسییەوە. ئێمە لە کەنیسە دەبینن، دەزانی، هەرچەندە ئێمە بەدەگمەن لە شوێنەکانی تر چاومان پێیان دەکەوێت. بە وسپەیەکەوە بەدایکی وت "ئەوە خاتوو ئێرنشۆیە. سەیرکە سکەڵکە چۆن قەپاڵتەی لێ داوە، قاچی چۆن خوێنی لێ دێت!"

خاتوونەکەش هاواری لێ هەستا "قسەی قۆڕ چۆن ئەوە خاتوو ئێرنشۆیە؟ چۆن خاتوو ئێرنشۆ لەگەڵ قەرەجێک دەگەڕێت! ئێستاش، ئازیزەکەم، مناڵەکە دەناڵێنێت، بەدڵنیاییەوە هەوە خۆیەتی، ڕەنگە بۆ ژیان خۆماڵی کرابێت!"

بەڕێز لینتن ڕووی لە منەوە بەئاڕاستەی کاسرین وەرگێڕا و بە سەرسامییەوە وتی "ئەوە برای بۆ ئاوا بێ ئاگایە لەو کچە، براکەی تاوانبارە! لە شیلدەرزەوە تێگەیشتم" (گەورەم ئەوە مامۆستاکەیە) وای فێر کردووە کە بەم شێوەیە گەورە بێت. بەڵام ئەی ئەوە کێیە؟ ئەو برادەرەی لە کێ هێناوە؟ ئەها، زانیم ئەوە ئەو کوڕە غەریبەیە کە دراوسێکەم بەو دواییە لە گەشتەکەی بۆ لیڤەرپوول ئەو مناڵەی دۆزیوەتەوە، ڕەنگە بێ سۆراخێکی ئیسپانی یان ئەمریکی بێت."

خاتوونە پیرەکە وتی "لە هەموو ڕووداوەکاندا کوڕێکی شەڕانگێزە. هەرگیز بۆ ئەو خانووە شایستەیە ناشێت! سەرنجی زمانیت دا، لینتن؟ حەپەساوم دەترسم مناڵەکانم گوێیان لە قسەکانی بووبێت."

نیلی تووڕە مەبە. وەڵامی هەموو ئەو قسە ناخۆشانەم دانەوە. دواتر ڕۆبێرت فەرمانی پێ کرا ئازادم بکات. منیش ئەوەم ڕەت کردەوە بەبێ کاسی بێمە دەرەوە. منی تا نێو باخچەکە ڕاکێشا، چراکەی بۆ نێو دەستم پاڵ دا، دڵنیای کردمەوە کە بەڕێز ئێرنشۆ ئەم ڕەفتارەی منی پێ دەوترێتەوە، بەدەست ئاماژەی بۆ کردم بڕۆم، دووبارە ڕێی سەلامەتی دەرگاکەی نیشان دام.

پەردەکان هێشتا لە گۆشەکەوە بە کراوەیی دەهاتنە بەرچاوم. من حاڵەتی خۆم وەک سیخوڕێک دەست پێ کرد، لە بەر ئەوەی گەر کاسرین حەزی کردبا بێتەوە، نیازم وا بوو پەنجەرەکانیان بشکێنم بیانکەمە سەد پارچە، تا ڕێگەیان بەویش دەدا لەگەڵما بێتەوە.

بە هێمنی لەسەر کەروێتەکە دانیشت. خاتوو لینتن عەبا خۆڵەمێشییەکەی لە شانی کردەوە کە ئێمە بۆ ئەو گەشتە بەقەرزمان هێنابوو، سەری نەرێی لەقاند و قسەی لەگەڵ کرد، وابزانم خانمێکی گەنج بوو. هەروەها شێوازی ڕەفتاریان لە نێوان من و کاسی جیاواز بوو. پاشان ئافرەتە خزمەتکارەکە تەشتێک ئاوی گەرمی هێنا و قاچەکانی کاسی شوشت. بەڕێز لینتنیش هاتە ئەوێ و ئیزابێلا قاپێک کێکی لە نێو



کۆشی ئەودا بەتاڵ کرد. ئێدگار لە دوورەوە دەمی بەش بووبووەوە. پاشان، قژە جوانەکەیان وشک کردەوە و داهێنا، جووتێ کەوشی زۆر ناسک و جوانیان دایە و لە ئاگرەکەیان نزیک کردەوە. دواتر من بەجێم هێشت بەتەمای حەزرەتی مەریەم، خواردنەکەی لە نێوان سەگە بچووکەکە و سکەڵکە دابەش کرد، کاتێ کە سکەڵکە نانی دەخوارد لووتی دەخورا. بەچاوە جوانەکانی سەیرێکی لینتنەکانی کرد. کە ڕووی وەرگێڕا هەمووی دەگەشایەوە. بینیم ئەوان زۆر گەمژانە حەپەساو بوون. ئەویش زۆر لەوان گەورەتر بوو، لە هەموو کەسێک لەسەر ئەم زەوییە گەورەترە، ئەی وا نییە نیلی؟ "

دامپۆشی و چراکەم کوژاندەوە و وەڵامم دایەوە "ئەم کارە زۆری بەدواوەیە لەوەی تۆ پێشبینی دەکەیت. تۆ کوشندەی هیتکلیف، کوشندە. بەڕێز هیندلیش زۆر بەدوای ئەم مەسەلەیەدا دەچێت، بزانە گەر وای نەکرد؟

وشەکانم ڕاستتر هاتنە گۆ لەوەی من حەزم لێیان بوو. ئەو سەرکەشییە بەدبەختە ئێرنشۆی زۆر تووڕە کرد. پاشان بەڕێز لینتن، بۆ چاککردنەوەی مەسەلەکە، خۆی بەیانی سەردانی ئێمەی کرد. موحازەرەیەکی بۆ سەرۆکی گەنج (هیندلی) خوێندەوە لەسەر ئەو ڕێگەیەی کە نیشانی خێزانەکەی داوە، هەروەها خۆشحاڵی خۆشی بە بینینی ئەو دەربڕی.

هیتکلیف لەسەر ئەم بەزمە هیچ لێدانی نەخوارد، بەڵام پێی وترا کە یەکەم قسە کە لەگەڵ خاتوو کاسرین دەکات دووپاتکردنەوەی دەرکردنیەتی. هەروەها خاتوو ئێرنشۆ چاودێری براژنەکەی دەکات کاتێ کە دەگەڕێتەوە ماڵەوە. بەڵام بە هونەر ئەو کارە دەکات نەک بە هێز: چونکە بە بەکارهێنانی هێز مەحاڵە کاسی ئەو کارە بکات.

## بەشی حەوتەم

کاسی بۆ ماوەی پێنج هەفتە لە سرەسکرۆس گرەنج مایەوە: تا جەژنی لەدایکبوونی مەسیح. تا ئەو ئەو کاتە گۆزنگی بەتەواوی تیمار کرا بوو، هەروەها ڕەفتارەکانیشی زۆر باش ببوو. زۆرجار لە کاتی پشووەکاندا ئەو سەردانی دەکرد، پلانی بۆ داڕشت تا ئاکار و ڕەفتاری چاک بکات و هەوڵی بەرزکردنەوەی ڕێز گرتنی خودی خۆی بدات بەهۆی جلی جوان و لاواندنەوە و پۆشاکی دەوڵەمەندان، کە بەئاسانی وەری دەگرت، تاوەکو لە بری دڕندەیەکی کێوی و بچووک و بێ ڕق باز بداتە نێو خانووەکە، پەلاماری ئێمە بدات، ئەی کە هەناسەی لێمان بڕی، لەوێ لە توولەیەکی قۆزی ڕەش کەسێکی بەشکۆمەند ڕووناکی دەرکەوت، تریسکەی دەست و بازنی ڕۆژە ڕێیەک دەڕۆیشت، جلێکی درێژی عادەتی، کە ناچار بوو بەهەر دوو دەستەکانی هەڵی گرت بۆ ئەوەی لە ناوی نغرۆ نەبێت. هیندلی لەسەر ئەسپەکەی بەرزی کردەوە، بەخۆشحاڵییەوە وتی "ئەوە چییە کاسی تۆ ئێستا زۆر جوانی! خەریک بوو نەتناسمەوە: تۆ ئێستا بەخانمان دەچیت. ئیزابێلا لینتن لەگەڵ ئەودا بەراورد ناکرێت، وا نییە فرانسیس؟" ژنەکەی وەڵامی دایەوە "ئیزابێلا ئەو ئاکارە سروشتیانەی ئەوی نییە. بەڵام دەبێ ئاگای لە خۆ بێت جارێکی دیکە نەگەڕێتەوە سەر ڕەفتارەکانی پێشووی. ئێلن یارمەتی خاتوو کاسرین بدە شتەکانی بێنێتە خوارەوە - بوەستە ئازیزەکەم، با یارمەتیت بدەم و کڵاوەکەت چا بکەمەوە.

منیش خەریک بوو نەیناسمەوە، کەزییەکانی درێژ بەلا مل و شانیدا دەدرەوشانەوە، پانتۆڵی سپی، پێلاوی بەبریقە. چاوەکانی خۆشییان لێ دەباری.





کاتێک سەگەکان هاتن پێشوازی لێ بکەن، نەیدەوێرا دەستیان بکاتێ ، بەڵام سەگەکان خۆیان لە جلەکانی هەڵدەسوو. بەنەرم و نیانی منی ماچ کرد: من هەموو لەشم ئارد بوو و خەریکی کێک دروستکردن بووم بۆ جەژنی لەدایکبوونی مەسیح. بەڵام باوەشی وەک جاران لە من نەدا . دواتر چاوێکی بەو ناوەدا گێڕا بۆ هیتکلیف. بەڕێز ئێرنشۆ و خاتوو ئێرنشۆ بەپەرۆشەوە چاودێری کۆبوونەوەکانیان کرد. بیریان لەوە دەکردەوە کە ئەمە وایان لێ دەکات حوکم بدەن، بەهەندێ پێوەر، دەبێ چ بنەمایەکیان هەبێت، بەچ مافێک، بەهیوای چ سەرکەوتنێک دوو کەس لێک جیا دەکەنەوە.

یەکەم جار هیتکلیف زەحمەت بوو بدۆزرێتەوە. ئەو کاتەی کاسرینی لە لا بوو بێ هۆش و بێ ئاگا بوو، کە ئەوی لە لا نەما ئەو بێ هۆشی و بێ ئاگاییەی دە ئەوەندە زیاتر بوو. هەموو کەسێک بەکوڕە پیسەکە بانگیان دەکرد بەڵام من دڵم نەدەهات وا بانگی بکەم، هەمیشە پێم دەوت هەفتەی جارێک خۆی بشوات. منالان لەو تەمەنەی ئەو دانوویان لەگەڵ سابوون و ئاو ناکوڵێت. ئەی جلەکانی، کە پێویست ناکات هەر باس بکرێن چونکە خۆڵ و قوڕی سێ مانگی پێوە بوو، ئەی قژە ئەستوورەکانی لە ژیانیدا شانەی پێ نەکەوتبوو. دەست و دەم و چاوەکانی لێڵ و تەماوی بوو. ڕەنگە لە دەرەوەی خانووەکە هەندێ باشتر بێتە بەرچاو، لە بەر ڕۆشنایی ئەو خانمە کە بەشۆخ و شەنگەوە هاتە نێو خانووەکە، لە بری هاوشانە کەللە ڕەقەکەی خۆی. پەنجەوانەکانی لە دەستکردنەوە و پرسیاری کرد "هیتکلیف لێرە نییە؟" پەنجە سپییەکانی زۆر ناسک و جوان بوون، دیار بوو کە بەهیچ شێوەیەک دەستی لە هیچ نەداوە و هەر لە ژوورێ بووە.

بەڕێز هیندلی بەشەرمەزارییەوە هاواری لێ هەستا و وتی "هیتکلیف دەتوانی بێیتە پێشەوە" سوپاسگوزار بوو ئەو پاسەوانە ڕەشە ببینێت بۆ ئەوەی خۆی لەسەر هەڵکێشێت. بەردەوام بوو وتی "تۆ دەبێ بێیتە دەرەوە و وەک خزمەتکارەکانی تر خۆزگەی بەخێرهێنانەوەی کاسرین بکەیت." کاسی هەر کە هاوڕێکەی لەو بێزاری و ناچیزییە بینی، ڕای کردە لای و لە باوەشی گرت. لە یەک چرکەدا حەوت هەشت ماچی لە ڕوومەتەکانی کرد، پاشان وەستا و کشایەوە پاش، پێکەنینێکی سەیر

دایگرت و بەگاڵتەجارِییەوە وتی "بۆچی ئاوا ڕەش داگەڕایی و تووڕە دیاری! بۆچی ئاوا تووڕە و عەنتیکەی! بەڵام لە بەر ئەوەیە کە من ڕاهاتووم لەگەڵ ئێدگار و ئیزابێلا لینتن. ئەی هیتکلیف دەڵێی منت لە بیر کردووە؟"

با ئەوەندەی دەهێنا کە ئەو پرسیارە بکات، چونکە شەرم و شکۆمەندی ڕەشاتی و پەستییەکەیان دوو ئەوەندە کرد و وایان لێ کرد شوێنی خۆی یەک بست چییە نەجووڵایەوە.

بەڕێز ئێرنشۆ (هیندلی) وەک سووکایەتی پێکردن بەهیتکلیف وتی "هیتکلیف تەوقەی لەگەڵ بکە بەڵام تەوقەیەکی پیاو ماقووڵان و بەڕێگەیەکی کە پەسەند بکرێت."

دوا جار کوڕەکە زمانی هاتە گۆو وتی "تەوقە ناکەم. ناشوەستم لێرە بۆ ئەوەی پێم پێ بکەنن. من بەرگەی ئەوە ناگرم!" لە بازنەکە هاتە دەرەوە ویستی بڕوات، بەڵام خاتوو کاسی دووبارە گرتییەوە.

وتی "من مەبەستم ئەوە نەبوو بەتۆ پێبکەنم. من ناتوانم خۆم بشارمەوە: هیتکلیف بەلایەنی کەم تەوقەم لەگەڵ بکە! بۆچی ئاوا تۆڵە ئامێز و تووڕەی؟ تەنیا ئەوە بوو کە تۆ زۆر سەیر دەهاتیە بەرچاوم. گەر دەم و چاوت بشۆیت و قژت شانە بکەیت، زۆر ئاسایی دەبیت، بەڵام هەموو لەشت پیسە!"

بە وردی لە پەنجە بەقوڕەکانی ڕوانی کە توند لە دەستی خۆی نابوو، هەروەها سەیرێکی تەواوی جل و بەرگی کرد کە هیچ پێوەندی بەکار و پیشەی هیتکلیف نەبوو، بۆیە هەستی بەترسێک کرد.

دەستی لە نێو دەستەکانی کاسی ڕاپچڕی و سەیری ناو چاوەکانی کرد و وەڵامی دایەوە "تۆ نەدەبوایە دەستم لێ بدەیت! من بەهەوەسی خۆم تا پێم بکرێت پیس دەبم: من حەزم لێیە پیس بم و هەر پیسیش دەبم."

ئەو قسانەی هیتکلیف تەواوی دانیشتوانەکانی ئەو ناوەی حەپەساند. مەبەستی دڵخۆشییەکەی سەرۆک و شاژنەکەی بوو. هەروەها ویستی بەم قسانە کاسی هەراسان و بێزار بکات. ئەو کاسییەی کە هەرگیز پێشبینی ئەوەی نەدەکرد قسە و ڕەفتارەکانی ئەو میزاژە خراپ و ناجۆرە بەرهەم بهێنێت و بیخاتە ڕوو.

پاش ئەوەی جەڕەکەم بردە لای میوانە تازەکە و کێکەکەم خستە ناو فڕنیەوە و



خانووەکە و موبەقەکەم بەئاگرێکی گەورە مەست کرد بەزمێکی تەواو بوو بۆ بۆنەی لەدایکبوونی مەسیح. خۆم ئامادە کرد دانیشم و دڵی خۆم بەگۆرانی وتن خۆش بکەم، هەر بەتەنیا دانیشم. بێ ئەوەی باکم بەجۆزیف بێت لەو دیو دەرگاوە گوێی بۆ ئاوازە خۆشەکەی من شل کردبوو. جۆزیف هیچ کاری نەدەکرد وەک بڵێی تەقاویت بووە و تەنیا نوێژ و دوعای دەکرد لە ژوورەکەی. لەو لاشەوە، بەڕێز ئێرنشۆ و خاتوو ئێرنشۆ خۆیان بە میسی خەریک کردبوو کە سەرنجی دابووە حەلوای شیرینی گاتۆ کە بەدیاری وەک سەلماندنێک بۆ بەزەیی و باشەیان بۆ لینتنە مناڵەکانی هێنابوو. هیندلی و ئەوان داوەتی لینتنەکانیان کرد کە بەیانی لە بانەکانی وێزەرینگ بمێننەوە، داوەتەکە پەسەند کرا بەڵام بەمەرجێک: خاتوو لینتن تکای کرد کە مناڵە خۆشەویستەکانی دوور بپارێزرێن لەو کوڕە پیس و چەپەڵە (هیتکلیف).

من لەو کەین و بەین و بینە و بەردەیەدا هەر بەتەنیا مامەوە. بۆنی شتێکی تیژم کرد، هەروەها کەلوپەلە بریقەدارەکانی نێو موبەقەکە سەرنجیان کێش کردم: کاتژمێرە پۆلیش کراوەکە، دیکۆرە پیرۆزەکان، پەرداخە گەورە زیوینەکان کە ئامادە و ڕیز کرابوون شەڕابی نایابیان تێ بکرێت بۆ ئێوارە. لە سەرووی هەمووشیانەوە، عەرزە پاکو بێ گەردەکە بۆ خۆیان وەک گلۆپ ئەو ناوەیان ڕۆشن دەکردەوە. ئەوەش حەوسەڵەی من بزانە بیر لە چی دەکەمەوە! وەڵا بێ دڵی خۆم نەکرد و بەوردی سەیری هەموو شتەکانم کرد. ئەوەم بەبیر هاتەوە کاتێ ئێرنشۆی پیر دەهاتە موبەقەکە و هەموو شتێکی بە ڕێکی دەبینی. بە منی دەوت ئەی ئافرەتی نەجیب و نەرم و نیان، دواتر شیلینگێکی (پارە) دەخستە ناو دەستەکانم وەک دیاری بۆ بۆنەی لەدایکبوونی مەسیح. لەوێوە خەیاڵم بۆ ئەوە چوو کە ئەو پیاوە چەندە خەمی هیتکلیفی بوو و گرنگی پێ دەدا: ئەو خەیاڵە وای لێ کردم بەزەییم بەحاڵی ئەو کوڕە قوڕ بەسەرە بێتەوە ئێستا، بۆیە لەپڕا لە گۆرانی وتنەوە دەستم کرد بەگریان. ئەمە خێرا بێداری کردمەوە کە بچم یارمەتی بدەم و هەڵەکانی چاک بکەمەوە نەک دانیشم فرمێسکی بۆ ببارێنم. هەستامەوە و چوومە حەوشەکە و بەدوایدا گەڕام. دوور نەبوو. کاتێ کە دۆزیمەوە قژی جوانووەکەی زۆر بەغەریبی دادەهێنا، ئاسایی وەحشەکانی تری نان دەدا.

وتم "هیتکلیف خێراکە! جۆزیف وا لە سەرەوەیە و موبەقەکەش زۆر خاڵی و ڕاحەتە: خێراکە، لێ گەڕێ با جلێکی جوان و پۆشتەت لە بەر بکەم پێش ئەوەی خاتوو کاسی بێتە دەرەوە، ئەوجا دەتوانن پێکەوە لەگەڵ کاسی دابنیشن، لە لای ئاگرەکە دانیشن. تا کاتی خەوتن هەر بۆ خۆتان قسان بکەن.

بەردەوام خەریکی کارەکەی بوو، هەرگیز ڕووی وەرنەگێڕا و سەیری منی نەکرد.

منیش بەردەوام بووم "وەرە، دێیت؟ پارچە کێکێک بۆ هەر یەکە لە ئێوە دانراوە، زۆر نزیکە. وەرە خێراکە هەر هیچ نەبێ نیو سەعاتت پێویستە تا خۆت دەگۆڕی.

بۆ ماوەی پێنج دەقیقە چاوەڕێم کرد، بەڵام هیچ وەڵامی نەدامەوە و پاشان بەجێم هێشت. کاسرین لەگەڵ برا و براژنەکەی نانی ئێوارەی خوارد. من و جۆزیفیش بەشداری ژەمێکی ئاساییمان نەکرد، ژەمێکی بە سندان و قێزەوەن. کێک و پەنیرەکەی هیتکلیف لەسەر مێزەکە تا بەیانی مایەوە بۆ جنان. بەردەوام بوو لە کار کردن تا سەعات نۆ. پاشان وەک کەڕ و لاڵ چووە ژوورەکەی خۆی. کاسی تا درەنگی شەو دانیشت. جیهانێکی پڕ لە شتی هەبوو فەرمانی پێ بکات بۆ پێشوازی هاوڕێ نوێیەکانی: جارێکیان هاتە موبەقەکە بۆ ئەوەی قسەیەکیش لەگەڵ هاوڕێ کۆنەکەی بکات. بەڵام ڕۆیشتبوو. لە موبەقەکە تەنیا بای ئەو پرسیارە مایەوە کە پرسی باشە چی بەسەر ئەو کوڕەدا هاتووە، بۆ وای لێهاتووە؟ پاشان گەڕاوە شوێنی خۆی.

هیتکلیف بەیانی زوو لە خەو هەڵسا، ئەو ڕۆژە پشوو بوو. ئەویش وەک خووە خراپەکەی جارانی چووە نێو بەیارەکان و دەرنەکەوتەوە تا خێزانەکە چوون بۆ کەنیسە. ڕۆژوو و ڕەنگدانەوە پێ دەچوو روحێکی باشتریان بەبەردا هێنابێتەوە. بۆ ماوەیەک لە لای من دانیشت. دەستی کرد بەسەرکۆنەی خوو و عادەتەکەی. هاوارێکی توندی لێ هەستا وتی "نیلی، وام لێ بکە شایستە بم، من لەمەو دوا باش دەبم."

منیش وتم "هیتکلیف کاتێکی زۆرت لە بەردەم ماوە. تۆ دڵی کاسرینت ناخۆش و خەمبار کرد: دەتوانم بڵێم، پەشیمان بوو لەوەی کە گەڕایەوە ماڵەوە! وا پێ دەچوو کە تۆ ئیرەیی بەو دەبەیت یاخود غیرەی لێ دەکەیت، چونکە ئەو زیاتر لە خەم و بیری تۆدا بوو نەک تۆ بۆ ئەو.



بیرۆکەی ئیرەیی هاتن بەکاسرین شتێکی نامۆ بوو بۆ ئەو، بەڵام خەمبار کردنی کاسرین چاک تێگەیشت.

زۆر بەجدی و خەمەوە پرسی "کاسرین وتی هیتکلیف منی خەمبار کردووە؟"

" کاتێ پێم وت تۆ چوویتە دەرەوە ئەم بەیانییە، کاسرین دەستی بەگریان کرد"

وەڵامی دایەوە "منیش دوێنێ شەو زۆر گریام. من زیاتر هەقی خۆمە بگریم نەک ئەو."

منیش پێم وت "بەڵێ: هەقی خۆت بوو بەدڵێکی پڕ بەشکۆ و گەدەیەکی بەتاڵەوە بخەویت. خەڵکی لووت بەرز خەم و پەژارە تەنیا بۆ خۆیان دروست دەکەن. گەر تۆ هەست بە شەرمەزاری دەکەیت بەو شتەی دوێنێ کردت، دەبێ داوای لێبوردن بکەیت کاتێ ئەو دەگەڕێتەوە. لێی بڕۆ پێشەوە و ماچی بکە و پێی بڵێ ، خۆت دەزانی چی پێ دەڵێی. بەڵام با قسەکانت لە دڵەوە هەڵقوڵێن، نەک بە شێوەیەکی وا قسە بکەیت کە تۆ وا تێگەیشتووی ئەو بەوجلانەوەیە تەواو گۆڕاوە. ئێستاش هەرچەندە دەبێ نانی ئێوارە ئامادە بکەم، بەڵام کاتی ئەوەم هەیە ڕێکت بخەم بۆ ئەوەی ئێدگار لینتن لە چاو تۆ وەک گەمژان بێتە بەرچاو: بێ گومانیش هەر وا دەبێ. تۆ گەنجتری و دوو بەقەدی ئەوی و شانەکانت لەو درێژترن. دەتوانی بەچاو پرووکانێک پشتی لە عەرزی بدەیت، ئەی وا هەست ناکەی تۆ ئەوەت پێ دەکرێ؟

ڕووی هیتکلیف بۆ ساتێک درەوشایەوە، پاشان سەری سەرلەنوێ شۆڕ کردەوە و هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا.

وتی "بەڵام نیلی، با بیست جاران پشتی لە عەرزی بدەم، ئەو ڕەفتارە من لەو قۆزتر و ئەو ناشرینتر ناکات. خۆزگە منیش پرچێکی بەبریقە و پێستێکی جوانم دەبوو، خۆزگە شیک و پۆشتە و ڕەفتارم باش دەبوو، خۆزگە منیش هەلێکم بۆ بڕەخسایە و وەک ئەو دەوڵەمەند بام!"

ئەم جارە من وتم "هەروەها لە هەموو شتێکدا هاوار و هانات بۆ دایکت بردبا. گەر پیاوێکیش مستی لێ ڕاست کردیتەوە لە ترسانا لەرزت تێ گیرا با. تەواوی ڕۆژێک لە ماڵەوە دانیشتبای چییە ئەوە بارانە ناچمە دەرەوە. ئای هیتکلیف، تۆ خۆت روحێکی هەژار و خراپ دەخەیتە ڕوو! وەرە بەر ئاوێنەکە، وات لێ دەکەم ئەو

شتەی خۆزگەی بۆ دەخوازی بەچاوی خۆت بیبینی. ئەی بۆ ئەو دوو هێڵە لە نێوان چاوەکانت نابینی، ئەو دوو ئەبرۆ ئەستووورە نابینی، لە باتی ئەوەی کەوانەیی بن لە نێوەڕاستدا تێکەڵ بوونەتەوە. بۆ ئەو دوو کەسە شەڕانگێزو چەپەڵە نابینیت، کە بەقووڵی دەترسێن، هەرگیز ناتوانن بەئازایی پەنجەرەکانیان بکەنەوە، بەڵام لە ژێرەوە کار دەکەن وەک سیخوڕەکانی شەیتان بەخەڵکی وەدەدەن؟ خۆزگە بخوازە و فێر بە ئەو چرچ و لۆچی و مرو مۆچییە لەسەر رووت هەڵگرە، بەکراوەیی و ئاشکرا کڵاوەکەت بەرز بکەرەوە. ئەو ڕاڕاییەی خۆت بەمتمانە بگۆڕە، ببە بەفریشتەی بەری و گومان لە هیچ شتێک مەکە. هەمیشە هاوڕێکانت باش بناسە، بەتایبەتی ئەوانەی کە گومانت لە سەریان هەیە دوژمنت بن. وا تێ مەگە ئەوەی لە ڕابردوو لێت نزیک بووە ئێستا لە بەر چەند هۆیەک تۆی لە بیر نەماوە و ڕقی لە هەموو جیهانە.

ئەویش وەڵامی داوە "بەواتایەکی دیکە، دەبێ خۆزگە بەنێوچەوان و چاوە شینەکانی ئێدگار لینتن بخوازم. ئەو کارە دەکەم بەڵام ئەمە یارمەتی من نادات بۆ ئەوان.

من بەردەوام بووم لە قسەکانم "کوڕەکەم، دڵێکی باش یارمەتیت دەدات ڕووێکی باش بەخەڵکی نیشان بدەیت. گەر تۆ تەواو ڕەش بایت و ڕەشێکی خراپ بایت ئەوا جوانترین شتت دەگۆڕی بۆ خراپترین و ناشرینترین شت. وا ئێستا خۆمان شوشت و قژمان شانە کرد و وشکمان کردەوە، پێم بڵێ بزانم ئێستا تۆ هەست بەوە ناکەیت کە قۆز بوویتەوە؟ من بەدڵنیاییەوە پێت دەڵێم زۆر قۆزیت تۆ. ڕوو و باڵات شایەنی شازادەیەکە. کێ دەزانێت بەڵام باوکت ئیمپراتۆری چین بوو، دایکیشت شاژنێکی هیندی بوو، هەر یەکەیان دەیانتوانی بەداهاتی تەنیا یەک هەفتە بانەکانی وێزەرینگ و سرەسکرس گرەنج بکرێت؟ پاشان چەتەکان تۆیان فڕاند و هێناویانە ئینگلتەرا. گەر من لەباتی تۆ بام، بەرزترین بیرۆکەم لەسەر لە دایکبوونم دادەنا، ئەو هزرانەی کە ئازایەتی و شکۆمەندیم پێ دەبەخشن بۆ هاوکاریکردنی جووتیارە بچووکەکە لە ژێر دەستی چەوسێنەرەکانی!"

بەم شێوەیە درێژەم بە قسەکانم دا. هیتکلیفیش وردە وردە گرژییەکەی لە دەست دەدا و ڕووی خۆشتر دەبوو. لەپڕێکدا دەنگێک، تەپە تەپێک کە بۆ نێو حەوشەکە دەهات قسەی بەئێمە بڕی. ئەو بەلای پەنجەرەکە و منیش بەلای دەرگاکەدا چووین،



پێڕا نەگەیشتین سەیری دوو لینتنەکە بکەین کە لە عارەبانەکە دەهاتنە خوارەوە، هەموو لەشیان بەپاڵتۆ و فەروو داپۆشرابوو، لەو لاشەوە ئێرنشۆیەکان لە ئەسپەکانیان دادەبەزین: زۆرجار لە زستانان بەئەسپ دەچوونە کەنیسە. کاسرین دەستی منداڵەکانی گرت و بۆ نێو خانووەکەی هێنان و لە بەر دەم ئاگری دانان، کە بەخێرایی ڕەنگ هاتەوە بەر ڕووە سپییەکانیان.

ئێستا پەلەم لە هاوەڵەکەم (هیتکلیف) کرد و تووک و نەزەر و ڕووە خۆشەکەی خۆی نیشان بدات، ئەویش مەردانە بەگوێی کردم. بەڵام بەختی ڕەش بوو، هەرکە دەرگاکەی کردەوە لە موبەقەکە لە لایەک، هیندلی بەلاکەی تردا دەرگاکەی کردەوە. بۆیە بەرامبەر بەیەک چاویان پێک کەوت. سەرۆک (هیندلی) کاتێ ئەوی بەپاک و خاوێنی و ڕوو خۆشییەوە بینی تووڕە بوو، چونکە پەرۆشی ئەوە بوو بەڵێنەکەی بۆ بەڕێز لینتن بباتە سەر. بۆیە لەپڕا پشتی ملی گرت و بەتووڕەیی ئاماژەی بۆ جۆزیف کرد و وتی "ئەوەی لەو ژوورە ببە دەرەوە، بیبە کوخەکە تا نانی ئێوارە تەواو دەبێت. گەر بەتەنیا بۆ ماوەی یەک دەقیقە لەگەڵ بێت، ئەوا دەستی پڕ دەکا لە موربا و میوە دەدزێت."

منیش لەوە زیاتر بەرگەم نەگرت و خۆم پێ نەگیرا بۆیە وەڵامم دایەوە "نەخێر گەورەم. ئەو دەست لە هیچ نادات: پێم وایە ئەو دەبێ وەک ئێمە بەشی هەبێت لەو میوەجات و خواردن و خواردنەوەیە."

هیندلی هاواری لێ هەستا و وتی "گەر لە خوارەوە تا تاریکایی بیگرم، ئەوا بەشی بەدەستی من دەبێت. لە بەر چاوم ونبە هەی بەدفەڕ و بێ سۆراخ! چی! تۆ هەوڵ دەدەیت مەغروور بیت، وانییە؟ چاوەڕێ کە تا ئەو پاڵتۆ جوانانە لە بەر دەکاتەوە، سەیر کە چەند درێژن، خەریکە بەدوای خۆیاندا ڕایاندەکێشێت!"

سەرۆک لینتن لە نێو دەرگاکەوە تێی هەڵدا و وتی "پێشتریش زۆر درێژ بوون. هیوادارم سەری نەیەشێنن. وەک قژی جوانووە بەسەر چاوەکانیدا هاتووە!"

ئەمەی وت بەبێ ئەوەی مەبەستی هەڕەشەکردنی هەبێت. بەڵام سروشتە توند و ڕەقەکەی هیتکلیف بەرگەی ئەوەی نەدەگرت کە بێ ڕێزی لە یەکێک پەسەند بکات کە دەمێکە ڕقی لێ دەبێتەوە، تەنانەت ڕک بەرکێشی دەکات. هەر ئەوەندەم زانی

مەنجەڵی مورەبای سێوی کە زۆر گەرم بوو (هەر ئەوەی هاتە ژێر دەستی) تووڕ تێی هەڵدایە مل و سەر و دەم و چاوی. کە خێرا دەستی کرد بەدروستکردنی خەم و بەخێرایی ئیزابێلا و کاسرینی هێنا بۆ شوێنەکە. بەڕێز ئێرنشۆ تاوانبارەکەی ڕاستەوخۆ گرت و بۆ ژوورەکەی خۆی گواستییەوە. ئەو شوێنەی کە ویستی تووڕەیی و هەڵچوونەکەی چاک بکاتەوە چونکە لە شەرمەزارییان سوور هەڵگەڕابوو و هەناسەبڕکێ ببوو. منیش پارچە پەڕۆیەکم هێنا و لووت و دەمی ئێدگارم پاک کردەوە، هەقی خۆی بوو وای لێ هات چونکە خۆی لە مەسەلەکە هەڵقورتاند. خوشکی دەستی بەگریان کرد و ویستی بچێتەوە ماڵێ، هەروەها کاسی لەوێ وەستابوو و حەپەسابوو، لە بەر چاوی هەمووان زۆر شەرمەزار بوو. بەگژ سەرۆک لینتن هات و وتی "تۆ نەدەبوایە قسەت لەگەڵ بکردایە. میزاژی تەواو نەبوو، ئێستا گەشتەکەت تێک دا. ئێستا ئەویش لێی دەدرێت: من ڕقم لەوەیە لێی بدرێت! ناتوانم نانی ئێوارە بخۆم. ئێدگار تۆ بۆچی قسەت لەگەڵ کرد؟"

گەنجەکە لە ژێر دەستی من ڕای کرد و بەدەستەسڕە نەخشێنراوەکەی شوێنەکانی تری پاک کردەوە. هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی "من قسەم لەگەڵ نەکرد. دایە من بەڵێنم دا کە یەک وشەی لەگەڵ نەڵێم، وەڵا قسەم لەگەڵ نەکرد."

کاسرینیش بەسووکایەتی پێکردنێکەوە وەڵامی دایەوە "باشە دەی دەست مەکە بەشین و گریان. خۆ نەکوژرایت. هیچی دیکە ڕەفتاری خراپ بەرامبەر خەڵکی مەکە. وا دایکم دێت: هێمن بە! وسسس، ئیزابێلا! چییە کەس لێی دای؟"

هیندلی دووبارە هاتە ژوورەوە و وتی" مناڵەکان لەوێ لە شوێنی خۆتان دانیشنەوە! دڕندایییەکەی ئەو کوڕە بەباشی گەرمی کردمەوە. سەرۆک ئێدگار جارێکی تر یاسا بخەرە نێو مستەکانت. شەهییەت دەکاتەوە!"

ئاهەنگە بچووکەکە هێمنایەتی خۆی بەدەست هێنایەوە، ئێستا لە جەژنێکی ناسک دەچوو. پاش سواربوونی ئەسپ برسی ببوون، بەڵام بەئاسانی تێر بوون و پشوویان خوارد چونکە هیچ شتێک نەهاتە بەر ڕێگەیان و زۆر ماندوو نەببوون. بەڕێز ئێرنشۆ شتەکانی ڕێک دەخست و ژنەکەشی بەقسەی خۆش دڵخۆشی دەکردن. منیش لە پشت کورسیەکەیەوە چاوەڕێم کرد، کە چاویشم بەکاسرین دەکەوت زۆر ئازارم



دەچەشت، چاوەکانی وشک و بێ حەوسەڵە بوون. دەستی کرد بەلێکردنەوەی باڵی ئەو قازەی لە پێشی دانرابوو، زۆر جوان سوور کرابووەوە. بەخۆم وت "مناڵێکی بێ هەستە. چۆن هەروا بەئاسانی هەموو ئەو یارییانەی لە بیرچوونەوە کە بەمناڵی لەگەڵ هاوڕێکەی دەیکرد. من هەرگیز باوەڕم نەدەکرد کاسرین ئاوا خۆپەرست بێت." پەرداخە شەڕابێکی تا ئاستی لێوەکانی بەرز کردەوە: پاشان دایناوە شوێنی خۆی: ڕوومەتەکانی وەک گوڵی سوور وا بوون، فرمێسک بەستییان لەسەر ڕوومەتەکانی دروست کردبوو. چەنگاڵەکەی لە دەستی خزایە خوارەوە. هەر خێرا لە نێو جلەکانی نغرۆ بوو بۆ ئەوەی سۆز و ئیحساسی بشارێتەوە. پێ دەچوو زۆر دڵی خۆش نەبوو چونکە تەواوی ئەو ڕۆژە ئازاری چەشت. بۆ ماوەی پێنج هەفتە چاوەڕێی ئەوە بوو جارێکی دیی هیتکلیف ببینێتەوە، ئەویش بەو بەزمە بینییەوە. حەزی دەکرد بچێتە لای هیتکلیف چونکە بەسترابووەوە لە لایەن سەرۆکەکەی: هەرکە من بەوەم زانی، خێرا بیرم لە دەربازبوونی کردەوە.

لە ئێوارەدا، دەرفەتێکمان بۆ ڕەخسا. کاسی پاڕایەوە بۆ ئەوەی هیتکلیف ئازاد بکەن، چونکە ئیزابێلا لینتن هیچ شەریکێکی نەبوو: پاڕانەوەکەی بێ هوودە بوو. فەرمانیش بە من کرابوو کە بەس خزمەت بکەم. ئێمە خۆمان لە تاریکایی ئەو بەزمە ڕزگار کرد، زۆر دڵمان خۆش بوو کاتێ گەیشتینە تیمی گیمەرتۆن. پانزە ئامێر ژەنی بەتوانا کۆکرابوونەوە: پڕی بوو لە ئامێری مۆسیقای جۆراوجۆری وەک زوڕنا و ترەمفۆن و کلارنێت و تەپڵ و پیانۆی فەڕەنسی و چەلۆیەک لەگەڵ چەند گۆرانی بێژێک. ئەو تیمە دەچووە نێو هەموو خانوویێکی بەهێز، هەموو جارێ لە جەژنی لەدایکبوونی مەسیح شت وەردەگرن و سوودێکی زۆر دەبینن. ڕاوەستاین بۆ ئەوەی هەندێک گوێمان لەوان بێت. پاش ئەوەی گۆرانی کۆڕاڵ لە لایەن بەشدار بووانەوە چڕا، وامان لێ کردن لەگەڵ گۆرانییەکە تێکەڵ بن. خاتوو ئێرنشۆ زۆر کەیفی بە مۆسیقایەکە دەهات، بۆیە ئەمە هەلی زۆری بە ئێمە بەخشی.

کاسرینیش پێی خۆش بوو: بەڵام وتی ئەو دەنگە لە دوورەوە زۆر خۆشترە، بۆیە چووە سەرێ و نێو تاریکاییییەوە. منیش بەدوایدا چووم. دەرگای خوارەوەی خانووەکەیان پێوەدا، قەت بەونبوونی ئێمەیان نەزانی. ئەو ناوە پڕ بوو لە خەڵک. ئەو

شـوێنەی بۆی چوو لەوێ نەمـایەوە، بەڵکو زۆرتر ڕۆیشت. چووە ئەو کـوخـەی کـە هیتکلیف تیایدا بەسترا بوو و بانگی کرد. بۆ ماوەیەک کەللە ڕەقانە وەڵامی نەداوە: بەڵام کلسرین هەر بەردەوام بوو، دواجار قـایلی کـرد قـسە لەگەڵ بکات لە ڕێگەی بۆردەکانەوە.

منیش وەک پاسەوان نەمهێڵا کەس لێیان نزیک بێتەوە. هێندەی نەمابوو کاتی گـۆرانی وتن تەواو بێت، گـۆرانی بێـژەکـانیش هەندێ پشـوو بدەن و دەست بەخواردنەوە بکەن: چوومە سەر قاندرمەکە و ئاگەدارم کردەوە.

لە بری ئەوەی کاسرین لە دەرەوە ببینم، لە ناوەوە گوێم لە دەنگی بوو. مەیموونێکی بچووک هاتبووە یەکێک لە کووخەکان، بەدرێژایی بنمیچەکە. هەوڵم دا قایلی بکەم بێتە دەرەوە.

کاتێ کاسرین هاتە دەرەوە، هیتکلیفیش لە گەڵی هات. کاسرین سوور بوو لەسەر ئەوەی کە بیبەمە نێو موبەقەکە. ئەوەی باش بوو کە خزمەتکارەکەی تر لەوێ نەبوو، بۆ ئەوەی شەیتانەکە گوێی لە دەنگی نەبێت. زۆری پێ خۆش بوو بەهیندلی بڵێیت شەیتان.

پێم وتن کە بەهەموو شێوەیەک من هان و پشتگیری فێڵەکەتان دەکەم: بەڵام سجنەکە هەرگیز ڕۆژووی نەشکاندبوو لەوەتەی کاتی نانی دوێنێ ئێوارە، من ناهێڵم بەڕێز هیندلی بەئێوە بزانی.

چووە خوارەوە: کورسیەکم بۆ هێنا لە نزیک ئاگرەکەم دانا. خواردنی خۆش و جۆراوجۆرم بۆ هێنا: بەڵام ئەوەندە نەخۆش بوو نەیتوانی زۆر بخوات. منیش نەمتوانی وەک جاران دڵخۆی بدەمەوە. هەردوو هەنیشکەکانی لەسەر ئەژنۆکانی دانا، چەناگەی لەسەر دەستەکانی دانا و چووە نێو خەیاڵ و بیرکردنەوە. بەتوندی وەڵامی دامەوە کاتێ پرسیارم لێ کرد بیر لە چی دەکاتەوە، وتی:

" هەوڵی ئەوە دەدەم بزانم چۆن تۆڵە لە هیندلی بسەنمەوە. لام گرنگ نییە گەر زۆر چاوەڕێ بکەم. گەر لە سەرەمەرگیشدا بم گرنگ نییە. گرنگ ئەوەیە پێش ئەوەی بمرم تۆڵەی خۆم بکەمەوە. هیوادارم ئەو پێشە من نەمرێت!"

وتم "هیتکلیف قەت عەیب ناکەیت بەم شێوەیە بیر دەکەیتەوە. تەنیا بۆ خوا هەیە



سزای خراپەکاران بدات. ئێمەی عەبد دەبێ فێری ئەوە بین چۆن لە خراپەکاران خۆش بین."

وەڵامی دایەوە "نەخێر. خوا بەوە ڕازی نابێت من لێی خۆش بم. خۆزگە دەخوازم باشترین ڕێگەم پێ بزانیبا! لێم گەڕێ بەتەنیا بم، من سەرگەرمی پلانێکم: کاتێ بیر لەو پلانە دەکەمەوە هەست بەئازار ناکەم."

" بەڵام بەڕێز لۆکود من خۆم لە بیر کردووە ئەو سەربوردانە خۆ بێزارت ناکەن. بێزار ببووم نەمدەزانی ئەم قسانە بۆ کێ بدرکێنم. تۆ سەرماشت بووە. تۆش سەر دەلەقێنی بۆ سەر جێگە! دەمتوانی مێژووی هیتکلیفت پێ بڵێم. هەموو ئەوانەی تۆ گوێبیستی دەبیت، نیوە لە نیوەیە.

خزمەتکارەکە لە خەو هەڵسا. قسەکانی بڕی و لەسەر دروومانەکەی بەردەوام بوو. منیش نەمتوانی لە لای ئاگرەکە بجووڵێم. من و خەو زۆر لێک دوور بووین. وتم "جارێ جارێ خاتوو دین. نیو سەعاتێکی تریش ماوە. تۆ کارێکی باش دەکەی ئەو چیرۆکە بۆ من باس دەکەیت، من هەست بەبێزاری ناکەم. زۆر حەزم لەو شێوازەی قسە کردنی تۆیە. بۆیە دەبێ بەهەمان شێواز چیرۆکەکەم بۆ تەواو بکەیت. من خۆشیم لە هەموو ئەو کارەکتەرانەیە کە تۆ باست کرد."

"گەورەم وا سەعات یانزە لێی دا."

" ئەوە کێشە نییە. من ڕانەهاتووم زوو بنووم. زۆر حەزیشم لە خەو نییە بۆیە یەک دوو سەعات بۆ من بەسە چونک بەیانییان تا دە لە خەو هەڵناستم.

" تۆ نابێ تا سەعات دە پاڵ کەویت. سەعات دەی بەیانییان ڕۆژ لە تاقی ئاسمانە. ئەو کەسەی کە تا دەی بەیانی نیوەی کارەکانی نەکردبێت، ناتوانێت وەها بەئاسانی لە کاتی خۆی کارەکانی تەواو بکات."

لەگەڵ ئەوەشدا، خاتوو دین کورسیەکەت دەست پێ بکەوە. چونکە من بەیانی دەیکەمە شەو تا پاش نیوەڕۆیە. من حەز دەکەم تۆڵەی ئەو هەموو سەرمایە بکەمەوە کە ئەمڕۆ بینیم.

گەورەم هیوادارم وا نەکەیت. باشە دەبێ ڕێگەم بدەی کە سێ ساڵ بەسەر چیرۆکەکەدا باز بدەم. لە ماوەی ئەو سێ ساڵەدا خاتوو ئێرنشۆ ..."

" نا نا، نەخێر، لێ ناگەڕێم یەک ڕۆژی تێپەڕ بکەیت! دیارە ماندوو بوویت و حەوسەڵەی قسەکردنت نەماوە. ئەی چی گەر بەتەنیا دانیشتبای و پشیلەکەش لە بەردەمتا بێچووەکەی بلێسباوە لەسەر مافوورەکە. ئەوا ئەو کاتە زۆر بەئەسپایی سەیری ئەو دیمەنەت دەکرد کە ئەو کاتە بەدوای یەک گوێ دەگەڕای کە لەو میزاژە دەربازت بکات؟"

" دەتوانم بڵێم حەوسەڵەیەکی شێتانەم دەبوو گەر تۆ لێرە نەبای."

بەپێچەوانەوە حەوسەڵەیەکی زۆر بێزارکەرت دەبوو. ئێستا ئەو حەوسەڵەیەت لە بەر من هەیە، بۆیە دەقە بەدەقە بەردەوام بە. من وای بۆ دەچم کە خەڵکی لەو هەرێمانە لەسەر حیسابی خەڵکی لە شارۆچکەکان دەژین، بەهەمان شێوە: هەر جاڵجاڵۆکەیەک لە نێو تەونەکەیدا لەسەر حسابی جاڵجاڵۆکەیەک لە نێو کوخێک دەژیت، خەڵکیش بەشێوازی جیا جیا لەسەر حیسابی یەکتر دەژین. ئێستاش سەرنجی قووڵ خاوەنی حاڵەتی بینەرەکە نییە. ئەوان زیاتر بەتەنیا دەژین، زیاتر لە خۆیاندا، کەمتر لە ڕواڵەتدا، دەگۆڕێن، لەسەر شتی دەرەکی دەژین. خەیاڵم بۆ خۆشەویستییەکی ژیان دەچێت لێرە کە زۆر شیاو بێت. منیش بێ باوەڕێکی جێگیر بووم لە هەر خۆشەویستییەکی تەواوی ساڵ. حاڵەتەکە بەوە دەچێت کە پیاوێکی برسی لەسەر قاپێک دابنێیت، کە لەسەر ئەو قاپەدا بەتەواوی تەرکیز لە شەهیەی دەکات و بەخێرایی دەست بەخواردن دەکات. یەکێکی تر بەمێزێکی ئاشنا بکەیت کە خواردنی فەڕەنسی لەسەر بێت: دەتوانێت خۆشترین چێژ لە خواردنەکە وەرگرێت، بەڵام هەر یەکەیان بەشێکە لە بۆچوون و یادەوەری خودی کەسەکە.

خاتوو دین سەرنجی دا قسەکانم و هەندێ کەوتە گومان لە قسەکانم، وتی "ئۆو! ئێمە لێرە وەک هەموو شوێنێکی تر واین، کاتێ کە باش دەمانناسی."

وەڵامم داوە "ببوورە، هاوڕێ باشەکەم، تۆ بەڵگەیەکی بەهێزی دژی ئەو باسە. جگە لە کەمێک بیرکردنەوەی تەسکی ئەو ئەنجامە، تۆ هیچ زانیاریت لەسەر ئەو شێوازانە نییە کە من لە سەریان ڕاهاتووم کە نامۆیە بەچینی ئێوە. بێگومانم لەوەی بیرکردنەوەی تۆ زۆر گەورەترە لە بیرکردنەوەی هەر خزمەتکارێکی دیکە. تۆ ناچار کراوی هەموو توانستی خۆت بخەیتە گەڕ بۆ پێداویستییەکان و بۆ دوور ڕاگرتنی



ژیانت لە کاری پڕوپووچ.

خاتوو دین پێکەنی.

وتی "بێگومان، من خۆم بەکەسێکی سەرفراز و ئاسوودە دەزانم. نەک لەوەی کە لە نێو ئەو گردانە دەژیم و کۆمەڵێک دەم وچاوی دووبارە دەبینم، کۆمەڵێک کاری دووبارە دەکەم، لە کۆتایی ساڵەوە بۆ کۆتایی ساڵ، بەڵکو لەوە خۆم بەئاسوودە و سەرفراز دەزانم کە من دیسپلینێکی بەهێز بەکار دەبەم، کە فێرە ژیری کردووم، پاشان بەڕێز لۆکود من زۆر لەوە زیاترم خوێندووەتەوە کە تۆ خەیاڵت بۆ دەچێت. هەر کتێبێکی بگری لە نێو ئەو کتێبخانەیە من ناوەڕۆکی دەزانم و شتێکی لێ فێر بوومە: تەنانەت ئەوانەشی کە بەزمانی یۆنانی و لاتینی و فەڕەنسیش نووسراون، هەروەها ئەوانەش یەک بەیەک دەزانم: زۆر لەوەش زیاتر کە تۆ پێشبینی دەکەیت لە کچە هەژارێک. بەهەر حاڵ، گەر دوای چیرۆکەکەم بەشێوازێکی گێڕانەوە بکەوم، ئەوا باشترە بەردەوام بم. هەروەها لە بری بازدانی سێ ساڵ، ڕازی دەبم بەوەی کە بچمە سەر هاوینی داهاتوو، هاوینی ساڵی ١٧٧٨، واتە نزیکەی بیست و سێ ساڵ بەر لە ئێستا.

## بەشی هەشتەم

له بەیانی ڕۆژێکی خۆشی مانگی شەشدا یەکەم کوڕی جوان چاوی بەدونیا هەڵێنا. هەر ئەو ڕۆژەش دوا ڕۆژی خێزانی ئێرنشۆ بوو. ئێمە له نێو کێڵگەکەدا خەریکی کا کۆکردنەوە بووین، کاتێ ئەو کچەی که هەمیشە نانی بەیانی بۆ دەهێناین سەعاتێک زووتر بەنێو هەموو مێرگەکاندا ڕای کرد و له دوورەوە بەڕاکردنەوە بانگی منی کرد.

به هاکه هاکەوە وتی "ئای که مناڵێکی چەند جوانە! جوانترین و دواهەمین مناڵە تا ئێستا هەناسەی دابێت! بەڵام دکتۆرەکە دەڵێت دەبێ میسیس بڕوات. دەڵێت ماوەی چەند مانگە زۆر هیلاک بووە. گوێم لێ بوو دکتۆرەکە به بەڕێز هیندلی دەوت: ئێستا هیچ شتێک نییە بیپارێزێت، بۆیە پێشی زستان بێت دەمرێت. تۆ دەبێ هەر ئێستا بێیتە ماڵێ. تۆ دەبێ ئاگەداری بیت، نیلی: دەبێ تۆ شیر و شەکری بۆ ئامادە بکەیت. دەبێ شەو و ڕۆژ چاودێری بکەیت. خۆزگەم بەخۆت، چونکە گەر میسیس نەبێت تۆ بۆ خۆت دەبی بەهەموو شتێک."

کۆڵە کایەکەم لەسەر شانم هێنا خوارەوە و خۆم بەستاوە و پرسیم "ئەو زۆر نەخۆشە؟"

کچەکە وەڵامی دایەوە "پێم وایە زۆر نەخۆشە. بەڵام زۆر ئازایە. کاتێ قسە دەکات وەک بڵێی پیاوێکی لەگەڵدایە قسەی بۆ دەکات. هیچ ئاگای له خۆی نییە و خۆشی لێ براوە، ئای کە چەندە جوانە! گەر من له شوێنی ئەو بام بێگومان نەدەمردم: سەرەڕای قسەکانی دکتۆر کینیس، حاڵم باشتر دەبوو. من زۆر ڕقم لەو هەڵسابوو. دێیم ئارکەر گۆشەکەی بۆ سەرۆک هێنا خوارەوە، له نێو خانووەکە، ڕووەکەی



دەستی کرد بەبریقە بریق، کاتێ پیاوە پیرەکە دێتە پێشەوە و دەڵێت "ئێرنشۆ، خوا ئاگەدارت بێت کاتێ ئەو ژنە بەجێت دێڵێت و ئەو کوڕەت بۆ جێ دەهێڵێت. کاتێ ئەو هات، هەستم بەقایل کردن کرد ئێمە دەبێ ژیانی درێژ بکەین. ئێستاش دەبێ ئەوەت پێ بڵێم، وا دیارە زستان تەواوی دەکات. زۆر خۆت سەغڵەت مەکە، هیچمان بەرامبەر بەدکتۆران پێ ناکرێت.

منیش پرسیم "سەرۆک چۆن وەڵامی دایەوە؟"

وابزانم سوێندی خوارد: بەڵام زۆر گوێم پێ نەدا، چونکە هەر سەیری مناڵەکەم دەکرد." دیسان دەستی کرد به وەسفکردنی مناڵەکە. منیش وەک ئەو بەپەرۆش بووم، خێرا ڕام کرد بۆ ماڵەوە تا له نزیکەوە بەچاوی خۆم بیبینم. هەرچەندە له بەر خاتری هیندلی زۆر پەرێشان بووم. له نێو دڵیدا تەنیا یەک ژوور هەبوو ئەویش بۆ ژنەکەی و بۆ خۆی بوو: بۆ هەردووکان دەژیا بەڵام یەکێکیانی دەپەرست، سەرم لەوە دەرنەدەچوو چۆن هیندلی بەرگەی ئەو کارەساتە دەگرێت.

کاتێ کە گەیشتینەوە بانەکانی وێزەرینگ، لەوێ لە پێشەوەی دەرگاکە وەستابوو، هەرکە بەدەرگاکەدا چوومە ژوورێ و لێم پرسیم "مناڵەکە چۆنە؟"

بە زەردەخەنەیەکەوە وتی "نێلی، هەندەی نەماوە دەست بەغاردانێ بکات"

سنوورم بەزاند و دیسان پرسی "ئەی خێزانەکەت، دکتۆر وتی کە ..."

قسەی پێ بڕیم و سوور هەڵگەڕا و هاواری لێ هەستا "دکتۆرەکە بەنەفرەت بێت! فرانسیس ڕاست دەکات: لەو هەفتەیەدا بەتەواوی چاک دەبێتەوە. ئایا دەچیتە سەرەوە؟ پێی بڵێ من دێم، گەر بەڵێن بدات قسە نەکات. من ئەوم جێ هێشت چونکە هەر کڕ نابێتەوە. پێی بڵێ کە بەڕێز کینیس دەڵێ دەبێ هێمن و ئارام بێت."

من ئەو پەیامەم بەخاتوو ئێرنشۆ ڕاگەیاند. پێ دەچوو ڕوحی باڵە فڕکێی بوو، بەدڵخۆشییەوە وتی "من زۆر بەزەحمەتی وشەی ئێلنم بەگۆدا هات، لەوێ دوو جاران هاتە دەر و دەستی بەگریان کرد. باشە دەی بڵێ بەڵێن دەدەم کە قسە نەکەم: بەڵام ئەوە ڕێگەم لێ ناگرێت کە پێی پێنەکەنم!"

ئای ڕوحی داماو! تا هەفتەیەکیش مابێت لە ژیانیدا دڵە خۆشەکەی قەت پەکی ناکەوێت. بەڵام مێردەکەی ڕۆژ دوای ڕۆژ سوورتر دەبوو لەسەر ئەوەی کە تەندروستی

خێزانەکەی باشتر دەبێت. کاتێ کینیس ئاگەداری کردەوە کە دەرمانەکانی بێ کەڵکە لەو قۆناغەی ئەودا، پێی وت کە پێویست ناکات زیاتر لەوە مەسرەفی لێ بکات، ئەویش وەڵامی بەتووڕەیی داوە "من باش دەزانم کە ئەو تەندروستی باشە و هیچی تر پێویستی بەدەرمانی تۆ نییە! ئەو هەرگیز کێشەی تەندروستی نەبووە. ئەوە تەنیا پەتایەک بوو تەواو. پەتاکەش ڕۆیشت: ئێستا ترپەی لێدانی دڵی وەک هی من هێواش لێ دەدات. هەروەها ڕوومەتەکانی تەڕ و جوانن."

هەمان چیرۆکی بەژنەکەی وت. پێ دەچوو باوەڕی پێ بکات. بەڵام شەوێکیان کاتێ بەسەر ملیدا پاڵی دابووەوە، پێی دەوت کە بەیانی دەتوانێت هەڵسێتەوە، کۆخەیەکی توندی گرت، کۆخەیەکی سادە. لەسەر قۆڵەکانی بەرزی کردەوە. هەردوو دەستی خستە نێو ملیەوە. ڕووی گۆڕا و مرد.

هەر وەک کچەکە پێشبینی کردبوو، هاریتۆنی مناڵ بەتەواوی کەوتە ژێر دەستەکانی من. بەڕێز ئێرنشۆ (هیندلی) بەش بەحاڵی مناڵەکەی زۆر ڕازی و خۆشحاڵ بوو چونکە مناڵەکەی لای من زۆر تەندروستی باش بوو و هەرگیز نەدەگریا. بەڵام بەش بەحاڵی خۆی بەڕێز هیندلی هەمیشە خەمبار و دڵ پڕ لە پەژارە بوو: خەم و ئازار و پەژارەکەی لە هەموو دونیا وێنەی نەبوو، چەشنێکی زۆر جیاواز بوو لە خەم و ئازاری خەڵکی. نە فرمێسکی لە چاوان دەباری نە ڕۆژێک لە ڕۆژان دوعای دەکرد. هەمیشە نەفرەت و سووکایەتی بەهەموو شتەکان دەکرد: سووکایەتی بەخواو مرۆڤ دەکرد. تەواو تێکچوو بوو، بە چ باران هۆشی لە خۆی نەبوو. هیچی تر خزمەتکارەکان بەرگەی ستەمکاری و شەڕانگێزیان نەگرت: تەنیا من و جۆزیف وەک خزمەتکار لای ماینەوە ئەوانی تر هەمووی جێیان هێشت. من دڵم نەدەهات مناڵەکە بەجێ بێڵم، سەرەڕای ئەوەش، دەزانی کە منی بەخوشکی خۆی دەزانی بۆیە من زیاتر ڕەفتارەکانیم پەسەند دەکرد تا بێگایەنەیەک. جۆزیف مایەوە بۆ ئەوەی بەسەر کرێکاران و ئەوانەی خانوو بەکرێ دەگرن فشە فش بکات و بەسەریاندا بشیرێنێت. چونکە پیشەکەی وا بوو، بۆیە زۆر ڕەخنەی لێ دەگیرا لەسەر خراپییەکەی و روحە شەڕانگێزییەکەی.

ڕێگە و هاوەڵە خراپەکانی سەرۆک (هیندلی) نموونەیەکی جوانی خستە بەردەست





هیتکلیف و کاسرین. مامەڵەی لەگەڵ کاسرین بای ئەوەندە هەبوو کە پیرۆزێکی شەڕانگێز دروست بکات. ئەوەی ڕاستیش بێت وا دەرکەوت ئەو ماوەیە هیندلی تووشی جنۆکە بووە و دەستی لەگەڵ شەیتان تێکەڵ کردووە. هیتکلیف زۆر خۆشحاڵ بوو بەوەی کە بەو شێوەیە چاوی بەهیندلی دەکەوێت. هیندلی ڕۆژ بەڕۆژ باری دەروونی و ئەقڵی خراپتر دەبوو. ناتوانم بەچ شێوەیەک باسی ئەو ماڵە دۆزەخییە بکەم کە ئێمە هەمان بوو. مامۆستاکەش لێمان دوور کەوتەو و هیچ کەسی شایستە نەدەهاتە لامان. جگە لە سەردانەکانی ئێدگار لینتن کە بۆ بینینی خاتوو کاسی دەهات. لە تەمەنی پانزە ساڵیدا، کاسی وەک شاژنی وڵاتەکە وا بوو. سەیری کەسی نەدەکرد. بوونەوەرێکی کەللە ڕەق و لووت بەرزی لێ دەرچووبوو. یەک لە بارە خۆم وەک جاران کەیفم پێ نەدەهات. زۆرجاریش لێی نزیک دەبوومەوە و لە بن گوێم دەخوێند بۆ ئەوەی کەمێک لە لووت بەرزییەکەی کەم بکەمەوە: بەڵام هەرگیز جارێک بەگوێی منی نەدەکرد. بەڵام زۆر دڵسۆزی هەبوو بۆ شتە کۆنەکان: تەنانەت هیتکلیفیش هەست و سۆزی بەرامبەر گۆڕابوو. هەتا لینتنی گەنج کە لای کاسرین ژمارە یەک بوو، ئەویش ئینتیباعێکی وای لەسەر نەبوو. ئەو سەرۆکی دواترم بوو: ئەو وێنەیەی کە لەسەر ئاگردانەکەیە. جاران وێنەی وی لە لایەک و هی ژنەکەشی لە لایەکی دیکەوە. بەڵام هی ئەو لابرا، یان هەر کەسێکی دیکە شتێک لەو بەدی بکات. دەتوانی سەری لێ دەربکەیت؟

خاتوو دین مۆمەکەی بەرز کردەوە، لە وێنەکەی بەرامبەرم ڕووێکی نەرم و هێمنم بەدی کرد، زۆر شێوەی لەو خانمە گەنجە دەکرد کە لە بانەکانی وێزەرینگ بوو، بەڵام لە سوالفە کردندا ڕوو خۆشتر و ژیر تر بوو. وێنەیەکی شیرینی دروست کرد. قژە درێژ و بەبریقەکەی بەسەر لاری و لەنجەی لوول هاتبووە خوار، چاوەکانی گەورە و جدی بوون، تەواوی لەش لاری نەرم و نیان و میهرەبان بوو. من سەرم لەوە دەرناچێت چۆن کاسرین ئێرنشۆ توانیویەتی ئەو هاوڕێیە ڕوح و دەروون جوانە لە بیر بکات، کە یەکەم هاوڕێشی بووە. بەڵام لەوە تێگەیشتم کە چۆن ئەو خەیاڵی ڕۆیشت بوو و فیکرەی کاسرین ئێرنشۆی لە لا دروست ببوو.

" تێبینی خۆم بەخزمەتکارەکە وت "وێنەیەکی زۆر دڵخۆشکەرە. بەڕای تۆش وانییە؟"

وەڵامی دایەوە "بەڵێ وایە. بەڵام شێوەی باشتر دەکرد کاتێ ئەو لە ژیاندا بوو. واتە قسە و گوفتاری ڕۆژانەی کە بەگشتی چەشنێکی ڕۆحیانە بوو."

کاسرین لە ماوەی ئەو پێنج هەفتەیەی کە لەگەڵ لینتنەکانی بەسەر برد تەواو ڕەنگ و خولقی ئەوانی هەڵگرتبوو، خۆش لەگەڵیان ڕاهات بوو. بەهیچ شێوەیەک ئەو میزاژە توورە و توندی لەگەڵ ئێمەی هەبوو لەگەڵ ئەوانی بەکار نەدەهێنا. هەمیشە شەرمی دەکرد خۆی توورە و توند بکات لەگەڵ ئەوان چونکە فێری ڕەفتاری نەرم و نیان و لەسەر خۆ کرابوو لەوێ. بێ ئەوەی هۆشی لەسەر خۆی بێت خۆی بەسەر خانم و پیاوە پیرەکە دەسەپاند لە ڕێگەی ژیری و ئاقڵییەکەی. لە ئیزابێلا شێوە سەرنج ڕاکێشەکەی و لە براکەشی دڵ و ڕوحی وەرگرتبوو: هەموو ئەو دەسکەوتانە لە یەکەم شوێنەوە ئەویان دەلاواندەوە - چونکە دەروونی پڕ بوو لە تموح و شتی بەرز. ئەمە وای لێ کرد کە سیفەتێکی تر وەربگرێت بەبێ ئەوەی نیازی دەسخەرۆکردنی کەسی هەبێت. لەو شوێنەی کە گوێی لەوە بوو کە هیتکلیف گۆڕاوە و گەنجێکی دەم ڕووت و بێ ئەدەبی لێ دەرچووە، پێیان دەگوت کە هیتکلیف ئێستا لە وەحش و دڕندان خراپترە. کاسرین لەوە ڕا گرنگی بەخۆی دا بۆ ئەوەی وەک ئەو نەکات، لە ماڵیشدا هەوڵی دەدا بەئەدەبەوە ڕەفتار بکات بەڵام فەڵتەی دەدا و ڕەفتارەکانی دەبووە مایەی پێکەنینی هەمووان. ڕەفتارەکانی بای ئەوەندە بوو کە سروشتە بێ ڕێزەکەی بشارێتەوە بەڵام نە متمانە و نە ستایشی بۆ دروست کرد.

بەڕێز ئێدگار بەدەگمەن دەوێرا بەکراوەیی سەردانی بانەکانی وێزەرینگ بکات، چونکە زراوی لە ناوبانگی ئێرنشۆ چووبوو، بۆیە هەر خۆی لێ دەشاردەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە بەنهێنی بەباشترین شێوە پێشوازیم لێ دەکرد: سەرۆک (هیندلی) خۆیشی حەوسەڵەی ئەوەی نەبوو بێزاری بکات و بزانی بۆچی هاتووە. گەر ڕوویشی لەگەڵ خۆش نەبوایە خۆی نیشان نەدەدا.

بەڵام پێ دەچوو کە تووک و نەزەری لەگەڵ کاسرین خۆش نەبوو. کاسرین ژیر نەبوو. هەرگیز یاری نەدەکرد و هەمیشە خۆی سەنگین نیشان دەدا. هەمیشە بەربەست بوو لە بەردەم دوو هاوڕێکەی و نەیدەهێشت یەکتری ببینن. چونکە کاتێ هیتکلیف بێ ڕێزی لە حوزور لینتن نواند، کاسرین دڵی نیمچە گران بوو، هەروەها



کاتێکیش لینتن بەخراپی باسی هیتکلیفی دەکرد لای، کاسرین بەوەش هەر نیمچە سەر گران دەبوو. نەیدەوێرا ئیحساسەکانی بۆ هیتکلیف لای لینتن بدرکێنێت، وەک بڵێی ئەو کوڕە هەرگیز ڕۆژێک لە ڕۆژان هاوڕێی ژیان و یاریکردن و ڕوحی نەبووە. زۆر پێکەنینم بەهەڵسوکەوت و گۆڕانەکانی دەهات. ئەویش هەمیشە خۆی لە گاڵتە و گەپی من دەشاردەوە. ئەمەیە سروشتی بوودەڵە: بەڵام زۆر شانازی بەخۆیەوە دەکرد و لووتی لە تاقی ئاسماندا بوو، بابایەک نەیناسێت وا دەزانێت هەرگیز ناخۆشی و ئازاری نەبینیوە. هەرگیز سەرکۆنە نەکراوە و گاڵتەی پێ نەکراوە. لە کۆتاییدا خۆی دانی پێ نا و لای من درکاندی: هیچ کەسێکی تر نەبوو بیکات بەئامۆژگارکەر و زمانحاڵی خۆی.

بەڕێز هیندلی پاش نیوەڕۆیەک لە ماڵێ چووبووە دەرەوە، بۆیە هیتکلیف ئەو هەلەی قۆزستەوە و ئەو ڕۆژەی کرد بەپشوو. وابزانم ئەو کاتە تەمەنی گەیشتبووە شانزە ساڵان و سیفەتە خراپەکانی نەمابوو. هەڵسوکەوتی وا دەکرد کە ئینتباعێکی لەسەرخۆی دروست کردبوو ، وا پێ دەچوو کە هەرگیز ئەو کوڕە ڕەفتاری وای نەکردووە، هیچ پاشماوەیەکی ڕابردووی پێوە دیار نەبوو. پێش هەموو شتێ، ئەو قیچە پەروەردەیەی پێشتر بەدەستی هێنابوو لە بیری کردبوو: هەمیشە کاری دەکرد، زوو دەستی بەکار دەکرد و درەنگ تەواو دەبوو، ئەو سیفەتەی نەما بوو کە جاران زۆر حەزی لەوە بوو شت فێر بێت و زانیاری کۆ بکاتەوە، هیچ حەزی لە کتێب و فێربوون نەدەکرد. ئەو هەستەی کە لە منداڵی هەیبوو، بەڕێز ئێرنشۆی باوکی هیندلی لە ناخیدا چاندبووی، ئەو هەستەشی نەمابوو. بۆ ماوەیەکی زۆر ڕەنج و کۆششی دا لە دیراسەکانی یەکسان بێت لەگەڵ کاسرین، بەڵام دەستی لە هەموو ئەو شتانە هەڵگرت هەرچەند لە ناخەوە پەشیمانیشی پێوە دیار بوو: بەتەواوی وازی لە هەموو شتێک هێنا، هیچ سەرکەوتن یان پاڵنەرێک نەبوو وای لێ بکات هەنگاوێک بەرەو پێشەوە بچێت، کاتێ درکی بەوە کرد کە دەبێ لە ژێر ئاستی پێشووی نغرۆ بێت. پاشان ڕوخساری دەرەوەی لەگەڵ خراپی باری مێشکی تێکیان کردەوە: سەر و سیمایەکی خەماوی و بێ ناز و شکانەوەی لێ دروست ببوو. هەموو سروشتی ئەو کوڕە لە تۆڵە سەندنەوەیەکی دەمارگیرانەدا گیرسایەوە. دڵخۆشییەکەشی هەر بەتوندی بوو. کاتێ بیری لە تۆڵە دەکردەوە زۆر دڵی خۆش دەبوو، وای دەزانی تەنیا

ئەو لەسەر ئەم زەوییەدا دەژیت.

هاوڕێیەتی نێوان کاسرین و هیتکلیف هێشتا ڕوحی لە بەر مابوو کاتێ هیتکلیف هەندێ جار خۆی لە کارەکانی دەدزیەوە و یەکتریان دەبینی، بەڵام بەهیچ شێوەیەک ئارەزوو و هەست و سۆزی بۆ کاسرین بە وشە جوانەکانی دەرنەدەبڕی وەک جاران، هەروەها لە ناخەوە تووڕەیییەکی سەیر دایگرتبوو لە هەڵسوکەتی کچانەی کاسرین، وەک بڵێی هەرگیز ئەو کوڕە ڕۆژێک لە ڕۆژان هەست و سۆزی بۆ ئەو کچە لە گۆ نەهاتووەتە دەر. لەسەر ئەو بۆنەی ناوبراو هاتە نێو خانووەکە بۆ ئەوەی ڕابگەیەنێت کە هیچ شتێک ناکات، کاتێ من یارمەتی کاسیم دەدا جلەکانیم لەگەڵ ڕێک دەخست: کاسرین هەر خۆی لە بوورێ نەبرد و تەقەی سەری دەهات، وای دەزانی ئەو شوێنە تەنیا هی خۆیەتی یان تەنیا خۆی لەو شوێنەیە. بەهەر شێوەیەک بێت کاسرین خەبەری بۆ بەڕێز ئێدگار نارد کە برای لەوێ نییە و ئەویش ئامادەیە پێشوازی لێ بکات.

هیتکلیف پرسیاری لێ کرد "کاسی پاش نیوەڕۆ سەرقاڵی چیت؟ ئایا بەنیازی بچیت بۆ هیچ شوێنێک؟"

کاسی وەڵامی داوە "نەخێر، وا باران دەبارێت."

ئەویش وتی "ئەی بۆچی ئەو فوستانە ئاوریشمییەت لە بەر کردووە؟ کەس دێت بۆ ئێرە؟"

بە دوودڵییەوە خاتوون وتی "ئەوەی من ئاگەدار بم کەس نایەت. بەڵام هیتکلیف ئێستا تۆ دەبێ لە کێڵگەکە بیت. ئەوە سەعاتێک بەسەر نانی ئێوارەدا تێپەڕی: وام زانی تۆ ڕۆیشتووی."

هیتکلیف وتی "گەر هیندلی لێرە بێت بەهیچ شێوەیەک ئازادمان ناکات. من ئەمڕۆ هیچ کارێک ناکەم تەنیا لەگەڵ تۆ دەمێنمەوە."

کاسی وتی "وا باشترە بڕۆیت چونکە گەر جۆزیف من و تۆ پێکەوە ببینێت بەهیندلی دەڵێت!"

" جۆزیف وا کلس بار دەکات لە پێنیستۆن کراگز. ئەو بەئێمە نازانێت چونکە تا دونیا تاریک دەبێت ئەو کارەی پێ تەواو ناکرێت.



هیتکلیف ئەمەی وت و لە ئاگرەکە نزیک بووەوە و دانیشت. یەکسەر کاسی ئەبرۆکانی پەشۆکا و ڕەنگی پەڕی. بۆیە بەپێویستی زانی ڕێگەیەک بدۆزێتەوە و خۆی لەو هەڵوێستە دەرباز بکات بۆیە وتی "ئێدگار و ئیزابێلا بەتەمای ئەوەن ئەم پاش نیوەڕۆیە بێن بۆ ئێرە. "پاش ئەوەی بۆ ماوەی خولەکێک هەر دوو لا بێدەنگ بوون. کاسی وتی "لە بەر ئەوەی باران دەبارێت، باوەڕ ناکەم بتوانن بێن، بەڵام لەوانەشە بێن، بۆیە گەر بێن، گیانی تۆ دەکەوێتە مەترسی و لەسەر ئەو کارە سەرکۆنە دەکرێیت."

هیتکلیف لەسەر قسەکانی سوور بوو "کاسی، بەئێلن بڵێ کە تۆ ئەو پاش نیوەڕۆیە سەرقاڵی. لە بەر خاتری ئەو هاوڕێ بەبەزەیی و گەمژانەت من بەدەرەوە مەنێ! هەندێ جار دێتە سەرم و دەڵێم کە ئەوان ..."

کاسی بەڕوویێکی ناخۆشەوە سەیری کرد و قیژەی هات "کە ئەوان چی؟" سەری لە ژێر دەستی من دەرهێنا کاتێ من خەریکی جوانکردنی قژی بووم، بە پەستییەوە وتی "ئۆه نێلی تۆش قژەکەمت زۆر بەناشرینی داهێناوە! ئەوەندە بەسە واز بێنە، بۆ خۆم دەیکەم. هیتکلیف دەتەوێ باسی چی بکەیت و ناڕەزایی چی دەردەبڕیت؟"

هیتکلیف بەدەست ئاماژەی بۆ ئەو پارچە کاغەزە کرد کە بەدیوارەکەوە هەڵواسرابوو، وتی "هیچ. تەنیا سەیری ئەو ڕۆژ ژمێرەکەی سەر ئەو دیوارە دەکەم! ناڕەزایی و تووڕەیییەکەم لەسەر ئەوەیە کە دوێنێ ئێوارەت لەگەڵ نەوەی لینتنەکان بەسەر برد. باسەکەی من ئەوەیە کە لەگەڵ منت بەسەر نەبرد. تێگەیشتی؟ من هەموو ڕۆژێ ئاماژەم پێ کردووە."

کاسرین بەتۆنێکی هیچ و پووچانە وەڵامی دایەوە "بەڵێ تۆ زۆر بە شێت دەچوویت. کوا مانای ئەوەی لە کوێیە؟"

هیتکلیف وتی "بۆ ئەوەی ئەوە نیشان بدەم کە من بەدڵنیاییەوە تێبینی شت دەکەم"

زیاتر خۆی گرژ کرد و پرسی "باشە دەبێ من تا هەمیشە لەگەڵ تۆ دابنیشم؟ چ سوودێک وەردەگرم؟ تۆ باسی چیم لەگەڵ دەکەی؟ تۆ هەر شتێک بۆ خاتری خۆشی من دەیڵێی قسەی منالان یان گەمژانە، وەک مرۆڤە ساویلکەکان وایت، هەر کارێک

دەکەیت بێ هوودەیە!"

هیتکلیف گرژتر و مۆنتر وتی "کاسی تۆ پێشتر هەرگیز بەمنت نەوتووە کە من قسە زۆر ناکەم یان باسی شتی هیچ دەکەم، یان هەرگیز بەمنت نەوتووە کە حەز بەهاوڕێیەتی من ناکەیت!"

بە منگە منگ و شەرمەزارییەوە، وتی "بەهیچ شێوەیەک ئەوە هاوڕێیەتی نییە کاتێ خەڵکی هیچ نەزانن و هیچ شتێک نەڵێن."

هاوڕێکەی هەڵسایەوە سەر پێ، بەڵام کاتی ئەوەی نەبوو هەستەکانی زیاتر دەربڕێت چونکە تەقە تەقی ناڵەی ئەسپەکان هاتە ژوورێ، بەنەرمی لە دەرگا درا، لینتنی گەنج (ئێدگار) هاتە ژوورەوە، ئەو پەڕی خۆشی بەدەم و چاویەوە نووسا بوو. کاسرین پێشبینی ئەوەی نەدەکرد ئاوا زوو بێن. کاسرینی بێ گومان و خەیاڵ بەرز جیاوازی کرد لە نێوان هاوڕێکانی، هەرکە یەکێکیان هاتە ژوورەوە ئەوی تریان (هیتکلیف) چووە دەرەوە. لەو ساتەدا لینتن و هیتکلیف چاویان بەیەکتری کەوت، مرۆڤێکی دڵخۆش و تێر بەرامبەر بە مرۆڤێکی خەمبار و برسی. دەنگ و سەلام کردنەکەی لەگەڵ شێوازەکەی تێک دەگیران. شێوازی قسە کردنی شیرین و نزم بوو، وشەکانی بەو شێوەیەی ئێمە لە گۆ دەهاتە دەر: تەنانەت هێمنتر لەوەی کە ئێستا ئێمە قسە دەکەین.

من تازە دەستم بەکۆکردنەوەی قاپ و قاچاغ و ڕێکخستنەوەی چەکمەجەکانی نێو ژوورەکە کردبوو. لینتن سەیرێکی منی کرد و وتی "خۆ زۆر زوو نەهاتوومە، هێشتا زۆر زووە ها"

کاسرین وەڵامی داوە "نەخێر. نێڵی تۆ چی دەکەیت لێرە؟"

وەڵامم داوە "خاتوون بۆ کارەکەم. بەڕێز هیندلی فەرمانی پێ کردبووم کە سێیەم ئاهەنگ دروست بکەم لە بەر هەر سەردانێکی تایبەتی کە لینتن هەڵیدەبژێرێت.)

کاسرین بەئەسپایی خۆی گەیاندە پشت من و پێمی وت "خۆت و شتەکانت لاچن لێرە. کاتێ کە میوانێک دێتە ناو خانوو خزمەتکار بۆیان نییە قسە بکەن و شتەکانی ئەو ژوورە پاک بکەنەوە!"

منیش بەدەنگێکی بەرز وەڵامم داوە "ئێستا دەرفەتێکی باشە چونکە سەرۆک



(هیندلی) لێرە نییە. ئەو ڕقی لێمە خۆم خەریکی پاککردنەوەی ئەو شتانە بکەم کاتێ ئەو لێرە بێت. بێگومانم لەوەی کە بەڕێز ئێدگار دەمبەخشێت."

خانمە گەنجەکە (کاسی) نەیهێڵا میوانەکە قسە بکات و بە پەستییەوە وتی "منیش ڕقم لێتە لە بەر چاوی من ئەو شتانە پاک دەکەیتەوە. لە داپۆشین و شاردنەوەی ئەو بارە نائارامەی خۆی کە لە ئەنجامی دەمەتەقێ بچووکەکەی لەگەڵ هیتکلیف دروست بوو.

نەبەزانە لە کارەکەم بەردەوام بووم و وەڵامم داوە "خاتوو کاسرین، بمبەخشە بۆ ئەو کارەم"

کاسرین وای زانی ئێدگار ناتوانێ ئەو ببینێت بۆیە پارچە پەڕۆیەکەی لە دەستم بەتوندی دەرهێنا و مۆڕەیەکی لێ کردم، تا ماوەیەک بە مۆنی تێم ڕاما و بێ شەرمانە قۆڵی منی ڕاکێشا. هەروەکو وتم من ئەوم خۆش نەدەویست، بەتایبەتیش کە ئێستا لووتی بەرز بووە و بەرز دەڕوانێت: لەگەڵ ئەوەشدا زۆر ئازاری روحی دام. بۆیە منیش تا هێزم هەبوو لە ئەژنۆمەوە هێزم کۆکردەوە و قیژاندم "ئا خاتوون ئەوە فێڵێکی بێ مووە! تۆ مافی ئەوەت نییە قۆڵم ڕاکێشی، منیش ئەوەت لێ قەبووڵ ناکەم."

پەنجەکانی دەخوران بۆ ئەوەی جارێکی تر لێمداتەوە و گوێیەکانی سوور هەڵگەڕابوون، هاواری لێ هەستا "من دەستم لە تۆ نەداوە، هەی درۆزنی بەدفەڕ" هێند قینچکە تەنگ بوو هەرگیز توانای ئەوەی نەبوو ئیحساسی بێزاری بشارێتەوە. هەمیشە بەبچووکترین شت ئاگری تێ بەر دەبوو.

منیش خۆم لێ قووت کردەوە و خۆم پێ نیشان دا و وتم ؟ ئەی ئەوە چییە خانم؟"

لێم هاتە پێشەوە، ساتێک دوودڵ بوو، پاشان خۆی پێ نەگیرا و روحە بەرز خوازەکەی بەرچاویان تاریک کرد و شەپازللەیەکی لە ڕوومەتم دا: زللەیەک کە هەردوو چاومی پڕ کرد لە ئاو.

لینتن خۆی تێ قورتاند و وتی "ئای کاسرینی خۆشەویست، کاسرین!" زۆر حەپەسا بەو دوو هەڵە گەورە و ئەو هەستە پڕ لە ڕق و توندوتیژە، لینتن لەسەر خۆی حیسابی کرد.

هەموو گیانی دەلەرزی و وەڵامی دایەوە "ئێڵن لەم ژوورە برۆ دەرەوە!"

هاریتۆنی بچووک کە بۆ هەموو شوێنێک بەدوامەوە بوو، لە نزیک من لەسەر ئەرزەکە دانیشت. کاتێ فرمێسکەکانی منی بینی ئەویش زۆر بەغەریبی دەستی کرد بەگریان، بەدەم هەنسکەوە نارەزایی دەربڕی و وتی "پلە کاسی زۆر بێ ڕەحم و خراپە" ئەمە کاسی شێت کرد و بۆ سەرە بەدبەختەکەی ئەو: شانەکانی گوشی و لەراندییەوە تا مناڵە بەستە زمانەکە هاتە سەرخۆی، ئێدگاریش دەستەکانی گرت بۆ ئەوەی لێی نەدات. ڕەفتارێکی ڕاستەقینەی خودی کاسی بوو. پیاوە گەنجە حەپەساوەکەش هەستی بەوە کرد کە ئەو هەڵەیە بەسوعبەت نەبوو. چاوەکانی ئەبڵەق وەستا بوون. بەقۆڵەکانم هاریتۆنم بەرز کردەوە لەگەڵی چوومەوە موبەقەکە، دەرگاکەم بە کراوەیی جێ هێشت، چونکە حەزم لێ بوو بزانم چۆن باسی ناکۆکییەکەیان دەکەن. میوانە ڕیسوا کراوەکە چووە ئەو شوێنەی کە کڵاوەکەی لێ دانا بوو، ڕەنگی پەڕی بوو، لێوەکانی تەتەرەی دەکرد.

بە خۆم وت "وەڵا بابە ئەوە خۆشە. ئاگەداری وەرگرە و ون بیت لەو بەر چاویان! خۆشەویست دەبی گەر جارێک لە بەردەمیان راست بیتەوە."

کاسرین چووە لای دەرگاکە و پرسی "بۆ کوێ دەچیت؟"

ئەویش خۆی دایە لایەک و هەوڵی ڕۆیشتنی دا.

بە پاڕانەوە وتی "تۆ نابێ بڕۆیت!"

بە دەنگێکی نێرانەوە وتی "من دەبێ بڕۆم، هەر دەبێ بڕۆم."

دەسکی دەرگاکەی گرت و پێی داگرت و وتی "نەخێر، ئێستا نارۆی ئێدگار لینتن. دانیشە. بەو میزاژەوە بەجێم ناهێڵی. گەر بڕۆی تەواوی ئەو شەوە خەمبار دەبم، بۆ تۆش خەمبار نابم!"

لینتن پرسی "دەتوانم بمێنمەوە پاش ئەوەی تۆ لە منت دا؟"

کاسرین بێدەنگ بوو.

ئەو بەردەوام بوو "تۆ منت تۆقاند و ڕیسوات کردم. جارێکی تر نایەمەوە ئێرە!"

چاوەکانی کاسرین دەستیان بە نزا کرد و پێڵووەکانی ورتە ورتیان بوو.

ئێدگار وتی "تۆ بەئەنقەست ڕاستت پێ نەوتم!"



هاواری لێ هەستا، قسەکانی ڕاست کردەوە "بەئەنقەست نەبوو! هیچ شتێکم بەئەنقەست نەکردووە. باشە دەی گەر پێت خۆشە برۆ، برۆ لێرە دەی! هەر ئێستا منیش دەست دەکەم بەگریان، ئەوەندە دەگریم تا نەخۆش دەکەوم!"

لە لای کورسییەک، کەوتە سەر ئەژنۆکانی و گریانێکی بەکوڵ هەموو لەشی لەراندەوە. ئێدگار کە سوور بوو لەسەر بڕیارەکەی، لە نێو حەوشەکە لەنگەری گرت. منیش بڕیارم دا هانی بدەم.

دەنگم هەڵبڕی "گەورەم، خاتوون زۆر لووت بەرزە. وەک منداڵان ڕکەی گرتووە: باشترە سواری ئەسپەکەت بیت و بچیتەوە ماڵێ، ئەگینا هەر ئێستا نەخۆش دەکەوێت و خەم دەداتە هەردووکمان."

شتە بوودەڵەکە بەگومانەوە لە نێو پەنجەرەکەدا ڕوانی: ئێدگار دەسەڵاتی بەقەد پشیلەیەک بوو کە مشکێک بەنیو مردوویی یان باڵندەیەک بەنیوە خوراوی بەجێ دێڵێت. بیرم کردەوە کە هیچ شتێک نییە بیگەڕێنێتەوە: تازە بڕیاری پیاوانەی خۆی دابوو، وا پێ دەچوو بەرەو چ ڕەنووسی خۆی ڕێ بکات! هەر بەم شێوەیەش بوو: لەپڕا خۆی کرد بەژوورەوە، خێرا چۆوە نێو خانووەکە و دەرگای لە پاش خۆی داخست. کاتێک منیش چوومەوە ژوورێ بۆ ئەوەی پێیان ڕابگەیەنم کە هیندلی بە سەرخۆشی گەڕاوەتەوە ماڵێ، ئامادە بن هەموو شوێنەکە بۆ کوێمان ڕاکێشن (لەو حاڵەتەدا چێوەی ئاسایی مێشکی). بینیم کە شەڕە قسەکە تازە گەرم دەبوو، تازە هەردوو لا شەرمیان لێکدی شکابوو. تازە خۆیان بۆ یەکدی ئاشکرا دەکرد، تازە دڵ و دەروونیان بۆ یەکتر دەدرکاند و لە بازنەی هاوڕێیەتی هاتنە دەر و دانیان بە خۆشەویستی یەکتر نا.

هەواڵی گەیشتنەوەی بەڕێز هیندلی زۆر بەخێرایی لینتنی ڕاپێچی ئەسپەکەی کرد و کاسرینی ڕەوانەی ژوورەکەی کرد. من چووم هاریتۆنی بچووک بشارمەوە، چەکە بچووکەکەی سەرۆک بشارمەوە کە زۆر حەزی لێ بوو بەو هەستە شێتانەوە یاری لەگەڵ بکات. بۆ خستنە مەترسی ژیانی ئەو کەسەی کە ورووژێنراوە، یان تەنانەت زۆر سەرنجی ڕاکێشاوە، منیش پلانی لابردنیم دا، چونکە لەوانەیە گەر چەکی پێ نەبێت هەڵەی کەمتر بکات.

# بەشی نۆیەم

هیندلی هاتە ژوورەوە، سوێندی دەخوارد و قسەی هەڵیت و پەڵیتی دەکرد کە بەئاستەم بەبەر گوێم دەکەوتن. منی بینی کە کوڕەکەیم لەسەر کەوەنتەری موبەقەکە دادەنا. هاریتۆن حەپەسابوو و ترس و تۆقین تەواوی جەستەی دەهەژاند یان ئەوەتا بەهۆی خولیا وەحشیگەرانی و دڕندەکەی یانیش بەهۆی ڕادەی شێتاتی باوکی بوو، چونکە بەدوای دەرفەتێکدا دەگەڕا ڕا بکات نەوەک بگووشرێت ماچێکی مردنی لێ بکرێت، یانیش ڕا بکاتە لای ئاگرەکە، یانیش بەپێچەوانەی دیوارەکە ڕا بکات. مناڵە بێدەنگەکەش هەر بەهێمنی مایەوە، لە هەر شوێنێکم دانابا هەر هێمن و ئارام دەژیرا.

هیندلی بەپێستی ملم منی وەک سەگ ڕاکێشا و هاواری لێ هەستا "ئا ئەوەتا لەوێیە، هەر دۆزیمەوە!" سوێند بە بەهەشت و دۆزەخ دەخۆم ئێوە لە نێوە خۆتان سوێندتان خواردووە ئەو مناڵە بکوژن! ئێستا دەزانم بۆچی هەمیشە لە من دوورە. بەڵام بەیارمەتی شەیتان، وات لێ دەکەم ئەو چەقویە قووت بدەی، نیلّی! پێویست ناکات پێ بکەنی، چونکە هەر ئێستا تێر و پڕم لە کینیس داوە، سەر و دەم و چاویم تێک شکاندووە. دوو واتە یەک، دەمەوێ هەندێک لە ئێوەش بکوژم: تا نەتانکوژم ناحەسێمەوە!"

وەڵامم دایەوە "بەڕێز هیندلی حەز ناکەم بەچەقۆ بمکوژی. ئەو چەقۆیە هەر شتی پیسی پێ بڕاوە. گەر حەز دەکەیت بمکوژی بە فیشەکێک لە کۆڵم کەوە."

وتی "تۆ باشترە بەنەفرەت بی! هەر بەنەفرەتیش دەبی. هیچ یاسایەک نییە لە



ئینگلتەرا ببێتە بەربەست لە بەر دەم هەر کەسێک بیەوێت ماڵەکەی بەجوانی ڕابگرێت، بەڵام ماڵەکەی من بەدۆزەخ دەچێت! چەقۆیەکی گرتە دەست و وتی "دەمت بکەرەوە" چەقۆیەکەی تا نێوان ددانەکانم هێنا: بەڵام بەش بەحاڵی خۆم لە ژیانمدا ئەوەندە لە دڕندایەتییەکەی نەترساوم. هاوارم کرد کە بەم شێوەیە مردن زۆر ناخۆشە. من لەسەر هیچ حیسابێک ئەوە وەرناگرم.

وتی "ئۆو! "ئازادی کردم. "ئەو دڕندە بچووکە هاریتۆن نییە: نیلّ داوای لێبوردن دەکەم. گەر هەو بێت، چما بەقوربانی یەک فیشەکی ناکەم من ببینێت و پێشوازیم لێ نەکات. بۆ هاوار کردن من وەک جنۆکەم لێ هاتبوو. شتێکی سروشتی نییە. وەرە ئێرە! فێرت دەکەم چۆن باوکێکی وێڵ و دڵ باش بسەپێنیت. ئێستا، پێت وا نییە ئەو کوڕە لە من قۆزتر دەبێت؟ لە سەگ دڕندەتر دەبێت، منیش کەیفم بەسەگی دڕندە دێت. مەقەسێکم بۆ بێنە، شتێک کە تیژ و ڕێک بێت! سەرەڕای ئەوەش، ئەمە سۆزێکی دۆزەخییە - شێوەیەکی شەیتانییە، دەبێ هەر پاداشتی گوێکانمان بدەینەوە - ئێمە بەبێ ئەوان هیچ نین. وس مناڵەکە وس! بەهەر حاڵ ئەمە خۆشەویستی منە! وەیش دەی چاوەکانت وشک بکەوە، ها ئەوەتا خۆشیم بۆ هێناوی، ماچەکی بابەی. ئەوە چییە؟ ماچی بابەی ناکەی؟ دەی هاریتۆن ماچم بکە! بەنەفرەت بی ماچم بکە! بەخوا دەڵێی من وەحشی بەخێو دەکەم! چۆن دەزانم دەژیم ئاوا دڵنیام ملی ئەو مناڵە دەشکێنم. "

هاریتۆنی قوڕ بەسەر بەهەموو هێزی بەپەنجەکانی لە قۆڵی باوکی دەدا، هەروەها کاتێ هەڵیگرت و بەرزی کردەوە گریانەکەی زیاتر بوو. منیش هاوارم کرد کە ئەو مناڵە لە ترسان زراوی دەڕژێت بۆیە ڕام کرد تا ڕزگاری بکەم. هەرکە گەیشتمە لای ئەوان، هیندلی گوێی قوڵغ کرد بۆ ئەو دەنگە دەنگەی لە خوارەوە دەهات. ئەوەی لە بیر چوو کە مناڵەکەی لە نێو دەستەکانی دایە. گوێی لێ بوو یەکێک دێتە سەرەوە، پرسی "ئەوە کێیە؟ منیش خۆم چەماندەوە بۆ گوێگرتن، بەمەبەستی ئەوەی ئاماژە بەهیتکلیف بکەم چونکە هەر بەڕۆیشتنەکەی ناسیمەوە، بۆ ئەوەی زیاتر نێتە پێشەوە. لە شوێنێک وەستام تا هاریتۆنیشم لێ دیار بێت. بازێکی کتوپڕی دا، ویستی خۆی بەشتێک بگرێتەوە، نەیتوانی هۆشی لە خۆی نەبوو بۆیە کەوتە خوارەوە.

کاتمان زۆر کەم بوو بۆ ئەوەی بزانین لەو ترس و تۆقینەدا مناڵەکە سەلامەتە یان نا. لە ساتێکی هەستیار هیتکلیف گەیشتە خوارەوە. بەڵێدانێکی سروشتی گرتی، لەسەر قاچەکانی داینا، سەیری کرد تا نووسەری ڕووداوەکە ببینێت. فریاد ڕەسێک کە بەختی هەبوو لە یانەسیبی پێنج شلینگی، پاشان ڕۆژی دواتر دەچێت تەماعی دەکات و پێنج هەزار پاوند دەدۆڕێنێت، نەیدەتوانی خۆی بخاتە ڕوو چونکە بەڕێز هیندلی لە سەرەوە ڕاگرتبوو. ئەو کارەی قورسترین ئازاری دەربڕی، خۆی بەئالەتێکی تۆڵە سەندنەوە دەزانی. ئەم کارەی زۆر بەسادەتر کرد لەوەی کە وشە دەریدەبڕێت. گەر تاریک بوایە دەتوانم بڵێم کە لەسەر هەنگاوەکان کەللەی هاریتۆنی دەهاڕی. بەڵام هیتکلیف وەک فریاد ڕەسێکی روحانی دەرکەوت، منیش لە ژێرەوە دڵم لەسەر سەد لێی دەدا. هیندلی بەشەرم و ڕیسوایی و هێمنییەوە چووە خوارەوە. بەم شێوەیە هیتکلیف من و هاریتۆنی لە دەست هیندلی شێت ڕزگار کرد.

وتی "ئێلەن، هەڵەی تۆ بوو. دەبوایە لە بەر چاوم لای ببەی: دەبوایە لە منت وەرگرتبا! هیچ شوێنی بریندار نەبووە؟"

بە تووڕەیی وتم "هەر بریندار! گەر نەمردبێت باشە، ئەوە زۆر گەمژەیە! ئۆوه! هەر چا نییە دایکی لە قەبری ڕاست نابێتەوە و ببینێت بزانە چۆنت مامەڵە لەگەڵ کردووە. تۆ لە دڕندان خراپتری، چۆن بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ خوێن و گۆشتی خۆت دەکەی!" هەوڵی دا دەست بکاتە مناڵەکە، کە لە باوەشی مندا بوو، ڕاستەوخۆ تۆقینەکەی بەهەنسک دەربڕی. بەڵام، کاتێ باوکی یەکەم پەنجەی بۆ درێژ کرد دیسان دای لە زرمەی گریان، مووچڕکێکی بەلەشیدا هات.

بەردەوام بووم "تۆ نابێ تەداخولی ئەو بکەیت! ئەو ڕقی لە تۆیە - هەموو ڕقیان لە تۆیە - ئەوە ڕاستییەکەیە کە دەبێ گوێت لێ بێت! تۆ خێزانێکی دڵخۆشت هەیە. تۆ ئێستا لە حاڵەتێکی جوانیت!"

پیاوە گومڕایەکە پێکەنی و وتی "هێشتا ماوەمە، حاڵم لەوە جوانتر دەبێت. ئێستا، خۆت و ئەو بپارێزە. ئەو هیتکلیفەش ڕەش بکەرەوە! لە بەر چاوی من لایبەرە. ئەمشەو ناتانکوژم. خەیاڵم پێم دەڵێت کە ئەو کاتەی خانووەکە دەسووتێنم، مێژووی ئێوەش لەگەڵ خانووەکە دەسووتێنم."



کاتێ ئەو قسەی کرد بوتڵێک براندی (شەڕاب) لە موبەقەکە هێنا و بە مەستییەوە قومێکی هەڵدا خوارەوە.

وتم "نەخێر نا! بەڕێز هیندلی ئاگەدارت دەکەمەوە. گەر تۆ گوێ بەخۆت نادەی ئەوە گرنگ نییە، بەڵام بەزەییت بەو مناڵە بەدبەختە بێتەوە!"

وەڵامی دایەوە "هیچ کەس هەیە لە من باشتری بۆ بکات."

گلاسەکەم لە دەستی دەرهێناو وتم "بەزەییت بەڕوحی خۆتدا بێتەوە!"

دەستی بەکوفر کردن کرد و وتی "بەپێچەوانەوە، بەخۆم نا! زۆر حەز دەکەم دروستکەری ئەو مناڵە سزا بدەم. لە دڵەوە بەنەفرەت بێت!"

مەست و شێتانە دەیخواردەوە، بەدەست ئاماژەی بۆ ئێمە کرد بڕۆین، بەشێوەیەکی وا ناشرین و نامرۆڤانە ڕەفتاری لەگەڵ کردین بەبیرم نایەتەوە چۆن بوو، یان ئەوەتا ناتوانم چۆن باسی بکەم."

کاتێ هیندلی دەرگاکەی داخست و ڕۆیشت، هیتکلیف دەستی کرد بەسەرکۆنە کردنی و وتی "کەی ئەمە شایەنی بەزەییە، لێ گەڕێ با ئەوەندەی بخواتەوە تا خۆی دەکوژێت. لێ گەڕێ با بمرێت. بەڵام دەستوورەکەی سووکایەتی پێ دەکات. بەڕێز کینیس دەڵێت جوانووەکەی لێ وەردەگرێت کە بۆ ئەوەی زیاتری پێ بژیت، هەمیشە دەڵێت با بچێتە نێو قەبر ئەو تاوانبارە بێ ئەخلاقە. نازانم بۆچی لە کۆڵمان نابێتەوە چوومە موبەقەکە و دانیشتم بۆ ئەوەی لایلایە بۆ مناڵەکە بکەم و بیخەوێنم. هیتکلیفیش چووە نێو کۆگایەکە. دیار بوو کە تەنیا لە لایەکەوە دانیشتبوو. کاتێ خۆی فڕێ دا سەر ڕەفەی دیوارەکە، لە ئاگرەکە دوور کەوتەوە و بێدەنگ مایەوە.

هاریتۆنم لەسەر ئەژنۆکانم دەهەژاند و گۆرانیم بۆ دەوت تا بخەوێت.

هەموو شتێک گوێی لە گۆرانییەکەی من بوو. کاتێ خاتوو کاسی لە ژوورەکەی ڕا گوێی لە گۆرانی من بوو، سەری بەژوورێ دادا و وسپەیەکی لێوە هات "نیلی، هەر خۆتی، بەتەنیای؟"

وەڵامم دایەوە "بەڵێ، خاتوون"

هاتە ژوورەوە و لە ئاگرەکە نزیک کەوتەوە. زانیم دەیەوێ شتێک بڵێت، سەیری منی

کرد. لەسەر دەم و چاوی نووسرابوو ڕاڕایی و بێزاری. لێوەکانی تێک گیرابوون، وەک بڵێی بیەوێت قسە بکات، هەناسەیەکی هەڵکێشا. بەڵام ئەو هەناسەیە تەنیا هەوا هاتە دەرەوە نەک قسە. لەسەر گۆرانییەکەم بەردەوام بووم، چونکە دوا ڕەفتاری ئەوم لە بیر نەکردبوو.

گۆرانییەکەی پێ بڕیم و پرسی "هیتکلیف لە کوێیە؟"

وەڵامم دایەوە "لە کۆگایەکە کاری خۆی دەکات."

بە درۆی نەخستمەوە، ڕەنگە ئێستا لە خەوی شیریندا بێت. هەردووکمان وەستاین ، لەو کاتەدا، دوو فرمێسکم بینی بەسەر ڕوومەتەکانی کاسریندا هاتنە خوارەوە. لە خۆم پرسی "ئایا ئەو فرمێسکانە نیگەرانین بۆ ئەو کارە ڕیسوایەی کردی؟ ئەمە شتێکی جوان دەبێت: بەڵام ڕەنگە هاتبێتە سەر مەسەلەی بینینی هیتکلیف، گەر بێتە سەر خاڵەکە من یارمەتی نادەم! نەخێر تەنانەت بۆ کێشەیەکی بچووکیش یارمەتی نادەم. لە هیچ شتێک دەربازی ناکەم.

دواجار دەستی بەگریان کرد، وتی "ئۆو ئازیزەکەم! من زۆر خەمبارم"

لە وەڵامدا وتم "ئای کو گوناهی. تۆ زەحمەتە خۆشی بەخووەتەوە ببینی. هاوڕێت زۆرە و گرنگییان پێ نادەیت و ئاگات لێیان بڕاوە. تۆ ناتوانی قەناعەت بەخۆت بێنی!"

لای من کەوتە سەر ئەژنۆ، چاوە جوانەکانی بەڕوومدا بەرز کردەوە کە میزاژ و حەوسەڵە خراپەکە لە ڕوویدا سڕیەوە. تەنانەت کاتێ یەکێک هەموو مافێکی هەیە لەم جیهانە داکۆکی لە خۆی بکات، بەردەوام بوو "نیڵی، نهێنییەکم بۆ دەپارێزی؟ "

بە ڕق و تۆڵەیەکی کەمترەوە، پرسیم "ئایا ئەو نهێنییە شایەنی ئەوەیە بپارێزرێت؟"

"بەڵێ، ئەو نهێنییە نیگەرانی کردووم. دەبێ بیدرکێنم و لە ناخمدا هەڵیدەمە دەرەوە! دەمەوێ بزانم چی باشە من بیکەم. ئەمڕۆ ئێدگار لینتن داوای لێ کردم مێردی پێ بکەم، منیش وەڵامم داوەتەوە. ئێستا پێش ئەوەی پێت بڵێم کە وەڵامەکەم بەئەرێ یان نەرێ بووە، تۆ پێم بڵێ بزانە چ وەڵامێکە، تۆ دەڵێی چی؟"

وەڵامم داوە "ئەوەی ڕاستی بێت خاتوو کاسی من چۆن دەتوانم ئەوە بزانم تۆ چ وەڵامێکت داوەتەوە؟ بەو گوفتار و ڕەفتارەی ئەمڕۆ تۆ لە بەرامبەر ئەوتدا نواند،



دەتوانم بڵێم کە تۆ ژیرانە ڕەفزت کردووەتەوە: چونکە پاش ئەوە پێی وتی، یان ئەوەتا گەمژەیەکی بێ ئومێدە یانیش ئەوەتا شێت و بێ ئەقڵێکی سەرکەشە."

بە ڕکەوە هەڵسایە سەر پێیەکانی و وتی "گەر بەم شێوەیە قسە بکەیت، هیچی ترت پێ ناڵێ. نیڵی من داواکەی ئەوم پەسەند کرد. خێرا پێم بڵێ، من هەڵەم کردووە یان نا!؟"

"پەسەندت کردووە! ئێ باشە یانی چی تۆ گفتوگۆم لەگەڵ دەکەیت، ئەم قسانەمان چ سوودێکی هەیە؟ تۆ تازە گفتی خۆتت پێ داوە، ناتوانی سڵ بکەیتەوە و قسەی خۆت بخۆیتەوە."

دەستەکانی لە یەکتری دەخشاند و مڕومۆچ بوو، بەتۆنێکی تووڕە و بێزارەوە وتی "دەی پێم بڵێ دەبوایە وام بکردایە وا نییە؟"

بە زارێکی ڕیسواکەرانە پێم وت "زۆر شت هەیە دەبوایە پێشی ئەو پرسیارە بکەیت حیسابت بۆ بکردایە. یەکەم و گرنگترین شت ئەوەیە، تۆ بەڕێز ئێدگارت خۆش دەوێت؟"

لە وەڵامدا وتی "بێگومان خۆشم دەوێ ئەگینا کێ هەیە ئەو کارە بکات؟"

پاشان خستمە نێو چەند هەڵوێستێکەوە بۆ ئەوەی فێری چەند شتێکی بکەم: کچێکی تەمەن بیست و دوو ساڵانەی ئاوا پێویستی بەئامۆژگاری زۆر هەیە.

پێم وت "خاتوو کاسی بۆچی ئەوت خۆش دەوێ؟"

"ئەوەی قسەی قۆڕە. ئەوم خۆش دەوێت، ئیتر بەسە ئەوەندە"

هەر چۆنێک بێت، دەبێ هۆکارێک هەبێت بۆچی ئەوت خۆشدەوێت؟"

"باشە، لە بەرئەوەی کوڕێکی قۆزە و ژیان لەگەڵ ئەودا خۆشە."

"ئای کە خراپە!" گوتەی من بوو.

"لە بەر ئەوەی گەنجە و دڵخۆشکەرە."

"هێشتا هەر خراپە"

" لە بەر ئەوەی منی خۆش دەوێت."

"ئەمە هیچ جیاوازییەکی دروست ناکات."

" هەروەها ئەو دەوڵەمەندە، منیش دەبمە مەزنترین ئافرەت لەو ناوچەیەدا، شانازیش بەخۆمەوە دەکەم کە ئەم جۆرە مێردەم دەبێت."

"ئەمە لە هەموو هۆکارەکانی تر خراپترە، پێم بڵێ تۆ ئەوت چۆن خۆش دەوێت؟"

"نیڵی دەزانی تۆ زۆر گێلی، وەک هەر کەسێک کە خۆشەویستی دەکات."

"ئەمە وەڵامی پرسیارەکەی من نییە."

" کچێ من ئەو عەرزەم خۆشدەوێ کە ئەو بەسەریدا دەڕوات. ئەو هەوایەم خۆش دەوێت کە لەسەر سەری ئەودایە. هەر شتێکی ئەو دەستی لێ بدات خۆشم دەوێت، هەر وشەیەک ئەو دەیڵێت من خۆشم دەوێت. هەموو نیگاکانی ئەوم خۆش دەوێت، هەموو کارەکانی ئەوم خۆش دەوێت، هەروەها خودی خۆیشم لە هەموو ئەو شتانە خۆشتر دەوێت. ئا بەم شێوەیە خۆشم دەوێت. ئێستا وەڵامەکە باشە!"

" ئێ باشە بۆچی؟"

خانمە گەنجەکە توورە بوو ڕووی وەرگێڕا بۆ ئاگرەکە، وتی "نەخێر. تۆ گاڵتە بەو مەسەلەیە دەکەیت: ئەی سروشتی نەخۆش! ئەم مەسەلەیە بۆ من گاڵتە نییە!"

وەڵامم داوە "خاتوو کاسرین من زۆر دوورم لە گاڵتە و نوکتەوە. تۆ بەڕێز ئێدگارت خۆش دەوێ لە بەر ئەوەی گەنجێکی قۆزە و دڵخۆشکەرە، دەوڵەمەندە و تۆی خۆشدەوێ. ئەو هۆکارانە هیچ نین: تۆ دیارە بێ ئەو شتە ئەوت خۆش دەوێت، ئەوت خۆش نەدەویست گەر ئەو سیفەتانەی تیا نەبایە."

" نەخێر، بێگومان نەخێر: گەر قشمەچییەک یان ناشرین تەنیا بەزەیێک پیا دەهات و ڕقیشم لێ دەبوو."

" بەڵام خۆ گەنجی قۆز و دەوڵەمەند لەم جیهانە نەبڕاوە: قۆزتر و دەوڵەمەندتر زۆرن لەو دونیایە. چ شتێک ڕێگەت پێ دەگرێت یەک لەوانەت خۆش نەوێت؟"

" ئیتر با قۆزتر و دەوڵەمەندتر هەبن، هیچیان نایەنە بەرچاوم. هیچ کەسم وەک ئێدگار نایەتە پێش چاوی."

" ڕەنگە هەندێ گەنج هەبن و هەمیشە قۆز نەبن، هەمیشە لە ژیان دەوڵەمەند نەبن."



" خۆزگە هەندێ ئاقڵانە قسەت دەکرد. ئێستا ئێدگار دەوڵەمەندە. منیش گرنگی بەئێستا دەدەم."

"زۆر باشە. گەر تۆ گرنگی بە ئێستا دەدەیت و بیر لە هیچی تر ناکەیتەوە، بچۆ مێرد بە بەڕێز ئێدگار لینتن بکە."

" بۆ ئەو کارە پێویستم بەڕەزامەندی تۆ نییە. من مێردی پێ دەکەم: تا ئێستاش پێت نەوتم و نەتسەلماند کە من ڕاستم."

" هەر زۆر ڕاستی: گەر خەڵکی تەنیا بۆ ئێستا مێرد بکات. زۆر ڕاستن. ئێستا با گوێمان لێ بێت بزانین بۆ چی خەمباریت. براکەت زۆر پێی خۆش دەبێت. خانم و پیاوە پیرەکە نارازی نین. پێم وایە تۆ لە ماڵێکی ناڕێک و پڕ لە گرفت و سەریەشە ڕادەکەیت بۆ ماڵێکی تەندروست و بەڕێز و دەوڵەمەند. ئیتر تۆ ئێدگارت خۆش دەوێ، ئێدگاریش تۆی خۆش دەوێت. هەموو شتێ ئاسان و ڕەوا و بێ عەیبە: ئەی بەربەستەکە لە کوێیە؟"

دەستێکی بەنێوچەوانی دادا و ئەوەکەی تریش بەسنگی دادا و وەڵامی دایەوە "ئا ئێرە و ئێرەیە!" بەربەستەکەیە لەو شوێنەیە کە ڕوحم تیایدا دەژیت. لە روح و لە نێو دڵمدایە. من قەناعەتم بەوە دێت کە من هەڵەم کردووە و هەڵەمە!"

"ئەوەیان زۆر نامۆیە! سەرم لێی دەرناچێت."

" ئەوەیە نهێنیەکەی من. بەڵام گەر تۆ گاڵتەم پێ نەکەیت، ئەو نهێنییەت بۆ شی دەکەمەوە و لات دەدرکێنم: ناتوانم ئەو کارە هەروا بەئاسانی بکەم. ئێستا پێت دەڵێم من چۆن هەست دەکەم."

دیسان لای من دانیشتەوە: ڕووی خەمبارتر بوو، ترس سەرو سیمای داگیر کردبوو. دەستەکانیشی دەلەرزین.

پاش چەند خولەکێک بێدەنگی و بیرکردنەوە، لەپڕا وتی "نیڵی، تۆ هیچ جار خەونی نامۆ و عەنتیکەت بینیوە؟"

وەڵامم داوە "بەڵێ جار جارە خەونی ناخۆش دەبینم."

" منیش ئەو جۆرە خەونانە دەبینم. لە ژیانمدا خەونی وام بینیوە کە تا ئێستاش

هەر لەگەڵمدایە، وەک قڕنە پێوەم وەنووسایە و لێم نابێتەوە، ئەو خەونانە فیکرەیان گۆڕیم: ئەو خەونانە هەمیشە بەنێو دڵ و دەروون و جەستەمەدا دەخولێنەوە، وەک شەراب بەنێو ئاودا، ڕەنگی مێشکی منیان گۆڕیوە. ئەوەی ئێستا پێت دەڵێم یەکێکە لەو خەونانەن، بەڵام ئاگەدار بە پێکەنینت بەهیچ بەشێکی نێت."

هاوارم لێ کرد "ئۆو، نا نا خاتوو کاسی! ئێمە ئەوەندە ناشاد و بێ ئومێدین خەون و تارماییەکان بەئاسانی سەرمان لێ تێک دەدەن. وەرە وەرە، دڵخۆش بە و خەیاڵت ڕاحەت بکەم! سەیری هاریتۆنی بچووک بکە! هیچ خەونێکی ترسناک و ناخۆش نابینێت. بزانە لەو خەوەدا زەردەخەنەکەی چەند شیرینە!"

بەڵێ. ئەی چەند خۆشە باوکی لە تەنیاییەکەیدا لەعنەت دەکات! بەبیرت دێ، کاتێ ئەویش وەک ئەو پێک خڕە وابوو: ئەو کاتە منداڵ و ڕووی پڕ لە بەڕائەت بوو. بەهەر حاڵ، نیلی ناچارت دەکەم گوێم بۆ شل بکەی، باسەکەم درێژ نییە، ئەمشەو هیچ توانام لە بەردا نەماوە و دڵم خۆش نییە."

بە خێرایی وەڵامم داوە "گوێی لێ ناگرم، گوێی لێ ناگرم!"

من ئەوسا و ئێستاشی لەگەڵدا بێت باوەڕم بەئەفسانە و خەونەکان هەیە. کاسرین سەروسیمای لێڵ و پڕ لە گومان بوو، ئەوە هەندێ منی ترساند چونکە روحی پێشبینی کەرم و خوێندنەوەی شتەکانم کارەساتێکی بەترسی پێوە بوو. بێزار و جاڕس ببوو، بەڵام بەردەوام نەبوو. دەستی کرد بەبابەتێکی دیکە. لە کورتی بڕاندیەوە.

نیلی، گەر لە بەهەشتیش بوام، هەر نائومێد و ناشاد دەبووم."

وەڵامم داوە "لە بەر ئەوەی تۆ شایەنی ئەوە نیت بچیتە بەهەشت. هەموو خراپەکار و تاوانبارەکان لە بەهەشتدا نائومێد و دڵگران دەبن."

" بەڵام لە بەر ئەوە نییە. جارێکیان خەوم بینی من لە بەهەشت بووم."

دیسان قسەم پێ بڕی و وتم "خاتوو کاسی پێت دەڵێم تاقەتی خەونەکانی تۆم نییە. دەچم دەنووم."

کاسی پێکەنی و منی دانیشاندەوە، چونکە جووڵەیەکم کرد کورسیەکەم بەجێ بێڵم و بڕۆم.



هاواری لێ هەستا "ئەوە هیچ نییە. من تەنیا بەتەمای ئەوە بووم بڵێم کە لە خەونەکەمدا پێ دەچوو شوێنی من لە بەهەشت نەبووەوە، بەگریانەوە دڵی خۆشم شکاند بۆ ئەوەی بگەڕێمەوە بۆ سەر زەوی. فریشتەکانیش زۆر تووڕە بوون بەشێوەیەک کە منیان فڕێ دایە ناوەڕاستی بەیاری سەر سەرەوەی بانەکانی وێزەرینگ. ئا لەو شوێنەدا هەنسکم بۆ خۆشی دەدا و لە خەو هەڵسام. ئا ئەوە نهێنییەکەی من هەموو شتەکانی دیکەم شی دەکاتەوە. پێویستم بەوە نەبوو مێرد بەئێدگار لینتن بکەم، بەڵکو دەبوایە هەر لە بەهەشت بمێنمایەوە. هەروەها گەر پیاوە خراپەکە زۆر هیتکلیفی نەهێنابا خوارەوە. نەدەبوایە بیری لێ بکەمەوە. ئێستا سووکایەتی پێ دەکردم گەر مێردم بەهیتکلیف کردبا، بۆیە هەرگیز نازانێت کە من چەند ئەوم خۆش دەوێت. نیلی لە بەر ئەوەی نا کە قۆزە بەڵکو لە بەر ئەوەی من ئەو زیاتر لە خۆم دەبینمەوە. گیانی ئێمە لە هەر شتێک دروست کرابێت، وەک یەک گیانە. بەڵام گیانی ئێدگار لینتن وەک تیشکی مانگ لەگەڵ ڕووناکی مانگ جیاوازە، یان وەک دووری نێوان تەرزە لەگەڵ ئاگر وایە.

کاتێ کە ئەو قسەیەی تەواو کرد بیرم لە ئامادەیی هیتکلیف کردەوە چونکە من ئاگەدار بووم کە ئەو لە سووچێکەوە گوێی لە ئێمە گرتووە. جووڵەیەکی کەمی کرد، سەرم سووڕاند و ئاوڕێکم دایەوە، بینیم لە ڕەفەکە هەڵساوەتەوە، بەبێدەنگی هاتە خوارەوە. تا ئەو کاتە گوێی لێ بوو کە کاسرین وتی من سووک دەبم گەر مێردی پێ بکەم، هیچی تر گوێی لە قسەکانمان نەگرت. هاوەڵەکەم لەسەر ئەرز بوو. هیتکلیف دەیویست بێتە ژوورەوە، بەڵام دەستم پێ کرد و بەدەست ئاماژەم بۆ کاسی کرد بێدەنگ بێت!

بە نیگەرانییەوە سەیرێکی دەوروبەری کرد و پرسی "بۆچی؟"

دەرفەتم پێ دا ڕێگەی خۆی بگرێتە بەر، وەڵامم داوە "جۆزیف هاتەوە." هیتکلیفیش لەگەڵی دێتە ژوورەوە. دڵنیا نیم لەوەی کە ئایا لەو ساتەدا لە پاڵ دەرگاکە بوو یان نا."

کاسی وتی "ئۆو، دەبێ گوێی لە قسەکانم بووبێت لە پاڵ دەرگاکە. هاریتۆنم بدیبا لای من بێت، بڕۆ نانی ئێوارە ئامادە بکە، کاتێ کە نان ئامادە بوو بانگم بکە لەگەڵ

تۆ نانی ئێواره دەخۆم. دەمەوێ ویژدانە نائاسوودەکەم دەسخەرۆ بدەم، قەناعەتیشم بەوە بێ کە هیتکلیف هیچی دەربارەی ئەو شتانەی من گوێ لێ نەبووە. گوێ لێ نەبووە، وا نییە؟ نازانێت لە نێو خۆشەویستیدا بوون مانای چییە!"

وەڵامم دایەوە "هیچ هۆکارێک نییە کە بەقەد تۆ شت نەزانێت. گەر تۆش ئیختیاری ئەو بیت، ئەوا بەدبەختترین بوونەوەر دەبێت کە تا ئێستا لە دایک بووبێت! هەرکە تۆ دەبی بەخاتوو لینتن (خێزانی لینتن) هیتکلیف هاوڕێیەتی و خۆشەویستی و هەموو شتێک لە دەست دەدات! ئایا هەرگیز بیرت لەوە کردووەتەوە چۆن بەرگەی ئەو جودابوونەوەیە بگریت، ئەویش چۆن بەرگەی ئەوە دەگرێت لەم جیهانەدا بێ کەس و بەتەنیا بمێنێتەوە؟ لە بەر ئەوەی خاتوو کاسرین ..."

بە لەهجەیەکی تۆڵە و زویربوونەوە وتی "ئەو بەتەواوی ڕۆیشت! ئێمە تازە لێک جودا بووینەتەوە! توخوا ڕاست بڵێ، کێ ئێمەی لێک کرد؟ ئەوان بەچارەنووسی میلۆ(*) دەگەن! منیش زۆر ناژیم، ئێڵن: بوونەوەرێکی ئەخلاقی نییە. هەر نەوەیەکی لینتن لەسەر ڕووی ئەم زەوییە دەتوێتەوە پێش ئەوەی من ڕازی بم هیتکلیف بەجێ بێڵم. ئۆو جوودابوونەوە مەبەستی من نەبوو، من بەنیازی جوودابوونەوە نیم! من نابێ مێرد بەلینتن بکەم، ئەو جۆرە نرخە داوا کرا! ئەو لە ژیانیدا زیاتر بۆ من دەژیت نەک بۆ خۆی. ئێدگار دەبێ واز لەو ڕق و کینەیەی خۆی بێنێت، بەلانی کەم لێی ببوورێت. ئێدگار ئەو کارە دەکات کاتێ هەستە ڕاستەقینەکانی من بەرامبەر هیتکلیف دەزانێت. نیڵی، دەزانم ئێستا تۆ وەک دێوەزمەیەکی خۆپەرست منت دێتە بەر چاو، بەڵام هەرگیز بیرت لەوە نەکردووەتەوە گەر من و هیتکلیف بۆ یەکتری بین ئێمە هەردووکمان دەبین بە سواڵکەر؟ لە هەمان کاتدا، گەر مێرد بەلینتن بکەم ئەوا دەتوانم یارمەتی هیتکلیف بدەم و بەرزی بکەمەوە، لە ژێر دەسەڵاتی برام دووری بخەمەوە."

(*) میلۆ: ناوی کابرایەکە لێی دەگێڕنەوە کە ڕۆژێک هەر بەهەوەس ویستوویەتی دارێک لە ڕەگەوە هەڵکێشێت. لەپڕێکا چەند دێوەزمەیەکی لێ پەیدا دەبێت و لێ ناگەڕێن دارەکە هەڵکێشێت و ونجن ونجنی دەکەن. زۆر لە ئەدیبانی ئینگلیزی لە کارە ئەدەبییەکانیاندا ئەو ناوە دەخوازن و بەکاری دێنن.



پرسیم "خاتوو کاسی بەپارەی مێردەکەت یارمەتی هیتکلیف دەدەیت؟ ئەوەی تۆ حیسابی بۆ دەکەیت و بیری لێ دەکەیتەوە لای هیتکلیف فلسێکی سووتای ناهێنێت: هەرچەندە من لەم ناوەدا حاکمێکی توندم، پێم وایە ئەو بیرکردنەوەیەی تۆ خراپترین پاڵنەرە بۆ ئەوەی ببیت بە ژنی ئێدگار لینتن."

بە توندی وەڵامی دایەوە "نەخێر وانییە، ئەم بیرکردنەوەیەی من باشترین پاڵنەرە! هۆکار و پاڵنەرەکانی تر تێربوونی حەزە ناچیزەکانی خۆم بوون: هەروەها بۆ خاتری ئێدگار بوو بۆ ئەوەی قایلی بکەم. ئەمە بۆ خاتری کەسێکە کە لە نێوە خۆیدا لە هەستەکانی من دەگات بەرامبەر بەخۆم و بەئێدگار. ناتوانم ئەو هەستانە دەربڕم، بەڵام بێگومانم تۆ یان هەر کەسێکی دیکە بگری ئەو فیکرەی هەیە کە دەبێ وجوودێک لە پشتییەوە هەبێت. ئەی باشە سوود لە دروستکردنی من چی بووە گەر هەر بەتەواوی لێرە دانیشم؟ گەورەترین و مەزنترین ناخۆشی و نەهامەتیم لەم جیهانە ناخۆشی و نەهامەتی هیتکلیفە، هەر لە سەرەتاوە هەستم بەیەکە یەکەی ناخۆشییەکانی ئەو کردووە و هەمیشە لە خەیاڵمدا بووە: فیکرەی بەردەوامبوونم لە ژیان لە بەر خاتری هیتکلیفە. گەر هەموو کەسێک لەسەر ڕووی زەوی بمرێت بەس هیتکلیف بمێنێتەوە من هەمیشە بەردەوام دەبم لە ژیان، هەروەها گەر هەموو کەسێک بمێنێتەوە و ئەویش لە ناو ببرێت، تەواوی گەردوون دەبێتە نامۆیەکی بەهێز و بۆ من عانەیەک ناهێنێت: من نابم بە بەشێک لەو گەردوونە - خۆشەویستیم بۆ ئێدگار لینتن وەک گەڵاکانی ڕووەکێکە: کات دەیانگۆڕێت، زۆر باش دەزانم، هەروەک چۆن زستان درەختەکان دەگۆڕێت. بەڵام خۆشەویستی من بۆ هیتکلیف وەک ئەو تاوێرانەیە کە لە بن درەختەوە بە نەمری دەمێننەوە: سەرچاوەیەکی بچووکی خۆشییە لە ڕواڵەتدا بەڵام سەرچاوەیەکی زۆر گرنگە. نیلی من هیتکلیفم، من واتە هیتکلیف! ئەو هەمیشە بۆ هەمیشە لە بیری مندایە: نەک وەک خۆشییەک، هیچی تر وەک ئەوە نا کە من هەمیشە لە خۆشیدا بم، بەڵکو وەک بوونم. بۆیە جارێکی دیکە باسی جودابوونەوەی ئێمە مەکە: جوودابوونەوەی ئێمە بوونی نییە، هەروەها ....."

وەستا و ڕووی خۆی لە پارچە شۆڕبووەکانی پاڵتۆکەی من شاردەوە. بەڵام من بەتوندی ڕامپچکاند. گەمژایەتییەکەی ئارامیان لە من هەڵگرت.

وتم "خاتوون ناتوانم هیچ شتێک لە قسە قۆڕەکانی تۆ تێ بگەم. تەنیا قەناعەتم پێ دەکەن کە تۆ لە ئاست ئەو ئەرکانەی کە لە مێردکردندا وەریان دەگریت کەمتەرخەمی، یانش ئەوەتا تۆ کچێکی شەیتان ئاسا و بێ بنەما و مایە پووچی. هیچی تر بەنهێنییەکانت کێشەم بۆ مەنێوە: بەڵێنی ئەوەت پێ نادەم کە بیانپارێزم."

بە پەرۆشییەوە وتی "ئەوەیان دەپارێزی؟"

دووبارەم کردەوە "نەخێر، بەڵێن نادەم."

کاتی هاتنە ژوورەوەی جۆزیف گفتوگۆکەی ئێمەی تەواو کرد، کاسی خەریک بوو پێ دابگرێت. بۆیە شوێنی دانیشتنەکەی بردە لای گۆشەیەک و چاودێری هاریتۆنی کرد کاتێ من سەرقاڵی نانی ئێوارە بووم. پاش ئەوەی کە نان ئامادە بوو، خزمەتکارەکەی تر و من مشتومڕمان بوو لەسەر ئەوەی کێ هەندێ نان بۆ بەڕێز هیندلی ببات. نەگەیشتینە هیچ ئەنجامێک تا بەتەواوی خواردنەکە سارد بووەوە. پاشان ڕێکەوتین لەسەر ئەوەی کە وازی لێ دێنین با بۆ خۆی داوای نان بکات گەر ویستی بیخوات چونکە بەڕاستی دەترساین بچینە بەرامبەری کاتێ بەتەنیا بوایە.

پیاوە پیرەکە سەیرێکی ئەو ناوەی کرد بۆ هیتکلیف و پرسی "ئەوە کوا بۆ لە نێو کێڵگەکە نەبوو؟ مەسەلە چییە؟ وەک ژنان خۆی لە ماڵێ ناوە!"

وەڵامم داوە "وا دەچم بانگی دەکەم، بێگومانم لەوەی کە لە نێو کۆگاکەیە."

چووم بانگم کرد بەڵام هیچ وەڵامی نەبوو. کاتێ گەڕامەوە، بەگوێی کاسرینم چرپاند کە گوێی لە زۆربەی شتەکانی ئەو بووە، من دڵنیا بووم. هەروەها پێم وت چۆن ئەوم بینیوە لە موبەقەکە چووە دەرەوە ئەو کاتەی نارەزاییت دەردەبڕی لەسەر ڕەفتاری براکەت سەبارەت بەو. بازێکی دا و هەڵسا و هاریتۆنی لەسەر مێزەکە دانا، ڕای کرد چوو بۆ خۆی لە هاوڕێکەی بگەڕێت. هیچ بایەخی بەوەی نەدا کە تا چەند قسەکانی کاریگەرییان لە هیتکلیف کردووە. بۆ ماوەیەک دیار نەما، جۆزیف پێشنیاری ئەوەی کرد کە هیچی تر چاوەڕێ نەکەین. بە تەڵەکەبازییەوە هەستی بەوە کرد کە ئەوان خۆیان بەئەنقەست ون کرد بۆ ئەوەی ئەو گوێی لە قسەکانیان نەبێت. بۆیە دووپاتی کردەوە "ئەوانە نەخۆشن لە هەر حاڵەتێکدا بێت" لە باتی ئەوان ئەو شەوە دوعایەکی تایبەتی خستە سەر ئەو کاتەی پێش ژەمی شێوان دوعای دەکرد.



هەر جارەو یەکێکی دەدا بەر لەعنەتەکانی خۆی. هێندەی پێ نەچوو خانمە گەنجەکە داوای لێ کرد بەخێرایی بێتە خوارەوە. داوای لێ کرد کە هیتکلیف لە هەر شوێنێک بێت بیدۆزێتەوە و ڕاستەوخۆ بیهێنێتەوە ژووریَ!

کاسرین وتی "دەمەوێ قسەی لەگەڵ بکەم. پێش ئەوەی بچمە سەرەوە هەر دەبێ قسەی لەگەڵ بکەم. ئەها دەرگاکە کراوەیە: لە شوێنێکە گوێی لە دەنگمان دەبێت بەڵام وەڵام ناداتەوە، هەرچەندە لە سەرەوەی بانەکە تا توانام هەبوو هاوارم لێ کرد، سوودی نەبوو."

یەکەم جار جۆزیف ڕازی نەبوو. بەڵام کاسی زۆر جدی و سوور بوو. حەوسەڵەی نارازی بوونی نەبوو. دواجار جۆزیف کڵاوەکەی کردە سەری و خش خش چووە دەرەوە. لە هەمان کاتدا، کاسرین نە لە سەرەوە نە لە خوارەوە ئۆقرەی نەبوو. هەر دەیوت و دەیوتەوە "سەیرە دەبێ لە کوێ بێت - دەتوانێت لە کوێ بێت! نیلی من چیم وت؟ لە بیرم کردووە. ئایا بەمیزاژە خراپەکەی من بەم دوای نیوەڕۆیە تێک چوو یان نا؟ خۆشەویستەکەم! پێم بڵێ من چیم وتووە ئەوم بریندار و خەمبار کردووە؟ خۆزگە دەخوازم بێتەوە. خۆزگە دەهاتەوە!"

هەندێ خۆم جووڵاند و وتم "ئەو دەنگە دەنگە بێ سوودەت لە چییە! چ شتێک دەتتۆقێنێت! ئاشکرایە و پێویست بەهیچ زەنگێک ناکات کە هیتکلیف ئێستا وا لە ناو بەیارەکان لە بەردەم تیشکی مانگ پیاسە دەکات، یان ئێستا میزاژی ئەوەی نییە قسە لەگەڵ ئێمە بکات. پێم وایە ئێستا لەوێ خۆی ون کردووە. بزانە چۆن لەوێ دەیهێنمە دەرەوە!"

چوومە دەرەوە و سەرلەنوێ بەدوایدا گەڕام، ئەنجامی گەڕانەکەم بێ ئومێدی بوو، لە هەمان کاتیشدا جۆزیف بەهەمان شێوە کۆتایی بەگەڕانەکەی هێنا.

کاتێ جۆزیف گەڕایەوە و وتی "هاوڕێکەت هەر حەزی لە شەڕ و ئاژاوەیە! دەرگاکەی لەسەر پشتێ بەجێ هێشتووە. ئەو کوڕە شێتە شێت. خۆ هەر هەموومان لەم ماڵە شێت بووینە ....!"

کاسرین قسەی پێ بڕی و هاواری لێ هەستا "کەرە من دەڵێم هیتکلیفت دۆزییەوە یان نا؟ وەک پێم وتی ئاوا بەدوایدا گەڕای؟"

وەڵامی داوە "هەموو ئەو ناوەم بەباشی لێکدایەوە. زۆر هەستی خۆم لێرە و لەوێ ڕاگرت بەڵام گوێم لە هیچ نەبوو. لە هیچ لایەک هیتکلیف دیار نەبوو.

ئەم ئێوارەیەی هاوین ئێوارەیەکی زۆر تاریک بوو: پەڵە هەورەکان بۆ برووسکەیەک خۆیان کۆکردەوە. وتم : وا باشترە ئێمە هەموومان دانیشین و چاوەڕێ بکەین. وا خەریکە باران دەبارێت، بێ سەر یەشەیەک کە باران باری خۆی دێتەوە ماڵێ. بەڵام زۆر زەحمەت بوو کاسرین هێور بکەمەوە. هەر بەردەوام دەهات و دەچوو، لە دەرگای حەوشەوە تا دەرگای ناوەوە بەپێچەوانەشەوە. ئەوەندە پەست و تووڕە ببوو هۆشی لە ماندوو بوونی خۆی نەمابوو. پاشان کەوتە سەر ڕێگەکەی نزیک خانووەکە. ئەو کاتە نەمتوانی بیگێڕمەوە چونکە بەهیچ شێوەیەک بەقسەی کەس دڵی ئاوی نەدەخواردەوە. دڵۆپی گەورە گەورەی باران دابارینە سەر جەستەی داماوی و چوار دەوریان تەڕ کرد. لەوێ وەستا و هاواری کرد و پاشان گوێی گرت، پاشان یەک بەخۆی هاواری کردەوە. چەشنی هاریتۆنیش نەبوو، هەر مناڵێک بوایە دەمتوانی ژێری بکەمەوە بەڵام توانای ئەو گریانەی ئەوم نەبوو.

سات گەیشتە نیوە شەو، هەموومان دانیشتبووین. گەردەلوولێک زۆر بەتووڕەیی بەسەر تەواوی بانەکانی وێزەرینگدا هەڵی کرد. بایەکی زۆر توندوتیژ بوو، تریشقەی بوروسکەکان گەرداوەکەی بەهێزتر کرد. بەهەردووکیان درەختێکیان لە گۆشەی باڵەخانەکە قلیشاند: لقێکی زۆر گەورە دای بەسەر بانەکە، بەر لای ڕۆژهەڵاتی کووخی ئاگردانەکە کەوت، کۆمەڵێک وردە بەرد و سۆتەکە تەنی ڕەوانەی نێو ئاگردانی موبەقەکە کرد. وامانزانی کەرتە شاخێک کەوتووەتە ناوەڕاستی ئێمە، جۆزیف لەسەر ئەژنۆکانی خشی، هاواری بۆ یەزدان برد بۆ ئەوەی لە بەر خاتری باوباپیرانی حەزرەتی نوح بمانپارێزێت. خۆیشی چەند ساتێک لەمەو بەر ئۆقرەی لێ بڕابوو.

هەستم بە شتێک کرد کە ئەو زریانە حوکمێکە لەسەر ئێمە. لام وا بوو حەزرەتی یونس بەڕێز ئێرنشۆیە. جۆزیف بەدەنگێکی وا وەڵامی دایەوە کە گەیشتە گوێی دانیشتوانەکە، خوڕتر لەوەی پێشدا، جیاوازییەکی فراوانی دروست کرد لە نێوان قەشەکانی وەک خۆی و تاوانبارەکانی وەک سەرۆکەکەی (هیندلی). بەڵام بۆڵە بۆڵی



هەور و برووسکەکە بیست دەقیقەی کێشا، جگە لە کاسی ئازاری کەسمانی نەدا، کە هەموو گیانی لە بەر باران خوسابوو چونکە دایە کەللە ڕەقی و پەناگەیەکی بۆ خۆی شک نەبرد و ڕەتی کردەوە. بێ شاڵ وەستابوو هەموو ئاوی بارانەکە بەسەر قژ و جلەکانیدا شوڕەی لێوە دەهات. هاتە ژوورەوە و لەسەر کورسیەک دانیشت. هەموو جەستەی خوسابوو. ڕووی سووڕاندە پشتەوە و دەستەکانی لە پێشەوە دانا.

دەستم گەیاندە شانی و وتم "باشە خاتوون. تۆ دروستکەری مردن نیت، وانییە؟ دەزانی سەعات چەندە؟ سەعات دوانزە و نیوە. وەرە، وەرە بڕۆ سەر جێگە و تۆزێک پشوو بدە! با هیچی دی چاوەڕێی ئەو کوڕە شێتە نەکەین، ڕەنجمان بەلاشە: چووەتە گیمەرتۆن. ئێستا لەوێ دەمێنێتەوە. ئەو ئێستا بیر لەوە دەکاتەوە کە ئێمە چاوەڕێی ئەو ناکەین: بەلایەنی کەم مەزندەی ئەوە دەکات کە تەنیا بەڕێز هیندلی ناخەوێت. ئەوەی من بیناسم حەز ناکات سەرۆکی دەرگای لێ بکاتەوە."

جۆزیف وتی "نا نا لە گیمەرتۆن نییە. وا ئێستا لە نزیک دامێنی زەلکاوەکەدا پاڵ کەوتووە."

زۆر لەگەڵ کچە کەللە ڕەقەکەم وت بۆ ئەوەی هەڵسێت و ئەو جلە تەڕانەی داکەنێت، بەڵام بێ سوود بوو. بۆیە جۆزیفم بەجێ هێشت دوعای دەکرد و کاسیش هەموو لەشی دەلەرزی. لەگەڵ هاریتۆن چوومە نێو جێگە، زۆر زوو خەو مناڵە فریشتەیییەکەی بۆ خۆی بردەوە. کەمێکیش پاش ئەو کاتە هەر گوێم لە دەنگی جۆزیف بوو کتێبی پیرۆزی دەخوێندەوە. پاشان وردە وردە بەسەر پەیژەکە کەوت. دەمێکی پێ چوو تا خەوم لێ کەوت.

کەمێک درەنگتر لە کاتی ئاساییم هاتمە خوارەوە. بەهاوکاری تیشکی خۆر کە تەواوی کون و درزی ئەو ناوەی خستبووە سەر پشت، بینیم وا کاسی هێشتا لە نزیک ئاگردانەکەدا دانیشتبوو. دەرگای خانووەکە نیمچە کراوە بوو. ڕووناکی لە پەنجەرە نیمچە داخراوەکاندا خۆی دەگەیاندە ژوورەوە. هیندلی هاتبووە دەرەوە. لە لایەکی ئاگردانی موبەقەکە وەستابوو، گێژ و سەر مەست بوو.

کاتێ من چوومە ژوورەوە، دەیوت "کاسی، چی وا نەخۆش و بێ ڕەنگی کردی؟ خەمۆک و هیلاک بەقەد کەسێکی خنکاو دێیە پێش چاوان. مناڵەکە بۆچی ئاوا خوسا

و ڕەنگ هەڵبزرکاوی؟"

بە دڵگرانی وەڵامی دایەوە "من تەواوی ماوەی ڕابردوو تەڕ بووم. سەرمام بووە. هەر ئەوەیە."

ویستم دڵی سەرۆک ئارام کەمەوە و ڕوحی لێبوردەیی بهێنمەوە بەر، بۆیە هەڵمدایە و وتم "ئای چەندە کەللە ڕەقی! دوێنێ شەو خۆی شوشت و خۆی وشک نەکردەوە، ئەمشەو تا بەیانی ئا لەوێ دانیشتووە، نەمتوانی بیخەمە سەر جێگەکەی."

بەڕێز ئێرنشۆ (هیندلی) بەحەپەساوی و سەرسوڕمانەوە لە هەردووکمان ڕاما. وەڵامی دایەوە "شەو تا بەیانی، چی وای لێ کرد نەخەوێت؟ خۆ لە ترسی برووسکەکان نەبووە؟ برووسکەکە زوو تەواو بوو."

هیچ کاممان، نە من نە کاسرین، حەزمان نەکرد باسی ڕۆیشتنەکەی هیتکلیف بکەین. تا بۆمان کرا ئەو مەسەلەمان شاردەوە. کاسرین هیچی نەوت. بۆیە من وەڵامم دایەوە: نەمزانی چۆن توانی ئەوەندە بێ ئەوەی بخەوێت دانیشێت.

بەیانییەکی تازە و فێنک بوو. پەردەی پەنجەرەکانم هەڵدایەوە، هێندەی نەبرد بۆنی گوڵە خۆشەکانی باخچەکە ژوورەکەی پڕ کرد، بەڵام کاسرین بەقینچکە تەنگییەوە بانگی منی کرد و وتی : ئێلن پەنجەرەکە داخە. وا لە برسان دەمرم! هەروەها کاتێ خەڵووزی ئاگرەکە ڕوو لە کزی بوو ددادنەکانی وەک شەق شەقە دایان لە یەکتر.

هیندلی مەچەکی گرت و وتی "نەخۆشە. وابزانم ئەوەندە نەخۆش بووە نەیتوانییە بخەوێت بۆیە تا بەیانی نەنوستووە. بەنەفرەت بیت! نامەوێ هیچی تر لێرە خەم لە نەخۆشی بخۆم. چی وای لێ کردی بچیتە بەر باران؟"

جۆزیف دڵەڕاوکێکەی ئێمەی قۆستەوە و زمانە شڕەکەی خستە کار و وتی "هەروەکو جاران بەدوای هاوڕێکەیدا چوو!" سەرۆک گەر من لە شوێنی تۆ بوام بەئاسانی تێر تێمهەڵدەدان. سەرۆک کاتێ تۆ لێرە نەبیت ئەو ماڵە دەبێتە مەزادخانە و قەشمەرخانە! هەر ڕۆژێک تۆ لێرە نەبیت بەڕێز لینتن جێی قوونی لێرە گەرم دەکات. ئێمە دوێنێ تا درەنگی شەو بەدوای ئەو قەرەجە هیتکلیف دا گەڕاوین. وا دەزانن من کوێرم، بەڕێز لینتن ڕۆژ هەتا ئێوارێ جرت و فرتیەتی لێرە.

کاسرین هاواری لێ هەستا "بێدەنگ بە، هەی دوو ڕوو! تۆ ئەوە نیت قسەم بۆ



هەڵبەستیت و بێ ڕێزی لە بەرامبەرم بنوێنی! هیندلی دوێنێ لینتن بەڕێکەوت هاتە ئێرە. منیش پێم وت کە لێرە بڕوات چونکە دەمزانی کە حەز ناکەیت چاوت پێی بکەوێت."

براکەی وەڵامی دایەوە "کاسی هیچ گومانم لەوە نییە کە تۆ درۆ دەکەی. تۆ زۆر بەئاسانی دیارە کە تێکشکاوی! بەڵام ئێستا مەسەلەی لینتن لە بیر کە: پێم بڵێ دوێنێ شەو لەگەڵ هیتکلیف نەبووی؟ ئێستا ڕاستییەکەی بڵێ. پێویست ناکات لە ئازاردانی بترسیت: هەرچەندە من تا هەتایە ڕقم لەو کابرایە، هیوادارم زوو بگەڕێتەوە و بێتە بن دەستم تا ویژدانم ئاسوودە بکەم کاتێ ملی دەشکێنم. بۆ ئەوەی لە کۆڵی کەمەوە، هەر ئەم بەیانییە دەینێرمە کارێکی دیکە، لێرە دەری دەکەم. پاش ئەوەی کە ئەو دەڕوات. هەمووتان ئاگەدار دەکەمەوە کە باش گوێ بگرن: من تەنیا خۆشی زیاتر بۆ ئێوە پێش دەهێنم."

کاسی هەنسکێکی تاڵی لێوە هات و وەڵامی داوە "من دوێنێ شەو بەهیچ شێوەیەک هیتکلیفم نەبینیوە. گەر تۆش بەنیازی دەری بکەیتە دەرەوە، ئەوا ئەو بۆ هەر شوێنێک بڕوات من لەگەڵی دەچم. بەڵام تۆ هەرگیز ئەو دەرفەتەت نابێت دەری بکەیت چونکە ئەو پێشتر ڕۆیشتووە." ئا لێرەدا دڵی کە پڕ بوو لە حەسرەت و پەژارە، خۆی پێ نەگیرا و تەقییەوە، تەواوی قسەکانی تری سەر و گوێیان نەبوو.

هیندلی بەقسەی هەڵیت و پەڵیت و جوێندان بەر بووە گیانی ئەو کچە، بەدەست ئاماژەی بۆ کرد هەر ئێستا بچێتە ژوورەکەی، یان با لە هیچ و خۆڕایی و بەلاش نەگریت! من زۆریم لێ کرد بەگوێی بکات. ئای چ کارێکی کرد کاتێ گەیشتینە ژوورەکەی، هەرگیز ئەو دیمەنەم لەبیر ناچێتەوە. ئەو دیمەنە منی بەیەکجاری تۆقاند. وامزانی ئەو کچە بەتەواوی شێت بووە. بۆیە داوام لە جۆزیف کرد و لێی پاڕامەوە کە بەدوای دکتۆرێکەوە بچێت. ئەو کچە بەتەواوی هۆشی لە خۆی نەمابوو، هەر لە بەر خۆیەوە وڕێنەی دەکرد: کاتێ بەڕێز کینیس چاوی بەکاسی کەوت، خێرا بڕیاری دا کە نەخۆشییەکەی زۆر ترسناکە. تایەکی توندی لێ بوو. خوێنی لێ هێنا، پێمی وت کە دەبێ بەس شیر و ئاوی پاکی پێ بدەم. دەبێ ئاگەداریشی بم نەچێتەوە خوارەوە یان خۆی لە پەنجەرەکە فڕێ نەداتە خوارەوە چونکە هۆشی لە خۆی نەبوو. پاشان

دکتۆرەکە جێی هێشت: چونکە زۆر کاری تری هەبوو لە ناوچەکە، لەو لادێ بۆ ئەو لادێ سەردانی نەخۆشانی دەکرد.

هەرچەندە من ناتوانم بڵێم پەرستارێکی زۆر باش بووم. خۆ جۆزیف و سەرۆک لە من باشتر نەبوون. نەخۆشەکەشمان ئەوەندە کەللە ڕەق و بێزار و هەراس بوو بەنەخۆشی خەڵکیش نەدەچوو. بەتەواوی هەموو سنوورەکانی نەخۆشی بەزاندبوو. خاتوو لینتنی پیر چەندین جار سەردانی کردین بۆ ئەوەی لە تەندروستی کاسی دڵنیا بێت و شتەکان بەڕاستی ببینێت. کاتێ دەهات فەرمانی بەهەموومان دەکرد. هەرکاتێکیش کاسی بەهۆش خۆی دەهاتەوە پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە بیگوازنەوە بۆ سرەسکرۆس گرەنج: ئێمەش زۆر سوپاسگوزار بووین بۆ ئەو داوایە و لە خوامان دەویست. بەڵام خانمە قوڕ بەسەرەکەی لینتن لە دڵباشییەکەی پەشیمان بووەوە: خۆی و مێردەکەی تووشی تا بوون و هەر یەکەیان چەند ڕۆژێکیان پێ چوو و مردن.

خانمە گەنجەکەی ئێمەش (کاسی) نەرمونیانتر و بە بەزەییتر گەڕایەوە لامان، لە جاران لووت بەرزتر بوو. هەرگیز سەر و سۆراخی هیتکلیفمان نەبیستەوە لەوەتەی ئەو ئێوارە گەردەلوولەییەکە دیار نەما. ڕۆژێکیان بەختم باری کرد و کاسی تا سەر ئێسقان بێزاری کردم چونکە هۆی دیار نەمانی هیتکلیفم خستە سەر ئەو ، گلەییەکەم خستە سەر ئەستۆی ئەو. ئەویش لە ناخەوە دانی پیا دەنا. لەو ماوەیەدا، واتە چەندین مانگ، وردە وردە قسەی لەگەڵ من کەم دەکردەوە، منی بەهیچ شێوەیەک نەدەدواند، پێوەندییەکەمان جگە لە پێوەندی نێوان سەرۆک و خزمەتکارێک هیچی دیکە نەبوو. جۆزیفیش هەر بەڕەبەی تەق تەق دەیپێوا: ئەوە لە مێشکی دابوو و دەیزانی دەیوتەوە، هەمان ئەو وانانەی پێ دەوتەوە وەک بڵێی کچێکی مناڵکارە بێت، کەچی کاسیش خۆی بەئافرەتێکی گەورە دادەنا، خۆی بەشازادەی ئێمە دەزانی. لەوەتەی نەخۆشییەکەی بە نازتر ببوو، وا ڕاهاتبوو کە ئێمە دەبێ بەتایبەتی مامەڵەی لەگەڵ بکەین. پاشان دکتۆر وتی کە هیچی دیکە بەرگەی خەم و خەفەت ناگرێت.

پێویست بوو ڕێگەی خۆی بگرێتە بەر. خۆ کەس نەیدەوێرا لە ئاستی دەم بکاتەو و ڕەخنەی لێ بگرێت، کوشتن و بڕین لە چاوەکانی دەبارین. گوفتار و ڕەفتاری زۆر سارد بوو لەگەڵ بەڕێز ئێرنشۆ و هاوڕێکانی، کینیس ببووە مامۆستای تایبەتی.



هەمیشە هەڕەشەی تەندروستی لەسەر بوو بەشێوەیەک کە زۆر تووڕەی دەکرد. براکەی هیندلی ڕێگەی پێ دا هەرچییەکی پێی خۆش بێت بیکات، بەگشتی نەیدەهێلا بێتە سەری و زۆر تووڕە بێت. ئەو ساتە هیندلی زۆر لەگەڵی باش بوو. نەک لە بەر سۆز و خۆشەویستی بەڵکو لە بەر شکۆمەندییەکەی. بە جدی چاوی لەوە بوو کە کاسی شەڕەفێکی گەورەتر بۆ خێزانەکەی بهێنێت لە ڕێگەی دروستکردنی خزمایەتی لەگەڵ لینتنەکان. هەر کاتێک بەتەنیا کاسی بەجێ دەهێشت، کاسی دەستی دەکرد بەمامەڵەیەکی خراپ لەگەڵ ئێمە، وەک کۆیلان لە ئێمەی دەڕوانی. هیندلیش حەزی بەو بەزمە بوو! ئێدگار لینتن، پێشتر چۆن بوو پاش ئەویش هەر ئاوا بوو، بیری پڕ ببو: خۆی بەدڵخۆشترین پیاو دەزانی لەو ڕۆژەی کە هیندلی ڕێگەی بەکاسی دا بچێت بۆ گیمەرتۆن چاپل، ئەمە دوای سێ ساڵ دوای مردنی باوکی ئێدگار بوو.

قەناعەتیان پێ کردم کە بانەکانی وێزەرینگ جێ بهێڵم و لەگەڵ کاسی بێم بۆ ئێرە. زۆرم لە دڵی گران بوو. هاریتۆن نزیکەی پێنج ساڵان دەبوو، تازە دەستم کردبوو بەوەی فێری پیتەکانی بکەم. ماڵئاواییەکی پڕ لە کەسەر و خەمگینمان کرد. بەڵام فرمێسکەکانی کاسرین زۆر لە هی ئێمە بەتێنتر و بەهێزتر بوو. کاتێ ڕەتی ئەوەم کردەوە لەگەڵیان بچم، قسەی ئەو هیچ کاری لێ نەکردم، بۆیە چووە لای مێرد و براکەی. مێردەکەی مووچەیەکی شایستەی دامێ. براکەی فەرمانی پێ کردم خۆم ئامادە بکەم: وتی نامەوێ یەک ئافرەت لەو ماڵەدا بمێنێتەوە، ئافرەت پاش خێزانەکەی بە حەرام دەزانی لە ماڵەکەی. سەبارەت بە هاریتۆنیش دەبێ بکەوێتە بن دەستی مامۆستایەکە. خوا حافیزیمان لە یەکتری کرد. من زۆر سەرگران بووم. یەک شتم لەو ماڵەدا مابوو بیکەم: بەسەرۆکم وت کە هەموو خەڵکە شایستەکەت لەو ماڵە بەدەرەوە وەنا و خۆت لە هەموویان ڕزگار کرد، تۆ بەزووترین کات پاش ئێمە لە ناو دەچیت. پاشان هاریتۆنم ماچ کرد و وتم خوا حافیز. لەو کاتەوە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت هاریتۆن بۆ من وەک بێگانەیەک وایە: کاتێ بیری لێ دەکەمەوە زۆر شتێکی سەیرە، بەڵام بێ گومانم لەوەی کە بەتەواوی هەموو شتێکی دەربارەی ئێڵن دین لە بیر کردووە. لە بیر چووە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لەم دونیایەدا من تەنیا ئەوم

هەبوو و ئەویش تەنیا من وەک دایک و پەرستار و هەموو شتێک!

ئا لەم خاڵەی چیرۆکی پاسەوانەکە (نیلّی یاخود دین یا ئێلّن)دا، نیلّی سەیرێکی سەعاتەکەی سەر ئاگردانەکەی کرد، واقی وڕما کاتێ بینی میلی کاتژمێرەکە سات یەک و نیوی شەوی خوێندەوە. پێ دەچوو نەتوانێت بۆ یەک چرکەی دیکە دانیشێت و بمێنێتەوە: لە ڕاستیدا، منیش ماندوو ببووم بەڵام چیرۆکەکەی ئەوەندە بەخۆشی دەگێڕایەوە حەزم نەکرد بیپچڕێنم تا خۆی وەستا. ئێستا ون بوو بۆ ئەوەی پشوو بدات، منیش سەعاتێک یان دووانی تر بیرم کردەوە، دواتر منیش، سەرەڕای ژانە سەر و ئازاری هەموو جەستەم، تەکانێکم بەخۆم دا و چووم پشووم دا.



## بەشی دەیەم

پێشەکییەکی سەیر بۆ ژیانی کەسێکی بەتەنیا! چوار هەفتە ئازار و ئەشکەنجە و نەخۆشی! ئای لەو بایە تووڕە و توندە، ئای لە ئاسمانە تاڵەکانی لای باکور، ئای لەو ڕێگە سەر سەخت و دژوارانە، ئای لە دکتۆرە هێواش و لەسەرخۆیەکانی ئەم وڵاتە! ئاخ لە کەموکورتی ڕووی ئەو مرۆڤانە! لە هەموو ئەوانەش خراپتر، ئامۆژگاری و ڕاسپاردەکەی دکتۆر کینیس بوو کە من نابێ بچمە دەرەوە تا بەهار ڕووی بەدەر دەکەوێت!

بەڕێز هیتکلیف تازە بەداوەتێک گەورەی کردم. حەوت ڕۆژ لەمەو بەر سکاڵایەکی بێزار کەری بۆ ناردم - کۆتایی وەرزەکە. هەی چەپەڵ! بەهەر حاڵ خۆ ئەو هیچ تاوانێکی نییە لەو نەخۆشییەی من. زۆر لە بەر دڵم بوو پێی بڵێم. وەلێ ، ئەفسووس! چۆن من پیاوێک بێزار دەکەم کە بۆ ماوەی سەعاتێک لای من بەخێر دانیشت، باسی بابەتی وای بۆ دەکردم کە دوور بوو لە حەب و دەرمان و پفکە و نەخۆشی؟ ئەمە بەڕاستی بێ ئیشی بوو. هێزم لە بەر بڕابوو نەمدەتوانی بخوێنمەوە. ئێستا هەست بەوە دەکەم کە حەزم لە شتێکی خۆشە. باشە بۆچی خاتوو دین نەهاتە سەرەوە بۆ ئەوەی چیرۆکەکەی تەواو بکات؟ دەتوانم ئێستا سەر لە ڕووداوە سەرەکییەکانی دەربکەم، هەرچەندە زۆر ڕۆیشتبوو بەڵام ئێستا دەمتوانی شتەکان پێکەوە بنێم. بەڵێ: پاڵەوانەکە و ڕاکردنەکەیم لە بیرە، بۆ ماوەی سێ ساڵ کەس نەیبینییەوە. پاڵەوانە کچەکەش مێردی کرد، زەنگی بۆ لێ دەدەم: ئێستا زۆر خۆشحاڵ دەبێت گەر بزانێت من حەوسەڵەی قسە کردنم هەیە. خاتوو دین هات.

وتی "گەورەم دەرمان خواردن بیست دەقیقەی دەوێت."

وەڵامم داوە "وەرە واز لە دەرمان بهێنە! حەز دەکەم ..."

"دکتۆر دەڵێت دەبێ ئەو دەرمانانە وەرگریت."

" پڕ بەدڵ و دەروونم بەڕاستمە! قسەم پێ مەبڕە. وەرە و ئا لێرە دانیشە، توخوا دەستت بپارێزە لەو شووشە دەرمانانە. ئا لێرە بەردەوام بە مێژوو و چیرۆکی بەڕێز هیتکلیفم بۆ تەواو بکە لەو شوێنەی کە بەجێت هێشت تا ئەمڕۆکە. ئایا خوێندنی لەو کیشوەرە تەواو کرد و وەک پیاو ماقووڵێک گەڕایەوە؟ یان ئەوەتا شوێنی خۆی کردەوە لە کۆلێژ، یانیش ڕای کرد بۆ ئەمریکا، لەوێ نەفرەتی لە خوێنی وڵاتەکەت کرد؟ یانیش ئەوەتا سەروەت و سامانی بەخێرایی لەسەر هێڵە خێراکانی ئینگلیز پەیدا کرد؟"

خاتوو دین دەستی بەقسە کردەوە "بەڕێز لۆکود، ڕەنگە کەمێک لەو کارانەی تۆ باست کردن ئەنجامی دابێت. بەڵام نەمتوانی بۆ هیچ کام لەوانە دڵنیا بم. هەر وەک پێشتر باسم کرد نازانم ئەو پارەیەی چۆن دەسکەوتووە، هەروەها ئەوەش نازانم بەچ شێوەیەک لەو دڕندایەتی و پیسی و کەمتەرخەمییەوە گۆڕا بۆ ئەو کوڕە ماقووڵەی ئێستا، نازانم لە کوێ فێری ئەو ڕۆشنبیرییە بووە: بەڵام گەر دەرفەتم پێ بدەی با لەسەر ڕەوتەکەی خۆم دەست پێ بکەمەوە، گەر بەئەرکی نازانیت و سەر گران نابیت. ئایا ئەم بەیانییە باشتر بووی؟"

" زۆر باشترم."

ئەمە هەواڵێکی باشە"

خاتوو دین دەستی بەچیرۆکەکە کردەوە" خۆم و خاتوو کاسی چووین بۆ سرەسکرۆس گرەنج، من زۆر دڵگران بووم. بەڵام بەپێچەوانەی خەیاڵ و بیرکردنەوە من کاسی ڕەفتاری باشتری لەگەڵ کردم. پێ دەچوو زیاد لە پێویست خولیای بەڕێز لینتن بوو. تەنانەت بۆ خوشکی لینتنیش زۆر سۆز و خۆشەویستی دەنواند. بێگومانم لەوەی کە ئەوان زۆر یارمەتییان دەدا و سەرچاوەی دڵخۆشی ئەو بوون. ئەوە دڕک نەبوو بە گوڵە هەنگوینەکەوە نووسابوو، بەڵکو گوڵە هەنگوینەکە دڕکەکەی لە باوەش گرتبوو! ڕای هاوبەش لە نێوانیاندا نەبوو: یەکێکیان ڕەق دەوەستا ئەوانی تر





هاواریان لێ هەڵدەستا. باشە کێ سروشتی خراپ یان میزاژی تێک دەچێت کاتێ ئەوانەی لەگەڵت دەژین نە دژایەتیت بکەن نە سۆزی خۆشەویستیت بۆ بنوێنن؟ سەرنجی ئەوەم کرد کە بەڕێز ئێدگار ترس و هەراسێکی قووڵی لە جەستەی چزا بوو و نەیدەوێرا بەهیچ شێوەیەک بێزاری بکات یان قسەیەکی ناخۆشی لەگەڵ بکات. ئەو شتەی لە ناخیدا شاردەوە. بەڵام گەر هەر کاتێک گوێی لە من بوایە بەتوندی وەڵام دەدەمەوە، یان هەر خزمەتکارێکی تری دیبا لە کاتی خۆیدا بەتەنگ فەرمانەکانی کاسی نەچووبان، ئەوا گرژییەک لە دەم و چاوی دەباری کە بەهیچ شێوەیەک لەسەر حیسابی خۆی نەبوو. زۆر جاران بەڕەقی قسەی لەگەڵ من دەکرد لەسەر ڕەفتارە دڵ گرانەکانم. ئەو کابرایە زۆر سەیر بۆ کاسی ڕووخابوو. بەو بوایە بەچەقۆیەک هەموو هەناوی ونجن ونجن بکەیت بەڵام کاسی نەبینێت دڵگران یان سارد یان خەمبار بێت.

بۆ ئەوەی سەرۆکە بە بەزەییەکە جاڕس نەکەم، فێری ئەوە بووم کە چۆن مامەڵە بکەم. بۆ ماوەی شەش مانگ بەجدی کارم لەوماڵەدا نەدەکرد. تۆز و خۆڵی شەش مانگ نەزەکێکی پڕ لە لمیان لەو ماڵەدا دروست کردبوو چونکە کەس خۆی لە پاککردنەوە نەدەدا. ئێستا وەرزەکانی کاسرین بێدەنگی و تاریکی بوون: هەموو ئەوانی تر بەهۆی کاسییەوە ڕێزیان لێ دەگیرا، مێردەکەی زۆر هێمن بوو. لە بەر خاتری کاسی لەگەڵ هەموووان باش ببوو. کاسی لە بەر نەخۆشییە ترسناکەکەی زۆر نازدارتر ببوو و زیاتر خزمەتیان دەکرد، کە پێشتر هەرگیز کەس نەبوو لە پاڵ خەمۆکی و ئازار و مەینەتییەکانی دانیشێت. گەڕانەوەی تیشکی خۆر لە لایەن وەڵامدانەوەی تیشکی خۆر لەوەوە پێشوازی لێ کرا. دەبێ دان بەوە دابنێم کە ئەوان بەڕاستی لەو پەڕی خۆشیدا دەژیان.

ڕابردوو کۆتایی هات. ئێستا دەبێ هەر چ نەبێت بۆ خۆمان بژین. دڵە باش و مرۆڤ دۆستەکان لە خاڵێکدا زۆر خۆپەرستترن لە سەرۆکە خۆ سەپێنەکان. کۆتایی بەو ساتانە هات کاتێ ڕووداوێک هەمووانی دڵسارد دەکرد، کاتی ئەوە بەسەر چوو گەر بەدڵی یەکێک ڕەفتارت نەکردبا ئەوا دەبووی بەبنێشتە خۆشەی سەر زاری ئەوانی تر و هەموو سەرکۆنەیان دەکردی. لە ئێوارەیەکی هێمندا لە مانگی نۆ، لە باخچە بە سەبەتەیەک سێوەوە دەهاتمەوە کە لەوێ کۆم کردبوونەوە. تازە تاریک

دادەهات، مانگ لەسەر بەرزایی دیوارەکانەوە خۆی نیوە نیشان دا، سێبەرێکی لێڵی بەسەر گۆشەکانی باڵەخانەکەدا دروست کرد. سەبەتە سێوەکەم لەسەر شانم بوو و هەنگاوم بۆ نێو موبەقەکە نا، لەوێ بۆ پشووێک لەنگرم گرت، چەند هەناسەیەکم بەنەرمی هەڵکێشا، هەوایەکی شیرین، چاوەکانم لەسەر مانگ بوون، پشتم لە دەرگاکە بوو، کاتێ لە پشتە خۆم گوێم لە دەنگێک بوو و وتی "نیلی، ئەوە تۆی؟"

دەنگێکی قووڵ بوو، لە تۆنەکەی ڕا دیار بوو دەنگی بێگانانە. بەڵام لە هێنانی ناوی من موچڕکێکم بەلەشدا هات، ئەو دەنگە لای من غەریب نەبوو. بەترسێکەوە ڕووم بەئاڕاستەی دەنگەکە وەرگێڕا بۆ ئەوەی بزانم کێیە قسە دەکات، چونکە دەرگاکان هەمووی داخرابوون، هیچ کەسیشم نەبینی پاشە خۆم بێتە ژوورەوە. شتێک لە بن هەیوانەکە دەجوولا، نزیکتر بەرەو لای من دەهات، بینیم پیاوێکی درێژ لە نێو جلێکی ڕەشدا بوو، قژ و ڕووی ڕەش دەچۆوە. بەلایەکدا لار بووەوە، پەنجەکانی لە دەسکی دەرگاکەدا گیر کرد وەک بڵێی بۆ خۆی دەکردنەوە. بۆ خۆم بیرم کردەوە "دەبێ کێ بێت؟ دەبێ بەڕێز هیندلی بێت؟ نا نەخێر ئەو نییە. دەنگەکە بە هی دەنگی ئەو نەدەچوو."

کاتێ بەردەوام لە شوێن دەنگەکە ڕامام، دەستی بەقسە کرد "لێرە بۆ ماوەی سەعاتێک چاوەڕێم کرد. وەک بڵێی من مردووم کەس سەیری نەکردم. نەموێرا بێمە ژوورەوە. نامناسیتەوە؟ سەیرکە، من غەریبە نیم؟"

تیشکێک کەوتە سەر سەرو فەسالی، ڕوومەتەکانی زەرد بوون، بە خەنافسی ڕەش داپۆشرابوون، ئەبرۆکانی نزم، چاوەکانی لە قووڵدا چنرابوون و تاک بوون. یەکسەر چاوەکانیم بەبیر هاتەوە.

هاوارم لێ هەستا "چی!" دڵنیا نەبووم لەوەی کە بەمیوانێکی جیهانی حیسابی بکەم یان بە چی، دەستەکانم بەواق وڕماوییەوە بڵند کرد "چی تۆ گەڕایتەوە؟ ئەوە بەڕاستی تۆی؟ تۆ خۆتی؟"

سەیری منی کرد و دواتر بەرز ڕوانییە پەنجەرەکان کە ڕەنگدانەوەی تیشکەکانی مانگی بەسەرەوە بوو، بەڵام لە ژوورەوە ڕا هیچ تیشکێک نەبوو، وەڵامی داوە "بەڵێ. هیتکلیفم. نیلی لە ماڵێنە؟ کوا کاسی؟ خۆشحاڵ نیت تۆ! پێویست ناکات سەرت



بێشێنم، کاسی لێرەیە یان نا؟ قسە بکە! دەمەوێ یەک وشەی لەگەڵ بدوێم. قسە لەگەڵ خانمەکەت دەکەم. برۆ، پێی بڵێ یەکێک لە گیمەرتۆنەوە دەیەوێ چاوی بە بەڕێزتان بکەوێت.

منیش وتم "چۆن بەرگەی ئەمە دەگرێت؟ باشە چی دەکات؟ ئەوە من وا واقم وڕماوە و شڵەژاوم، بڕوات بێ ئەو هەر لە هۆش خۆی دەچێت و دەبووڕێتەوە! ئیتر تۆ هیتکلیفی! بەڵام گۆڕاوی! نەخێر کەس باوەڕت پێ ناکات، کەس بەرگەی ئەوە ناگرێت. ئایا ئەو ماوەیە سەرباز بوویت؟"

بێ ئۆقرە و بێ ئارام، قسەی پێ بڕیم و وتی "بچۆ پەیامەکەم بگەیەنە. تا تۆ دەچی من لە دۆزەخ دەتوێمەوە!"

دەسکی دەرگاکەی بەرز کردەوە و من هاتمە ژوورەوە. بەڵام کاتێ گەیشتمە ژووری پێشوازی کە بەڕێز لینتن و خاتوون لینتنی لێ بوو، نەمتوانی قەناعەت بەخۆم بکەم بچمە پێشەوە. پاش ماوەیەکی زۆر بڕیارم دا کە پاساو بۆ ئەوە بهێنمەوە بزانم مۆمەکانیان داگیرساوە، دەرگاکەم کردەوە.

پێکەوە لە لای پەنجەرەکە دانیشتبوون کە پەردەکانی پێچەوانەی دیوارەکان هەڵپەسێرابوون، لەو دیو پەنجەرەکەوە درەختی ناو باخچەکە و سەوزاییە سروشتییەکەی باخچەکە دیار بوون، دۆڵی گیمەرتۆن، لە دوورەوە بە لێڵی دەهاتە بەر چاو، چونکە تەم ئەو ناوەی داپۆشیبوو (چونکە هەر کە لە پەرستگاکە تێدەپەڕی، ڕەنگە تۆ سەرنجت دابێت، دۆڵێکی پڕ لە دەوەنی کاکی بەکاکی دەردەکەوێت). بانەکانی وێزەرینگ لە سەرەوە لە نێو دووکەڵە زیوینییەدا دەردەکەوێت. بەڵام خانووە کۆنەکەی ئێمە دیار نەبوو، زیاتر دەکەوێتە خوارووی لاکەی تر. ژوورەکە و سەرنشینەکانی و ئەو دیمەنەی ئەوان لێیان دەڕوانی بۆنی ئاشتی و تەبایی لێ دەهات. بەدوودڵییەوە بەناوی کارکردنەوە چوومە ژووری و هیچم نەووت، پاشان پرسیارەکەم کرد دەربارەی مۆمەکان، پێش ئەوەی بێمە دەرەوە، هێزی ناوەوەم پاڵی پێوەنام و منگەیەکم لێوەهات "خاتوون یەکێک لە گیمەرتۆن دەیەوێت چاوی بە تۆ بکەوێت."

بەڕێز ئێدگار لینتن پرسی "چی دەوێت؟"

وەڵامم داوە "لێم نەپرسی کە چی دەوێت."

کاسرین وتی "باشە نیلّی پەردەکان داخە و چا بێنە سەرەوە. هەر ئێستا دەگەڕێمەوە."

کاسی ژوورەکەی بەجێ هێشت. بەڕێز ئێدگار هەر سەری دەهێنا و دەبر دەیویست بزانی ئەو کەسە کێیە.

وەڵامم دایەوە "یەکێکە کە خانم خەیاڵی بۆ ناچێت. گەورەم هیتکلیفە، بەبیرت دێتەوە، ئەوەی لە ماڵی بەڕێز ئێرنشۆ دەژیا."

ئێدگار مشەوەش بوو وتی "چی! مناڵە قەرەجەکە - چڵکن و پۆخڵەکە؟ بۆچی بە کاسرینت نەوت کە ئەو کەسە هیتکلیفە؟"

وتم "وسبە سەرۆک بەو ناوانەوە ناوی مەهێنە. گەر کاسی گوێی لێ بێت خەم دووبارە وێرانی دەکات. ئەو کاتەی هیتکلیف سەری هەڵگرت و دیار نەما، کاسی دڵی شکا و ماڵوێران بوو. وابزانم گەڕانەوەی ئەو زۆر دڵی کاسی خۆش دەکات، خۆشتر لە ئاهەنگێک."

بەڕێز ئێدگار لینتن چووە تەک پەنجەرەکە لە لاکەی تری ژوورەکە کە بەسەر حەوشەکەدا دەیڕوانی. پەنجەرەکەی کردەوە و سەری بەسەردا شۆڕ کردەوە. وابزانم ئەوان لە خوارەوە بوون، بۆیە بەخێرایی زڕەی لێ هەستا "خۆشەویستەکەم! لەوێ ڕا مەوەستە. ئەو کەسە بێنە ژوورەوە، گرنگ نییە با کەسێکی تایبەتیش بێت" گوێم لە دەنگی دەرگاکە بوو و کاسرین بەسەر قاندرمەکە کەوت، ماندوو و هەناسە بڕکێ. زۆر حەزی دەکرد خۆشحاڵی خۆی بخاتە ڕوو: لە ڕاستیدا لەسەر و فەساڵیدا کارەساتێکی جەرگبڕت لێ دەخوێندەوە.

دەستی کردە ملی ئێدگار و بەهەناسە بڕکێوە وتی "بلّێ چی ئێدگار، ئێدگار! ئای ئێدگار خۆشەویستەکەم! وا هیتکلیف گەڕایەوە، بەڵێ گەڕایەوە! دواتر ئێدگاری لە باوەش گرت و توند بەخۆیەوە گوشی!"

بە نیگەرانی و شپرزەییەوە مێردەکەی وتی "باشە باش. بۆ ئەوە مەمخنکێنە! ئەو هەرگیز بۆ من نەبووەتە سامانێکی بەنرخ. پێویست ناکات ئاوا سەرمەست و کەیفخۆش بیت!"



تۆزێک لە خۆشییە چرووپرەکەی کەم کردەوە و وتی "نازانم شێوەی لە هیتکلیفی جاران ناچێت. ئێستاش لە بەر خاتری من ئێوە دەبێ بێن بە هاوڕێ. ئێستا پێی بڵێم بێتەوە سەرەوە؟"

وتی "بۆ ئێرە، بۆ نێو ژووری پێشوازی؟"

کاسی پرسی "ئەی کوێ؟"

سەر و بچمی شڵەژا و پێشنیاری موبەقەکەی کرد کە بۆ ئەو شوێنێکی شیاوە. خاتوو لینتن (کاسی) بەدەربڕینێکی گاڵتەجاڕییەوە سەیری کرد - نیمچە تووڕە و نیمچە پێکەنیناوی بوو.

پاش کەمێک لێکدی ڕوانین، کاسی وتی "نەخێر، من ناتوانم لە موبەقەکە دانیشم. ئێلّن دوو مێز بێنە ئێرە، یەکێکیان هی چینە بەرزەکان بێت بۆ سەرۆک و خاتوو ئیزابێلا، ئەوی تریشیان هی چینی نزمەکان بێت بۆ هیتکلیف و خۆم! ئازیزەکەم ئاوات پێ خۆشە؟ یان ئاگرێک لە شوێنێکی تر داگیرسێنم؟ گەر پێ سەرگرانیت، فەرموو فەرمان بکە. وا دەچمە خوارەوە و میوانەکەم دەهێنمە سەرەوە. خۆشیەکەم ئەوەندە زۆرە دەترسم ڕاستی نەبێت!"

ویستی هەر بەڕاکە ڕاک بچێتە خوارەوە بەڵام ئێدگار گرتی.

ئێدگار بەمنی وت "دەبێ تۆ بچی بیهێنیتە سەرەوە. کاسرین دڵخۆش بەئاساییە بەڵام خۆت شێت مەکە. تەواوی سەرنشینەکانی ئێرە نابێ ئەم جۆرە شێوازی پێشوازییەت ببینن وەک خزمەتکار ڕاکەیتە خوارەوە خۆ براکەت نییە."

من رۆیشتم و هیتکلیفم بینی لە ژێر هەیوانەکە چاوەڕێی دەکرد، دیار بوو پێشبینی داوەتکردنی ژوورەوەی دەکرد. بێ ئەوەی یەک وشە بەفیڕۆ بدات بەدوای شوێن پێکانی من کەوت، منیش بردمە لای سەرۆک و خاتوون (ئێدگار و کاسی) کە ڕوومەتەکانیان سوور ببوونەوە و نیشانەی ناپاکییان پێوە دیار بوو، هێشتا پەڵەی ناپاکییەکەیان هەر بە سەر و فەساڵەوە مابوو. بەڵام ڕووی کاسی هەستێکی تری بەخۆوە بینی کاتێ هاوڕێکەی لە دەرگاکە بەدیار کەوت. لێی چووە پێشەوە، هەردوو دەستی گرت و بردیە لای ئێدگار. پاشان پەنجەکانی ئێدگاری گرت و توند گووشی و خستیە نێو پەنجەکانی هیتکلیف. ئێستا بە تەواوی بەهۆی ئاگری ڕووناکی

مۆمەکە تەواو دەهاتنە بەرچاو، من واقم وڕما بوو، لە ژیانمدا ئاوا حەپەساوی نەیگرتوومە.

بۆ ئەوەی زیاتر باسی گۆڕانی هیتکلیف بکەم، دەبێ ئەوە بڵێم کە درێژتر ببوو، بەژن و بالای وەک وەرزشوانان ڕێکوپێک بوو، پیاوێکی جەستە قایم و قۆز بوو. لەگەڵ ئەوەشدا سەرۆکەکەی من بە کۆیلان دەچوو، شێوەی گەنجێکی دەمڕووتی دەکرد. قیافەی هیتکلیف ئەوەی بۆ دەسەلماندین کە لە نێو سوپادا خزمەتی کردووە. قسە و گوفتاری لە چاو ئێدگار بەئەزموونتر و گەورەتر بوو و سیفەتی بڕیاری پێوە دیار بوو. بەپیاوێکی زۆر دانا و ژیر دەهاتە بەرچاو. هیچ ئاسەواری چڵکنی و چەپەڵی جارانی پێوە دیار نەبوو. بەلام هێشتا توندی و دڕی و تیژییەکی بەنێو چاوە ئاگرین و ڕەش و شارستانییەکانی هەر دیار بوو. بەلام زۆر ڕاقی بوو، تەنانەت شێوازی وەستان و قسەکردن و جوولانەوەی بە کەسە شکۆمەندەکان دەچوو: ڕەقی و دژوارییەکەی نەمابوو: بۆ خولەکێک ئەوەی بەبیر هاتەوە کە تازە بەچڵکن و چەپەڵ بانگی کرد، کە پێشتر هەر واشی پێ دەوت. هیتکلیف دەستەکانی سڕییەوە و بە ساردی سەیری نێوچاوانی کرد تا وای لێ کرد قسە بکات.

بە وردی وتی "گەورەم دانیشە. خاتوو لینتن (کاسی) یادەوەرییەکانی دێتەوە یاد، ئەمەش وام لێ دەکات پێشوازییەکی گەرمت لێ بکەم. بێ گومان هەر شتێک دڵی کاسی خۆش بکات من سوپاسگوزاری ئەو شتەم.

هیتکلیف وەلامی داوە" منیش هەر وام. بەتایبەتی دەستێکی منیش لە دڵخۆشکردنی کاسیدا بێت جا هەر شتێک بێت. بە خۆشحاڵییەوە سەعاتێک یان دووان دەمێنمەوە."

هیتکلیف بەرامبەر کاسرین دانیشت، کە بەردەوام سەیری نێو چاوانی دەکرد وەک بڵێی دەترسا نەوەک لە شوێنەکەی خۆی نەمێنێت و لە بەر چاوی ون بێت. بەلام هیتکلیف چاوەکانی بەڕووی کاسی زۆر بەرز نەدەکردەوە: جار جارە نیگایەکی تیژ و خێرای دەکرد، بەلام زوو دایدەخستەوە، هەر جارە و بەمتمانەتر و حەسرەتتر دەبوو، خۆشییەکی ئاشکرای لە سیمای کاسی بەدی دەکرد. هەردووکیان ئەوەندە ڕۆ چووبوونە نێو خەیاڵ و خۆشی یەکترییەوە ئاگایان لەوە نەبوو لە بەردەمی ئەوانی تر



ئیحراج دەبن یان نا. بەلام بەڕێز ئێدگار وا نەبوو: ڕەنگی سپی هەڵگەرابوو و بێزاری و قەڵسبوونی پێوە دیار بوو: ئەو هەستەی گەیشتە لووتکە کاتێ کاسی هەڵساوە سەر پێ و بەنێو فەرشەکەدا ڕۆیشتو و دووبارە دەستەکانی هیتکلیفی گرتەوە و وەک بڵێی مێردیەتی ڕووی بە پێکەنین پشکووت.

بە خۆشییەکی چاوەڕواننەکراوەوە وتی "بەیانی وەک خەون دێتە بەرچاوم! بەهیچ شێوەیەک باوەڕ ناکەم جارێکی تر دەستم بەدەستت کەوت و قسەم لەگەڵ کردی و چاوم بەچاوت شاد بووەوە. ئێستا ئەی هیتکلیفی دڕندە تۆ شایەنی ئەو پێشوازییە نیت. چونکە تۆ بۆ ماوەی سێ ساڵ خۆت ون و بێدەنگ کرد، بۆ ماوەی سێ ساڵ هەرگیز منت نەهات بە بیر و خەیاڵدا!"

هیتکلیف بەدەنگێکی نزم و ژیرانە وتی "دیارە تۆ زۆر بیرت لە من کردووەتەوە ماوەی ئەو سێ ساڵە. لە مێژ نییە گوێم لە زەواجەکەتان بوو کاسی. کاتێ لە حەوشەکە چاوەڕێم دەکرد، بیرم لەو پلانە کردەوە کە تەنیا سەیرێکی ڕووت بکەم، سەیرێکی واق وڕمان، سەیرێک کە بەزۆری بەپەردەی خۆشی ڕووی خۆی داپۆشیوە. پاشان یچم خۆم لەگەڵ هیندلی یەکلایی بکەمەوە، پاشان ئەو یاسایە قەدەغە بکەم کە بەخۆم کارەکان بکەم. پێشوازییەکەت ئەو فیکرانەی لە مێشکی من سڕییەوە، بەلام ئاگەداری ئەوە بە کە جارێکی تر بەشێوەیەکی تر دەبێ چاوت بە من بکەوێت! نەخێر جارێکی تر تۆ ناتوانی سەرگەردانم بکەیت. تۆ بەڕاستی دڵت توند و پەشۆکاو بوو بۆ من، وا نییە؟ ئا بۆ ئەمەش هۆیەک هەبوو. من بەرەنگاری ژیانێکی تاڵ بوومەوە لەوەتەی دواجار گوێم لە دەنگت بوو. دەبێ تۆ بمبەخشی، منیش داوای لێبوردنت لێ دەکەم چونکە من تەنیا بۆ تۆ ژیام و خەباتم کرد!"

ئێدگارقسەکانی پێ بڕی و وتی، هەوڵی دا تا ڕادەیەک بەئەدەب بێت و کۆنترۆڵی تۆنە ئاساییەکەی خۆی بکات "کاسرین تکا دەکەم با چایەکە سارد نەبێتەوە وەرە لای مێزەکە. بەڕێز هیتکلیف گەشتێکی زۆری لە پێشە، ئارەزووی خۆیەتی لە هەر شوێنێک بێت ئەمشەو، من زۆر تێنوومە."

کاسرین لای گوڵدانەکە گیرسایەوە. خاتوو ئیزابێلا کە بەزەنگێک بانگ کرا، هات. پاشان دەستیان کردە کورسییەکان و هاتنە پێشەوە، من ژوورەکەم بەجێ هێشت.

ژەمی نان خواردن ئەوپەڕی دە دەقیقەی خایاند. کووپەکەی کاسرین قەت پڕبوونی بەخۆوە نەبینی: خواردن و خواردنەوەی لا قورس بوو. ئێدگاریش بەئاستەم دەمی دەگەیاندە پیاڵەکە و تۆزێکی هەڵدەدا خوارەوە. میوانەکەیان کاتی مانەوەی لە سەعاتێک زیاتر درێژ نەکردەوە. کاتێ هیتکلیف ڕۆیشت، لێم پرسی ئایا دەچێتە گیمەرتۆن یان نا؟

وەڵامی دایەوە "نەخێر، دەچمە بانەکانی وێزەرینگ. بەڕێز ئێرنشۆ (هیندلی) داوەتی کردم، کاتێ ئەم بەیانییە تەلەفۆنم بۆ کرد."

ئەها بەڕێز ئێرنشۆ داوەتی کردووە، همممم! ئەویش دیارە تەلەفۆنی بۆ بەڕێز ئێرنشۆ کردووە! پاش ئەوەی ڕۆیشت، ئەو ڕستانەم بەئازارەوە بەدەمدا هات. دەبێ تۆزێک دووڕوو نەبووبێت، دەبێ بەنیازی گۆبەندێک نەهاتبێتەوە وڵات؟ هۆپەکم کرد: مووچڕکێک بەقووڵایی دڵمدا هات، خۆزگە ئەو کوڕە هەر لە دەرەوە دەمایەوە هەرگیز نەدەهاتەوە.

دەوروبەری نیوە شەو، خاتوو کاسی خۆی خزاندە پێخەفەکەم و لە یەکەم بۆرژانم بەئاگا هاتم، لە تەنیشتم دانیشت، قژی ڕاکیشام و لە خەو هەڵیساندم.

بەڕووێکی پۆزشەوە، کاسی وتی "ئێلَن، ناتوانم پشوو بدەم، خەو ناچێتە چاوم. بوونەوەرێکی زیندووم دەوێ هەمیشە لەگەڵمدا بێت و هاوبەشی ئەو خۆشییەم بێت! ئێدگار لا لمووزە، چونکە من دڵم بەشتێک خۆشە ئەو کەیفی پێ نایەت: خۆ دەمی لێک ناکاتەوە، گەر بەیەکیشی بکێشیت لە قسەی پڕوپووچ و هەڵیت و پەڵیت هیچی تری لە دەم نایەتە دەر. ئەو پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە من زۆر دڕندە و خۆپەرستم حەزم لە قسەیە کاتێ ئەو نەخۆشە و کوێر دەبێت بۆ پشییە خەوێک. هەمیشە بەکەمترین تووڕە بوون خۆی نەخۆش دەخات! چەند ڕستەیەکم دەربارەی هیتکلیف وت، ئەویش بە هەستێکی پڕ لە دڵپیسییەوە، هاواری لێ هەستا "ئای باوکە سەرم دێشێت، خەریکە مێشکم دەتەقێت. بۆیە منیش هەڵسام و بەجێم هێشت."

وەڵامم داوە "ئێ باشە ستایش و پیاهەڵگوتنی هیتکلیف چ سوودێکی بۆ ئێدگار هەیە؟ خۆت دەزانی کوڕان لەسەر کچان بەینیان تێک دەچێت و هەمیشە ڕقیان لە یەکترە. بەهەمان شێوە، گەر باس و ستایشی ئێدگار بکەیت لای هیتکلیف ئەوا ئەو



هەر زۆر ڕقی لێ دەبێت و کەر دەبێت: ئا ئەمە سروشتی مرۆڤە. تۆ هیچی تر باسی هیتکلیف لای ئێدگار مەکە، بەتەنیا وازی لێ بێنە، چ پێوەندیت بەسەر ئەوەوە هەیە شەڕە قسە لە نێوان ئەو دووانە بکەیت، سەرت نایەشێت بۆ پەڕووی تێ دەئاڵێنی!"

کاسی بەردەوام بوو "بەڵام ئایا ئەمە گەورەترین بێهێزی ناخاتە ڕوو؟ من دڵپیسی ناکەم: هەرگیز هەستم بریندار نابێت، یان ئێرەییم بەوە نایەت گەر قژی ئیزابێلا زەرد و جوان و بریسکەدار بێت، یان سەرنج بەپێستی بدەم بزانم چۆنە، یان سەیرم بەجوانییەکەی بێت، یان ئەو خولیا و خۆشەویستییەی کە خێزانەکە بۆ ئەوی دەردەبڕن. تەنانەت تۆش نیڵی، گەر هەندێ جار مشتومڕێک لە نێوانمان ڕوو بدات، تۆ یەکسەر پشتگیری ئەو دەکەیت، منیش وەک دایکێکی گەمژە هاوار دەکەم: من بەخۆشەویستەکەم بانگی دەکەم، هەندێ مەراییشی بۆ دەکەم تا میزاژی باش بێت. گەر بەینی ئێمە خۆش بێت ئەوا براکەی (ئێدگار) زۆر دڵی خۆش دەبێت، کە ئەویش دڵخۆش بێت واتە من دڵخۆش دەبم. بەڵام زۆر بەیەکتر دەچن: دوو منداڵی بەناز و فیزن. جیهانێکی خەیاڵی بۆ ئەوان دروست بووە، هەرچەندە من گاڵتەم بەهەردووکیان دێت، پێم وایە سزایەکی ژیرانە هەردووکیان بەهەمان شێوە چاک دەکات."

وتم "خاتوو لینتن (کاسی) تۆ بەهەڵەدا چووی. ئەوان گاڵتە بەتۆ دەکەن: دەزانم چی ڕوودەدات گەر وا نەکەن. تۆ زۆر باش دەزانیت لەگەڵ تووڕە و قینچکە تەنگییەکەیان هەڵ بکەیت و خۆت لێیان لا بدەیت، ئەوانیش هەموو خۆشییەکی تۆیان دەوێت. بەڵام، ڕەنگە دوا جار تێ بکەوی، لەسەر شتێک کە ئەنجامی یەکسانی بۆ هەردوو لا هەبێت، پاشان ئەوانەی تۆ بەبێ هێزیان دەزانی ڕەنگە زۆر لە تۆ کەللە ڕەقتر دەربچن. ئەوانەی تۆ وا دەزانی تۆیان زۆر خۆش دەوێت ڕەنگە، زۆر ڕقیان لێت بێت!

بە پێکەنینەوە وتی "ئەو کاتە دەبێ بۆ مردن شەڕ بکەین، وا نییە؟ پێت دەڵێم نەخێر، من زۆر باوەڕم بەخۆشەویستی ئێدگار هەیە و دڵسۆزم بۆی، ئەوەندە باوەڕم پێیەتی گەر بشیکوژم لەوە ناچێت بیر لە تۆڵە بکاتەوە."

ئامۆژگاریم دەکرد کە زیاتر خودی ئێدگار نەک خۆشەویستییەکەی هەڵبسەنگێنێت.

وەڵامی دایەوە "بێگومان وا دەکەم. بەڵام پێویست ناکات تاقی بکرێتەوە. ئەوە کارێکی منالأنەیە، لە بری توانەوە لە نێو فرمێسک، وتم کە هیتکلیف ئێستا شایەنی ڕێز گرتنە، هەروەها بۆ هیتکلیف سەر بەرزییە کە هاوڕێیەکی ماقووڵی وەک ئێدگاری هەبێت، دەبوایە ئەوەی بەمن وتبا، هەروەها بەو بەزەییەی من خۆشحاڵ بوایە. دەبێ ئێدگار لەگەڵ هیتکلیف ڕابێت، ڕەنگە ئەویش کەیفی پێ بێت: ڕەنگە هیتکلیف ئەمجارەیان چاک حیسابی ئەوی کردبێت، دڵنیام لەوەی کە بەباشترین شێوە ڕەفتاری کرد!"

لێم پرسی "باشە ڕای تۆ چییە لەسەر ئەوەی کە هیتکلیف دەچێتە بانەکانی وێزەرینگ؟ ئەو لە هەموو ڕووێکەوە گۆڕابوو و باشتر ببوو: مەسیحیەکی تەواو بوو: دەستی ڕاستەی بەکاردەهێنا بۆ دوژمنەکانی چوار دەوری!"

کاسی وەڵامی دایەوە "هیتکلیف ئەوەی شی کردەوە. منیش بەقەد تۆ واقم وڕما. وتی تەلەفۆنی بۆی کردووە بۆ ئەوەی سۆراخی من لە تۆ بپرسێت، وای زانیوە تۆ هێشتا هەر لە بانەکانی وێزەرینگ ماویت. هەروەها جۆزیف بەهیندلی وت، کە هاتە دەرەوە و پرسیاری دەربارەی کرد کە چی دەکات، چۆن ژیاوە ئەو ماوەیە، دواجاریش حەزی لێ بوو بچێتە ژوورەوە. هەندێ کەس لە ژووری پێشەوە دانیشتبوون، هیتکلیف چووە لایان، براکەم هەندێ پارەی ون کردبوو بۆ ئەو، ئەویش پارەی زۆری پێ دەبێت، داوای لێ کردووە کە ئێوارە دووبارە بگەڕێتەوە: هیتکلیفیش بەمە ڕازی بووە. هیندلی هۆشی لەوە نییە هاوڕێکانی بەوریاییەوە هەڵبژێرێت: خۆی تووشی گرفت ناکات لەسەر ئەو کێشانەی کە ڕەنگە متمانە بەیەکێک نەکات کە زۆر بریندار بووە. بەڵام هیتکلیف دووپاتی هۆیە سەرەکییەکەی دەکاتەوە بۆ دەست پێکردنی پێوەندی لەگەڵ چەوسێنەرە کۆنەکەی، هۆیەکەشی ئەوەیە کە خۆی لەوێ بسەپێنێت نەک بچێتەوە گرەنج کە زۆر دوورە بۆ ئەو، هەمیشە لای ئەو خانووە بێت کە ئێمە پێکەوە لێی ژیاوین، بەهەمان شێوە بەهیوای ئەوەی کە من دەرفەتی زیاترم دەبێت لەوێ زیاتر چاوم پێی بکەوێت گەر لە گیمەرتۆن بێت. مەبەستی ئەوەیە کە پارە بدات بۆ ئەوەی ڕێگەی پێ بدەن لە بانەکانی وێزەرینگ بمێنێتەوە، بێ گومانیشم لەوەی کە چڵێسی و تەماعی براکەم ڕێگەی پێ دەدات پەسەندی ئەوە بکات: ئەو برایەی من هەمیشە بەتەماع بووە، بۆ پارە هەموو شتێکی کردووە، هەرچەندە ئەوەی بەدەستێک



پەیدای دەکات بەدەستەکەی تر دوو ئەوەندە سەرف دەکات، بۆیە هەرگیز نابێتە خاوەنی هیچ شتێک."

منیش وتم "شوێنێکی خۆشە بۆ گەنجێک تیایدا بژیت و شوێنی خۆی خۆش بکات! خاتوو کاسی هیچ لە ئەنجامەکانی ئەو کارانە ناترسی؟

وەڵامی دایەوە "سەبارەت بەهاوڕێکەم هیچ ترسێکم نییە. سەرە بەهێزەکەی هەمیشە لە مەترسی دەیپارێزێت. کەمێک ترسم لە هیندلی برامە: بەڵام ناتوانێت ئەخلاقی لەوە خراپتر بێت کە ئێستا هەیەتی، منیش بەرگەی ئەو و جەستە بەئازارەکەی دەگرم. ڕووداوەکەی ئەمشەو منی ئاشت کردەوە لەگەڵ خوا و مرۆڤایەتی! من زۆر بەتووڕەیی لە دژی چارەنووس و قەدەر یاخی ببووم. ئاخ نیلی، من بەرگەی ئازار و نەهامەتی زۆر زۆر تاڵم گرت! گەر ئەو بوونەوەرە (هیتکلیف) دەیزانی ئەو ئازار و نەهامەتییانەی من چەندە تاڵن، ئەوا بە خەجاڵەتەوە هەموو هەوری دونیای لەسەر خۆیدا دەتواندەوە. ئەوە بەزەیی و باشی ئەو بوو وای لە من کرد بەتەنیا بەرگەی ئەو هەموو ناخۆشییە تاڵە بگرم: ئایا ڕۆژێک لە ڕۆژان هیچ ئازارێکم دەربڕیوە کە زۆر هەستم پێی کردووە، هەردووکمان لە یەکتری فێر بووین چۆن بەرگەی ئازار بگرین گەر بۆ ماوەیەکی زۆریش بێت. ئەو زۆر ئازاری منی داوە لەگەڵ ئەوەشدا، هەموو شتێک کۆتایی هات، من هیچی تر بیر لە تۆڵە ناکەمەوە بەرامبەر خراپەکاری و دڵڕەقییەکەی. لێرەو پاش هیچی تر ئازار و ناخۆشی نابینمەوە! گەر هیچ و پووچترین شت بێت و شەپازللەیەکم تێ هەڵدات نەک هەر تەنیا ڕووم وەردەگێڕم لە لا ڕوومەتەکەی تریشم بدات بەڵکو داوای لێبووردنیشی لێ دەکەم، بۆ سەلماندنی قسەکانیشم ئێستا دەچم ئێدگار ئاشت دەکەمەوە. شەو باش! من فریشتەم، نیلی!"

بەم شێوەیە قەناعەتی بەخۆی کردبوو. ڕۆیشت و سەرکەوتنی بڕیارە جێبەجێ کراوەکانی لە بەیانیدا بەدیار کەوت: بەڕێز لینتن (ئێدگار) نەک هەر تەنیا نەرم و نیانتر بوو (هەرچەندە خولق و گوفتاری لە هەموو کاتێکدا هێمن بوو لەگەڵ دڵخۆشییەکەی کاسی) بەڵام بەرامبەر کاسی نقەی نەکرد کاتێ ئیزابێلای لەگەڵ خۆی بردە بانەکانی وێزەرینگ دوای نیوەڕۆ، کاسرین بەرامبەر ئەو سۆز و

خۆشەویستی و دڵفراوانییەی پاداشتی ئێدگاری داوە بەوەی کە بۆ چەند ڕۆژێک خانووەکەی وەک بەهەشت دەڕازاندەوە، هەردووکیان سەرۆک و خزمەتکارەکان سوودیان لە تیشکی بەردەوامی خۆر وەردەگرت.

هیتکلیف (لەمەو پاش دەبێ بڵێم بەڕێز هیتکلیف) ئازادی سەردانیکردنی سرەسکرۆس گرەنجی بەهەشیاری بەکار هێنا، یەکەم جار: پێ دەچوو تەنیا مەزندەی ئەوە بکات بزانی بەرامبەرەکەی چۆن وەری دەگرێت. کاسرینیش زۆر بەهەستیاری دەربڕینەکانی بەخۆشی لە پێشوازیکردنی ئەودا هەڵدەبژارد. ئەویش وردە وردە مافەکانی دامەزراند بۆ ئەوەی پێشبینی بکرێت. تەواو پێچەوانەی مناڵی بوو، ئەمەش خزمەتی کرد بەشێوەیەک کە هەموو هەستەکان بەرامبەر بەو پێچەوانە ببنەوە. زەحمەتی سەرۆک زۆر هێمن بوو، بارودۆخەکان تەواو گۆڕابوون و کەناڵێکی تری بەخۆوە بینیبوو.

سەرچاوەی نوێی گرفتەکان لەو بەدبەختییە پێشبینی نەکراوە سەری هەڵدا کە ئیزابێلا لینتنی خوشکی ئێدگار لینتن لە بەرامبەر میوانە قۆزەکەیان (هیتکلیف) خۆی پێ نەگیرا و لەپڕا هەست و سۆزی بۆ چوو، لەپڕا خۆشی ویست. ئیزابێلا ئەو کاتە کچێکی ناسک و جوان، تازە پێی نابووە هەژدەساڵی. لە ڕوخساردا مناڵ دیار بوو، بەڵام خاوەن ژیارێکی بێ وێنە بوو، هەستی جۆش و خرۆشی هەبوو، کچێکی خۆش مەشرەب بوو، بەڵام جار جارەش میزاژی بوو. براکەی کە زۆری خۆشدەویست واقی وڕما لەو هەستەی خوشکی بەرامبەر بەهیتکلیف. بەلاوەنانی هەژاری هاوپەیمانیەتێک لەگەڵ پیاوێکی بێ ناو و سەر و سۆراخ، هەروەها ئەو واقیعە شیاوەی کە موڵکەکەی، لە پارە نەدانی میراتگرە پیاوەکەی، ڕەنگە بیگوازێتەوە بۆ ئەم دەسەڵاتە. هەستی بەسروشتی هیتکلیف کردبوو: ئەوەی دەزانی هەرچەندە سەرو فەساڵی گۆڕابوو، بەڵام ئەقڵی نەگۆڕ و نەگۆڕاو بوو. ئەویش لەو ئەقڵە تۆقیبوو. ئایدیەی پابەندکردنی ئیزابێلا بەپاراستنی ئەو زۆری کاری لێ کردبوو. پابەندبوونی ئیزابێلا بەهیتکلیف زۆر خێراتر بوو لە پلان و بیرکردنەوەی ئێدگار، تا دواجار گەیشتە ئاستێک هیچ شتێک نەیتوانی ڕێی پێ بگرێت. تا وای لێ هات لۆمەی هیتکلیفی کرد بەوەی گوایە بەئەنقەست وا دەکات.



لە کاتێکدا هەموومان هەستمان بەوە کرد کە خاتوو ئیزابێلا دڵی بە شتێکەوە بەندە. هەڵسوکەوتی تووڕە و ناجۆر بوو، لە بنەوە شەڕی دەست پێ کردبوو لەگەڵ کاسی و هەمیشە گاڵتەی پێ دەکرد، تا وای لێ هات کاسی نەیتوانی هیچی تر بەرگە بگرێت چونکە ئارامییەکەی سنووردار بوو. ئێمەش تا ڕادەیەک پاساومان بۆ دەهێنایەوە دەمانوت کە ئیزابێلا بەتەواوی نەخۆش کەوتووە و تەندروستی باش نییە. لە بەر چاوی ئێمە دەکەوتە خوارەوە و دەبووڕایەوە. بەڵام ڕۆژێک، زۆر چەتوون بوو و نانی بەیانی ڕەت کردەوە، ناڕەزایی ئەوەی دەردەبڕی کە خزمەتکارەکان بەدڵی ئەویان نەکردووە، هەروەها کاسی وای لێ کردووە کە هیچ حیسابی لەو ماڵەدا بۆ نەکرێت، ئێدگار پشت گوێی خستووە، سەرمای بووە و دکتۆرەکانیش ئاوا بەجێیان هێشتووە، گوایە ئێمە بەئەنقەست ئاگردانەکەمان هەڵنەکردووە بۆ ئەوەی ئەو زیاتر سەرمای بێت، ئیتر سەدان بەهانەی لەم جۆرەی دۆزییەوە. خاتوو کاسی بەدڵەوە پێی دەگوت کە دەبێ بچێتە سەر جێگەکەی، بەخێرایی بانگی دکتۆری بۆ کرد. ناو هێنانی کینیس قیژەی لە ئیزابێلا هەڵساند، دەیوت کە تەندروستی هیچ عەیبی نییە. ئەمە تەنیا وشکی و ڕەقی کاسرینە دڵناخۆش و دڵتەنگی کردووم.

خاتوو کاسرین سەری سوڕما و هاواری لێ هەستا "چۆن دەتوانی بڵێی من وشک و ڕەقم، هەی چەتوون و چەقاوەسوو؟ بێگومان تۆ ئەقڵی خۆت لە دەست داوە و لەسەر خۆت نیت. پێم بڵێ من چ کاتێک لەگەڵ تۆ دڵڕەق و وشک بوومە، ها؟"

ئیزابێلا هەنسک دایگرت و وتی "دوێنێ و ئێستاش!"

براژنەکەی (کاسی) وتی "دوێنێ! ئێ باشە بە چ هۆیەک، چۆن؟"

" کاتێ بەنێو بەیارەکەدا ڕۆیشتن: تۆ وتت چ شوێنێکت پێ خۆشە، بڕۆ لەوێ پیاسە بکە، تۆش لەگەڵ بەڕێز هیتکلیف پیاسەت کرد؟"

کاسرین پێکەنی و وتی "هەر تەنیا لە بەر ئەوە دەڵێی کە من دڵڕەق و وشکم؟ ئەوە هیچ گومانی نییە کە هاتنەکەت لەگەڵ من هیچ مانایەکی نەبوو؟ لای ئێمە ئاسایی بوو کە تۆ لەگەڵ ئێمە بیت یان نا. بەڕای خۆم قسەکانی هیتکلیف شتێکی وا نەبوو گوێیەکانی تۆ دڵخۆش بکات."

کچە گەنجەکە دەستی بەگریان کرد "نا مەسەلەکە وا نەبوو. تۆ حەزت کرد من

لەگەڵتان نەبم چونکە دەتزانی من حەزم دەکرد لەوێ بوام!"

خاتوو کاسرین سەیری منی کرد و پرسی "چییە ئەوە شێت بووە؟ ئیزابێلا ئەو قسانەی لە نێوان من و هیتکلیف کران وشە بەوشە بۆت دووبارە دەکەمەوە. ئیتر تۆش ئەو وشانە دەستنیشان بکە کە تۆی دڵخۆش دەکرد گەر لەوێ بوای."

وەڵامی دایەوە "من باکم بەقسەکانتان نییە. دەمویست لەگەڵ ...."

کاسرین بۆ ئەوەی دوودڵی بکات لە تەواوکردنی قسەکەی وتی "ئێ؟"

ئاگری لێ هەستا و بەردەوام بوو "دەمویست لەگەڵ هیتکلیف بوام: نامەوێ هەمیشە بەلاوەم بنێن! کاسی تۆ سەگی ناو ئاخوڕانی، حەز دەکەیت خەڵکی تەنیا تۆی خۆشبوێت نەک من!"

خاتوو لینتن (کاسی) بە سەرسوڕمانەوە وتی "دەزانی تۆ مەیموونێکی هیچ و بێ ئەدەبی! هەرگیز ئەو بێ ئەقڵی و دەمارگیرە لە تۆ باوەڕ ناکەم! مەحاڵە تۆ هەستت بەرامبەر هیتکلیف هەیە و پێی سەرسامی - یانی تۆ ئەو بە کەسێکی پەسەند دەزانی! ئیزابێلا، هیوادرام بە هەڵە لە تۆ گەیشتبم؟"

کچە شێت و بەدوای کڵاو با بردوو کەوتووەکە، وتی "نا بەهەڵە لە من نەگەیشتووی، من هیتکلیفم خۆش دەوێت زیاتر لە خۆشەویستی تۆ بۆ ئێدگار، گەر تۆ وازی لێ بێنی هیتکلیفیش منی خۆش دەوێت!"

کاسی دەمگەرمانە ڕایگەیاند "دەی کەواتە من لێناگەڕێم تۆ بۆ شانشینێک بیت! پێ دەچوو کاسی زۆر دڵسۆزانە قسەی دەکرد "نیلی، یارمەتیم بدە با قەناعەتی پێ بکەم کە شێت بووە. پێی بڵێ هیتکلیف چۆن پیاوێکە: بوونەوەرێکی بێ سوود، بێ ڕەوشت، بێ پیت و بەرەکەت، زەوییەکە ناکێڵدرێت، زەوییەکی وشک و برینگ و قاقڕ و پڕە لە مەڕمەڕی ڕەش. هەر زوو ئەو کەنارییە بچووکە لە نێو باخچەیەکی دادەنێم بەوەرزی زستان، پێشنیار بۆ تۆ دەکەم کە دڵت بەو مەبەخشە! سیفەتێکی کەمتەرخەم و پەشێوی هەیە، مناڵێکە و هیچی تر، کامە لەو سیفەتانە وات لێ دەکات خەو بەهیتکلیف ببینی. دوعا بکە، وا مەزانە کە قووڵاییەکانی بەزەیی خۆی دەشارێتەوە و سۆزی لە ژێر پێی خۆی دەنێ! موجیبی چی هیتکلیف بووی، خۆ ئەڵماسێکی تیژ نییە، یاقووت و مرواری نییە لە نێو گوێچکەماسی ژێر دەریاکانیش



دەست نەکەوێت: پیاوێکی توند و بێ بەزەیی و گورگ ئاسایە. من هەرگیز پێی ناڵێم "واز لەم یان لەو دوژمنە بێنە، چونکە کارێکی دڕندانە و بێ بەزەییانەیە ئازاریان بدەیت" بەڵکو پێی دەڵێم "واز لە دوژمنەکان بێنە چونکە ڕقم لێیانە هەڵەیان کردووە." ئیزابێلا واز لە هیتکلیف بێنە وەک هێلکەی چۆلەکە دەتقەپێنتەوە، گەر بزانێت تۆ کەوتیە داوەکەوە. دەزانم کە ناتوانێت نەوەیەکی لینتنی خۆش بوێت، بەڵام دەتوانێت سەروەت و سامانتان بخوازێت: تەماع بەری چاوی گرتووە، ڕەنگە تووشی تاوانیشی بکات. ئەوەیە ڕای من: من هاوڕێی ئەوم - هیچ پێوەندیم بەسەر ئێوەوە نییە، گەر ئەویش بەجدی بیەوێت تۆ بگرێت، من ئەو کاتە زمانم دەگرم، لێت دەگەڕێم با تەڵەکەی هیتکلیف تێت بگیرێت."

ئیزابێلا وای زانی براژنەکەی تۆڵەی لێ دەکاتەوە و درۆی لەگەڵ دەکات.

ئیزابێلا بەتووڕەیی وەڵامی دایەوە "شەرم کە لە خۆت، شەرم کە لە خۆت! تۆ لە بیست دوژمنان خراپتری، تۆ هاوڕێیەکی ژەهراویت!"

کاسرین وتی "ئەها! دیارە باوەڕ بەمن ناکەیت؟ تۆ وا دەزانی من لە خراپەی تۆ قسەی دەکەم و خۆپەرستم؟"

ئیزابێلا تووڕ تێی هەڵدا "بەڵێ بێگومان تۆ وایت، بەڵام من بەم کارەم هەڵتدەتەکێنم، دەتهەژێنم!"

کاسرین وتی "باشە! بۆ خۆت هەوڵی خۆت بدە، گەر ئەوە روح و ئەقڵت بێت: من ئەوەی لە سەرم بوو کردم، زۆر لەگەڵ بیرکردنەوەی تۆ ماندوو بووم، ئیتر ئارەزووی خۆتە..."

کاتێ خاتوو کاسی ژوورەکەی جێ هێشت. ئیزابێلا هەنسکێکی هاتێ و وتی "من لە بەر خۆپەرستی ئەو زۆر ئازار دەچێژم! هەموو، هەمووتان دژی منن: هەموو خۆشی منی لە ناو برد. بەس قسەی قۆڕی لە دەم هاتە دەر، وا نییە؟ بەڕێز هیتکلیف دڕندە نییە: گیانێکی بەرزی هەیە، گیانێکی ڕاستەقینەی هەیە، ئەگینا چۆن ئەوی لە یاد ماوە و هەردەم لە بیریدا بووە؟"

من وتم "لە بیر خۆتی بەرەوە. هیتکلیف باڵندەیەکی بەدە: خواردنی تۆ نییە. خاتوو کاسی بەهێز و باش قسەکانی کرد، ئەو ڕاست دەکا، من ناتوانم دژی قسەکانی

بوەستمەوە. ئەو باشتر دڵ و دەروونی هیتکلیف دەخوێنێتەوە و شارەزایە، بەڵکو بگرە لە هەموو کەسێکی تر باشتر دەیناسێت، کاسی نەبێت هیچ کەسی تر ناتوانێت ئاوا دڵ و دەروونە خراپەکەی بخوێنێتەوە، کەس ناتوانێت تێی بگات. خەڵکی ڕاستگۆ و سەرفراز کردەوەکانی ناشارێتەوە. چۆن ژیاوە؟ چۆن دەوڵەمەند بوو؟ بۆچی لە بانەکانی وێزەرینگ دەمێنێتەوە، ئەو خانووەی پیاوێک کە قێز و ڕقی لێ دەبێتەوە؟ دەڵێن لەوەتەی هیتکلیف هاتووەتەوە، هیندلی خراپتر و خراپتر بووە. پێکەوە تا بەیانی دادەنیشن، هیندلی پارەی لێ قەرز کردووە لە بەرامبەر ئەرزەکەی، هیچ شتێک ناکات تەنیا قومار دەکات و دەخواتەوە: تەنیا هەفتەیەک پێش ئێستا ئەوەم گوێ لێ بوو - جۆزیف ئەوەی پێ وتم - لە گیمەرتۆن چاوم پێی کەوت.

جۆزیف پێمی وت "کە هەڵسوکەوت و ڕەفتاری هیتکلیف زۆر گۆڕاوە. هەموو گیانی پلان و تۆڵەیە. کەس ناوێرێت خۆی لێ بدات. وا خەریکە دەست بەسەر هەموو سامانی هیندلی دادەگرێت. پلانی هەیە کەسی تری خۆش نەوێت. کەسی بەلاوە گرنگ نییە." خاتوو ئیزابێلا ڕاستە جۆزیف کەسێکی ئێسک گران و چەپەڵە بەڵام درۆزن نییە، گەر ئەو قسانەی لەسەر ڕەفتارەکانی هیتکلیف ڕاست بێت ئەوا تۆ هەرگیز نابێ دڵت بەوە خۆش بێت مێردێکی ئاوات هەبێت، وا نییە؟"

ئیزابێلا وەڵامی دایەوە "ئێلّن تۆش هەر لەگەڵ ئەوانی تری و هیچ جیاوازییەکت نییە! گوێ لە بوختان و درۆ و دەلەسەی تۆ ناگرم. تۆ چ کینە هەڵگر و زگ ڕەشێکی خەریکە قەناعەتم پێ بێنی کە هیچ خۆشییەک لە جیهاندا نییە!"

نازانم هەر بەر دەوام بوو لەسەر ئەو خەیاڵەی یان لە سەرە خۆی لابرد، یانیش هەر لای خۆی پاراستی، بۆ ئەوەیان نازانم بڵێم چی بەڵام کاتی زۆر کەم مابوو بۆ بیرکردنەوەیەکی قووڵ لە مەسەلەکە. ڕۆژی پاشتر، کۆبوونەوەیەک دەربارەی دادوەری هەبوو لە شارۆچکەکەی تەنیشتمان، سەرۆکەکەی من دەبوایە هەر بەشداری لەو کۆبوونەوەیە بکات، بەڕێز هیتکلیفیش بەو مەسەلەیە ئاگەدار بوو و زانی ئێدگار لە ماڵ نابێت، زووتر لە کاتی ئاسایی هات. کاسرین و ئیزابێلا لە کتێبخانەکە دانیشتبوون، ئاسایی وەک دوو دوژمنی یەکتر، بەڵام بێدەنگ بوون: ئیزابێلا ئەو مەسەلەی پێشووی هەر لە بیر مابوو، هەست و سۆزەکانی وەک نهێنییەک لە ناخیدا





گەشەی کرد. کاسرین حەزی بەچارەی نەبوو دیار بوو بەدانیشتنی ئەو لە لای دڵتەنگ ببوو، بەهەر شێوەیەک ڕووی بەپێکەنین پشکوتبا ئەوا ئیزابێلا لەسەر خۆی حیسابی دەکرد. بەڵام هەر پێکەنی کاتێ بینی هیتکلیف بەلای پەنجەرەکەدا تێپەڕ بوو. بینیم شتێک لە لای ئاگرەکە دەجووڵێت، زەردەخەنەیکی خراپ بەسەر لێوانی کاسی دەبینرا. ئیزابێلا بێزار ببوو لە بیرکردنەوەکانی، یان بەکتێبێک، مایەوە تا دەرگاکە کرایەوە. زۆر درەنگ بوو بۆ ڕاکردن، گەر ئاسایی و کردەیی بوایە بێگومان ڕای دەکرد.

کاسرین بە خۆشحاڵییەوە کورسیەکی بۆ لای ئاگرەکە ڕاکێشا و وتی "وەرە ژووریّ، ئەوە ڕاستە! ئا لێرەدا دوو کەسی دڵ پڕ لە خەم هەیە، پێویستییان بە کەسی سێیەمە بۆ ئەوەی شەکرێک لە نێوانیاندا بشکێنێت. تۆ ئەو کەسەی کە ئێمە هەردووکمان هەڵیدەبژێرین. هیتکلیف بەشانازییەوە یەکێکت پێ نیشان دەدەم کە زۆر زیاتر لە من تۆی خۆش دەوێت. وابزانم هەست بە لاواندنەوە دەکەیت. نا نەخێر ئەو کەسە نیلّی نییە، سەیری نیلّی قوڕ بەسەر مەکە! ئەوەتا دۆشداماوەکەم دڵی چووەتە یان کراوەتەوە بۆ جوانی باڵات و جوانی ئەخلاق و گوفتار و ڕەفتارت. بەدەست و بازووی تۆ بێت ئەو کەسە برای ئێدگارە!" گاڵتەی دەکرد، کچە داماوەکە بەتووڕەیی هەڵسایەوە و ویستی بڕوات، کاسی گرتی و بەردەوام بوو "نا نا ئیزابێلا تۆ نابێ ڕابکەیت. هیتکلیف وەک پشیلان لەسەر تۆ مشتومڕمان بوو، لە خۆ تەرخانکردن و سەرسامبوون بەتۆ من بەتەواوی دۆڕاندم: سەرەڕای ئەوەش، ئەوەشم پێ وتراوە گەر بێت و من هیچ عیلاقەم نەبێت بەمەسەلەکەوە ئەوا ڕکابەرەکەم هەر خۆی بەتەنیا تیرێک لە گیانت گیر دەکات و بۆ تا هەمیشە دەتگرێت، ڕا و هەستی منیش ڕەوانەی دۆزەخ بکات!؟

ئیزابێلا بەشکۆمەندی و فیزێکەوە خۆی هێنا و برد، تەکانێکی دا بۆ ئەوەی دەستی هەڵتەکێنێت و وتی "کاسی، سوپاست دەکەم بۆ ڕاستییەکە، بەڵام لە نوکتەشدا بۆت نییە بوختانم پێ بکەیت قسەم پێ هەڵبەستی! بەڕێز هیتکلیف، دڵنەرم بە و بەهاوڕێکەت بڵێ با دەستم بەردات: لە بیری چووە کە تۆ و من هاوڕێی نزیکی یەکتر نین، مەبەستی لەو قسانە تەنیا ئازاردان و تووڕە کردنی منە."

میوانە بەدفەڕەکە هیچ وەڵامی نەداوە و لەسەر کورسییەک دانیشت، بەقووڵی سەیری هەردووکیانی کرد کە ئەمە چە هەستێکە بۆ ئەو، ڕووی سووڕاند و بە وسپەیەکەوە داوای لێ کرد ئازادی بکات و لەو ئازارە ڕزگاری بکات.

خاتوو لینتن (کاسی، کاسرین) لە وەڵامدا وتی "بێگومان ئازادی دەکەم. بەڵام نابێ جارێکی تر بەمن بوترێت سەگی نێو ئاخوڕان. تۆ دەبێ لێرە نەڕۆیت: هەر دەبێ لێرە بیت! هیتکلیف، بۆچی ڕازی بوون لەسەر ئەم هەواڵە خۆشەی من دەرنابڕیت؟ ئیزابێلا سوێند دەخوات کە ئەو خۆشەویستییەی ئێدگار بۆ منی هەیە هیچ نییە لە چاو ئەوەی ئیزابێلا بۆ تۆی هەیە. دڵنیام کە هەندێ قسەی لەو جۆرە کرد، ئەی ئێلێن قسەی وای نەکرد؟ هەروەها لەوەتەی پیاسەکەی دوێنێ ئێمە کردمان مانی گرتووە و نان ناخوات لە بەر خەم و پەژارە و تووڕەیی لە بەر ئەوەی گوایە من ئەوم لە لای تۆ دەرکردووە و لەسەر ئەو فیکرەی کە ئەو کچێکی پەسەند نەکراوە."

هیتکلیف وتی "وابزانم تۆ درۆی بۆ هەڵدەشاخی. کورسییەکەی بەئاڕاستەی ڕووی ئەوان سووڕاند. ئێستا ئەو حەزی لێیە لە لای من بچێتە دەرەوە، جا بەهەر شێوەیەک بێت!"

لە نیگاکەی ڕا دیار بوو کە حەزی لەو قسانە نییە، چونکە ڕەنگە یەکێک وەک ئاژەڵێکی نامۆ ڕەفتار بکات: چونکە گەر حەزی بەو قسانە کردبا ئەوا ڕەنگە ڕقی یەکێکیان دەبووە دوژمنایەتییەکی گەورە. شتە داماوەکە نەیتوانی بەرگەی ئەوە بگرێت، خێرا دەموچاوی سوور و سپی هەڵگەڕا، کاتێ فرمێسکەکان بڕژانگیان خوساند، هێزی پێ بەخشی پەنجە بچووکەکانی لە نێو مشتی توندی کاسرین شل کردەوە، وای زانی گەر پەنجەیەکی دەربهێنێت ئەوا هەموو دەستی بەئاسانی لە بەر دەستی کاسی دێنە دەرەوە، بەڵام بەپێچەوانەوە بوو، بەهیچ شێوەیەک نەیتوانی هەموو دەستی خۆی ئازاد بکات. بۆیە هەوڵی دا سوود لە نینۆکەکانی وەرگرێت، شین و مۆر هەڵگەڕا، بەهەموو گوڕ و تینی خۆی دەیویست دەستی لە ناو دەست کاسی بێنێتە دەرەوە.

خاتوو لینتن (کاسی) ئازادی کرد و بەتوندی ئازاری دەستی دا و لەرزاندی و وتی "ئا ئەوەتا پڵنگێک بە تەڵەکەوە بووە! ها بڕۆ لە بەر خاتری خوا بڕۆ، بڕۆ ڕووە



ژەهراوییەکەت بشارەوە! ئای کە کارێکی گەمژانەیە ئەو چڕنووکانە بۆ ئەو ئازاد بکەم. ئەی نابینی ئەنجامەکانی چۆن دەبێت؟ سەیرکە هیتکلیف! ئەو چڕنووکانە بریتین لە ئالیەتی کوشتن - وا بەهەردوو چاوی خۆت دەیانبینی، دەبێ ئاگەداریان بیت.

کاتێ دەرگاکە دوای ئیزابێلا داخرایەوە، هیتکلیف دڕندە ئاسا وتی "پەنجەکانی، چڕنووکەکانی دەشکێنمەوە گەر نیازی هەڕەشە کردنیان هەبێت. بەڵام کاسی مەبەستت چی بوو لە گاڵتەکردن بەو داماوە؟ تۆ قسەی ڕاستت نەدەکرد، وا نییە؟"

کاسی وەڵامی دایەوە "دڵنیات دەکەمەوە کە ڕاستییەکەم پێ وتی. ئەوە چەند هەفتەیەکە لە بەر خاتری تۆ دەمرێت، ئەم بەیانییەش خۆزگەی بۆ تۆ دەخواست، شەڕە قسەیەکی باشی کرد بۆ بەرگریکردن لە تۆ، چونکە من بەسادەیی باسی سەرنەکەوتنەکانی تۆم کرد، مەبەستیشم لەوە نەهێشتنی سەرسامییەکەی بوو بەتۆ. بەڵام زیاتر سەرنجی خۆتی مەدەرێ: حەزم کرد سزای ئەو لەخۆباییبوونەی بدەم، هەر ئەوەندە بوو مەبەستم. من زۆر ئەوم خۆش دەوێت، ئازیزەکەم هیتکلیف، تۆش سەرپشکی لەوەی کە بەتەواوی بیگریت و بیخۆیت."

هیتکلیف وتی "حەز دەکەم زۆر نەخۆش و بێ هێز بێت بۆ ئەوەی هەوڵی بۆ بدەم، جگە لە شێوازێکی زۆر سەیر نەبێت. گەر لەگەڵ ئەو کچە داماو و گرینۆکە بژیم گوێت لە شتی زۆر سەیر دەبێت، ڕوویێکی مۆم ئاسای هەیە، سادەترین شت کە لەگەڵی بکەم ڕەنگەکانی پەلکەزێڕینەی لەسەر دەموچاوی دەنەخشێنم، چاوە شینەکانی ڕەش دەکەم، هەموو ڕۆژێ یان دوو ڕۆژ جارێک گۆبەندی پێ ساز دەکەم: نەوەی لینتنەکانە قەت پەسەند نابێت."

کاسرین وتی "بەخوا خۆشە! چاوەکانی هی کۆترن، هۆ فریشتەن!"

پاش کەمێک بێدەنگی هیتکلیف پرسی "میراتگری براکەیەتی، وا نییە؟"

هاوڕێکەی وەڵامی دایەوە "گەر وا بڵێم ئەوا زمانم خوار دەبێت. نیو دەرزەن برازا ناونیشانەکەی دەسڕنەوە، تکا دەکەم خوایە! جارێ مێشکت خاڵی بکە لەو مەسەلە: تۆش ئەوەندە چەلەنگ نیت باشەی دراوسێکانت بوێ، لە بیرت نەچێ ئەو دراوسێ باشانە هی منن."

هیتکلیف وتی "گەر هی من بوان، زۆر لەوە کەمتر دەبوون، هەرچەندە ئیزابێلا لینتن گەمژە بێت، شێت بێت، بەکورتی، هەروەکو خۆت فەرمووت واز لەو مەسەلەیە دەهێنین."

مەسەلەکەیان لە زمان کردە دەرەوە، پێم وایە کاسرین لە مێشکیشی دەرهێنا. بەڵام هیتکلیف، بێگومانم، لە قسە و باسی ئێواران بەبیری دەهاتەوە. بینیم لە بەر خۆیەوە زەردەخەنەیەکی لێوە هات، ددانەکانی بەناوی تۆڵە لێک جیڕ دەکردەوە، کاتێکیش کە خاتوو کاسرین بەهەر شتێک بێت ژوورەکەی بۆ ساتێک جێ هێشتبا، ئەو نغرۆی خەیاڵە تۆڵە ئامێزەکانی دەبوو.

بەردەوام سەیری جوولەکانیم دەکرد. دڵم بەلای سەرۆکدا دەچوو لە بەرژەوەندی لای کاسرین: ژیرانە بیرم کردەوە، لە بەر ئەوەی ئێدگار بەبەزەیی و پیاوێکی باش بوو، بەمتمانە و ڕاستگۆ بوو، کاسیش بەدوژمن حیساب ناکرێت، بەڵام کە ئەو قسانەی بەهیتکلیف وت، زۆر متمانەم بەویش نەما، متمانەم بە بیرو باوەڕەکانیشی نەما، ئێستاش هەر بەزەیی بە هەستەکانی نەدەهاتەوە. حەزم دەکرد شتێک ڕوو بدات بۆ ئەوەی بانەکانی وێزەرینگ و گرەنج لە ژێر دەستی هیتکلیف ڕزگاریان بێت، دووبارە سەری هەڵگرێت و بڕوات چونکە کاتێ ئەو لێرە نەبوو ئێمە زۆر تەبا بووین. سەردانەکانی مۆتەکەیەکی بەردەوام بوون بۆ من، بۆیە گومانم لە سەرۆکیشم (هیندلی) هەبوو. ماڵەکەی لە بانەکانی وێزەرینگ هەموو زوڵم و ستەمی ڕابردووی شی دەکاتەوە. هەستم کرد کە خوا مەڕ و ماڵاتەکەی ون کردووە بۆ ئەوەی نەچنەوە ژێر ڕکێفی ئەو. هەروەها هەستم بەوەش کرد کە دێوەزمەیەکی ناپەسەند لە نێوان ئەو دوو خانووەدا خەریکی شتێکی بەدە، چاوەڕێی ئەو کاتە بووم کە هەموو شتێک بتەقێتەوە و وێران بێت.



# بەشی یانزەم

هەندێ جار، کاتێ بەتەنیا بیرم لەو شتانە دەکردەوە، لەپڕا بەترس و تۆقینەوە بەهۆش خۆم دەهاتمەوە، کڵاوەکەم لەسەر دەکرد و دەچوومە نێو کێڵگەکە بۆ ئەوەی بزانم ئەو شتانە لە نێو کێڵگەکە چۆن دەبێ. قەناعەتم بە ویژدانی خۆم هێنابوو کە ئەوە ئەرکێکە لەسەر شانم دەبێ ئاگەداری بکەمەوە چۆن خەڵکی قسە لە بارەی ڕێگەکانی دەکەن. پاشان هەموو ڕەفتار و هەڵسوکەوتە خراپەکانم لێکدایەوە، بۆم دەرکەوت کە هیچ شتێک سوودی پێ ناگەیەنێت، وای لێ دەکردم دووبارە بچمەوە نێو ماڵە پڕ لە خەمەکە، گومانیشم لەوە هەبوو کە ئۆقرە بگرم و ئەو قسانە نەکەم.

جارێک بەلای دەروازە کۆنەکە تێپەڕیم، بەڕێگەکەی خۆم گەشتێکم کرد بۆ گیمەرتۆن. ئان و ساتی ئەوە بوو هەموو شتێکی پێ بڵێم: پاش نیوەڕۆیەکی درەوشاوە و شەختەیی بوو، ئەرزێکی ڕووت، ڕێگەکەش ڕەق و وشک بوو. گەیشتمە بەردێک کە ڕێگەکە لەوێ تەواو دەبێت، دەبێ ئا لەوێ بەلای چەپدا بچیتە نێو بەیارەکە، قوڕ و لیتەیەک بوو نەبێتەوە، پیتەکانی "ب.و" لە لای باکوردا دەرکەوت، لە لای ڕۆژهەڵات پیتی "گ" و لەسەر باشووری ڕۆژئاواش "ت.گ" دەرکەوت. ئەو پیتانە وەک ڕێبەرێک وا بوون بۆ گرەنج و بانەکان و گوندەکە. خۆر لە سەرەوە ڕا خۆڵەمێشی بوو و زەرد دەدرەوشایەوە، هاوینی بەبیر هێنامەوە، ناتوانم بڵێم بۆچی هاوینی بەبیر هێنامەوە، بەڵام لەپڕا هەموو هەستەکانی منداڵیم وەک تەزووێک بەنێو دڵمدا گیران. بیست ساڵ لەمەو بەر من و هیندلی شوێنێکی خۆشمان هەڵبژارد. زۆر لە کەش و هەواکە ڕامام، وەستام، کونێکم بینی لە خوارەوە کە ئێستاش پڕ بوو لە لوولپێچ و بەردە خڕە لووسەکانی تەنکاوەکان. کە ئێمە ئەوسا زۆر حەزمان لەو ناوە

بوو و شتی سەیرمان دەکرد، وەک بڵێی دوێنێ بوو، هەر خێرا خۆم گەیاندە ئەوێ و لەسەر پارچە فریزێکی وشک دانیشتم: سەرە چوارگۆش و تاریکەکەی چەمایەوە، بە شتێکی بچووک دەکەوتە گیانی زەوی و قووڵی دەکرد بەمەبەستی چەند کونێک بۆ یاریکردن. پاشان پڕی دەکرد لە شت. بێ ویستانە وتم "ئای هیندلی داماو". لە خۆمەوە ورووژام. هاتە بەرچاوم وامزانی ئەوسا بوو، چاوەکانم ڕەشکەوپێشکەیان بوو: وامزانی منداڵەکە چاوی بەرز کردەوە و تیژ ڕوانییە چاوەکانی من! کاتێک چاوتروکانێکم کرد، ون بوو، بەڵام یەکسەر بۆ ساتەکانم لە بانەکان گریام. ئەفسانەکان وایان لێ کردم لەگەڵ ئەو ترپەیە ڕابێم: وام دانا کە ئەو مردووە! هەرچەند لە خانووەکە نزیکتر دەبوومەوە، ئەوەندە زیاتر ترسم لێ دەنیشت، کاتێ خانووەکەم لێ بەدیار کەوت، هەموو گیانم کەوتە لەرزین. تارماییەکە منی هەژاند: وەستا و سەیری نێو دەروازەکەی دەکرد. یەکەم جار کە سەیرم کرد کوڕێکی ئەبرۆ قاوەیی چاو جنۆکەیی لای پەنجەرەکان دانراوە. زیاتر لێی ورد بوومەوە، زانیم کە ئەوە هاریتۆنە، هاریتۆنی من، زۆر نەگۆڕاوە لەوەتەی دە مانگ لەمەوبەر بەجێم هێشتووە.

ترسە قۆڕەکانم یەکسەر لە بیر چۆوە و هاوارم لێ هەستا "ئازیزەکەم خوا یارمەتیت بدات! هاریتۆن منم نیلّی! نیلّی، پەرستارەکەت."

دەستەکانی کێشایەوە و بەردێکی هەڵگرتەوە.

وتم "هاریتۆن، هاتووم چاوم بەباوکت بکەوێت" وام نیشان دا کە من هەر نیلّییەکەی جارانم، گەر ڕۆژێک لە یادی مابێت من لەگەڵی ژیاوم. بەڵام منی یەکسەر نەناسییەوە.

بەردەکەی دەستی بەرز کردەوە و ویستی بەرد بارانم بکات، بەقسەی خۆش هەوڵم دا نەیهاوێژێت، بەڵام دەستی نەوەستا: بەردەکە بەر کڵاوەکەم کەوت، پاشان لێوەکانی بەیەکدا کێشان، دیار بوو پڕی زگی نەفرەتکردن بوو، نازانم خۆی فێری ببوو یان نا، بەڵام دیار بوو لە خەڵکی ترەوە فێر بووبێت. سیفەتەکانی منداڵی تەواو گۆڕابوون بۆ ڕەفتاری ناشرین و قسەی بێ کەڵک. ئەم دیمەنە تووڕەی نەکردم بەڵام هەموو دڵ و دەروون و گیانمی هێنایە خورپە. ئەو دیمەنە تەنیا بەگریان هێور



دەبووەوە، لە گیرفانم پورتەقاڵێکم دەرهێنا، دامێ بۆ ئەوەی هەندێ بێتەوە سەر خۆی. دوودڵ بوو لە وەرگرتنی پورتەقاڵەکە، پاشان لە دەستمی فڕاند، وەک بڵێی من نایدەمێ و تەنیا بۆ بێ ئومێدکردنی ئەو پورتەقاڵەکەم ڕاگرتووە. پورتەقاڵێکی ترم نیشان دا، بەڵام نەمهێشت دەستی بگاتێ.

پرسیم "کێ فێری ئەو قسە جوانانەی کردی، کوڕەکەم؟ مامۆستا تایبەتییەکەت؟"

وەڵامی دایەوە "تۆ و مامۆستاکەش بە نەفرەت بن! ئەو شتەم بدێ!"

وتم "پێمان بڵێ ئەو وانانەت لە کوێ وەرگرتووە، ئینجا پورتەقاڵەکە وەردەگریت. کێ سەرۆکتە؟"

"باوکم، شەیتانەکە" ئەمە وەڵامی ئەو بوو.

بەردەوام بووم "چی لە باوکت فێر بوویت؟"

بازێکی بۆ میوەکە دا و منیش بەرزترم کردەوە. لێم پرسی "چیت فێر دەکات؟"

وتی "هیچ شتێک، بەس پێم دەڵێت لە بەر چاوی ون بم. ناتوانێت لە ئامێزم بگرێت، چونکە من سوێند بەسەر ئەو دەخۆم."

وتم "ئۆو! کەواتە شەیتانەکە فێرت دەکات سوێند بە باوکت بخۆی؟"

وەڵامی داوە "نا، نەخێر"

"ئەی کەواتە کێ؟"

"هیتکلیف"

پرسیم بزانم کەیفی بە هیتکلیف دێت.

دووبارە وەڵامی داوە "بەڵێ!"

حەزم کرد بزانم هۆی چییە کەیفی بە هیتکلیف دێت، هەوڵم دا لە قسەکانی تێ بگەم، ئەوەندە سەرم لێیان دەرکرد "نازانم: هەر شتێک دەداتە من دەیداتەوە باوکم نەفرەت لە باوکم دەکات بۆ ئەوەی نەفرەت لە من بکات. بە من دەڵێ چیت پێ دەڵێم ئەوە بکە."

بەردەوام بووم لە قسەکردن "ئەی باشە مامۆستاکە فێری نووسین و خوێندنەوەت دەکا؟"

"نەخێر، وام پێ وتراوە کە مامۆستاکە دەم و ددانی تێک دەشکێنرێت گەر پێی بە خواری باوێت - هیتکلیف بەڵێنی ئەوەی داوە!"

پورتوقاڵەکەم دا دەستی، پێم وت "برۆ بە باوکت بڵێ کە ئافرەتێک بەناوی نیلی دین لە لای دەرگای باخچەکە چاوەڕێت دەکات بۆ ئەوەی قسەت لەگەڵ بکات." لە سەرەخۆ ڕۆیشت و چووە نێو خانووەکە، بەڵام لە بری هیندلی، هیتکلیف لە دەرگاکە بەدیار کەوت. منیش هەر کە هیتکلیفم بینی ڕاستەوخۆ بەرێگەکەی خۆم ڕام کرد، وەک بڵێی یاریزانی پێشبڕکێ بوومە ئەوەندە بەخێرایی ڕام کرد، هیچ نەوەستام تا گەیشتمەوە لای پیتەکان، ئەوەندە ترسام وەک بڵێی جنۆکەم بێدار کردبێتەوە وا بووم. ئەمە زۆر پێوەندی بەمەسەلەکەی ئیزابێلاوە نەبوو: بەڵام تەنیا ئەوە بوو کە بڕیارم دا پاسەوانەکە بەئاگا بێنمەوە، دڵسۆزی خۆم بنوێنم و کاریگەری خراپی گرەنجی پێ بڵێم: هەرچەندە بەم کارە گەرداوێک لە ماڵەکەی خۆمان دروست دەکەم بەهۆی لەناوبردنی خۆشییەکەی خاتوو لینتن (کاسی).

جاری دواتر کاتێ هیتکلیف هات خانمە گەنجەکە (ئیزابێلا) لە حەوشەکەدا هەندێ دانی دەدا بە کۆترەکان. بۆ ماوەی سێ ڕۆژ هەرگیز قسەیەکی لەگەڵ براژنەکەی نەکردووە، بەڵام ژیرانە خۆی لە ناڕەزایییەکانی ئەو دەرباز دەکرد، ئێمەش بەوە دڵخۆش و ڕاحەت بووین. هیتکلیف حەوسەڵەی ئەوەی نەبوو ڕووێکی مەدەنیان بەئیزابێلا ببەخشێت، هەر باکیشی پێ نەبوو. ئێستا هەر کە باوەڕی پێ کرد، یەکەم پێشە ئاگەداری ئەوە بوو کە لای پێشەوە خانووەکە بماڵێت. من لە تەک پەنجەرەی موبەقەکە وەستا بووم، بەڵام هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا. پاشان هەنگاوی بەئاڕاستەی ئەو نا، شتێکی وت: دیار بوو شەرمی دەکرد بڕوات، بیشارێتەوە، دەستی خستە سەر قۆڵی. ڕووی لێ دوور خستەوە: دیار بوو کە هەندێ پرسیاری لێ کرد ئەویش درێغی نەکرد لە وەڵامدانەوە. نیگایەکی تیژی بەخانووەکەدا هێنا، وای خستە ڕوو کە کەس نەیبینێت، چڵێس و چەتوونەکە لێی چووە پێش لە باوەشی بگرێت.

هاوارم لێ هەستا "ئەیەڕۆ! هەی ناپاک! تۆش دووڕوو و سپڵەیت! هەی فێڵبازی تەڵەکەباز."



کاسرین وتی "نیلی ئەوە کێیە؟" منیش هەر خەریکی سەیرکردنی ئەوان بووم، ئاگام لە هاتنە ژوورەوەی کاسی نەبوو."

بە گەرمی وەڵامم داوە "هاوڕێ بێ وەفا و هیچ و پووچەکەتە! چەقاوەسووەکەیە. ئەها سەیری ئێمەی کرد - وا دێتە ژوورەوە! نازانم، دەبێ بە چ شێوەیەک، چ پاساوێکی هەبێت بۆ ئەو خۆشەویستییە درۆینە لەگەڵ ئیزابێلا، ئەی بەتۆی نەوت کە ڕقی لێیەتی.

خاتوو کاسی بینی وا ئیزابێلا لە خۆشییانا هەڵدەپەڕی و ڕای کردە لای باخچەکە و خۆشی لێ دەباری، دەقیقەیەک پاش ئەو دیمەنە، هیتکلیف دەرگاکەی کردەوە. من خۆم بۆ نەگیرا و ڕقەکەم گەیشتبووە لووتکە، بەڵام کاسی تووڕە و بێدەنگی هەڵبژارد، هەڕەشەی لە من کرد و فەرمانی پێ کردم لە موبەقەکە بچمە دەرەوە، منیش هاتبووە سەرم قسە بکەم، زمانم نەدەوەستا.

کاسی وتی "گەر گوێیان لە تۆ بێت، ئەوا خەڵکی وا دەزانن من بوومە! تۆ دەتەوێ ڕاست لە شوێنی خۆت دانیشی! هیتکلیف، تۆ خەریکی چیت، تەمای چیت هەیە؟ پێم وتی واز لە ئیزابێلا بێنە! وام زانی تۆ بەقسەم دەکەی، دیارە ماندوو بووی ئەوەندەی لێرە بەگەرمی پێشوازیت لێ بکەین، دیارە حەز دەکەیت ئێدگار هەموو پەنجەرەکانت بەسەردا دابخات!"

چەتوونە ڕەشەکە وەڵامی داوە "خوانەخواستە خۆ ئێدگار هەوڵی نەداوە! خوا ئاگەداری بێت و سەبووری بدات! پاش ئەوەی ڕەوانەی بەهەشتی دەکەم من ڕۆژ بەڕۆژ شێتتر دەبم!" من هەر ئەو کاتە زۆر ڕقم لێی هەڵسا.

کاسرین دەرگای ژوورەوەی پێوەدا و وتی "وس، وس! تووڕەم مەکە. بۆچی گوێت بەداواکەی من نەدا؟ ئایا ئەو بەئەنقەست هاتە لای تۆ؟"

هیتکلیف بە گرژییەوە وتی "ئەوە تۆ چیتە، بۆ وا شڵەژاوی؟ گەر ئەو حەز بکات و بیەوێت منیش مافی خۆمە ماچی بکەم، تۆ هیچ مافت نییە ڕێ لەوە بگریت. من مێردی تۆ نیم: تۆش پێویست بەوە ناکات غیرە لە من بکەی!"

کاسرین وتی "من غیرە لە تۆ ناکەم، من خەمی تۆمە. ڕووت پاک بکەرەوە: تۆ بۆت نییە ڕووت بەرامبەر بە من گرژ بکەیت! گەر تۆ ئیزابێلات خۆش دەوێ دەبێ

بیخوازیت. بەڵام ئایا تۆ خۆشت دەوێ؟ هیتکلیف ڕاستییەکەی بڵێ! ها ئەوەتا وەڵام نادەیتەوە. من بێگومانم لەوەی کە تۆ ئەوت خۆش ناوێت."

منیش پرسیم "ئەی باشە بەڕێز ئێدگار بەوە قایل دەبێت خوشکی مێرد بەو پیاوە بکات؟"

خانمەکەی من بەتۆنێکی یەکلاییکەرەوە وتی "بەڕێز ئێدگار ڕازی دەبێت."

هیتکلیف وتی "ڕەنگە خۆی لە بەلایان بەدوور بگرێت. من بەبێ ڕەزامەندی ئەو ئەو کارە دەکەم. هەروەک چۆن تۆ پرسی کەست نەکرد کاتێ کە مێردت کرد، ئێستا کاتی ئەوە نییە قسە بکەم، بەڵام باش ئاگەدارت دەکەمەوە کە چاک دەزانم تۆ دۆزەخییانە مامەڵەت لەگەڵ من کرد، دۆزەخییانە! گوێت لێمە؟ گەر تۆ خۆت دەلاوێنیتەوە و وا دەزانی من لەوە تێ ناگەم، ئەوا تۆ گەمژەی، گەر واش دەزانی کە من بەقسەی شیرین ئەو کارانەی تۆم لە بیر دەچێتەوە و پێت وابێ دڵخۆشیم دەدەیتەوە، ئەوا تۆ نەک هەر گەمژە بەڵکو گێلیشی. گەر واش دەزانی کە من هەر ئازار دەچێژم، بێ ئەوەی تۆڵەی خۆم بکەمەوە، ئەوا پێت دەڵێم کە پێچەوانەکەی ڕاستە، زۆری پێ ناچێت ئەو خەیاڵەت لێ دەکەمە دۆزەخ! ئێستاش زۆر سوپاست دەکەم کە نهێنی براژنەکەت بە من وت: سوێند دەخۆم کە زۆربەی شتەکان جێبەجێ دەکەم. تۆش هیچ پێوەندیت بەمەسەلەکەوە نەبێت!؟

خاتوو کاسرین بە حەپەساوییەوە وتی "ئەمە چ قۆناغێکی نوێی سیفەت و ئاکاریەتی؟ من دۆزەخییانە مامەڵە لەگەڵ تۆ دەکەم تۆش تۆڵەی خۆت دەکەیەوە! چۆن تۆڵەکە دەکەیەوە، هەی دڕندەی ناکەس بەچە؟ دەی بزانم چۆن دۆزەخییانە مامەڵەم لەگەڵ تۆ کردووە؟"

هیتکلیف بە هێمنی وەڵامی دایەوە "من هیچ تۆڵە لە تۆ ناکەمەوە. ئەوە لە بەرنامە و پلانی مندا نییە. ستەمکار هەمیشە سەری کۆیلەکانی پان دەکاتەوە، ئەوانیش هەرگیز دژی ناوەستنەوە، بەڵکو ئەوانەی لە خوارەوەی ستەمکارەکەن دەیانقۆپێننەوە. دەرگا بۆ تۆ هەمیشە والایە بۆ خۆشی خۆت تا مردن ئەشکەنجە و ئازاری من بدەیت، تەنیا ڕێگەم پێ بدە با هەندێ خۆشی ببینم بەهەمان شێوازی تۆ، دڵم بەهەرەشە و گوڕەشە خۆش بکەم بەشێوازی تۆ. کۆشکی خۆم وا دروست کرد،



کووخێک بە من شک مەبە و بەڕێزەوە وابزانی کە بەخێر ئەوەت وەک ماڵێک بە من بەخشیوە. گەر بمزانیبا تۆ بەڕاستی دەتەوێ من ئیزابێلا بێنم، ئەوا ملی خۆم دەبڕی!"

کاسی وتی "ئەها، مەبەستە چەپەڵەکەت ئەوەیە کە من دڵ پیس نیم، وایە؟ باشە، منیش وەک ژنێک قسەکەم دووبارە ناکەمەوە: بەقەد ئەوە خراپە کە ڕوحێکی ونبوو پێشکێشی شەیتان بکەیت. بەهەشتی تۆ وەک هی شەیتان درۆیە لە سەپاندنی ناخۆشی و نەهامەتی. تۆ سەلماندت. ئێدگار دەگەڕێتەوە ناهێڵێت جارێکی تر پێ بەو ماڵە بنێیت. ئیتر کاتی ئەوە هاتووە بۆ خۆ ئارام و هێمن بژیم، تۆ بەئاشتی و تەبایی ئێمە چاوت هەڵنایەت، تۆ هەمیشە حەزت لە گرفت و نانەوەی کێشەیە. هیتکلیف گەر حەزت لێیە لەگەڵ ئێدگار مشتومڕ بکە و خوشکەکەی هەڵخەڵەتێنە: تۆ لەسەر حیسابی من تەواو تۆڵەی خۆت دەکەیتەوە.

گفتوگۆکە کۆتایی هات. کاسی لە لای ئاگرەکە دانیشت، سوور و شین هەڵگەڕابوو، کەوتبووە باری خەمەوە. ئەو ڕوحەی کە خزمەتی دەکرد دایە کەللە ڕەقی: نە دەتوانێت لە ناوی بەرێت نە کۆنترۆڵیشی بکات. هیتکلیف قۆڵەکانی لە یەکتری هەڵکێشابوو لەو لای ئاگرەکە وەستابوو، بیرە خراپەکانی خۆی ئاو دەدا، لەم دیمەنەدا ئەوانم بەجێ هێشت بۆ ئەوەی بەدوای سەرۆکدا بگەڕێم، کە دەیویست بزانێ چی وای لە کاسرین کرد ئەوەندە لە خوارەوە بمێنێتەوە.

کاتێ چوومە ژوورێ، ئێدگار وتی "ئێلن، خاتوو کاسیت بینیوە؟"

وەڵامم داوە "بەڵێ گەورەم، وا لە موبەقەکەیە. بەهۆی ڕەفتارەکانی هیتکلیف خەم تەواوی ڕوحی داگرتووە: پێم وایە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە هیچی تر سەردانی ئێرە نەکات. لەو سەردەمەدا چەند نەرم بیت ئەوەندە ئازارت پێ دەگات.." من دیمەنەکەم بردەوە سەر حەوشەکە، بەقەد بوێری ئازایەتی خۆم نزیک بوومەوە، تەواوی مەسەلەکەم گێڕایەوە. بۆ خۆم بیرم کردەوە کە ئەمە زۆر باش نییە بۆ خاتوو کاسی، گەر وا نەکات، چونکە پێشتر زۆر بەرگری لە میوانەکەی دەکرد. ئێدگار بەزەحمەت گوێی لە من دەبوو. یەکەم قسەی ئەوە بوو کە تەواو لە گلەیی خێزانەکەی نەگەیشتووە.

هاواری لێ هەستا "ئەمە پڕە لە ئازار. شوورەیییە کە ئەو خۆی بەهاوڕێیەکی قەرزداری ئەو دەزانێت، زۆریش لە من دەکات هاوڕێیەتی بکەم! ئێڵن بانگی دوو پیاوم بکە لە هۆڵەکە. هیچی تر کاسرین نابێ قسە لەگەڵ ئەو چەقاوەسووە بکات - زۆر ڕێگەم پێ دا."

ڕۆیشت و بەدەست ئاماژەی بە خزمەتکارەکان کرد لە ڕێڕەوەکە چاوەڕێ بکەن، منیش بەدوایدا چووم بۆ نێو موبەقەکە. کاسی و هیتکلیف تازە لە گفتوگۆ توند و تووڕەکەیان ببوونەوە: خاتوو کاسی بەلایەنی کەم گرژی و مۆنی و تووڕەیی لەسەر و سیمای دەباری، هیتکلیف چووبووە لای پەنجەرەکە، دیار بوو سەری بە دیوارەکەوە نابوو. یەکەم جار ئەو ئێدگاری بینی، خێرا جووڵەیەکی کرد و بە کاسی وت بێدەنگ بێت، کاسیش بەگوێی کرد، کاتێ زانی وا مێردەکەی بەرەو موبەقەکە دێت.

ئێدگار ڕووی لە کاسی کرد و وتی "ئەوە مەسەلە چییە؟ چی وای لێ کردی ئەوەندە لێرە بمێنیتەوە، ئەو زمانەی کە لەگەڵ تۆ بەکار هاتووە لە لایەن ئەو پاسەوانە ڕەشە؟ وابزانم، ئەو قسانەی هیتکلیف بەقسەی ئاسایی ئەو دەزانی بۆیە لات هیچ نییە: تۆ لە قسە و هەڵسوکەوتی ڕاهاتووی، وا دەزانی منیش لەگەڵی ڕادێم!"

کاسرین بەتۆنێکی کاریگەر و وورووژێنەر قسەی لەگەڵ مێردەکەی کرد تا هەستی ببزوێنێت و بێ ئاگایی و تووڕەییەکەی بگەیەنێت، پێی وت "ئێدگار، لە دەرگاکەوە دیارە گوێت لە قسەکانی ئێمە گرتووە؟" هیتکلیف چاوی بەرز کردەوە، پێکەنینێکی گاڵتەجاڕی ئاڕاستەی ئێدگار کرد، دیار بوو مەبەستی ئەوە بوو کە سەرنجی ئێدگار بۆ لای خۆی ڕاکێشێت. لەو فیکرەی سەرکەوتوو بوو: بەڵام ئێدگار مەبەستی ئەوە نەبوو بەهیچ سۆز و هەستێکی بەرزەوە خۆشی لەگەڵ ئەو بنوێنێت.

بە هێمنی بەهیتکلیفی وت "گەورەم، تا ئێستا زۆر لەگەڵ تۆ سنگ فراوان و نەرم و نیان بوومە. نەک لە بەر ئەوەی کە نەهامەتی و سیفەتەکانی تۆم لە بیر چووبێت یان پشت گوێم خستبێت، بەڵام لە بەر ئەوەی کە تەنیا تۆ بەرپرسیار بووی بۆ ئەمە، کاسرین حەزی لێ بوو هاوڕێیەتی لەگەڵ تۆ بەردەوام بێت، منیش گەمژانە پەسەندم کرد. بوونی تۆ لێرە ژەهرێکی ئەخلاقییە کە هەرچی باشە پیسی دەکات: لە بەر هەندێ، و بۆ ئەوەی ئەنجامی خراپتری بەدوادا نێت، لێرە و پاش ناهێڵم تۆ هیچی تر



سەردانی ئەو خانووە بکەیت. هەروەها ئێستا باش لێم حاڵی بە کە دەبێ هەر ئێستا لێرە بچیتە دەرەوە. پاش سێ دەقیقەی تر لێرە بتبینم ئەوسا داوا دەکەم بەناخۆشی بتکەنە دەرەوە.

هیتکلیف بەچاوێکی سووک و تەوسێکەوە بەرزی و پانی قسەکەرەکەی پێوا.

وتی "کاسی، ئەو بەرخەی تۆ وەک جوانەگا هەڕەشە دەکات! کارێکی ترسناکە کەللەی سەری لە لاشەی جودا بکرێتەوە بەدەستی من. بەخوا بەڕاستمە! بەڕێز ئێدگار من زۆر داوای لێبووردن دەکەم کە تۆ شایەنی ئەوە نیت لە ئەرزی بدرێیت!"

سەرۆکەکەم (ئێدگار) نیگایەکی ڕێڕەوەکەی کرد و بەدەست ئاماژەیەکی بۆ من کرد کە بچم پیاوەکان بهێنم: نیازی ئەوە نەبوو بەدەستی خۆی هیچ شتێک بکات. منیش بەگوێی ئاماژەکەم کرد. بەڵام خاتوو کاسی شکی بۆ شتێک چوو، بەدوامدا هات، کاتێ ویستم بانگیان بکەم، منی ڕاکێشا پاشەوە، دەرگاکەی داخست و کلیلی دا.

بە تووڕەیی و واق وڕمانەوە سەیری مێردەکەی کرد و وەڵامی دایەوە "شێوازێکی جوانە! گەر تۆ ناوێری هێرشی بکەیتە سەر، داوای لێبووردن بکە، یانیش ئەوەتا لێ گەڕێ با لێت بدرێت و بدۆڕێنی. ئەو کاتە ڕاستی و دروستی تۆ بەدیار دەکەوێت. نەخێر، من کلیلەکە قووت دەدەم پێش ئەوەی تۆ بەدەستی بێنی! هەردووکتان بۆ من یەکسانن، خۆشی و بەزەییم بۆ هەردووکتان هەیە! پاش ئەوەی یەکێکتان سروشتێکی بێ هێز و ئەوەکەی تریش سروشتێکی خراپی هەیە، ئەوا دوو نموونەی بێ سوپاسگوزار و بوودەڵەمان بۆ بەدیار کەوت! ئێدگار من بەرگریم لە تۆ و خوشکی تۆ دەکرد، لەوە دەچێت هیتکلیف نەخۆشت بکات، چونکە لەسەر حیسابی من بەپیسی و چەپەڵی و خراپ بیر دەکاتەوە.

پێویستی بەوە نەدەکرد کە بیرۆکەی لێدان ئەو کاریگەرییەی لەسەر سەرۆک دروست بکات. ویستی کلیلەکە لە دەست کاسی وەرگرێت، کاسیش هەر بۆ سەلامەتی کلیلەکەی فڕێ دایە نێو گەرمترین بەشی ئاگرەکە. ئەم هەڵوێستە ئێدگاری زۆر تووڕە کرد و لە حەژمەتانا دەلەرزی، سەر و سیماشی زۆر ترسناک و سپی هەڵپزرکابوو. لە تەواوی ژیانیدا هەست و سۆزی ئاوا نەجووڵاوە: ئازار و سووکایەتی پێکردن تەواوی جەستەیان داگیر کرد. سەری بۆ سەر پشتەوەی کورسیەک شۆڕ

کردەوە و دەم و چاوی داپۆشت.

خاتوو کاسی وتی "ئەی هاوار خوای گەورە! لە دێر زەمانەوە ئەمە شانشینی بۆ تۆ دەبردەوە! دۆڕاین! دۆڕاین! هیتکلیف هەر خێرا پەنجەیەک لە ڕاستە تۆ بەرز دەکاتەوە وەک چۆن شایەک مارش بەسوپاکەی دەکات دژی داگیرکاری مشکەکان. دڵخۆش بە! تۆ نابێ لێت بدرێت و ئازارت پێ بگات! جۆرەکەی تۆ بەرخ نییە، بەڵکو دێوەزمەیەکی خوێنمژە."

هاوڕێکەی وتی "من خۆزگەی خۆشی خوێن و شیری ترسنۆکانت بۆ دەخوازم، کاسی! ڕێز لە خۆت و زەوقت دەگرم. ئا ئەوەیە کۆیلایەتی، ئەو شتەی لە منت پەسەنتر کرد! من بەکوڵە مستی خۆم لێی نادەم، بەڵام بەقاچەکانم شەقی تێ هەڵدەدەم، فێرە قەناعەت و ڕازیبوونی دەکەم. ئایا لە ترسانا دەگریت یان بووراوەتەوە لەسەر ئەو کورسیە؟"

لێی نزیک بووەوە و پاڵێکی بەو کورسیە وەنا کە ئێدگار سەری پێ کردبوو. دەبوایە خۆی دوور گرتبا: سەرۆکی من خێرا هەڵسایەوە و تێر لە مل و شانی دا و لێدانێک کە هەر پیاوێکی تر بوایە پەکی دەکەوت. بۆ ماوەی یەک خولەک هەناسەی لێ بڕا، کاتێ دەستی بەکۆکە کرد، ئێدگار بەدەرگای پشتەوەدا چووە نێو حەوشەکە لەوێوە چووە لای پێشەوەی خانووەکە.

کاسرین وتی "ئەها ئەوەتا! هاتنەکەت بۆ ئێرە ئەوەی لێ کەتەوە. ئێستا بڕۆ لێرە، ئێستا ئێدگار بەخۆی و دەمانچە و نیو دەرزەن پیاو دەگەڕێتەوە. گەر بێت گوێی لە ئێمە بووبێت، بێگومان بەهیچ شێوەیەک لێت خۆش نابێت. هیتکلیف تۆ بەشێوازێکی زۆر ناشرین یاریت بەمن کرد! بەڵام بڕۆ - خێرابە! حەز دەکەم ئێدگار لە تۆ لێم دوورتر بێت."

برووسکە ئاسا وتی "یانی پێت وایە من لەگەڵ ئەو ئازارەی شان و ملم بڕۆم لێرە؟ بەدۆزەخ ناڕۆم! پێش ئەوەی بڕۆم دەبێ پەراسووەکانی وەک کاکڵە گوێز ورد و هەڕا بکەم! گەر ئێستا بە ئەرزیدا نەکێشم ئەوا کاتێکی دیکە دەیکوژم، گەر دەتەوێ ئەوت بۆ بمێنێتەوە لێ گەڕێ با بۆی بچم!"

منیش خۆم تێ هەڵقورتاند و بەدرۆ وتم "ئەو نایەتەوە. ئەوەتا باخچەوانەکە و



پیاوێکی دیکەی لێیە، بێگومان تۆ ناهێڵی ئەوان بەزۆری پاڵت پێوە بنێن بۆ ڕێگەکەی خۆت و بەشەق دەرت بکەن! هەر یەکەیان خوترمەیەکیان پێیە، سەرۆکیش بەخۆشحاڵییەوە لە پەنجەرەکەوە لێت دەڕوانێت تا ئەوان فەرمانەکانی خۆیان جێبەجێ دەکەن."

ئێستا سێ پیاو لەوێ بوون: بەڵام ئێدگار لەگەڵ ئەوان بوو. ئەوان پێشتر هاتبوونە نێو حەوشەکە. هیتکلیف پاش بیرکردنەوەیەک بڕیاری دا بەرەنگاری سێ کەسی بەدار و دەست نەبێتەوە: بۆیە دەستی دا ئاسنێک دەرگاکەی ناوەوەی شکاند، کاتێ ئەوان هاتنە ژوورەوە ئەو هەڵات و ڕایکرد.

خاتوو کاسرین کە زۆر پەشۆکاو و شڵەژاو بوو، بەدەست ئاماژەی بۆ من کرد کە لەگەڵی بچمە سەرەوە. نەیزانی کە من چەندە نائومێد و بێزار ببووم، منیش بەپەرۆشەوە پشت گوێم خست.

خۆی فڕێ دا سەر قەنەفەکە و پاڵکەوت و هاواری لێ هەستا "نیلی وا خەریکە دەمرم! وا دیارە سەد چەکوش بەسەر تەپڵی سەرم کەوتووە! بەئیزابێلا بڵێ با پشت گوێم بخات و خۆی لە من نەکەیەنێت، ئەم هەڵایە لە سایەی سەری ئەو بوو، ئێستا با کەس تووڕەییەکەم خراپتر نەکات، دوایی شێت دەبم، دەبم بەدڕندە. نیلی گەر ئەمشەو دووبارە ئێدگارت بینییەوە پێی بڵێ، کە من نەخۆشییەکەم زۆر ترسناکە. هیوادارم ئەم نەخۆشییەم ڕاستی بێت. ئەو منی ترساند و تەقەی لێ بڕیوم! دەمەوێ بیترسێنم. سەرەڕای ئەوەش، ڕەنگە بێت و دەست بکات بەهەڕەشە و ناڕەزایی دەربڕین، بێگومانم لەوەی کە بەرسڤی دەدەمەوە، ئیتر خوا دەزانێت لە کوێ کۆتایی پێ دێنین! نیلییە باشەکەی من، ئەو کارەم بۆ دەکەی؟ تۆ دەزانی کە من بەهیچ شێوەیەک بەرگەی ئەو مەسەلەیە ناگرم. چی وای لەو کرد ببێتە گوێگر؟ پاش ئەوەی تۆ جێت هێشتین قسەکانی هیتکلیف جەرگی منیان کون کون کرد، بەڵام هێندەی نەما بوو لە ئیزابێلای دوور بخەمەوە، قسەکانی تر هیچ مانایەکیان نەبوو. ئێستا هەموو شتێک بەهەڵە وەرگیراوە، بەهۆی حەزی گەمژەیەک گوێی لە خودی خراپە بێت، ئەوە وا لە هەندێ کەس دەکات وەک ڕوحێکی شەڕانگێز کار بکەن! گەر ئێدگار گوێی لە قسەکانی ئێمە نەبوایە، هەرگیز بەو شێوەیە ڕەفتاری نەدەکرد. ئەوەی

ڕاستی بێت، کاتێ بەتۆنێکی ناخۆش قسەی لەگەڵ من کرد پاش ئەوەی من لە هیتکلیف تووڕە ببووم ئەو کاتەش هەر لێی تووڕە ببووم، گوێم بەوە نەدا ئەوان چییان بەرامبەر یەکتر کرد، بەتایبەتی کاتێ هەستم بەوە کرد کە هەرچەندە دیمەنەکە تەواو بوو، ئێمە هەموومان لە یەکتری جودا دەبینەوە، کەس ناتوانێت بزانێت ماوەی چەند ئێمە لێک جیا دەبینەوە! ئێستا گەر نەتوانم هیتکلیف وەک هاوڕێیەک بپارێزم، گەر ئێدگار هیچ و پووچ و غیرە بکات، هەوڵ دەدەم دڵەکانیان بەهۆی شکاندنی دڵی خۆم بشکێنم. ئەوە خێراترین ڕێگەیە هەموومان لەم دەردە سەرییە تەواو بین، ئەو کاتە منیش سەر دەنێمەوە، بۆ هەمیشە پشوو دەدەم! بەڵام ئەمە کارێکە بۆ هیوایەکی پڕ لە خەمە. ئێدگار بەم کارە حەپەساو ناکەم. ئا لەم ساتە بەدواوە بەهیچ شێوەیەک کارم لێ ناکات، تۆ دەبێ ئەو سیاسەتە بەکاربێنی، بەبیری بێنەوە میزاژی من چەندە پڕ لە سۆز و میهرەبانییە، تووڕەیی و خەم خەریکن مێشکم دەسووتێنن. هیوادارم بتوانی ئەو بێ توانایی و ناخۆشییەی من لەسەر ڕووم بگوازیەوە، هەندێ بەپەرۆشتر سەیرم بکەیت.

بە جۆرێک قسەی لەگەڵ من دەکرد کە تەنیا جەستەی لای من بوو، هۆشی لای من نەبوو، زۆر بێ باک بوو، بێ گومان ئەوە منی جاڕستر کرد: دەیویست هەردووکیان بەدڵسۆزی وەرگرێت، بەڵام من پێم وابوو کە ئەو کەسەی بتوانێت پلان داڕێژێت بۆ گۆڕینی هەست و سۆزی لە ڕێگەی لەدەستدانی خۆی ڕەنگە بشتوانێت کۆنترۆڵی خودی خۆیشی بکات، تەنانەت لە ژێر کاریگەری ئەوانیشدا بێت، منیش نەمویست مێردەکەی بتۆقێنم بەقسەکانی ئەو، هەروەها نەشمویست بێزاری و پەستییەکەی زیاتر بکەم بەمەبەستی خزمەتکردنی خۆپەرستییەکەی کاسی. بۆیە هیچم نەوت کاتێ چاوم بە سەرۆک (ئێدگار) کەوت دەهاتە لای ئاگرەکە، بەڵام ڕووی خۆم وەرگێڕا و لە سووچێکەوە گوێم ڕادێرا بۆ ئەوەی گەر دەست بەدەمەدەمێ بکەنەوە بزانم چی دەڵێن. بەڵێ دەستیان پێ کردەوە. یەکەم جار ئێدگار دەستی بە قسە کرد.

ئێدگار بەدەنگێکی ئاسایی دوور لە تووڕەیی بەڵام پڕ لە بێ ئومێدی و خەم و خەفەت وتی "کاسرین هەر لەو شوێنەی خۆت بمێنەوە. من لێرە هیچی تر نامێنمەوە. نە هاتووم بۆ ئەوەی دەست بەقڕەقڕ بکەمەوە نە لەگەڵیشت ئاشت ببمەوە، بەڵام تەنیا



دەمەوێ بزانم ئایا تۆ پاش ئەو ڕووداوەی ئێوارە نیازت وایە هەر بەردەوام بیت لە هاوڕێیەتییەکەت لەگەڵ ...."

کاسرین قاچی لە عەرزی دا و قسەی پێ بڕی و وتی "ئۆه! تکا دەکەم، تکا دەکەم لە بەر خاتری خوا، بەس لە بەر خاتری خوا، با ئێستا چیتر لە سەری نەڕۆین! خوێنە ساردەکەی تۆ ناگۆڕێت بە تا: دەمارەکانت پڕە لە بەفر، بەڵام دەمارەکانی من وا بڵقەیان دێ و دەکوڵێن، بۆیە بینینی ئەم ساردبوون و فێنکاییە سەما بە دەمارەکانی من دەکەن."

بەڵام بەڕێز ئێدگار هەر سوور بوو لەسەر قسەکانی وتی "بۆ ئەوەی خۆت لە من دەرباز بکەیت، وەڵامی پرسیارەکەم بدەرەوە. هەر دەبێ وەڵامم بدەیتەوە، ئەو توندو تیژییەش نامترسێنێت. تازە درک بەوە دەکەم کە تۆ کاتێ دڵت خۆش دەبێت ئەوەندە ئارام و خۆگر دەبیت هیچ کەس لە ژیانیدا وا نییە. ئایا لێرە بەدواوە واز لە هیتکلیف دەهێنی، یان ئەوەتا واز لە من دەهێنی؟ ئەوە کارێکی مەحاڵە و بۆت ناچێتە سەر لە یەک کاتدا هاوڕێی من بیت و هاوڕێیەتی ئەویش بکەیت، بۆیە زۆر بەتوندی سوورم لەسەر ئەوەی کە تۆ کامەمان هەڵدەبژێری."

کاسرین بەتووڕەیی هاواری لێ هەستا "من داوای ئەوە دەکەم کە ئێوە وازم لێ بێنن؟ تکا دەکەم! ئەی نابینی وا ناتوانم لەسەر پێ بوەستم؟ ئێدگار تۆ، تۆ جێم بهێڵە!"

وا بەتوندی زەنگەکەی لێ دا، زەنگەکە شکا. منیش بەهێواشی چوومە ژوورەوە. ئەمە بەس بوو بۆ پیر وەچوونی میزاژی مرۆڤێکی بێ هەست و تەوس و شەڕانگێز! ئا لەوێ سەری خۆی دەکێشا بەلێواری قەنەفەکە، ددانەکانی جیڕ دەکردەوە، دەتوت وا ئێستا ورد و هەڕایان دەکا! بەڕێز ئێدگار واقی وڕمابوو و سەیری دەکرد و ترسی لێ نیشتبوو. بەمنی وت بچۆ هەندێ ئاوم بۆ بێنە. هەناسەی لێ بڕابوو و نەیدەتوانی قسە بکات. گڵاسێکی پڕ لە ئاوم بۆ هێنا، کاتێ کە نەیخواردەوە ئاوەکەم بەسەر ڕوویدا پژاند. پاش چەند چرکەیەک هەناسەی هاتەوە بەرێ و چاوەکانی بەرز کردەوە. ڕەنگی مردووانی لێ نیشتبوو. ئێدگار هەراسان و تۆقیو بوو.

نەمویست ئێدگار هاوار بکات، هەرچەندیشە زۆریش دەترسام، دڵم زۆر بەخورپە

بوو، بە وسپەیەکەوە وتم "هیچ شتێ نییە لە جیهان چاک نەبێت، هیچ کەسیش نییە لە جیهان بێ گرفت بێت.

ئێدگار لێوەکانی بەلەرزە کەوت و وتی "وا خوێن لەسەر لێوەکانیەتی!"

بە تۆنێکی تاڵەوە وەڵامم داوە "گوێ مەدێ!" پێم وت کە چۆن چاک بووەوە پێش ئەوەی ئەو بێتە ژوورەوە. بەئەنقەست هەندێ دەنگم بەرز کرد بۆ ئەوەی ئەو گوێی لە قسەکانم بێت، چونکە تۆقیبوو، قژی بەسەر شانەکانیدا پەرت و بڵاو ببوو، چاوەکانی فلاشیان دەدا، ماسوولکەکانی مل و قۆڵەکانی ڕەپ وەستابوون. من بەلایەنی کەم شکاندنی ئێسکەکانم لە زەین بوو، بەڵام تەنیا ماندوو و بێ تاقەت ببوو، پاشان لە ژوورەکە بەخێرایی چووە دەرەوە. سەرۆکەکەم بەدەست ئاماژەی بۆ کردم کە بەدوایدا بچم. منیش بەدوایدا چووم تا بەر دەرگای ژوورەکەی: دەرگای پێوەدا و نەیهێشت زیاتر بەدوایدا بچم.

بەیانی دواتر هەرگیز داوای نانی بەیانی نەکرد، منیش چووم لێم پرسی کە هەندێ نان بخوات تا گورٍ و تینی بێتەوە بەر. بێ باکانە وەڵامی دایەوە "نەخێر!" هەمان پرسیارم دووبارە کردەوە بۆ نانی ئێوارە و چا خواردنەوە، هەروەها بۆ بەیانی دواتریش هەمان پرسیار، هەمان وەڵامم وەرگرتەوە. بەش بەحاڵی خۆی بەڕێز ئێدگار کاتی خۆی لە کتێبخانە بەسەر برد، بەهیچ شێوەیەک هەواڵی ژنەکەی نەدەپرسی. ئیزابێلا و ئێدگار بۆ ماوەی یەک سات هەڤپەیڤینیان کرد، لە ماوەی ئەو یەک سەعاتەدا ئێدگار هەوڵی دا هەندێ ترس و چەتوونی هیتکلیفی پێ بڵێت و هەست و سۆزی خوشکی بەرامبەر هیتکلیف کاڵ بکاتەوە: بەڵام نەیتوانی هیچ شتێک دەستەبەر بکات لە وەڵامە گشتییەکانی، بۆیە ناچار بوو تاقیکردنەوەکەی بەکۆتا بێنێت. بەڵام ئەوەشی پێ گووت و ئاگەداری کردەوە کە شێتە گەر ئەو چەقاوەسووە هان بدات بۆ ئەوەی بێتە داخوازی، گەر مێردی پێ بکات ئەوا بەهەموو شێوەیەک پێوەندی نێوان ئیزابێلا و ئەو بۆ هەمیشە کۆتایی دێت.



## بەشی دوانزەم

خاتوو ئیزابێلا هەمیشە دەچووە نێو باخچەکە، هەمیشە بێدەنگ بوو، هەمیشە چاو بەفرمێسک بوو، براکەشی خۆی لەگەڵ کتێبان مژووڵ کردبوو هەرگیز نەدەهاتە دەرەوە، بەردەوام خۆی لە کەس نەدەگەیاند ،وابزانم، بەهیوای ئەوە بوو کە ئێستا کاسرین دێت و داوای لێبووردنی لێ دەکات بۆ ئەو ڕەفتار و هەڵسوکەوتانەی. کاسیش بۆ ماوەی چەند ڕۆژ نانی لە خۆی حەرام کرد، ئەویش لەو بیرەدا بوو کە لە هەر ژەمێکدا ئێدگار بێ ئەو نانی بۆ قووت نادرێت و ڕا دەکات و لێی دەپارێتەوە و خۆی داوێتە بەر پێیەکانی. منیش خەریکی ئەرکەکانیماڵەوە بووم، وامدەزانی کە گرەنج تەنیا یەک کەسی لێیە، تەنیا یەک کەس لە نێو دیوارەکاندا، ئەمەش جەستەمی خاو دەکردەوە. هیچ سەرەخۆشیم نە لە ئیزابێلا نە لە کاسرین کرد، هیچ بایەخیشم بەهەناسە ساردەکانی سەرۆکەکەم نەدا، کە هەمیشە بەحەسرەتی ئەوە بوو گوێی لە ناوی خانمەکەی بێت، کە ڕەنگیشە هەر گوێی لێ نەبێت. بۆ من وا باش بوو کە هەرچی زووە ئەو دووانە ئاشت ببنەوە و بێنەوە نێو یەک لانە، بەڵام ئەمە پرۆسەیەکی زۆر هێواش بوو. هەروەکو یەکەم جار پێشبینیم دەکرد، دەستم کرد بەدەربڕینی خۆشی کاتێ گزنگی بەیان دووبارە دیار کەوتەوە.

خاتوو کاسرین لە ڕۆژی سێیەمدا دەرگاکەی کردەوە، ئاوی نێو سوراحیەکەی تەواو کردبوو، حەزی لێ بوو سوراحیەکە پڕ بکاتەوە و مەنجەڵێک شیر لەگەڵ خۆی بباتە ژوورەوە، چونکە پێی وابوو هێندەی لەسەر دونیا نەماوە و دەمرێت. بەهێمنی داوای ئەو شتانەی کرد، من وامزانی ئەمە بۆ گوێچکەکانی ئێدگار بوو، بەڵام باوەڕم

بەم شتانە نەکرد، بۆیە لەسەر خۆم حیسابم کرد و هەندێ نان و چایەم بۆ هێنا. بەپەرۆشەوە چا و نانەکەی خوارد، دووبارە چۆوە نێو پێخەفەکەی، دەستەکانی پێکدادا و ناڵەی لێوە بڵند دەبوو. وتی "ئۆهـ، وا دەمرم. لە بەر ئەوەی کەس لە من ناپێچێتەوە، خۆزگە ئەو کارەم نەکردبا." کەمێک بێدەنگ وەستا و پاشان وتی "نەخێر، من نامرم - ئەو بەمردنی من خۆشحاڵ دەبێت - ئەو دیارە منی خۆش ناوێت - هەرگیز بیری من ناکات!"

من لە ڕواڵەتدا زۆر هێمن بووم، سەرەڕای حاڵە خراپ و نامۆ و ناجۆرەکەی، لێم پرسی "خانمەکەم، داوای شتێکت کرد، هیچت پێویست نییە؟

قفڵە ئەستوورەکەی لەسەر ڕووە کز و بوودەڵەکەی لا برد و پرسی "ئەو بێ زاخ و تەمبەڵە چی دەکات؟ هێوژەر بووە، چییە مردووە؟"

وەڵامم داوە "نە هێوژەر بووە و نە مردووشە. گەر مەبەستت بەڕێز ئێدگارە، وابزانم زۆر باشە و هیچ عەیبی نییە. ئەو خۆی بەخوێندنەوەدا شۆڕ کردووەتەوە ئەگینا خوێندنەوە دەمێکە دەستی لەو شۆردووە: ئەو بەردەوام لە نێو کتێبەکانیدا خۆی ون کردووە، چونکە هیچ شوێنێکی تری نییە."

من نەدەبوایە ئاوا قسەم کردبا گەر بمزانیبا حاڵەتی باشە، بەڵام نەمتوانی خۆم لەو بیرۆکەیە دەرباز بکەم کە وەک بەشێک لە شڵەژاوییەکەی نمایشی کرد.

بە شڵەژاوییەوە وتی "ئەو لە نێو کتێبەکانیەتی و منش وا دەمرم! وا من لەسەر لێواری قەبرم! ئەی خوایە! ئەو دەزانێت من چەندە گۆڕاوم؟" لە بەرامبەر ئاوێنەکە سەیری ڕەنگدانەوەی خۆی دەکرد، بەردەوام بوو "ئا ئەوە کاسرین لینتنە؟ ئەو من بەخۆشەویستی خۆی دەزانێت، یان بە یاری. ناتوانی پێی بڵێی کە ئەمە زۆر جدی و ترسناکە؟ نیلی، گەر زۆر درەنگ نەکەوتبێت، هەرکە بەزووترین کات زانیم هەستی چۆنە، من لە نێوان ئەو دووانە یەکێکیان هەڵدەبژێرم: یانیش هەر ئێستا دەمرم، دەبێ شتێک بکەم سزای بدەم- یانیش چاک ببمەوە و ئەم وڵاتە بەجێ بێڵم. تۆ بەڕاستتە دەڵێی وا لە نێو کتێبەکانیەتی؟ ئاگات لە خۆ بێت. ئایا ئەو بەڕاستی لە ژیانی من ناپێچێتەوە؟"

وەڵامم داوە "بۆچی خانمەکەم. سەرۆک هیچ لە بارەی تۆوە نازانێت، بێگومان



ناترسێت لەوەی کە تۆ خۆت لە برساندا دەکوژێت."

وەڵامی دایەوە "نا تۆ بە هەڵە بۆ مەسەلەکە چووی؟ گەر ناتوانی پێی بڵێی من پێی دەڵێم کە من لە برسان خۆم دەکوژم؟ قەناعەتی پێ بکە! بەبیری خۆت قسە بکە: پێی بڵێ من بەدڵنیاییەوە خۆم دەکوژم لە برسان!"

وتم "نا خاتوو کاسرین تۆ ئەوەت بیر چووە کە ئەمڕۆ ئێوارە هەندێ خواردنت خواردووە، بەیانی کاریگەرییەکەی بەدیار دەکەوێت."

قسەی پێ بڕیم و وتی "گەر ئێستا بزانم مردنی من یەکسەر ئەو دەکوژێت، هەر ئێستا خۆم دەکوژم! ئەو سێ شەوە دژوار و ناخۆشە هەرگیز پێڵووەکانم نەخستنە سەر یەک- ئاخ کە ئەشکەنجە و ئازاری دونیام چەشت! سەرەڕای ئەوەی کە ڕقیان لە یەکتری بوو و یەکتریان ڕیسوا کرد، وامزانی کە هەرگیز خۆشەویستی منیان بیر ناچێتەوە. بەماوەی چەند سەعاتێک لێم بوون بە دوژمن: من لەسەرەخۆم، ئەوان لێرە یەکێکیان هەیە بیری لێ بکەنەوە. ئای کە چەند ناخۆشە پێشوازی لە مردن بکەیت، ئەوانیش وا ڕووە ساردەکانیان پێچاوەتەوە! ئیزابێلا تۆقی و ون بوو، ترسا بێتە ژوورەوە، ئای چ شوومێک دەبێت ئەو ڕۆژەی کاسی دەمرێت. ئێدگاریش بەتەنیا وەستاوە و بۆ ئەوەی تەواو بوونی ببینێت، پاشان دەستی کرد بەدوعا و پاڕانەوە و سوپاسکردنی خوا بۆ گێڕانەوەی ئاشتی بۆ نێو ماڵەکەی، پاشان چۆوە نێو کتێبەکانی! باشە چی لەو کتێبانە دەوێت، چی لەو کتێبانە دەکات، کاتێ من دەمرم چ هەستێکی دەبێت لەگەڵ ئەو کتێبانە؟"

بە هیچ شێوەیەک نەیتوانی بەرگەی ئەو قسەیە بگرێت کە من دەربارەی دەست لە کارکێشانەوەی ئێدگارم پێ وت. هەر بیری لێ دەکردەوە، وردە وردە زیاتر دەشڵەژا و بەرەو شێتبوون دەچوو، سەرینەکەی ژێر سەری بەددان هەڵدڕی، پاشان هەڵسایەوە سەر پێ، هەموو گیانی وەک سووتاو وا بوو، حەزی لەوە بوو من پەنجەرەکەی بۆ بکەمەوە. ئێمە لە چلەی زستاندا بووین، بایەکی بەهێز لە باکوری ڕۆژهەڵاتەوە هەڵی کرد، بۆیە منیش پەنجەرەکەم نەکردەوە. هەم هێماکانی سەر سەروفەساڵی، هەم گۆڕانەکانی میزاژی منیان زۆر ترساند، نەخۆشی پێشتریم بیر کەوتەوە، هەروەها قسەکانی دکتۆرم بیر کەوتەوە کە نابێ ئەو کچە بەهیچ شێوەیەک تووڕە بێت و خەم

بخوات. دەقەیەک پێش ئەو کاتە توندوتیژ بوو، ئێستا لە من نییە کە من قسەکانی ڕەت دەکەمەوە، وەک منداڵان پەڕەمووچەی سەر سەرینەکەی لێ دەکردەوە کە خۆی دروستی کردبوو، یاری بەپەڕەمووچەکان دەکرد: بیری بەتەواوی لە دونیای ڕاستەقینەدا نەما بوو.

لە بەر خۆیەوە ورێنەی دەکرد "ئەو پەڕەمووچە هی قەلەموونە. ئەمە هی مراوی کێوییە، ئەوە هی کۆترە. ئای وا ڕیشەکانی کۆتر دەخەنە نێو سەرین - سەیر نییە من نامرم! لێ گەڕێ با چارەی بکەم و هەمووی بەگۆڕێ وەکەم. ئا ئەوەتا کەڵەشێری نێو بەیارەکان، ئەمەیان، دەبێ لە نێو هەزاران ڕیش بناسمەوە، ئەوە هی قەتێیە. باڵندەیەکی بە ئێسکە، خۆی داوێتە سەر سەرمان کاتێ ئێمە لە ناوەڕاستی بەیارەکانین. ویستم بچمە نێو هێلانەکەی، چونکە هەورەکان خۆیان کۆکردبووەوە، پاشان باران ڕژایە سەر زەوی. ئەم ڕیشە لەسەر ڕێڕەوەکە هەڵگیرایەوە، باڵندەکە پێی نەکەوتبوو: ئێمە هێلانەکەمان لە زستاندا بینی. پڕی بوو لە پەیکەرە ئێسکی بچووک. هیتکلیف تەڵەی لەسەر دانابووەوە، باڵندە پیرەکانیش نەیاندەوێرا بێنەوە نێو لانەکەی خۆیان. ئەو کاتە وام لێ کرد بەڵێن بدا کە هەرگیز جارێکی تر تەقە لە قەتێ نەکات، نیڵی؟ ئایا سوورن، هیچیان تیایە سوور بن؟ ئا دەی با سەیریان بکەم."

قسەم پێ بڕی و وتم "بەسە واز لە کاری منداڵان بێنە!" بالیفەکەم لە ژێر دەستی دەرهێنا و کونەکانم بەهۆی دۆشەکەکە پڕ کردەوە چونکە بەدەست هەموو هەناوی بالیفەکەی دەرهێنابوو. "پاڵکەوە و چاوەکانت داخە، تۆ لە چی دەگەڕێی. هەرا و هۆسەیە! خوارەوە هەمووی بەفرە."

لێرەو لەوێ پەڕە مووچەکان کۆ کردەوە.

کاسی وەک بڵێی خەون دەبینێت، وتی "نیڵی، لە چاوانی تۆدا ئافرەتێکی بەتەمەن دەبینم: تۆ قژت خۆڵەمێشییە و شانەکانت چەماوەیە. ئەم جێگەیەی من وەک ئەشکەوتەکەی پێنیستۆن کراگ وایە، تۆش جنۆکان کۆ دەکەیتەوە بۆ ئەوەی ئازاری چەتوونەکانمان بدەن، وا دانێ کاتێ من نزیکم، ئەوان تەنیا وەستاون. ئەو کاتە دەبی بە پەنجا ساڵ: دەزانم کە ئەوسا وەک ئێستا نیت. من لە سەرە خۆم: تۆ بەهەڵەدا چووی، یانیش ئەوەتا دەبێ بڕوا بەوە بکەم کە تۆ بەڕاستی عفریتێکی وشکی، منیش



وا دەزانم کە ئێستا لە ژێر پێنیستۆن کراگم: لە سەرە خۆم دەزانم ئێستا شەوە، وا دوو مۆمیش لەسەر ئەو مێزە دانراوە و ئەو کەسە ڕەشە وەک فرۆکە ڕۆشن دەکاتەوە!

پرسیم "مرۆڤی ڕەش؟ کوا لە کوێیە؟ ئەوە تۆ لە خەونتدا قسە دەکەی!"

وەڵامی دایەوە "وا لە بەرامبەر دیوارەکەیە، هەمیشە هەر لەوێ بووە. عەنتیکە دێتە بەرچاوان– من ڕووێکی تێدا بەدی دەکەم!"

منیش وتم "هیچ مرۆڤێکی ڕەش لە ژوورەکەدا نییە، هەرگیز لەوێ نەبووە." لە شوێنەکەی خۆم هەستام و پەردەکانم داداوە بۆ ئەوەی چاودێری بکەم.

بە وردی سەیری نێو ئاوێنەکەی دەکرد، پرسی "ئەو دەم و چاوە نابینی؟"

بڵێ من چیم کرد، نەمدەزانی چۆن پێی بڵێم و قەناعەتی پێ بکەم کە ئەوە خۆیەتی لە ئاوێنەکەوە دەرکەوتووە، بۆیە هەستام و بە شاڵێک ئاوێنەکەم داپۆشی.

بە پەرۆشەوە بەردەوام بوو "ئێستاش لە پشت ئەو شاڵە هەر دیارە! وا دەجووڵێت. ئەوە کێیە؟ هیوادارم گەر تۆ ڕۆیشتی نێتەوە دەرەوە! ئۆه! نیڵی، وا ژوورەکە هەمووی گێژ دەخوات! لە تەنیاییدا دەترسم!"

دەستیم خستە نێو دەستم، پێم وت کە ئارام بگرێت، هەموو جەستەی دەلەرزی، بەردەوام سەیری ئاوێنەکەی دەکرد.

منیش سوورم بووم و وتم "هیچ کەسی تر لێرە نییە! ئەوە خۆت بووی، کاسرین، دەزانی ئەوە خۆت بووی."

وتی "خۆم! سەعات دوانزە لێ دەدا! ڕاستە، ئا ئەوە ترسناکە!"

پەنجەکانی لە جلەکانی گیر کرد و بەسەر دەم و چاویدا کۆی کردنەوە. هەوڵم دا خۆم بدزمەوە و بچم مێردەکەی بانگ بکەم، بەڵام بەدەنگێکی توندی لەرزۆک بانگی کردمەوە، شاڵەکە لەسەر ئاوێنەکەدا خزایە خوارەوە.

هاوارم لێ هەستا "بۆ، چی بووە؟ ئێستا کێ ترسنۆکە؟ هەڵسەوە! ئەوە شووشەکەیە - ئاوێنەکەیە، خاتوو کاسی لە ناو ئاوێنەکەدا تەنیا خۆت دەبینی، وا منیش لە تەکتەوەم."

پەشۆکاو و شڵەژاو و لەرزە لەرزی بوو، منی توند بەخۆوە گرت، ترسەکە وردە وردە ڕووی داگیر دەکرد، ڕەنگ زەردییەکەی شەرمەزاری پێوە دیار بوو.

هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا و وتی "ئۆه، ئازیزەکەم! وامزانی لە ماڵەوەم. وامزانی وا لە ژوورەکەم لە بانەکانی وێزەرینگ پاڵکەوتووم. لە بەر ئەوەی من بێ هێزم، مێشکم تێکچووە و بێ ویستی خۆم قیژاندم. هیچ شتێک مەڵێ، بەڵام تەنیا لە لای من بمێنەوە. لە خەوتن دەترسم: خەونەکانم دەمتۆقێنن."

وەڵامم داوە "خانمەکەم، کەمێکیش بنووی بۆ تۆ هەر باشە. هیوادارم ئەم ئازارە ئەو هەوڵەی لە برسان مردنت لە بار ببات."

دەستەکانی ئارەقەیان لێ دەچۆڕاوە، بەتۆنێکی تاڵ بەردەوام بوو "ئۆه، خۆزگە کەمێک دەنووستم بەڵام لە خانووە کۆنەکەی خۆمان! ئەو گڤە گڤی بایە یەکەم جار لای هێلانەکە هەڵی کرد. ڕێگەم پێ دەدەی هەستی پێ بکەم - بایەکە وا لەو سەری بەیارەکانەوە تا دامێنی هەڵی کردووە - تکا دەکەم ڕێگەم پێ بدە با یەک هەناسەی لێ هەڵمژم!" بۆ ئەوەی هێور و ئارامی بکەمەوە تۆزێکم لە پەنجەرەکە بۆ ماوەی چەند چرکەیەک کردەوە. هەوایەکی زۆر سارد خێرا هاتە ژوورەوە، دامخستەوە، چوومەوە شوێنەکەی خۆم. هێشتا هەر نەخەوتبوو، فرمێسک هەموو دەم و چاوی شۆردبوو. ماندووبوون لە جەستەی بەتەواوی ڕوحی بێ هێز کردبوو: کاسرینەکەمان لە منداڵێکی بە ڕکە و واقە واق باشتر نەبوو.

لەپڕا ژیانی بەبەردا هاتەوە و پرسی "ماوەی چەندە من لێرە خۆم قەتیس کردووە؟"

وەڵامم داوە "ئێوارەی دووشەممە بوو. ئێستاش شەوی پێنجشەممەیە، وا لە بەیانی هەینی نزیک دەبینەوە."

قیژاندی "چی! لە هەمان هەفتە؟ تەنیا هەر ئەوەندە؟"

وتم "ئەوە ماوەیەکی ئێجگار زۆرە بێ هیچ شتێک بژی جگە لە ئاوی سارد و نەخۆشی."

بە گومانەوە منگەیەکی لێوە هات و وتی "بەچەند سەعاتێکی سەرسەخت دەچێت. دەبێ لەوە زیاتر بێت. بەبیرمە من لە ژووری پێشوازی بووم پاش ئەوەی ئەوان شەڕە قسەیان بوو، ئێدگار درندە ئاسا وروژابوو، منیش بێ ئومێدانە ڕام کردە ئەم ژوورە. هەرکە زوو دەرگاکەم لەسەر خۆم داخست، ڕەشێتی، ڕەنگی ڕەش گێژی کردووم، پاشان کەوتمە خوارەوە. نەمتوانی بۆ ئێدگار باس بکەم کە من چۆن هەستم



بەتووڕەیی کرد یان بەرەو شێتی دەچووم، گەر بەردەوام بوایە لەسەر گاڵتە پێکردنم، هەر نەمدەتوانی وەڵامی بدەمەوە! هیچ هۆشم لەسەر زمان و زەینمدا نەبوو، ئەویش مەزندەی ئازارەکەی منی نەکرد: ئەو ئازارە وای لێ کردم کە هەوڵی ئەوە بدەم لە بەر خۆی و لە بەر دەنگی ڕا بکەم. پێش چاکبوونەوەم، پێش ئەوەی هۆشم بەبەردا بێتەوە، پێش ئەوەی ببینم و ببیستمەوە، گزنگی بەیانی بوو، نیلی پێت دەڵێم بیرم لە چی کردەوە، پێت دەڵێم چ شتێک بەردەوام دووبارە دەبووەوە تا کەوتمە نێو ترس و تۆقینەوە. کاتێ ئا لەوێ پاڵکەوتبووم و سەرم بەقاچی ئەو مێزە کردبوو، چاوەکانیشم هەر لەسەر ئەو پەنجەرە لەنگەریان گرتبوو، بیرم دەکردەوە. کە من وا لە ماڵەوە لە نێو دار بەڕووەکانەوە پاڵکەوتووم، خەم و خەفەت زۆر ئازاری دڵیان دەدام کە نەمتوانی هیچم بەبیر بێتەوە. هەر بیرم کردەوە و بەرەو ڕاڕایی و دوودڵی دەچووم، دەمویست بزانم چۆن و بە چ شێوەیەک تەواوی حەوت ساڵی ڕابردوو لە ژیانم بەسەر چوو، چۆن پڕ بوو لە ڕەش، ماوەیەکی بەتاڵ و پووچ بوو! ئەوەم بەبیر نەدەهاتەوە کە ئەو حەوت ساڵە بوونیان هەبووە یان نا. حەوت ساڵ بەر لە ئێستا من منداڵێک بووم، تازە باوکم نێژرابوو، نەهامەتی و ناخۆشی و ئازاری من ئەو کاتە دەستی پێ کرد کاتێ هیندلی فەرمانی دا من و هیتکلیف لە یەکتر جودا ببینەوە. من بەتەنیا مامەوە، بۆ یەکەم جارە وا بەتەنیا بژیم، شەوێک تا بەیانی گریام، کاتێ هەڵسامەوە دەستەکانم بەرز کردەوە پاڵم بەلەوحەکەوە نایە لایەک: بەسەری مێزەکەدا کەوت! بەسەر مافوورەکەدا ڕامکێشا، پاشان یادەوەری هاتە خەیاڵم: دواتر ئازارم تێکەڵی پەستی و بێ ئومێدی خەمۆکی بوو. نازانم بۆچی هەستم کرد من تێکشکاو و ماڵوێران بووم: وامزانی ئەو ناخۆشییەی من تەنیا بۆ ماوەیەکی کاتییە، چونکە بەردەوام هۆکارێک هەبوو. بەڵام، لە تەمەنی دوانزە ساڵیمدا لە بانەکاندا من هەراسان کراوم، پاش هەموو ئەو شتانە، ئەو کاتەی هیتکلیف خۆی ون کرد، من کەوتمە لای ئێدگار و نازناوم بوو بە خاتوو لینتن، بوومە خانمی سرەسکرۆس گرەنج، بوومە ژنی بێگانەیەک: جیهانی من بوو بە جیهانێکی دوورەپەرێز و سەرشۆڕی و نەهامەتی. ڕەنگە تۆ بزانی من چەندە زەلیل بووم! نیلی سەرت بلەقێنە، دەتتوانی یارمەتیم بدەی لێرە نەگیرسێمەوە! دەبوایە تۆ قسەت لەگەڵ ئێدگار کردبا، بەڕاستی دەبوایە قسەی لەگەڵ بکەی، ناچارت کردبا کە من بەهێمنی جێ بهێڵێت! ئۆه، وا

دەسووتێم! خۆزگە ئێستا لە دەرەوە دەبووم! خۆزگە دەخوازم جارێکی تر ببمەوە کچەکەی جاران، نیمچە توند و دڕندە و ئازاد: گاڵتەم بە زامەکان کردبا و پێیان پێکەنیبام، نەک لە ژێر فشاری زامەکان شێت بووبام! بۆچی من وا گۆڕاوم؟ بۆچی خوێنم بەچەند وشەیەک چووە نێو دۆزەخی ئازار و ناخۆشییەکان؟ دڵنیام دەبێ من هەر خۆم بم کاتێ لەسەر ئەو گردانە هاتوچۆ دەکەم. دووبارە پەنجەرەکە تەواو بکەرەوە: خێرابە بیکەرەوە! خێراکە، بۆچی ناجووڵێی؟"

وەڵامم داوە "لە بەر ئەوەی نامەوێ تۆ لە سەرمانا بمریت."

بە بێزارییەوە وتی "تۆ دەرفەتێکم بۆ ژیان پێ نابەخشی، مەبەستت ئەوەیە. بەهەر حاڵ، هێشتا بەتەواوی پەکم نەکەوتووە، دەتوانم خۆم بیکەمەوە."

لە جێگەکەی خزییە خوارەوە پێش ئەوەی ڕێگەی لێ بگرم، بەنێو ژوورەکەدا چوو، بەترسەوە دەڕۆیشت، دەگەڕایەوە، دەچووە لای پەنجەرەکە خۆی بۆ دەرەوە دەچەماندەوە، گوێی بەهەوا ساردەکەی دەرەوە نەدەدا کە وەک چەقۆیەکی تیژ شانەکانی دەبڕی. منیش لێی چوومە پێشەوە، دواجار بەزۆری وام لێ کرد بکشێتە پاشەوە و سەری خۆی لە پەنجەرەکە بهێنێتە ژوورەوە. بەڵام زوو بەوەم زانی کە تایەکی زۆر بەرزی لێیە، ئەمە زۆری سەغڵەت کردم (تایەکی بەرز بوو، شاگەشکە ببوو، ئەمانەی پێوە دیارە بەهۆی کردار و مەگێرانییەکانی). مانگ بە تاقی ئاسمانەوە نەمابوو، هەموو شتێکی خوار ئاسمان ڕەشێکی لیخن بوو: تروسکاییەک ڕووناکی لە هیچ ماڵێک نەبوو، دوور یان نزیک هەموویان ماوەیەکی زۆر لەمەوبەر کوژابوونەوە: هەروەها ڕووناکییەکانی بانەکانی وێزەرینگیش دیار نەبوون - بەڵام دووپاتی دەکردەوە کە ئەو دڵی خۆشە بەدرەوشانەوەی ڕووناکیەکان. لە بەر خۆیەوە وڕێنەی دەکرد.

بە پەرۆشەوە هاواری لێ هەستا "سەیر کە! ئەوە ژوورەکەمە، ئەها مۆمێکی درەوشاوەی لێیە، ئەوەتا درەختەکان لە پێشی سەما دەکان، وا مۆمەکەی تر لە کوخەکەی جۆزیف دیارە. جۆزیف درەنگ لە سەرەوە دادەنیشێت، وانییە؟ چاوەڕێ دەکات تا من دێمەوە ماڵێ بۆ ئەوەی پاشە من دەرگاکە داخات. باشە، ماوەیەکی تریش با چاوەڕێ بکات. ئەوە گەشتێکی ناچیزە، هەروەها دڵێکی خەمبار گەشتی بۆ



دەکات، ئێمە دەبێ بەگیمەرتۆن کیرک تێپەڕین بۆ ئەو گەشتە بچین! ئێمە زۆرجار تارماییەکانمان پێکەوە هان داوە، وامان لێ کردوون بەیەکتری بڵێن لە نێو گۆڕەکاندا بوەستن و پێیان بڵێن بێنەوە. بەڵام، هیتکلیف، گەر ئێستا ڕووبەڕووت ببمەوە، ژیانی خۆت دەخەیتە مەترسییەوە؟ گەر وا بکەیت، دەتپارێزم. من بەتەنیا خۆم لەوێ پاڵناکەوم: ڕەنگە دوانزە پێ، قووڵ بمنێژن، هەروەها کەنیسەکەش بەسەر مندا بڕووخێنن، بەڵام من هەرگیز پشوو نادەم تا تۆشم لەگەڵما نەبی بۆ ژێر ئەو گڵە. بەڵێ هەرگیز پشوو نادەم!.

وەستا و بە زەردەخەنەیەکی نامۆوە دەستی پێ کردەوە و وتی "هیتکلیف ڕەچاوی ئەوە دەکات - من بۆ ئەو دەچم! دەی ڕێگەیەک بدۆزەوە! بەنێو حەوشەی کیرک نا. تۆ زۆر هێواشی! ڕازی بە، تۆ هەمیشە بەدوای مندا کەوتی!"

هەرچەندی ویستم قسەی لەگەڵدا بکەم و بیهێنمەوە سەرە خۆی، بەڵام بێ هوودە بوو، بیرم لە پلانێک دەکردەوە چۆن بگەمە شتێک و بیپێچمەوە، بێ ئەوەی خۆمی لە لا دابنێم (چونکە من متمانەم پێ نەدەکرد بەتەنیا لای پەنجەرەکە جێی بهێڵم. لەپڕا گوێم لە جیڕەی دەسکی دەرگاکە بوو، بەڕێز ئێدگار هاتە ژوورەوە. تازە لە کتێبخانە هاتبووە دەرەوە، دیار بوو کاتێ بەوێدا تێپەڕیبوو، گوێی لە قسەکانی ئێمە بوو، بۆیە ترسی لێ نیشتبوو، هات بۆ ئەوەی بزانی بەم شەوە درەنگە چی بووە دیسان، بزانی دیسان چ باسە.

واقی وڕما لە کەش و هەوا ترسناکەکەی ژوورەکە. منیش پێم وت "ئۆه، گەورەم! خانمە داماوەکەی من نەخۆشە، ئۆقرەی بەتەواوی پێ بڕیوم، ناتوانم کۆنترۆڵی بکەم بەهیچ شێوەیەک، دوعا بکە، وەرە قەناعەتی پێ بێنە بۆ ئەوەی بچێت بخەوێت. تووڕەییەکەت لە بیر بکە، چونکە زەحمەتە ڕێبەری هیچ ڕێگەیەکی تر بکات تەنیا ڕێگەی خۆی نەبێت."

خێرا هاتە تەک هەردووکمان و وتی "کاسرین نەخۆشە؟ ئێلن! کاسرین! بۆچی ..."

بێدەنگ بوو. حاڵی خاتوو کاسرین قسەی پێ بڕی، توانی تەنیا سەیری ئەو و من بکات، ڕەنگی ترس و حەپەساوی و شپرزەیی پێوە دیار بوو.

من بەردەوام بووم لە قسەکردن "وا لێرە خۆی بەند کردووە، هیچ شتێک ناخوات،

هەرگیز نارەزاییش دەرنابڕێت: تا ئەم ئێوارەیە بەکەسمانی نەوت، بۆیە نەمانتوانی پێت بڵێین کە بارودۆخەکەی چۆنە، چونکە ئێمە خۆشمان ئاگەدار نەبووین، بەڵام نەخۆشییەکەی هیچ نییە."

هەستم بەوە کرد کە زۆر بە شڵەژاوییەوە قسەکانم کرد، سەرۆک گرژ و مۆن بوو. بەتووڕەیی وتی "ئیلّن دین، ئەوە هێشتا هیچ نییە؟ زۆر گران لە سەرت دەکەوێت ئەو مەسەلەیەت بە من نەوتووە!" ئەمەی وت و ژنەکەی خستە سەر قۆڵەکانی، بەئازار و هەنسکەوە سەیری کرد. یەکەم جار کاسی بەهیچ شێوەیەک مێردەکەی نەناسیەوە: لە نیگا دەرهەستەکانی ئەودا ئەو دیار نەبوو. تایەکەی جێگیر نەبوو، هەرچەندە زۆر جار دەیڕوانییە تاریکاییەکەی دەرەوە. پاشان تا ڕادەیەک سەرنجی خۆی خستە سەر ئەو، ئینجا زانی کێیە لە باوەشی گرتووە.

بە جووڵەیەکی تووڕە و توندەوە، وتی "ئەها! ئێدگار لینتن ئەوە هاتی، بەڕاستی هاتی؟ تۆ یەکێکی لەو شتانەی کە وجوودیان هەیە و کەمترین ڕەواجیان هەیە، هەرگیز کەس داوای تۆ ناکات! پێم وایە ئێستا من و تۆ خەم و خەفەتێکی زۆرمان هەیە - من وابزانم هەمانە - بەڵام ئەوان ناتوانن لەوێ لە ماڵە تەسکەکەی خۆم بمپارێزن: شوێنی پشوودانم، ئەو شوێنەی من هەمیشە پێی بەستراومەتەوە، پێش ئەوەی بەهار دابێ ، ئا لەو شوێنە دەمرم! ئا ئەوەتا: نەک لە نێو لینتنەکان، ئا لەوێ لە ژێر بنمیچی پەرستگاکە، بەڵام لە هەوایەکی کراوەدا، لەگەڵ سەرێکی بەردین، ڕەنگە بەهەوەسی خۆت بێت یان ئەوەتا بۆ ئەوان بچیت یانش بۆ من بێیت!"

سەرۆک وتی "کاسرین، چیت کردووە؟ ئایا من هیچی تر شتێک نیم بۆ تۆ؟ ئایا ئێستاش ئەو چەقاوەسووەت خۆشدەوێ، هیت....."

خاتوو کاسرین هاواری لێ هەستا "ووس، وس! لەم ساتەدا، وس! تۆ ئەو ناوەت هێنا منیش هەر ئێستا کۆتایی پێ دێنم بەهۆی یەک بازدان لەو پەنجەرەوە! ئەوەی ئێستا دەستی لێ دەدەی ڕەنگە تەنیا جەستەکەت هەبێت و لە لا بێ، بەڵام ڕوحم لەسەر سەرەوەی ئەو گردانەیە پێش ئەوەی تۆ جارێکی تر دەست لە من بدەیت. ئێدگار من تۆم ناوێ: من هیچی تر تۆم ناوێ. بگەڕێوە لای کتێبەکانت. خۆشحاڵم کە سەرەخۆشیم لێ دەکەیت، بەڵام ئەوەی کە لەگەڵ منندا هەبوو، بەئاودا چوو!"



منیش خۆم تێ هەڵقورتاند و وتم "زەینی لە سەرە خۆی نییە، گەورەم. لە ئێوارەوە دەستی بەم قسە قۆڕانە کردووە، بەڵام بەهێمنی وازی لێ بێنە، هەندێ لێی دوورکەرەوە، ئەو کاتە باشتر دەبێت. لێرەوپاش دەبێ ئاگەدار بین و بزانین بە چی ئێمە تووڕە دەبێت."

بەڕێز ئێدگار وەڵامی دایەوە "من هیچی تر حەزم بەئامۆژگاری تۆ نییە. تۆ سروشتی خانمەکەت دەزانی، هەروەها تۆ هانی منت دەدا هەراسانی بکەم. بەهیچ شێوەیەکیش بەمنت نەوتووە ئەو سێ ڕۆژە حاڵی چۆنە! ئەوەیە دڵڕەقی! بەدەیان مانگ نەخۆشی بەم شێوەیە نایگۆڕێت، کاری ئەم سێ ڕۆژە ناکات!"

دەستم کرد بە بەرگریکردن لە خودی خۆم، بیرم کردەوە کە زۆر خراپە لە لایەن بێ ڕێزی و شەڕانگێزێکی تر لۆمە بکرێم. بۆیە هاوارم لێ هەستا "من دەمزانی کە سروشتی خاتوو کاسرین کەللە ڕەقی و زاڵبوون بوو. بەڵام نەمدەزانی تۆ حەزت دەکرد یاری بەئەقڵی بکەیت و تووڕەی بکەیت! من ئەوەم نەدەزانی گاڵتەی پێ بکەم، دەبێ چاو ببڕمە بەڕێز هیتکلیف. من ئەرکی خۆم وەک خزمەتکارێکی دڵسۆز بەئەنجام گەیاندووە و پێم وتی، منیش مووچەی خزمەتکارێکی دڵسۆزم وەرگرتووە! باشە، ئیتر ئەوە فێرم دەکات کە جارێکی تر ئاگەداری خۆم بم. جارێکی تر دەتوانی خۆت زانیاری کۆ بکەیتەوە!"

وەڵامی دایەوە "ئێلّن دین، جارێکی دیکە چیرۆکم بۆ باس بکەیت، تۆ لە خزمەتکردنی من واز دەهێنی"

وتم "دەی کەواتە بەڕێز لینتن وابزانم تۆ هیچ شتێکت گوێ لێ نەبووە و هیچ نازانی؟ هیتکلیف ڕەزامەندی تۆی هەبوو بچێتە لای ئیزابێلا، هەر کاتێ تۆ لێرە نەبووبایت دەهاتە لای، ئەوانە هەمووی بەئەنقەست بوون بۆ ئەوەی خانمەکەت هان بدات و ژەهری بداتێ دژی تۆ گەرمی بکات؟"

وەک کاسرین سەری لێ شێوا، لە قسەکردن کەوتە لەرزە و ورتە ورت.

کاسی بە سۆزێکەوە وتی "ئۆهـ! نیلّی تۆیش ناپاک دەرچووی! نیلّی تۆ دوژمنی شاراوەی منی. ئەی جادووکەر! کەواتە تۆ بەڕاستی جنۆکان دەهێنیتە ئێرە بۆ ئەوەی ئازارمان بدەیت! لێ گەڕێ با بڕۆم، وای لێ دەکەم پەشیمان بێتەوە! وای لێ دەکەم

که هاوار بکات و بڵێ من بڕیارێکی هەڵەم داوە!"

تووڕە و شڵەژاوییەکی بێ وێنە کەوتە ژێر ئەبرۆکانی، هەوڵی دا خۆی لە ژێر دەستی لینتن بێنێتە دەرەوە. من هیچ پاڵنەری ئەوەم نەبوو بەدوای ڕووداوەکەدا بچم، ئیتر حەوسەڵەی ئەوەشم نەما لەسەر بەرپرسیارێتی خۆم هاوکاری پزیشکی بۆ بێنم، بۆیە ژوورەکەیم بەجێ هێشت.

لە تێپەڕینی باخچەکە بۆ گەیشتن بەڕێگەکە، لە شوێنێک کە دەلاقەی لغاو بەدیوارەکەوە هەڵواسراوە، شتێکی سپیم بینی بە نارێکی دەجووڵایەوە. نەڕۆیشتم و لە شوێنی خۆم مامەوە بۆ ئەوەی بزانم ئەو شتە چییە، یەکەم جار بیرم بۆ ئەوە دەچوو کە ئەوە بوونەوەرێکی ترە و لە جیهانێکی ترەوە هاتووە. ئەوەندە پێی سەرسام بووم زۆر حەزم دەکرد بزانم ئەو شتە چییە، حەزم دەکرد دەستی لێ بدەم نەک هەر بەچاو بیبینم. جوانووەکەی خاتوو ئیزابێلا، فانی، بە پەتێکەوە هەڵواسرابوو، لە دوا هەناسەیدا بوو. هەر خێرا خۆم گەیاندێ و ئاژەڵەکەم ئازاد کرد و بەرزم کردەوە بۆ نێو باخچەکە. ئەمبینی بوو کە دوای خانمەکەی دەکەوت بۆ سەرەوە کات دەچوو بخەوێت. پێم سەیر بوو چۆن گەیشتبووە ئەوێ، دەبێ چ کەسێکی بێ ویژدان بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵ کردبێت. کاتێ پەتەکەم لە دەلاقەکە کردەوە، پێ دەچوو هەستم بەوە دەکرد کە هێشتا دەنگی ئەسپ لە دوورەوە ڕا دەگاتە گوێم، بەڵام ژمارەیەک شت هەبوو ڕووی منیان گرتبوو و بیرم بۆ هیچ شتێک نەدەچوو: هەرچەندە دەنگێکی نامۆ بوو، لەو شوێنەدا، لە سەعات دووی شەوێکی تاریک ئەو دەنگە دەبێ چی بێت.

بەڕێز کینیس تازە لە ماڵەکەی خۆی دەهاتە دەر بۆ ئەوەی لە لادێکەدا سەردانی نەخۆشێک بکات کاتێ هاتمە سەر شەقامەکە، بەڵام کاتێ کێشەکەی خاتوو کاسرینم پێ وت یەکسەر لەگەڵ من هات و گەڕایەوە. پیاوێکی سادە و توندوتۆڵ بوو، بەهیچ شێوەیەک قسەی لەسەر ئەوە نەکرد و بڵێت کە دەژیت یان نا، بەڵام گوتی گەر ئەو کچە بەگوێی من نەکات و هەروەکو پێشتر بێت ئەوا زەحمەتە بژی.

دکتۆر وتی "نیلّی دین، پێم وایە هەر تەنیا سەرما و سۆڵ نییە، بەڵکو شتێکی ترە تەنگی بەو داماوە هەڵچنیوە. چی ڕووی داوە لە گرەنج" ئێمە ڕاپۆرتی سەیرمان هەیە



لێرە. کچێکی جوان و گەنج و بەهێزی وەک کاسرین بە شتێکی سادە نەخۆش ناکەوێت، ئیتر ئەو جۆرە خەڵکەش بەسەرما نەخۆش ناکەون. دەبێ شتێکی زۆر زەحمەت بێت تووشی ئەو تایەکی کردووە، ئیتر ئەم جۆرە شتانەیە. چۆن دەستی پێ کرد؟"

وەڵامم داوە "سەرۆک ئەمەت پێ دەڵێ. بەڵام تۆ ڕاهاتووی لەگەڵ بارە توندوتیژەکانی ئێرنشۆیەکان، ئیتر خاتوو کاسرینیش لە هەموویان خراپترە. دەتوانم ئەوە بڵێم : ئەوە لە شەڕە قسەیەک ڕووی دا . لە ئەنجامی سۆز و میزاژی خراپەوە وای بەسەر هات. ئەوە بەلایەنی کەم قسەی ئەوە: چونکە وا باڵی گرتووە و دەفڕێت و وڕێنە دەکات، خۆشیی لە ژوورێکدا بەند کردووە. پاش هەموو ئەمانەش، بەهیچ شێوەیەک خواردن ناخوات،، ئێستا هەڵساوەتەوە هەموو قسەکانی بەخەون دەچێت، ئەو کچە لە ژیانی واقیعیدا نەماوە. ئەو شتانەی لێ دەزانم، بەڵام بیر و زەینی پڕ بووە لە وەهم و خەیاڵ و فیکرەی نامۆ.

دکتۆر کە هەموو گیانی پرسیار بوو، پرسی "ئایا بەڕێز ئێدگار پێی ناخۆشە؟"

وەڵامم داوە "هەر ناخۆش؟ گەر هەر شتێک ڕووبدات ئەوا خۆی دەکوژێت! بۆیە جگە لە شتی پێویست هیچی تری پێ مەڵێ."

هاوەڵەکەم وتی "ئێ باشە خۆ من پێم وت دەبێ ئاگەداری بێت. دەبێ پابەند بێت بە ڕێنماییەکانی دکتۆر، خۆ من لە خۆمەوە قسە ناکەم! ئایا بەم دواییە شەڕی لەگەڵ بەڕێز هیتکلیف نەکردووە؟"

وەڵامم داوە "هیتکلیف زۆرجار سەردانی گرەنج دەکات. هەرچەندە بەزیارەت بۆ لای خانمەکە دێت چونکە لە منداڵییەوە یەکتری دەناسن، ئەگەر نا سەرۆک خۆی زۆر کەیفی بەچارەی نایەت. ئێستا ئەو کێشەی نایەوە و ون بوو، ئەو ڕۆیشت و خاتوو کاسرین ئاوای لێ هات، ئیتر زۆرجاریش دەچووە پاڵ خاتوو ئیزابێلا. پێم وا نییە جارێکی تر بێتەوە بۆ ئەو ناوە."

" باشە ئەی خاتوو ئیزابێلا ئاوڕی لێ دەداتەوە، ڕووی دەداتێ؟" ئەوە پرسیاری دواتری دکتۆر بوو.

منیش حەزم لێ نەبوو زۆر لەسەر ئەو مەسەلەیە بڕۆین و وتم "ئیتر من ناتوانم لە

شوێنی ئەو قسە بکەم، ئەوە خۆی باشتر دەزانێت."

سەری لەقاند و وتی "نەخێر، ئیزابێلا کچێکی زیرەک و نەقۆرایە. تەنیا بەگوێی خۆیشی دەکات! لە هەمان کاتیشدا کچێکی زۆر گەمژەیە. من بۆم هەیە ئەوە بڵێم کە دوێنێ شەو (ئای کە شەوێکی جوان بوو!) ئەو و هیتکلیف لە حەوشەی دواوەی خانووەکەتان پیاسەیان دەکرد بۆ ماوەی دوو سەعات بەیەکەوە بوون. پاش دوو سەعاتیش هیتکلیف فشاری خستبووە سەر کە نەچێتەوە ژوورێ، بەڵام دواتر ئەسپەکەی تاودا و ڕۆیشت! زانیم کە تەنیا قسەی خۆشی لەگەڵ دەکات و بەڵێنی درۆینی پێ دەدات، وای لێ دەکات هەمیشە تامەزرۆی بینینی بێت: بۆ تۆ ئەم مەسەلەیە هیچ نییە، بەڵام بە بەڕێز ئێدگار بڵێ کە باش ئاگەداری ئەو کچە بکات!"

ئەم هەواڵە ترسی نوێی لە دڵمدا چاند. دکتۆر کینیسم جێ هێشت و بەخێرایی گەڕامەوە. هێشتا سەگە بچووکەکە لە باخچەکەدا حەپە حەپی بوو. خولەکێکم بۆ ئەو تەرخان کرد تا دەرگاکەم بۆ کردەوە، بەڵام لە باتی ئەوەی بچێتە دەرگای خانووەکە، هەڵبەزی و دابەزی و کەوتە بۆنکردنی فریزەکە، گەر نەمگرتبایەوە ڕای دەکردە سەر ڕێگەکە. کاتێ بەسەر کەوتم بۆ لای ئیزابێلا، گومانەکانم نەمان. ژووری ئەویش بەتاڵ بوو. ڕەنگە من چەند سەعاتێک درەنگتر هاتوومە، ڕەنگە نەخۆشییەکەی خاتوو کاسرین وای لێ کردبێت خێرا چووبێتە خوارەوە. بەڵام ئێستا چی دەتوانرێت بکرێت؟ گەر پێم بوتبان ئەوا خەمێکی چڕتر دایدەگرتن و مەسەلەکە قووڵتر و ئاڵۆزتر دەبوو. بۆیە بەدوایاندا نەچووم و خێزانەکەشم بێدار نەکردەوە، و شوێنەکەم پڕ نەکرد لە شپرزەیی و شڵەژاوی. بەڵام هێشتا دڵم هەر لە سەرۆک هێشابوو بەو قسانەی کە بەمنی وت، هەرچەندە لە نێو کارەساتدا دەژیا، دەمزانی دڵی بەرگەی ئەوەی نەدەگرت گوێی لە خەمێکی تر بێت؟ بۆیە هیچم پێ نەکرا و زمانی خۆم بەست، وازم لە گرفتەکان هێنا بۆ خۆیان هامشۆ بکەن، دواتر کینیس گەیشت، بەتۆنێکی زۆر خراپ و شڵەژاو چووم پێم وت. کاسرین خەوێکی ترسناکی لێ کەوتبوو: مێردەکەی بە سەرکەوتوویی هێوری کردبووەوە و تووڕەییەکەی نەهێشتبوو، ئێستا ئێدگار لەسەر بالیفەکەی کاسرین بوو، سەیری هەموو سێبەر و هەموو گۆڕانێکی دەکرد کە سیفەت و ڕەنگی مردووانی بەکاسرین بەخشیبوو.

دکتۆر، سەرقاڵی جانتاکەی بوو، بەتۆنێکی ئومێدبەخشەوە قسەی لەگەڵ ئێدگار





کرد، پێی وت کە نابێدەنگە دەنگ و هەراو هۆسەی لەگەڵ بکرێت، گەر لە لاشی بوەستێن دەبێ زۆر هێمن بین، نابێ بەهیچ شێوەیەک گوێی لە تۆنی بەرز بێت. بەڕای من، دکتۆر وای نیشان دا کە مەترسی نەخۆشییەکەی هەڕەشەی مردن نییە، بەڵکو تەنیا بارێکی دەروونی خراپە و دەبێ بەتەنیا و ئارام بێت.

نە من نە بەڕێز ئێدگار ئەو شەوە چاومان دانەخست و چاومان نەچووەتە خەو: ئەوەی ڕاستی بێت هەر نەچووینە سەر جێگەش، هەموو خزمەتکارەکانی تریش تا درەنگی شەو، درەنگتر لە کاتی ئاسایی هەر بەئاگا بوون، دەستەوسان و داماو و سەغڵەت بەنێو خانووەکەدا هاتوچۆیان دەکرد، جار جاریش کە دەگەیشتنە یەکتر بەچرپە چرپ قسەیان لەگەڵ یەکتر دەکرد. هەموو چالاک و بەئاگا بوون جگە لە خاتوو ئیزابێلا، ئیتر ئەوانی تر پێیان سەیر بوو چۆن خەوتووە: هەروەها براکەشی پرسی ئایا خەوتووە، بەخەوتنی ئەو زۆر شپرزە ببوو، دیار بوو زۆری لە دڵ گران بوو کە خوشکەکەی هیچ پەرۆشی نیشان نەداوە بۆ براژنەکەی و خەمی نییە و لێی خەوتووە. لەوە ترسام نەوەک بەمن بڵێت بڕۆ بانگی بکە، بەڵام من یەکەم کەس بووم لۆمەی فڕینی ئەوم دەکرد. یەکێک لە خزمەتکارەکان، کچێکی بێ مێشک بوو، کە هەر لە سەرەتاوە کاروباری ڕۆژانەی گیمەرتۆنی پێ سپێردرابوو، چووە سەرەوە، دەمی بەش کردەوە، خێرا هاتە ژوورەکە و هاواری لێ هەستا "ئۆه، ئازیزەکەم، ئازیزەکەم! ئێمە چ بەڵایەکی دیکەمان بۆ پێش هاتووە؟ سەرۆک، سەرۆک، خانمە گەنجەکەمان .."

منیش خێرا بەهات و هاوارەکەی ئەو تووڕە بووم و پێم وت "بێدەنگ بە، ئەو دەنگە دەنگە چییە!"

بەڕێز ئێدگار وتی "ماری، هەندێ نزمتر قسە بکە، بڵێ چی بووە؟ چی شتێک چنگی بەخانمە گەنجەکەت هەڵچنیوە؟"

کچەکە دەمی بەش کردەوە و وتی "ڕۆیشت، ڕۆیشت! لەگەڵ هیتکلیف ڕۆیشتووە!"

ئێدگار تووڕەیی دایگرت و هاواری لێ هەستا "ئەوە ڕاست نییە! هەرگیز ئەو کارە ڕوونادات: چۆن ئەو بیرۆکەیە بەمێشکتدا هات؟ ئێلن دین، بڕۆ بەدوایدا بگەڕێ. ماقووڵ نییە: ئەو کارە نەبووە و ناشبێت!"

لە کاتی قسە کردنیدا خزمەتکارەکەی بردە لای دەرگاکە، پاشان داواکەی دووبارە

کردەوە بۆ ئەوەی بزانێت بۆچی ئاوا سوورە لەسەر قسەکانی.

ئەویش بەورتە ورتەوە وتی "بۆچی، چاوم بەگەنجێک کەوت کە شیری بۆ ئێرە دەهێنا. پرسیاری لە ئێمە کرد ئایا ئێمە لە گرەنج کێشەمان هەیە یان نا. وابزانم مەبەستی نەخۆشی خاتوو کاسرین بوو، منیش وەلامم داوە و وتم بەڵێ، پاشان ئەو وتی "کەسێک بەدوا ئەوانەوەیە، وابزانم؟ منیش تێی ڕامام. بینی کە من لە بارەی ئەو شتەوە نازانم، پاشان وتی چۆن پیاوێک و ئافرەتێک وەستان و بۆ ئەوەی ناڵەی ئەسپ لای دوکانی ئاسنگرەکە توند بکەنەوە، دوو میل لە دووری گیمەرتۆن، زۆر پاش نیوە شەو نەبوو! هەروەها چۆن کابرای ئاسنگەر سیخوڕی لەوان کرد: ئەو ڕاستەوخۆ هەردووکیانی دەناسی. ئەویش لە کابراکە ورد بووەوە دەبینی ئەوە هیتکلیف خۆیەتی، دڵنیا بوو کە هەوە: هیچ کەسێک ناتوانێت نەیناسێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا سەروەرییەکی لە دەستی باوکی نا بۆ پارە دان. خانمەکە عەبایەکی بەسەر ڕوویدا دابوو، بەلام حەزی لێ بوو قومێک لە ئاو بدا، کاتێ کە ئاوی خواردەوە عەباکە لاکەوت، ئەوی زۆر بەئاستەم بینی. هیتکلیف هەردوو لغاوەکەی گرتبوو، ڕووی خۆیان وەرگێڕا لە گوندەکە، بەخێراترین شێوە ڕۆیشتن، تا ڕێگەکە بەری پێ دان خێرا ڕۆیشتن. پیاوەکە هیچی بەباوکی نەوت، بەلام ئەم بەیانییە بەهەموو گیمەرتۆنی وت.

منیش ڕام کرد بۆ نێو ژوورەکەی ئیزابێلا و ڕوانیم، هەمان قسەی خزمەتکارەکەم کردەوە و وتم ئیزابێلا لە ژووری خۆی نەماوە. بەڕێز ئێدگار لای سەرینەکە دانیشت، کاتێ من هاتمە ژوورەوە، چاوەکانی بەرز کردەوە، باری خەمی منی خوێندەوە، چاوەکانی لێک نایەوە بێ ئەوەی فەرمانێک بدا، یان وشەیەک بڵێت.

پرسیم "ئایا هیچ شتێک هەیە هەوڵی بۆ بدەین تاوەکو بیهێنینەوە. چۆن بیهێنینەوە؟"

سەرۆک وەلامی داوە "ئەو بەڕازیبوونی خۆی ڕۆیشتووە. گەر خۆی حەزی لێ بێت مافی هەیە بڕوات. هیچی تر سەرم بەو مەیەشێنن. لێرەوپاش تەنیا بەناو خوشکی منە: نەک لە بەر ئەوەی من خاوەنی ئەو نیم، بەڵکو لە بەر ئەوەی ئەو خاوەنی من نییە."

بە هەمووی ئەوەندەی لەسەر ئەو بابەتە قسە کرد: هیچی تر پرسیاری لەسەر ئەم مەسەلە نەکرد، هەر ناویشی نەدەهێنا، جگە لەوەی بە منی وت کە ئەو موڵکەی ئیزابێلا لەو ماڵە هەیبوو ڕەوانەی ماڵە نوێیەکەی بکەم، ئیتر لە هەر شوێنێک بێت.



## بەشی سیانزەم

لە ماوەی دوو مانگدا ڕەدوو کەوتووەکە سۆراخی نەبوو. لەو ماوەی ئەو دوو مانگەدا، خاتوون کاسی خراپترین حاڵەتی هەبوو، تایەکی بەهێز مێشکی داگیر کردبوو. هیچ دایکێک بەقەد ئەوەندەی ئێدگار ئاگەداری و پەرستاری مناڵی خۆی نەکردووە. شەو و ڕۆژ چاودێری دەکرد. زۆر خۆگر و بەئارام بوو کە بەرگەی هەموو بێزاری و ناخۆشییەکانی گرت و بەهیچ شێوەیەکی ڕۆژێک لە ڕۆژان نارەزایی دەرنەبڕی. هەرچەندە کینیس ئەوەی وت کە ئەو نەخۆشەی ئەو چاودێری دەکات تا ئێستا لە ژیانیدا نەخۆشی وای نەبینیوە، ئەمەش دەبێتە باشترین ئەزموون بۆ من لە داهاتوو - لە ڕاستیدا کە تەندروستی و هێزی بووە قوربانی بۆ پاراستنی تێکدانی مرۆڤایەتی – هیچ سنوورێکی سوپاس و خۆشی نەزانی کاتێ ڕاگەیەنرا کە ژیانی کاسرین لە مەترسی چووە دەرەوە، ئیتر سەعات دوای سەعات هەر لە تەکیەوە دادەنیشت، وردە وردە گەڕایەوە سەر تەندروستی خۆی، ئەوەندە دەیلاواندەوە وێنەی نەبوو، هیچ پیاوێک ئاوا بۆ ژنی ناکات، بەمەبەستی ئەوەی کە هاوسەنگی مێشکی بگەڕێتەوە باری پێشووی خۆی، ئیتر بەزووترین کات وەک خۆی، وەک کاسی جارانی لێ دێتەوە.

یەکەم جار کە ژوورەکەی بەجێ هێشت و هاتە دەرەوە لە سەرەتای مانگی ئادار بوو. بەڕێز ئێدگار لە بەیانیدا لە لای بالیفەکەی بوو، کاسی وەک چەپکێک زەعفەرانی زێڕین، چاوەکانی بۆ ماوەیەکی زۆر نامۆ بوون بەخۆشی، چاوەکانی بەئاگا هێنایەوە، دەرەوشایەوە کاتێ ئەوانی بەیەکەوە لە چاوانی کۆکردەوە.

کاسرین وتی "ئەمە زووترین گوڵەکانی بانەکانن. شنە بایەکانم بەبیر دێننەوە، تیشکی گەرمی خۆر، توانەوەی بەفرم بیر دێننەوە. ئێدگار پێت وا نییە بای باشوور هەڵی کردووە و بەفر تەواو بوو؟"

مێردەکەی وەڵامی دایەوە "ئازیزەکەم، بەفر بەتەواوی هاتوونەتە خوارەوە. من تەنیا دوو پارچە سپیاتی لەسەر سەرەوەی بەیارەکان دەبینم: ئاسمان شینە، وا مەلەکان گۆرانی دەڵێن، مراوی و قورینگەکانیش پڕن لە خۆشی. کاسرین، بەهاری ڕابردوو ئا لەم کاتەدا، من خۆزگەم دەخواست تۆ لە لام لە ژێر ئەم بنمیچە دانیشتبای، ئێستا، خۆزگە تۆ میلێک یان دوو میل دوور لێرە لەسەر ئەو گردانە بوای: هەوا لەوێ زۆر فێنک و خۆشە، وا هەست دەکەم کە ئەو بایە خۆشە چاکت دەکاتەوە."

کاسرین وتی "هەرگیز ناچمە ئەوێ، گەر جارێکی تر بچمەوە ئەوێ، چوونی یەکجاریم دەبێت و ناگەڕێمەوە، پاشان تۆ بەجێم بێڵە، منیش بەتەنیا بۆ هەمیشە لەوێ دەمێنمەوە. بەهاری داهاتوو دووبارە خۆزگەی ئەوە دەخوازی لە ژێر ئەو بنمیچە من لە لای تۆ بم، پاشان سەیرێکی پشتەوە دەکەی وا دەزانی کە ئەمڕۆ دڵت زۆر خۆشە."

ئێدگار زۆر بایەخی پێ دەدا، هەوڵی دا بەخۆشترین وشە دڵی خۆش بکات، بەڵام حیسابی بۆ گوڵەکان نەکرد، کاسرین فرمێسکەکانی قەتیس کرد تا هەموو پێکەوە وەک جۆگە بەسەر ڕوومەتەکانیدا هاتنە خوارەوە. دەمانزانی کە ئەو حاڵی باشتر بووە، بۆیە بڕیارمان دا ئەو بەندیخانە درێژە بۆ شوێنێکی تر بگوازینەوە کە ئەم هەموو بێ ئومێدییەی بەرهەم هێنا، بۆیە ئەو خەم و خەفەتە بەگۆڕانێکی ئەم دیمەنە نامێنێت. سەرۆک پێمی وت کە ئاگرەکە لە نێو ئاگردانەکە داگیرسێنم کە ماوەی چەند هەفتەیە کوژاوەتەوە، کورسیەکی مرتاحیش لە بەر دەم تیشکی خۆر دابنێم لە لای پەنجەرەکە، پاشان کاسرینی هێنا خوارەوە، لە بەر تیشکی خۆر دانیشت و چێژی لە گەرمییەکە وەرگرت، هەروەک ئێمە پێشبینیمان کرد، ژیانی بەبەردا هاتەوە: هەموو ئەو شتانەی دەوروبەری دوور بوون لە نەخۆشی و شتەکانی ژوورەکەی کە پەستی و خەمۆکییان پێ بەخشیبوو. دەمەو ئێوارە دیار بوو زۆر ماندوو ببوو، ئێستاش هیچ قسەیەک نییە قەناعەتی پێ بکات بێتەوە نێو ئەو ژوورە پڕ لە خەمە،



منیش دەبوایە قەنەفەیەکی لای ئاگردانەکە لای پێخەفەکەی ڕێک بخەم، تا ژوورێکی تەواو ئامادە دەبێت. ئێستا تۆ لە چ شوێنێکی ئا لەوێ شوێنێکی خۆشمان دروست کرد، لەسەر هەمان ئەرز لەگەڵ ئاگردانێک، خێرا هێزی بەبەردا هاتەوە کە لە شوێنێکەوە بجووڵێت بۆ شوێنێکی تر، لەسەر قۆڵەکانی ئێدگار پاڵکەوت. بۆ خۆم بیرم کردەوە، ڕەنگە بەتەواوی چاک بێتەوە، بۆیە چاوەڕێم کرد تا چاک بووەوە، دوو هۆ هەبوو حەزم لێ بوو، لە بەر وجوودی ئەو یەکێکی تر هەبوو. ئێمە ڕێزمان لەو هیوایە گرت کە دڵی ئێدگار بۆ کەمێک خۆش بێت، ئەرزەکانی بەدوور بێت لە چنگی نامۆکان، هەموومان حەزمان دەکرد دڵی هەردووکیان خۆش بێت بە لەدایکبوونی میراتگرێک.

دەبێ ئەوەش بڵێم کە ئیزابێلا نامەیەکی کورتی بۆ براکەی ناردبوو، شەش هەفتە پاشی ڕۆیشتنەکەی، تیایدا ڕایگەیاندبوو کە مێردی بە هیتکلیف کردووە. ئەمە سارد و وشک دەرکەوت، بەڵام لە خوارەوە پۆزشێکی لێڵی پێوە بوو، هەروەها داوای ئاشتکردنەوەی دەکرد، گەر ڕەفتارەکانی پێشووی بێزاریان کردبێت: دووپاتی ئەوەی کردەوە کە ئەو کات نەیتوانی وازی لێ بێنێت، ئێستا وا کارەکە کراوە دەسەڵاتی پەشیمان بوونەوەی نییە. لینتن وەڵامی ئەوەی نەداوە، وابزانم، زیاتر لە دوو هەفتەی پێ چوو، نامەیەکی درێژترم پێ گەیشت، کە زۆر سەیرم پێ دەهات، بەپێنووسی زاوایەک کە تازە لە مانگی هەنگوینی گەڕابووەوە. من دەیخوێنمەوە چونکە دەیپارێزم. هەر پاشماوەیەکی مردوو بەنرخە، گەر بەهای ژیانیان مابێت.

نامەکە بەم شێوەیە دەست پێ دەکات:

"ئازیزەکەم ئێلن - دوێنێ شەو هاتمە بانەکانی وێزەرینگ، بۆ یەکەم جار گوێم لێ بوو کە کاسرین زۆر نەخۆش بووە و ئێستاش هەر زۆر نەخۆشە. پێم وایە من نابێ بۆ ئەو نامە بنووسم، براکەم یان ئەوەتا زۆر تووڕەیە یانیش ئەوەتا زۆر پەست بووە و وەڵامی ئەوەم ناداتەوە کە بۆی ڕەوانە دەکەم. ئێستاش دەبێ بۆ کەسێک بنووسم، تاکە کەس کە شک ببەم بۆی بنووسم تەنیا تۆی.

بە ئێدگار بڵێ کە هەموو دونیا دەبەخشم بەس تەنیا جارێکی تر چاوم پێی بکەوێتەوە - جارێکی تر دڵم بگەڕێتەوە سرەسکرۆس گرەنج تەنیا بۆ ماوەی بیست و

چوار سەعات. ئایا لەم ساتەدا هەستی گەرم هەیە بۆ ئەو و کاسرین! هەرچەندە ناتوانم بەدوای بکەوم - (ئەم وشانە بە بایەخن) - پێویست ناکات ئەوان چاوەڕێی من بکەن، بۆیان هەیە هەر چۆنێک بێت ئەنجامەکەی لێک بدەنەوە، بەڵام ئاگەداری خۆیان بن، هیچ شتێک لە دەرگای ویستی بێ هێزم یان سۆزی کزم دامەنێن.

بەشەکەی تری نامەکە تەنیا بۆ تۆیە. دەمەوێ دوو پرسیارت لێ بکەم: یەکەمیان ئەوەیە - کاتێ لێرە (بانەکانی وێزەرینگ) دەستت بەژیان کرد، ئایا چۆن توانیت سۆزی گشتی سروشتی مرۆڤ بپارێزیت؟ من هیچ هەستێکی بەزەیی یان مرۆیی لێرە بەدی ناکەم لەگەڵ من بکرێت.

دووەم پرسیار کە لای من زۆر گرنگە ئەوەیە: ئایا بەڕێز هیتکلیف پیاوە؟ گەر پیاو بێت، پیاوێکی شێتە؟ گەر پیاوێکی شێت نەبێت، ئەی شەیتانە؟ من ئەو هۆیانەت پێ ناڵێم کە ئەم پرسیارانە بۆچی دەکەم، بەڵام تکا دەکەم گەر دەتوانی بۆم شی بکەرەوە، من مێردم بە چی کردووە: هەر کاتێک ویستت هەواڵ بنێریت و چاوت بەمن بکەوێت ئازادی و بەڵام ئیلّن هەر دەبێ بەزووترین کات بتبینم. نامەم بۆ مەنووسە بەڵام وەرە بۆ لام، شتێکیشم لای ئێدگار بۆ بهێنە.

ئێستا، دەبێ گوێت لەوە بێت کە من چۆن لە ماڵە نوێیەکەم پێشوازیم لێ کراوە، کاتێ کە پێم دەوترێت خەیاڵی بانەکان بکەم. ئەوە بۆ دڵخۆشکردنی خۆمە کە لەسەر ئەو بابەتانە دەوەستم لە بەر نەبوونی دڵخۆشی دەرەوە: ئەوان هەرگیز زەینەکانم داگیر ناکەن، بەڵام تەنیا لەو ساتانەی کە غەریبییان دەکەم. دەبێ بۆ خۆشی سەما بکەم و پێبکەنم، گەر دەمزانی نەبوونیان بریتییە لە تەواوی نەهامەتییەکانم، ئەوەی دەشمێنێتەوە بریتییە لە خەونێکی ناسروشتی!

کاتێ ڕوومان بەئاراستەی بەیارەکاندا وەرگێڕا، خۆر لەودیو گرەنجەوە ئاوا بوو، ئەو کاتە، بڕیاری ئەوەم دا کە سەعات شەشە، هاوەڵەکەم بۆ ماوەی نیو سەعات وەستا، باخچە و پارکەکانی بەسەر دەکردەوە، هەروەها خودی شوێنەکە، تا توانای هەبوو سەیری ئەو ناوەی کرد، تاریک داهات کاتێ چووینە سەر شۆستە خۆشەکەی کێڵگەکە، هەروەها خزمەتکارە پیرەکە (چۆزیف) بەرەو ئێمە هات و بەڕووناکی مۆمێک پێشوازی لە ئێمە کرد. بەقسەکردنەوە ئەو پێشوازییەی کرد کە کاری لە



متمانەکەی کرد. یەکەم کاری بەرزکردنەوەی مەشخەڵەکە بوو تا ئاستی ڕووی من، بێ بەزەییانە ورد بووەوە، لێوەکانی چرچ کردن و دوور کەوتەوە. پاشان دوو ئەسپەکەی گرت، بردنیە لای ئاخوڕەکانەوە، دووبارە دەرکەوتەوە بەمەبەستی کلیلدانی دەروازەی دەرەوە، وەک بڵێی ئێمە لە قەڵایەکی کۆندا دەژین.

هیتکلیف مایەوە بۆ ئەوەی قسەی لەگەڵ بکات، منیش چوومەوە نێو موبەقەکە - کونێکی پیس و ناڕێک، دەتوانم بڵێم تۆ نایزانی، ئەوەندە گۆڕابوو دەتوت لە ژێر بەرپرسیاری تۆیە. لای ئاگرەکە منداڵێکی چەتوون وەستابوو، لە جەستەدا بەهێز و لە پۆشاکدا پیس، بەنیگایەکی کاسرین ئاسا چاوەکانی بڵند کرد و دەمی بەش کردەوە.

من وتم "ئەوە برازای یاسایی ئێدگارە، بەبەخێوکردن بێت هی منە، دەبێ تۆقە بکەم، بەڵێ، دەبێ ماچیشی بکەم. کارێکی دروستە لە سەرەتاوە خۆت خۆشەویست بکەیت."

لێی نزیک بوومەوە و مستە ناسکەکانیم گرت و وتم "ئازیزەکەم تۆ چۆنی؟"

بە زمانێکی شڕوپڕ وەڵامی دامەوە، هەرچەندی کردم تێی نەگەیشتم.

" هاریتۆن، دەکرێ من و تۆ ببین بە هاوڕێ؟" ئەوە بناغەی گفتوگۆی داهاتووم بوو.

سوێندێک و هەڕەشەیەک بۆ دانانی ترۆتلەر لەسەر من گەر هەڵەم نەکردبێت پاداشتی پاراستنەکەی دامەوە.

چەقاوەسووەکە بەدەنگێکی بەرز و دەسەڵاتدارانەوە وتی "هێی پیاوەکە، ترۆتلەر! ئێستا نابیتە عەسابە؟

خۆشەویستی بۆ ژیانی من پابەندبوونی پێ هەڵچنیم، هەنگاوم نا بەرەو لای دەرگاکە بۆ چاوەڕێکردنی ئەوانی تر تا دێنە ژوورەوە. بەڕێز هیتکلیف لە هیچ شوێنێک دیار نەبوو، جۆزیفیش، کە بەدوای ئاخوورەکاندا کەوت، داوام کرد لەگەڵ من بێت، پاش ئەوەی تێم ڕاما و بەمنگەوە وتی، لووتی خوراند و وەڵامی دایەوە "مم، مممممممم، ممم! هەرگیز دەستەیەکی مەسیحی گوێیان لەوە نەبووە؟ چووزانم ئەوان چی دەڵێن؟"

وامزانی کەڕە و هیچ تێ ناگات، هاوارم لێ هەستا "وتم، تۆ لەگەڵم وەرە بۆ نێو خانووەکە!"

وەڵامی دایەوە "من هیچ عیلاقەم نییە! من کارم زۆرە بیکەم" ئیتر بەردەوام بوو لە کارەکەی، چراکەی جووڵاند، سەر و جلم ڕێک خست (ئەوەی پێشتر باش بوو، ئەوەی دواتریان دڵنیام بەقەد ئەوەی حەز دەکات خەمبارە) لەگەڵ بیرکردنەوەیەکی سەروەرییانە.

چوومە نێو حەوشەکە لەوێوە بۆ دەرگایەکی تر، ئەو کاتە سەربەخۆییم وەرگرت بۆ ئەوەی لە دەرگا بدەم، بەهیوای ئەوەی خزمەتکارێکی مەدەنی دەربکەوێت. پاش کەمێک وەستان، لە لایەن پیاوێکی درێژ و زەبەلاح دەرگاکە کرایەوە، بەبێ دوودڵی، زۆر بێ هەست و بێ ئاگا لە دونیا، سیفەتەکانی لە نێو قژە لوول و درێژەکانی ون ببوو کە بەسەر شانیدا هاتبوونە خوارەوە، هەروەها چاوەکانی، وەک تارمایی کاسرینێک لەگەڵ ئیبادە بوونی هەموو جوانییەکانی هاتە پێش چاوم.

بە توندی پرسی "کارت چییە لێرە؟ تۆ کێی؟"

وەڵامم داوە "ناوی من ئیزابێلا لینتن بوو. تۆ پێشتر منت بینیوە گەورەم. بەم دواییە مێردم بە بەڕێز هیتکلیف کرد، ئەویش منی هێناوەتە ئێرە - وابزانم بەڕوخسەتی جەنابت بوو."

کابرا تەنیاکە وەک گورگێکی تووڕە سەیری کردم و پرسی "ئەی باشە ئەو گەڕاوەتەوە؟"

وتم "بەڵێ تازە، هەر ئێستا هاتووین. بەڵام ئەو لای دەرگای موبەقەکە منی جێهێشت، کاتێ کە چوومە ژوورەوە، کوڕە بچووکەکەتان یاری لەو ناوە دەکرد، بەهۆی سەگە بچووکەکەوە منی تۆقاند."

میواندارە داهاتووەکەی من وتی "هەر باشە چەتوونە دۆزەخییەکە قسەی خۆی بردووەتە سەر!" دواتر سەیری تاریکاییەکەی پشتە منی دەکرد وەک بڵێی بەدوای هیتکلیفدا دەگەڕا، پاشان لە بەر خۆیەوە دەستی بەقسان کرد، باسی ئەوەی دەکرد چی بکردایە گەر هاوڕێیەکەی دەسخەرۆی بکردایە.

هەوڵم دا پێش ئەوەی نەفرەتکردنەکەی تەواو بکات دووبارە بچمەوە ژوورێ، بەڵام ئەو حەزەم لە سێدارە درا، ئەو فەرمانی بەمن کرد بچمە ژوورەوە و دەرگاکە داخەم و کلیل بدەم. ئاگرێکی گەورە لە ژوورێ گڕمەی دەهات، ئەوە تاکە ڕووناکی بوو لە



تەواوی باڵەخانە گەورەکە، کە ئەرزەکەی هەمووی خۆڵەمێشی بوو، هەروەها قاپ و قاچاخەکانی بەو ڕووناکییە دەدرەوشانەوە، کە لە ساتی کچێنیم سەرنجی ڕادەکێشام، بەڵام ئەو ناوە هەمووی بەتۆز و خۆڵ داپۆشرابوو. پرسیم گەر بتوانم بانگی خزمەتکارەکە بکەم، بێتە لای ژووری خەوتن! بەڕێز ئێنرشۆ (هیندلی) هیچ وەڵامی نەبوو بۆ ئەمە. سەر و خواری کرد، دەستەکانی لە نێو گیرفانیدا بوو، بەتەواوی ئەوەی لە بیر چووبوو کە من لەوێ ئامادەم، زۆر بەقووڵی بەنێو بیرۆکەکانی ڕۆچووبوو، سیفەتەکەی زۆر مرۆڤ دۆستانە نەبوو، بۆیە من نەمویست دووبارە سەری بێشێنم!

ئێلن تۆ سەرسام نابیت، هەستەکانی من بەتەواوی پەست ببوون، ئەو شوێنەی من بۆی چووم سەد ئەوەندە خراپتر بوو لە شوێنە پاک و خاوێنەکەی من، ئەوەم بیر هاتەوە کە لە دووری چوار میل ماڵە دڵخۆشەکەی من وەستاوە، خانووەکەی جارانم پڕ بوو لە خۆشەویستانی من، ئەو کەسانەی لێ بوو کە من لەسەر زەوی زۆرم خۆش دەویستن، پێوەندییەکمان هەبوو مەگەر تەنیا زەریای ئەتڵەسی لێکمان بکات، لە بری ئەو چوار میلەدا: نەمتوانی بەسەریاندا باز بدەم! پرسیارم لە خۆم کرد - دەبێ کەی بگەڕێمەوە سەر دڵخۆشی و ئارامییەکەی جارانم؟ ئیتر ئەوە بەئێدگار و کاسرین مەڵێ، سەرەڕای هەموو خەمۆکییەکەم، ئەمە لە هەمووی دژوارترە: زۆر پەستم لەوەی کە کەس نییە لای من بگرێت دژی هیتکلیف بوەستێتەوە! من بەدوای پەناگەیەکدا گەڕاوم لە بانەکانی وێزەرینگ، بە خۆشحاڵییەوە، چونکە بەو بیرکردنەوە خەیاڵم فڕیبوو کە ئێمە پێکەوە بۆ خۆمان بەتەنیا دەژین، ئەو بیرکردنەوەیە تەواو دەسخەرۆی کردم، ئەو ترسی لە هیچ شتێک نەبوو، منیش لە دار و بەرد و تەنانەت مرۆڤەکانی ئەو خانووە دەترسام، ئا لە هەموو شتێکی بانەکانی وێزەرینگ دەترسام.

بۆ ماوەیەک خەمبار دانیشتم و بیرم کردەوە: سەعات هەشت لێیدا، دواتر بووە نۆ، هێشتا هاوەڵەکەم دەهات و دەچوو، سەری بەسنگی خۆیدا کرد و بەتەواوی بێدەنگ بوو، گەر یەکێک بەزۆری لە خەیاڵیدا بێداری بکردبایەوە. گوێم گرت دەنگی ئافرەتێک لە خانووەکە ببیستم، ئەویش دڵی پڕ بوو لە پەشیمانی و تووڕەیی و خەم. ئیتر بەهەنسک و گریانێکی بەکوڵەوە دەستی بەقسان کرد. نەمدەزانی من تووشی ئەو دەردەسەرییە دەبم، هیندلی هەر لە بەرامبەرمان وەستا، لەو دواتر تا ڕۆیشت، بە

واقوڕمانەوە سەیرێکی منی کرد. سوودم لەو سەیرکردنەی ئەو وەرگرت و وتم "من لە گەشتەکەم زۆر ماندووم، دەمەوێ بچم بخەوم! خزمەتکارە کچەکە لە کوێیە؟ بمبە بۆ لای ئەو، چونکە ئەو بۆ لای من نایەت!"

وەڵامی دایەوە "ئێمە هیچ خزمەتکارێکمان نییە. دەبێ هەر بۆ خۆت چاوەڕێ بکەیت!"

وتم "ئەی باشە لە کوێ بخەوم؟" من ئەو پەڕی بێ ڕێزیم لە بەرامبەر کرا و هەرگیز بەم شێوەیە میوانداریم نەبینیوە.

وتی "جۆزێف ژوورەکەی هیتکلیفت پێ نیشان دەدات. ئەو دەرگایە بکەرەوە، ئا لەوێیە."

ویستم بەگوێی بکەم، بەڵام لەپڕا منی گرت، بەتۆنێکی نامۆوە وتی "کارێکی زۆر باش دەکەیت گەر ئەو دەرگایە لە دوای خۆت داخەی، لە بیری نەکەی دایخە!"

وتم "باشە! بەڵام بۆچ بەڕێز ئێرنشۆ (هیندلی)؟ "چونکە بەهیچ شێوەیەک نەمویست دەرگا لەسەر خۆم داخەم و من و هیتکلیف بەتەنیا لە یەک شوێن بین.

وەڵامی دایەوە "سەیری ئێرە بکە!" قاپووتەکەی کردەوە و دەمانچەیەکی لێ بوو، چەقۆیەکی تیژیشی پێوە بوو. "ئەوە باشترین میزاژە بۆ پەستکردنی پیاوێک، ئەی وا نییە؟ ناتوانم بەرگەی ئەوە بگرم هەموو شەوێ بەمەوە بچمە سەرەوە، دەرگاکەی بکەمەوە. چونکە گەر ڕۆژێک بەکراوەیی بیبینم ئەو تەواو بووە. زۆر جار ئەوە دەکەم، هەرچەندە دەقەیەک پێش ئەوەی سەد هۆکارم بەبیر بێتەوە کە نوێم دەکەنەوە: ئەو شتانەی بیرم دێنەوە شێتم دەکەن و وام لێ دەکەن بیکوژم. تۆ دژی ئەو شەیتانە شەڕ دەکەی بۆ خۆشەویستی خۆت، کاتێ کاتی دێت، هیچ فریشتەیەک لە ئاسمانەکان دەربازی ناکەن!"

زۆر لە دەمانچەکە ترسام. بیرۆکەیەکی شاراوە بێداری کردمەوە: من چەندە بەهێز بم ئینجا دەتوانم ئەو شتە هەڵگرم! لە دەستیم وەرگرت، دەستم کردە دەمانچەکە. کاتێ بۆ چرکەیەک لە دەستم بوو زۆر حەپەسا بوو بە من: ترس نەبوو، بەڵکو نیگەرانی بوو. دەمانچەکەی لە من وەرگرتەوە، بە ئیرەییەوە، چەقۆیەکەی داخستەوە، خستییەوە نێو قاپووتەکەی.



وتی "لام گرنگ نییە گەر پێشی بڵێی. با پاسەوانی لە خۆی بکات، چاودێری بکەن. تۆ دەزانی ئێمە لەسەر چی ڕێکەوتین: دەزانم ترسی ئەو کارت لێ ناکات.

پرسیم "هیتکلیف چی لە تۆ کردووە؟ بەچ شێوەیەک کاری هەڵەی بەتۆ کردووە، چی وای لێ کردی ئاوا ڕقت لێ بێتەوە؟ باشتر و ژیرتر نییە وای لێ بکەی خانووەکە بەجێ بێڵێت؟"

هیندلی وتی "نەخێر! دەبێ ئەو من بەجێ بێڵێت، ئەو پیاوێکی مردووە: قەناعەتی پێ بکە با هەوڵ بدات، نیلی تۆش هیچت لە بکوژێک کەمتر نییە! ئایا من هەموو شتێک لە دەست دەدەم پێش ئەوەی بەدەستیان بێنمەوە؟ ئەی هاریتۆن ببێت بەسواڵکەر؟ئۆه، بەنەفرەت بی! هەموو شتێک دەگەڕێنمەوە، هەموو زێڕەکانیش، پاشان خوێنی ئەویش، ئیتر ڕوحی لە دۆزەخدا دەبێت! ئەوسا دە جاران ڕەشتر دەبێت کە پێشتر هەرگیز وا نەبووە!"

ئێڵن تۆ منت ئاگەدار کردەوە لە سیفەتەکانی سەرۆکە کۆنەکەت. دیارە کە لەسەر لێواری شێت بوونە: بەلایەنی کەم دوێنێ شەو هەر شێتێکی تەواو بوو. کە لە تەک ئەو بووم هەستم بەترس دەکرد، بیرم هەر لای نەخۆشی خزمەتکارەکە بوو. ئێستا ڕۆیشتنە بەمیزاژەکەی کرد، منیش دەسکی دەرگاکەم بەرز کردەوە، هەڵاتمە نێو موبەقەکە. جۆزیف سەری بەئاگرەکەدا گرتبوو، بەوردی لە شتێکی سەر ئاگرەکە ڕادەما، مەنجەڵێکی پڕ لە خواردنیش لەسەر ئاگرەکە دانرابوو. چێشتی ناو مەنجەڵەکە دەستی بەکوڵان کرد، دەستی دایەوە دەسکی مەنجەڵەکە، درکم بەوە کرد کە ئەو کەین و بەینە بۆ نانی ئێوارەی ئێمەیە، زۆریشم برسی بوو، هەستم بەوە کرد کە خواردنەکە باشە دەخورێ، بۆیە بەتوندی هاوارم لێ هەستا "من نان و شیر ئامادە دەکەم! "کەشتییەکەم دوور لە دەستی ئەو دانا، ئیتر کڵاوەکەم لەسەر هێنا خوارەوە توزێ پشووم دا. بەردەوام بووم لە قسەکردن "بەڕێز ئێرنشۆ (هیندلی)، پێم دەڵێ کە هەر بۆ خۆم چاوەڕێ بکەم: هەر چاوەڕێ دەکەم. من وەک خانمان هەڵسوکەوت ناکەم لێرە، دەبێ تۆ نەترسی کە من لە برسان دەمرم."

منگەیەکی لێوە هات و وتی "ئەی خوای بەبەزەیی! دانیشت و گۆڕەوییەکانی لە گۆزنگەوە هەڵکێشا تا ئاستی ئەژنۆکانی. گەر بەگوێی ئەو هەموو کەسە بکەم ئیتر

ڕۆژانە بەهیچ ڕاناگەم. هیچ شەوێک من خواردنم ئامادە نەکردووە، بەڵام ئەم شەوە گومانم لە شتێک هەیە!"

ئەو قسەیە هیچ سەرنجی منی ڕانەکێشا: خێرا چوومەوە سەر کار، هەناسەیەکم هەڵکێشا ئەو کاتانەم بیر هاتەوە کە خۆشی ماڵەکەی خۆم لە هەموو شوێنێک دەباری. بەڵام خێرا ئەو یادەوەرییانەم بیر چوونەوە. بەڵام وای لێ کردم خۆشییەکانی ڕابردووم بەبیر بێتەوە و ترسەکانی دەرەواندمەوە، هەرچەند ئەو خەیاڵانە خێرا بەزەینمدا دەهاتن، خێرا ژەمەکان دەچوونە نێو ئاو. جۆزیف سەیری ئەو شێوازەی چێشت ئامادەکردنی منی دەکرد.

وتی "وەرە هاریتۆن، ئەمشەو نان و شیر دەخۆین. خواردنێکی زۆر خۆش ئامادە دەکەین. ها ئەوەتا دیسان نان و شیرە حەیاتەکە دەخۆین! گەر لە باتی تۆ بوام خۆم دەخستە ناو مەقڵییەکە."

کاتێ شتم ئامادە دەکرد، ئەو ناوە هەڵایەک بوو بۆ خۆی، چوار گاڵۆنە شیرم ئامادە کرد، کە هاریتۆن زۆر بەخۆش و لەزەتەوە دەیخواردەوە وەک بڵێی هەرگیز شتی وای نەخواردووە. دواتر پەرداخێکم بۆ هێنا چونکە بەزەحمەت بە سوراحیەکە بۆی دەچووە خوارەوە. پێم وت کە من تام لە هیچ شتێک ناکەم بەم شێوەیە. بەڵام ئەو زۆری پێ ناخۆش بوو کە ئەو قسەم پێ وت. هەر بەمنی دەوت "ئەوە زۆر خۆشە، زۆر بەتامە. دواتر چەتوونەکە هەموو دۆلکە و سوراحیەکەی لستەوە و هەمووی تەواو کرد وەک بڵێی چەند ساڵێک نانی نەخواردبێت وابوو.

وتم "من نانی لە ژوورێکی تر دەخۆم. هیچ شوێنێکتان نییە پێی بڵێن ژووری پێشوازی؟"

بە گاڵتەیەکەوە وتی "ژووری پێشوازی! مەبەستت ژووری پێشوازییە! نەخێر، ئێمە هیچ ژوورێکمان نییە بەناوی پێشوازی. گەر حەزت لە ژوورێکی ترە برۆ ژووری سەرۆک!"

وەڵامم داوە "کەواتە دەچمە سەرەوە. ژوورێکم پێ نیشان بدە."

من بەشی خۆم لەسەر سینییەک دادەنێم و دەچم بۆ خۆم هەندێ شیر دەهێنم. بەتوندوتۆڵییەوە هەڵسایەوە و بۆ سەرەوە پێشم کەوت: چووینە لای کووخەکە،



دەرگاکەی کردەوە، جار جارە سەیری باڵەخانەکەی دەکرد کە ئێمە پیایدا تێپەڕ دەبووین.

وتی "ئەوەش ژوور، بای ئەوەندە دەکات نان وشیری لێ بخۆیت. گەر ترسای بانگم بکە."

کووخەکە وەک کونە سەگ وابوو، بۆنی پیسایی دونیا ئەو ناوەی کاس کردبوو، چەندین گونیە بەسەر یەکدا کەڵەکە کرابوون، شوێنێکی بەتاڵ لە ناوەڕاستی ژوورەکە، کوخەکە بۆ دانیشتن مابووەوە.

بە تووڕەیی ڕووم بەئاڕاستەی ئەو وەرگێڕا و پرسیم "بۆچی، ئەی پیاو. توخوا ئەمە شوێنی خەوتنە. دەمەوێ ژووری نووستنم ببینم."

بە تۆنێکی گاڵتەجاڕییەوە وتی "ژووری نووستن! وەرە سەیری هەموو ژوورەکانی نووستن بکە، ئەوەتا ژووری نووستنی من."

بە دەست ئاماژەی بۆ کووخەکەی دووەم کرد، ئەوەی جیا بوو لە کووخەکەی من تەنیا ئەوە بوو کە دیواری ڕووت بوو، ژوورێکی بێ پەردە بوو، هیچ شتێکی لێ نەبوو دڵت خۆش بکات.

وەڵامم داوە "چیم لە هی تۆ دەوێت؟ پێ ناچێت بەڕێز هیتکلیف لە سەرەوە بخەوێت، وا نییە؟"

وەک بڵێی شتێکی نوێی دۆزیبێتەوە، هاواری لێ هەستا "ئەها! تۆ ژووری نووستنی بەڕێز هیتکلیفت دەوێ؟ ئەی تۆ وات نەوت؟ تۆ بەس ئەو ژوورە نابینی! هەمیشە کلیلی دەدا."

نەمتوانی بێدەنگ بم و وتم "جۆزیف خانووێکی خۆشتان هەیە. شتی خۆشی لێیە، ئەو ڕۆژەی کە من هاتمە لای ئەوانە هەرچی شێتاتی دونیا هەیە بەوانە وەنووسا، منیشی گرتەوە! بەڵام، ئەوە مەبەستی ئێستا نییە - ژووری تر هەیە. لە بەر خاتری خوا خێرا بە و لە شوێنێک دامگیرسێنەوە!"

هیچ وەڵامی ئەو داوایەی منی نەداوە. لە سەرەخۆ لە پێپلیکانەکان چووە خوارەوە، وەستا، لە پێش ژوورێک کە فەرشی پێوە دیار بوو، وتم ئەوە باشترین ژوورە. فەرشێکی باشی لەسەر بوو بەڵام هەمووی تۆز و خۆڵ بوو، شوێنی ئاگردانەکە پارچە

پارچە ببوو. بەڵام پەردەیەکی سووری ناسک دیوارەکانی داپۆشیبوو. دیار بوو کە زۆر بەبێ خزمەتەوە بەکار هێنرابوون. هەرگیز پاک نەکرابوونەوە. دیوارەکانیش ڕەنگی کاولێکیان هەڵگرتبوو. بەپەلە بووم خۆم بگەیەنمە ژوورەوە، کاتێ ڕێبەرە گەمژەکەی من بانگی کردم. "ئەمە ژووری سەرۆکانە" ئەو کاتی نانەکەم سارد بووبووەوە، ئیتر شەهیەی خواردنم نەما، ئۆقرەم نەمابوو. هەر شوێنێک بوایە پەسەندم دەکرد، چونکە زۆر هیلاک بووم.

پیاوە پیرە لە خوا ترسەکە دەستی پێ کرد "کوا شەیتان؟ خوا ڕەحممان پێ بکات! خوا لێمان خۆش بێت! کوا دۆزەخ؟ تۆ ئێستا مێردت کردووە! تەنیا ژووری هاریتۆن شک دەبەی! هیچ شوێنێکی تر نەبوو لێی پاڵکەوی!"

منیش زۆر تووڕە بووم، سینی و شتەکانی سەر سینییەکەم تووڕ هەڵدایە سەر ئەرزەکە، پاشان لەسەر چیچکان دانیشتم و ڕووم بەدەستەکانم شاردەوە و دەستم بەگریان کرد.

جۆزیف وتی "ئەوە چییە! ئەوە چییە! ئافەرین خاتوو کاسی! ئافەرین خاتوو کاسی! سەرۆک بۆ شکاندنی ئەو مەنجەڵە تێت هەڵدەدات، ئێمە تەنیا گوێ دەگرین. سەرۆک تا بلێی لەگەڵت خراپ دەبێت."

پاشان چووە نێو کووخەکەی لە خوارەوە، مۆمەکەشی لەگەڵ خۆی برد، منیش لە تاریکی مامەوە. هەولم دا زاڵ بم بەسەر ئەو دیمەنانە، لە بەر بڕیارە گەمژەییەکەی خۆم هەولم دا شکۆمەندی خۆم بپارێزم و تووڕەیییەکەم بشارمەوە و کاریگەرییەکەی لابەرم. هاوکارییەکی چاوەڕێ نەکراو لە شێوەی ترۆتلەر بەدیار کەوت، کە ئەو کاتە ناسیمەوە، ترۆتلەر کوڕێکی سەگە پیرەکەمان بوو بەناوی سکەڵکە: ئەو کاتەی لە گرەنج بەسەر بردبوو، لە لایەن باوکمەوە درا بە بەڕێز هیندلی. هەستم کرد ئەو سەگە نوێی کردمەوە: لوتی دژی لوتی من هێنا پێشەوە وەک ڕێگەیەک بۆ سەلامکردن، پاشان خێرا نان و شیرەکەی بۆ هێنامە پێش، کاتێ من هەنگاو بەهەنگاو چوومە پێشەوە، شتە پارچە پارچە بووەکەم کۆکردەوە، بەو دەستەسڕەی کە لە نێو گیرفانم بوو پەڵەکانم سڕییەوە. کارەکانمان نزیکەی تەواو ببوو کاتێ گوێم لێ بوو هیندلی لە ڕێڕەوەکە دەهاتەوە، بەکلکەکەی زۆر یارمەتی دام، لایبردە لای



دیوارەکە، چوومە نزیک دەرگا. هاوکاری سەگەکە بۆ نەهێشتنی سەرکەوتوو نەبوو، کاتێ مەزندەم کرد بەهۆی دەنگە دەنگێک لە ژێر پێپلیکانەکانەوە، ڕۆیشت و هاواری دەکرد. من بەختێکی باشترم هەبوو: تێپەڕی، چووە ژوورەکەی خۆی، دەرگاکەی پاش خۆی داخستەوە. ڕاستەوخۆ پاش ئەوە جۆزیف لەگەڵ هاریتۆن هاتە سەرەوە بۆ ئەوەی بیخەوێنێت. منیش پەناگەیەکم لە ژووری هاریتۆن دۆزییەوە، کاتێ پیاوە پیرەکە منی بینی وتی "ئێمە جێگەی کەسمان نابێتەوە لێرە، ئێستا خۆمان دوانین، تۆ دەبینە سێ، جا ئەوە چۆن دەبێ!"

بە خۆشحاڵییەوە سوودم لەو قسە وەرگرت و بەخولەکێک خۆم خزاندە نێو کورسیەک، لە لای ئاگرەکە، سەرم لەقاند و نووستم. نووستنەکەم گران و شیرین بوو، هەرچەندە زۆری پێ نەچوو، بەڵام خەوێکی زۆر خۆش بوو. بەڕێز هیتکلیف منی بەئاگا هێنا، تازە هاتبووە ژوورەوە، بەشێوازە خۆشەویستییەکەیەوە پرسی کە من چی دەکەم لەوێ؟ منیش هۆی مانەوەم لەوێ پێ گوت - هۆیەکەش ئەوە بوو کە ئەو کلیلی ژوورەکەمانی لە گیرفانی خۆی دانابوو. کاتێ وتم ژوورەکەمان (ئیزابێلا و هیتکلیف) زۆر پێ تێکچوو سوێندی خوارد کە ئەو ژوورە هەرگیز هی من نەبووە و ناشبێتە هی من - بەڵام من زمانی ئەو دووبارە ناکەمەوە، باسی هەڵسوکەوتەکەشی ناکەم: ئەو زۆر زیرەک و بێ وچان بوو لە گەڕان بەدوای ئەوەی شتێک بکات، کارێک بکات ڕقی لە من ببێتەوە و منیش لەو! هەندێ جار وەک دێوەزمە دەیترساندم. ئێستا دڵنیات دەکەمەوە کە نە پڵنگ نە هیچ ئاژەڵێکی ترسناکی سەر ڕووی ئەم زەمینە بەچەشنی ئەو ناتوانن بمتۆقێنن. هەواڵی نەخۆشی کاسرینی پێ گوتم، تۆمەتی نەخۆشکەوتنی کاسی خستە ئەستۆی براکەم، بۆیە بەڵێنی دا کە من لە بری ئێدگار ئازارەکە بچێژم، تا ئەو کاتەی دەتوانێت دەستی بگاتێ.

من دڵنیات دەکەمەوە کە زۆر ڕقم لێیە - من ڕیسوا بوومە - من گەمژە و گێل بووم! ئاگەدار بە ئەم قسانە بە کەس نەڵێی لە گرەنج. من هەموو ڕۆژێ چاوەڕێی تۆ دەکەم - نائومێدم مەکە."

ئیزابێلا

کۆتایی نامەکە.

## بەشی چواردەم

هەر کە ئەو نامەم پێ گەیشت یەکسەر چوومە لای سەرۆک (ئێدگار)، پێم ڕاگەیاند کە خوشکی گەیشتووەتە بانەکانی وێزەرینگ، پێم وت کە نامەیەکی ناردووە و تیایدا هاوبەشی خەمی خۆی بۆ نەخۆشییەکەی خاتوو کاسرین دەردەبڕێت، پێم وت کە زۆر حەز دەکات ئەو ببینێت، بەهیوای ئەوەی کە ئەو بچێتە سەردانی، بەزووترین کات، هیوای لێ خۆشبوون لە بەڕێزیان دەخوازێت.

ئێدگار وتی "لێ خۆشبوون! ئێلّن، من هیچم لەگەڵی نییە تا لێی خۆش بم. گەر پێت خۆشە دەتوانی ئەم پاش نیوەڕۆیە بچییە بانەکانی وێزەرینگ و پێی بڵێ کە من لەو تووڕە نیم، بەڵام بەداخەوە کە ئەوم لە دەستدا، بەتایبەتی کاتێ کە دەزانم بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ ئەو پیاوە دڵخۆش نابێت. بەهیچ شێوەیەک من ناچم بۆ بینیی ئەو، ئەوە پرسیاری لەسەر نییە، بەڵام: ئێمە بەتەواوی لێک جودا بووینەوە، پێویست ناکات زۆریم لێ بکات، پێی بڵێ با قەناعەت بە چەقاوەسووەکەی بێنێت کە مێردی پێ کردووە بۆ ئەوەی وڵات بەجێ بێلێت.

بە دڵێکی بەڕائەتەوە پرسیم "گەورەم، نامەیەک، شتێکی بۆ نانووسی؟"

وەڵامی داوە "نەخێر. پێویست ناکات، هیچی بۆ بنووسم. پێوەندی من لەگەڵ خێزانی هیتکلیف وەک پێوەندی منە لەگەڵ هیتکلیف خۆی. بۆیە ئەو پێوەندییە نەبووە و ناشبێت!"

ساردی بەڕێز ئێدگار زۆر پەستی کردم. تەواوی ڕێگەکەم بڕی تا گەیشتمە ئەوێ قسە و باسم لەگەڵ خۆم کرد بۆ ئەوەی چۆن ئەو قسانەی ئێدگار وتی لای ئیزابێلا





باسی بکەم، چۆن پێی بڵێم کە ڕەتی ئەوەی کردەوە چەند دێڕێک بۆ سەرەخۆشی ئیزابێلا بنووسێت. پێم وایە لە بەیانییەوە چاوەڕێی من دەکات: کاتێ بەسەر باخچەکەوتم، بینیم وا لە پەنجەرەکەوە چاوەڕێی من دەکات، سەرم بۆی لەقاند، بەڵام ئەو کشاوە پاش، وەک بڵێی دەترسا لەوەی نەوەک یەکێک بیبینێت. بەبێ ئەوەی لە دەرگا بدەم چوومە ژوورەوە. هەرگیز ئەو جۆرە ماتەمی و ساردییەم لە بانەکاندا نەبینیوە، دیمەنێکی پڕ لە خەم و ناجۆر و ناچیزی ئەم خانووە هەراسانی کردم! دەبێ دانی پیا بنێم کە گەر من لە شوێنی ئەو خانمە گەنجە بوام، بەلایەنی کەم ڕێڕەوەکەم پاک دەکردەوە، بەپەڕۆکێک مێزەکەم دەسڕییەوە. بەڵام هیچ حەوسەڵەی پێوە دیار نەبوو، کەمتەرخەمی و پشتگوێ خستنی پێوە دیار بوو.

ڕووە ناسک و جوانەکەی شڵەژاو و تێک چووبوو، پرچی لوول نەبوو وە ک جاران: هەندێ تاڵە قژی هەڵواسراو و هەندێکی تریشی بەسەر سەریدا تێک ئاڵابوون. دیار بوو کە دەستی لە جلەکانی نەداوە لەوەتەی دوێنێ شەو. هیندلی لەوێ نەبوو. بەڕێز هیتکلیف لە لای مێزێک دانیشتبوو، هەندێ کاغەزی لە نێو گیرفانی دەرهێنا، کاتێ من دەرکەوتم هەڵسا سەر پێیان، لێمی پرسی بۆچی هاتووم و ڕووی لەگەڵ من خۆش بوو و کورسیەکی دامێ لە سەری دانیشم. ئەو تاکە شت بوو لەوێ کە هەندێ شایستە بێت، هەرگیز باشتر نەببوو. شکڵ و شێوە و ڕوخساری گۆڕابوو، هەرگیز بەغەریبە نەدەچوو، هەرگیز بەوە نەدەچوو کە منداڵێکی بێ کەس بێت و دۆزرابێتەوە. بەڵام ژنەکەی حاڵی لە حاڵی ئاژەڵان خراپتر بوو! ئیزابێلا بەپەرۆشەوە هاتە پێشەوە بۆ ئەوەی سەلامم لێ بکات، دەستێکی هێنا پێشەوە بۆ ئەوەی ئەو نامەیە وەرگرێت کە دەمێکە چاوەڕێی دەکات. سەری نەرێم بۆ لەقاند. لە هێماکەم تێ نەگەیشت، کاتێ چوومە لای تاقەکە بۆ ئەوە کڵاوەکەمی پێوە بکەم، ئیزابێلاش بەدوامدا هات، ، بەچرپەیەکەوە وتی کە ئەو شتەی بۆم هێناوە ڕاستەوخۆ بیدەمێ. هیتکلیف هەستی بەوە کرد شتێک هەیە، وتی "گەر هەر شتێکت هێناوە بۆ ئیزابێلا (بێگومانم شتکێت هەر بۆ هێناوە، نیلّی) بیدەرێ. پێویست ناکات بیکەیت بەنهێنی: ئێمە هیچ نهێنییەک لەنیوانماندا نییە.

وەڵامم داوە "ئۆه، نا هیچ شتێکم پێ نییە." بیریشم لەوە دەکردەوە کە باشترین شت ئەوەیە هەر ئێستا ڕاستییەکە بدرکێنم. هەر واشم کرد "سەرۆکەکەم منی

ناردووە بۆ ئەوەی بەخوشکی بڵێم کە ئێستا چاوەڕێی سەردان و نامەی من نەکات، نا نەخێر بەهیچ شێوەیەک چاوەڕێی من نەکات. خانمەکەم کۆتایی بەخۆشەویستییەکەی هێنا، هیوای خۆشیت بۆ دەخوازێت، داوای لێبووردن دەکات کە تۆ کەوتیە ناخۆشی، بەڵام ئەوەشی گوت کە ئەو دوو خێزانە (خێزانی ئێدگار و هیتکلیف) هیچ پێوەندییان بەسەر یەکەوە نییە و یەکتری ناناسن."

لێوی خاتوو هیتکلیف (ئیزابێلا) کەمێک کەوتە لەرزە، گەڕاوە شوێنەکەی خۆی لە لای پەنجەرەکە. مێردەکەی هەستایە سەر پێ، لە نزیک من، دەستی کرد بەپرسیاران دەربارەی کاسرین. منیش هەموو شتێکم دەربارەی نەخۆشییەکەی پێ وت، چاوی لە من سوور کردەوە، چونکە بەرگەی هەموو ڕاستییەکانی نەگرت. من گلەییم لە کاسی کرد، چونکە شایەنی ئەوە بوو، چونکە ئەوەی ڕووی ٨٩دا هەمووی هەڵەی خۆی بوو، دواجاریش پێم وت کە وەک بەڕێز لینتن (ئێدگار) بێت لەوەی کە هیچی تر پێوەندی بەو خێزانەوە نەبێت، چ بەخراپ چ بەباش هاتوچۆی یەکتری نەکەن.

وتم "خاتوو کاسرین تازە چاک بووەتەوە. هەرگیز وەک خۆی، وەک کاسی جارانی لێ نایەتەوە، بەڵام ژیانی هاتووەتەوە بەر، گەر تۆش بەڕاستی ڕێز و حورمەتی ئەوت دەوێت، هیچی تر سەردانی ناکەیت و وازی لێ دێنی: نەک هەر وازهێنان بەڵکو بگرە بەتەواوی لەو وڵاتە دەچییە دەرەوە، ئیتر پەشیمان نەبیتەوە. دڵنیات دەکەمەوە کە کاسرین لینتن ئێستا زۆر جیاوازە لە هاوڕێ کۆنەکەت کاسرین ئێرنشۆ، وەک چۆن ئەو خانمە گەنجە (ئیزابێلا) جیاوازە لەگەڵ من. ڕواڵەتی زۆر گۆڕاوە، سیفەتەکانی زۆر زیاتر گۆڕاون، هەروەها ئەو کەسەی کە ناچار دەکرێت، بەپێی پێویست، هاوەڵی بێت، لێرەو پاش تەنیا هەر ئەوی دەوێت و ئەو لە خۆی و سۆزی دەگرێت، چونکە هەستی مرۆڤایەتی و هەستی پابەندبوونی هەیە!"

هیتکلیف کە زۆری لە خۆی دەکرد هێمن و لە سەرەخۆ قسە بکات، وتی "ئەوە شتێکی زۆر شیاوە." زۆر ئاساییە کە سەرۆکەکەت هیچ شتێکی نییە جگە لە مرۆڤایەتی گشتی و هەستکردن بەپابەندبوونەوە بۆ ئەوەی پشتی پێ ببەستی. بەڵام تۆ پێت وایە من کاسرین بۆ ئەرک و مرۆڤایەتی ئەو بەجێ دێڵم؟ ئایا دەتوانی هەستەکانی من بۆ ڕێزگرتنی کاسرین لەگەڵ هەستەکانی ئێدگار بەراورد بکەیت؟ پێش ئەوەی لەو خانووە بچیتە دەرەوە، دەبێ بەڵێنم پێ بدەیت کە تۆ وا بکەیت من



چاوم بەکاسرین بکەوێت: ڕازی بێت و ڕازی نەبێت، من هەر دەبێ بیبینم! تۆ چی دەڵێی ؟

وەڵامم داوە "من دەڵێم بەڕێز هیتکلیف نابێ ئەو کارە بکەیت، تۆ هەرگیز بەڕێگەی منەوە چاوت بەکاسی ناکەوێت. مشتومڕێکی تر لە نێوان تۆ و سەرۆکەکە بەتەواوی کاسی دەکوژێت."

بەردەوام بوو "بەیارمەتی تۆ ئەم شتە ڕوونادات. بەیارمەتی تۆ هیچ مەترسی نابێت - گەر ئێدگار کێشەیەک بۆ وجووی ئەو نەنێتەوە - بۆچی، پێت وایە من دەچم قسە لەگەڵ ئێدگار دەکەم! خۆزگە تۆ زۆر دڵسۆزانە ئەوەت پێ دەوتم کە ئایا کاسرین بە لەدەستدانی ئێدگار ئازاری دەبێت: مەگەر ئەو ترسەی کۆنترۆڵی من بکات. ئیتر تۆ جیاوازی دەکەیت لە نێوات هەستەکانمان: ئەی نەدەبوایە ئەو لە شوێنی من بوا و منیش لە شوێنی ئەو، هەرچەندە من زۆر ڕقم لەوە، ڕقێک کە ژیانی گۆڕیم بۆ تووڕەیی و تۆڵە، من هەرگیز جارێکی تر دەستی لێ بڵند ناکەم. گەر پێت خۆش بێت دەتوانی تاقیم بکەیتەوە! هەرگیز لە کۆمەڵگەکەی خۆی دووری ناخەمەوە. ئەو ساتەی ڕێزی کاسی تەواو دەبێت، دڵی ئێدگار هەنجرو ونجرِ دەکەم، ئیتر خوێنەکەی دەخۆمەوە! بەڵام تا ئەو کاتە، گەر تۆ باوەڕ بەمن نەکەیت، تۆ من ناناسی، تا ئەو کاتە، من بەهۆی هێمنی و ئارامییەوە دەمرم پێش ئەوەی دەست بکەمە تاڵە مووێکی سەری ئەو!"

قسەم پێ بڕی و وتم "وا دیارە ئێستاش چاکە و خراپە لە یەکتر جیا ناکەیتەوە، هەموو هیوایەکت لەوەدا کۆکردووەتەوە کە دووبارە بچیتەوە لای ئەو، دووبارە خۆت بخەیتەوە ناو یادەکانی ئەو قوڕبەسەرە کە بەرگەی یەک خولەک خەمی نەماوە، ئەو تۆی لە بیر کردووە، ئیتر نایەوێت جارێکی تر چاوی بەتۆ بکەوێت و خۆی تووشی خەم و خەفەت و دەردەسەری بکاتەوە.

هیتکلیف وتی "تۆ وا دەزانی ئەو منی لە بیر کردووە؟ ئۆهـ، نیلی تۆ چاک دەزانی کە ئەو من لە بیر ناکات! تۆش وەک من باش دەزانی کە کاسی گەر جارێک بیر لە ئێدگار بکاتەوە، هەزار جار بیر لە من دەکاتەوە! گەر ساتێک لە واقع لەگەڵ ئێدگار پێ بکەنێت، هەزار سات بەخەیاڵ لەگەڵ من پێ دەکەنێت! لە ناخۆشترین کاتەکانی

ژیانمدا، من ئەم بیرکردنەوەم هەبووە: هەر کاسی وای لە من کرد هاوینی ڕابردوو بگەڕێمەوە ئێرە، بەڵام تەنیا دڵنیاکردنەوەی ئەو دەتوانێت پابەندم بکات بەفیکرە ترسناکەکە جارێکی تر. ئیتر پاشان، ئێدگار نابێتە هیچ شتێک، هیندلیش هیچ وجوودی نابێت، ئەو خەونانەش دەچن لە ئاو کە بۆ هەمیشە میوانی خەوەکانم بوونە.

داهاتووی خۆم لە دوو وشەدا بەدی دەکەم، ئەوانیش: (مردن و دۆزەخ)ن: بوونی من دوای لە دەستدانی کاسرین، دوای مردنی کاسرین دەبێتە دۆزەخ. ئێستا وا خەریکە شەق بەرم، خەریکە شێت دەبم کە بیر لەو ساتانە دەکەمەوە کاسرین ژیانی لەگەڵ ئێدگار هەڵبژاردووە و ئەوی پێ لە من باشترە، یان ئەوی لە من خۆشتر دەوێ! گەر ئەو بەو هەموو دەسەڵاتە لاوازەی خۆیەوە، هەشتا ساڵ خۆشی بوێت، هێشتا ناگاتە یەک ڕۆژی خۆشەویستی من بۆ کاسرین. ئەویش دڵی وەک من قووڵە بۆ خۆشەویستی: خۆشەویستی کاسرین دەریایەکە، ڕەنگە دڵۆپێکی بۆ ئێدگار بێت، ئیتر هەموو دەریاکەی بۆ منە. من قەبوڵ ناکەم ئێدگار ئەو دەریایە لە من قۆرخ و پاوان بکات. بەخوا جوانە! ئێدگار تەنیا مشتێک لە سەگ یان ئەسپەکەی کاسرین لای کاسرین خۆشەویستترە. ئێدگار وەک من کاسی خۆش ناوێت: ئیتر چۆن کاسی ئەوی خۆشدەوێت کە هەستێکی وەک منی نییە بەرامبەری؟"

ئیزابێلا لە ناکاو جووڵەیەکی کرد و هاواری لێ هەستا "کاسرین و ئێدگار لە هەموو عاشقانی دونیا زیاتر یەکترییان خۆش دەوێت و خولیای یەکترین. بۆیە هیچ کەسێک مافی ئەوەی نییە بەو شێوەیە قسەیان لەسەر بکات، نامەوێ کەس لە بەهای براکەم بهێنێتە خوارەوە کاتێ خۆی لێرە نییە!"

هیتکلیف بەسووکایەتی پێکردنەوە وتی "براکەت زۆر خولیای تۆشە، زۆر تۆشی خۆش دەوێت، وانییە؟ ئەو زۆر خێرا و بەپەرۆشەوە تۆی لە کۆڵ خۆی کردەوە، تۆی ئازاد کرد!"

ئیزابێلا وەڵامی دایەوە "براکەم ئاگەداری ئەوە نییە من لە چ ئازار و ئەشکەنجەیەک ژیان بەسەر دەبەم، من خۆم ئەوەم پێ نەوتووە."

"تۆ هەر لە سەرەتاوە هەواڵت بۆ ڕەوانە کردووە: ئەی ئەوە نییە نامەت بۆ نووسیوە؟"



" بەڵێ بۆ ئەوەی پێی ڕابگەیەنم کە مێردم کردووە، بەڵێ نامەم بۆ نووسیوە، خۆت بینیت."

" تا ئێستا هیچ وەڵامی نەدایتەوە، وانییە"

"نەخێر."

منیش وتم "خانمە گەنجەکەی من (ئیزابێلا) زۆر گۆڕاوە و زۆریش خەمبار دێتە بەر چاو. دیارە کە ئەوەی خۆشی دەویست، پاشگەز بووەتەوە، یان درۆی کرد، کە دەزانم چۆن و بۆچی وایە، بەڵام وا باشترە قسە نەکەم."

هیتکلیف وتی "بەڕای من هەموو ئەم ڕووداوانە هەڵەی خۆی بوو! ئەو تەنیا مرۆڤێکی سووک و چرووکە و هیچی تر! پێشتر بەشێوازێکی زۆر سەیر خەریکی دڵخۆشی من بوو. تۆ زەحمەتە باوەڕ بەوە بکەیت، بەڵام هەر لە یەکەم ساتی هاوسەرێتییەکەمان دەستی بەگریان کرد و وتی دەچمە ماڵەوە. بەڵام، ئەو تەنیا بۆ بانەکانی وێزەرینگ باشە، چ شتێک هەیە لە بانەکانی وێزەرینگ باشتر بێت، زۆر چاکیش ئاگەداری دەبم نەوەک لە دەرەوە حەیا و شەرەفم سووک بکات!"

من وەڵامم داوە "گەورەم، هیوادارم ڕەچاوی ئەوە بکەیت کە خاتوو هیتکلیف (ئیزابێلا) لە ژیانێکی خۆش ڕاهاتووە، لە کەش و هەوایەک پەروەردە کراوە کە هەموو مرۆڤەکانی دەوروبەری لەسەر دەستان وەستابوون و خزمەتیان دەکرد، هیچ کچێک بەقەد ئەو لە ماڵی باوکی خۆشی نەبینیوە. بۆیە دەبێ تۆ خزمەتکارێکی ئافرەتی بۆ بەکرێ بگریت تاوەکو شتەکانی بۆ ڕێک بخات و خزمەتی بکات، تۆش دەبێ باش مامەڵەی لەگەڵ بکەیت. من پێوەندیم بەوە نییە تۆ هەر بیرێک لە ئێدگار دەکەیتەوە، بەڵام ناشبێت گومانت لەوە هەبێت کە ئیزابێلا زۆر دڵی بەتۆوە بەندە و تۆی زۆر خۆش دەوێت، بەهیچ جۆرێکیش ئامادە نەبووە دەست لە هەموو خۆشی و شکۆمەندی و هاوڕێیەکانی لە ماڵەوە هەڵبگرێت بۆ ئەوەی بەم چەشنە دڕندانەیە ژیان لەگەڵ تۆ بباتە سەر، دەبێ تۆ ئەو شتانەت لە بەر چاو بێت.

هیتکلیف وەڵامی داوە "لە ژێر کاریگەری وەهمێک ئەوانی لە ژێر پێی خۆی نا. وا حاڵی ببوو کە من پاڵەوانی خۆشەویستیم، وای دەزانی من کوڕێکی زۆر بەئەدەب و نەجیبزادەم. من ناتوانم حیسابی بوونەوەرێکی ئاقڵی بۆ بکەم، بوونەوەرێک کەلله

ڕەقانە سـوور بوو لەسـەر ئەوەی کـە من سیفـەتی جوان و باشم هەنە و کـاری کرد لەسـەر ئەو بیـرکـردنەوە خـراپانـەی کە ڕێزی لێ دەگـرت. بەڵام دواجـار، کـاتی ئەوە هاتووە من بناسێت: هیچی تر ئەو زەردەخـەنە و نیگا قۆڕانە نامورووژێـنن کە یەکـەم جار زۆر کاریان تێ دەکردم. هەروەها ئەو بێ هـەستی و بێ تواناییـەی کـە من زۆر بەجـدی ڕای خـۆم پێ گـووت لەسـەر خـۆشـەویسـتی و خـودی خـۆی. زۆر چاک لە قسەکانم بەدیار دەکەوت کە من ئەوم خۆش ناوێت. کاتێک پێم وابوو کە هیچ وانەیەک نییە ئەوەی فێر بکات! ئێستا زۆر بەخراپی فێر بوو. چونکە ئەم بەیانیە ڕایگەیاند، وەک بەشێک لە زانیاری و ژیری من زۆر سەرکەوتوو بووم لەوەی وام لێ کرد کە ڕقی لە من بێتەوە! دڵنیات دەکـەمەوە کـە کرێکارێکی ئەرێی هێرکیولەس بوومە! گـەر ئەمە بەدەست بهـێنم ئـەوا دەبێ سـوپاسگوزار بم. ئیـزابێـلا، ئایا دەتوانم مـتـمـانـە بە ڕاگـەیاندنەکـەت بکەم؟ تۆ دڵنیـای لەوەی ڕقت لە من دەبێتـەوە؟ گـەر تەنیـا نیـو ڕۆژ بەتەنیـا جێت بهێـڵم، بەهەنسک و گریانەوە دووبـارە بۆ باوەشی من ناگـەڕێیتـەوە؟ پێـشی تۆ پێم بڵـێی باری ئیـزابێـلا چۆنـە، من زۆر باش دەزانم چۆنە: وا ئێـسـتـا بەرزەفڕیەکەی بریندار بووە چونکە ڕاستییەکەی درکاندووە. بەڵام من ئەوەم لا گرنگ نییە کە کەس دەزانێت خۆشەویستییەکە یەکلایەنە بوو یان نا: منیش دەربارەی ئەو مەسەلە هەرگیز درۆم لەگەڵ نەکردووە. ئەو ناتوانێ بەوە تۆمەتبارم بکات کە من ئەوم دەسـخـەڕۆ کـردووە و هەڵم خـەڵەتاندووە. کـاتێ لـە گـرەنج هاتە دەرەوە و هـاتـە نێـو بانەکانی وێزەرینگ، یەکەم شت کە بینی ئەوە بوو کە سەگە بچووکەکەیم هەڵواسی، کـاتێ کـە شین و ڕۆڕۆیی بۆ کـرد، یەکـەم وشـەش کـە لە دەمی من هاتە دەر ئەو خۆزگـەیە بوو کە پێم وت حەز دەکـەم ئەوەی سـەر بەتۆیە، ئـەوەی نەوەی لینتنەکـانە وەک ئەم سـەگـە هەڵبـواسم: دیارە بەڕای ئەو ئەو قـسـەیە خـۆی ناگـرێتـەوە، ئەوە ناگرێتەوە کە من ئەویش هەڵدەواسم، بەس ئەو هەڵنەواسم ئیتر هەموو خێزانەکەی هەڵبواسم قەیناکە. بەڵام هیچ دڕندایەتییەک بێزاری نەکردووە: پێم وایە کە لە ناخەوە زۆر بەوە سەرسامە، گەر تەنیا کەسە بەنرخەکەی بریندار نەبێت و سەلامەت بێت! ئێستا، هەموو ئەو شتانە قووڵایی پووچگەرایی نین، دەمارگیری ڕاستەقینە نییە، بۆ ئەو کچە گوناه و کەللە پووچ و بێ سۆراخە کە خەونی بەوە دەدیت من ئەوم خۆش دەوێت؟ نیلی بەسەرۆکەکەت بڵێ، کە من لە هەموو ژیانمدا هەرگیز ئامادە نیم لەگەڵ



بێ ئومـێدی وەک ئەو دامـاو دابنیـشم و چاوم پێی بکـەوێت. ئەو دامـاوە سـووکـایەتی بەناوی لینتن دەکات، هەندێ جار سڵ لە خۆم دەکەمەوە، لە نەبوونی داهێنان، نازانم چۆن بەرگەی ئەو شتـانە دەگرێت، ئێستا بەشـەرمەوە هەر بۆ باوەشی من دێتەوە! ئەوەشـی پێ بڵێ، کـە لووت بەرزییـەکـەی و بەرزە فـڕییـەکـەی نـەهێـڵێت: ئەوەیان بەتەواوی لە نێو یاسـاکـە دەپارێزم. من تـا ئێـسـتـاشـی لەگـەڵدا بێت هیچ مـافـێکم نەداوەتە ئیزابێلا داوای جیابوونەوە بکات، لەوەش خراپتر ئەوەیە کە سوپاسی کەس ناکات لێکمان کاتەوە. گەر حەزی لێیە بڕوات، بابڕوات: با بڕوات و بەڵام گەر هاتەوە جارێکی تر من وەری ناگرمەوە.

وتم "بەڕێز هیتکلیف، ئەوە قسەی شێتانە، ژنەکەت تەواو قەناعەتی بەوە هاتووە کە تۆ شـێـتی، لە بەر هەندێ تـەواو لە تۆ بێـزار بووە: بەڵام ئێـسـتـا کـە تۆ دەڵێی گـەر دەڕوات با بۆ خۆی بڕوات، دەتوانێت سوود لەو قسەیەی تۆ وەرگرێت. خانمەکەم تۆ ئەوەندە سحر باز نیت، وانییە، بەسە هیچی تر لەگەڵی مەمێنەوە، خۆی وا پێت دەڵێ، ئیتر بۆ ناڕۆیت، هەی هەش بەسەر.

ئیـزابێـلا کـە چاوەکـانی پڕ بوون لە فـرمـێسک، وەڵامـی داوە "ئاگـەداری خـۆت بە، ئێڵن." دیار بوو ئیزابێلا گومـانێکی زۆری لە قسـەکانیدا هـەبوو، بۆیە دەیزانی گـەر بشـڕوات سـوودی نییـە. دووبارە وتی "مـتـمـانە بەتاکـە وشـەیەکی ئەو مـەکـە. ئەو درۆزنێکی چەقـاوەسـووە! وەحش و دێوەزمـەیە نەک مـرۆڤ! پێشـتریش وام پێ وتراوە کە بـەجێی بێـڵم، هەوڵم دا بڕۆم، بەڵام هـەرگـیز هەڵەی وا دووبارە نـاکـەمـەوە! ئێـڵن، بەڵێنم پێ بدە کە ئەو قسانەی لەسـەر براکەم و کاسرینی کرد بۆ ئەوان مـەگێڕەوە. هەر چییەکی وتبێت تەنیا بۆ وروژاندنی ئێدگارە و پەست کردنیەتی: ئەو دەڵێت کە منی هێناوە بۆ ئەوەی دەسـەڵاتی بەسـەر ئەودا زاڵ بێت، من یەکەم جار دەمرم! دوعا دەکەم خۆزگە دەخوازم، کە مرۆڤدۆستە شەیتانییەکەی خۆی لە بیر بکات و بیکوژێت! تاکە خۆشی من ئەوەیە کە بمرم و ئەویش بەمردوویی ببینم.!

هیـتکلیف وتی "ئا ئەوەتا، خـۆی ناڕوات و هـەمـوو ئەو شتـانەی پەسـەندە! نیلی گـەر ڕۆژێک لە ڕۆژان بانگ کرایت بۆ نێو دادگا دەبێ باش ئەو قسانەی ئیزابێلات لـە بیر بێت! زۆر باش گـوێ لەو قـسـانە بگرە: وا ئـەو لەو خـاڵە نزیک دەبێتـەوە کـە من دەمەوێت. نا، نەخێر ئیزابێلا تۆ ئەوە نیت پاسەوانی خـۆت بکەیت، هەر منم ئێستا

پارێزگاری یاسایی تۆم، دەبێ هەر لە ژێر ڕکێفی مندا بمێنیتەوە، هەرچەندە ڕەنگە زۆر ناخۆش بێت. ئیزابێلا تۆ بچۆ سەرەوە، من هەندێ قسەم هەیە بەتەنیا بەئێلن دین دەڵێم. ئەوە ڕێگەیەکە نییە: وتم بۆ سەرەوە! دەڵێی منالی کەی ئەوە ڕێگەی سەرەوەیە!"

پەلی گرت و بەپەلە لە ژوورەکەی فڕێ دا دەرەوە، بەمنگەیەکەوە هاتە ژوورێ "هیچ بەزەییم نییە! من هیچ بەزەییم نییە! کرمەکان چەند خۆیان لوول کەنەوە منیش ئەوەندە پان و پەلیسیان دەکەمەوە! ددانەکانی من ددانی ئەخلاقین، بۆیە جیرِتریان دەکەمەوە بۆ ئەوەی ئازاری ئیزابێلا زیاتر بێت."

کڵاوەکەم لەسەر نایەوە و وتم "تۆ لە وشەی بەزەیی دەگەیت و دەزانی مانای چییە؟ ئایا لە ژیانتدا هەستت بەو وشەیە کردووە؟"

لەوە گەیشت من دەمەوێ بڕۆم، بۆیە قسەی پێ بڕیم وتی "جارێ ئەو کڵاوەت دانێوە شوێنی خۆی! تۆ جارێ ناڕۆیت. نیلی ئێستا وەرە ئێرە: من دەبێ یان قەناعەتت پێ بکەم یانیش ئەوەتا زۆریت لێ بکەم کە هاوکاریم بکەیت لە بینینی کاسرین، دەمەوێ بێ دواخستن چاوم پێی بکەوێت. سوێندت بۆ دەخۆم کە هیچ کێشە و ئاریشەیەک، هیچ ئازارێک نانێمەوە: حەز ناکەم ئازاری کەس بدەم، یان هێرش بکەمە سەر ئێدگار و هەڕەشەی لێ بکەم، بەس ئەوەندە حەز دەکەم کە گوێم لە دەنگی ئەو بێت بزانم چۆنە و بۆچی نەخۆش کەوتووە، پێشی بڵێم بزانم گەر هەر شتێک بەمن بکرێت و سوودی بۆ ئەو هەبێت. دوێنێ شەو بۆ ماوەی شەش سەعات لە باخچەی گرەنج بووم، ئەمشەویش هەر دەچم بۆ ئەوێ: هەموو شەوێ، هەموو ڕۆژێ ئەو ناوە بێزار دەکەم، تا دەرفەتێکم بۆ دەڕەخسێت و دەچمە ژوورەوە. گەر ئێدگار لینتن چاوی بەمن بکەوێت، بێ دوودڵی لە ئەرزی دەکوتم، وای لێ دەدەم لە هۆش خۆی بچێت و بەشی ئەوەندەش بکات لەگەڵ کاسی بمێنمەوە. گەر خزمەتکارەکانیش دژم بوەستنەوە، بەم دەمانچانە هەڕەشەیان لێ دەکەم. بەڵام پێت وا نییە زۆر باشتر دەبێت گەر بێم بۆ ئەوێ چاوم بەئێدگار و خزمەتکارەکان نەکەوێت؟ تۆ دەتوانی زۆر بەئاسانی ئەوەم بۆ ڕێک بخەیت. ئاگەدارت دەکەمەوە کە دێم، ئەو کاتە دەبێ بمخەیتە ژوورەوە بێ ئەوەی کەس هەستم پێ بکات، ئەو کاتەی کە کاسرین بەتەنیا بێت باشترە، دواتر چاودێریمان بکە تا من دەڕۆم، ویژدانت تەواو هێمن بکەرەوە: بەئەنجامدانی ئەو



کارەت ناهێڵێت گرفت و کێشە ڕوو بدات."

منیش نارِەزاییم دەربڕی دژی ئەو یارییە ناپاکە لە خانووی بەڕێوەبەرەکەم: لەگەڵ ئەوەشدا، دژی ئەوە وەستامەوە کە بەدڕندایەتی و خۆپەرستی خۆی دەیەوێت خاتوو کاسرین لە ناو بەرێت و خۆی دڵخۆش بکات، ئەو بۆ خۆشی خۆی لە ناو بەرێت. بۆیە وتم "سادەترین ڕووداو زۆرترین ئازاری پێ دەگەیەنێت. هێشتا نەهاتووەتە سەرە خۆی، ئیتر بەرگەی ڕووداوی لە ناکاو ناگرێت، دڵنیاشم هەر وایە. گەورەم لەسەر ئەو کارەت سوور مەبە و کەللە ڕەقی مەنوێنە! ئەگینا بەناچاری بەسەرۆکەکەم دەڵێم کە تۆ پلانت چییە و دەتەوێ چی بکەیت، ئەوسا حیسابی خۆی دەکات و ئاسایش بۆ خانووەکەی دابین دەکات، هەموو کون و کەلەبەرێکی ئەو خانووە دەپارێزێت!"

هیتکلیف وتی "ئافرەت، لەو حاڵەتەدا منیش حیسابێک بۆ تۆ دەکەم! تۆ تا سبەی بەیانی لە بانەکانی وێزەرینگ ناچیتە دەرەوە. ئەوە جگە لە قسەیەکی قۆڕ هیچی دیکە نییە کە کاسرین بەرگەی ئەوە ناگرێت من ببینێت. بۆ ئەوەی سەرسامیشی بکەیت، من حەز لەوە ناکەم: دەبێ تۆ ئامادەی بکەیت، پرسیاری لێ بکە، بزانە گەر من بێمە لای، دەڵێ چی؟. تۆ دەڵێی ئەو هەرگیز ناوی من ناهێنێت، هەرگیز باسی من بۆ ئەو ناکرێت. لای کێ باسی من بکات گەر باسکردنی من لەو ماڵە قەدەغەکرابێت؟ ئەو وا دەزانێت ئێوە هەموو سیخوڕی بۆ مێردەکەی دەکەن. ئۆه، من گومانم لەوە نییە کە ئەو لە ناو ئێوەدا لە دۆزەخدایە! بەبێدەنگییەکەی ڕا دەزانم، دەزانم کە هەست بە چی دەکات. تۆ دەڵێی ئەو زۆرجار پشوو نادات و ڕاڕایە - سەیرکە: ئایا ئەوە بەڵگەیە بۆ هێمنی؟ تۆ دەڵێیت کە مێشکی ئەو هێشتا نەهاتووەتە سەرە خۆی. ئێ باشە شەیتان چۆن بێتە نێو ئەو دوورەپەرێزییە ترسناکەی ئەو؟ کاتێک ئەو بوونەوەرە بێ هەست و ناحەزە باسی پابەند بوون و مرۆڤایەتی بۆ دەکات! باسی بەزەیی و خێری بۆ دەکات! ڕەنگە دار بەڕووێک لە نێو مەرکانی گوڵدا بچێنێت، چاوەڕێی ئەوە بکات دارەکە بڕوێت و گەورە بێت، بەم شێوەیە بیر لەوە دەکاتەوە کە دەتوانێت کاسرین بگێڕێتەوە سەر باری پێشووی خۆی لە نێو ئەو خۆڵە لم و کزەی خۆیدا؟ با هەر ئێستا ڕێکی بخەین: لێرە دەمێنێتەوە، یان ئەوەتا بەڕێگەکەی خۆم بچم بۆ بینینی کاسرین و شەڕ لەگەڵ ئێدگار و پیاوەکانی بکەم؟ یانیش ئەوەتا دەبی بە هاوڕێم، تۆ هەر واش بوویت، داواکەم جێبەجێ بکە؟ بڕیار

بده! چونکە ناتوانم بۆ یەک خولەکی تر لەنگەر بگرم، ئەوەندە سوور مەبە لەسەر کەللە ڕەقییەکەت، سروشت نەخۆش!"

بە سەری تۆ بەڕێز لۆکود، زۆرم دەمەتەقێ کرد و ناڕەزاییم زۆر دەربڕی، زیاتر لە پەنجا جار داواکەم ڕەت کردەوە، بەڵام چیرەی زۆر درێژ بوو بەناچاری ڕازی کردم. بۆیە نامەیەکی دامێ بۆ خاتوو کاسرینی بەرم، جا نازانم ڕازی دەبێت یان نا، بەڵێنم پێ دا گەر ئێدگار لە ماڵ نەبوو خەبەری بۆ ڕەوان بکەم کە لەوێ نییە، بۆ ئەوەی بێت، تا بتوانم بیبەمە ژوورەوە: من لەوێ نابم، هەروەها خزمەتکارەکانیش نابێ لە ماڵەوە بن. ئەم کارە هەڵە بوو یان ڕاست؟ ترسم لەوە بوو هەڵە بێت، هەرچەندە تازە پلانەکەمان دانابوو. بەڕای خۆم من بەم کارەم تەقینەوەیەکم پووچەڵ کردەوە، هەروەها بیریشم بۆ ئەوە دەچوو کە ڕەنگە ئەم کارە قەیرانێکی فیکری یان نەخۆشی مێشک بۆ کاسرین دروست بکات: پاشان ئەوەم بیر کەوتەوە کە چۆن بەڕێز ئێدگار ڕیسوای کردم کاتێ ئامۆژگاریم کرد، بۆیە هەوڵم دا ئەو کارەم زۆر بێ ئاژاوە بێت، زۆرجار ئەوەم لێ دووبارە کردەوە کە نابێ هیچ گرفتێک دروست بکات، پێم وت گەر ئەم جارە ناپاکی لەگەڵ من بکەیت و کێشەیەک بنێیتەوە ئەوا دوا ساتی هەموومان دەبێت. خۆم بۆ نەگیرا و گەشتەکەی گەڕانەوەم زۆر خەمبارتر بوو لە هاتنم، زۆر بیری خراپم بۆ دەهات، زۆرجار دەموت ڕەنگە ناخۆشی و خەم و خەفەت بۆ کاسی پێش بهێنم.

بەڵام ئەوە کینیس لێرەیە، دەچمە خوارەوە، پێی دەڵێم کە تۆ (بەڕێز لۆکۆد) تەندروستیت زۆر باشتر بووە. مێژووی من بەئازارە، هەروەکو ئێمەمانان دەڵێین، بەیانییەکی تریش خزمەت دەکەم.

بەئازار و ترسناکە! وەک ئافرەتێکی باش هەڵسوکەوتم دەکرد و چووم پێشوازیم لە دکتۆرەکە کرد: ئەو جۆرەم هەڵنەبژارد کە بەتەواوی دڵخۆشم بکات. بەڵام گوێ مەدێ! من هەموو داودەرمانی خاتوو دین بە تاڵی دەخۆم، یەکەم جار لێم گەڕێ ئاگەدارم بکە لەو سەرنجەی کە لە چاوەکانی کاسرین هیتکلیف چاوەڕێ دەکرێت. من بەپەرۆشەوە وەری دەگرم گەر ملکەچ بم بۆ ئەو دڵەم بۆ گەنجە، ئیتر کچەکەش جارێکی تر وەک دایکێک گەڕایەوە.



## بەشی پانزەم

دوای هەفتەیەکی تر - پاش ئەو چەند ڕۆژە من تەندروستیم زۆر باشتر بوو، بەهاریش داهات! ئێستا گوێم لە هەموو چیرۆکەکەی خاتوو ئێلن دین بوو، لە دانیشتنی جیا جیا، بەپێی کاتەکانی کە تەرخانی دەکردن بۆ کارە گرنگەکان. من بەوشەکانی خۆی بەردەوام دەبم، شێوازی من وەک هی ئەو بەهێز یان درێژتر و وردتر نییە. نیلی گێڕەوەیەکی زۆر چاکە، پێم وانییە بتوانم بەشێوازی ئەو قسە بکەم.

دەمەو ئێوارە بوو، نیلی وتی: ئێوارەی سەردانەکەی من بۆ بانەکانی وێزەرینگ، زانیم، وەک بڵێی ئەوم بینی بێت، کە بەڕێز هیتکلیف لە نزیک شوێنەکە بوو، منیش بەخێرایی چوومە دەرەوە، چونکە تا ئەو کاتیش نامەکەیم لە نێو گیرفانم بوو، ئیتر نەشمویست هیچی تر هەڕەشەم لێ بکرێت یان گاڵتەم پێ بکرێت. بۆیە بڕیارم دا نامەکەی نەدەمێ تا سەرۆکەکەم (ئێدگار) دەچێتە شوێنێک، نەشمدەزانی گەر نامەکە بدەم بەکاسرین کاردانەوەی چۆن دەبێت لە سەری. ئەنجامەکەی ئەوە بوو کە تا سێ ڕۆژی تر نامەکە نەگەیشتە دەستی. چوارەم ڕۆژ یەکشەممە بوو، پاش ئەوەی خێزانەکە هەموو چوونە کەنیسە، من چوومە ژووری کاسرین. خزمەتکارێکی پیاو مابووەوە بۆ ئەوەی پاسەوانی دەرگاکە بکات لەگەڵ من، ئێمە بەگشتی هەموو دەرگاکانمان تاقیکردنەوە و کردەوە لە ماوەی سەعاتێکی خزمەتکردندا، لەگەڵ ئەوەشدا کەش و هەوا زۆر گەرم و خۆش بوو کە بەتەواوی هەموو دەرگاکانمان لەسەر پشتێ والا کرد، بۆ ئەوەی کارەکەی خۆم جێبەجێ بکەم، دەمزانی کە کێ

دێت، بەخزمەتکارەکەم وت کە خانمەکەمان زۆر حەزی لە پورتەقاڵە. ئەویش دەبوایە بچێتە نێو لادێکە و هەندێ پورتەقاڵ لەوێ بێنێت، بۆ ئەوەی بەیانی پارەکەی بدرێت. ئەو ڕۆیشت، منیش چوومە سەرەوە.

خاتوو لینتن (کاسرین) لە جلێکی سپی نەرم و نیاندا دانیشتبوو، شاڵێکی سووکیشی بەسەر شانیەوە بوو، پەنجەرەکان کرابوونەوە. قژە ئەستوور و درێژەکەی بەشێکی نەمابوو لە سەرەتای نەخۆشییەکەی، ئێستا سروشتیی وەک جاران بە هێمنی شانەی دەکرد بەسەر شان و لاملیدا. ڕووخساری گۆڕابوو، هەر وەک بەهیتکلیفم وت، بەڵام کاتێ هێمن و ئارام بوو، جوانییەکەشی زۆر گۆڕابوو، بریسکەی چاوەکانی وەک جاران نەمابوون، چاوەکانی خەون و خەمیان پێوە دیار بوو، هیچی تر وەک جاران بەدرەوشاوەی شتەکانی دەوروبەری نەدەبینی: چاوەکانی هەمیشە سەیری دووریان دەکرد، سەیری شوێنێکی زۆر دووریان دەکرد. تۆ بڵێ، سەری ئەودیو جیهانی دەکرد. پاشان، ڕەنگە زەردەکەی دەموچاوی - ڕاستە لە نەخۆشییەکەی چاک بووبووەوە بەڵام نەخۆشی هەموو جوانییەکەی کوشتبوو - دەربڕنێکی زۆر سەیر لە مێشکی دەهاتە دەر، هەرچەندە خۆیان پێشنیاری هۆیەکانیان دەکرد، بۆ من ئاوا دەهاتە بەر چاو، بەڵام هەرکەسێک کە سەیری بکردایە دەیوت کە ئەو کچە ڕەنگێکی تری بەبەردا هاتووە، ڕەنگە ڕاستەقینەکەی خۆی مردووە.

کتێبێک لە پێشی بوو، کزە بایەکە لە دەرەوە ڕا پەڕەکانی هەڵدەدایەوە. پێم وابوو ئێدگار ئەو کتێبەی لەوێ دانابوو: چونکە هەرگیز خۆی بەخوێندنەوە سەرقاڵ نەکردووە، چەند جار هەوڵی دەدا سەرنجی بۆ لای بابەتێک ڕابکێشێت بۆ ئەوەی دەست بکات بەخوێندنەوە. گوێی بەمەبەستی ئێدگار نەدەدا، کاتێ میزاژی باشتر دەبوو تۆزێک قسەکانی لێ وەردەگرت، بەڵام جار جارە بەبێ هوودەی دادەنان و هەناسەیەکی قووڵی هەڵدەکێشا، پاشان بە خەمبارترین زەردەخەنە و پەشۆکاوترین ماچ بەسەری دەکردەوە.

زەنگەکانی پەرستگای گیمەرتۆن هێشتا دەلەرینەوە، دەنگی هەموو شتێک، سروشت لەو دۆڵانەوە بەئاستەم دەگەیشتە گوێ. وەک بڵێی ڕۆژێکی سەرەتای هاوین



بێت وا بوو، بەڵام هەموو ئەمانە ئاوازێکی خۆشیان دروست دەکرد کە شیاو بوو لەگەڵ درەختە پڕ گەڵاکان. لە بانەکانی وێزەرینگ هەمیشە ڕۆژەکان هێمن بوون، هەمیشە ئەو ڕۆژانە بارانێکی بەدواوە بوو. لە بانەکانی وێزەرینگ کاسرین کاتێ گوێی دەگرت بیریشی دەکردەوە: بەڵام ئێستا نە بیر دەکاتەوە و نە گوێشی بۆ هیچ ڕاگرتووە، بەڵام هەمیشە لێڵ دیار بوو، هەروەکو وتم دوور دەیڕوانی، ئەو ڕوانینەی شتەکانی نە بەچاو نە بەگوێ نەدەناسییەوە.

وتم "خاتوو لینتن نامەیەکت بۆ هاتووە" بەنەرمی دەستم بۆ درێژ کرد کە گەیشتە سەر ئەژنۆکانی. دیسان وتم "دەبێ هەر ئێستا بیخوێنیتەوە، چونکە نامەکە وەڵامی دەوێت. مۆرەکە بشکێنم؟" بێ ئەوەی ئاڕاستەی چاوەکانی بگۆڕێت وتی "بەڵێ" منیش نامەکەم کردەوە و وتم "ها ئێستا بیخوێنەوە." دەستی کشاندەوە و نامەکە بەربووەوە سەر ئەرز. منیش هەڵمگرتەوە و لەسەر کۆشیم دانا، پاشان چاوەڕێم کرد تا خۆشحاڵ بێت و سەیری خوارەوە بکات، بەڵام هەرگیز سەیری نامەکەی نەکرد بۆیە ئۆقرەم لێ بڕاو وتم "خانمەکەم بۆت بخوێنمەوە؟ ئەو نامەیە لە لایەن بەڕێز هیتکلیفەوە هاتووە."

تۆزێک شڵەژا و بیری کردەوە، پێ دەچوو فیکرەکانی ڕێک دەخستنەوە. نامەکەی بەرز کردەوە، پێ دەچوو بەقووڵی دەیخوێندەوە، کاتێ گەیشتە لای ئیمزایەکە، هەناسەیەکی هەڵکێشا، تا ئێستاش شتەکانی کۆ نەکردبووەوە چونکە هیچ وەڵامی نەبوو، ئاماژەی بەناوەکە کرد، بەشپرزەیی و پەرۆشی پرسیارکردنەوە سەیرێکی منی کرد.

گوتم نەوەک پێویستی بە شرۆڤەیەک بێت، وتم "دەیەوێ جەنابت ببینێت. ئێستا وا لە باخچەکەیە، ئۆقرەی نەماوە و چاوەڕێی ئەوە دەکات من چ وەڵامێکی بۆ دەبەمەوە."

کاتێ قسەم دەکرد، بینیم سەگێکی گەورە لە نێو فریزەکە لە بەر تیشکی خۆر پاڵکەوتووە و وا گوێچکەکانی بەرز دەکاتەوە و دەیەوێ دەست بە حەپین بکات، پاشان گوێچکەکانی داخستەوە، پاشان کلکی بادا کە ئاماژەی ئەوە بوو وا یەکێک دێت بەڵام غەریبە نییە. خاتوو کاسرین هاتە پێشەوە و بێ هەناسە گوێی گرت. خولەکێک پاش هەنگاوەکە بەنێو هۆڵەکەدا چوو، خانووە کراوەکە بۆ هیتکلیف واڵا بوو تیایدا

بڕوات: وایدەزانی من بەڵێنەکەی خۆم جێبەجێ ناکەم، بۆیە متمانەی بەخۆی کرد و هاتە ژوورەوە. بەپەرۆشییەوە کاسرین سەیری دەرگای ژوورەکەی کرد. ئەو ڕاستەوخۆ لە ژوورێکی ڕاستی نەدا: پێی وتم کە بیهێنم بۆ ئێرە، بەڵام پێشی من بچم، ئەو بەیەک دوو هەنگاو خۆی گەیاندە لای ئەو، توند لە باوەشی گرت.

هیتکلیف بۆ ماوەی پێنج دەقیقە نە قسەیەکی کرد نە دەستەکانیشی لە باوەش گرتن شلکردنەوە، لە ماوەی ئەو پێنج دەقیقەیەدا ئەوەندە کاسی ماچ کرد کە لە ماوەی هەموو ژیانی ڕابردوویاندا ئەوەندەی ماچ نەکردووە، دەتوانم بڵێم تۆڵەی ڕابردووی کردەوە: بەڵام یەکەم جار کاسرین ئەوی ماچ کرد، هەستم بەوە کرد کە هتیکلیف بەرگەی ئەو دیمەنەی نەدەگرت، باوەڕی بەوە نەدەکرد ئەو هەموو ئازارە لە سەرو فەساڵی کاسیدا ببینی! هەمان بیرکردنەوەی منی هەبوو بەرامبەر بەکاسی، لەو کاتەی کە ئەوی لە باوەش گرت، کەس باوەڕی نەدەکرد ئەو شتە ڕوویدات، کاسی بوورابووەوە، نزیک بوو لە مردن.

هیتکلیف یەکەم ڕستەی بەتۆنێکی وا لە دەمی هاتە دەر کە پەستی و شپرزەییەکەی شاردەوە "ئۆه، کاسی! ئۆه، هەموو ژیانم! چۆن من بەرگەی ئەوە بگرم؟" پاشان لە تەکیەوە دانیشت، چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسک، چاوەکانی لە ئازاردا سووتابوون: چاوەکانی نەتوابوونەوە.

کاسرین هەنگاوێک کشایەوە پاش، لەپڕا ڕووی وەرگێڕا و ئەبرۆکانی وەک هەور گرمە گرمیان لێوە دەهات، وتی "ئێستا چییە؟" قسە کردنەکەی جۆرێک گاڵتەجاڕی پێوە دیار بوو. دووبارە دەستی بەقسان کردەوە "هیتکلیف، تۆ و ئێدگار دڵی منتان شکاند! ئێوە هەردووکتان دێنە لای من پەشیمانی خۆتان دەردەبڕن، وا خۆتان گوناه و بێ تاوان دەکەن تا خەڵکی بەزەییتان پێ بێتەوە! من بەهیچ شێوەیەک بەزەییم بەتۆدا نایەتەوە. تۆ منت کوشت - وابزانم سەیرت پێ دێ. تۆ چەند بەهێزی! مەبەستتە چەند ساڵ پاش مردنی من، بژی؟

هیتکلیف لەسەر تاکە ئەژنۆیەک داهاتبووەوە و لە ئامێزی گرتبوو، هەوڵی دا هەڵسێتەوە، بەڵام کاسرین قژی گرت و نەیهێشت هەڵسێتەوە.

کاسرین بەتۆنێکی تاڵەوە بەردەوام بوو "خۆزگە دەمتوانی لە ئامێزت بگرم تا



هەردووکمان دەمردین! لام گرنگ نییە چۆن و چەند ئازارت چەشتووە. من گوێ نادەمە ئازارەکانی تۆ. تۆ بۆچی ئازارت دەبێ؟ من ئازارم هەیە، من! تۆ منت لە بیر دەچێت؟ خۆشحاڵ و دڵخۆش دەبی کاتێ من لەسەر زەویم؟ بیست ساڵ دوای مردنی من دەڵێی" ئەوە گۆڕی کاسرین ئێرنشۆیە؟ ماوەیەکی زۆر بەر لە ئێستا من کاسرینم خۆشدەویست، بەڵام دواتر بەناپاکی و چەتوون ئاسا لە دەستم دا، بەڵام ئەوە ڕابردووە و چوو. لەوەتەی ئەو مردووە زۆر کچی ترم خۆشویستووە: مناڵەکانم لە کاسرین ئازیزترن، کاتێ کە دەشمرم بەهیچ شێوەیەک ناچمە لای ئەو: بەڵکو داوای لێبووردن دەکەم کە مناڵەکان بەجێ دێڵم!؟ هیتکلیف ئەو قسانە دەکەی پاش مردنی من؟"

هیتکلیف سەری ئازاد کرد و ددانەکانی جیڕکردنەوە و هاواری لێ هەستا "ئێستا من وەک تۆ شێتم ئەوەندە ئازارم مەدە."

هەردووکیان وێنەیەکی نامۆ و ترسناکیان لە بەر چاوی بینەرێکی سارد و سڕ دروست کرد. ڕەنگە کاسرین وا بزانێت کە ئەو بەهەشتە زەوی دوورخستنەوەی ئەو بێت، لەگەڵ جەستە نەمرەکەی سیفەتێکی ئەخلاقی بێ سۆراخ دەمێنێتەوە. ئێستا ڕووی کاسرین، لەسەر ڕوومەتە سپییەکەی نووسرابوو دڕندەیی و خەم، لێوەکانی بێ خوێن و سارد و سڕو چاوەکانی لێڵ، ئەو مشتە قژە کە لە دەستی بوو توند گرتی. هەر کە لای هاوەڵەکەی بوو، کاتێ بەدەستێک خۆی هەڵساندەوە، بەدەستەکەی تری قۆڵی گرتبوو، زۆر شپرزە و شڵەژاو بوو بەقسەکانی کاسرین، لەسەر ڕۆیشتنەکەی چوار ئینتیباعی جیاوازم بینی شین لەسەر پێستێکی بێ ڕەنگ.

هیتکلیف دڕندە ئاسا بەردەوام بوو "چییە لێمان بووی بە شەیتان، بەم شێوەیە قسەم لەگەڵ بکەی لەسەر لێواری مردن؟ دیارە نازانی ئەو وشانەی تۆ چۆن مێشکم دەکولێنن، پاش ئەوەی تۆ جێم دەهێڵی هەموو گیانم دەخۆن؟ تۆ چاک دەزانی کە درۆ دەکەی کاتێ دەڵێی من تۆم کوشتووە: کاسرین تۆ باش دەزانی کە من دەمتوانی بەزووترین کات تۆ لە بیر بکەم! ئەوەندە بەس نییە بۆ خۆپەرستییە دۆزەخییەکەت، کاتێ تۆ لە ئاشتی و خۆشیدا دەژی، منیش لە دۆزەخ؟"

کاسرین بەمۆنی وتی "من هەرگیز لە خۆشیدا نابم." هەستێکی لاوازی بەهۆی

توندوتیژی بیر هاتەوە، یەکسان نەبوو بەدڵە زامدارەکەی، کە هەم بە بینین و هەم بە بیستن ئازاری دەدات. تا مووچڕکەکەی تەواو بوو هیچ قسەیەکی تری نەکرد، پاشان نەرم و نیانتر بەردەوام بوو : هیتکلیف من هەرگیز حەز ناکەم تۆ لە من زیاتر ئازار بچێژی. خۆزگەم دەخواست ئێمە هەرگیز لە یەکتری جیا نەبینەوە: ئەو کاتە هیچ وشەیەکی من خەم و خەفەتت بۆ زیاد نەکات، من هەست بەهەمان خەم دەکەم لە ژێر زەوی، لە بەر خاتری خۆم، لێم ببەخشە! وەرە ئێرە و لەسەر ئەژنۆ بکەوە! تۆ هەرگیز لە ژیانی خۆتدا منت ئازار نەداوە. نەخێر، گەر پەرستاری تووڕەیی خۆت بکەی، ئەوە قسەکانی من زۆر لە هی تۆ خراپترن! جارێکی تر نایەوە ئێرە؟ وەرەوە!"

هیتکلیف چۆوە لای کورسییەکەی، خۆی چەماندەوە، بەڵام نەیهێشت ڕووەکەی ببینێت، کە بەهەستەوە ژیا. ئەویش خۆی چەماندەوە تا دەم و چاوی هیتکلیف ببینێت، ئەویش لێ نەگەڕا: بەتوندی ڕووی وەرگێڕا، چووە لای شوێنی ئاگردانەکە، لەوێ بێدەنگ وەستا، پشتی لە ئێمە کرد. خاتوو کاسرین بەردەوام سەیری دەکرد: هەر جووڵەیەک هەستێکی نوێی لا دروست دەکرد. پاش وەستانێک و نیگایەکی درێژ دەستی پێ کردەوە: بەشێوە زارێکی تووڕە و نائومێدەوە بەمنی وت:

" ئۆه، دەبینی، نیڵی ساتێک تەرخان ناکات بۆ ئەوەی لە گۆڕ بمپارێزێت. ئا بەم شێوەیە منی خۆش دەوێت! باشە دەی گوێ مەدێ. ئەوە هیتکلیفی ڕاستەقینەی من نییە. من هەر هیتکلیفی خۆم خۆش دەوێت، لەگەڵ خۆمی دەبەم: وا لە نێو ڕوحی منە." ئەمجارە بەبیرکردنەوە وتی "ئەو شتە لە نێو ئەو بەندیخانەیە بێزارم دەکات و چنگی پێ هەڵچنیوم. بەڕاستی ماندوو بووم هێندەی لێرە بەند بم. هەوڵ دەدەم بۆ نێو ئەم جیهانە سەرفرازە ڕابکەم، حەز دەکەم هەمیشە لەوێ بم: بەڵام داخەکەم ئەو جیهانە نابینم، دەبێ لە نێو ئەو چوار دیوارە هاوار بکەم، هاوارێکی بێ هوودە، گریانێکی بێ سەرچاوە. ئیتر هەموو ئەمانە ئازاری دڵم دەدەن: بەڵام ئازارێکی ڕاستەقینە، ئازارێک لە ناخەوە دەمخوات. نیڵی تۆ لە من باشتر و بە بەختتری لە من، تۆ بەهێز و تەندروستتری: تۆ دڵت بەمن دەسووتێ - ئەمە زۆر خێرا دەگۆڕێت. من دڵم بەتۆ دەسووتێ. من لەو دیو و لەو سەری هەمووتانەوە دەبم، کەس ناگاتە من. بەڵام هیتکلیف لە نزیک من نابێت!" ئیتر بۆ خۆی بەردەوام بوو "وامزانی ئەو





خۆزگەی ئەوە دەخوازێ لای من بێت. هیتکلیف ئازیزەکەم! ئێستا پێویست بەوە ناکات خۆت تووڕە بکەیت. هیتکلیف وەرە لای من.

بە پەرۆشەوە هەڵسا و یارمەتی خۆی دا لەسەر باسکی کورسییەکە. بەهۆی ئەو داوا جدییە، هیتکلیف گەڕاوە لای، تەواو پەست و بێ خولق بوو. چاوەکانی ئەبلەق و تەڕ بوون، دواجار بەتوندی چاوەکانی لە ڕاست کاسرین هەڵێنا، سنگی پڕ لە ئاگر بوو. بۆ ماوەیەک دوور لە یەکتری وەستان، دواتر هەر ئەوەندەم زانی تێک ئاڵان، کاسرین وەک باز خێرا بوو، هیتکلیف توند گرتی، یەکتریان لە ئامێز گرت وەها تێک ئاڵابوون، گوتم خانمەکەی من جارێکی تر ئازاد ناکرێت: لە ڕاستیدا، لە بەر چاوی من ڕاستەوخۆ بێ هەست قەتیس مانەوە. دونیای واقیعیان بۆ خەیاڵ جێهێشت. هیتکلیف لە نزیکترین کورسی دانیشت، خێرا چوومە لای کاسرین نەوەک لە هۆش خۆی چووبێت، بەخۆشحاڵییەوە سەیری منی کرد، وەک سەگێکی کەف لە دەم هاتووی شێت دەنووزایەوە، خۆی بۆ لای ئەو کۆکردەوە، بەچڵێسی و غیرەوە. پێ دەچوو کە هیتکلیف تێ ناگات، هەرچەندە قسەم لەگەڵ کرد، بۆیە دوور وەستام، زمانم گرت، سەرم لێ شێوابوو.

بۆ ساتێک کاسرین منی دڵخۆش کرد: دەستەکانی بەملیەوە گرت، ڕوومەتی بەڕوومەتی هیتکلیف نا توند بەخۆیەوە گرت، ئەویش لە بەرابەردا، بەهەموو توانای خۆی جارێکی تر لە ئامێزی گرت و دڕندە ئاسا هاواری لێ هەستا :

تۆ ئێستا فێرت کردم کە چەند دڕندە بووی تۆ، دڕندە و هەڵە. تۆ بۆچی منت دەسخەرۆ کرد؟ کاسی، بۆچی ناپاکیت لەگەڵ دڵی خۆت کرد. من یەک وشەم نەبوو بۆ دڵخۆشی. تۆ شایەنی ئەوەیت. تۆ پێش هەموو کەسێک خۆت کوشت. بەڵێ، دەتوانی ماچم بکەیت و بگریت، دەی ماچ و فرمێسکەکانم توند بگوشە: ماچی فرمێسکەکانی من تووشی نەخۆشیت دەکەن، نەفرەتت لێ دەکەن. تۆ منت خۆشویست - ئێ باشە چ مافێک ڕێگەی بە تۆ دا وازم لێ بێنی؟ چ مافێک پێم بڵێ - بۆ خەیاڵە هەژارەکەی، هەستت بۆ لای لینتن چوو؟ چونکە هیچ شتێک، ناخۆشی، نەهامەتی، هەژاری و مردن و هیچ شتێک لە لایەن شەیتانەوە نەیدەتوانی ئێمە لە یەکتری بکات، بەڵام تۆ بەویستی خۆت ڕوحی هەردووکمانت لێک کرد. من دڵی تۆم نەشکاند - تۆ دڵی خۆت

شکاند، لەگەڵ شکاندنی دڵی خۆت دڵی منیشت شکاند. گەر من بەهێز نەبوومایە، ئەوا زۆر خراپتری بەسەر دێنام. ئایا من دەمەوێ بژیم؟ باشە چ جۆرە ژیانێک دەبێت کاتێ تۆ گیان لە دەست...، ئۆه، خوایە!حەز دەکەی بژیت لەگەڵ ڕوحەکەت لە نێو گۆڕ؟"

کاسرین بەهەنسکەوە وتی "لێم گەڕێ، لێم گەڕێ، بەسە وازم لێ بێنە. گەر کارێکی هەڵەم کردووە، با بمرم. ئیتر بەسە! تۆش منت بەجێهێشت: بەڵام من سەرکۆنەی تۆ ناکەم! من لێت خۆش دەبم. تۆش لە من خۆش بە!"

هیتکلیف وەڵامی داوە "لێ خۆشبوون زۆر زەحمەتە، زۆر ئاستەمە سەیری ئەو چاوانە بکەیت و هەست بەو دەست بەفیـــڕۆچووانە بکەیت. دیســـان مـــاچم بکە و نەهێڵی چاوەکانت ببینم! من لەوە خۆش دەبم هەرچیت بەرامبەر بەمن کردووە. من بکوژەکەی خۆمم خۆش دەوێت - بەڵام ئەی بکوژی تۆ! چۆن بتوانم لەو خۆش بم؟"

ڕووی هەردووکیان کشومات بەرامبەر یەکتر وەستابوون، فرمێسک لە چاوی هەردووکیان بە لێزمە دەباری. بەڕای من پێ دەچوو فرمێسکەکان لەسەر هەر دوو لایان بوو، بەڵام هیتکلیف لە بۆنەیەکی ئاوادا دەرفەتی بۆ ڕەخسابوو گوناهەکانی بەفرمێسک بشواتەوە.

من لەو کاتەدا زۆر ناخۆشحاڵ بووم، ئێستاش نەمزانی چۆن ئەو نیوەڕۆیە چووە سەر، ئەو پیاوەی بۆ پورتەقاڵم ناردبوو، گەڕایەوە، من لە دوورەوە بینیم، ئێدگار و ئەوانی تر هەموویان لە حەوشەی پەرستگای گیمەرتۆن خۆیان بۆ هاتنەوە ئامادە دەکرد.

پێم ڕاگەیاند "کات تەواو بوو. سەرۆکەکەم پاش نیو سەعاتی تر دەگەڕێتەوە."

هیتکلیف دەستی بە نەفرەتکردن کرد، لە کاسرین نزیکتر بووەوە: کاسرینیش هەرگیز نەدەجووڵایەوە.

هەر ئەوەندەم زانی کۆمەڵێک خزمەتکار بەڕێڕەوەکەدا چوونە لای باڵی موبەقەوە. بەڕێز ئێدگار زۆر لەو کۆمەڵە خزمەتکارە دوور نەبوو، ئێدگار خۆی دەرگاکەی کردەوە و بەهێواشی سەر کەوت، پێ دەچوو زۆر چێژی لەو پاش نیوەڕۆیە وەردەگرت کە وەک بێدەنگی هاوین، وەک شنەبای سەر دەریا، نەرم هەناسەی دەدا.



هاوارم لێ هەستا "هیتکلیف وا هاتەوە، ئێستا لێرەیە. لەبەر خاتری خوا، خێراکە برۆ خوارەوە! برۆ خوارەوە، لەوێ کەسیان نابینی. دەی خێراکە، خۆت لە ناو درەختەکان مات بکە تا ئەو بەتەواوی دێتە ژوورەوە."

هیتکلیف تەکانێکی دا و خۆی لە دەستی کاسی دەرهێنا و وتی "کاسی، دەبێ برۆم. گەر ژیام، ئەوا جارێکی تر دەتبینمەوە، ئا پێش ئەوەی خەوت لێ بکەوێ من دێمەوە لات. زۆر دوور ناکەومەوە، پێنج یاردە دوورتر لە پەنجەرەکەی تۆ ناچمە ئەولا تر."

کاسرین تا هێز و گوڕ و تینی تیا بوو، یەک بەخۆی لە باوەشی گرت، وتی "تۆ نابێ برۆیت! من پێت دەڵێم، نابێ برۆی."

هیتکلیف بەجدی وتی "تەنیا بۆ یەک سەعات دەڕۆم."

کاسرین وەڵامی داوە "نەخێر، نابێ بۆ یەک دەقیقەش برۆی."

هیتکلیف ترسی لێ نیشتبوو و وتی "هەر دەبێ برۆم، وا ئێدگار دێت بۆ ئێرە."

هیتکلیف هەڵدەستایەوە و پەنجەکانی کاسرینی لە خۆی دەکردنەوە - بەڵام زۆر توند گرتبووی، خۆی پێوە نووساندبوو: جیهانێکی شێتانە لەسەر ڕوخساریدا بەدیار کەوت.

بەڵام کاسرین هەر سوور بوو، وتی "نەخێر! ئۆه، مەڕۆ، مەڕۆ. ئەوە دوا ساتە! ئێدگار ئازارمان نادات. هیتکلیف من دەمرم! من دەزانم، دەمرم!"

هیتکلیف گەڕایەوە لای کورسییەکەی و دانیشت و هاواری لێ هەستا "ئەی بەنەفرەت بێ ئەو گەمژەیە! ئەوەتا، وا هات. وس، وس، خۆشەویستەکەم، وس، کاسرین بێدەنگبە، من دەمێنمەوە! گەر بەرەو لای من هات و فیشەکم پێوەنێت، من لەبەر خاتری تۆ یەک نوقەی ناکەم و هەر قسەی باش لەسەر لێوەکانم دەبێت."

ئا لەوێ دیسان بە پەلە هاتن. گوێم لێ بوو سەرۆک دەهاتە سەرەوە - ئارەقەیەکی سارد بەنێوچەوانمدا هاتە خوارەوە: زۆر ترسام.

بە نەرمییەوە وتم "تۆ گوێ لە ئارەزووەکانی دەگریت؟ کاسرین خۆشی نازانێت دەڵێت چی. دەتەوێ وێرانی بکەیت و لە ناوی بەری، چونکە هۆشی لە سەرە خۆی نییە یارمەتی خۆی بدات؟ هەڵسەوە! دەتوانی ئێستاش خۆت ون بکەیت. ئەوە

شەیتانیترین کارە تۆ ئەنجامت دا . ئێمە هەموومان تەواو بووین - سەرۆک، خانم و خزمەتکارەکان."

سەرم لەراند و هاوارم لێ هەستا، بەڕێز ئێدگار هەنگاوەکانی خێراتر کرد بەتەنگ دەنگەکەوە هات. لە ناوەڕاستی تووڕەبوونم، زۆر دڵسۆزانە خۆشحاڵ بووم کاتێ بینیم قۆڵەکانی کاسرین بەخاوی کەوتووە و سەری بۆ خوارەوە داخستووە.

بۆ خۆم بیرم کردەوە "بووراوەتەوە، یان مردووە. ئەوەیان زۆر باشترە. زۆر باشترە کە مردبێت، نەوەک مابێت و دیسان ببێتە ناخۆشی و شەڕ و هۆسە، خەم بخوات.

کاتێ ئێدگار میوانەکەی بینی زۆر حەپەساو بوو، واقی وڕمابوو. نازانم تەمای چی هەبوو بیکات، بەڵام هیتکلیف هیچی نەکرد، لە شوێنی خۆی نەجوولایەوە، سەری دادایەوە و سەیری بوونەوەرە بێ ژیانەکەی دەکرد.

وتی "سەیری ئێرە بکە! گەر شەیتان و چەتوون نەبیت، یەکە جار یارمەتی کاسی بدە - پاشان قسە بۆ من بکە!"

هیتکلیف چووە ژووری پێشوازی و ئێدگاریش دانیشت و بانگی منی کرد، زۆر بەزەحمەتی، دوای بەکارهێنانی چەندین ڕێگە، توانیمان بەهۆش خۆی بێنینەوە، بەڵام زۆر شڵەژاو و تێکچوو بوو، هەناسەیەکی هەڵکێشا، ناڵەیەکی لێوە هات، هیچ کەسی نەناسی. ئێدگار لەبەر نیگەرانی و خەمی کاسرین هاوڕێ ئێسک گرانەکەی لە بیر کردبوو. من لە بیرم نەکردبوو. دەرفەتێکم وەرگرت و چووم پێم وت کە لێرە بڕوات. پێم وت کە کاسرین باشتر بووە، پێم وت کە بەیانی هەموو شتێکی ئەمشەوی بۆ باس دەکەم و پێی دەڵێم کە ئەمشەو کاسی چۆن بوو.

هیتکلیف وەڵامی داوە "قەیناکە دەچمە دەرەوە، بەڵام لە نێو باخچەکە دەمێنمەوە: نیلی دەبێ بەڵێنەکەت ببەیتە سەر، بەیانی هەموو شتێکم پێ بڵێ. من هەر لەژێر ئەو درەختانەی نزیک ئێرە دەبم. لە بیرت بێت! ئەگینا سەردانێکی تر دەکەم، جا ئێدگار لەوێ بێت یان نا."

نیگایەکی زۆر خێرا، نیگایەکی برووسکە ئاسای کێشا بەدەرگا نیوە کراوەکەی ژووری کاسرین، ویستی لەوە دڵنیا بێت کە ئەوەی من پێم وت ڕاستە، خانووەکەی بەجێ هێشت، بەڵام زۆر بە بەدبەختی و دڵگرانی.



## بەشی شانزەم

کات دەوروبەری دوانزەی شەو بوو، ئەو کاسرینە لە دایک بوو کە تۆ لە بانەکانی وێزەرینگ بینیت: مناڵێکی بێ هێز، بە حەوت مانگ کەوتە نێو ئەو دونیایە پڕ لە خەمە، هەروەها دوو سەعات پاش مناڵەکە، دایکەکە مرد. کاسرین هەرگیز بە هۆش خۆی نەهاتەوە غەریبی هیتکلیف بکات یان ئێدگار بناسێت. شڵەژان و جەرگ سووتانی ئێدگار ئەوەندە بە ئازار بوو باس ناکرێت، کاریگەرییەکانی دواتری ئەوەی خستەڕوو کە زامەکە چەندە قووڵە. لە بەر چاوی من، گەورەترین و دواهەمین خەمی ئێدگار ئەوە بوو کە مناڵەکە کوڕ نەبوو، دوا ڕۆژ ببێتە میراتگری. کاتێ سەیری هەتیوە بێ هێزەکەم دەکرد و لە زەینمدا جوێنم بە ئێدگار دەدا کە بۆچی میراتەکەی لە باتی کوڕێک بە کچەکەی نابەخشێت، دەبێ جیاوازییەک هەبێت لە نێوان کوڕ و کچ؟. مناڵێک بوو کەس پێشوازی لێ نەکرد، ئای کە داماو و بێ کەس دەهاتە بەرچاو! مناڵەکە یەک بە خۆی هاواری دەکرد، دای لە زرمەی گریان بەڵام کەس گوێی پێ نەدەدا، کەس هەر ئاوڕیشی لێ نەدەدایەوە، ئیتر چەند سەعاتێکی سەرەتای ژیانی کەس نەچوو بە لایدا . سەرەتای ژیانی دەردەسەری و نەگبەتی بوو، کۆتاییەکەشی هەروا دەبێت.

بەیانی داهاتوو - لە دەرەوە کەش و هەوایەکی خۆش و درەوشاوە بوو – تەواوی ژوورەکە ڕەنگی مردووانی لێ نیشتبوو. لەو ژوورەدا هەموو شتێک مردبوو. ئێدگار لینتن سەری بە سەر بالیفەکە کردبوو، چاوەکانی لێکنابوو. هەموو ئەندامەکانی لەشی وەک ئەندامەکانی لەشی ئەو مردووەی تەنیشتی بوو، هیچ جووڵەی نەدەکرد:

بەڵام جەستەی ئێدگار لەبەر ماندووبوون و خەمەوە وەها ئیفلیج ببوو، هی کاسرینیش لە تەواوی خۆشی و ئاشتی دا بوون، ئیتر بۆ خۆی سەری نایەوە و بۆ هەمیشە پشوو دەدات. ئەبرۆکانی هێمن، پێڵووەکانی داخرابوون، لێوەکانی جلی زەردەخەنەیەکی نائومێدییان لەبەر کردبوو، هیچ فریشتەیەک لەو ئاسمانانەدا نەیاندەتوانی جوانی ئەو ببەخشن. منیش زۆر بێدەنگ و مات دانیشتبووم: بیر و زەینم لە چوارچێوەیەکی زۆر پیرۆزدا بوو کاتێ سەیری ئەو پشووە ئیلاهییەم دەکرد. بێ ویستی خۆم ئەو قسانەم دەوتنەوە کە پێش ئەوەی بمرێت بە دەنگێکی نەرم دەیوت"من لەو دیو لە سەرووی هەمووتانەوەم! ئیتر ڕوحی لەسەر زەوی یان ئێستا لە ئاسمانە، ڕوحی لەلای خوایە!"

نازانم گەر ئەوە شتێکی سەیرە لە ناخی مندا یان نا، بەڵام من زۆر خۆشحاڵ بووم کاتێ سەیری ژووری مردنم دەکرد، نابێ کەس خەم و خەفەت و پەژارەم لەگەڵ دابەش بکات. شتێک بەدی دەکەم کە نە زەوی نە دۆزەخ نایشکێنێت، هەست بە دڵنیایی و کۆتایی و بێ سێبەری ڕۆژی دوایی دەکەم - ئەو نەمریەی ئەوان چوونە ناوی - لەو شوێنەی کە ژیان سنووری نییە، ماوەی بۆ دیاری نەکراوە، خۆشەویستی سنووری نییە، خۆشی سنووری نییە، هیچ شتێک سنووری نییە. لەو ڕووداوەدا سەرنجی ئەوەم دا کە تەنانەت لە خۆشەویستیشدا خۆپەرستی هەر هەیە، وەک خۆشەویستی بەڕێز ئێدگار، کاتێ زۆر پەشیمان بووەوە لە ئازادبوونی کاسرین لە لایەن بەزەیی خوداوە! پاش هەموو ئەو دەردەسەرییەی بۆ خۆی و دەوروبەری نایەوە، کێ دەڵێ ئێستا لە ئاشتیی و خۆشیدایە، کێ دەزانێت؟ ڕەنگە گومانمان لە وەرزەکانی ڕەنگدانەوەی ساردی هەبێت، بەڵام کەس ناتوانێت گومانی لە لاشەی مردووی کاسرین هەبێت. مردوو خۆی بێدەنگی و ئارامی خۆی دووپات دەکاتەوە، کە پێ دەچوو بەڵێنێک بێت بۆ هێمنییەکی یەکسان بۆ سیفەتەکانی پێشتری.

گەورەم، باوەڕت وایە ئەو جۆرە کەسانە لە جیهانەکەی تر دڵخۆش بن؟ زۆر حەز دەکەم ئەوە بزانم.

حەزم نەکرد وەڵامی پرسیارەکەی خاتوو دین بدەمەوە، کە وەک شتێک منی بێدار کردەوە. بەردەوام بوو: هەر کۆرسەکەی کاسرینم دووبارە دەکردەوە، دەترسم هیچ



مافی ئەوەمان نەبێت کە ئێستا ئەو لە سەرووی ئێمەوە بێت، بەڵام بەجێی دێڵین بۆ دروستکەرەکەی.

سەرۆکەکەم خەوی دەهات، دوا گزنگی بەیان پەرەی دا خێرا ژوورەکەم بە جێ هێشت بۆ ئەوەی هەندێ هەوای پاک هەڵمژم. خزمەتکارەکان وایان زانی کە من ڕووە خەواڵووەکەی خۆم بێدار دەکەمەوە، ئەوەی ڕاستی بێت مەبەستی سەرەکیم لە هاتنە دەرەوەم بینینی بەڕێز هیتکلیف بوو. گەر ئەمشەو تا بەیانی لە نێو ئەو درەختانە مابێتەوە ئەوا هیچ لە ڕووداوەکەی گرەنجی گوێ لێ نەبووە. مەگەر ئەو پەیامنێرەی دیبێت کە چوو بۆ گیمەرتۆن. گەر هاتبایە نزیکتر، ئەوا ڕەنگە ئاگەداری ئەو ڕووداوە بووبێت، بەڵێ دەیزانی چونکە تا بەیانی ڕووناکی دەهات و دەچوو، هەروەها بە هۆی کردنەوە و داخستنەوەی دەرگاکانی دەرەوە هەر پەی بەوە دەبرد کە شتێک ڕوودەدات لە ژوورەوە. حەزم دەکرد بیدۆزمەوە، بەڵام دەشترسام. بەڵام هەر دەبوایە هەواڵە ناخۆشەکەی پێ ڕابگەیەنم، حەزم کرد زوو ئەو مەسەلەیە کۆتایی پێ بێنم، بەڵام نەمدەزانی چۆنی بکەم. ئەو لەوێ بوو -بە لایەنی کەم چەند یاردێک لە دووری پارکەکە، لە پەنا درەختێکی پیرەوە پاڵ کەوتبوو، کڵاوەکەی لەسەر نەبوو، سەری خوسا بوو بەو خوناو و شناوانەی کە تک تک خزابوونە سەر سەری، هەموو دەوروبەری گەڵای مردوو بوون. پێ دەچوو بۆ ماوەیەکی زۆرە لە ژێر ئەو درەختە خەیاڵی باڵی گرتبێت، چونکە جووتێک کۆترم بینی دوو سێ پێ دووری ئەو تازە لانەی ژیانیان پێکەوە دەنا، ئەویش سەیری دەکردن و نەیدەویست بجووڵێت نەوەک لانەکەیان لێ تێک بدات. کە من لێی نزیک بوومەوە، هەڵفڕین، چاوەکانی بەرزکردنەوە و دەستی بە قسان کرد "کاسرین مرد! چاوەڕێی تۆم نەدەکرد تا ئەو هەواڵەم پێ ڕابگەیەنی. دەستەسڕەکەت لابەرە - لای من دەست بە فینگە فینگ مەکە. نەفرەت لە هەمووتان! کاسرین پێویستی بە هیچ فرمێسکێکی ئێوە نییە!"

من چەند بۆ کاسرین دەگریام دوو ئەوەندە بۆ هیتکلیف دەگریام: ئێمە هەندێ جار بەزەییمان بە چەند بوونەوەرێک دێتەوە کە خۆیان هەرگیز هیچ هەستێکیان نە بەرامبەر خۆیان نە ئەوانی تر هەیە. کاتێ یەکەم جار سەیری دەم و چاویم کرد، لەوە تێ گەیشتم کە هەواڵی کارەساتەکەی پێ گەیشتووە، بیرێکی سەیرم بۆ هات کە

ئێستا هیتکلیف دڵی خۆی دەداتەوە و دوعا دەکات، چونکە لێوەکانی دەجوڵان و چاوەکانی لە ئەزر بوون.

هەنسکەکەم ڕاگرت و فرمێسکەکانی سەر ڕوومەتم وشک کردەوە، وەڵامم داوە "بەڵام، مرد! بەرەو بەهەشت چوو، هیوادارم بەرەو ئەوێ بچێت، ڕەنگە ئێمەش هەموومان دواتر بچینە لای ئەو، بەڵێ دەتوانین بە بەهەشت و کاسرین بگەین گەر بە خۆماندا بچینەوە و لە باتی تۆوی خراپە، چاکە بچێنین!"

هیتکلیف گاڵتەی بەو قسانەی من هات، وتی "باشە کاسرین هیچ تۆوی چاکەی چاند؟ ئایا وەک قەشان مرد؟ وەرە، بە ڕاستی ڕووداوەکەم بۆ بگێڕەوە. چۆن کا.....؟"

ویستی ناوی بێنێت، بەڵام نەیتوانی، تەکانی بە دەمی دەدا، بەڵام بێدەنگی نواند و هەموو ئازارەکانی لە ناخیدا کلیل دا، دەستی پێ کرد و وتی "چۆن مرد؟" هەموو گیانی کەوتە لەرزە، دواجار توانی قسەیەک بکات.

بۆ خۆم بیرم کردەوە "ئای لەو داماوە! تۆ دڵێک و چەند دەمارێکت هەیە وەک برا پیاوەکانت! بۆچی نیگەرانی ئەوەی بیانشاریتەوە؟ شانازی تۆ ناتوانێت خوا بشارێتەوە! تۆ هەوڵی وروژاندنی ئەوان دەدەیت، تا خۆی گریانی ڕیسوابوون دەست پێ دەکات."

بە دەنگێکی بەرز وتم "بێدەنگ، وەک بەرخێک مرد! هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و خۆی درێژ کرد، وەک منداڵێک ژیانی بە بەردا هاتەوە، پاشان نغرۆی نووستن بووەوە، پاش پێنج دەقیقە هەستم بە ترپەیەکی کەم کرد لە دڵی، هیچی تر!"

بە دوودڵییەوە پرسیاری کرد "ئێ باشە ناوی منی نەهێنا؟" وەک بڵێی زۆر دەترسا لە وەڵامەکەی کە بە جۆرێک بێت بەرگەی نەگرێت.

"هەستەکانی هەرگیز نەگەڕانەوە: ئەو کاتەی تۆ بە جێتهێشت کەسی نەدەناسییەوە. زەردەخەنەیەکی شیرین لەسەر لێوەکانی بوون، دواهەمین فیکر و خەیاڵی چوونەوە سەردەمی منداڵی. ژیان لە نێو خەونێکی هێمن داخرا - ڕەنگە هەروا بە هێمنی لە جیهانەکەی تر هەڵسێتەوە!"

تووڕە و دڕندە ئاسا قاچەکانی بە زەوی دادا و لەپڕا بە دەر لە هەموو سۆز و خۆشەویستییەک مۆڕاندی و وتی "خوای دەکرد لە ئەشکەنجە و ئازاردا



هەڵدەستایەوە. بۆچی، کۆتایی هێنان بە ژیانی مرۆڤێک درۆیەکی گەورەیە! کوا لە کوێیە؟ لەوێ نییە، نا لە بەهەشت نییە - نەمردووە، نا نەخێر، کاسی نامرێت، لە کوێیە؟ ئۆه! وتت کە تۆ گوێت بە ئازارەکانی من نەدا! من هەر ئەو دوعایە دووبارە دەکەمەوە، دوعای یەکجارەکی - هەر دووبارەی دەکەمەوە تا زمانم وشک دەبێ - یا خوا کاسرین ئێرنشۆ تا من لە ژیاندا مابم نەحەسێیتەوە، وتت کە من تۆم کوشت - دەی تۆش مەهێڵە من بحەسێمەوە! هەمیشە کوژراوەکان دەبن بە مار و بۆ هەمیشە لە ملی بکوژەکانیان دەئاڵێن. دەزانم کە تارماییەکان لەسەر زەوی گەڕاون. هەمیشە لەگەڵ من بە - هەر شێوەیەکت دەوێ وەری گرە، دەی شێتم بکە! بەس تەنیا لەو چاڵە گەورەیە بە جێم مێڵە، چونکە من ناتوانم لەو چاڵە گەورەدا تۆ بدۆزمەوە! ئۆه، خوایە! ئەم کارەساتە بە هیچ وشەیەک باس ناکرێت! من ناتوانم بە بێ ژیانم بژیم! ناتوانم بە بێ ڕوحم بژیم!"

سەری خۆی بە توندی لە قەدی دارە پیرەکەوە دەکوتی، چاوەکانی بەرز دەکردنەوە، نەڕاندی، نەک وەک مرۆڤێک بەڵکو وەک دێوەزمەیەکی دڕندە بە چەقۆ و ڕمان هەلا هەلایان کردبێت. چەندین پەڵە خوێنم بە قەدی دارەکەوە بینی، نێوچەوان و هەردوو دەستەکانی نوقمی خوێن بوون، ئەو دیمەنەی من بینیم دووبارەی دیمەنەکانی تر بوو کە لە شەودا نمایش کران. زۆر هەست و جۆشی ورووژاندم، ئەو دیمەنە منی حەپەساند: لەگەڵ ئەوەشدا دڵم نەدەهات بەم شێوەیە بەجێی بهێڵم. بەڵام ئەو ساتەی کە هۆشی هاتەوە بەر خۆی و زانی من سەیری دەکەم، برووسکە ئاسا فەرمانی بە سەر مندا کرد بڕۆم، منیش گوێڕایەڵی بووم. لەودیو تواناکانی من بوو بتوانم هێمنی بکەمەوە یان دڵخۆشی بدەمەوە!

مەراسیمی ناشتنی خاتوو کاسرین لە هەینی ڕۆژی پاش مردنی دەستنیشان کرا، تا ئەو کاتە، تا هەینی کفنەکەی هەر کراوە بوو، بە گەڵا و گوڵی بۆن خۆش گوڵڕێژ کرابوو، لە ژوورێکی مەزن دانرابوو. ئێدگار شەو و ڕۆژی لای لاشەکە بە سەر دەبرد، پاسەوانێکی بێ خەو، پاسەوانێک خەو لە چاوی زڕابوو، بارودۆخێک بوو جگە لە من خۆی لە هەموان شاردەوە - هیتکلیف شەوەکانی لە دەرەوە بە سەر دەبرد، وەک بێگانەیەک لە دەرەوە پشووی دەدا . هیچ خۆم تێ نەدەگەیاند: لەگەڵ ئەوەشدا زۆر

حەزم دەکرد بێتە ژوورەوە چونکە دڵم بۆی دەسووتا. ڕۆژی سێشەممە، کەمێک دوا تاریکی دونیا، کاتێ سەرۆکەکەم زۆر ماندوو و هیلاک ببوو، هێزی لە بەر بڕا، بۆ ماوەی دوو سەعات بۆ پشووێک چووە دەرەوە. منیش خێرا چووم پەنجەرەکەم کردەوە و بە دەست ئاماژەم بۆ کرد بۆ ئەوەی بێتە ژوورەوە و دواهەمین ماڵئاوایی خۆی لە خۆشەویستەکەی بکات. هیتکلیف ئەو هەلەی بە خێرایی قۆستەوە، زۆر بە بێدەنگی، هاتە ژوورەوە، من هیچ شتێکی ترم نەبینی جگە لە شێواندنی کفی ڕووی لاشەکە، سەیری ئەرزم کرد هەندێ تاڵە موو کەوتبوون، بەو تاڵە مووانەوە ملوانکە زیوینییەکەم لە ملی لاشەکە بەستابوو. دیار بوو کە لە ملی کاسرین کرابووەوە. هیتکلیف ملوانکەکەی کردەوە و دەنکە مرواریيەکانی دەرهێنا و دەنکە ملوانکە ڕەشەکانی خۆی تێخست. من هەردووکیانم بەستایەوە و پێکەوەم نایەوە.

بێگومان بەڕێز ئێدگار خوشکەکەی بۆ سەر مەراسیمەکە داوەت نەکرد، هیچ شتێکی بۆ ڕەوانە نەکرد، ئەویش هەرگیز نەهات، تا لەگەڵ مێردەکەی ببینێت، سەرنشینەکانی مەراسیمەکە تەنیا کرێچی و خزمەتکارەکان بوون، ئیزابێلا لە ناویاندا نەبوو.

بۆ سەرسام کردنی لادێییەکان، گۆڕی کاسرین نە لە لای پەرستگاکە لە ژێر پەیکەرەکەی لینتنەکان نە لە لای گۆڕەکانی خزم و کەسەکانی کاسرین لە دەورە بوو. لە لێژاییيەکی سەوز لە گۆشەیەکەوە گۆڕەکە لێ درابوو، دیوارەکە ئەوەندە نزم بوو کە درەختەکانی نێو بەیارەکە بە سەر دیوارەکانەوە پاڵ کەوتبوون، ئێستا مێردەکەی لە هەمان شوێن کەوتووە، هەر گۆڕێکیان بەردێکی سادەیان لەسەر بوو، هەروەها بلۆکێکی خۆڵەمێشی لە ژێر پێیان بۆ ناسینەوەی گۆڕەکان.



## بەشی حەڤدەم

ئەو هەینییە دواهەمین ڕۆژە خۆشەکانی ئێمەی دروست کرد بۆ ماوەی مانگێک. لە ئێوارەدا کەش و هەوا شکا: با لە باشوورەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی باکور گۆڕا، یەکەم جار بارانی هێنا، پاشان تەرزە و بەفری تێ کرد. ڕەنگە باوەڕ بە وە نەکەیت کە تەنیا سێ هەفتە هاوینمان بینی: گوڵە بەهار و زەعفەران لە ژێر دڕندەیی زستان ون ببوون، دنیا کش و مات، گەڵا گەنجەکانی درەختە پیرەکان چەوساوە و ڕەش داگەڕابوون. ئای کە بەیانییەکی ترسناک و سارد و تاریک بوو! سەرۆکەکەم هەر لە ژوورەکەی خۆی ماوە، منیش ژووری پێشوازیم بەر کەوت، کردمە ژووری پەرستاری: ئا لەوێ دانیشتبووم و مناڵێکی بێ ناز و سەرکێش لەسەر ئەژنۆکانم پاڵ کەوتبوو، ڕام دەهەژاند، لە هەمان کاتیشدا لە پەنجەرە بێ پەردەکەوە دوور دەمڕوانی. کاتێ دەرگاکە کراوە، یەکێک هاتە ژوورەوە، هەناسەبڕکێ ببوو و پێدەکەنی! تووڕەیيیەکەم گەورەتر بوو لە حەپەسان. وامزانی یەکێک لە خزمەتکارە کچەکان بوو، هاوارم لێ هەستا "چی دەکەیت لێرە، بە چ ڕوویێک خۆشیت دەردەخەی، بەڕێز ئێدگار چیت پێ دەڵێت گەر ئێستا گوێی لەو پێکەنینە بێت؟"

دەنگێکی ئاشنا بەر گوێم کەوت "ببوورە، دەزانم کە ئێدگار لە ناو جێگەیە، منیش ئۆقرەم لێ بڕاوە."

لەگەڵ ئەوە، قسەکەرەکە هاتە پێش ئاگرەکە، دەستی بە نێکیەوە گرتبوو.

پاش کەمێک وەستان بەردەوام بوو "لە بانەکانی وێزەرینگەوە تا ئێرە ڕام کردووە! جگە لەو شوێنەی کە تیایدا فڕیوم، ناتوانم پێت بڵێم چەند جار بەربوومەوە. ئۆه،

تەواوی ئەو ڕێگەیە زۆر ئازارم بینی! مەشڵەژێ! هەر ئێستا بۆت شی دەکەمەوە، تەنیا ئەو چاکەیەم لەگەڵ بکە و هەنگاوێ بهاوێژە و فەرمان بە عارەبانەکە بکە بۆ ئەوەی بمباتە گیمەرتۆن، بە یەکێکیش لە خزمەتکارەکان بڵێ کە هەندێ جلم لە ناو دۆڵابەکان بۆ بێنی."

ئەو قسەکەرە خاتوو هیتکلیف بوو (ئیزابێلا). دوای ئەوە پێکەنینەکەی شێتانەتر بوو: قژی بە سەر شانەکانیدا پەرت و بڵاو بوو، بە بەفر و ئاو خوسابوو، وەک جاران جلێکی کچانەی لەبەر کردبوو، ئەو جلە دەگونجا لەگەڵ تەمەنەکەی بەڵام نەک بەم شێوەیە: فوستانێکی نزم و قۆڵ کورت، سەر و ملیشی ڕووت بوو. فوستانەکە ئاوریشمی سادە بوو، لەسەر و فەساڵی دەهاتەوە، قاچەکانیشی سڕ ببون لە نێو جووتێ نەعلی شلک. لەگەڵ ئەوەشدا برینێکی قووڵی لە خوارەوەی یەکێک لە گوێکانی هەبوو، کە تەنیا سەرما دەیتوانی خوێنەکە بوەستێنێت، ڕوویکی سپی و شەق شەق و بە لۆچ، دیمەنێک پڕ لە ماندوو بوون و هیلاکی و دڵساردی بوو. ڕەنگە بزانی کە یەکەم جار چۆن ترسام، بەڵام لە بەر ئەوەی کاتم هەبوو باش سەیری نێو چاوانیم کرد.

وتم "خانمە گەنجەکەم، خانمە خۆشەویستەکەم. ناچمە هیچ شوێنێک، گوێ لە هیچ شتێک ناگرم تا جلەکانت نەگۆڕی و هی وشک نەکەیتە بەر، خەیاڵت ڕاحەت کە ئەمشەو ناچیتە گیمەرتۆن، بۆیە پێویست ناکات فەرمان بە عارەبانەکە بدەم.

ئیزابێلا وتی "بێگومان دەچم. بە پێیان یان بە سواری ئەسپ بێت گرنگ نییە، بەڵام قەیناکە جلێکی باش لە بەر دەکەم. ئۆ، بزانە وا ئێستا چۆن بە سەر ملمدا دەخزێتە خوارەوە! ئاگرەکە خۆشتری کرد."

سوور بوو لەسەر ئەوەی کە من ئەو کارەی بۆ بکەم، پێش ئەوەی بهێڵێت دەستی لێ بدەم و خزمەتکارێکیش جلە پێویستەکانی بۆ ئامادە بکات، قایلم کرد کە برینەکەی بپێچێتەوە و پاڵتۆکەی بگۆڕێت.

کاتێ کارەکەی من تەواو بوو و لەسەر کورسییەک لای ئاگردانە دانیشت، کووپە چایەکی گەرم هاتە بەردەمی، دەستی بە قسان کرد "ئێلن، وەرە ئێستا لە بەرامبەرم دانیشە و ئەو منداڵەی کاسرینی داماو لابەرە: حەز ناکەم بیبینم! بیر لەوە مەکەرەوە



کە زۆر خەمی کاسرینم نییە، چونکە زۆر گەمژانە هەڵسوکەوتم کرد لەگەڵی: گریانێکی تاڵ لە گۆی چاوانم هاتە خوار، بە کوڵتر و بەسوێتر لە هەر کەسێکی تری سەر ئەم زەوییە جەنجاڵە. تۆ لە بیرتە کە ئێمە بە تووڕە بوون لێک جیا بووینەوە، لە بەرابەر ئەو کارەدا هەرگیز لە خۆم نابوورم. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو شتانەشدا نەرم و نیانی بۆ ئەو نانوێنم، بە هیچ جۆرێک بەزەییم پیا نایەتەوە - وەحشە دڕندەکە! ئەوە دواهەمین شتی ئەوە لە لای من ماوەتەوە." ئەڵقە زێڕەکەی لە پەنجەی دۆشاومژەی لێ کردەوە و فڕێی دا سەر ئەرزەکە. دەستی بە قسە کردەوە "هەپڕوون بە هەپڕوونی دەکەم! پاشان دەیسووتێنم! هەڵیگرتەوە و تووڕ هەڵی دایە نێو ئاگرەکە. "ئەوەتا! با یەکێکی تر بکڕێتەوە، گەر هاتەوە لای من. دەتوانێت بێت و بە دوای مندا بگەڕێت و گاڵتە بە ئێدگار بکات. نامەوێ بمێنمەوە، بە لایەنی کەم ئەو بیرۆکەیە دەبێ بگات بە سەرە خراپەکەی! سەرەڕای ئەوەش، ئێدگاریش بەزەیی نەبووە، وانییە؟ نەهاتوومە بۆ ئەوەی لەو بپاڕێمەوە هاوکاریم بکات، هیچی تریش کێشە و ئاریشەی بۆ نانێمەوە. پێویستی ناچاری کردم بێم لێرە لە پەناگەیەک بگەڕێم، هەرچەندە گەر بمزانیبا، لە موبەقەکە دەوەستام، دەم و چاوم دەشوت، خۆم گەرم دەکردەوە، ئەوەی پێوستم بوایە دەمبرد، دووبارە دەڕۆیشتمەوە بۆ هەر شوێنێک کە دوور بێت لە نەفرەتکردنم - لە بەر ئەو دێوەزمەیە! ئۆه، کە چەندە تووڕە بوو! گەر منی بگرتبایە! ئەوەندەی باشە ئێدگار بە ڕادەی ئەو بەهێز و شێت نییە: حەزم دەکرد پێش ئەوەی لە دەستی ڕابکەم وێران بوایە، هیندلی وێرانی بکردایە!"

قسەم پێ بڕی "باشە خاتوون وا خێرا قسە مەکە! ئەو دەسماڵە مەشێوێنە کە لە ملتم پێچاوەتەوە و برینەکە مەکولێنەوە. چاکەت بخۆرەوە، هەناسەیەک وەرگرە، واز لە پێکەنین بێنە: پێکەنین لە ژێر ئەم بنمیچە نەماوە، سەرەڕای ئەو هەموو نەهامەتییانەی خۆت و ئێمە، پێکەنین یانی چی!"

وەڵامی دایەوە "ڕاستییەکە نکۆڵی لێ ناکرێ. گوێ لەو منداڵە بگرە! بەس سەعاتێکی تر گوێم بۆ گرە، زۆر لێرە نامێنمەوە."

زەنگەکەم لێدا، دەستم لەسەر هەڵنەگرت تا خزمەتکارەکان گوێیان لێ بوو، پاشان پرسیارم لێ کرد چی وای لەو کرد بەم چەشنە ناجۆرە لە بانەکانی وێزەرینگ

ڕابکات، دەیەوێت بۆ کوێ بچێت، چونکە ئەوەی ڕەت کردەوە لەگەڵ ئێمە بمێنێتەوە.

ئیزابێلا وەڵامی دایەوە "زۆر حەزم دەکرد و زۆریش پێویستە لێرە بمێنمەوە دڵی ئێدگار خۆش بکەم و چاودێری مناڵەکەی بکەم، لە بەر دوو شت، و چونکە گرەنج ماڵی ڕاستەقینەی منە. بەڵام من پێت دەڵێم کە ئێدگار ناهێلێت لێرە بمێنمەوە! تۆ پێت وایە بەرگەی ئەوە دەگرێت من بە قەڵەوی و خۆشی ببینێت، بەرگەی ئەوە دەگرێت بیر لەوە بکاتەوە کە ئێمە هێمن بووین و چارەسەی ژەهری دڵخۆشیمان نەکەین؟ ئێستا، تەواو قەناعەتم بەوە هاتووە کە ئێدگار بە هەموو چەشنێک ڕقی لە من دەبێتەوە. ئەوەندە ڕقی لێم دەبێتەوە بەو بێت چەقۆی لە چاوی ڕا بکەن من نەبینێت، گوللەی بە گوێی وەنێن ناوی من نەبیستێت. سەرنجم داوە کاتێ دێمە حزوور ئێدگار ماسوولکەکانی دەم وچاوی دەشڵەژێن و نەخشەیەکی ڕق و کینە دروست دەکەن، ئەمەش بەشێکی لە بەر ئەوەی کە من بە هەموو شێوەیەک تاوانبارم، بەشێکی تریش لە بەر ڕقە بنەڕەتییەکەیە. بەڵام بێگومانم لەوەی کە هەموو ئینگڵتەڕا لە دوای من ناکات، بۆیە دەبێ بەڕوونی و بە هێمنی لێرە بڕۆم. هەروەها ئەو حەزەی جارانیشم نەما کە بە دەستی هیتکلیف بکوژرێم: حەز دەکەم ئەو خۆی بکوژێت! هەموو دەرگاکانی خۆشەویستی لێ داخستووم، چرای خۆشەویستی منی کوژاندەوە، بۆیە من هیچ هیوایەکم بێرە نەماوە، ئەسڵەن هەر چاوم بێرە هەڵنایەت. دەتوانم دان بەوە دابنێم کە من چەند خۆشم دەویست، دەشتوانم ئەوە بڵێم کە گەر بمەوێت ئێستاش دەتوانم خۆشم بوێت، گەر ...، نا نا نا، نەخێر! هەرچەندە گەر ئێستا بێتەوە لای من، سروشتە شەیتانییەکەی بە جۆرێک لە جۆرەکان هەر بە دیار دەکەوێت. کاسرین زۆر باشی دەناسی، زۆر باش پێناسەی ئەوی بۆ کردم، وتی ئەو دێوەزمەیە دێوەزمە! ئیتر دەبێ لە زەینمی من بێتە دەرەوە و لە یادەوەرییەکانمدا بسڕێتەوە!"

وتم "وس، وس! ئەو مرۆڤێکە، دەبێ تۆ هێمن و لەسەرەخۆ بیت، تۆ هێشتا پیاوی خراپت نەدیوە، لەم جیهانەدا پیاوی زۆر خراپتر لەوە هەیە!"

وەڵامی دایەوە "نەخێر، ئەوە مرۆڤ نییە، شایەنی هاوکاری منیش نییە. من دڵم بەو بەخشی، ئەویش لێی سەندم و بە مەبەستی مردن کون کونی کرد، پاشان فڕێی داوە



نێو هەناوم. ئێڵن، خەڵکی بە دڵەکانی هەست دەکەن، دڵ سەرچاوەی هەستی هەموو مرۆڤێکە، لە بەر ئەوەی ئەو دڵی منی کون کون کردووە، ئیتر چۆن هەستم بەرامبەر ئەو هەبێت: هەروەها هەستم بۆ ئەوەش نییە، هەرچەندە لەمەوە بۆ ڕۆژی مردن گریا، فرمێسکەکانی بۆ کاسرین خوێن بوون خوێن! نا نەخێر بەڕاستی من بە هیچ شێوەیەک یارمەتی نادەم!" ئا لێرەدا ئیزابێلا دەستی بە گریان کرد و ئاو لە برژانگەکانی دەچۆڕایەوە، بە هەنسکەوە وتی "تۆ پرسیاری ئەوەت لە من کرد کە چ شتێک وای لە من کرد دواجار لە دەستی ڕابکەم؟ لە ناچارییان ڕام کرد، چونکە سەرچاوەی ڕق و تووڕەیی و بێ بەزەیی ئەوم دۆزییەوە. دەمارەکانی سوور و ئەستوور دەبن کاتێ پڕ بە گوڕ و تینی خۆی بە شەپازللان لێم دەدات. سنووری لێدان و دڕندایەتی بەزاندبوو بەرەو کوشتن و بڕین دەچوو. زۆر چێژم لەوە وەردەگرت کە شێتم دەکرد: هەستکردن بە خۆشی، چێژ وەرگرتن وایان لێ کردم ئیتر خۆم لە مردن بپارێزم. ئێڵن، مرۆڤەکان لە بەر خۆشی و چێژ خۆیان ناکوژن، ئێستا خۆشی و چێژ لەم دونیایەدا بنبڕ بکرێت، هەموو خەڵک خۆی دەکوژێت. بۆیە خۆم لە دەستی ئازاد کرد، گەر جارێکی دیکە بچمەوە ژێر دەستەکانی ئەوا بێگومان تۆڵەی خۆی دەکاتەوە.

دەزانی کە دوێنێ بەڕێز هیندلی دەبوایە لەسەر تازیەکە با. بەڵام لە هۆش خۆی نییە، نا هیچ ئاگای لەم جیهانە نەماوە: ئەی ئەوە شێت نییە سەعات شەش دەخەوێت و لە دوانزە بە سەرخۆشی هەڵدەستێت. لە ئەنجامدا، لەسەرەخۆ هەڵسایەوە وەک بڵێی بۆ کەنیسە یان بۆ دانس دەچێت! لە بری ئەوە لای ئاگردانە دانیشت و دەستی کرد بە شەڕاب و براندی خواردنەوە.

هیتکلیف - دەولەرم ناوێرم ناویشی بێنم - لە یەکشەممەی ڕابردووەوە تا ئەمڕۆ وەک بێگانەیەک وایە لە نێو خانووەکە. نازانم فریشتەکان بە خێوی دەکەن یانیش خۆی بەهێزە، ئەوە بۆ ماوەی هەفتەیەکە یەک ژەمی نان لەگەڵ ئێمە نەخواردووە. هەمیشە لە بەرەبەیان دێتەوە ماڵێ و یەکسەر دەچێتە سەرێ بۆ ژوورەکەی، هەر سەیری خۆی دەکات وە ک بڵێی خەونی بە خۆ و بە هاوەڵەکەی دەبینێت! وەک قەشەکان بەردەوام دوعای دەکرد: ئەو خوایەی ئەو لێی دەپاڕێتەوە و بێ هەست و

پڕە لە تۆز و خۆڵ ئەو خوایەی ئەو ناوی دەهێنا وابزابنم وێنەی باوکە ڕەشەکەی بوو! ئەوەندەی دوعا کرد تا زمانی لە گۆ کەوت و وشک بوو، دەنگی نووسا، قوڕگی خوێنی لێ هاتە دەرەوە، ئیتر بێدەنگ بوو. دووبارە دەچووە دەرەوە، هەمیشە ڕاستەوخۆ ملی ڕێگەی بۆ گرەنج دەگرتە بەر! پێم سەیرە ئێدگار چۆن پۆلیس ئاگەدار ناکاتەوە و بە گرتنی نادات! بەش بە حاڵی خۆم من هیچ گوێم لێ نییە، چەند خەمم لە کاسرین خوارد هەر ئەوەندەش لەو.

ڕۆحم گەڕایەوە، بەرگەی ئەوەم گرت کە وانە نەمرەکانی جۆزیف بە بێ گریان فێر ببم، لە نێو خانووەکە سەر و خوارم دەکرد، بە قاچی یەکێکی ئاسایی نا لە ماڵەکە بەڵکو بە قاچی دزێکی ترسنۆک. ڕەنگە بیرت بۆ ئەوە نەچێت کە جۆزیف هەر شتێکی دەگوت من دەستم بە گریان دەکرد، بەڵام ئەو و هاریتۆن دوو کەسی پڕ لە ڕق و کینەن. بۆیە لای هیندلی دادەنیشتم، گوێم لە ڕۆیشتنە بێ حەوسەڵەکەی بوو. کاتێ هیتکلیف لە ژوورێ دەبوو، من هەمیشە دەچوومە موبەقەکە، یانیش ئەوەتا دەچوومە نێو ژوورەکان، کاتێکیش لە ماڵێ نەدەبوو ، وەک ئەم هەفتەیە، لە گۆشەیەکی خانووەکە کورسی و مێزێکم دادەنا، هەرگیز گوێم بەوە نەدەدا چۆن بەڕێز هیندلی خۆی دادەمەزرێنێت، بە هیچ شێوەیەکیش دەستی لە کاروباری من وەرنەدەدا . ئێستا لە جاران زۆر هێمن تر و لەسەرخۆیە، زۆر باشە گەر کەس هەستەکانی نەبزوێنێت: هەمیشە خەمبار و دڵسارد بوو بەڵام کەمتر تووڕە بوو. جۆزیف دڵنیایە لەوەی کە ئەو پیاوە بە تەواوی گۆڕاوە: کە خوا دڵی گۆڕیوە، خوا لە ئاگری دەپارێزێت، من حەپەسام کە نیشانەی گۆڕان بە سەریەوە ببینم، بەڵام ئەوە کاری من نەبوو.

دوێنێ شەو لە کتێبخانەکەم دانیشتم هەندێ کتێبی کۆنم خوێندەوە تا سەعات دوانزە. چوون بۆ سەرەوە زۆر پەستی دەکردم، بەفری تووڕە و توند دەرەوەی سپی پۆشیبوو، بەردەوام بیرم لای گۆڕەپانەکە و گۆڕە تازە دروستکراوەکە بوو! لە ترسانا نەمدەوێرا چاو لە سەرئەو پەڕە هەڵبڕم کە لە بەردەمم بوو، ئەو دیمەنە پڕ لە خەمە سازانێکی لەگەڵ شوێنەکە دروست کردبوو. هیندلی لە بەرابەری دانیشت، سەری بە سەر دەستەکانی کردبوو، پێ دەچوو بیری لە هەمان بابەت دەکردەوە. لە ماوەی دوو سێ سەعاتدا هەرچی شەڕابی بەردەمی بوو نۆشی و یەک وشە چییە لە دەمی نەهاتە



دەر، لە بیرکردنەوە و نۆشینی مەی هیچی تری نەدەکرد. خانووەکە کش و مات، قڕەی تێدا نەبوو بەڵام گڤەی با جار جارە پەنجەرەکانی دەهەژاند، مرۆڤە بێهێزەکە لە بەر ئاگرەکە چوار مەشقی لێی دانیشتبوو، کاتێ مۆمەکەم گواستەوە بۆ شوێنێکی تر، خشەی کەوشەکانم ئەو ناوەیان پڕ کرد. هاریتۆن و جۆزیف خێرا لە نێو جێگە خەویان لێ کەوت. زۆر زۆر بە خەم بوو: لە کاتی خوێندنەوەم هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا، پێ دەچوو خۆشی لەو جیهانەدا نەمابێت و هەرگیز نەشگەڕێتەوە.

بێدەنگییە بە ئازارەکە بە دەنگی دەرگای موبەقەکە شکا: هیتکلیف زووتر لە کاتی ئاسایی خۆی گەڕایەوە، وابزانم بەرگەی ئەو زریان و باو بۆرانەی دەرەوەی نەگرت. ئەو هاتنە ژوورەوەیە خێرا بوو، گوێم لێ بوو یەکێکی تریشی لەگەڵ بوو. هەڵسام و هەستم بە شتێک کرد لەسەر لێوەکانم، کە هاوەڵەکەی منی ورووژاند، بە ئاراستەی دەرگاکە ڕاما و بگەڕێتەوە سەیری من بکات.

وتی "بۆ ماوەی پێنج دەقیقە لە دەرەوەی دەهێڵمەوە، خۆ پێت ناخۆش نییە؟

وەڵامم داوە "خوای دەکرد تەواوی ئەم شەوە لە دەرەوە دەبوو. بیبە! کلیلەکە لە بەر چاوان دابنێ و دەرگاکە داخە."

هیندلی زانی کە میوانەکەی گەیشتە پێشەوە، پاشان هات و کورسیەکەی لە لاکەی تری مێزەکە دانا، سەری پێی کرد، لە چاوەکانم بە دوای سۆزێک دەگەڕا دڵی بلاوێنێتەوە: بە بکوژان دەچوو، ئەو هەستی بەوە نەدەکرد، بەڵام بای هەندێ ورەی هاتێ قسە بکات.

وتی "من و تۆ زۆر قەرزداری ئەو پیاوەی دەرەوەین! گەر ئێمە هەردووکمان ترسنۆک نەباین، ئەوا دەبووین بە یەک و قەرزەکانمان دەدایەوە. ئایا تۆش وەک براکەت نەرم و نیانی؟ بەرگەی ئەوە دەگریت تا کۆتایی وا بژی و هەوڵێک نەدەیت بۆ دانەوەی قەرزەکان؟"

وەڵامم داوە "ئێستا تاقەتی بەرگە گرتنم نەماوە، خۆشحاڵ دەبم بە تۆڵەیەک کە لەسەر خۆم نەشکێتەوە، بەڵام سەروەت و تووندوتیژی دوو ڕمن، ئەو کەسانە زیاتر بریندار دەکەن کە پشتیان پێ دەبەستن نەک دوژمنەکانیان.

هیندلی وتی "سەروەت و توندوتیژی پاشخانێکی عادیلانەن بۆ سەروەت و

توندوتیژی! خاتوو هیتکلیف (ئیزابێلا) داوات لێ دەکەم هیچ مەکە، وەک کەڕ و لاڵان دانیشە. ئێستا پێم بڵێ، دەتوانی؟ دڵنیام لەوەی کە تۆش بە قەد من خۆشحاڵ دەبی کە کۆتایی بوونی ئەو چەتوونە ببینی، گەر تۆ زاڵ نەبیت بە سەریدا ئەوا مردنی ئەو دەبێتە مردنی تۆ. ئەو دەبێتە تێکشکاندنی من. بە نەفرەت بێ ئەو چەقاوەسووە دۆزەخییە! بە شێوەیەک لە دەرگا دەدا وەک بڵێی پێشتر لێرە سەرۆک بووە! بەڵێنم پێ بدە کە زمانت نەگێڕی، پێش ئەوەی ئەو سەعاتە سەرە سەعاتی خۆی لێ بدات - سێ دەقیقەی دەوێ بە یەک - تۆ ئافرەتێکی ئازادی، پێش ئەوەی ببێتە سەعات یەک، خۆت ئازاد بکە!"

ئەو ئامێرانەی هێنا کە من لە نامەکەم باسم کرد، مۆمەکەی هێنا خوارەوە. ڕامپچکاند، بەڵام توند قۆڵەکانیشم گوشی.

وتم "من زمانم دەگێڕم، دەبێ قسە بکەم! تۆ دەستی مەدەرێ. با دەرگاکە هەر داخراو بێت و هێمن بە!"

مەخلوقە پەست و خەمبارەکە هاواری لێ هەستا "نەخێر! من بڕیاری خۆمم داوە، بەخوا هەر دەیکوژم!" من بەزەیی بە تۆ و دادوەری بە هاریتۆن دەبەخشم! تۆ بە منەوە سەری خۆت مەیەشێنە، کاسرین تازە ڕۆیشت. هیچ کەسێکی زیندوو ناتوانێت پەشیمانم بکاتەوە، یان ڕیسوام بکات، هەرچەندە لەم دەقیقەیەدا قوڕگی خۆم دەبڕم - ئێستا کاتی ئەوە هاتووە هەموو شتەکان کۆتاییان پێ بێت!"

ڕەنگە بڕیاری ئەوە بدەم لەگەڵ ورچێک شەڕ بکەم، یان لەگەڵ شێتێک هەڵبکەم. تاکە سەرچاوە بۆ من مابێتەوە ئەوەیە کە ڕابکەم و ئاگەداری بکەمەوە لە چارەنووسەکەی کە چاوەڕێی دەکات.

بە تۆنێکی سەرکەوتوانەوە وتم "وا باشترە ئەمشەو شوێنێکی تر بکەیتە پەناگەی خۆت! بەڕێز هیندلی بڕیاری ئەوەی داوە تەقەت لێ بکات، گەر سوور بی و هەر بێیتە ژوورەوە."

بە هەندێ وشە وەڵامی دایەوە کە من حەز ناکەم ئێستا هەمان ئەم وشانە بڵێمەوە، وەڵامی داوە "وا باشترە تۆ دەرگاکە بکەیتەوە، تۆ .."

دووبارە وتم "من پێوەندیم بەو مەسەلەیەوە نییە. وەرە ژوورێ و با بتکەن بە



قوربانی یەک فیشەک، گەر پێت خۆشە بمری وەرە ژوورەوە. ئەوەی لە ئەستۆی مندا بوو بە جێم گەیاند."

ئەمەم وت و پەنجەرەکەم داخستەوە و گەڕامەوە شوێنی خۆم لە لایەن ئاگرەکە، کەمێک دوو ڕووی م لە خۆما بەدی کرد چونکە ترسی هەڕەشەکردن لە ئارادا نەبوو. هیندلی سوێندی خوارد و وتی کە تا ئێستاش من ئەو هەتیوەم خۆش دەوێت، بە هەموو جۆرە ناوێک بانگی دەکردم. منیش لە نهێنی ناو دڵی خۆما بیرم لەوە دەکردەوە کە چەندە کارێکی بە بەزەیی دەبێت کە هیتکلیف لە ناخۆشی بیهێنێتە دەرەوە، چ بەزەییەک دەبێت بۆ من، هیتکلیف ڕەوانەی خانووی ڕاستەقینەی خۆی بکات! کاتێ دانیشتبووم و سەرقاڵی ئەو بیرکردنەوانە بووم، لەوحەکەی پشت سەرم لەگەڵ جووڵەی هیتکلیف هاتە خوارەوە، ڕەشاتییەکەی بە دیار کەوت. بینیم کە شانەکانی زۆر بە ئازار بوون، زەردەخەنەیەکم هاتێ، وام نیشان دا کە من زۆر بێ باکم قژ و جلەکانی سپی داپۆشرابوون بە بەفر، ددانە تیژ و پیاوخۆرانییەکەی بە هۆی سەرما و سۆڵەوە بە دیار کەوت، لە نێو ڕەشاتیدا دەبریسکانەوە.

بە دەردی جۆزیف دەڵێت مۆڕاندی و وتی "ئیزابێلا، لێ گەڕێ با بێمە ژوورەوە، ئەگینا تۆبەت پێ دەکەم!"

وەڵامم داوە "ناتوانم کەس بکوژم. بەڕێز هیندلی ئا لەوێ بە خۆی و چەقۆ و دەمانچەوە وەستاوە."

وتی "ڕێگە بدە با لە دەرگای موبەقەکەوە بێمە ژوورەوە."

وەڵامم داوە "هیندلی پێشە من لەوێ دەبێت. ئەوە خۆشەویستە هیچەکەی تۆیە کە ناتوانێت بەرگەی بەفر بگرێت! ئێمە بە ئاشتی بە جێ هێڵرابووین لە نێو پێخەفەکانمان تا ئەو کاتەی مانگی هاوین دەگەشایەوە، بەڵام ئەو ساتەی زستان دەتەقێتەوە، دەبێ ڕابکەیت بۆ پەناگەکە! هیتکلیف گەر لە جیاتی تۆ بام، لەگەڵ گۆڕەکەی پاڵ دەکەوتم و وەک سەگێکی بە وەفا لە تەکیەوە دەمردم. جیهان ئێستا شایەنی ئەوە نییە لە ناویدا بژیت، وانییە؟ تۆ کارێکت کرد کە ئێمە هەموومان باوەڕ بکەین کە کاسرین سەرچاوەی خۆشی تۆ بوو و هیچی تر: نازانم تۆ بە چ شێوەیەک دوای مردنی خۆشەویستەکەت دەژی."

هاوەڵەکەم چووە نێو بۆشاییەکە و وتی "لەوێیە، وانییە؟ گەر بتوانم بەس قۆڵم ببەمە دەرەوە دەتوانم لێی بدەم، بەس دەستم بیگاتێ!"

ئێلن، دەترسم. تۆ وەک خراپەکاران لە ئەرزیم دەدەی، بەڵام تۆ هەموو شتێک نازانی بۆیە هیچ بڕیاریش مەدە. من بە هیچ شێوەیەک یارمەتی نادەم، بە هیچ شێوەیەک هەوڵ نادەم هاوکاری بکەم لە ژیانیدا. خۆزگە بمردبایە و لە کۆڵ بوایەوە، بۆیە بە ترسەوە بێ ئومێد بووم، کاتێ هیتکلیف خۆی خستە سەر چەکەکەی هیندلی و لە دەستی ڕاپچکاند، من لە ئەنجامی قسەکانم تۆقیبووم.

تاوانەکە تەقییەوە، چەقۆکەش زۆر نزیک بوو لە مەچەکی خاوەنەکەی. هیتکلیف پڕ بە هێزی خۆی ڕایکێشا، سەرچیخ گۆشتی بڕی، خستییەوە یەک و خستییەوە ناو گیرفانی. پاشان بەردێکی هەڵگرت، دای لە ناوەڕاستی دوو پەنجەرەکە، پەنجەرەکانی وردو هەڕاکرد. دوژمنەکەی هەست و خوستی لێ بڕا، بە ئازار و لێشاوی خوێنەوە کەوتە خوارەوە، پێ دەچوو خوێنەکە لە شا دەمار یان دەمارێکی گەورەوە بێت. چەتوونەکە خۆی خستە سەری و لە بنە خۆی نا و چەندین جار سەری دا بە ئەرزەکە، لە هەمان کاتدا منی بە یەک دەست گرت و نەیهێشت بانگی جۆزیف بکەم. نەیویست بە تەواوی لەسەر دونیای ڕەش بکاتەوە، نەیویست تەواوی بکات، بەڵام هەناسەی لێ بڕی، دواجار وازی لێ هێنا و لاشە بێ هەستەکەی ڕاکێشا لایەک. لەوێ قۆڵی قاپووتەکەی هیندلی کردەوە، برینەکەی زۆر بەتوندی پێچاوە، لە کاتی پێچانەوەش هەموو شتێکی بە نەفرەت دەکرد، ڕق و کینەکەی بە قەد لێدانەکە بوو. منیش کە ئەو کاتە ئازاد بووم، هیچ کاتم بە فیڕۆ نەدا لە خزمەتکارە پیرەکە گەڕام، کە زۆر بە خێرایی دەهاتە خوارەوە، هەر دوو پایەکی بە شەقاوێک دەبڕی.

وتی "چییە دیسان، ئێستا چی بکەین، ها ئێستا چی بکەین؟"

هیتکلیف برووسکە ئاسا وتی "ئەم کارە بکە، ئەوەتا سەرۆکەکەت شێت بووە، ڕەنگە مانگێکی تر بخایەنێت. پاش ئەو مانگە دەیبەمە شەماعیەی شێتان. تۆ، ئەی نێچیری بێ دەم و ددان، هاتی بۆ ئەوەی من پەلبەست بکەیت و بمکەیتە دەرەوە؟ لەوێ بە منگە منگ و ورتە ورتەوە دامەنیشە. وەرە، من بەخێوی ناکەم. ئەو شتە لابەرە لە بەر چاوم، ئاگەداری پرووشکەکانی مۆمەکەت بە - زیاترە لە نیوەی



براندیەک دەچێت!"

جۆزیف دەست و چاوەکانی بە ترسەوە بەرز کردەوە، وتی "چییە دەیکوژیت؟ من هەرگیز تاوانی وام نەبینیوە! ئەی خوایە شتێکی ..."

هیتکلیف پاڵێکی پێوەنا، لە ناو گۆمی خوێندا کەوتە سەر ئەژنۆ، پەڕۆیەکی بۆ تێ هەڵدا، بەڵام لە بری ئەوەی ئەرزەکە وشک بکاتەوە، دەستەکانی وێک هێنانەوە و دەستی کرد بە دوعاکردن، کە لەم دیمەنەدا بە قسە هەڵیت و پەڵیتەکانی پێکەنینم دەهات. من هۆشم لە سەرە خۆم بوو، حەپەسانم بە هیچ شتێک نەدەهات: لە ڕاستیدا، من هیچ هەستی بەرپرسیاریم نەبوو، یان ئەوەتا خۆم لە شتەکان گێل دەکرد.

ستەمکارەکە (هیتکلیف) وتی "ئۆه، تۆم لە بیر کرد. کەی ئێستا کاتی دوعایە، بە نەفرەت بی. تۆش لەگەڵ ئەو پیلانم لە دژ دەگێڕی، ها، هەی بەراز؟ ئا ئەوەتا، ئەم کارە شایەنی تۆیە!"

ئەوەندە منی ڕاهەژاند تا ددانەکانم کەوتنە جیڕە، منی لای جۆزیف بە ئەرزی دادا، کە هەر خەریکی دوعاکردن بوو، پاشان هەڵسایەوە، سوێندی خوارد کە ڕاستەوخۆ بچێتە گرەنج. بەڕێز ئێدگار بڕیاردەر بوو، گەر پەنجا ژنی مردبێت، هەر دەبێ تەداخولی ئەم مەسەلەیە بکات. لە بڕیارەکەی زۆر کەللە ڕەق بوو، کە هیتکلیف ڕقی ئەویشی بە من دەڕشت، لەسەر سەری من وەستابوو، پرسیار بارانی کردم منیش وەک خزمەتکارێک بگرە کەمتریش وەڵامم دەدایەوە. زۆری دەویست تا لەو پیاوە پیرە بگەیەنیت کە هیتکلیف شەڕانگێز و دوژمن نییە. بە تایبەتی بەو وەڵامە ڕەقانەی من. بەڵام، بەڕێز هیندلی قەناعەتی پێ کرد کە نەمردووە و لە ژیاندا ماوە، جۆزیف خێرا هاوکارییە سەرەتاییەکانی بۆ کرد و سەرۆکیش کەمێک کەوتە جووڵە و هۆشی هاتەوە بەر. هیتکلیف زۆر بە قسەکانی جۆزیف پەست ببوو، دواتر هیچی نەوت و ئێمەی بە جێ هێشت، هیندلی لە لایەک درێژ کەوت. منیش چوومە ژوورەکەم، وامزانی کە زۆر بە ئاسانی لە دەستی دەربازم بوو.

ئەم بەیانییە، کاتێ هاتمە خوارەوە، نزیکەی نیو سەعات پێش نیوەڕۆ، بەڕێز هیندلی لە لای ئاگرەکە دانیشتبوو، زۆر نەخۆش بوو، چەتوون و شەڕانگێز و

ئاژاوەگێڕەکە سەری بە لایەکی ئاگردانەکە کرد بوو. هیچ کامیان ئارەزووی نان خواردنیان نەبوو، هەر نەهاتن تا هەموو خواردنەکەی سەر مێزەکە سارد بووەوە. بە تەنیا نانم خوارد. هیچ شتێک ڕێگەی لێ نەگرتم و تێر تێر نانم خوارد، کاتێ سەیری هەردوو هاوەڵە بێدەنگەکەم کرد، هەستم بە ئاسوودەبوونی ویژدانم کرد. چوومە لای هیندلی و لەسەر ئەژنۆ لە گۆشەیەک لە تەنیشت ئەو دانیشتم.

هیتکلیف نەیزانی من چوومەتە ئەوێ، سەرم هەڵبڕی، بیرم لەوە کردەوە کە ئەم پیاوە هیچ سیفەتێکی نەرمی تیا نییە جگە لە سیفەتی بەرد هیچ سیفەتێکی مرۆڤانەی نییە. نێوچەوانی، کە من ڕۆژێک لە ڕۆژان زۆر پیاوانە دەهاتە بەرچاوم، ئێستا دەزانم کە زۆر دۆزەخییە، پەڵە هەورێکی چڕی لەسەر نەخشێنرابوو. چاوەکانی ورتە ورتیان بوو چونکە ماوەیەکی زۆر بوو نەخەوتبوو، چاوەکانی ئەبڵەق ببوون چونکە گریابوو، ئەوەندە گریا بوو تا ئەو کاتەش برژانگەکانی هەر تەڕ بوون: لەسەر لێوەکانی نووسرا بوو ناشادی بێ کۆتا. لە کەیسی ئەودا، زۆر سوپاسگوزار بووم: تەنیا ئەو کاتە دەمزانی کە چێژی هەڵە بەرامبەر هەڵە چەند خۆشە.

من قسەم پێ بڕی "نا، نا خاتوون! یەک نەزانێت دەڵێت تۆ هەرگیز لە ژیانتدا ئینجیلت نەکردووەتەوە. گەر خوا دەرگایەکت لێ داخا دە دەرگات لێ دەکاتەوە. وابزانم ئەم قسەیە ئازاری بۆ هەمووان دەبێت!"

بەردەوام بوو "، ئێلن، بە گشتی ئازاری بۆ هەمووان دەبێت، بەڵام چ بەڵایەک بە سەر هیتکلیف من قایل دەکات گەر دەستێکی منی لەگەڵ نەبێت؟ لام گرنگ نییە ئازاری زۆر بێت یان کەم، بەڵام ئەوە گرنگە کە بەڵایەکی بە سەر بێت من سەرچاوەی هۆی دروستبوونی ئەو بەڵایە بم. ئۆه، من زۆر قەرزداری ئەوم تەنیا لەو حاڵەتەی کە ئایا دەتوانم لێی خۆش بم. حەز دەکەم ئازارەکەی هەردووکمان بەرامبەر بێت، چاو بە چاو و ددان بە ددان، چونکە هەموو شوێنێک ئازاری تایبەتی خۆی هەیە: حەز دەکەم تا ئاستی خۆم کەمی بکەمەوە. لە بەر ئەوەی یەکەم کەسە بریندار دەبێت، دەبێ یەکەم کەسیش بێت بە دوای پۆزشدا بگەڕێت، پاشان بۆچی من هەندێ بەزەیی بەرامبەر بە تۆ نیشان بدەم. بەڵام بە دەم زۆر زەحمەتە من بتوانم تۆڵەی خۆم بکەمەوە، بەڵام دەتوانم بۆ هەمیشە لێی خۆش نەبم. هیندلی داوای هەندێ ئاوی کرد،



گڵاسێک ئاوم دا دەستی، دواتر لێم پرسی ئاخۆ تەندروستی چۆنە.

وەڵامی دایەوە "بە قەد ئەوەی خۆم دەمەوێ نەخۆش نیم. بەڵام هەموو گیانم بە ئازارە، هەموو بەشێکی جەستەم ئەوەندە بە ئازارە دەڵێی لەگەڵ ڕەوە جنۆکان بە شەڕ هاتووم.

پاشان وتم "بەڵێ، هیچ سەیر نییە. کاسرین هەمیشە لە نێوان تۆ و ئازاری جەستەیدا دەوەستا: مەبەستی لەوەش ئەوە بوو کە خەڵکی ئازاری تۆ نەدەن و خۆیشی نەتۆقێنن. خەڵکی باش لە گۆڕەکانیان قیت نابنەوە، یان شەوی ڕابردوو ڕەنگە ئەو دیمەنە کاریگەرەی بینیبێت! تۆ ئازارت پێ نەگەیشتووە، ئازار جەستەی پارچە پارچە نەکردووی، ئازار سنگ و شانەکانی لێ جیا نەکردوویەوە؟"

وەڵامی داوە "ناتوانم هیچ شتێک بڵێم، بەڵام مەبەستت چییە؟ کاتێ کەوتبوومە خوارەوە وێرا لێم بدات؟"

بە وسپەیەکەوە وتم "بەربووە گیانت و تێری کوتای و لە ئەرزی دای. دەمیشی لیکی دەکرد، ددانەکانی جیڕ کردبوونەوە تا ونجن ونجنت بکات، چونکە ئەو تەنیا نیوەی مرۆڤە، نیوەکەی تریشی وەحشە."

بەڕێز هیندلی، وەک من، سەری هەڵبڕی و سەیری ڕووی ئەو دوژمنەی ئێمەی کرد کە چاوی سوور هەڵگەڕابوو، دیار بوو هەستی بەسەهیچ شتێکی دەوروبەری نەدەکرد: چەند دەوەستا، ئەوەندەش ڕووی ڕەشتتر و دڕندەتر دەهاتە بەر چاو.

"ئۆه، گەر خوا هێزم پێ ببەخشێتەوە بۆ لە دواهەمین ئازارمدا، توند سورێنچکی بگوشم، ئەوکاتە زۆر بە خۆشحاڵییەوە دەچمە نێو دۆزەخ" پیاوە بێ سەبرەکە ئەم قسەی وت و ویستی هەڵسێتەوە، پاشان چۆوە نێو بێ ئومێدی، قەناعەتی بەوە هات کە ناتوانێت ئەو شەڕە بکات.

بە دەنگێکی بەرز وتم "نەخێر، ئەوەندە بۆ ئەو بەسە کە یەکێکی لە ئێوە کوشت. لە گرەنج هەموو کەسێک دەزانێت کە خوشکی گەر لە بەر بەڕێز هیتکلیف نەبوایە، ئێستا لە خۆشترین ژیاندا دەژیا. بە هەر حاڵ، هیتکلیف ڕقی لە یەکێک بێت زۆر باشترە لەوەی کە خۆشی بوێت. کاتێ ئەوەم بیر هاتەوە ئێمە چەندە دڵخۆش بووین - کاسرین چەندە دڵخۆش و ڕوو خۆش بوو پێش ئەوەی هیتکلیف بێت - ئاخر لە بەر

هەندێ مافی خۆمە نەفرەت لە زەمانە بکەم."

هێتکلیف بەم قسانە ڕاستییەکەی بۆ ڕوون بووەوە نەک قسەیەکی پووچ و هیچی تر. ئەم قسەیە زۆر ئازاری ویژدانی هیتکلیفی دا چونکە، خۆم بینیم، چاوەکانی وەک بارانێکی بە کوڵ فرمێسکی لێ دەڕژا، هەنسکەکانی خەریک بوو بیخنکێنن. بەوردی تێی ڕامام، بە گاڵتەجارییەوە پێی پێکەنیم. پەنجەرە هەورینەکانی دۆزەخ بۆ ساتێک ئاوڕیان لە من داوەتەوە، هیتکلیف ئەوەندە مەست ببوو، ئەوەندە دڵ پڕ لە خەم و بە ئازار بوو هۆشی لە دونیای دەوروبەری نەبوو، بەڵام زۆریش لە چاوەکانی دەترسام بۆیە هیچی تر گاڵتەم پێ نەکرد.

تازیەدارەکە وتی "هەڵسە و برۆ، لە بەرچاوم ون بە."

ئەوەندە بێ هەست و خوست بوو، دەنگی بە ئاستەم دەگەیشتە گوێم.

وەڵامم داوە "ببووره، چیت وت؟ منیش کاسرینم خۆش دەویست، لە بەر خاتری براکەشی هەر دەمێنمەوە. ئێستا کە ئەو مردووە، ئەو لە ناخی هیندلیدا بەدی دەکەم: چاوەکانی هیندلی وەک چاوەکانی کاسرین وایە، گەر تۆ هەوڵی کۆڵینی ئەو چاوانەت نەدابا، و ڕەش و سوورت نەکردبا، ..."

بە شێوەیەک جووڵایەوە، وای لە من کرد منیش هەنگاوێک بۆ پاشەوە بهاوێژم، وتی "هەڵسە، ئەی گەمژەی بێ مێشک، برۆ لێرە تا ڕەوانەی مردنم نەکردی!"

خۆم ئامادە کرد بۆ هەڵاتن، بەردەوام بووم "بەڵام گەر کاسرینی داماو متمانەی بە تۆ کردبا، دڵخۆش و ڕووخۆش وەک جاران ژیابا، وەک خانمی هیتکلیف بە خۆشی بژیابا، ئەوا بە هەموو لایەک دەکەوتە خۆشییەوە! بەڵام ئەو بەرگەی هەڵسوکەوتە جارسکەرەکانی تۆی نەگرت: ڕق و کینەی دەبوایە دەنگێک، یارمەتییەکیان بدۆزیباوە."

هیندلی کەوتە نێوان هەردووکمان، لە بری ئەوەی هەوڵی ئەوە بدات بگاتە من، لەسەر مێزەکە دەستی کردە چەقۆیەکی نانخواردنی ئێواران و ڕاست بە ئاڕاستەی سەرمدا هاویشتی. بە بنا گوێم کەوت، ئەو ڕستەیەی کە خەریک بوو تەواوی بکەم، بۆم تەواو نەکرا و وەستام، چەقۆیەکم ڕاکێشا دەرەوە، چوومە لای دەرگاکە چەقۆیەکی تری بۆ هاویشتم، کە لە گوللە تۆپێک قووڵتر بە نێو دیوارەکەدا ڕۆچوو.



دواهەمین نیگا لەسەر ئەو کە ئێستاش لە بەر چاومە ئەوە بوو کە تووڕەییەکەی بێ وێنە بوو، بەڵام میوانەکەی توند گرتی و هەردووکیان کەوتنە سەر ئەزری. کاتێ بە دەرگای موبەقەکەدا هەڵاتم بە ئاماژە دەستم بۆ جۆزیف بڵند کرد بچێتە لای سەرۆکەکەی. بە سەر هاریتۆن کەوتم کە لە نێو دەرگاکە خەریکی یاریکردن بوو لەگەڵ تووڵەکەی، داوای لێبووردنم لێ کرد وەک ئەوەی من بۆ نێو دونیای پاکبوونەوە هەڵدەهاتم، سەرم بۆ خوار هێنا و ملی ڕێگەکەی پشتەوەم گرت، ڕاستەوخۆ چوومە نێو بەیارەکان، بە نێو پووش و پەڵاش و درەختە ترسناکەکاندا هەڵاتم: بە ئاڕاستەی ئەو ڕووناکییە ڕۆیشتم کە لە گرەنجەوە تیشکی دەدا. نەمویست بۆ تەنیا ساتێکیش لە بانەکانی وێزەرینگ نەمێنم، هەرچەندە شەویش بوو هەرگیز لەوێ نەمامەوە. ئەوەی بستێک لە بانەکانی وێزەرینگ دوور بێت دوو ئەوەندە لە خوا نزیک دەبێتەوە.

ئیزابێلا لە قسەکردن وەستا و قومێکی لە کووپە چایەکەی بەردەمی دا، پاشان هەستایەوە، بە دەست ئاماژەی بۆ کردم جلەکەی لە بەر بکەمەوە، شاڵە گەورەکەم بە سەر شان و سنگی دادا، هەرچەندی مردم و سۆتیم بۆ سەعاتێکی تر نەمایەوە، چووە سەر کورسییەک، وێنەی ئێدگار و کاسرینی ماچ کرد، هەمان ماڵئاوایی لە من کرد، چووە نێو عارەبانەکە، فانی (ناوی سەگ) بە دوای کەوت، کە لە خۆشییانا دەستی بە حەپین کرد کاتێ چاوی بە ئیزابێلا کەوت. بە جۆرێک ڕۆیشت، پێ دەچوو هەرگیز جارێکی تر بە سەردانیش بەو ناوەدا نەیەتەوە: بەڵام پێوەندییەک هەبوو لە نێوان ئەو و سەرۆکەکەم کاتێ شتەکان هەندێ هێور بوونەوە. وابزانم خانووە نوێیەکەی لە باشوورە، لە نزیک لەندەنە، چەند مانگێک دوای هەڵاتنەکەی کوڕێکی بوو. بە ناوی بنەماڵەی لینتن کرا نەک هیتکلیف، یەکەم جار، هەروەک خۆی باسی کرد، مناڵێکی لەڕ و لاواز و بوودەڵە بوو.

ڕۆژێکیان بەڕێز هیتکلیف لە لادێکە چاوی بە من کەوت، لێمی پرسی ئیزابێلا لە کوێ دەژی. منیش پێم نەوت. وتی کە لە بەر هیچ شتێکی نییە، بەس ناشبێ بگەڕێتەوە لای براکەی، دەبێ ئاگەداری ئەو مەسەلەیە بێت: گەر براکەی لای پاراستبی، ئەوا نابێ لەگەڵ ئەودا بێت. هەرچەندە من هیچ زانیارییەکم نەدرکاند، بەڵام لە لایەن هەندێ خزمەتکاری ترەوە بە شوێنی دانیشتن و وجوودی مناڵەکەی

زانی. هێرشی نەکردە سەر، بۆ ئەمەیان دەبێ سوپاسی ڕقەکەی بکات. زۆرجار پرسیاری لە منداڵەکەی دەکرد، کاتێ منی بینی و گوێی لە ناوی منداڵەکە بوو، بە سەرسەختییەوە زەردەخەنەیەکی هات و وتی "حەز دەکەن ڕقم لەویش بێتەوە، وا نییە؟"

وەڵامم داوە "پێم وا نییە حەز بکەن هیچ شتێک لە بارەی ئەو منداڵەوە بزانی.

وتی "بەڵام هەر کاتێک بمەوێت هەموو شتێکی لەسەر دەزانم، بۆ ئەوەیان شەکریان خوارد!"

خۆشبەختانە دایکی منداڵەکە (ئیزابێلا) پێش ئەوەی هیتکلیف بگات گیانی لە دەست دا، سیانزە ساڵ دوای نەمانی کاسرین، کاتێ لینتن (کوڕی ئیزابێلا و هیتکلیف) تەمەنی بووە دوانزە ساڵ شتێک زیاتر.

لەو ڕۆژەی ئیزابێلا سەردانێکی چاوەڕوان نەکراوی ئێمەی کرد، من هیچ دەرفەتێکم بۆ نەڕەخسا قسە لەگەڵ سەرۆکم (ئێدگار) بکەم: ئامادە نەبوو لەسەر هیچ شتێک گفتوگۆ بکات. کاتێ توانیم وای لێ بکەم گوێ لە قسەکانم بگرێت، زۆر خۆشحاڵ بوو بەو هەواڵەی کە خوشکی (ئیزابێلا) مێردەکەی بە جێ هێشتووە، کە دوای مێردکردنی، زۆر زۆر ڕقی لە هیتکلیف هەڵسابوو. ڕق و کینەکەی زۆر هەستیار و قووڵ بوو، نەیدەویست بە هیچ شێوەیەک نە گوێی لە دەنگی بێت نە بشیبینێت. پەژارە و هەموو ئەو شتانە پێکەوە ئەو مرۆڤەیان بۆ نێو تەنیاییەکی بێ وێنە گوێزایەوە: نووسینگەی دادوەرییەکەی هەڵوەشاندەوە، هیچی تر سەردانی کەنیسەی نەدەکرد، لە هەموو بۆنەکاندا لە لادێکە دابڕابوو، ژیانی لە تەنیاییدا زۆر تەسک کردەوە، تەنیا لە نێو پارک و زەوییەکانی خۆی بە سەری دەبرد، بە تەنیا لە نێو بەیارەکاندا هامشۆی دەکرد، جار جارە سەردانی گۆڕی خێزانەکەی دەکرد، زیاتر بە شەوان یان بەیانی زۆر زوو پێش ئەوەی هیچ کەسێکی تر لە گۆڕستان بێت سەردانی گۆڕی خێزانەکەی دەکرد. بەڵام ئەوەندە باش بوو کە ئەم بەزمە ماوەیەکی درێژی نەخایاند. دوعای بۆ گیانی کاسرین نەدەکرد تا بێزاری بکات. دواتر دەستی لە کار کێشایەوە، تووشی خەمۆکی بوو، خەمۆکییەک شیرینتر لە خۆشییەکان! بە سۆز و خۆشەویستییەکی قووڵەوە یادەوەرییەکانی دەهاتەوە یاد، هەمیشە هیوای بە



جیهانێکی باشتر دەخواست، ئەو جیهانەی کە تیایدا گومانی لە ونبوونی کاسرین هەبوو.

دڵخۆشی و سەرەخۆشی دونیای دەداوە. وتم، بۆ چەند ڕۆژێک هیچ هۆشی لای میراتگرەکەی نەبوو: ساردییەکە وەک بەفر لە مانگی چوار توایەوە، منداڵە بچووکەکە وردە وردە دەهاتە پێش چاوی، ناوی کاسرینی لێ نا بەڵام هەرگیز بە تەواوی ناوەکەی بانگ نەدەکرد کەچی هەرگیز بە کورتی بانگی کاسرینی نەدەکرد: چونکە هیتکلیف عادەتی وەها بوو بە کورتی بانگی کاسرینی دەکرد، پێی دەوت کاسی. بۆیە ئێدگار بەو منداڵەی دەوت کاسی: ئەمە بە ڕای خۆی جیای دەکردەوە لە دایکی، پێوەندی نێوان کاسی بچووک و ئێدگاری باوکی پێوەندییەکی کچ و باوکایەتی نەبوو، بەڵکو تەنیا پێوەندییەکی سادە وەک یەکێکی گەورە و کچێکی بچووک.

زۆر جار جیاوازیم دەکرد لە نێوان ئێدگار و هیندلی ئێرنشۆ، بۆ خۆم لێکم دەدایەوە بۆچی هەڵسوکەوتیان لە هەمان بارودۆخدا دژی یەکترە. هەردووکیان دوو مێردی زۆر باش بوون، هەردووکیان زۆر دڵیان لای منداڵەکانیان بوو، باوەڕم نەدەکرد کە هەردووکیان نزیکەی هەمان ڕێگەیان دەگرتە بەر، جا چ بۆ باشە چ بۆ خراپە بوایە. بەڵام، بۆ خۆم بیرم دەکردەوە کە هیندلی هەرچەندە کەللە ڕەقتر بوو، زۆر خەمبار و خراپتر و بێ هێزتر دەهاتە بەر چاو. کاتێ کەشتییەکەی تێک شکا، دەریاوانەکە پێگەی خۆی واز لێ هێنا، هەروەها تاقمی کاریش لە بری ڕزگارکردنی کەشتییەکە، سەریان لێ شێواو دەمار گیر بوون، هیچ هیوا و ترووسکاییەکیان جێ نەهێشت بۆ کەشتییە بەدبەختەکە. بە پێچەوانەوە ئێدگار پاڵنەرێکی ڕاستی دڵسۆزی و گیانی وەفایی خستە ڕوو: باوەڕی بە خوا هەبوو، خواش لە بەرابەر ئەوە ژیانێکی خۆشی بۆ دابین کرد بوو. یەکێکیان هیوای هەبوو، ئەوەکەی تریان بێ هیوا و ئومێد بوو: خۆیان چارەنووسی خۆیان هەڵبژارد، بەرگەی هیچیان نەگرت. بەڵام گوێت لە وتاری من نابێت، بەڕێز لۆکود تۆ بڕیار دەدەیت، بە قەد من دەتوانی بڕیار لەسەر هەموو ئەو شتانە بدەی، بە لایەنی کەم، تۆ دەزانی کە دەتوانی، بڕیاری تۆ هەمان بڕیاری منە. کۆتایی ئێرنشۆ (هیندلی) شتێک بوو چاوەڕێ دەکرا و ڕێی تێدەچوو، زۆر خێرا دوای تەواو بوونی خوشکەکەی بوو: تەنیا شەش مانگ نێوانیان هەبوو،

هیندلیش مرد. ئێمە لە گرەنج هیچ زانیارییەکی وامان پێ نەگەیشت کە حاڵەتی چۆن بوو، بەڵام ئەوەی کە من زانیم ئەوە بوو کاتێ خۆم ئامادە دەکرد بچمە سەر تازیە و یارمەتییان بدەم، بەڕێز کینیس هاتە ژوورەوە بۆ ئەوەی ڕووداوەکە بە ئێدگار بڵێ.

وتی "ئێی هێی نیلی! هەرگیز ئێمە لە هەواڵی ناخۆش دانابڕێین، هیچ بەیانییەک ئێمە خۆشیمان نەبینیوە جگە لە بیستنی هەواڵی کتوپڕ و ناجۆر. "بەیانی نۆرەی من و تۆش دێت. دەزانی ئێستا کێ مردووە؟"

بە واق وڕماوییەوە پرسیم "کێ؟!"

وەڵامی داوە "بۆچی مەزندەت کار ناکات! دەسماڵێک بێنە چونکە پێویستت پێی دەبێت!"

بە سەرسامییەوە وتم "بێگومان بەڕێز هیتکلیف نەمردووە؟"

دکتۆر کینیس وتی "چی! جا توخوا بۆ هیتکلیف فرمێسک دەبارێنی؟ نا هیتکلیف وا زوو نامرێت، تاز بینیم، تۆزێ خۆشحاڵ بوو. وا خەریکە گۆشت دەگرێتەوە چونکە لە ماوەی ڕابردوو نیوەی لە دەست دابوو."

ئۆقرەم لێ برا و پرسیم "ئەی کەواتە دکتۆر کینیس، کێ مردووە؟"

وەڵامی داوە "هیندلی ئێرنشۆ مرد! هاوڕێ کۆنەکەت، هیندلی. بوختان پێکەرەکەی من: لە ژیانیدا بەرامبەر بە من زۆر خراپ بوو. ئا ئەوەتا! وتم ئێمە دەبێ ئاو لە چاومان بێتە خوارەوە. بەڵام دڵخۆش بە! مردنەکەی شایەنی خۆی بوو: وەک پیاوماقووڵان کاتێ مرد سەرخۆش بوو. پیاوێکی داماو بوو! منیش زۆرم پێ ناخۆشە. کەس بەرگەی ئەوە ناگرێت کە هاوڕێیەکی کۆنی خۆی لە دەست بدات: هەرچەندە زۆر فڕوفێڵی لە من کردووە، بەڵام هەر ناخۆشە. پێ دەچوو تەمەنی ٢٧ ساڵ دەبوو، ئەوە تەمەنی تۆیە: کێ دەزانێ ئێوە لە یەک ساڵدا لە دایک بوونە؟"

من دانی پیا دەنێم کە ئەم ڕووداوە دڵتەزێنە زۆر کاری تێ کردم و تووشی حەپەسانێکی سەیر بووم زۆر قووڵتر لە مردنی کاسرین: یادەوەرییەکانم لە کاتی خۆیدا موچڕکێکی بە ناخمەوە هێنا، لە هەیوانەکە دانیشتم و دەستم کرد بە فرمێسک هەڵڕشتن وەک بڵێی یەکێکی زۆر نزیکم مردبێت. حەزم لێ بوو خزمەتکارێکی تر بێت دکتۆر کینیس بەرێتە لای ئێدگار. خۆم پێ نەگیرا و دەستم



کرد بە پرسیاری هەڵیت و پەڵیت -"قومار کردنەکەی عادیلانە بوو؟" هەرچییەکم کرد، ئەو ڕووداوە هەر هەراسانی کردم: بۆیە یەکسەر چوومە لای سەرۆکەکەم و داوای ئەوەم لێ کرد ڕێگەم پێ بدا بچمە بانەکانی وێزەرینگ و دواهەمین ئەرکی خۆم بە جێ بگەیەنم بۆ مردووەکە. بەڵام هیندلی زۆر دڵگران بوو و ڕازی نەدەبوو، بەڵام لە ڕێگەی هاوڕێیەتییەوە داوام لێ کرد، پێم وت کە سەرۆکە کۆنەکەم بۆ من لە برایەک زیاتر بوو ، زۆر باش بوو لەگەڵ من. لەگەڵ ئەوەشدا ، بیرم هێنایەوە کە منداڵەکەی هاریتۆن برازای کاسرینە، هەروەها کە ئێستا ئەو نزیکترین خزمی هاریتۆنە، دەبێ وەک پاسەوانێک ڕۆڵ بگێڕێت، دەبێ پرسیاری ئەوەش بکات کە سەروەت و موڵکی چۆن بە بادا چوو، دەبێ خەمێک لە زاواکەیان بخوات. ئێدگار زۆر پێی خۆش نەبوو سەری خۆی بەو بەزمانەوە قاڵ بکات، بەڵام یارمەتی دام کە قسە لەگەڵ پارێزەرەکەی بکەم، پاش ماوەیەکی زۆر ڕێگەی پێ دام بچمە بانەکانی وێزەرینگ. هەمان پارێزەرەکەی باوکی بوو: بانگم کردە لادێکە، داوام لێ کرد لەگەڵم بێت. سەری نەرێی لەقاند و وتی کە دەبێ هیچ لەگەڵ هیتکلیف نەکرێت و وازی لێ بێنن، گەر ڕاستییەکە بە دەر بکەوێت ئەوا هاریتۆن دەبێ سواڵ بکات.

وتی "کاتێ باوکی هاریتۆن مرد، زۆر قەرزدار بوو، تەواوی موڵکەکەی قەرزەکەی پێ درایەوە، بۆیە کوڕەکەی یەک فلس لە میراتەکەی بەر ناکەوێت، گەر سووریش بێت ئەوا هێشتا قەرز ماوەتەوە دەبێ بچێت سواڵ بکات تا دەیداتەوە."

کاتێ گەیشتمە بانەکان، ئەوەم بۆ شیکردنەوە کە هەموو شتێک دەبێ بە شایستەیی ئەنجام بدرێ، جۆزیف کە زۆر پەست دەهاتە پێش چاو، قایل بوو بە وجوودی من لەوێ. بەڕێز هیتکلیف وتی کە پێم وانییە تۆ پێویست بیت و ئیتر کەس بانگی تۆی نەکردووە، کەس پێوەندی بە سەرەوە نییە، بەڵام گەر بمەوێت دەتوانم فەرمان بە سەر هەموو شتێکی تازیەکەدا بکەم.

وتی "بەڕاستمە ئەو لاشە گەمژەیە دەبێ لەسەر شەقامەکان بنێژرێت، پێویست بە هیچ جۆرە مەراسیمێک ناکات. من دوێنێ ئێوارە بۆ ماوەی ١٠ دەقیقە بە جێم هێشت، پاش ئەوەی چوومە دەرەوە هەردوو دەرگاکەی لەسەر توند قایم کرد، پاشان تا مرد شەڕابی خواردەوە، بە ئەنقەست ئەوەندەی خواردەوە تا بمرێت! ئێمە کاتێ

ئەم بەیانییە هەستاین لە خەو، گوێمان لەو بوو وەک ئەسپ وەرزشی دەکرد، ئا ئەوەتا ئەوە چارەنووسی بوو: ئێستا هەرچی لێ بکەیت ناگەڕێتەوە. بە دوای کینیسم نارد، بەڵام تا ئەو هات، ئەو گەمژەیە گیانی لە دەست دا: هەم سەرمای بوو، هەم مردبوو! بۆیە پێویست ناکات هیچ شتێکی بۆ بکەی، هەر شایەنی هیچیش نییە!"

خزمەتکارە کۆنەکە (جۆزیف) ئەم قسەیەی دووپات کردەوە.

من سوور بووم لەسەر ئەوەی کە مەراسیمی ناشتن و تازیەکە دەبێ بە ڕێزەوە ئەنجام بدرێت. بەڕێز هیتکلیف وتی کە ڕەنگە من لەوێش ڕێگەی خۆم هەبێت: تەنیا، حەزی کرد ئەوەم بیر بێتەوە کە مەسرەفی ئەم هەموو بەزم و ڕەزمەی تازیە لە گیرفانی ئەو دێتە دەرەوە. بە شێوازێکی سەیر کاروبارەکان دەچوون بەڕێوە، نە خۆشی بوو نە ناخۆشی: هەر شتێک بێت، ئەوانی بە کارەکە هەڵسابوون وەک بڵێی سوغرەیان پێ بکەیت سەر و دەم و چاویان ترشابوو. هیتکلیف خۆشی لە ڕوخساریدا دەباری: ئەو کاتە تازە خەڵکی کفنەکەیان لە ماڵەوە هەڵگرت بۆ دەرەوە. زۆر شارەزا بوو لە دووڕوویی چونکە خۆی بە تازیەدارێکی بە ئەمەک دەخستە بەر چاوان. چووە لای هاریتۆن و هەڵیگرت و لەسەر مێزەکەی دانا و بە منگەیەکی سووکەوە وتی "ئێستا کوڕە جوانەکەم، تۆ هی منی! با بزانین چیت لێ دەردەچێت، گەر لقی دار وەک دارەکە خۆی بە هەمان گڤە با نەچەمێتەوە!" ئەو شتەی کە کەس چاوەڕێی نەدەکرد لەم قسەیەدا بە دیار کەوت: منداڵەکە یاری بە خەنافسی هیتکلیف دەکرد، ڕوومەتی ڕادەکێشا، بەڵام من لە مانا شاراوەکەی گەیشتم، بوێرانە وتم "گەورەم، ئەو کوڕە دەبێ لەگەڵ من بێتەوە سرەسکرۆس گرەنج. گەر هەموو شتێک لە جیهاندا هی تۆ بێ، بەس ئەو منداڵە هی تۆ نییە!"

پرسی "ئەوە ئێدگار وا دەڵێ؟"

وەڵامم داوە "بێگومان - فەرمانی بە من کردووە کە لەگەڵ خۆمی بەرمەوە."

چەتوونەکە وتی "ئێستا دەمە دەم ناکەین لەسەر ئەم بابەتە: بەڵام حەز دەکەم یەکێک بە خۆم پەروەردە بکەم، کە نزیک بێت لە سەرۆکەکەت و منیش شوێنێکی لەسەر حیسابی خۆم بۆ دابین بکەم، گەر بیەوێت لایبەرێت. سەری خۆم بەوە نایەشێنم مشتومڕ لەسەر هاریتۆن بکەم، بەڵام جوان لەوە دڵنیام کە دەبێ ئەوەکەی



تر بێت! ئەوەت لە بیر بێت، پێی بڵێ."

ئەم قسەیە بەس بوو بۆ تێکەڵکردنی دەستەکانمان، کاتێ گەڕامەوە شتەکانم گێڕایەوە، ئێدگار لینتن کەمێک گرنگی بە قسەکان دا، هیچی تر لەسەر مەسەلەکە نەڕۆیشت. بەڵام لەوە دڵنیا نەبووم کە ئیتر ئەو پیاوە بۆ هەموو مەسەلە و شتێک وا دەبێت.

میوانەکە (هیتکلیف) ئێستا سەرۆکی بانەکانی وێزەرینگ بوو: هەموو موڵکەکە بۆ ئەو مایەوە، بۆ پارێزەریشی سەلماند کە بست بە بستی زەویوزای هیندلی دەبێتە موڵکی خۆی چونکە هیندلی پارەی وەرگرتووە بۆ قومارکردن سلە بری ئەو خانووە، واتە خانووەکەی لە ڕەهن دانابوو لە بەرابەر وەرگرتنی پارە لە هیتکلیف بۆ قومارکردن. هاریتۆنیش کە یەکەم پیاوماقووڵی ئەم ناوچەیە دەبێت، سەربەخۆییەکەی قۆرخ کرابوو لە لایەن دوژمنی باوکی. هیتکلیف چارەنووسی ئەویشی یەکلایی کردەوە کە لە خانووەکە وەک خزمەتکار دەژیت، هیچ سوودیش لە مووچە وەرناگرێت: ناتوانێت داوای هیچ مافێکی خۆی بکات، لە بەر ئەوەی کەسی نییە، هەروەها پشت گوێ دەخرێت و باجی هەڵەکانی باوکی دەداتەوە.

## بەشی هەژدەم

خاتوو دین بەردەوام بوو: دوانزە ساڵی دوای ئەو ماوە ناخۆش و نەگبەتە خۆشترین کاتەکانی ژیانم بوون. گەورەترین گرفت و کێشەکانی من لە ئەنجامی نەخۆشی خانمەکەم سەری هەڵدا، کە ئەمە سیفەتی هەموو منداڵێکی هەژار و دەوڵەمەندە، هەموو کەسێک نەخۆش دەکەوێت. دواتر پاش شەش مانگ، وەک داری گەلاوێژ گەشەی کرد، دەیتوانی بڕوات و قسەش بکات، بە ڕێگەی خۆی، لە بەر دەمی بەیارەکان دوو ئەوەندە بۆ جاری دووەم بە سەر خۆڵی گۆڕی خاتوو کاسریندا کەوتبوو. براوەترین و سەرکەوتوو ترین شت بوو کە تا ئێستا تیشکی خۆری هێنابێتە نێو ئەو خانووە دوورە پەرێزە: جوانییەکی ڕاستەقینە لە ڕووی، چاوەکانی وەک ئێرنشۆ ڕەش و جوان بوون، بەڵام پێست و ئاکارە وردەکانی لە لینتن دەچوو، قژیشی زەردێکی لوول لوول بوو. ڕوحی بەرز بوو، هەرچەندە ڕەق نەبوو، دڵێکی هەستیار و زیندووی هەبوو. ئەو توانا و هەستە بەرزانەی دایکی بە بیر هێنامەوە: لەگەڵ ئەوەشدا هەر بە دایکی نەدەچوو: چونکە گەر بە دایکی چووبا دەبوایە وەک کۆتر نەرم و نیان بوایە، دەنگێکی نەرم و خۆش و ڕووخۆش بوایە. تووڕەییەکەی هەرگیز بە تووڕەیی نەدەچوو، خۆشەویستییەکەی هەرگیز توند نەبوو: خۆشەویستیەکەی قووڵ و مەستانە بوو، دەبێ دانی پیا بنرێت، هەڵەی خۆی بوو ئەو خەڵاتانەی لێ سەنراوە. منداڵ هەر لە سەرەتای تەمەنییەوە یان ئەوەتا ڕێگەی خراپ یان چاکە دەگرێت. گەر خزمەتکارێک دڵتەنگی کردبوایە، هەمیشە دەیوت "وا مەکە بە باوکەم دەڵێم!" وەک بڵێی ئەو چاکی دەکاتەوە، تەنانەت بە نیگایەکیش بێت، تۆ



خەیاڵت بۆ ئەوە دەچوو کە ئەمە کاری دڵشکاندنە: باوەڕ ناکەم قەت بە توندی قسەی لەگەڵ کردبێت. بە دەستی خۆی بە تەواوی پەروەردەی کرد، جا پەروەردەیەکی زۆر جوان و زۆر خۆش ڕەوان. خۆشبەختانە، حەزی فێربوون و ڕووناکبوونی بیری بە خێرا کردیان بە قوتابییەکی لێهاتوو: زۆر بە خێرایی و بە پەرۆشەوە فێر بوو، زۆر شانازی بە مامۆستایەتی باوکی دەکرد.

تا تەمەنی گەیشتە سیانزە ساڵ جارێک بە تەنیا نەچووە ئەودیو پارکەکە. بەڕێز ئێدگار لەگەڵ خۆی دەبردە هەموو شوێنێک. بەڵام متمانەی بە هیچ کەسێکی تر نەبوو. گیمەرتۆن ناوێکی ئاشنا نەبوو بە گوێکانی، تاکە بینا کە لێی نزیک بووبێتەوە یان چووبێتە ناوی پەرستگاکە بوو، ئەمە جگە لە ماڵەوە. بانەکانی وێزەرینگ و بەڕێز هیتکلیف لای ئەو وجوودیان نییە. دوورە پەرێزێکی تەواو بوو، دیار بوو زۆریش دڵخۆش بوو. ئەوەی ڕاستی بێت هەندێ جار، کاتێ ڕووپێوێکی وڵاتەکەی دەکرد لە پەنجەرەی ژووری پەرستارەکەی، دەیوت: "ئێلن، چەندی پێ دەچێت گەر بە پێیان بچمە سەر ئەو گردانە؟ حەز دەکەم بزانم چی لە لاکەی تر هەیە - دەریای لێیە؟"

وەڵامم داوە "نەخێر خاتوو کاسی (منداڵی ئێدگار و کاسرین) هەر گردن، وەک ئەمانە بەس گردی لێیە."

جارێکی تر پرسی "ئەی ئەو بەردە زێرینانە چین کاتێ تۆ لە ژێریانەوە دەوەستی؟"

بۆن و دیمەنی پێنیستۆن کراگس زۆر تایبەت سەرنجیان کێش کردبوو، بە تایبەتی کاتێ تیشکی خۆر لێی دەدا و دەدرەوشایەوە و لووتکەی بانەکان و تەواوی دیمەنێکی جوان لە بن سێبەرەکەوە دەهاتنە پێش چاو. بۆیم باس کرد کە ئەمە تەنیا کۆمەڵێک بەردی ڕووتن، کە زۆر بە زەحمەت درەخت لە سەریان دەڕوێت.

بەردەوام بوو لە پرسیاران "ئەی باشە بۆچی ئێواران درەنگ ئاوا دەدرەوشێنەوە؟"

وەڵامم داوە "چونکە ئەوان زۆر لە ئێمە بەرزترن، ناتوانی بە سەریان بکەوی، زۆر بەرز و لێژن. لە زستاندا، بەفر پێش ئەوەی بگاتە ئێمە سەر ئەو لووتکانە سپی دەکەن، لە چلەی زستانیشدا من بەفرم بە سەر لای ڕۆژهەڵاتی باکورەوە بینیوە!"

بە سەرسوڕمانەوە وتی "ئۆه، کەواتە تۆ چوویە سەر ئەو گردانە! کەواتە کاتێ گەورە دەبم منیش دەتوانم بچم. ئێلن ئەی باوکم قەت چووەتە ئەوێ؟"

به خێرایی وەڵامم داوە "خاتوون، باوکت ئەوەت پێ دەڵێ کە شایەنی ئەوە نییە ئەو هەموو ناخۆشییەی ڕێگە بچێژی تا سەردانیان بکەیت. ئەو بەیارانەی کە تۆ لەگەڵی دەچی، زۆر خۆشترن، و پارکی سرەسکرۆس خۆشترین شوێنە لە جیهان."

لە بەر خۆیەوە وتی "بەڵام من ڕێگەی پارکەکە پێ دەزانم و ڕێگەی ئەو گردانە پێ نازانم. کاتێ ئاوا لە دوورەوە سەیریان دەکەم زۆر خۆشن و حەز دەکەم بچم: توولەکەم، مینی، جارێک دەمبات بۆ ئەوێ.

یەکێک لە خزمەتکارەکان باسی ئەشکەوتی ئەفسانەی بۆ کردبوو، بۆیە ئەم چیرۆکە تەواوی مێشکی داگیر کردبوو تا پرۆژەکەی تەواو بکات: بەڕێز ئێدگاری بێزار کرد دەربارەی ئەو مەسەلەیە، ئێدگاریش بەڵێنی پێ دا کە هەندێ هەراشتر بێت گەشتێک بۆ ئەوێ دەکەن. بەڵام خاتوو کاسی ڕۆژ بە ڕۆژ تەمەنی خۆی دەژمارد. هەمیشە ئەم پرسیارەی لەسەر دەمی بوو "ئێستا، تەواو گەورە نەبوومە بۆ ئەوەی بچم بۆ پێنیستۆن کراگس؟" ڕێگە بۆ ئەوێ بە سەر بانەکانی وێزەرینگدا تێدەپەڕی. ئێدگار حەزی نەدەکرد بە بانەکاندا تێپەڕێت بۆ ئەوێ. بۆیە هەمیشە بەم شێوەیە وەڵامی دەدایەوە "نا جارێ ، خۆشەویستی بابەی، جارێ نا، هێشتا ماوتە."

وتم خاتوو هیتکلیف (ئیزابێلا) لە سەرەوە بۆ چەندین ساڵ ژیا پاش ئەوەی مێردەکەی بە جێ هێشت. خێزانەکەی زۆر ناسک و دڵخۆش بوو: ئەو و ئێدگار تەندروستی خراپیان نەبوو کە تۆ لەو بەشانەدا بە ئاسانی دەیبینی. نازانم دواهەمین نەخۆشی چی بوو: پێم وایە بە هەمان نەخۆشی مردن، کە جۆرە تایەک بوو، نەخۆشییەکی هێواش بوو بەڵام هەرگیز چارەسەری نەبوو، وردە وردە بەرەو مردنی پەلکێش کردن. نامەیەکی بۆ براکەی نووسی تا حاڵەتی تەندروستی خۆی لە ماوەی چوار مانگی ڕابردوودا باس بکات، چ ئازارێکی هەبوو لە بەر ئەو تایە. داوای لێ کرد کە گەر دەشێ بچێت سەردانی بکات، چونکە زۆری نەمابوو بمرێت و حەزی دەکرد دواهەمین ماڵئاوایی خۆی لە براکەی بکات و لینتن (کوڕی ئیزابێلا و هیتکلیف) تەسلیم بکاتەوە. هەموو هیوای ئەوە بوو کە لینتن لای ئەو بە جێ بمێنێت، چونکە هیچ شێوەیەک نەیدەویست لای باوکی بمێنێتەوە، چونکە بە باوکی نازانێت چۆن پەروەردە و بەخێوی بکات. سەرۆکەکەم بۆ یەک چرکەش دوودڵی نەکرد لە بە



پیرەوە چوونی داوای خوشکەکەی: وەک جاران حەزی کرد بە پیر داواکارییەکانەوە بچێت، باڵی گرت و وەڵامی ئەم داوایەی داوە، فەرمانی دا کە زۆر ئاگەداری کاسرین بکەم، فەرمانی کرد کە گەر ئەو لەوێ نەبێت نابێ ئەو کچە بچێتە نێو باخچەکە بە تەنیا، تەنانەت نابێ لەگەڵ منیشدا بچێت.

ئێدگار ڕۆیشت و سێ هەفتەی پێ چوو. ڕۆژی یەکەم و دووەم مناڵەکە کە لە ئەستۆی مندا بوو لە گۆشەیەکی کتێبخانەکە دادەنیشت، تاقەتی لە خوێندنەوە و یاریکردن چووبوو: لەو بارە هێمنەدا گرفتێکی بچووکی بۆ دروست کردم. بەڵام خێرایی چارەسەر کرا و کپ بوو، ئەو کاتە من زۆر مژوڵ و زۆریش پیر ببووم وەک جاران نەمدەتوانی سەر و خواری بۆ بکەم و یاری لەگەڵ بکەم و دڵی خۆش کەم، بۆیە ڕێگەیەکم گرتە بەر بۆ ئەوەی ئەو بۆ خۆی خۆی دڵخۆش بکات. جار جارە بە تەنیا دەمنارد لەو نێو ئەو زەویوزارە پیاسە بکات، جارێک بە پێیان جارێک بە سواری ئەسپ، پاشان کە دەگەڕایەوە وەک بینەرێک گوێم بۆ دەگرت و سەیرم دەکرد، ئەویش سەرکەشییەکانی خۆی دەگێڕایەوە.

هاوین بوو، خۆر لە تاقی ئاسمان دەدرەوشایەوە، دیار بوو زۆر دڵخۆش بوو بەوەی کە بە تەنیا بچێتە دەرەوە، بۆیە سەری بە ماڵی نەکردەوە لە نانی بەیانییەوە تا ئێوارە، پاشان ئێوارەکان بە چیرۆکی خەیاڵی دەیبردنە سەر. لە شەواندا نەمدەترساند و بۆیە ئەویش بە تەنیا دەبوو، حەزی لێ بوو خۆی شت بکات، خۆی بچێتە دەرەوە، خۆی پیاسە بکات، خۆی ئاو بخواتەوە، بە داخەوە، متمانەکەم شوێنی خۆی نەگرت. بەیانییەک کاسرین سەعات هەشت هاتە لام و وتی کە ئەو ڕۆژە بازرگانێکی عەرەب بە نێو بیاباندا لەگەڵ کاروانەکەی دەڕۆیشت، و منیش دەبوایە کۆمەڵێک شتی بدەمێ بۆ خۆی و وەحشەکانی: ئەسپێک و سێ حوشتر، کە کۆمەڵێک شتیان لێ بارکردبوو. منیش زۆر خواردنی باشم پێ بوو، لە نێو سەبەتەیەکم کردبوو، زۆر بە خۆشحاڵییەوە هەڵسا سەر پێیان، کڵاو وجلەکانی لە بەر دابوو خۆی ئامادە کردبوو بۆ خۆپاراستن لە گەرکمای هاوین. زۆر پێکەنی و بە گاڵتەوە تەڕادانێی بە ئەسپەکە دەکرد، زووش گەڕایەوە. ئەو کچە خراپە هەرگیز نەدەهات چایەک بخواتەوە. کاتێ گەشتیارەکە گەڕاوە بەڵام نە کسای و سەگەکە و دوو ئەسپەکە لە

هیچ لایەک دیار نەبوون: لەم ڕێگە و ئەو ڕێگە گەڕام، پاشان خۆم بە جدی لە دوای گەڕام. کرێکارێک لە شوورەکە کاری دەکرد، لەسەر سنووری زەوییەکان. پرسیارم لێ کرد گەر کچە گەنجەکەی ئێمەی دیبێت.

وەڵامی دایەوە لە بەیانیدا ئەوم بینی. جانتاکەی پێ کردمەوە دواتر سواری ئەسپەکەی بوو و ون بوو لە بەر چاوم.

ڕەنگە هەست بەوە بکەیت کە چەندە شپرزە بووم کاتێ ئەو هەواڵەم بیست. یەکسەر ئەوە بە مێشکم داهات کە ڕەنگە ڕاستەوخۆ چووبێتە پێنیستۆن کراگس. بۆ خۆم دەموت "چی دەبێتە ئەو؟" ڕۆیشتم وەک بڵێی ملی ڕێگەکەم وەک قومار گرتە بەر. میل دوای میل ڕۆیشتم، تا لە فەرعێک سووڕامەوە بانەکانم لێ بە دیار کەوت، بەڵام کاسرین هیچ دیار نەبوو، نزیک یان دوور لە بەر چاوان نەبوو. کراگس میلێک یان زیاتر لەو دیو شوێنەکە بەڕێز هیتکلیفە، ئەوەش دەکاتە چوار میل لە گرەنجەوە، بۆیە زۆر ترسام نەوەک شەوم بە سەر دابێت و نەیانگەمێ. بە خۆمم وت "باشە من چی بکەم ئێستا لەسەر ئەو گردانە خزابێتە خوارەوە و مردبێت یان شوێنێکی، ئێسکێکی شکابێت؟" ئەو بیرکردنەوەیەم بەڕاستی ئازاری دام، یەکەم جار دڵم خۆش بوو کاتێ چارلی بینیم، ئەو پیاوەی کە کێڵگەیەکی هەبوو لەو ناوە، ڕام کردە لای دەرگاکە، تەق تەق بۆ ئەوەی بچمە ژوورەوە. ئافرەتێک کە پێشتر لە گیمەرتۆن دەژیا و دەمسای وەڵامی دایەوە: لەوەتەی مردنی بەڕێز ئێنرشۆ لەوێ خزمەتکارە.

وتی "ئۆه، تۆ بە دوای کچە بچووکەکەت دەگەڕێیت! مەترسە. ئەو لێرەیە و سەلامەتە: بەڵام دڵخۆشم کە سەرۆک لێرە نییە."

هەناسەم لێ بڕابوو، زۆر دەترسام و هیلاک ببووم، وتم "خۆ لە ماڵ نییە، لەوێیە؟"

وەڵامی دایەوە "نا نا، ئەو و جۆزیف چوونەتە دەرەوە، باوەڕ ناکەم تا سەعاتێکی تریش بێنەوە. وەرە ژوورەوە و کەمێک پشوو بدە.

چوومە ژوورەوە، تەماشا دەکەم خانمە بچووکەکە لەسەر کورسییەک دانیشتووە، لەسەر هەمان ئەو کورسییە دانیشتبوو کە هی دایکی بوو بە منالی. کڵاوەکەی بە دیوارەکەوە هەڵواسیبوو، وەک بڵێی لە ماڵی خۆی دانیشتبێت ئاوا دەهاتە بەرچاو، بە باشترین شێوە لەگەڵ هاریتۆن قسەی دەکرد و پێدەکەنی، کە ئێستا هاریتۆن



پیاوێکی گەورە و بەهێز و هەژدە ساڵانە - کە بە چاوێکی سەیر و حەپەسانەوە سەیری دەکرد. هەرچەندی ئەو پرسیاری لێ دەکرد قەت وەڵامی نەداوە، دیار بوو زۆر پێ ی سەرسام ببو. خۆشحاڵییەکەم لە ژێر پەردەی تووڕەییەوە شاردەوە، وتم "زۆر باشە خانم! ئەوە دواهەمین جارە، تا باوکت دەگەڕێتەوە، جارێکی تر متمانەت پێ ناکەم، زۆر بزێوی، کچێکی بزێوی!"

بازی دا و بۆ لای من بە غار هات و بە کەیف خۆشییەوە وتی "ئەها، ئێڵن! ئەمشەو چیرۆکێکی زۆر جوانت بۆ دەگێڕمەوە، ئەی ئەوە منت دۆزییەوە. ئایا لە ژیانتدا هاتووی بۆ ئێرە؟"

وتم "ئەو کڵاوەت لەسەر کە و یەکسەر بۆ ماڵەوە. تۆ ئەمڕۆ منت بە خەمان کوشت، خاتوو کاسی: تۆ کارێکی ئێجگار هەڵەت کرد! هاوار کردن و نووزانەوە سوودی نییە: ئەوە ئەو گرفت و سەر یەشەیە پڕ ناکاتەوە کە من بە دەستەوە ناڵاندم، تەواوی ئەو وڵاتەم پشکنی بە دوای تۆ. من هەمیشە لە بیری ئەوە دام چۆن فەرمانەکەی بەڕێز ئێدگار جێبەجێ بکەم کە دەبێ تۆ لە ماڵ نەچیتە دەرەوە، تۆش بەم شێوەیە خۆت دەدزیەوە. بەم کارە ئەوەم بۆ دەرکەوت کە تۆ گورگێکی بچووکی تەڵەکەبازی. هیچی تر کەس متمانەت پێ ناکات."

هەناسەیەکی هەڵکێشا و بە هەستێکی ساردەوە وتی "بۆ من چیم کردووە؟ باوکم هیچم لێ ناکات: ڕیسوام ناکات، ئێڵن باوکم وەک تۆ تووڕە نییە!"

دووبارەم کردەوە "وەرە، وەرە! ئێستا شریتەکە توند دەکەمەوە. ئێستا با هیچی تر تووڕە و شێت نەبین. ئەی داکەسێی باشە! تۆ تەمەنت دوانزە ساڵانە، تۆ زۆر منالی!"

ئەم قسەیە وای لێ کرد کڵاوەکە نەخاتە سەری و لای ئاگردانەکە پاشەکشێی کرد و لە من دوور کەوتەوە.

خزمەتکارەکە وتی "نەخێر، خاتوو دین تۆ چۆن دڵت دێ ئاوا بە ڕەقی مامەڵە لەگەڵ ئەو کچە جوانە بکەیت. ئێمە وەستاندمان: ئەی گەر لێرە نەبا و تۆش نەتدۆزیباوە، ئەو کاتە چی؟ هاریتۆن ویستی لەگەڵ ئەو بچێت، منیش پێم باش بوو بچێت: چونکە ڕێگە بۆ سەر ئەو گردانە سەخت و دژوارە."

هاریتۆن لە کاتی ئەو دەمەتەقێیە، وەستابوو و دەستەکانی لە گیرفانییەوە نابوون،

هێزی لەبەردا نەبوو قسەیەک بکات، وەها دەهاتە پێش چاوم وەک بڵێی زۆری پێ ناخۆش بوو قسە و باسی نێوان کاسی و ئەوم بڕی. گوێم بە قسەی ئافرەتەکە نەدا و وتم "من تا کەی چاوەڕێ بکەم؟ پاش دە دەقیقەی تر تاریک دادێت. خاتوو کاسی ئەسپەکە لە کوێیە؟ ئەی فۆنێکس کوا؟ گەر تۆزێ خێرا نەبی بە جێت دێڵم، جا بۆ خۆت ڕابوێرە."

وەڵامی داوە "ئەسپەکە لە حەوشەیە و فۆنێکس لەوێ بەستراوەتەوە. ئەو چارلی گەزت و ئەویش لێی دا. دەمویست هەموو ئەو شتانەت پێ بڵێم، بەڵام تۆ ئێستا میزاژێکی خراپت هەیە، شایەنی ئەوە نیت گوێبیستی بیت."

کڵاوەکەم هەڵگرت و نزیک بوومەوە لە شوێنی خۆیم داناوە، بەڵام درکم بەوە کرد کە خەڵکی ناو خانووەکە بەشی ئەو دەبەن، بەڵام هەڵات و ئەو خانووەی هەموو بە من کرد، وەک مشک بە هەموو کون و قوژبنێکی ئەو ماڵەدا ڕای دەکرد، بۆ منیش شتێکی زۆر ناشرین بوو هەر بە دوای بکەوم. هاریتۆن و ئافرەتەکە دایانە قاقای پێکەنین، کاسیش لەگەڵ ئەوان دەستی پێ کرد، ئیتر سەرەڕۆتر بوو، تا زۆر بە تووڕەیی هاوارم لێ هەستا "باشە خاتوو کاسی، گەر بزانی ئەوە خانووی کێیە، ئەوا بە خۆشحاڵییەوە دێیتە دەرەوە."

کاسی ڕووی بە لای هاریتۆندا وەرگێڕا و وتی "ئەو خانووە هی باوکتە، وا نییە؟"

هاریتۆن سەری شۆڕ کردەوە، ڕەنگی سوور هەڵگەڕا، وەڵامی دایەوە "نەخێر."

نەیتوانی لە شەرمان سەر هەڵبڕێت و سەیری چاوەکانی کاسی بکات، هەر چەندە خانووەکە هی باوکی بوو، بەڵام بووە هی هیتکلیف لە بەرامبەر قەرزەکانی باوکی.

کاسی پرسی "ئەی هی کێیە - هی سەرۆکەکەتە؟"

ڕەنگی ڕووی تاریکتر بوو، هەستی جیا جیای هەبوو، سوێندێکی منگاند و ڕووی خۆی وەرگێڕا.

کچە بە پرسیارەکە ئەمجارەیان لە منی پرسی "سەرۆکی هاریتۆن کێیە؟ قسەی لە بارەی ئێمەوە کرد، لە بارەی خانووەکەمان، خەڵکەکەمان. وامزانی ئەمە کوڕی خاوەنی ئەم خانووەیە. هەرگیز نەیوت خاتوون: چونکە گەر خزمەتکار بوایە، دەبوو بڵێت خاتوون، وا نییە؟"



ڕەنگی هاریتۆن ئەم جارەیان وەک چڕە دووکەڵێک ڕەش داگەڕا بەو قسە مناڵانەیە. بە بێدەنگی پرسیارکەرەکەم ڕاهەژاند و قایلم کرد لەوێ بڕۆین.

کاسی داوای لە خزمە نەناسراوەکەی کرد، وایزانی لە ناو تەویلسسەکانی گرەنج کار دەکات، وتی "ئێستا ئەسپەکەم بۆ بێنە. دەتوانی لەگەڵ من بێیت. دەمەوێ ڕاوکەرەکەی نێو ئەو تەلاشانە ببینم و گوێم لە چیرۆکە ئەفسانەییەکان بێت کە تۆ باسی دەکەیت: بەڵام خێرا کە! چییە مەسەلە، دەڵێم ئەسپەکەم بۆ بێنە."

کوڕەکە مۆڕاندی "من پێش ئەوەی ببم بە خزمەتکارت لە داواکەت دەگەم!"

کاسرین بە سەرسامییەوە پرسی "تۆ لە چی من دەگەیت!"

کوڕەکە وەڵامی دایەوە "بە نەفرەت بی، هەی جادووکەری تەڵەکەباز!"

من قسەم بە هەردووکان بڕی و وتم "خاتوو کاسی، ها ئەوەتا! دەبینی بووی بە خاوەن هاوەڵێکی جوان. دەبێ وشەی جوان لەگەڵ خانمە گەنجەکە بەکار بهێنرێت! دوعای ئەوە بکە کە دەست بە مشتومڕ نەکەی لەگەڵی. وەرە با بۆ خۆمان بە دوای مینی دا بگەڕێین و بڕۆین."

کاسی واقی وڕما بوو، هاواری لێ هەستا "بەڵام ئێلن، چۆن دەتوانێت بەم شێوەیە قسە لەگەڵ من بکات؟ ئەی نابێ من هەرچییەکم پێ وت دەبێ بیکات؟ ئەی گەمژە بە باوکم دەڵێم کە تۆ چیت بە من وت - ئێستاش نا دوایی هەر پێی دەڵێم!"

هاریتۆن پێ دەچوو هەستی بەو هەڕەشەیە نەکردبێت، کاسی چاوەکانی پڕ لە فرمێسک. ڕووی بۆ لای ئافرەتەکە وەرگێڕا و وتی "تۆ ئەسپەکە بێنە و سەگەکەم بەڕەڵا بکە!"

وەڵامی دایەوە "خاتوون تۆزێ بە نەرمی قسە بکە، گەر بە شێوازێکی مەدەنییانە قسە بکەیت هیچ لە دەست نادەیت و هیچیشت لێ کەم نابێتەوە، بەڕێز هاریتۆن کوڕی سەرۆک نییە بەڵکو ئامۆزای تۆیە: منیش بۆ ئەوە بە کرێ نەگیراوم خزمەتی تۆ بکەم."

کاسی پێکەنینی سووکایەتی پێکردن گرتی و وتی "ئەوە ئامۆزای منە!"

ئافرەتەکە وەڵامی دایەوە "بەڵێ، ئامۆزای ڕاستەقینەی تۆیە."

به شپرزەییەوە کاسی وتی "ئۆه، ئێلن! مەهێڵە ئەو جۆرە قسانە بکات. باوکم ئامۆزایەکەم لە لەندەن دێنێتەوە: ئامۆزای من کوڕێکی ڕێک و پێکە. ئەوە ئامۆزای ..." وەستا و دەستی بە گریان کرد، زۆری پێ ناخۆش بوو ببێتە خزم لەگەڵ ئەو قۆشمەچییە.

بە وسپەیەکەوە وتم "وس، وس! خەڵکی ئامۆزای جۆراوجۆریان هەیە، خاتوو کاسی گەر خراپ بن و خۆیان حەز نەکەن هاوڕێیەتی کەسیان مەکە."

" ئەوە هەو نییە، ئەوە ئامۆزای من نییە!" بەم قسانە بەردەوام بوو، پەشۆکاوی بە سەر ڕوویدا دیار بوو، خۆی خستە نێو باوەشی من بۆ ئەوەی گوێی لە شتی وا نەبێت.

من زۆر لە کاسی و خزمەتکارەکە پەست ببووم کە ئەم شتەیان باس کرد، بێگومان ئەم قسەیە دەگاتەوە بەڕێز ئێدگار، ئەم ڕووداوە بۆ هیتکلیفیش باس دەکرێت. بێگومانم لەوەی کە هەرکە ئێدگار دەگەڕێتەوە یەکەم پرسیاری کاسی شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی ئەو مەسەلەیە و چۆن هاریتۆن ئامۆزای ئەوە. هاریتۆن زۆر تووڕە و دڵتەنگ بوو بەوەی کە کاسی بە خزمەتکاری دانا و ئەو قسە سووکانەشی پێ وت، ئەسپەکەشی هێنا لای دەرگاکە، ئەسپەکەی گرتبوو بۆ ئەوەی کاسی بچێتە سەرەوە، دەسکە ڕێحانەیەکی پێ بوو لە نێو دەستی کاسی نا و مەچەکی پێچایەوە! چونکە مەبەستی هیچ نەبوو. کاسی هەندێ وەستا و بە نیگایەکی ترسناک و تۆقێنەر سەیری دەکرد، پاشان دووبارە دای لە زرمەی گریان.

خۆم بۆ نەگیرا و زەردەخەنەیەکم گرت بە ڕقی هاریتۆنی داماو، کە گەنجێکی وەرزشوان و ڕێک و چالاک و چەلەنگ دەهاتە بەر چاوم، بەهێز و تەندروست باش بوو، بەڵام زۆر ماندوو و هیلاک دەهاتە بەر چاو لە نێو ئەو پاڵتۆیەی کە کاری نێو کێڵگەکانی پێ دەکرد و لە نێو بەیارەکاندا یاری و ڕاوی کەروێشکی پێ دەکرد. کاتێ لێی ورد دەبوومەوە، هەندێ سیفەتی باشم لێ بەدی دەکرد کە باوکی هەرگیز ئەو سیفەتانەی نەبوو. شتە باشەکان لە نێو گژوگیا دڕندەکان ون دەبن، کوڕێکی چاو نەترس بوو، ئەو کێڵەگەیەی بە جوانی بە ڕێوە دەبرد. پێم وایە بەڕێز هیتکلیف وا مامەڵەی لەگەڵ نەکردووە کە جەستەی نەخۆش بێت، سوپاس بۆ سروشتە چاو



نەترسەکەی هیتکلیف، کە بووەتە هۆی بەهێزکردنی ئەو کوڕە داماوە و بەرگەی ئەو هەموو چەوساندنەوە بگرێت: هیتکلیف هیچ بەرگەی ئەوەی نەدەگرت کە کەس مامەڵەی خراپی لەگەڵ بکات، ئەمە بە بڕیاری هیتکلیف خۆی بوو. هیتکلیف مەبەستی ئەوە بوو ئەو کوڕە بکاتە چەتوون و چەقاوەسوو دڕندە: هەرگیز فێری خوێندن و نووسینی نەکرد، لەسەر هیچ شتێک ڕیسوای نەدەکرد مەگەر شتێکی خراپ بەرامبەر خۆی بکات. هەرگیز ڕێگەی چاکەی پێ نیشان نەدابوو، یان ئەوەتا فێری ئەوەی نەکردبوو کەر شتێکی خراپ هەبێت خۆی لێ بپارێزێت. ئەوەی من گوێم لێ بوو گوایە جۆزیفیش ڕۆڵێکی کاریگەری هەبوو لە خراپترکردنی ئەو کوڕە بە هۆی بیرکردنەوە تەسکەکانی. کە فێری ئەوەی کردبوو هەمیشە لە بن دەستی خۆی بێت و هەرچی ئەو بڵێت پەسەندی بکات چونکە سەرۆکی خێزانە کۆنەکەیە. جۆزیف کاتی خۆی هەمیشە کاسرین و هیتکلیفی تۆمەتبار دەکرد. کاتێ کە مناڵ بوون هەمیشە سەرۆکەکەی لێ هار دەکردن، هەمیشە هانی سەرۆکەکەی دەدا کە لەو دوو مناڵە تووڕە بێت، بۆیە ئێستاش هەمان ئەو مامەڵەیە لەگەڵ هاریتۆن دووبارە دەکاتەوە، هەمیشە هیتکلیفی لێ هار دەکات. لە ڕووی ئاینییەوە مێشکی شۆریبوو، گەر شتێکی هەڵەی کردبایە لە ڕووی ئاینییەوە ئەوا بۆی ڕاست دەکردەوە، ئەگینا هەر هەڵسوکەتێکی تری خراپی لە دەرەوەی ئاین بکردایە هیچ پێوەندی بە سەرەوە نەبوو. پێ دەچوو جۆزیف زۆر قایل بوو بەوەی کە ئەو کوڕە خراپتر بکات: هیچ چاودێری نەدەکرد گەر وێرانیش بوایە: ژیانی لەو کوڕە کردبوو بە دۆزەخ، بەڵام هەموو شتێکی دەخستە سەر هیتکلیف و خۆی لە مەسەلەکان دەردەهێنا. خوێنی هاریتۆن بە دەستی هیتکلیف بوو.

جۆزیف هیتکلیفی لای ئەو کوڕە زۆر گەورە و شکۆمەند کردبوو، بە کابرایەکی نەجیبزادە و خاوەنی بانەکانی وێزەرینگ وەسفی کردبوو، بۆیە ئەو کوڕە بە هیچ شێوەیەک هەستەکانی بەرامبەر بەو دەرنەدەبڕی. من ناتوانم هەموو شتێک لەسەر ئەو کوڕە بە وردی بگێڕمەوە چونکە وەک جاران لە بانەکان نەدەژیام: ئەوەی بینیم و گوێم لێ بووە هەر ئەوەندە باس دەکەم. گوندنشینەکان دووپاتی ئەوەیان کردەوە کە بەڕێز هیتکلیف نزیک بوو لە هەموویان، خاوەنێکی دڕندە و تووڕەو توند بوو لە دەرەوە، بەڵام خانووەکە لە ژوورەوە لە ژێر بەڕێوەبردنی ئافرەتێکەوە تۆزێ هێور

بووبووەوە، ئەو هەستە دەمارگیرییەی لە سەردەمی هیندلی هەبوو ئێستا نەمابوو. سەرۆک بە هیچ شێوەیەک هاوڕێیەتی کەسی نەدەکرد، نەباش نە خراپ، ئێستاش هەر وایە.

بەڵام ئەوە لەگەڵ چیرۆکەکەی من شان بە شان ناڕواتە پێشێ. با بێمەوە سەر چیرۆکی خۆم. خاتوو کاسی ئاشتی ڕەت کردەوە و داوای سەگەکانی خۆی کردەوە: چارلی و فۆنێکس. سەگەکان هاتن و سەری خۆیان بە یەک دادا، خۆمان ئامادە کرد بۆ ئەوەی ڕێگەی ماڵەوە بگرینە بەر، هەموومان خەمبار بووین. نەمدەتوانی چۆن باسی ئەو ڕۆژەی کاسی بکەم کە بە سەری برد، تەنیا ئەوە نەبێت بڵێم مەبەستی چوونە فۆنێکس کراگس بوو، بە بێ سەرکەشی گەیشتە دەروازەی کێڵگەکەی ماڵەوە، کاتێ هاریتۆن هاتە پێشەوە، هەندێ سەگی لەگەڵدا بوو کە هێرشیان کردە سەر سەگەکانی کاسی، شەڕێکی بێ وێنەیان کرد، لێک نەبوونەوە تا خاوەنەکانیان لێکیان کردنەوە: ئەمە بووەی هۆی پێناسەیەک. کاسرین خۆی بە هاریتۆن ناساند و پێی وت دەچێتە کوێ، داوای لێ کرد کە ڕێگەکەی پێ نیشان بدات: لە کۆتاییدا، وای لێ کرد لەگەڵی بچێت. دەستی کرد بەکردنەوەی ئەشکەوتی ئەفسانەیی و بیست شوێنی سەیری تر. بەڵام حەزم نەکرد کاسرین ئەو شتانە ببینێت. دەتوانم ئەوە بڵێم کە ڕێبەرەکەی زۆر باش بوو تا ئەو کاتەی کاسرین هەستی بریندار کرد و پێی وت خزمەتکار: هەروەها ئەویش هەستی ئەوی بریندار کرد بەوەی کە پێی وت من ئامۆزای تۆم. پاشان ئەو زمانەی کە بەکاری هێنا لە نێو دڵی چەقی، هەمیشە پێی دەوت خۆشەویستەکەم، ئازیزەکەم، ئەی شاژن و فریشتە، کە لە لایەن نامۆیەکەوە زۆر حەپەسابوو هیچ کەسی وای نەبینی لە گرەنج بەو ناوانەوە بانگی بکات. ئەو پەسەندی ئەو شتانەی نەدەکرد و زۆر پەست ببوو، پێم وت کە بەڵێنم پێ بدات ئەو شتانە لای باوکی باس نەکات. پێم وت کە چۆن ناڕەزایی لە تەواوی شتەکان لە بانەکانی وێزەرینگ دەربڕی. زۆریش پێی ناخۆش دەبێت گەر تۆ ئەو لەوێ بدۆزێتەوە، بەڵام زۆر سوور بووم لەسەر ڕاستییەکە، کە گەر ئەو شتانە ئاشکرا بکات ئەوا من زۆر تووڕە دەبم بەجێی دەهێڵم، بەڵام کاسی بەرگەی ئەو بیرۆکەیەی نەگرت. بۆیە بەڵێنی دا و لە بەر خاتری من بە کەسی نەوت. پاش هەموو ئەو شتانە لای من کچێکی خنجیلانە و شیرین بوو.



## بەشی نۆزدەم

نامەیەک، ڕەش داپۆشرابوو، لە لایەن سەرۆکەکەم گەیشت، ئەو نامەیە هەواڵی مردنی ئیزابێلا ی پێ گەیاندم، لە نامەکەدا بۆمی نووسیبوو کە زوو دەگەڕێتەوە، هەروەها ئاگەداری کچەکەی (کاسی) بکەم و لە هەراو هۆسەی تازیە بە دووری بگرم و ژوورێکی تایبەتی بۆ ڕێک بخەم و هەموو پێداویستییەکیش بۆ کوڕەزا گەنجەکەی (کوڕی ئیزابێلا و هیتکلیف) ڕێک بخەم. کاسی لە خۆشییانا خەنی بوو کاتێ هەواڵی گەڕانەوەی باوکی زانی، هەروەها خۆی ئامادە کردبوو کە ئامۆزا ڕاستەقینەکەی ببینێت. ئێوارەی گەیشتنەوەی باوکی و ئامۆزاکەی هات، کاسی لە بەیانەوە فەرمانی دەکرد و کاروبارەکانی ڕێک دەخست، ئەو داماوە زۆر پەست ببوو لە نێو فوستانە ڕەشەکەی! هیچ خەمی مردنی پووری نەبوو، نە بای بوو نە باران - زۆری پێ وتم، ناچاری کردم کە لەگەڵی بچمە خوارەوە بۆ نێو زەوییەکان بۆ ئەوەی پێشوازییان لێ بکەین.

کاتێ بە ژێر سێبەری درەختە دڵخۆشەکاندا، بۆ چاوەڕوانی ئەوان، پیاسەمان دەکرد، کاسی وتی "لینتن (ئامۆزاکەی) شەش مانگ لە من بچووکترە. چەند خۆشە، ئیتر هاوەڵێکم بۆ دەبێت یاری لەگەڵ بکەم! پوورە ئیزابێلا دەسکە قژێکی جوانی بۆ باوکم ناردووە، لە هی من سووکترە - بەڵام جوانترە. من لە نێو سندوقێکی شووشەدا دەیپارێزم، زۆر حەزم دەکرد خاوەنەکەی ببینم. ئۆه! زۆر دڵخۆشم - باوکە، ئازیزەکەم، باوکی خۆشەویستم! وەرە ئێڵن با ڕا بکەین! وەرە ڕاکە."

کاسی بە ڕاکردن دەچووە ئەو سەری و دەهاتەوە، زۆر جار ڕای کرد و هاتەوە،

پێش ئەوەی بگەمە دەروازەکە، پاشان لەسەر کەنارێکی پڕ لە چیمەن لە تەنیشت ڕێڕەوەکە دانیشت، لەوێ هەوڵی دا بە ئارامی چاوەڕێ بکات، بەڵام ئەوە مەحاڵ بوو: بۆ ماوەی یەک دەقیقەش ئۆقرەی نەگرت.

پرسیاری کرد "زۆریان مایە بێنەوە! ئەها هەندێ تۆز و خۆڵ لەسەر ڕێگەکە دەبینم، وا دێنەوە! نەخێر! کەی دەگەنەوە ئێرە؟ ئێڵن هەندێکی تریش نەچینە پێشەوە، تەنیا نیو میلی تر دەچینە پێشەوە؟ تکا دەکەم بڵێ بەڵێ: بەس تا ئەو تلاشانە دەچین!"

پێم داگرت و ڕەتم کردەوە. دواجار چاوەڕێکردنەکەی کۆتایی هات: عارەبانەی گەشتەکە کەوتە بەر دیدی هەردووکمان. خاتوو کاسی هەرکە سەری باوکی بینی لە پەنجەرەکەوە باوەشی بۆ گرتەوە. ئێدگاریش وەک ئەو بە پەرۆش بوو، باوەشی بۆ کردەوە. ماوەی نێوانیان زۆر کەم بوو بۆ ئەوەی بگەنە یەک. کاتێ گەیشتنە یەک و یەکتریان لە باوەش گرت و ماچ کرد، من چاوم بۆ لینتن گێڕا. بینیم لە گۆشەیەک خەوتووە، لە نێو پاڵتۆیەکی ئاوریشمی پێچراوەتەوە، وەک بڵێی لای ئەو زستان بووە. کوڕێکی ڕەنگ زەرد و ناسک و بێ ناز بوو، کە سەر و شێوەی لە ئێدگار دەچوو، زۆر بە یەکتری دەچوون. بەڵام تۆزێک لەڕ و لاواز و مۆن بوو کە ئێدگار هەرگیز ئەو سیفەتەی نەبوو. سەرۆکەکەم منی بینی و تۆقەی لەگەڵ کردم، پێی وتم کە دەرگاکە داخەم، بە تەنیا جێی بهێڵم، چونکە گەشتەکەی زۆر ماندوو و هیلاکی کردبوو. کاسی زۆر بە خۆشحاڵییەوە سەیری باوکی دەکرد، باوکی پێی وت بچێتە لای، پێکەوە چوونە نێو پارکەکە، ئەو کاتە چوومە لای خزمەتکارەکان بۆ ئەوەی ئامادەیان بکەم.

کاتێ هەردووکیان لە خوارووی دەرگاکەوە وەستان، ئێدگاری قسەی بۆ کچەکەی کرد، وتی "خۆشەویستەکەم، ئێستا ئامۆزاکەت وەک تۆ بە هێز و تەندروست باش نییە، دایکیشی لە دەست داوە، ئەوەت لە بیر بێت جارێ زۆر زووە لەگەڵ تۆ ڕابکات و یاریت لەگەڵ بکات، زۆریش بە قسان هەراسانی مەکە: بە لایەنی کەم با ئەمشەو هێمن و ئارام پشوو بدات، وا دەکەی؟"

کاسرین وەڵامی دایەوە "بەڵێ، بەڵێ، باوکە گیان وا دەکەم، بەڵام جارێ دەمەوێت بەس بیبینم، تا ئێستا سەیری دەرەوەی نەکردووە."



عارەبانەکە وەستا، مناڵە خەوتووەکە بێدار بووەوە، مامی هەڵیگرت و لە عارەبانەکە دەری هێنا.

ئێدگار وتی "کاسی ئەوە ئامۆزاکەتە، پێشتر زۆر خولیای بینینی تۆ بوو، تۆ ئەمشەو بە گریان خەمی مەدێ. ئێستا دڵت خۆش کە، گەشتەکە تەواو بوو، هیچ شتێک نییە بیکەیت جگە لە پشوودان و خۆشی."

خواحافیزێکی لە کاسی کرد، وتی "ئێستا دەچم دەخەوم" کاتێ ڕۆیشت فرمێسکەکانی لەسەر ڕوومەتی سڕییەوە.

منیش بەرەو ژوورەوەم برد، وتم "وەرە، وەرە ئەوە مناڵێکی زۆر باشە. تۆ ئەویش بە گریان دێنی - سەیرکە چۆن بەشداری خەمی تۆیە!"

من نازانم کە ئەمە بۆ کوڕەکە خەم بوو یان نا، بەڵام کاسی پەردەیەکی خەم هەڵگری بە سەر ڕوویدا داپۆشیبوو، گەڕایەوە لای باوکی. هەرسێکیان هاتنە ژوورەوە، بەرەو کتێبخانەکە چوون، کە پێشتر چا بۆیان ئامادە کرابوو و لەسەر مێزەکە دانرابوو. چوومە پێشەوە بۆ ئەوەی کڵاو و پاڵتۆکەی ئێدگار وەرگرم، هەروەها کوڕەکەم لە لای مێزەکە لەسەر کورسییەکم دانیشاند، بەڵام پاش دانیشتنەکەی هێندەی پێ نەچوو مناڵەکە دەستی کرد بە گریان. سەرۆکەکەم پرسی کە مەسەلە چییە.

کوڕەکە بە هەنسکەوە وتی "من ناتوانم لەسەر کورسی دابنیشم."

مامی بە ئارامی و هێمنی پێی وت "قەنەفەکە برۆ سەر قەنەفەکە، ئێستا ئێڵن چات بۆ دێنێت."

دیار بوو لە گەشتەکەیدا زۆری لەگەڵ ماندوو ببوو، هەستم پێ کرد کە زۆر شڵەژاوە. ئێدگار وردە وردە ڕۆیشت و کەمێک پاڵ کەوت. کاسی کورسییەکە و کووپە چایەکەی هەڵگرت و چووە لای ئەو. یەکەم جار بە بێدەنگی دانیشت، بەڵام ئەو بێدەنگییە زۆری نەخایاند: بڕیاری دا کە قسەیەک لەگەڵ ئامۆزاکەی بکات، کە حەزی دەکرد زۆری قسە لەگەڵ بکات، داوای لێ کرد کە خەمبار نەبێت و ڕوومەتەکانی ماچ کرد، لە ژێر پیاڵەکەی خۆی هەندێ چای پێ بەخشی، وەک مناڵێک چای دایێ. ئەوە خۆشحاڵی کرد، چونکە هێشتا زۆر باشتر نەبوو، چاوەکانی وشککردنەوە،

زەردەخەنەیەکی هێمنی هاتێ.

پاش ئەوەی سەرۆک بۆ ماوەی یەک دەقیقە سەیری هەردووکیانی کرد، پێمی وت "ئۆهـ، ئەو کورە زۆر باشتر بووە، زۆر باشتر دەبێت ئێڵن گەر ئێمە بیپارێزین. گەر هاوەڵێکی ئاوا وەک کاسی لە تەمەنی خۆی هەبێت زووتریش چاک دەبێتەوە. دەبێ هێز و توانی بە بەردا بهێنینەوە بە باشترین خزمەت.

بۆ خۆم بیرم دەکردەوە، "باشە گەر بتوانین بیپارێزین!" زۆر هیوام بەوە نەبوو کە بتوانین ئەو کارە بکەین. ئەی باشە ئەو ژیانە بێ هێزەی بانەکانی وێزەرینگ چی؟ هیتکلیف و هاریتۆن هەر داوای دەکەنەوە. هەر ئێستا تەنانەت پێش ئەوەی من پێشبینییان بکەم گومانەکانم بڕیاریان لەسەر درا. منداڵەکانم بردە سەرەوە، پاش تەواوبوونی چا خواردنەوە، بینیم لینتن نوستووە - تا بخەوێت قەیناکە گەر ئێستا بەجێی بێڵم - هاتمە خوارەوە، لە لای مێزەکە لە نێو هۆڵەکە وەستام، مۆمێکی ژووری نووستنم بۆ بەڕێز ئێدگار هەڵکرد، کاتێ خزمەتکارە ئافرەتەکە لە موبەقەکە هاتە دەرەوە، پێمی وت کە خزمەتکاری بەڕێز هیتکلیف - جۆزیف– لە دەرەوەیە، دەیەوێت قسە لەگەڵ سەرۆک بکات.

بە ترسێکەوە وتم "جارێ من لێی دەپرسم بزانم چی دەوێت، کاتێکی زۆر نابەجێیە کێشە بۆ خەڵکی بنێتەوە، تازە گەڕاونەتەوە لە گەشتە درێژەکە. پێم وانییە سەرۆک بتوانێت بیبینێت."

جۆزیف بە نێو موبەقەکە هاتبووە پێشەوە کاتێ من ئەو قسانەم کرد، ئێستاش خۆی لە هۆڵەکە ناوە. لە نێو جلی یەکشەممانی زۆر ترسناک دیار بوو، ڕووی ئەو کابرایە هەر کێشەی پێوە بوو، کڵاوەکەی بە دەستێک گرتبوو، گۆچانەکەشی بە دەستەکەی تر، پێڵاوەکانی لەسەر مافوورەکە پاک دەکردەوە.

بە ساردی وتم "ئێوارە باش، جۆزیف. چ کارێک بەم شەوە تۆی هێناوەتە ئێرە؟"

منی لا دایە لایەک و وەڵامی دایەوە "دەمەوێ بەڕێز ئێدگار ببینم."

من بەردەوام بووم "بەڕێز ئێدگار تازە چووەتە سەر جێگەی خەوتن گەر شتێکی زۆر تایبەتیت نەبێت ناتوانێت ئێستا گوێت لێ بگرێت. وا باشترە لەوێ دانیشی و متمانە بە من بکەیت و پەیامەکەت بۆ من بدرکێنە."



سەیری دەرگا داخراوەکانی دەکرد و وتی "کامە ژووری ئەوە؟"

هەستم بەوە کرد کە گوێ لە من ڕاناگرێت، بۆیە چوومە کتێبخانەکە، دواتر پێم وت کە ئەمە کاتی سەردان نییە و دەبێ بڕوات تا ڕۆژی داهاتوو. بەڕێز ئێدگار ئێستا هیچ کاتی نییە و منیش ناتوانم بتکەمە ژوورەوە، جۆزیف هەر دەهاتە پێشەوە و لە دووری مێزەکەوە وەستا و هەردوو دەستی مست کردبوون لەسەر سەری گۆچانەکەی دانابوون، بە تۆنێکی بەرز و زارێکی شڕوپڕ وتی : "هیتکلیف منی بەدوای کوڕەکەیدا ناردووە بۆ ئێرە، من نابێ بە بێ ئەو کوڕە بچمەوە لای ئەو."

ئێدگار بۆ ماوەی دەقیقەیەک بێدەنگ بوو، شپرزەیی و حەپەسانێکی سەیر دایگرت: لەسەر حیسابی خۆی بەزەیی بە منداڵەکە دەهاتەوە، بەڵام هیوا و ترسی ئیزابێلای بە بیر هاتنەوە، هەروەها خۆزگە جوانەکانی ئیزابێلای بۆ کوڕەکەی هاتنەوە یاد. هەروەها ئیزابێلا ئەو کوڕەی بە براکەی ڕاسپاردبوو، زۆر نیگەران بوو لەوەی کە کوڕەکەی بکەوێتە بن دەستی هیتکلیف، هیچ شتێکی لە دەست نەبوو، ئێدگار هیچ پلانێکی نەبوو، بەڵام منداڵەکەشی لە خەو هەڵنەستاند.

ئێدگار بە هێمنی وەڵامی دایەوە "بە بەڕێز هیتکلیف بڵێ کە کوڕەکەی بەیانی دێت بۆ بانەکانی وێزەرینگ. ئێستا خەوتووە و زۆر ماندووە ناتوانێت ئەو ڕێگە دوورە ببڕێت. هەروەها ئەوەشی پێ بڵێ کە دایکی لینتن پێی خۆش بوو کە ئەو کوڕە لە ژێر چاودێری مندا بمێنێتەوە، ئێستا تەندروستی زۆر خراپە."

جۆزیف پێی لە ئەزری کوتی و وتی "نەخێر، ئەوە مانای هیچ نییە. هیتکلیف گوێ لە قسەی دایکی ڕاناگرێت. تەنیا کوڕەکەی دەوێتەوە، من دەبێ ئێستا ببیەم، دەبێ ئەوە بزانیت!"

ئێدگار بە تۆنێکی یەکلاییکەرەوە وتی "ئەمشەو تۆ ئەم کوڕە لەم ماڵە نابەیتە دەرەوە! هەر ئێستا بچۆ خوارەوە، ئەو قسانەشی تازە پێم وت بە سەرۆکەکەت بڵێ. ئێڵن خوارەوەی پێ نیشان بدە، برۆ.."

پەلی پیاوە پیرەکەی گرت و خستیە دەرەوە و دەرگای ژوورەکەی داخست.

جۆزیف وردە وردە ڕۆیشت و هاواری دەکرد "زۆر باشە! بەیانی هەر دێت، گەر نەشهات بە زۆری دەیبەم.!"

## بەشی بیستەم

بۆ بنبڕکردنی مەترسی ئەو هەڕەشەیەی کە پێش هات، بەڕێز ئێدگار فەرمانی پێ دام کە کوڕەکە زووتر بە ئەسپەکەی کاسرین ببەمەوە ماڵی هیتکلیف، وتی "ئێمە ناتوانین هیچ کاریگەریمان لەسەر چارەنووسی ئەو کوڕە هەبێت، چ باش، چ خراپ هیچمان پێ ناکرێت، بەڵام نابێ بە هیچ جۆرێک بە کچەکەم بڵێی ئەو کوڕە بۆ کوێ چووە: لێرە و پاش کچەکەم ناتوانێت لەگەڵی تێکەڵ بێت، وا باشترە کە هەروەک پێشتر بمێنێتەوە، چونکە بەلایەنی کەم زۆر ماندوو دەبێت ئەوەندی سەردانی بانەکان بکات. بەسادەیی پێی بڵێ کە باوکی لەپڕا بەدوایدا نارد، ئەویش ناچار بوو بەجێمان بێلێت."

لینتن زۆر لە دڵی گران بوو کە پێنجی بەیانی لە خەو هەڵسا، هەروەها زۆر سەرسام بوو کە پێم وت خۆت ئامادە بکە بۆ گەشتێکی تر، بەڵام هێورم کردەوە و دڵخۆشیم داوە کە دەچێت هەندێ کات لەگەڵ باوکی بە سەر دەبات، لەگەڵ بەڕێز هیتکلیف کە حەزی کرد چاوی پێی بکەوێت، هیتکلیف حەزی نەکرد خۆشییەکە دوا بخات تا پشوو دەدات لەم گەشتەی دوایی.

بەدەنگێکی نامۆوە هاواری لێ هەستا "باوکم!" دایکم هەرگیز پێی نەوتم کە باوکم هەیە. لە کوێ دەژی؟ حەز دەکەم لەگەڵ خاڵمدا بمێنمەوە."

وەڵامم داوە "باوکت کەمێک لێرە لە گرەنج دوورتر دەژیت، ئەها لە پشت ئەو گردانەوەیە: زۆر دوور نییە، دەتوانی لێرەوە بە پێ بچیت بۆ ئەوێ کاتێ بە تەواوی دەبیتە خاوەن هێز و توانای خۆت. تۆ دەبێ زۆر خۆشحاڵ بی بچیتە ماڵی خۆتان و



باوکت ببینی. دەبێ هەوڵ بدەی خۆشت بوێ. هەروەک چۆن دایکت خۆشویست، پاشان ئەویش تۆی خۆش دەوێت."

لینتن پرسیاری کرد "ئەی باشە بۆچی پێشتر قەت گوێم لێی نەبووە؟ بۆچی دایکم و باوکم پێکەوە نەدەژیان، وەک هەموو ژن و مێردی تر بە یەکەوە نەبوون؟"

وەڵامم داوە "زۆر سەرقاڵ بوو بە کاروبارەکانییەوە لە باکور، هەروەها دایکت لە بەر تەندروستی دەبوایە لە باشوور بێت."

مناڵەکە بەردەوام بوو "ئەی بۆچی دایکم هەرگیز باسی ئەوی بۆ نەکردووم؟ زۆر جار باسی خاڵمی دەکرد، منیش هەر دەمێکە ئەوم خۆشدەوێت. باشە چۆن باوکم لەپڕا خۆش بوێت؟ من نایناسم."

وتم "نا نا، هەموو مناڵێک باوک و دایکی خۆش دەوێت، دایکت وا بیری کردووەتەوە کە گەر زۆر باسی باوکتی بۆ کردبای تۆ داوای ئەوەت کردبا بچیتە لای باوکت. با خێرا کەین. بەم بەیانییە زووە زۆر خۆش و دڵگیرە بە سواری ئەسپ بەو ناوەدا بڕۆیت، زۆر خۆشترە لە سەعاتێک نووستن."

پرسیاری کرد "ئایا ئەو لەگەڵمان دێت، ئەو کچە بچووکەی دوێنێ بینیم؟"

وەڵامم داوە "ئێستا نا."

ئەمجارە پرسی "ئەی خاڵم."

وتم "نەخێر، من تا ئەوێ لەگەڵت دێم."

لینتن دووبارە چۆوە سەر بالیفەکەی و بە وردی لەم کەین و بەینە ڕاما.

پاشان وتی "من بە بێ خاڵم ناڕۆم. من نازانم ئێوە بۆ کوێم دەبەن و مەبەستتان چییە."

هەوڵم دا قەناعەتی پێ بکەم و حەز بکات چاوی بە باوکی بکەوێت، بەڵام هەرگیز قایل نەبوو تەنانەت جلی خۆیشی بگۆڕێت و خۆی ئامادە بکات، بۆیە بانگی سەرۆکەکەم کرد کە یارمەتیم بدات لە نێو جێگە بێتە دەرەوە. کوڕە داماوەکە دواجار هەڵسایەوە، بەو مەرجەی کە بۆ ماوەیەکی زۆر کەم لێرە دەڕوات و لای باوکی دەمێنێتەوە: بەو مەرجەی کە بەڕێز ئێدگار و کاسی سەردانی دەکەن، چەندین بەڵێنی ناو بۆشی تر، کە من لە خۆمەوە دروستم کرد تەنیا بۆ ئەوەی لێرە بڕوات و بچێتە

لای هیتکلیف. دەرەوە، هەوایەکی فێنک و پاک، تیشکی خۆر دەدرەوشایەوە، مینی (ئەسپەکە) زۆر دڵخۆش بوو و هەڵدەبەزی و دادەبەزی بەنێو ئەو بەیارانەدا. دەستی کرد بە پرسیارکردن دەربارەی ماڵی خۆیان.

ڕووی وەرگێڕا و دواهەمین نیگای بە نێو دۆڵەکاندا کێشا، هەورەکان لە دوورەوە پەرت و بڵاو، ئاسمانێکی نیمچە سایەقەیان دروست کردبوو. پرسی "ئایا بانەکانی وێزەرینگ وەک سرەسکرۆس گرەنج خۆشە؟"

وەڵامم داوە "زۆر بە درەخت دانەپۆشراوە، زۆریش فراوان و گەورە نییە، بەڵام چواردەوری زۆر خۆشە، هەواکە زۆر تەندروست و پاکترە بۆ تۆ. ڕەنگە یەکەم جار باڵەخانەکە تاریک و کۆن بێتە بەر چاوت، هەرچەندە خانوویەکی زۆر بە ڕێزە: باشترین دراوسێی هەیە. خۆشترین ژیان لە نێو ئەو بەیارانەی بانەکانە. هاریتۆن ئێرنشۆ، کە ئامۆزاکەی تری خاتوو کاسییە، دەبێتە ئامۆزای تۆش - هەمووو شوێنە خۆشەکانت پێ نیشان دەدات، دەتوانی کتێبێک بێنیت و لە بەر ئەم کەش و هەوا خۆشە بیخوێنیتەوە، جار جارەش ڕەنگە خاڵت پیاسەیەکت لەگەڵ بکات، ئەو زۆر جار دەچێتە سەر ئەو گردانە."

پرسیاری کرد "ئەی باوکم چۆنە، بە چی دەچێت، شێوەی لە چی دەکات؟ ئایا ئەویش وەک خاڵم قۆزە؟"

وتم "باوکت گەنجە، بەڵام قژ و چاوەکانی ڕەشن، تۆزێ خورتە، درێژتر و گەورەترە. یەکەم جار بە بەزەیی و ڕێکوپێک نایەتە پێش چاوت، چونکە ئەوە ڕێگەی ئەو نییە: بەڵام لەگەڵی ڕووخۆش و دڵ باش بە، سروشتی ئەو زۆر تۆی لە خاڵەکان خۆشتر دەوێت چونکە تۆ کوڕی ئەوی.

لینتن سەری سوڕما "قژ ڕەش و چاو ڕەش، بە خەیاڵیش نایەتە بەر چاوم. کەواتە من بەو ناچم، وانییە؟"

وەڵامم داوە "زۆر نا": بۆ خۆم بیرم کردەوە، تۆ وەک ئەو دڕندە نیت، تۆ پێست سپی و چوارچێوەیەکی ڕێکوپێک، چاوە گەورەکانی تۆ، بە چاوانی دایکت دەچێت، بیانپارێزە، با ئەو چەتوونە دەستی نەگاتێ، با ئاسەواری چاوەکانی دایکت بە سەرەوە نەبێ.



بە منگەوە وتی "زۆر سەیرە، باوکم هەرگیز جارێک سەردانی من و دایکمی نەکرد! ئەو قەت منی بینیوە؟ گەر منی بینیبێت، ئەو کات من کۆرپەلە بوومە. من هیچ شتێکم دەربارەی باوکم بە بیر نایەتەوە.

وتم "بۆچی، سەرۆک لینتن، سێ سەد میل زۆر دوورە، دە ساڵ زۆرە هەرچییەکی بە سەر تۆ هێنابێت تۆ نایەتە بیر و هۆشت. بەڵام بەڕێز هیتکلیف دەیوست بە هاوینان سەردانتان بکات بەڵام دیارە بۆی ڕێک نەدەکەوت و ئەو هەلەی بۆ نەدەڕەخسا، ئێستا زۆر دوور کەوتووە. زۆر سەری مەیەشێنە بە پرسیارکردن دەرباری ئەم بابەتە: باش نییە، بێزاری مەکە.

کوڕەکە تەواو نغرۆی نێو بیرکردنەوەکانی بوو، تێر لەو شوێنانە ڕاما، تا لە پێش دەروازەکە وەستاین، بە هۆش خۆی نەهاتەوە. لێی ورد بوومەوە تاوەکو لە هەستەکانی سەر دەم وچاوی بگەم. بە وردی لە دەرەوەی خانووەکە و پەنجەرەکان ڕاما، لە دار و دەوەن و بەردی ئەم خانووە حەپەسا: پاشان سەری نەرێی لەقاند: هەستە تایبەتییەکانی بە تەواوی نائومێد بوون تەنیا بە سەیرکردنی ڕوخساری خانووەکەیان! بەڵام دیار بوو نارەزایی دەربڕینی هەڵگرت بۆ کاتێکی دیکە: بیری کردەوە کە ڕەنگە ناوەوەی خانووەکە قەرەبووی هەستەکانی بکاتەوە. پێش ئەوەی بێتە خوارەوە، چووم دەرگاکەم کردەوە. سەعات شەش و نیو بوو، خێزانەکە تازە لە نانی بەیانی بوونەوە: خزمەتکارەکە سەر مێزەکەی پاک کردەوە. جۆزیف لای کورسییەکەی سەرۆک وەستابوو، دیار بوو باسی ئەسپە شەلەکەی بۆ دەکرد، هاریتۆن خۆی ئامادە کردبوو بچێتە نێو کێڵگەکە.

بەڕێز هیتکلیف کاتێ منی بینی، وتی "چۆنی نیلی! ترسام لەوەی کە خۆم بێم و موڵکی خۆم بە دەستی خۆم ببەمەوە. کوڕەکەت هێناوەتەوە، یان نا؟ با بزانین چی لێ دەرچووە!"

هەستاوە و چووە لای دەرگاکە: هاریتۆن و جۆزیف دەمیان بەش بووبووەوە و حەزیان دەکرد بزانن چ باسە. لینتنی داماو بە ترسەوە سەیری چاوەکانی هەر سێ کەسی کرد، واقی وڕما.

پاش بەسەرکردنەوە، جۆزیف وتی "بێ گومان، هاتەوە، سەرۆک ئەوەتا کوڕەکەت!"

هیتكلیف دزە نیگایەكی گرتە كوڕەكەی و بزەیەكی سووكایەتی پێكردنی هاتێ.

هیتكلیف وتی "ئەڵڵا لە هەموو جوانییەی! ئای كە شتێكی شیرین و سەرنج ڕاكێشە! دەڵێی لە قووڵایی لولپێچیان پاراستووە و شیری ترشی خواردووە، وا نییە نیلی؟ ئۆه، بە نەفرەت بی ئەی ڕوح! بەڵام ئەوە زۆر خراپترە لەوەی كە پێشبینیم دەكرد - شەیتانیش دەیزانی كە من گەشبین نەبووم!"

دەستم گەیاندە كوڕەكە، دەلەرزی، زۆر شڵەژابوو، هێنامە خوارەوە و بردمە ژوورەوە. بە تەواوی لە مەبەستی قسەكانی باوكی نەگەیشت، نەیزانی ئایا مەبەستی ئەو بوو یان نا: ئەوەی ڕاستی بێت، هێشتا یەقین نەبوو لەوەی كە پیاوە بێگانە خورت و گاڵتەجارەكە باوكیەتی یان نا. هاتە لای من و ترسێكی زۆری لێ نیشتبوو، كاتێ بەڕێز هیتكلیف دانیشت و پێی وت وەرە ئێرە، كوڕەكە ڕووی خۆی بە شانی من نووساند و دەستی بە گریان كرد.

"وش، وش!" هیتكلیف ئەمەی وت و دەستی لە لا ملی گیر كرد و توند ڕایكێشا، پاشان چەنەگەی گرت و سەری بەرز كردەوە. پێی وت "هیچی تر ئەو شتە قۆڕانە ناكەیت! ئێمە ئازارت نادەین، لینتن، ناوت لینتنە وا نییە؟ ئەمە بە تەواوی هونەری دایكتە! كوا بەشی من لە تۆ؟!"

كڵاوی كوڕەكەی لەسەر كردەوە و چەنەگەی پاڵ پێوەنا، هەستی بە قۆڵە باریك و پەنجە بچووكەكانی كرد، لە سەروبەری ئەو پشكنینەدا لینتن گریانی وەستاند، چاوە شینە گەورەكانی بەرز كردەوە بۆ ئەوەی پشكنەرەكە بپشكنێت.

هیتكلیف وەك بوودەڵەیەك سەیری كوڕەكەی كرد، لێی پرسی "دەمناسی؟"

لینتن بە ترس و تۆقینەوە وتی "نەخێر."

"وابزانم گوێت لە من بوو؟"

دیسان وەڵامی دایەوە "نەخێر."

" نەخێر! چ شەرمێكە بۆ دایكت، هەرگیز هەستی كوڕینەی بەرامبەر باوكی فێر نەكردی! دەی باشە من پێت دەڵێم: تۆ كوڕی منی، دایكت سۆزانییەكی بێ ئەمەك بوو چونكە بەم شێوەیە پشتگوێی خستی و ئەو باوكەی لە بیر بردیەوە كە هەتە.



ئێستا هەنسك مەدە و سەرت بەرز كەوە! تۆ نابێ وەك خوێن سپییەكان هەڵسوكەوت بكەیت. بۆ خۆت كوڕێكی باش بە، منیش فێری ئەوەت دەكەم. نیلی، گەر ماندووی فەرموو دانیشە، گەر ماندووش نیت بچۆ ماڵەوە. پێم وایە ئەوەی بینیت و گوێبیستی بووی لە گرەنج هەمووی دەگێڕییەوە، ئەم شتە دانامركێتەوە تا تۆ لێرە لەنگەر بگریت."

وەڵامم داوە "باشە. بەڕێز هیتكلیف هیوادارم نەرم و نیان بیت لەگەڵ كوڕەكە، ئەگینا زۆر لات نامێنێتەوە، هەر لە خۆشت دەچێت، كە دەبێ بۆ هەمیشە بیزانی، لە بیرت بێت."

هیتكلیف پێكەنی و وتی "زۆر بە بەزەیی و نەرم و نیان دەبم، پێویست بە ترس ناكات. بەڵام نابێ كەسی تر لەگەڵی ئاوا بێت: من ئیرەییم پێ دێ، دەبێ هەموو سۆز و هەستەكانی بۆ خۆم پاوان و قۆرخ بكەم. بۆ ئەوەی لە ئێستا لەگەڵی باش بم، جۆزیف نانی بەیانی بۆ كوڕەكە بێنە. تۆش هاریتۆن، ئەی گەمژەی دۆزەخی، بڕۆ بۆ سەر كاری خۆت."

كاتێ كە جۆزیف و هاریتۆن ڕۆیشتن، دیسان وتی "بەڵێ نیلی، كوڕەكەم خاوەنی داهاتووی شوێنەكەی ئێوەیە، حەز ناكەم بمرم تا ئەو كاتەی بە چاوی خۆم ئەوە دەبینم كە جێی ئەو دەگرێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو كوڕە هی منە، بۆیە حەز دەكەم سەركەوتنی نەوەكەم بە سەر ماڵ و موڵكی ئەوانەوە ببینم، منداڵەكەی من دەبێ منداڵەكانی ئەوان بكاتە خزمەتكاری خۆی، بێ ئەوەی مووچەشیان پێ بدات. ئەوە مەبەست و نیازی منە لە هێنانەوەی ئەم كوڕە: من ڕیسوای دەكەم بۆ بەرژەوەندی خۆی، ڕقم لێی دەبێتەوە بۆ یادەوەرییەكانی! هەرئەوەندە بەسە: لە لای من زۆر سەلامەت دەبێت و زۆر بە چاكیش پەروەردەی دەكەم هەروەك چۆن سەرۆكەكەت پەروەردەی دەكات. ژوورێكم لە سەرەوە هەیە، بە جوانترین شێوە ڕازاوەتەوە، هەروەها مامۆستایەكی تایبەتیشم بە كرێ گرتووە كە هەفتەی سێ جاران بێت بۆ ئێرە، شوێنی ئەو مامۆستایە بیست میل دوورە، بۆ ئەوەی هەرچی كوڕەكەم پێی خۆش بێت فێری بكات. فەرمانم بە هاریتۆن داوە گوێڕایەڵی بێت: ئەوەی ڕاستی بێت هەموو شتێكم بۆ ڕێك خستووە بۆ ئەوەی پیاوێكی ڕێك و ماقووڵ و نەجیبزادەی لێ

دەرچێت، دەبێ لە سەرووی ئەوانی ترەوە بێت. بەڵام دڵنیاشم کە پەشیمان دەبمەوە لەوەی کە ئەم فریشتەیە گوناهی چییە تووشی کێشمە کێشی بکەم، شایەنی هیچ ئاریشەیەک نییە: تاکە خۆزگەم لە جیهان دۆزینەوەی ئەو کوڕە بوو بۆ ئەوەی شانازی پێوە بکەم، هەروەها زۆر پەست و نائومێدیشم کە ڕووی بە ڕووی ئەوان دەچێت!"

کاتێ هیتکلیف قسەی دەکرد، جۆزیف بە هەندێ نان و شیرەوە دەرکەوت، لە بەردەمی لینتنی دانا: لینتنیش بەوردی لە شتەکانی دەوروبەری دەڕوانی و ڕق دایگرتبوو، پێی لەسەر ئەوە داگرت کە ناتوانێت نان بخوات. بینیم کە خزمەتکارە پیرەکە هاوبەشی گاڵتەجاڕی سەرۆکەکەی کرد، هەرچەندە ناچار بوو کە هەستەکان لە دڵیدا کلیل بدا چونکە هیتکلیف مەبەستی شەڕافەتمەندی کوڕەکەی بوو.

جۆزیف لەسەر و سیمای لینتن ورد بووەوە و وتی "بۆ ناتوانی بیخۆیت" دەنگە بۆزەکەی ترسی کوڕەکەیان زیاتر کرد. دیسان وتی "بەڵام سەرۆک کاتێ هاریتۆن بچووک بوو هەرگیز ڕەتی خواردنی نەدەکردەوە، بۆ خۆت بیر بکەرەوە، ئەوەی بۆ ئەو باش بێت بۆ تۆش باشە!"

لینتن بە کورتی وتی "نایخۆم! لایبەرە."

جۆزیف خواردنەکەی لە پێش لینتن هەڵگرت و هێنایە بەردەمی ئێمە.

سینییەکەی لە بەردەمی لووتی هیتکلیف دانا و پرسی "ئەم خواردنە چ عەیبی هەیە، نەخۆشت دەکا؟"

هیتکلیف وتی" چ شتێک ئەوانە نەخۆش دەکات؟"

جۆزیف وەڵامی دایەوە "ئەی باشە کوڕەکەت بۆ نایخوات؟ بەڵام وابزانم هەقی خۆیەتی چونکە دایکی وای فێر کردووە نانی تۆ نەخوات!"

سەرۆک بە تووڕەیی وتی "باسی دایکی لای من مەکە. ئەوەی لەسەر تۆیە، شتێکی بۆ بێنی پێی بخورێت. نیڵی خواردنی ئاسایی ئەو کوڕە چییە؟ چی دەخوات"

وتم چا یان شیری کوڵای دەخواتەوە. ئیتر خزمەتکارەکە فەرمانی پێ کرا کە هەندێ شیری کوڵاو ئامادە بکات. هەستم بە خۆپەرستی باوکی کرد، کە ڕەنگە بۆ کوڕەکە زۆر باش بێت. هیتکلیف سوور بوو لەسەر ئەوەی کە بە نەرم و نیانی و بە



باشی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. دڵخۆشی ئێدگار دەدەمەوە کە هیتکلیف چۆن گۆڕاوە و لەگەڵ مناڵەکەش باش دەبێت. نەمتوانی زیاتر بمێنمەوە، چوومە دەرەوە کاتێ لینتن خەریکی سەگەکەی ئەوێ بوو. بەڵام زۆر لەوە دەترسا کە ئەمە دەسخەرۆکردن بێت و ژیانی لەوێ زۆر ناخۆش بێت: هەرکە دەرگاکەم داخست، گوێم لە گریانێک بوو، گوێم لە چەند وشەیەک بوو زۆر بە غەریبی دووبارە دەکرانەوە: "بە جێم مێڵە! من لێرە نامێنمەوە! من لێرە نامێنمەوە!"

دەسکی دەرگاکە توندتر کرا: ڕێگەیان پێ نەدا زیاتر بێتە پێشەوە تا ئازاری زیاتر نەچێژێت. سواری ئەسپەکە بووم و خێرا ئەسپەکەم تاودا و پاسەوانییەکەی من بۆ کوڕەکە بە کورتی کۆتایی هات.

## بەشی بیست و یەک

ئەو ڕۆژە، زۆر بە کاسییەوە ماندوو بووین: کاتێ لە خەو هەڵسا زۆر دڵخۆش بوو، بە پەرۆش بوو ئامۆزاکەی ببینێت. گریان و نووزانەوە و ئاه و ناڵە دوای ئەو هەواڵە دەستی پێ کرد کە لینتن ڕۆیشتووە، ئیتر ئێدگار کەوتە چاڵەوە، ناچار بوو خۆی ژیری بکاتەوە بە هۆی ئەوەی کە لینتن زوو دەگەڕێتەوە: لەگەڵ ئەوەشدا وتی "گەر بتوانم بیهێنمەوە، زوو دەگەڕێتەوە" بەڵام هیچ هیوایەک بۆ ئەوە نەبوو. ئەم بەڵێنە کەمێک کاسی هێور کردەوە، بەڵام کات زۆر لەو بەڵێنە درێژتر بوو، ئیتر هەموو ڕۆژێک چەند جارێک لە باوکی دەپرسی کەی لینتن دەگەڕێتەوە، پێش ئەوەی جارێکی تر بیبینێتەوە، ئەوەندە گۆڕابوو کە نەیدەناسییەوە.

جار جارە بۆ کاری پێویست سەردانی گیمەرتۆنم دەکرد، لەسەر ڕێگەم چاوم بە خزمەتکاری بانەکانی وێزەرینگ دەکەوت. لێم پرسی سەرۆکە گەنجەکەی (لینتن) چۆنە و چۆن ڕاهاتووە، چونکە ئەویش وەک کاسرین ژیانی دەبردە سەر کە نابێ کەس بیانبینێت. وتی کە تەندروستی باش نییە و وەک بەندییەک وایە هەر لە ماڵەوەیە. وتی بەڕێز هیتکلیف پێ دەچوو زۆر کەیفی بە چارەی نایەت، هەرچەندە هەموو ئەو شتانە دەشارێتەوە، ڕقی لە دەنگی دەبێتەوە، ناتوانێت بۆ ماوەی چەند دەقیقەیەک لە ژوورەکەی لەگەڵی دانیشێت. زۆر کەم قسە لەگەڵ یەکتری دەکەن: لینتن فێری وانەکانی بووە و ئێوارەکانی لە ژووری پێشوازی بە سەر دەبات: گەر لەوێش نەبێت هەر لەسەر جێگەیە، بۆیە بە بەردەوامی سەرمای دەبێت و ژانە سەر و کۆکە و چەند نەخۆشییەکی تری هەیە.



ئافرەتەکە بەردەوام بوو، وتی "هەرگیز مرۆڤی ئاوا دڵ مردووم نەبینیوە، فڕی بە دونیاوە نەماوە. لە هۆش خۆی دەچێت، گەر بە ئێواران کەمێک درەنگتر پەنجەرەکە بە کراوەیی جێ بهێڵم. ئۆه! هەناسەی هەوای شەو، بکوژە بکوژ! لە چلەی هاوینیشدا دەبێ لە لای ئاگر بێت، مرۆڤێکی سەرمابردەیە، لەوە گەڕێ، ئەی ژەمە ژەهراوییەکانی جۆزیف، هەمیشە شیرینی و شیر و شیر، هەر شیری دەرخوارد دەدات، لە زستاندا لە شوێنی خۆی دادەنیشێت، زۆر نزیک لە ئاگرەکە، پاڵتۆکەی بە سەر شانییەوە و لە سەرمانا هەڵدەلەرزێت. هەندێ نان و سەموون کەمێک شیر، هەر ئەوەندە. گەر جار جارە هاریتۆن، بەزەیی پیا بێتەوە، گەمەیەک، گاڵتەیەکی لەگەڵ بکات. هاریتۆن هەرچەندە توند و ڕەقە بەڵام سروشتی خراپ نییە، هاریتۆن گوێ بە هیچ نادات و ئەویش هەر دەگریت. لەو باوەڕەدام گەر لینتن کوڕی خۆی نەبوایە وەک ئێرنشۆیەکان دەیکرد بە خزمەتکار و دەیچەوساندەوە، هەر زوو دەیکردە دەرەوە، پاشان هەرگیز ناچێتە مەترسی بیرکردنەوە: هەرگیز ناچێتە ژووری پێشوازی، دەبێ لینتن ئەو ڕێگەیانە نیشان بدات لە خانووەکەی کە لێیەتی، یەکسەر دەینێرتە سەرەوە.

کە گوێم لەو قسانە بوو، سۆز و هەستم بەرامبەر لینتن گۆڕابوو، دیار بوو کە خۆپەرست و چارە نەیوست بوو ئەوان. هەرچەندە ئێستاش دڵم بۆ ژیانی ئەو دەسووتێ، خۆزگە لای خۆمان بوایە. بەڕێز ئێدگار هانی دام زانیاری وەرگرم: زۆر بیرم لە لینتن دەکردەوە، زۆر جار ژیانی خۆم دەخستە مەترسیەوە تا بیبینم. جارێکیان پێی وتم کە لە خزمەتکارەکە بپرسم ئایا لینتن قەت هاتووەتە نێو لادێکە؟ ئەویش وتی تەنیا دوو جار ئەویش بە سەر پشتی ئەسپەوە بوو، لەگەڵ باوکی، دوای هەر جارێکیش بۆ ماوەی سێ تا چوار ڕۆژ لە ژوورەوە بەند دەکرا. ئەو خزمەتکارە جێی هێشت، گەر بە ڕاست بیرم بێتەوە، دوو ساڵ دواتر یەکێکی تر هات کە من نەمدەناسی، لە شوێنی خزمەتکارەکەی تر دانرابوو، ئەویش هێشتا لەوێ دەژیا.

کات زۆر بە خۆشی لە گرەنج بە سەر چوو، هەموو شتێک ئارام و جوان بوو تا کاسی گەیشتە تەمەنی شانزە ساڵی. لە یادی لەدایکبوونی ئێمە هیچ خۆشییەکمان نەدی چونکە یادی مردنی دایکی بوو. باوکی هەمیشە ئەو ڕۆژەی بە تەنیا لە

کتێبخانە بە سەر دەبرد. شەوانەش دەچووە دەرەوە تا دەوروبەری گیمەرتۆن دەچوو تا نیوە شەو نەدەهاتەوە. بۆیە کاسرین خۆی خۆیەکانی لەو ڕۆژە دروست دەکرد. بیستی مانگی ئەم بەهارە، مانگی ئادار، ڕۆژێکی بەهاری زۆر جوان بوو، کاتێ باوکی (ئێدگار) دەستی لە کار کێشایەوە، کاسی جلی پۆشیبوو هاتە خوارەوە بۆ ئەوەی بچێتە دەرەوە، داوای کرد کە پیاسەیەک بە نێو ئەو بەیارانەدا بکات: بەڕێز ئێدگار ڕێگەی پێ دا بە مەرجێک کە زۆر دوور نەکەوینەوە و لە سەعاتێکیش زیاترمان پێ نەچێت.

کاسی وتی "ئێلّن، کەوایە تۆزێ خێراکە. دەزانم بۆ کوێ دەچم، بۆ ئەو شوێنەی یاری لە نێو بەیارەکاندا دەکەم: بزانم باڵندەکان لەوێ هێلانەی خۆیان دروست کردووە."

وەڵامم داوە "ئێ باشە ئەوێ زۆر دوور نییە، ئەوان لەسەر لێواری بەیارەکان گەشە ناکەن."

کاسی وتی "نا وا نییە، من لەگەڵ باوکم چووم زۆر نزیک بوو."

کڵاوەکەم لەسەر کرد و چووینە دەرەوە، هیچی تر بیرم لە مەسەلەکە نەکردەوە. کاسی پێش من کەوت، دەگەڕایەوە تەک من، پاشان وەک مناڵان دەچووە پێشەوە، یەکەم جار زۆر چێژم لە بولبول و باڵندە دەنگ خۆشەکان وەرگرت کە دەیانخوێند، زۆر پێم خۆش بوو ئارەقەم کردبوو لە بەر تیشکی خۆر. هەمیشە چاویشم لەسەر کاسی بوو و چاودێریم دەکرد. خڕخاڵەکەی ئەوەندە لە گۆزینگ شل بوو، دەزرینگایەوە، وەک گوڵێکی تازە پشکووتی بەهار دەگەشایەوە. زۆر دڵخۆش بوو، لەو ڕۆژانەدا وەک فریشتەیەک دەهاتە پێش چاو.

پرسیم "باشە خاتوو کاسی، کوا شوێنی یاریکردنت لە کوێیە؟ دەبێ ئێستا لەوێ بین: زۆرمان لە پەرژینی گرەنج بڕیوە.

وەڵامی داوە "ئەها کەمێک دوورتر دەڕۆین، هێندەمان نەماوە بگەینە شوێنی مەبەست. لەو گردە ئاوا بین و لێوارەکە ببڕین، ئەو کاتەی تۆ دەگەیتە سەرەوە من باڵندەکانت پێ نیشان دەدەم.

بەڵام زۆر گردۆڵکە و لێوار هەبوون دەبوایە بە سەر بکەوین تا دەگەیشتینە شوێن



مەبەستی ئەو، بۆیە نیگەران بووم و پێم وت کە دەبێ چی تر نەڕۆین، بوەستین، لێرەوە بگەڕێینەوە. زۆر لە من دوور کەوتبووەوە بۆیە هاوارم کرد، بەڵام گوێی لە من نەبوو یانیش ئەوەتا پشتگوێی خستم، چونکە زیاتر دەچووە پێشەوە، بۆیە ناچار بووم بە دوای بکەوم. لە کۆتاییدا، بە دۆڵێکدا ون بوو، پێش ئەوەی دووبارە بیبینمەوە، دوو میلی مابوو بگاتە بانەکانی وێزەرینگ تا ماڵی خۆیان، بۆیە دوو کەسم ڕاسپارد کە بیگرن، یەکێکیان وابزانم بەڕێز هیتکلیف خۆی بوو.

کاسی پەلبەست کرا بە مەبەستی نێچیرێک، یان بە لایەنی کەم بە مەبەستی ئەوەی سنووری بەزاندووە و هێلانەکان تێک دەدات. بانەکان خاکی هیتکلیف بوون، وای زانی کە دزە هاتووەتە ئەو ناوە.

کاتێ گەیشتمە ئەوێ، کاسی دەستەکانی تا دواکشانەوە والا کردن بە مەبەستی قسەیەک، وتی "نە هێلانەم تێکداوە نە تا ئێستا هێلانەیەکم دۆزیوەتەوە. مەبەستم بردنیان نەبوو، بەڵام باوکم پێی وتم کە ئەم ناوە زۆری لێیە، منیش حەزم کرد هێلکەکان ببینم."

هیتکلیف بە لا چاوێکی سەیری منی کرد لەگەڵ زەردەخەنەیەکی نیاز خراپ، حەزی کرد دیسان هەموو شتێک بزانی، هەرچەندە دەشیزانی بەڵام خۆی لێ گێل کرد و پرسی "باوکت کێیە؟"

کاسی وەڵامی داوە "بەڕێز ئێدگاری سرەسکرۆس گرەنج. وابزانم تۆ نامناسی، ئەگینا بەو شێوەیە قسەت نەدەکرد."

بە فشە و تەوسەوە وتی "تۆ وا دەزانی باوکت شکۆمەند و زۆر ڕێزدار و بەرزە؟"

کاسی بە ترشی سەیری قسەکەرەکەی کرد و پرسی "ئەی تۆ چی؟ ئەو پیاوەی پێشتر بینیم، کوڕی تۆیە؟"

دەستی بۆ هاریتۆن ڕەوان کرد، کە لە ماوەی دووساڵی ڕابردوودا هیچ شتێکی زیاد نەکردووە جگە لە هێز و قیافەی نەبێت: بە مرۆڤێکی سەیر و توندوتۆڵ دەهاتە پێش چاو."

قسەم پێ بڕی و وتم "خاتوو کاسی، ئێستا ئەوە سێ سەعاتە لە دەرەوەین نەک سەعاتێک، دەبێ هەر ئێستا بگەڕێینەوە ماڵەوە."

هیتکلیف منی بە لایەکدا پاڵ دا و وەڵامی دایەوە "نەخێر، ئەو پیاوە کوڕی من نییە، بەڵام من کوڕێکم هەیە تۆ ئەویشت پێشتر بینیوە، هەرچەندە پەرستارەکەت بە پەلەیە، پێم وایە هەردووکتان پێویستتان بە کەمێک پشوودانە. بۆ ئەو گەلایانەی دەستت فڕێ نادەی و بچینە ماڵی من؟ زووتر دەچییەوە ماڵێ و پێشوازیت لێ دەکرێت."

بە وسپەیەکەوە بە کاسرینم وت کە نابێ بچێت، بە هەر بۆنەیەک بێت، بەڵام هەر ڕازی بوو بە داوەتەکە: بە تەواوی بە دەر بوو لە پرسیارکردن.

بە دەنگێکی بەرز پرسی "بۆچی، ئەوەندە غارم داوە ماندوو بووم، ئەرزەکەش شێدارە: ناتوانم لێرە دابنیشم. ئێلّن با بڕۆین. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو دەڵێت کە من کوڕی ئەوم بینیوە. وابزانم بە هەڵەدا چووە، بەڵام مەزندە دەکەم لە کوێ دەژیت: لەو کێڵگەیەی کە من لە پێنستۆن کراگسەوە بۆی چووم. وا نییە؟"

هیتکلیف وەڵامی داوە "بەڵێ وایە لەوێ دەژیم. وەرە نیلّی، زمانت بگرە - ئەو پێی خۆشە ئێمە ببینێت. هاریتۆن لەگەڵ ئەو دەڕوات. تۆش لەگەڵ من وەرە نیلّی."

هەوڵم دا قۆڵم دەربهێنم کە هیتکلیف توند گرتبووی، دەنگم ڕادا "نەخێر، ئەو ناچێتە هیچ شوێنێکی لەو جۆرە" بەڵام کاسی تەواو نزیک بووبووەوە لە دەرگاکە، زۆر خێرا دەڕۆیشت. هاریتۆن کە لەگەڵی نێردرابوو تا ئەوێ لەگەڵی نەڕۆیشت: لە ڕێگەکە سووڕایەوە و ون بوو لە بەر چاوم.

بەردەوام بووم "بەڕێز هیتکلیف، ئەوە کارێکی زۆر هەڵەیە. دەزانم کە نیازت باش نییە. لەوێ چاوی بە لینتن دەکەوێت، دەبێ بە زووترین کات بگەڕێینەوە و دواتر من ڕیسوا دەکرێم، من خەتابار دەبم."

وەڵامی دایەوە "دەمەوێ ئەو چاوی بە لینتن بکەوێت. ئەم چەند ڕۆژە باشتر بووە، هەمو کات باش نییە کەس بیبینێت. ئێمە قایلی دەکەین کە سەردانەکە بە نهێنی بهێڵێتەوە: کوا ئازاری ئەمە لە کوێوەیە؟"

وەڵامم داوە "ئازارەکەی ئەوەیە کە گەر باوکی بەوە بزانێت من ئەوم هێناوەتە ماڵی تۆ زۆر ڕقی لە من دەبێتەوە، چاک دەزانم کە تۆ ئەو جۆرە تەبیعاتەت هەیە، هانی دەدەی کە هەموو شتێک بە باوکی بڵێت."



هیتکلیف وتی "بیرکردنەوەکەم زۆر ڕاستگۆیانە. تەواوی ناوەڕۆکەکەت پێ دەڵێم، ڕەنگە ئەو دوو ئامۆزایە یەکتریان خۆش بوێت، ببنە هاوسەری یەکتر. من زۆر بە نەرمی لەگەڵ سەرۆکەکەت هەڵسوکەوت دەکەم: کچە گەنجەکەی هیچ پێشبینی ناکات، یەکسەر دەبن بە هاوسەری یەکتر و پێکەوە لەگەڵ لینتن دەبن بە جێگرەوەی لینتنەکان."

وەڵامم داوە "گەر لینتن بمرێت ئەوا ژیانی کوڕەکەت ون دەبێت، کاسرین دەبێتە میراتگر."

وتی "نەخێر نابێتە میراتگر. هیچ بەندێک نییە لە وەسیەتنامە دووپاتی ئەوە بکاتەوە: موڵکەکەی دەبێتە هی من، بەڵام بۆ ئەوەی مشتومڕ ڕوو نەدات، حەز دەکەم بە یەکگرتوویی بمێننەوە، هەوڵیش بۆ ئەوە دەدەم. "

هەرکە گەیشتینە دەروازەکە، خاتوو کاسی لەوێ چاوەڕێی هاتنی ئێمەی دەکرد، وەڵامم داوە "منیش بڕیاری ئەوە دەدەم کە جارێکی تر هەرگیز نزیک ماڵی تۆ نەکەوێتەوە لەگەڵ من."

هیتکلیف بە دەست ئاماژەی بۆ کردم کە بێدەنگ بم، لەگەڵ ئێمە هاتە سەرەوە، خێرا دەرگاکەی کردەوە. کاسی چەندین جار سەیری کرد، وەک ئەوەی نەیدەتوانی بڕیار بدات چۆن بیری لێ بکاتەوە، بەڵام ئێستا زەردەخەنەی گرت کاتێ چاوەکانی بینی، لە قسەکردن دەنگی زۆر نەرم دەکردەوە. ئەوەندە گەمژە بووم نەبێتەوە، برینەکانی دایکیم بە بیر نەهاتەوە، کە ئەویش بە هەمان دەرد دەچێت. لینتن لای ئاگردانەکە وەستابوو، زۆر لە نێو کێڵگەکان بوو و زۆر ڕۆیشتبوو، چونکە کڵاوەکەی لەسەر بوو و فەرمانی بە جۆزیف دەکرد کە پێڵاوی وشکی بۆ بێنێت. باڵای درێژتر ببوو، هێشتا چەند مانگێکی مابوو پێ بنێتە نێو تەمەنی شانزەساڵی. ئاکارەکانی زۆر جوان بوون، چاو و پێستی زۆر گەشتر بوون لەو کاتەی کە من بینیم، هەرچەندە لە بەر کەمی تیشکی خۆر تۆزێ بۆز ببوو!

بەڕێز هیتکلیف بە لای کاسیدا ڕووی وەرگێڕا و پرسی "ئێستا، ئەوە کێیە، بزانم، دەزانی کێیە؟"

کاسی بە گومانەوە سەیری یەکەمیانی کرد و دواتر ئەوەکەی تر، وتی "کوڕەکەتە؟"

وەڵامی دایەوە "بەڵێ، بەڵێ، بەڵام ئایا ئەوە یەکەم جارە چاوت پێی دەکەوێ؟ بیر بکەرەوە! ئۆه! زەینت خراپە. ئەوە لینتنە، ئامۆزای خۆت بیر نایەتەوە، کە ویستت گاڵتەمان پێ بکەیت لەسەر بینینی؟"

کاسی زۆر بە ناوەکە دڵخۆش بوو، واقی وڕما و وتی "چی، لینتن! ئەوە لینتنی بچووک نییە؟ لە من درێژترە! تۆ لینتنی؟"

گەنجەکە هەنگاوی بۆ پێشەوە نا و خۆی ناساند: زۆر بە پەرۆشەوە ماچی کرد، کاتێ شەرمیان لێک شکا زۆر بە وردی لە یەکتری ڕامان. کاسرین باڵای تەواو بەرز بوو، باڵای پڕ و ڕێک بوو، ناسک وەک پۆڵا، تەواوی جەستە، ڕوحی دەدرەوشایەوە، تەندروستی لەوپەڕی باشیدا بوو. نیگا و جووڵەکانی لینتن زۆر سست و خاو بوون. بەژن و باڵای وا نەبوو بەڵام قۆزییەک لەسەر و سیمایدا بوو کە هەموو خەوشەکانی تری داپۆشیبوو، یانی گەنجێک بوو بە پێوەری جوانی پەسەند بوو. پاش ئاڵوگۆڕکردنی خولیا و نیگا و هەست سۆزە بێ شومارەکان، کاسی چووە لای هیتکلیف کە لە لای دەرگاکە لەنگەری گرتبوو، هەست و خوستی دابەش کردبوو لە نێوان شتەکانی ناوەوە و دەرەوە: وای نیشاندا کە سەرنجی شتەکانی دەرەوە دەدا و هیچ ئاگای لە ژوورەوە نییە.

گەیشتە لای بۆ ئەوەی ڕێزی لێ بنێت، دەنگی ڕادا "کەواتە تۆش خاڵی منی! دەموت خوایە کەیفم بە تۆ دێت، هەرچەندە یەکەم جار زۆر تووڕە و توند بووی. بۆچی لەگەڵ لینتن سەردانی گرەنج ناکەن؟ ئەو هەموو ساڵە ئەوەندە نزیکی ئێمە دەژین و هەرگیز یەکتریشمان نەبینووە، سەیرە: تا ئێستا چیت کردووە؟"

هیتکلیف وەڵامی دایەوە "پێش ئەوەی تۆ لە دایک بی، یەک دوو جار هاتوومە. گرەنج - بە نەفرەت بێت! گەر هەر ماچێکت شاردووەتەوە، بڕۆ لە لینتنی بکە: ماچ بە کەڵکی من نایەت."

پاشان کاسرین لە خۆشییانا باڵی گرت و هێرشی کردە سەر من و وتی "ئای کە خراپی ئێلن! تۆ هیچ نیت! بە هەموو ئەقڵی خۆت منت لە هاتنە ژوورەوە قەدەغە دەکرد. بەڵام لە داهاتوودا هەموو جارێ بە پێیان دێم: خاڵە، دەتوانم بێم بۆ ئێرە؟ هەندێ جاریش باوکم لەگەڵ خۆم دەهێنم. خۆشحاڵ نابی بە بینینی ئێمە؟"



هیتکلیف ڕقی لە ناخەوە وەک گڕی ئاگر دەکولا، ڕقێکی پیس بەرامبەر بە هەردوو میوان (کاسی و باوکی)، وەڵامی دایەوە "بێگومان. بەڵام بمێنەوە، پێم باشترە ئێستا پێت بڵێم. بەڕێز لینتن هەستێکی خراپی دژ بە من هەیە: لە ژیانماندا جارێک مشتومڕمان بووە، بەڵام مشتومڕێکی دڕندە ئاسا، گەر بە باوکت بڵێی هاتووی بۆ ئێرە، ئەوا لێ ناگەڕێت هەرگیز جارێکی تر سەردانی ئێرە بکەیتەوە. بۆیە دەبێ ئەم سەردانە لای باوکت باس نەکەی، گەر دەتەوێ هیچی تر ئامۆزاکەت نەبینی ئەوا پێی بڵێ. بەڵام گەر دەتەوێ چاوت بە ئامۆزاکەت بکەوێتەوە، ئەوا پێی مەڵێ."

کاسرین بەم قسەیە تۆزێک دڵتەنگ بوو، پرسی "بۆچی مشتومڕتان کرد؟"

هیتکلیف وەڵامی دایەوە "بە ڕای باوکت من زۆر هەژارم و نابێ خوشکی بهێنم، کاتێکیش هێنام و بووە هاوسەرم زۆری پێ ناخۆش بوو: شکۆمەندییەکەی لەکەدار بوو، هەرگیز لەوە خۆش نابێت."

خانمە گەنجەکە وتی "ئەوە بیرکردنەوەیەکی هەڵەیە! جارێک ئەم مەسەلەی پێ دەڵێم. بەڵام من و لینتن هیچ پێوەندیمان بە سەر مشتومڕی تۆوە نییە، ئێمەش تێوە مەگلێنن. کەواتە من نایەم بۆ ئێرە، لینتن دێت بۆ گرەنج."

ئامۆزاکەی بە منگەوە وتی "ناوەڵا ئەو ڕێگەیە بۆ من زۆر دوورە، چوار میل بە پێ بڕۆم دەمرم. نا، خاتوو کاسرین تۆ وەرە بۆ ئێرە، جار جارە سەر بدە: هەموو ڕۆژێ نا بەڵکو جارێک یان دووان لە هەفتەیەکدا."

باوکەکە نیگایەکی تاڵی ئاڕاستەی کوڕەکەی کرد.

هیتکلیف ڕووی لە من کرد و وتی "نیلّی زۆر دەترسم، پلانەکەم لە دەست بدەم، خاتوو کاسرین، هەروەک پەرستارەکە بانگی دەکا، بە بەهای کوڕەکەم دەزانێت. دەبێ ئەوە باش بزانی لێرە خۆشەویستی هەیە! سەرەڕای هەموو ناماقووڵیەکانی، ڕۆژانە بیست جار هاریتۆن نەبینم شێت دەبم؟ گەر یەکێکی تر بوایە خۆشم نەدەویست. بەڵام پێم وایە کە لێرە خۆشەویستی سەلامەتە. هەرگیز بە خراپە سەیری ناکەیت، باشە لینتن!

کوڕەکە وەڵامی دایەوە "بەڵێ باوکە."

هیتکلیف دیسان بە کوڕەکەی وت "ئامۆزاکەی خۆت نابەیت بۆ شوێنێکی خۆش،

نایبەیتە لای هێلانەی کەروێشک یان هەڵۆکان؟ بیبەرە ناو باخچەکە، پێش ئەوەی پێڵاوەکانت بگۆڕی، پێش ئەوەی بچیتە نێو ئاخوڕەکە تا ئەسپەکەت ببینی، ئەم شوێنانەی پێ بکە ."

لینتن بە تۆنێکی زۆر نەرمونیان لە کاسی پرسی "حەزت لێ نییە لێرە دانیشی؟"

وەڵامی دایەوە "نازانم، بڵێم چی" چاویشی هەر لای دەرگاکە بوو، دیار بوو حەزی لە دەرەوە بوو.

لینتن لە شوێنی خۆی دانیشتەوە، لە ئاگرەکە نزیکتر بووەوە، هیتکلیف هەستایە سەر پێ و چووە موبەقەکە، لەوێشەوە چووە حەوشەکە، بانگی هاریتۆنی کرد. هاریتۆن وەڵامی داوە و پاشان هەردوو هاتنەوە ژوورێ. هاریتۆن خۆی دەشوشت، چونکە ڕوومەت و قژی هێشتا هەر تەڕ بوو.

خاتوو کاسی هاواری لێ هەستا "ئۆه، خاڵە دەبێ ئەو پرسیارەت لێ بکەم. ئەو کوڕە، هاریتۆن، ئامۆزای من نییە، وا نییە؟"

وەڵامی دایەوە "بەڵێ، کوڕەزای دایکتە. کەیفت پێ نایەت!"

کاسرین حەپەسا، نامۆ هاتە بەرچاوم.

هیتکلیف وتی "گەنجێکی قۆز نییە؟"

شتە ناشارستانییە بچووکەکە لەسەر پەنجەی گەورە وەستابوو و ڕستەیەکی بە گوێی هیتکلیفدا چرپاند. هیتکلیف پێکەنی و هاریتۆن پاش قسەکەی ڕەش هەڵگەڕا: درکم بەوە کرد کە زۆر هەستیار بوو بە شتە بچووکە گومانلێکراوەکان و هەست بە کەمی کردنی پێوە دیار بوو. بەڵام سەرۆکەکەی یان پاسەوانەکەی درێژەی بە گرژییەکەی دا و وتی:

" هاریتۆن تۆ لە نێو ئێمە لە هەموومان پەسەندتری! کاسی وتی تۆ ..... ئەرێ چی وت؟ ئێ باشە شتێک زۆر لاواندنەوەی پێوە دیار بوو. ئێرە! تۆ لەگەڵی بڕۆ بۆ نێو کێڵگەکە. وەک پیاوێکی ڕێک و زیرەک هەڵسوکەوت بکە! هیچ وشەیەکی خراپ بەکار مەهێنە، هەروەها سەیریشی مەکە کاتێ خانمە گەنجەکە سەیری تۆ ناکات، هەردەم ئامادە بە ڕووی خۆت بشاریتەوە کاتێ ئەو سەیری تۆ دەکات، کاتێ تۆش قسە



دەکەی وشەکانت بە هێواشی و بە نەرمی بڵێ، دەستەکانیشت لە نێو گیرفانت دامەنێ. دەی ئێستا بڕۆن، و تا پێت دەکرێ شوێنی خۆشی پێ نیشان بدە و بەو ناوەدا بیگێڕە."

هیتکلیف سەیری کاسی و هاریتۆنی کرد تا لە پەنجەرەکەش ڕەت بوون. هاریتۆن ڕووی خۆی بە تەواوی لە کاسی وەرگێڕابوو، بە هیچ شێوەیەک سەیری نەدەکرد. پێ دەچوو لە دیمەنە ئاشناکانی دەڕوانی بۆ خۆشی و هونەری بێگانەکە. کاسرین بە تەڵەکەبازییەوە سەیرێکی کرد، سەیر کردنەکەی کەمێک سەرسامی پێوە دیار بوو. پاشان ڕووی وەرگێڕا بۆ ئەوەی لە شوێنە خۆشەکان ڕابمێنێت و خۆش بکات، زۆر بە کەیف خۆشییەوە دەستی بە گەشتەکەی کرد، دەستی بە چڕینی گۆرانییەکی هێمن کرد تا قەرەبووی کەمی قسەکردن بکاتەوە.

هیتکلیف وتی "زمانم بەست، تەواوی ئەو هەموو کاتە یەک بڕگە چییە لە دەمی نایەتە دەرەوە! نیلی، منت لە تەمەنی ئەودا بیر دێتەوە -نەخێر چەند ساڵێک منداڵتریش. من ئاوا گەمژە بووم، بە دەردی جۆزیف وتەنی "چەقاوەسوو" من ئاوا بووم؟"

وەڵامم داوە "تۆ خراپتر بووی، چونکە کەللە ڕەقتر و چەتوونتر بووی."

هەندێ دەنگی بەرز کردەوە، وتی "من زۆر کەیفم بە هاریتۆن دێ. ئەو بە دڵی من دەجووڵێتەوە. گەر بوونەوەرێکی شێت بوایە نەمدەتوانی بەم شێوەیە چێژی لێ وەرگرم. بەڵام شێت و گەمژە نییە، دەتوانم هاوسۆز بم لەگەڵ هەموو هەستەکانی، خۆم هەستیان پێ دەکەم. بۆ نموونە دەزانم ئێستا بە چییەوە دەناڵێنێت: هەرچەندە ئەوە سەرەتای ئازارەکانییەتی. هەروەها هەرگیز ناتوانێت لە کەمترین ئاستی کەمتەرخەمی و توندوتۆڵییەکەی دروست بێت. من زۆر خێراتر پێشم لێ گرتەوە، هەڵسوکەوتی من لە هاریتۆن زۆر باشترە لەوەی هەڵسوکەوتی باوکی لەگەڵ من، نزمتریشم کردووە، چونکە شانازی بە دڕندایەتییەکەی دەکات. فێرم کردووە کە بە سووکی سەیری هەموو شتێک بکات - وەک ئاژەڵان بێ هێز و گەمژە. پێت وا نییە هیندلی شانازی بە کوڕەکەیەوە دەکات، گەر ئێستا لە ژیان مابا و دیبای؟ شانازییەکەی وەک شانازی من دەبوو بەڵام ئەم جیاوازییە هەیە، یەکێکیان زێڕە

دانراوه بۆ بەکارهێنانی ڕێگە خۆشکردن - وەک بەردڕێژ کردن، ئەوەکەی تریان کەمێک بچووکترە و بۆ خزمەتی زیو دانراوە. هی من هیچ شتێکی بە نرخی نییە دەربارەی ئەو ، بەڵام تا لە توانام هەبێت دەبێ وا لەو داماوە بکەم تا هێزی هەیە بڕوات. هی ئەو جۆرەکەی نمرە یەکە، و هەموویشی ونبوونە: زۆر خراپتر بوونە. من هیچ شتێکم نییە پەشیمان ببمەوە، ئەوەی من ئاگەدار بم ئەو زۆر شتی هەیە لێی پەشیمان بێتەوە. باشترین ئەو شتانەش کە ئەو لێی پەشیمان دەبێتەوە بریتییە لە هاریتۆن کە زۆر دین و ئیمانی منە! تۆ دەبیتە خاوەنی ئەو شتەی کە من لە هیندلیم بردەوە. گەر مردووە بێ بەهایەکە لە گۆڕەکەی هەڵسێتەوە و سووکایەتی بە من بکە لە هەڵەکانیدا، ئەو کاتە بۆ خۆم پێدەکەنم و نەوەکەی بە گژ وەدەنێم، ئەو کاتە لەگەڵ ئەو تاکە هاوڕێیەی بە شەڕ دێت کە لە جیهاندا هەیەتی!"

هیتکلیف پێکەنینێکی سەرکەوتووانەی بە فیکرەکە هات. هیچ وەڵامم نەداوە چونکە دەمزانی خۆیشی چاوەڕێی هیچ وەڵامێکی نەدەکرد. لە هەمان کاتدا، هاوەڵە گەنجەکەمان (لینتن)، کە زۆر لە دووری ئێمە دانیشت بوو گوێی لە قسەکانی ئێمە نەبوو، خۆی لێک کشایەوە تا دەمارەکانی بجووڵێن، دیار بوو تۆبەی لەوە دەکرد کە خۆی لە کاسرین دوور خستەوە لەبەر ترسی کەمێک ماندووبوون. باوکی نیگایەکی دەکرد و دواتر لە پەنجەرەکەی دەڕوانی، دەستی درێژ کردەوە بۆ کڵاوەکەی.

هیتکلیف پڕ بە دڵی خۆشیەوە وتی "هەستە سەر پێ، هەی بێ زاخ و دەست و پێ سپی!"

" بە دوایاندا بڕۆ! وا ئێستا لە گۆشەکەن، لە لای شانە هەنگوینەکانن."

لینتن وزەکانی خۆی کۆکردەوە، ئاگرەکەی بە جێ هێشت. دەرگاکە کرابووەوە، هەرکە پێی نایە دەرەوە، گوێم لێ بوو کاسی پرسیاری لە نووسینی سەر دەرگاکە دەکرد؟ هاریتۆن نیگایەکی هەڵبڕی، سەری خۆی وەک قۆشمەچییەکی ڕاستەقینە خوراند.

هاریتۆن وەڵامی دایەوە "بە خەتێکی زۆر ناخۆش نووسراوە. ناتوانم بیخوێنمەوە."

کاسرین هاواری لێ هەستا "ناتوانی بیخوێنیتەوە؟ من دەتوانم، ئەوە بە ئینگلیزی نووسراوە. بەڵام دەمەوێ بزانم ئەو نووسینە بۆچی لەوێیە."



لینتن بزەیەکی پڕ لە ڕقی گرت: ئەوە یەکەم هەست بوو لەسەر دەموچاوی دەرخست.

بە ئامۆزاکەی وت "ئەها هاریتۆن پیتەکان نازانێت، باوەڕ بە وجوودی ئەو گەمژە زەبەلاحە دەکەیت؟"

خاتوو کاسی بە جدی پرسیاری کرد "هەر ئەوەندەیە؟ یان ئەوەتا سادەیە: ڕاست نییە؟ ئێستا دوو پرسیارم لێ کرد، هەر جارێک سەیری کردم زۆر گەمژە بوو و تێی نەدەگەیشتم. دڵنیام کە زۆر بە زەحمەتی تێی دەگەیشتم!"

لینتن پێکەنینەکەی دووبارە کردەوە، بە گاڵتەجاڕییەوە سەیری هاریتۆنی کرد، پێ دەچوو کە لەو ساتە زۆر لە مەسەلەکە نەدەگەیشت.

وتی "مەسەلەکە جگە لە تەمبەڵی هیچ شتێکی تر نییە، وا نییە هاریتۆن؟ ئامۆزاکەم وا دەزانێت کە تۆ گەمژەی. ئەوەتا ئەزموونی دەرەنجامەکانی سووکایەتی "بە دەردی خۆت دەڵێی "دوور لە کتێبانە. کاسرین سەرنجت داوەتێ، سەیری شێوەزارەکەی بکە بە هی یۆرکشایەر دەچێت؟"

هاریتۆن زۆر ئامادە بوو کە وەڵامی لیتن بداتەوە، بۆیە بە مۆڕەیەکەوە وتی "بۆچی، شەیتان لە کوێ ئەمەی بە کار هێناوە. "خەریک بوو زیاتر قسە بکات، بەڵام دوو نێوجەوانەکە دەستیان کرد بە دەنگە دەنگ: منیش زۆر خۆشحاڵ بووم کە کاسی دڵی خۆش بوو.

لینتن بە ورتەوە وتی "کوا بەکارهێنانی شەیتان لەو ڕستەیە؟ باوکم پێی وتی کە هیچ وشەیەکی خراپ بە دەمتدا نەیەت، تۆش ناتوانی دەمت بە بێ وشەی خراپ بکەیتەوە. هەوڵ دە وەک پیاوێکی ڕێک و بە ئەدەب هەڵسوکەوت بکەی، ئێسا وا بکە!"

هاریتۆن بە تووڕەیی وتی "گەر تۆ تۆزێک دەماری پیاوەتیت تیا بوایە ئەوا بە یەک دەقیقە لەو ئەرزەم دەکوتای، بەڵام داخەکەم چی بکەم هەر لە کچان دەچیت!" ئەمەی وت و ڕووی ئاگری لێ دەباری! چونکە هەستی بریندار ببوون، ئیتر گەر قسەی نەکردبا لە بەر چاوی کاسی شەرمەزار دەبوو.

بەڕێز هیتکلیف وەک من سەیری گفتوگۆیەکەی دەکرد، زەردەخەنەیەکی هاتێ کاتێ بینی هاریتۆن ڕۆیشت، دوای ئەوە یەکسەر بە ڕقەوە سەیری جووتەکەی تری کرد،

که له نێو دەرگاکە قسەیان دەکرد، کوڕەکەی کەمێک بە جووڵە کەوت کاتێ باسی هەڵە و هەڵسوکەوتەکانی هاریتۆنی دەکرد، هەروەها ڕۆیشتنی هاریتۆنی بە گاڵتە و نوکتە باس دەکرد، کاسیش خۆشی بەو قسانە دەهات، بێ ئەوەی گوێ بداتە ئەو سروشتە خراپەیان کە ناگاتە نیو هێندەی هەڵسوکەوتی هاریتۆن. لە خۆمەوە ڕقم لە لینتن بووەوە، ئیتر ئەوە کاری باوکی بوو کە ئەوەندە کوڕەکەی بێ نرخ و هەرزان کردووە.

تا دوای نیوەڕۆ لە بانەکانی وێزەرینگ مایەوە: نەمتوانی خاتوو کاسی زووتر بگێڕمەوە، بەڵام خۆشبەختانە سەرۆکەکەم لە ژوورەکەی خۆی نەهاتبووە دەرەوە، بۆیە بەو ماوەیە زۆرەی ئێمەی نەزانی کە زیاتر لە سێ سەعاتمان پێ چوو. کاتێ چووینەوە ماڵێ، زۆر خۆشحاڵ بووم لە سیفەتی ئەو خەڵکانەی بانەکان دوور کەوتینەوە: بەڵام کاسرین درکی بەوە کرد کە من ڕقم لێیان دەبێتەوە.

کاسرین وتی "ئەها! ئێڵن تۆ لایەنگیری باوکم دەکەیت: دەزانم تۆ لای ئەو دەگریت، ئەگینا تۆ ئەو چەند ساڵە منت دەسخەرۆ نەدەکرد و پێت دەوتم کە لینتن لە نزیک ئێمە دەژیت. من زۆر زۆر لێت تووڕەمە، هاوکاتیش زۆر کەیف خۆشم کە ناتوانم بیخەمە ڕوو! بەڵام دەبێ زمانت دەربارەی خاڵم بگریت، لە بیرت نەچێت، خاڵی منە، دواتر قسە لەگەڵ باوکم دەکەم لەسەر مشتومڕەکەیان."

دواتر دەستی بە ڕاکردن کرد، تا من گرتمەوە و هەوڵم دا قەناعەتی بە هەڵەکانی پێ بێنم. ئەو شەوە باسی سەردانەکەی بانەکانی نەکرد، چونکە بەڕێز ئێدگاری نەبینی. ڕۆژی دواتر، هەمووی لە سەرەوە تا کۆتایی گێڕایەوە، من زۆر پێی تێکچووم، لەگەڵ ئەوەشدا گرنگیم پێ نەدا: پێم وابوو کە فشاری ئامۆژگاریکردن و ئاگەدارکردنەوەی باوکی زۆر لە هی من کاریگەرتر دەبێت. بەڵام ئێدگار زۆر سڵی لەوە دەکردەوە کە هۆی قایلکەری بۆ بێنێتەوە تا پێوەندی لەگەڵ خەڵکی بانەکانی وێزەرینگ بەهێز نەکات، کاسرینیش حەزی لە هۆی باش بوو بۆ هەموو ئەو کۆنترۆڵەی کە ویستە خۆشەکانیان لە بار برد.

پاش سڵاوی بەیانی، کاسرین دەنگی لە نوێ ڕادا "باوکە! بڵێ دوێنێ کێم بینی، کاتێ چوومە نێو بەیارەکان، ئەها باوکە تۆ دەستت پێ کرد! تۆ کارێکی ڕاستت



نەکردووە، وا نییە؟ بینیم -بەڵام گوێم لێ بگرە، ئەو کاتە دەزانی من چۆن بە تۆم زانی، هەروەها ئێڵینیش کە لایەنگیری تۆیە، و وا دەردەخات کە بەزەیی بە مندا دێتەوە، من هەمیشە چاوم لە ڕێگە بوو، هیواکانم بەردەوام بوو، بەڵام هەرگیز لینتن نەگەڕایەوە!"

بەوردی باسی گەشتەکەی و ئەنجامەکانی کرد، ئێدگاریش، هەرچەندە چاوی هەر لە ئەزر بوو و هیچ سەیری منی نەکرد، نوقەی لێوە نەهات تا کاسی قسەکانی تەواو کرد. پاشان پەلکێشی کردە لای خۆی، پرسیاری لێ کرد لەوەی ئایا دەیزانی بۆچی ئەو واقیعەی لەو شاردووەتەوە کە لینتن نزیک ئێرە دەژیت؟ پرسیاری لێ کرد ئایا ئەو شاردنەوەیە بۆ نەهێشتنی خۆشی ئەوە، بۆ ئازاردانی ئەو بووە یان لە بەرژەوەندی ئەودا بووە؟

کاسی وەڵامی دایەوە "لە بەر ئەوەی تۆ ڕقت لە بەڕێز هیتکلیف دەبێتەوە."

هیتکلیف وتی "کاسی، تۆ وا دەزانی من هەستەکانی خۆمم لە هی تۆ لە لا گرنگترە؟ نەخێر، لە بەر ئەوە نەبوو کە من ڕقم لە بەڕێز هیتکلیف دەبێتەوە، لە بەر ئەوەی بەڕێز هیتکلیف کەیفی بە من نایەت، ئەو پیاوێکی دۆزەخییە، خۆشی لەوە دێت کە ئەوەی ڕقی لێ دەبێتەوە تێکوپێکی بشکێنێت، گەر بچووکترین دەرفەتی پێ بدەن ئەوا هەمووومان لە ناو دەبات. من دەمزانی کە تۆ نەتدەتوانی ئاشنایەتی لەگەڵ ئامۆزاکەت پەیدا بکەی بە بێ ئەوەی پێوەندی لەگەڵ ئەو نەکەیت، دەشمزانی کە لەسەر حیسابی من ڕقی لە تۆ دەبێتەوە، بۆیە تەنیا لە بەر بەرژەوەندی تۆ، هیچی تر نا، بڕیارم دا کە تۆ نابێ دووبارە چاوت بە لینتن بکەوێت. نیازم وا بوو کە تۆ تۆزێکی تر گەورەتر بی ئەوانەت بۆ باس بکەم، داوای لێبووردنیش دەکەم کە دوام خست."

کاسرین قەناعەتی بە قسەکانی باوکی نەکرد و وتی "بەڵام بەڕێز هیتکلیف پیاوێکی هێمن و لەسەرخۆ بوو. ئەوەشی لا دڵگران نەبوو گەر ئێمە یەکتری ببینین: پێمی وت هەرکاتێک پێم خۆش بێت دەتوانم سەردانی ئەوێ بکەم، بە مەرجی ئەوەی کە بە تۆ نەڵێم چونکە تۆ مشتومڕت لەگەڵ ئەو کردووە و لێی خۆش نابیت چونکە خوشکی تۆ -ئیزابێلا- ی هێناوە. تۆش لێی خۆش نابیت، باوکە تۆ تاوانباری، هەموو شتێک خەتای تۆیە: هیتکلیف پێی خۆشە ئێمە ببین بە هاوڕێی یەکتر، بە

لایەنی کەم من و لینتن، بەڵام تۆ وانیت."

ئێدگار هەستی بەوە کرد کە کچەکەی قسەکانی وەرناگرێت و باوەڕ بە دڕندەیی خاڵی ناکات، باوەڕ بەوە ناکات کە چۆن ئیزابێلای دەسخەرۆ کرد و سووکایەتی پێ کرد، هەرگیز ئەوەشی ناچێتە ئەقڵەوە کە چۆن بانەکانی وێزەرینگ بوون بە موڵکی هیتکلیف. ئێدگار حەوسەڵەی ئەوەی نەبوو درێژە بە بابەتەکە بدات، بۆیە زۆر کەم قسەی لەسەر کرد، ئێستا ترس و تۆقین و ڕقی ڕابردووی لە بیر ماوە کە چۆن دوژمنەکەی دڵی تۆقاند لە کاتی مردنی خاتوو کاسرین. دواهەمین قسەی هیتکلیف ئەوە بوو "کاسرین دەژیا گەر بۆ ئێدگار نەبوایە!" هیتکلیف لە چاوەکانی ڕا دیار بوو بە بکوژان دەچوو. خاتوو کاسی (زۆر کەللە ڕەق بوو، بێ بیرکردنەوە قسەی دەکرد، قسەی لە کەس وەرنەدەگرت، هەموو قسەکانی باوکی بە نایەکسانی دەزانی) واقی وڕمابوو لە ڕەشێتی ئەو ڕوحەی کە ڕاستییەکی لەو شاردووەتەوە و بۆ ماوەی چەند ساڵە تەمای تۆڵەی هەیە، بە ئەنقەست کارەکانی دەکرد بێ ئەوەی سەردانی ماڵی پەشیمانی بکات. پێ دەچوو کە زۆر حەپەساو و سەرسام بووبێت بەو سروشتە نوێیەی مرۆڤ - کە لە نێو کتێب و خوێندنەکانیدا بەدی نەکردووە– کە بەڕێز ئێدگار حەزی نەکرد درێژە بە بابەتەکە بدات. ئێدگار هەر تەنیا وتی "ئازیزەکەم، دواتر هەموو شتێک دەزانی، من جگە لە بەرژەوەندی تۆ چیم داوە لە قەدەغەکردنی تۆ بۆ ئەو خانووە، ئێستا بچۆ بە لای کار و ئەرکەکانتەوە، هیچی تر بیر لەوان مەکەرەوە. "

کاسرین باوکی ماچ کرد، بە هێمنی بۆ ماوەی دوو سەعات وانەکانی خوێند، ئاسایی وەک جاران لەگەڵی چووە نێو باخچەکان، تەواوی ڕۆژەکە ئاسایی چووە سەر: بەڵام لە ئێوارەدا، کاتێ کاسی چووە ژوورەکەی، منیش چووم یارمەتی بدەم و جلەکانی لە بەر بکەمەوە، بینیم کاسی لەسەر ئەژنۆکانی کەوتووە و گریانێکی بە کوڵی دەست پێ کردووە.

دەنگم بۆ ڕادا "بەخوا منداڵێکی گەمژەی و بێ مانای! گەر تۆزێک خەمت هەبوایە هەقی خۆت بوو لەسەر ئەو ئەرزە ڕەقە دانیشی و بگریت. تۆ هەرگیز سێبەری خەم و پەشۆکاویت نەبینیوە، خاتوو کاسرین بۆ وادەکەی. یەک دەقیقە بێنە بەر چاوت گەر من و باوکت بمرین و تۆ بە تەنیا لەم جیهانەدا بمێنیتەوە: ئەو کاتە هەست بە چی



دەکەیت؟ ئەو بۆنەیەی ئەمڕۆ لەگەڵ ئەم گریمانە بەراورد بکە، دەبێ لە بری گریان و سەرکۆنەکردن سوپاسی هاوڕێکانت بکەی."

کاسی وەڵامی دایەوە "ئێلن، من بۆ خۆم ناگریم. من بۆ لینتن دەگریم کە بەیانی چاوەڕێی من دەکات و چاوی بە من بکەوێتەوە، گەر بەیانی من نەبینێت، زۆر نائومێد دەبێت: هەر چاوەڕێی من دەکات، منیش ناچم!"

وتم "قسەی قۆڕ و بێ مانا! تۆ وا دەزانی ئەویش وەک تۆ وایە و ئێستا هەر بیری لای تۆیە؟ ئایا هاوەڵێکی نییە بە ناوی هاریتۆن؟ کەس نییە لەم دنیایە بۆ یەکێک بگریت کە دوو جار چاوی پێ کەوتبێت، تەنیا دوو نیوەڕۆ تۆ ئەوت بینیوە، ئەو گریانەت لە چی؟ لینتن دەزانی چۆن، سەری بە تۆوە قاڵ ناکات و هەر بیریشت لێ ناکاتەوە."

هەستایە سەر پێیەکانی و وتی "باشە دەتوانم نامەیەکی بۆ بنووسم کە بۆچی ناتوانم بچم بۆ لای؟ لەگەڵ نامەکە ئەو کتێبانەشی بۆ بنێرم کە بەڵێنم پێ دابوو بۆی بەرم؟ کتێبەکانی وەک هی من خۆش نین، زۆر حەزی کرد کتێبەکانی من بخوێنێتەوە، کاتێ من پێم وت کتێبەکان چەند خۆشن، ئێلن دەتوانم ئەوە بکەم؟"

وەک بڕیاردانێک وەڵامم دایەوە "نەخێر، بەڕاستی نابێ! گەر تۆ نامە بۆ ئەو بنووسی، ئەویش بۆ تۆ دەنووسی، ئیتر کۆتایی بە نامە نایەت. نەخێر خاتوو کاسی ئەو ئاشنابوونە دەبێ بە تەواوی بنبڕ بکرێت: وەک ئەوەی باوکت چاوەڕێ دەکات و من دەیبینم دەبێ هەر ئاوا بێت."

ڕووی شڵەژا و شپرزە بوو، پرسی "بەڵام تەنیا یەک نامەی کورتی بۆ دەنووسم ......؟"

قسەم پێ بڕی، وتم "بێدەنگ بە! بە کورتە نامەکەی تۆ دەست پێ ناکەین، ئێستاش کاتی خەوتنە، بڕۆ سەر جێگەت"

نیگایەکی زۆر سووکی تووڕ هەڵدا سەر دەموچاوم، ئەوەندە تووڕە بوو نەمتوانی ماچی شەو باشی لێ بکەم: دامپۆشی، دەرگای ژوورەکەیم داخست، بە دڵساردییەوە جێم هێشت، بەڵام لە نیوە ڕێگە پەشیمان بوومەوە، بە هێواشی گەڕامەوە. چیم بینی! خاتوو کاسی لای مێزەکەی وەستابوو، کاغەز و پێنووسێکی بە دەستەوە بوو،

که من چوومە ژوورەوە وەک تاوانبار کاغەز و پێنووسەکەی شاردەوە، وەک ئەوەی من نەمبینیبێت.

وتم "کاسرین کەس نییە ئەو نامەیەت بۆ ببات، ئیتر بشنووسی بێ کەڵکە، وا مۆمەکەشت دەکوژێنمەوە."

ڕووناکی مۆمەکەم نەهێشت، هەرکە مۆمەکەم کوژاندەوە شەقێک بە دەستم کەوت و وتی "ئەی تووڕەی بێ کەڵک"! دووبارە بەجێیم هێشت، بەڵام هەر داینەهێنا و مۆمەکەی هەڵگیرساندەوە. نامەکە تەواو کرا و بەو کەسەدا ڕەوان کرا کە شیری بۆ لادێکە دەهێنا و دەبرد، بەڵام تا ماوەیەک من ئەوەم نەزانی. چەند هەفتەیەک تێپەڕی، کاسی هێور بووەوە و هاتەوە سەرە خۆی، هەرچەندە خۆی لە قەرەباڵغی دەدزیەوە و هەمیشە لە گۆشەیەک دادەنیشت، زۆرجاریش کە لێی نزیک دەبوومەوە ئەو کتێبەی لە بەردەمی بوایە دایدەخست، نازانم بۆچی دەیشاردەوە، منیش بە وردی لە لێواری کتێبەکەم دەڕوانی، بەڵام هیچم نەدەبینی. هەروەها فێری ئەوەش ببوو کە بەیانییان زۆر زوو لە خەو هەڵدەستا و دەهاتە خوارەوە لە موبەقەکە لەنگەری دەگرت، وەک بڵێی چاوەڕێی گەیشتنی شتێکی دەکرد. چەکمەجەیەکی بچووکی هەبوو لە نێو کتێبخانەکە، کە چەند سەعات لای دەمایەوە و کلیلەکەشی زۆر بە تایبەتی تەقەت دەکرد کاتێ لە کتێبخانە دەچووە دەرەوە.

ڕۆژێکیان، کاتێ سەیری چەکمەجەکەی کرد، من سەرنجم دایە کە هەندێ نامە و چەند پارچە ئاڵتوونێک لە نێو کاغەز جوان پێچرابوونەوە. ئیتر من کەوتمە شک و گومان و حەزم کرد بزانم ئەو شتانە چین. بۆیە بڕیارم دا نێو چەکمەجەکە بکۆڵمەوە تا بزانم کاسی تەمای چی هەیە بەو گەنجینەیە. بۆیە کە شەو داهات، هەرکە زانیم کاسی و باوکی لە سەرەوە تەواو داگیرساون و ئیتر نایەنە خوارەوە، چووم گەڕام و هەر زوو کلیلێکم دۆزییەوە کە بە چەکمەجەکەی دەکرد. کردمەوە و هەموو شتەکانم ڕژاندە نێو کۆشم، هەموویانم بردە ژوورەکەی خۆم تا بە تەواوی تێیان بگەم. هەرچەندە تەواو یەقین نەبووم بەڵام گومانم هەبوو کە ئەمانە هەمووی ڕۆژانە بە نێردراو لە لایەن لینتن هیتکلیفەوە هاتوون: وەڵامی ئەو نامانەی کە بۆی ناردبوون. نزیکترین بەروار کورت و ئیحراج بوو، پەیتا پەیتا ڕۆچوونە نێو نامەی خۆشەویستی



و قسەی هەڵیت و پەڵیت، ئەم قسانە بە هی نووسەرەکەی نەدەچوون، بەڵام دیار بوو لە نێو کتێبان لە ئەزموونی کەسانی ترەوە وەرگیرابوون. هەندێکیان زۆر کاریان لێ کردم، هەستی زۆر بەهێز و کاریگەری تیا بوو، شێوازی نووسینی کوڕێکی قوتابخانە کە بۆ خەیاڵی و خۆشەویستەکەی بەکار هێنابێت وا بوو. بەڵام زۆربەی قسەکانی تر نازانم ئەو قسانە قەناعەتیان بە کاسی کردبوو، ئەوەیان نازانم، بەڵام بۆ من قسەی بێ سوود و قۆڕ بوون. پاش ئەوەی کە زۆرم لێ خوێندنەوە، لە نێو دەسماڵێک توندم گرێ دان و لە لایەکم دانان، پاشان چەکمەجە بەتاڵەکەم کلیل داوە.

هەر وەکو جاران کاسی بەیانی زوو لە خەو هەستا و سەردانی موبەقەکەی کرد: لە دوورەوە چاودێریم کرد تا چووە لای دەرگاکە، کاتێ کوڕێکی بچووک گەیشتە لای دەرگاکە کاسی قوتوویەکەی پڕ کرد لە شیر و شتێکی خستە نێو گیرفانی چاکەتەکەی، شتێکیشی لە هەمان گیرفان دەرهێنا. بە نێو باخچەکەدا سووڕامەوە، چاوەڕێی پەیامنێرەکەم کرد، کاتێ پشتی ملیم گرت نکۆڵی لە خۆی دەکرد کە هیچی نەکردووە، شیرەکە لە نێوان هەردووکماندا ڕژا، بەڵام توانیم نامەکە لە گیرفانی بێنمە دەرەوە، بە تووڕەیی هەڕەشەم لێ کرد گەر یەکسەر نەچێتەوە ماڵێ، هەر لەوێ مامەوە سەیری کاسیم کرد کە لە خۆشی و سۆز و نامەی ئامۆزاکەی باڵی گرتبوو. ئەو نامەیەی کە لە کوڕەکەم وەرگرتەوە لە ئامۆزاکەی کاسی سادەتر و جوانتر بوو: زۆر جوان بوو، زۆر گەمژانە بوو. سەرم لەقاند و چووم لە خانووەکە بیرم کردەوە. ئەو ڕۆژە کەمێک تەڕ بوو نەیتوانی بچێتە نێو پارکەکە بۆ پیاسەکردن، پاش ئەوەی وانەی بەیانی خوێند چووە لای چەکمەجەی پڕ لە هیوا. باوکی لەسەر مێزەکە دانیشتبوو و دەیخوێندەوە، منیش بە مەبەست هەندێ کارم لەسەر پەنجەرەکە کرد گوایە پاکی دەکەمەوە، بەڵام چاوەکانم بەردەوام لەسەر کاسی بوو تا بزانم چی دەکات. هەرگیز باڵندەیەک نەگەڕایەوە هێلانەکەی خۆی، کە سەیری ناو چەکمەجەکەی کرد، شڵەژا، دەمی بەش کردەوە، نەیزانی چۆن هاوار بکات و بدات لە زرمەی گریان، وتی "ئۆه!" هەموو دڵخۆشییەکەی جارانی سفر کرایەوە. بەڕێز ئێدگار سەری بەرز کردەوە.

وتی "گوڵەکەم چی بوو، ئازاری خۆت دا؟"

تۆن و نیگای ئێدگار کاسی دڵنیا کردەوە کە بە چەکمەجەکەی نەزانیوە.

بە دەم بەشبوونەوە وتی "نەخێر باوکە! ئێلّن، ئێلّن، وەرە سەرەوە نەخۆشم!"

بە گوێم کرد و بەدوایدا چوومە دەرەوە.

هەرکە گەیشتینە دەرەوە، یەکسەر وتی "ئێلّن دەزانم تۆ نامەکانت بردووە. "لە سەر ئەژنۆکانی کەوت کاتێ بە تەنیا بووین، وتی "ئەو نامانەم بدەرەوە، هەرگیز جارێکی تر شتی وا ناکەم! بە باوکم مەڵێ. ئێلّن خۆ بە باوکمت نەوتووە؟ دەزانم کارێکی هەڵەم کردووە، بەڵام جارێکی تر وا ناکەمەوە!"

بە شێوازێکی زۆر توند و ڕەق بە دەست ئاماژەم بۆ کرد هەستێتە سەر پێ.

ئینجا وتم "خاتوو کاسرین، دیارە تۆ بە گوێی کەس ناکەیت و زۆر کەللە ڕەقی: زۆر عەیبە بۆ ئەو نامانەت! لە کاتی پشووتدا خۆت بە شتی ئاوا قوڕ خەریک دەکەی، باشە بۆچی چاپیان ناکەیت، ها؟ هێشتا نیشانی باوکتم نەداوە، بەڵام تۆ هەر ئاگاشت لێ نابێت کاتێ هەموو شتێکی نیشان دەدەم و بۆ باس دەکەم، وا نەزانی کە من نهێنییە گەمژەکانی تۆ دەپارێزم. عەیبە لە بۆت! دەبوایە هەرگیز تۆ ئەو شتە هیچ و پووچانە نەنووسی: من لەوە دڵنیام کە لینتن لە سەرەتادا بیری لەو شتانە نەدەکردەوە.

کاسی خەریک بوو دڵی شەق بات، بە هەنسکەوە وتی "وام نەکرد! وام نەکرد! بیرم لە خۆشویستنی ئەو نەکردەوە تا ..."

زۆر بە سووکایەتی پێکردنەوە هاوارم لێ هەستا "خۆشویستن! ئەها خۆشویستن! ئایا کەست دیوە قەت گوێی لە شتێکی ئاوا بێت؟! باشە دەکرێ من ئاشەوانەکەمانم خۆش بوێت کە ساڵی یەک جار دێت بۆ ئێرە و دانەوێڵەمان لێ دەکڕێت. بەڕاستی خۆشویستنەکی جوانە! بە هەمووی دوو جار لینتنت بینیوە، بە هەموو ژیانت دەکاتە چوار سەعات! ئێستا کارێکی زۆر منالانە دەکەیت. من بەو نامانەوە دەچمە کتێبخانە، ئەو کاتە دەزانین باوکت بۆ ئەو جۆرە خۆشەویستییە دەڵێ چی."

لەپڕا پڕی دایە نامە بە نرخەکان، بەڵام من توند لەسەر سەری خۆم پاراستمن، پاشان دەستی بە پاڕانەوە کرد کە من هەرشتێک لەو نامانە بکەم بەس نیشانی باوکی نەدەم، گوتی بیانسووتێنە. دیمەنێکی هەبوو تەنیا بۆ پێکەنین دەشیا، هەرچی لووتبەرزی کچانەی هەبوو بۆ ئەو نامانەی دانابوو، پاش ماوەیەکی زۆر وەستام و لێم



پرسی "گەر ڕازی بم بەوەی بیانسووتێنم، بەڵێنم پێ دەدەی کە جارێکی نە نامەیەک، کتێبێک ڕەوان بکەیت و نە نامەیەکیش وەربگریت، (چونکە دەزانم کە کتێبیشت بۆ ناردووە) نە دەسکە قژ و ئەڵقە و کەل و پەلی یاری کردن؟"

شانازییەکەی زاڵ بوو بە سەر شەرمەکەی، وتی "ئێمە کەلوپەلی یاریکردن بۆ یەکتری نانێرین."

وتم "خانم هیچ شتێک؟ ئێستا پێت دەڵێم، وا ئێستا دەچم بە باوکت دەڵێم."

کراسەکەی گرتم و هاواری لێ هەستا "ئێلّن، بەڵێن دەدەم! ، هەر ئێستا بیانهاوە ناو ئاگر، هەر ئێستا، هەر ئێستا!"

بەڵام کاتێ چووم شوێنێک بدۆزمەوە بۆ سووتاندنی نامەکان، کچەکە زۆر بە ئازار و داماو دەهاتە پێش چاوم. زۆر گوناه بوو، چاوی لەوە بوو کە نامەیەک یان دووان بهێڵمەوە. دەنگی زۆر بە غەریبی ڕادا "ئێلّن، یەک یان دوان هەر بۆ خاتری لینتن هەڵیان دەگرم!"

دەسماڵەکەم کردەوە، لە سووچێکی ئاگردانەکەوە، یەک بە یەک دەستم کرد بە فڕێدانی نامەکان بۆ نێو ئاگردانەکە."

کاسی وتی "هەی دڕندە، یەکێکیانم هەر دەوێ!" دەستی بۆ نێو ئاگرەکە درێژ کرد و لەسەر حیسابی پەنجەکانی نامەیەکی نیمچە سووتاوی دەرهێنا.

وەڵامم دایەوە "زۆر باشە، هەندێکیان هەڵدەگرم تا نیشانی باوکتیان بدەم!" لە سووتاندنی نامەکان وەستام و ئەوەی مایەوە خستمەوە نێو دەسماڵەکە و بەرەو دەرگاکە هەنگاوم نا.

کاسی یەکسەر ئەوەی لە ناو دەستی بوو فڕێی دایە نێو بڵێسەی ئاگرەکە و پێمی وت کە قوربانییەکان تەواو بکەم. هەموو نامەکانم سووتاند، خۆڵەمێشەکەم لە ژێر خەڵووزەکان شاردەوە. کاسی بە بێدەنگی، بە هەستێکی زامدارەوە وردە وردە، خش خش چووە ژوورە تایبەتییەکەی. چوومە خوارەوە تا بە سەرۆکم بڵێم کە ئەو تۆزە نەخۆشییەی کچەکەی هەیبوو نەما، ئێستا وا کەمێک پاڵ کەوتووە بۆ تەندروستی باشە. ئیتر کاسرین نانی نەدەخوارد، بەڵام بۆ چا خواردنەوە دەردەکەوت، ڕەنگ زەرد، چاوەکانی وەک گۆمی خوێن سوور ببوون، بە تەواوی نوقمی خەم ببوو. بەیانی

داهاتوو، وەڵامی نامەکەم داوە لەسەر پارچە کاغەزێک، نووسیم "سەرۆک هیتکلیف داوای کردووە هیچی تر نامە بۆ خاتوو کاسی ڕەوانە نەکرێت، چونکە کاسی وەریان ناگرێت. "ئیتر بە دواوە کوڕە بچووکەکە بە گیرفانی بەتاڵەوە دەهات.



## بەشی بیست و دوو

هاوین بەرەو کۆتایی چوو، سەرەتای پاییز داهات: جەژنی میخایلی پیرۆز بوو، بەڵام دوورینەوەی ئەو ساڵە دوا کەوت، تا ئەو کاتەش بەشێکی زەوییەکانمان پاک نەکرابوونەوە. ئێدگار و کچەکەی زۆرجار بە نێو شتە پێگەیشتووەکاندا دەچوون، تا دەمەو ئێواران نەدەهاتنەوە، ئەم ئێوارەیە زۆر سارد و وشک بوو، ئێدگار زۆر بە خراپی سەرمای بوو، ئەم ساردییە وشکە زۆر کاری لە سییەکانی کرد، تەواوی زستان تەندروستی تەواو نەبوو و لە ژوورێ نەهاتە دەرەوە، نەخۆشیەکەی نزیکەی بێ پچڕان بوو.

کاسی داماو لەو خۆشەویستییەی زۆر ترسا، هەر لەو ساتەی لێی قەدەغە کرا خەمبارتر و گێژتر بوو، باوکیشی سوور بوو لەسەر ئەوەی کە کەمتر بخوێنێتەوە و ڕاهێنانی زیاتر بکات. هیچی تر وەک جاران زۆر لەگەڵ باوکی هاوڕێ نەبوو، بەپێی توانا ئەرکەکانی وەک من قورستر بوون: بەدیلێکی نالێهاتوو بوو، چونکە من دەمتوانی تەنیا دوو یان سێ سەعات بێ کار بم، چونکە کارم ئێجگار زۆر بوو، نەمدەتوانی بە دوایدا بچم، بۆیە زۆر کەمتریش دەهاتە لای من.

لە دوای نیوەڕۆیەکی کۆتایی مانگی دە، یان سەرەتای مانگی یانزە، دوا نیوەڕۆیەکی بە ئاو و نوێ بوو، درەخت و ڕێگە و بانەکان شێدار بوون، گەڵاکان وشک بوون، ئاسمانی شین و ساردیش بە هەور نیمچە داپۆشرابوو - ئالایەکی خۆڵەمێشی تاریک لای ڕۆژئاوا دەڵەرییەوە، کەش و هەواکە بارانی پێوە بوو – داوام لە کاسی کرد هیچی تر پیاسە نەکات چونکە دڵنیا بووم کە باران دەبارێت. بەڵام قسەکەی

منی ڕەت کردەوە، بە دڵگرانی پاڵتۆکەی بە سەرە خۆیدا هەڵکێشا، چەترەکەی منی برد تا لەگەڵی بچم پیاسە بکەین لە خوارووی پارکەکە: بە گشتی پیاسەیەکی بێ خولق بوو، زۆرجار وا دەبوو گەر بەڕێز ئێدگار لە ئاسایی خۆی خراپتر بوایە، شتێک هەرگیز لە دانپیانانەکەی نەزانرا، بەڵام مەزندەی من و ئەوی دەکرد لە بێدەنگییە زیادەکەی و خەمباری سەر و فەساڵی. بە خەمباری بەردەوام بوو: ئێستا وەک جاران ڕای نەدەکرد و هەراو هۆسەی نەدەکرد، هەرچەندە بایە ساردەکە ڕەنگە وای لێ کردبێت کە پێشبڕکێ نەکات. هەروەها زۆر جار سەرنجم دەدا کە دەستێکی بەرز دەکردەوە و شتێکی بە سەر ڕوومەتی دادێنا. سەیرێکی ئەو ناوەم کرد تا لە بیرکردنەوەکانی بگەم. لە لایەکی ڕێگەکە کە گوڵی سووری بەرز، لێوارێکی ڕەق و دار بەڕوو بوو، کە ڕەگەکانیان نیوەی لە دەرەوە بوو، خۆڵەکە زۆر نەرم بوو، بایەکی توندی ئاسۆیی هەڵکرد. لە هاویندا خاتوو کاسرین حەزی دەکرد بە تەنیا بە نێو ئەو ڕەزانەدا بڕوات، لەسەر لقی دارەکان دانیشێت، ئەو لقانەی کە بیست پێ لە ئەرزەوە بەرز بوون، منیش لەگەڵ خێرایی و سووکایەتییەکی ئەو، دڵە مناڵانەکەی، هەموو جارێ لەو جۆرە بەرزاییە دەمهێنایە خوارەوە، بەڵام دەیزانی کە هیچ پێویست ناکات زیاتر بڕۆیتە سەرەوە. لە نانی ئێوارەوە تا کاتی چا خواردنەوە لەسەر بێشکە نەخشێنراوەکەی پاڵ دەکەوت، جگە لە چڕینی گۆرانییە کۆنەکان هیچی تری نەدەکرد، وەک من لە کاتی کارکردندا هەمان ئەو گۆرانییانەم دەوتەوە، هەمان ئەو گۆرانییانەم دەوت کاتێ لە باڵندەکانم دەڕوانی، کاتێ دەچوومە لای کرێچییەکانمان، ساقەسوورەکانم نان دەدا تا باڵیان دەگرت: یانیش ئەوەتا کاتێ هێلانەم بۆ دروست دەکردن، نیمچە خەون و نیمچە بیرکردنەوە، زۆر دڵخۆشتر بوون لەوەی کە وشە دەری دەبڕێت.

دەنگم دا "خانم، سەیرکە!" بە دەست ئاماژەم بۆ گۆشەیەکی ژێر ڕەگەکانی دارێکی لوولم کرد. وتم "لێرە هێشتا زستان نەهاتووە. ئەها گوڵێکی بچووک لەوێیە، ئەمە دواهەمین خونچەی ئەو گوڵانەیە کە لە مانگی تەمووزدا بە دەستە سەریان دەردەهێنا. دەتوانی بچیە سەرێ و لێی کەرەوە تا بە باوکتی نیشان بدەی؟" کاسی دەمێک لە گوڵەکە ڕاما، پاشان وەڵامی دایەوە "نەخێر، دەستی لێ نادەم: ئەها ئەم



گوڵەش خەمبار دیارە، وانییە ئێلن؟"

وتم "بەڵێ، وەک تۆ لە برسانا هێزی لێ بڕاوە و ڕوومەتەکانی خوێنیان تیا نەماوە، وەرە با دەستمان لە ناو دەستی یەکتر بنێین و پێکەوە ڕابکەین. تۆ زۆر هێواش ڕادەکەیت، دەتوانم لەگەڵ تۆ ڕابکەم."

وەڵامی دایەوە و وتی نەخێر. ئیتر لەسەر پارچە چیمەنێک دانیشت. هەموو دار و درەخت و گوڵ و سەوزایی ئەو ناوە لەگەڵ ئەو دەستیان کرد بە گریان. کاسی دەستەکانی بەرز کردەوە و بە ڕووی وەنا.

لێی نزیک بوومەوە و دەستم خستە سەر شانەکانی، لێم پرسی "خۆشەویستەکەم، کاسرین بۆچی دەگریت؟ تەنیا بۆ ئەوە دەگریت کە باوکت نەخۆش کەوتووە، دەبێ تۆ سوپاسگوزار بیت چونکە هەر نەخۆشییە و هیچی دیکەی خراپتر نییە."

پاش ئەم قسەیەم فرمێسکەکانی چڕتر بوون، هەناسەی لە بەر هەنسکدان لێبڕا بوو.

کاسی وتی "ئۆه، شتێک لەوە خراپتر دەبێت. باشە من چی بکەم کاتێ تۆ و باوکم بەجێم بێڵن، من هەر تەنیا خۆمم؟ ئێڵن ناتوانم قسەکانی تۆ لە بیر بکەم، هەمیشە لە گوێمدا دەزرینگێنەوە. ئەو کاتەی تۆ و باوکم دەمرن، ژیان چەند دەگۆڕێت، جیهان چەندە ترسناک دەبێت."

وەڵامم داوە "کەس نازانێت کەی دەمرێت، کێ ناڵێ تۆ پێش ئێمە نامریت. بەڵام کارێکی هەڵە دەکەین گەر بیر لە شتی خراپ بکەینەوە. هەموومان هیوای ئەوە دەخوازین کە کەسمان جارێ وەها زوو نەمرین، هێشتا زۆرمان ماوە: ئێدگار گەنجە و من بەهێزم ئێستا گەیشتوومەتە چل و پێنج ساڵی. دایکم تا تەمەنی هەشتا ساڵی ژیا، پاشان مردن بۆ خۆی بردیەوە. خاتوون وا دابنێ من و باوکت تا تەمەنی شەست ساڵی ئەم ژیانە ڕادەکێشین، پاش ئەو کاتەش هەر زۆرمان دەمێنێت. بۆیە کارێکی شێتانەیە بیست ساڵ پێش ئەوەی یەکێک بمرێت شین و ڕۆڕۆی بۆ بکەیت.

سەری هەڵبڕی و چاوی لە دڵدانەوەی زیاتر بوو، وتی "بەڵام پوورە ئیزابێلا لە باوکم زۆر گەنجتر بوو."

وەڵامم داوە "پوورە ئیزابێلا من و تۆی نەبوو چاودێری بکەین. وەک باوکت

خۆشحاڵ نەبوو: هیچی نەمابوو بۆی بژێت. ئەوەی لەسەر تۆیە بیکەیت، دڵی باوکت خۆش بکەیت، بیر لەو بکەیتەوە کە هێشتا زیندووە، هەمیشە بە دڵخۆشی برۆ بەر چاوی، ئەو دڵی خۆش دەبێت تۆ بە کەیفخۆشی ببینێت. لەسەر هیچ بابەتێک خەمی مەدەرێ: کاسی ئاگەداری بە! من ناتوانم کاری لێ بکەم بەڵام تۆ گەر بێ هەست و درندە بیت لەگەڵی ئەوا دەیکوژیت، تۆ نابێ ئەوەندە باسی کوڕی کابرایەک بکەیت کە گەر ئێستا لە گۆڕەکەی بێت باوکت چاک دەبێتەوە. بۆیە پێم باشە بچیتە لای و پێی بڵێ کە تۆ وازت لە لینتن هێناوە، ئەو دڵی زۆر پێ خۆش دەبێت."

هاوەڵەکەم وەڵامی دایەوە "من ئێستا لەسەر ئەم زەوییە بیر لە هیچ شتێکی تر ناکەمەوە جگە لە نەخۆشی باوکم. هیچ شتێک لەگەڵ باوکم بەراورد ناکەم تەنیا خەمی گیانی ئەومە. بۆیە هەرگیز، هەرگیز، هەرگیز قسەیەک ناکەم ئەو خەمی پێ بخوات. ئێڵن لە خۆمم خۆشتر دەوێت، من بە هۆی ئەوە دەزانم: کە من لە پاش ئەو نەژیم چونکە ژیانم بە بێ باوکم دەبێتە دۆزەخ: ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە لە خۆمم خۆشتر دەوێت."

وەڵامم داوە "قسەکانت زۆر باشە. بەڵام پێویستییان بە کار هەیە بۆ سەلماندنی، پاش ئەوەی کە چاک دەبێتەوە، ئەو قسانەی ئێستا لە ئەنجامی ترسەوە دەکەیت ئەو کات لە بیرت نەچێت."

کاتێ بە ڕێگەوە قسەمان دەکرد، لە دەرگاکە نزیک بووینەوە کە لەسەر ڕێگەکەدا کرابووەوە، خانمە گەنجەکەی من، دووبارە چۆوە بەر تیشکی خۆر، سەرکەوت و لە شوێنێک لەسەر دیوارەکە دانیشت، شوێنەکەمان سێبەری دار تاریکی کردبوو. میوەکانی خوارەوە نەمابوون، بەڵام تەنیا باڵندەکان دەیانتوانی بگەنە میوەکانی سەر سەرەوەی دارەکان. جگە لەو شوێنەی کاسی کە هێشتا میوەی پێوە مابوو. کاتێ دەستی درێژ کرد بۆ لێکردنەوەی میوەکان، کڵاوەکەی کەوتە خوارەوە، کاتێکیش دەرگاکە داخرا هاتە خوارەوە بۆ کڵاوەکەی. پێم وت کە ئاگەداری خۆی بێت، بەر نەبێتەوە، هاتە خوارەوە و ون بوو. بەڵام گەڕانەوە مەسەلەیەکی ئاوا ئاسان نەبوو: چونکە بەردەکان لووس بوون، خلیسکان بە سەریاندا زۆر ئاسان بوو، شا تووەکان نەیاندەتوانی یارمەتی بدەن. منیش وەک گەمژەکان ئەوەم لە بیر نەبوو تا کاسی



پێکەنی و هاواری کرد "ئێڵن دەبێ بچی کلیلەکە بهێنی، ئەگینا دەبێ بەودیودا ڕا بکەم. ناتوانم لەم لایەوە بێمە خوارەوە!"

وەڵامم داوە "لە شوێنی خۆت بمێنەوە. تۆپە کلیلەکەم لە ناو گیرفانمە: وابزانم دەتوانم بیکەمەوە، ئەگەر نا من بەو لایدا دەچم."

کاسرین دای لە تریقەی خۆشی بە هۆی سەماکردن لە بەر دەم دەرگاکە، کاتێ من سەرقاڵی کلیلە گەورەکان بووم. دواهەمین کلیلم تاقی کردەوە، ئەویش بە دەرگاکەی نەکرد، بۆیە پێم وت کە دووبارە لەوێ بمێنێتەوە، دەبوایە زۆر بە خێرایی بچمەوە ماڵێ. دەنگی ناڵەی ئەسپێک منی لە ڕاکردن و کاسی لە سەماکردن وەستاند.

بە چرپەیەکەوە وتم "ئەوە کێیە؟"

کاسی زۆر بە نیگەرانییەوە وتی "ئێڵن خۆزگە دەتوانی دەرگاکە بکەیتەوە."

دەنگێکی قووڵ بانگی کرد، پێ دەچوو دەنگی ئەسپ سوارەکە بوو "هێی خاتوو کاسرین! خۆشحاڵم بە بینینت. بوەستە مەچووە ژوورەوە، چونکە دەمەوێ قسەت لەگەڵ بکەم."

کاسرین وەڵامی دایەوە "بەڕێز هیتکلیف قسەت لەگەڵ ناکەم. باوکم دەڵێ تۆ پیاوێکی خراپی، تۆ ڕقت لە هەردووکمان دەبێتەوە، ئێڵنیش هەمان قسە دەکات."

خۆ ئەوە هیتکلیف خۆی بوو، وتی "ئەم قسەیە هیچ نییە، من داوایەکی لەوە گەورەترم لە تۆ هەیە. من ڕقم لە کوڕەکەم نابێتەوە، پێم وایە هاتنیشم سەبارەت بە کوڕەکەمە. بەڵێ تۆ مافی خۆتە قسە نەکەیت. ئەوە دوو سێ مانگە، تۆ بۆ لینتن نامە نانووسی؟ گاڵتە بە خۆشەویستی دەکەیت، وانییە؟ ئێوە هەردووکتان شایەنی هەموو شتێکن! بە تایبەتی تۆ کە گەورەتری و هەست بە مردنی خۆشەویستەکەت ناکەیت. نامەکانی تۆم بە دەست گەیشت، گەر خۆت ون بکەیت ئەوا نامەکان بۆ باوکت دەنێرم. وابزانم لە ترسان وازت لە کوڕەکەم هێناوە، وانییە؟ باشە ئەی لینتن گوناهی چییە؟ ئەو کەوتبووە داوی خۆشەویستییەکی ڕاستەقینە، تۆ ئاوا بە ئاسانی دڵی دەشکێنی: دڵشکاندنێکی ڕاستەقینە، نەک هەر بە قسە، بەڵکو وا دڵی لەت لەت بووە. هەرچەندە هاریتۆن ئەوە ماوەی شەشە هەفتەیە دڵخۆشی دەداتەوە، منیش پێوەری زۆر جدیم بەکار هێناوە، هەوڵم داوە بە ترس لەو دەمارگیرییەی دەربهێنم، ڕۆژ بە

ڕۆژ خراپتر دەبێت، پێش ئەوەی هاوین دابێت دەمرێت، گەر تۆ نەگەڕێیتەوە لای!"

منیش لە ژوورەوە دەنگم ڕادا "چۆن بەم شێوەیە دڵت دێ درۆ لەگەڵ ئەو منداڵە بکەیت؟ دوعا بکە و بە ئەسپەکەت بگەڕێوە! بە چ ڕوویێک هاتووی بۆ ئێرە؟ خاتوو کاسی، بە بەردێک دەرگاکە دادەخەم: بەو قسە قۆڕانە باوەڕ مەکە. تۆ هەر بۆ خۆت بیر بکەرەوە کە مەحاڵە یەکێک بمرێت بۆ خۆشەویستی یەکێک کە نەیبینیوە، بێگانەیە."

دڕندە و نیاز خراپەکە وتی "دیارە من ئاگەداری ئەوە نیم خەڵکی خراپ و تێکدەر هەیە. خانم دین، هەی بەڕێز، من کەیفم بە تۆ دێ، بەڵام کەیفم بە دوو ڕوویییەکەت نایێ." ئەمجارە بە دەنگی بەرز وتی "ئەی تۆ چۆن درۆ دەکەی کە من ڕقم لەو منداڵە داماوە دەبێتەوە؟ ئەو هەموو چیرۆکە ترسناکانەت بۆ هەڵبەستووە و منت لێ کردووەتە دێوەزمە؟ کاسرین لینتن (ناوێکە من گەرم دەکاتەوە)، کچە جوانەکەی من، من تەواوی ئەم هەفتەیە لەماڵەوە دەبم، برۆ لای لینتن و لە دەمی خۆی ڕاستییەکە ببیستە: وا بکە، خۆشەویستی تۆیە! تەنیا بێنە بەرچاوت باوکت لە شوێنی من دابنێ، لینتنیش لە شوێنی خۆت، ئەو کاتە بزانە چەند ناخۆشە کە ڕەتی داوایەکت بکرێتەوە، چەند خۆشە خۆشەویستەکەت بێتە لات تەنیا بە یەک قسە دڵخۆشت بکات. سوێندت بۆ دەخۆم کە لینتن دەمرێت، کەسمان ناتوانین ڕزگاری بکەین، تەنیا تۆ دەتوانی، تەنیا تۆ دەتوانی گیانی مرۆڤێک، خۆشەویستەکەت لە مردن ڕزگار بکەیت!"

دەرگاکەم کلیل دا و هاتمە دەرەوە.

هیتکلیف بە تووڕەیی سەیری منی کرد و دووبارەی کردەوە "سوێند دەخۆم لینتن دەمرێت. خەم و نائومێدی مردنەکەی خێراتر دەکەن. نیلی گەر نەهێڵی کاسی بچێتە لای، دەتوانی خۆت بە پێیان بچی. بەڵام من تا هەفتەیەکی تر ئەو کاتانە ناگەڕێمەوە، پێم وایە کە سەرۆکەکەت ڕێگە لەو ناگرێت سەردانی ئامۆزاکەی بکات!."

بە کاسیم وت "وەرە ژوورەوە". قۆڵیم گرت و بە زۆری ڕامکێشا ژوورەوە، چونکە لەنگەری گرتبوو بە چاوێکی تووڕەبوونەوە سەیری قسەکەرەکەی دەکرد، نەیدەزانی چۆن تەڵەکەبازییەکەی دەربڕێت."



ئەسپەکەی بۆ پێشەوە تاودا و خۆی چەماندەوە و وتی "خاتوو کاسرین، سوێند بە تۆ دەخۆم، ئۆقرەم نەماوە لەگەڵ لینتن و هاریتۆن و جۆزیف. سوێند دەخۆم کە لینتن لەسەر لێواری مەرگە. باشترین چارەسەر و باشترین داو دەرمان بەزەیی و خۆشەویستی و وشە خۆشەکانی تۆیە. بە دڕندایەتی خاتوو دین لەگەڵم مەکە، بە بەزەیی خۆت لەگەڵم بکە، هیمەتێک بکە، بە دڵ نەرمی خۆت هەوڵدە چاوت بە لینتن بکەوێت. شەو و ڕۆژ خەونت پێوە دەبینێت، قەناعەتی بەوە نایەت کە تۆ ڕقت لێ دەبێتەوە، لەو ساتەوەی تۆ نامەی بۆ نانێریت، ناچێتە ئەقڵی کە تۆ وازت لێ هێناوە."

دەرگاکەم داخست، بەردێکم خستە بەردەم قفڵە شلەکە بۆ ئەوەی بەری بگرێت، چەترەکەم واڵا کرد و کاسیم خستە ژێر نەوای چەترەکە: چونکە باران بەسەر لق و پۆپەکانیشدا دەهاتە خوارەوە، باران پێی وتین هیچی تر خۆتان دوا مەخەن. ئەوەندە بە پەلە بووین هیچی تر نەمانتوانی لای هیتکلیف بمێنینەوە، کاتێ بەرەو ماڵ ڕێ کەوتین، هەستم بەوە کرد کە دڵی کاسی ئێستا دوو هێندەی پێشتر تاریک و بە خەمتر بوو. هەموو جەستەی خەمبار بوو، بە خودی کاسی نەدەچوو: ئەوەی لە دەمی هیتکلیفی گوێ لێ بوو هەمووی بە ڕاست دەزانی، بڕگە بە بڕگە حیسابی بۆ دەکرد.

سەرۆک (ئێدگار) بۆ پشوودان چووبووە ژوورەکەی خۆی کاتێ ئێمە هاتینە ژوورەوە. کاسی خۆی بۆ ژووری باوکی دزییەوە بۆ ئەوەی لە تەندروستی بپرسێت، کەچی باوکی نووستبوو. لە ژووری باوکی هاتە دەرەوە، داوای لێ کردم لە کتێبخانە لەگەڵی دانیشم. پێکەوە چایەکمان خواردەوە، پاشان لەسەر مافوورەکە پاڵکەوت، پێی وتم کە قسە نەکەم، چونکە زۆر نیگەران بوو، دڵی پڕ ببوو. کتێبێکم هێنا، خۆم خەریکی خوێندنەوە کرد. هەرکە بە منی وت قسە نەکەم، دەستی کرد بە گریانێکی بێدەنگ: ئێستا ئاواتەکەی بە دیار کەوت. بەڵام من کەمێک ئازارم دا بەوەی کە بیر لە قسە هەڵیت و پەڵیتەکانی بەڕێز هیتکلیف نەکاتەوە، وەک بڵێی من زۆر دڵنیا بووم لەوەی کە بە گوێم دەکات. وەلێ ئەفسووس! ئەو بەهرەیەم نەبوو لە هیتکلیف زیاتر کاری تێ بکەم: هەر چەندی هێنام و بردم، هەر قسەی هیتکلیف دەیخوارد.

کاسی وەڵامی دایەوە "ئێلن، لەوانەیە تۆ ڕاست بکەیت، بەڵام تاوەکو نەزانم ویژدانم ئاسوودە نابێت. هەروەها دەبێ بە لینتن بڵێم کە من هیچ گوناهم نییە نامەی بۆ

نانووسم، قەناعەتی پێ بکەم کە من ناگۆڕێم."

تووڕە بوون و ناڕەزایییەکان چ سوودێکیان هەیە دژی بەڕائەتە گەمژەکەی ئەو کچە؟ ئەو شەوە لێک جیا بووینەوە - دوژمنکارانە، بەڵام ڕۆژی دواتر منی لەگەڵ خۆی بردە سەر ڕێگەی بانەکانی وێزەرینگ، بردمیە لای ئەسپە گەنجەکە. نەمتوانی بەرگەی ئەوە بگرم سەیری خەمبارییەکەی بکەم: نەمتوانی بە ڕەنگ زەردی و پەشۆکاوی و چاو سوورییەوە بیبینم: بۆیە لە دڵەوە ئاواتەخواز بووم کە کاتێ لینتن پێشوازی لە ئێمە دەکات ئەوە بسەلمێنێت کە چۆنییەتی ئەو چیرۆکە چۆن بوو، خۆی واقیعەکەمان پێ بڵێت.



## بەشی بیست و سێ

بارانی شەو بەیانییەکی شێدار و تەڕی دروست کرد - نیمچە کڕێوە و نیمچە دەیپڕووشکاند - جۆگەلە کاتییەکان ڕێگەکەی ئێمەیان کرد بە دوو لەتەوە - خۆڵ و لیتەی زەوییەکانی سەرووبان بۆ خوار ڕادەماڵی. قاچەکانم بە تەواوی تەڕ ببوون، تووڕە و پەست ببووم، ئەو حاڵەتە دەروونییەم دەشیا بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو شتانە. بە ڕێگەی موبەقەکە چووینە ناو کێڵگەکە، بۆ ئەوەی دڵنیا بین لەوەی کە بەڕێز هیتکلیف لەوێ نییە: چونکە زۆر باوەڕم بە قسەکانی نەبوو.

جۆزیف بە تەنیا لای ئاگرە بڵێسەدارەکە دانیشتبوو، بوتڵێک بیرە لەسەر مێزەکەی نزیک ئەو دانرابوو، مێزەکە پڕ بوو لە پارچە کێک و شیرینی، دار جگەرە ڕەشەکەی لە دەمی بوو. کاسرین ڕای کردە لای ئاگردانەکە بۆ ئەوەی خۆی گەرم بکاتەوە. یەکەم جار پرسیم تا بزانم سەرۆک لەوێیە یان نا؟ پرسیارەکەم بۆ ماوەیەکی زۆر لە هەوادا بێ وەڵام قەتیس مایەوە، وامزانی کە پیاوە پیرەکە کەڕ بووە، بۆیە ئەمجارە بە دەنگێکی بەرزتر پرسیارەکەم دووبارە کردەوە.

پرخەیەکی لێوە هات، یان ئەوەتا بە لووتی هاواری لێ هەستا "نەخێر، نەخێر! نەخێر! بڕۆن، لەو شوێنەی لێوەی هاتوون بڕۆنەوە ئەوێ."

دەنگێکی هاروهیج بانگی جۆزیفی کرد "جۆزیف!" هاوکات لە ژوورەکەشدا بە منی وت "ئەوە چەند جارە پێت ڕابگەیەنم؟ ئێستا تەنیا چەند خۆڵەمێشێکی سوور ماونەتەوە. جۆزیف! هەر ئێستا وەرە."

پیاوە پیرەکە بە هەناسەی بۆگەنەوە، نیگایەکی دڕندانەی بە ئاڕاستەی دەنگە

هاروهیجەکە ڕادا، ڕایگەیاند کە بۆ ئەم جۆرە داوایە گوێی پێوە نییە. پاسەوانی خانووەکە و هاریتۆن دیار نەبوون، یەکێکیان چووبووە سەر کاروباری ڕۆژانە، ئەوەکەی تریان لەسەر کاری خۆی بوو. ئێمە تۆنی لینتنمان ناسییەوە و چووینە ژوورەکەی.

کوڕەکە وایزانی جۆزیفە، وتی "ئۆهـ، خۆزگە لە کووخەکە دەمردی، لە برسان دەمردی!"

وەستا و هۆپەکی لە هەڵەکەی خۆی کرد: ئامۆزاکەی ڕای کردە لای.

لینتن سەری لەسەر قۆڵی کورسییە گەورەکە بەرز کردەوە، وتی "خاتوو کاسرین، ئەوە تۆی؟ نا نا ماچم مەکە: هەناسەی من وەردەگری. خۆشەویستەکەم! باوکم وتی کە تۆ دێیت بۆ لام" پاش ئەوەی کاسی توند لە باوەشی خۆی گرت، لینتن ڕوحی بە بەردا هاتەوە و وتی "تکا دەکەم، دەرگاکە داخەن، لەسەر پشتێ بە جێتان هێشتووە، ئەو مرۆڤە ناکەس بەچانەش خەڵووز ناهێنن بۆ ئاگرەکە. ئێرە زۆر ساردە!"

چووم بۆ خۆم هەندێ خەڵووزم هێنا و ئاگرەکەم خۆش کردەوە، بەڵام کۆکەیەکی زۆر خراپی لێ بوو، زۆر بێ هێز و نەخۆش بوو، بۆیە لە بەر ئەو نەمتوانی هیچ بڵێم.

کاتێ ئەبرۆکانی تۆزێ حەسانەوە، کاسرین بە منگەوە وتی "لینتن خۆشحاڵی بە بینینی من؟ چیم پێ دەکرێت بۆت جێبەجێ بکەم؟"

لینیتن پرسی "بۆچی پێشتر نەدەهاتیە لای من؟ دەبوایە لە بری نامە نووسین بهاتایە لای من. لە نووسینی ئەو نامە درێژانە زۆر ماندوو بووم. ماوەیەکی زۆرە قسەم لەگەڵ تۆ نەکردووە. ئێستاش بەرگەی قسەکردن و هیچ شتێکم نەماوە. نازانم زیلا لە کوێیە! دەتوانی لەباتی من بچیە نێو موبەقەکە و بزانە لەوێیە؟"

من بۆ خزمەتەکەی ترم هیچ سوپاسێکم وەرنەگرت، بۆیە حەزم نەکرد بە قسەی ئەو لەو سەر بۆ ئەو سەر ڕابکەم. وەڵامم داوە "کەس لەوێ نییە، تەنیا جۆزیف نەبێت."

ڕووی وەرگێڕا و وتی "دەمەوێ تۆزێ ئاو بخۆمەوە، زۆر تێنوومە. لەوەتەی باوکم ڕۆیشتووە زیلا هەمیشە سەرێکی لە گیمەرتۆنە: ئای کە نەگبەت و ناچیزە! ناچار بووم بۆ ئێرە بێمە خوارەوە - کاتێ لە سەرەوە بووم کەس گوێی لە دەنگم نەدەبوو."



بۆ ئەوەی بزانم کاسرین چی دەڵێت، لێم پرسی "ئایا باوکت، سەرۆک هیتکلیف لەگەڵت باشە و سۆزی بۆ تۆ هەیە؟"

لینتن هاواری لێ هەستا "سۆز و خۆشەویستی؟ ئەوانی لە من خۆشتر دەوێت. ئەو بێ ئەمەکانەی لە من زیاتر دەوێت! خاتوو کاسرین دەزانی کە هاریتۆنی دڕندە هەمیشە پێم پێ دەکەنێت! ڕقم لێ دەبێتەوە، ڕقم لە هەموویان دەبێتەوە: ئەوانە مرۆڤی بێ هەست و دڕندەن."

کاسی دەستی کرد بە گەڕان بە دوای هەندێ ئاودا، لە نێو کەوەنتەرەکە سوراحیەکی هێنا دەرەوە، پڕی کرد لە ئاو و هێنای. لینتن پێی وت کە تۆزێ شەڕابی سەر ئەو مێزە بکاتە ناوی، قومێکی هەڵدا و کەمێک هێور بووەوە، وتی کە کاسی زۆر بە بەزەییە.

کاسی بزەیەکی هاتێ و پێی داگرت لەسەر پرسیارەکەی پێشوو، دووبارە پرسی "باشە تۆ بە بینینی من خۆشحاڵی؟"

لینتن وەڵامی دایەوە "بەڵێ زۆر خۆشحاڵم. شتێکی زۆر نوێیە کە گوێم لە دەنگێکی وەک تۆ دەبێت! بەڵام زۆر لێت تووڕە بووم، چونکە تۆ هەر نەهاتی. هەروەها باوکیشم سوێندی خوارد کە من بێ زاخم: هەمیشە منی بە شتێکی بێ دەسەڵات و بێ بەها و پێ مردوو بانگی دەکردم، پێمی دەوت کە تۆ منت هەڵخەڵەتاندووە، پێمی دەوت گەر لە شوێنی من بوایە، ئێستا لە شوێنی باوکی تۆ دەبوو بە سەرۆکی گرەنج. کاسی، خۆ من دەسخەرۆ ناکەیت، وا نییە...؟

کاسرین قسەی پێ بڕی و وتی "حەز دەکەم بە کاسرین، یان کاسی ناوم بێنی. یانی من تۆ هەڵخەڵەتێنم؟ نەخێر! جگە لە ئێلن و باوکم، من تۆم لە هەموو شتە زیندووەکان خۆشتر دەوێت. بەڵام بەڕێز هیتکلیفم خۆش ناوێت، گەر ئەو لێرە بێت ناوێرم بێم: چەند ڕۆژ دوور دەبێت لێرە؟"

لینتن وەڵامی دایەوە "زۆری پێ ناچێت، بەڵام زۆرجار دەچێتە ناو بەیارەکان، لەوەتەی وەرزی ڕاو کردن هاتووە زوو زوو دەچێتە دەرەوە، بەڵام تۆ دەتوانی سەعاتێک یان دووان لای من بمێنیتەوە. بڵێ ئەوە دەکەم. پێویست ناکات من لە تۆ تووڕە بم: تۆ من نادۆڕێنی، تۆ هەمیشە ئامادەی یارمەتیم بدەی، ئەی وا نییە؟"

قژە درێژ و خاوەکەی بە دەست داهێنا و وتی "بەڵێ وایە، گەر بتوانم ڕەزامەندی باوکم بە دەست بێنم، نیوەی ساتەکانی ڕۆژانەم لەگەڵ تۆ بە سەر دەبەم. ئەی لینتنی قۆز و جوان! خۆزگە تۆ برای من دەبووی."

لینتن بە کەیفخۆشییەوە وتی "کەواتە تۆ و باوکت منتان خۆش دەوێت؟ بەڵام باوکم دەڵێت تۆ منت لە باوکت و هەموو جیهان خۆشتر دەوێت، گەر ژنی من بوای ئەوا منت لە هەموو کەسێک خۆشتر دەویست."

کاسی بە مۆنی وەڵامی دایەوە "نەخێر، من هەرگیز کەسم لە باوکم خۆشتر ناوێت. هەندێ جار خەڵکی ڕقیان لە ژنەکانیان دەبێتەوە بەڵام ڕقیان لە خوشک و براکانیان نابێتەوە: گەر تۆش یەکێک بوای لە براکانی من ئەوا لەگەڵ ئێمە دەژیای، باوکیشم وەک من تۆی خۆشت دەویست."

لینتن نکۆڵی لەوە کرد کە خەڵکی هەرگیز ڕقیان لە ژنەکانیان نابێتەوە، بەڵام کاسی دووپاتی کردەوە کە ڕقیان لێ دەبێتەوە، کاسی باوکی لینتنی (هیتکلیف) بە نموونە هێنایەوە کە چۆن ڕقی لە ئیزابێلای پووری دەبووەوە. منیش ویستم زمانی بگرم و باسی هەموو شتێک نەکات. بەڵام سەرکەوتوو نەبووم تا ئەوەی دەیزانی بەگۆڕێی وەکرد. لینتن، زۆر تووڕە بوو، دووپاتی کردەوە کە باوکی بە هەڵە مەسەلەکانی تێ گەیاندووە.

کاسی ڕاشکاوانە وەڵامی دایەوە "باوکم پێمی وت، باوکم هەرگیز شتی هەڵە بە من ناڵێت."

لینتن هاواری لێ هەستا "باوکم سووکایەتی بە باوکی تۆ دەکات! هەمیشە بە گەمژەیەکی هیچ ناوی دەبات."

کاسرین وەڵامی دایەوە "باوکی تۆ پیاوێکی خراپە، تۆش لەو خراپتری گەر قسەکانی ئەو دووبارە بکەیتەوە. گەر خراپ و دڕندە نەبوایە پوورە ئیزابێلا جێی نەدەهێشت."

کوڕەکە وتی "ئیزابێلا باوکمی بە جێ نەهێشت، تۆ ناتوانی ئەو قسەیە بکەیت."

خانمە گەنجەکەی من هاواری لێ هەستا "بەڵێ بەجێی هێشت."

لینتن وتی "باشە من شتێکت پێ دەڵێم! دایکی تۆ ڕقی لە باوکت بوو."



"ئۆه" کاسی سەری سوڕما و زۆر تووڕە بوو قسەی پێ نەکرا.

ئینجا لینتن وتی "دایکت باوکی منی خۆش دەویست."

ڕووی کاسی سوور هەڵگەڕا و وتی "تۆ درۆ دەکەی! ئێستا ڕقم لە تۆیە!"

لینتن نوقمی کورسییەکەی بووەوە، سەری داخستبوو، وەک کاسی کە لە تەکیەوە وەستابوو خەمی دەخوارد، بە گۆرانییەوە دەیوت "بەڵێ، دایکت باوکی منی خۆش دەویست! دایکت باوکی منی خۆش دەویست!"

وتم "وس، ئەوە قسەی سەرۆک هیتکلیفە! وابزانم ئەوە چیرۆکی باوکتە."

لینتن وەڵامی دایەوە "نا چیرۆکی باوکم نییە، تۆ زمانت بگرە. کاسرین، دایکت باوکی منی خۆش دەویست! دایکت باوکی منی خۆش دەویست! دایکت باوکی منی خۆش دەویست! دایکت باوکی منی خۆش دەویست!"

کاسی لە لایەن خۆیەوە پاڵێکی توندی بە کورسییەکەی وەنا، بە لای قۆڵیدا کەوتە خوارەوە. هەرکە لینتن کەوتە خوارەوە یەکسەر تا ئاستی خنکان کۆکەیەکی پیسی گرت و کۆتایی بە هەناسەی هات. کۆکەکە زۆر بەردەوام بوو کە زۆر منی ترساند. بەش بە حاڵی ئامۆزاکەشی تا هێزی هەبوو دەستی بە گریان کرد زۆر پەشیمان بووەوە لەو کارەی کە کردی: بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاسی هیچی نەوت. هەڵمگرتەوە تا هەناسەی باشتر بوو. پاشان پاڵێکی بەمن وەنا و لە خۆی دوور خستمەوە، سەری بە بێدەنگی داخستەوە. کاسرینیش زانی کە لینتن زۆر تووڕە بووە، پشتی لەو کرد و بە تەنیا و بێدەنگی سەیری ئاگرەکەی دەکرد.

پاش ئەوەی دە دەقیقە چاوەڕێم کرد، پرسیم "سەرۆک هیتلکیف (لینتن) ئێستا باشتر نەبووی؟"

لینتن وەڵامی دایەوە "خۆزگە کاسیش هەستی وەک من دەبوو. بەڵام دڕندە و بێ هەستە! هاریتۆن ئەوەندە لەگەڵم خراپە قەت دەستی لێ نەداوم: هاریتۆن هەرگیز لە ژیانیدا لێی نەداوم. من ئەمڕۆ باشتر ببووم - "دەنگی لەگەڵ گریان نەما.

کاسی لێوەکانی دەگەست و دەجوی بۆ ئەوەی سۆزی نەتەقێتەوە، بە منگەوە وتی "من لە تۆم نەداوە!"

لینتن هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا و لە ژێر ئازارێکی زۆردا ناڵاندی، بۆ ماوەی

چارەگە سەعاتێک ناڵاندی، دیار بوو ناڵاندنەکەی بە مەبەست بوو، نازی لەسەر ئامۆزاکەی دەکرد، چونکە هەر کاتێک هەنسکی لە کاسرین دەبینی ئەو زیاتر دەنگی کزتر و ناڵەی بە سوێتری دەکرد.

پاشان کاسی خۆی پێ نەگیرا و وتی "لینتن، ببوورە ئازارت دەدەم. بەڵام من بەو پاڵە هەرگیز ئازارم پێ ناگات، نەمدەزانی تۆ بەو پاڵە وا ئازارت پێ دەگات: خۆ زۆر ئازارت پێ نەگەیشت، لینتن قسە بکە! وا مەکە بچمە ماڵەوە هەر بیر لەوە بکەمەوە کە ئازاری تۆم داوە. وەڵام بدەوە! قسەم بۆ بکە، با ویژدانم ئاسوودە بێت."

لینتن بە منگەوە وتی "ناتوانم قسەت لەگەڵ بکەم. تۆ ئازاری منت دا بۆ ئەوەی ئەمشەو خەو نەچێتە چاوم و هەر بکۆکم. گەر ئەو کۆکەیە لە تۆ بوایە دەتزانی چۆنە، بەڵام تۆ ئەمشەو بە مورتاحی دەنوویت و منیش لە ئازاردا دەتوێمەوە، هیچ کەسیش شەوانە لای من نابێت. من سەیرم پێ دێ تۆ چۆن ئەو شەوە ترسناکانە بە سەر دەبەیت!" دەستی بە گریان کرد و زۆر بەزەیی بە خۆیدا دەهاتەوە، هەوڵی دەدا ئەوەندە خۆی گوناه بکات ئێمەش بەزەییمان پیا بێتەوە.

وتم "لە بەر ئەوەی تۆ ڕاهاتووی لە بەسەربردنی ئەو شەوە ترسناکانە، ئەمە بۆ خاتوون نابێت: گەر ئەو نەشهاتبا لای تۆ، تۆ وەک خۆت دەمایەتەوە. بەڵام، جارێکی دیکە بێزارت ناکات، دڵنیاشم کاتێ بەجێت دێڵێن تۆ هێمنتر و هێورتر دەبی."

کاسرین سەری بە سەردا چەماندەوە، بە دڵتەنگییەوە وتی "من بڕۆم؟ لینتن دەتەوێ من بڕۆم؟"

بە چەشنێکی ئاژاوەچییانەوە وتی "تۆ ناتوانی ئەوەی کردووتە بیگۆڕی، مەگەر بە خراپترکردنی من نەبێت، مەگەر بە گاڵتەجاڕی من و تای من نەبێت."

کاسی دووبارەی کردەوە "باشە کەواتە من دەبێ بڕۆم، ها؟"

لنیتن وتی "بە لانی کەم، بە تەنیا جێم بێڵە، بەرگەی قسەکانی تۆ ناگرم."

کاسی لەنگەری گرت، سوور بوو لەسەر ئەوەی کە کەمێکی تر بمێنینەوە، بەڵام لە بەر ئەوەی لینتن نە قسەیەکی کرد و نە سەریشی بەرز کردەوە، دواجار کاسی بە جووڵە کەوت و چووە لای دەرگاکە، منیش بە دوایدا چووم. هێندەی نەبرد، هاوارێک لە ژوورەوە هات. لینتن لەسەر کورسییەکەی خزابوو و کەوتە سەر ئەزرەکە، وەک



پەتای منالان بێ هێز لەو ناوە کەوتبوو، سوور بوو لەسەر ئەوەی کە هەراسانی هەموو لایەک بکات تەنانەت خۆیشی. منیش ویستم لەو حاڵەتەی دەربازی بکەم، بەڵام زۆر خراپتری دەکرد، هەڵسوکەوتی زۆر شێتانە ببوو، بینیم هەوڵەکە بێ سوودە: کاسی بە ترسەوە ڕای کردە ژوورەوە و لەسەر ئەژنۆ کەوت و هاواری کرد و دەستی کرد بە شین و ڕۆڕۆ تا لینتن کەمێک هەناسەی هاتەوە بەرێ: بەڵام ئەوە ناز بوو لەسەر کاسی، تەنیا بۆ ئەوە بوو خەمی زیاتر بداتێ.

من وتم "بەرزی دەکەمەوە و دەیبەمە سەر کورسییەکەی و ڕەنگە لەسەر کورسییەکەی باشتر بێت: ناتوانین هەر لێرە بوەستین و سەیری بکەین. خاتوو کاسی هیوادارم کە قایل بی بەوەی کە تۆ ئەو کەسە نیت سوودی پێ بگەیەنیت، حاڵەتی نەخۆشییەکەشی هیچ پێوەندی نییە بە تۆوە. ها ئەوەتا هەر بۆ خۆی وایە! وەرە با بڕۆین: هەرکە زانی کەسی لە لا نییە چاودێری بکات و گوێ لە قسە قۆڕەکانی نەگرێت، ئەوا بۆ خۆی بە کەیفخۆشی پاڵ دەکەوێت، بەڵام تا ئێمە لێرە بین ئەوە هەر وا دەکات، بە تۆش چاک نابێتەوە. "

کاسی نیودەرێکی نەرمی لە ژێر سەری دانا و کەمێک ئاوی دایێ، ئاوەکەی ڕەت کردەوە و نیودەرەکەی پەسەند کرد، وەک بڵێی بەردێک یان کۆڵکە دارێک بێت. کاسی هەوڵی دا نیودەرەکە باشتر دابنێت.

لینتن وتی "ناتوانم ئاوا بژیم، زۆر بەرز نییە."

کاسرین سەرینێکی تری هێنا بۆ ئەوەی بەرزتر بێت.

شتە پیسەکە وتی "ئەوەش زۆر بەرزە."

کاسی بە پەستییەوە وتی "ئەی باشە چۆنی ڕێک بخەم و دانێم؟"

لینتن خۆی خستە سەر شانی کاسی کاتێ هەر لەسەر ئەژنۆ بوو، شانی کردە هاوکاری خۆی.

وتم "نەخێر، نا ئەوە ئاوا نابێت. لینتن سەرینەکە بۆ تۆ باشە. خاتوو کاسرین زۆر کاتی لەسەر تۆ بە فیڕۆ داوە: ناتوانین پێنج دەقیقەی تر لێرە بمێنینەوە."

کاسی وەڵامی دایەوە "بەڵێ، بەڵێ، دەتوانین. ئێستا ئارام و باشە. وا دەست بە بیرکردنەوە دەکات، ئەمشەو من زۆر زیاتر لەو ئازار دەچێژم، گەر بزانم کە بە

سەردانەکەی من خراپتر بووە: ئەو کاتە ناتوانم جارێکی تر بێمەوە. لینتن ڕاستییەکەی بڵێ، چونکە گەر ئازاری تۆم دابێت ئەوا جارێکی تر نایەمەوە لات."

لینتن وەڵامی دایەوە "تۆ دەبێ هەر بێیتە لام، من بە تۆ چاک دەبمەوە. پێویستە سەردانم بکەیت، چونکە ئازاری منت داوە: تۆ دەزانی کە زۆر ئازاری منت داوە! ئەو کاتەی تۆ هاتی هێندەی ئێستا نەخۆش نەبووم، وایە یان نا؟"

ئامۆزاکەی وتی "بەڵام تۆ بە هۆی سۆز و گریانەوە خۆت نەخۆشتر کردووە، هەرگیز گوناهی من نەبوو. لەگەڵ ئەوەش، ئێستا ئێمە دەبین بە هاوڕێ. تۆش منت دەوێ: پێم بڵێ تۆ بەڕاستیتە، حەز دەکەی من ببینی و جار جارە سەردانت بکەم؟"

لینتن بێ ئارام و پەست، وتی "پێم وتی کە زۆرم پێ خۆشە. دەی لێرە دانیشە و با تۆزێ سەر بە ئەژنۆت بکەم. دایکم هەمیشە وای دەکرد، هەموو دوای نیوەڕۆیان وای دەکرد. بە بێدەنگی دانیشە و قسە مەکە: دەتوانی گۆرانییەکم بۆ بچڕی، گەر دەتوانی گۆرانیم بۆ بچڕە، یانیش گەر بتوانی گۆرانییەکی فۆلکلۆری درێژ بچڕی، یەکێک لەوانەی کە بەڵێنت پێ دام فێرم بکەیت، یان چیرۆکێک. هەرچەندە حەزم لە گۆرانی فۆلکلۆرە، دەست پێ بکە."

کاسرین ئەوەی لە بیری بوو، درێژترین گۆرانی بۆ چڕی. لینتن داوای یەکێکی تری کرد، ئیتر هەر نەیبڕیەوە، منیش ڕێم لێ نەگرتن، تا سەعات بووە دوانزە، پاشان گوێمان لە دەنگی هاریتۆن بوو لە حەوشەکە کە بۆ نانی نیوەڕۆ گەڕابووەوە.

کاتێ کاسی هەستایەوە، لینتن فوستانەکەی ڕاکێشا و وتی "کاسی بەیانیش دێیت بۆ ئێرە؟"

منیش وەڵامم داوە "نەخێر، ڕۆژی دواتریش هەر نایەت." بەڵام کاسی وەڵامێکی جیاوازی داوە، سەری بردە بن گوێ و شتێکی بە گوێیدا چرپاند.

کاتێ چووینە دەرەوە، بە کاسیم وت "ئەوەت لە بیر نەچێت، تۆ بەیانی سەردانی ناکەیت. خۆ خەونی پێوە نابینیت، خەونی پێوە دەبینی؟"

کاسی زەردەخەنەیەکی گرت.

من بەردەوام بووم "ئۆه، باش ئاگەدار دەبم، ئەو دەرگایە باش دادەخەم بۆ ئەوەی بە هیچ شێوەیەک نەتوانی ڕابکەی."



کاسرین بە پێکەنینەوە وتی "دەتوانم بە سەر دیوارەکەدا بچم. ئێلن، خۆ گرەنج بەندیخانە نییە و تۆش بەڕێوەبەری نیت. لەگەڵ ئەوەشدا، وا تەمەنم حەڤدە ساڵانە: بووم بە ئافرەتێکی گەورە. دڵنیام گەر من چاودێری لینتن بکەم ئەوا زۆر زوو چاک دەبێتەوە. دەزانی کە من لەو گەورەتر و ژیرترم، کەمتر منداڵانەم، وانییە؟ پاشان هەرچی پێ بڵێم وا دەکات. کاتێ باش بێت زۆر جوان و ڕێکە. گەر هی من بوایە، بزانە چیم لێ دەکرد. گەر بووین بە هاوڕێی یەکتر نابێ بە هیچ شێوەیەک شەڕە قسە بکەین، وا نییە. ئێڵن کەیفت پێ نایەت؟"

هاوارم لێ هەستا "من کەیفم پێ بێت! منداڵکارێکی توڕوهات و بێ ئەمەک. ئەوەندەی باشە بە دەردی بەڕێز هیتکلیف وتی بیست بەهار تەواو ناکات. ئەوەی ڕاستی بێت زەحمەتە بەهاری داهاتوو ببینێت. هەر کاتێک بمرێت کەمێک خەم و پەژارە بۆ خێزانەکەی پێش دێنێت. ئەو بەختەی باش بێت بۆ ئێمە ئەوەیە کە باوکی باش ئەو دەناسێت: هەرچەند بە نەرمی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت ئەوەندەی زیاتر خۆپەرست دەبێت. من زۆر خۆشحاڵم کە تۆ بەختت هەبوو ئەوە نەبووە مێردی تۆ، خاتوو کاسرین زۆر خێری تێدایە.

کاسرین بەم قسەیە حەپەسا و دەمی بەش بووەوە. باسکردنی مردنی لینتن بێ ویستی خۆی هەستەکانی زامدار کرد.

پاش کەمێک بیرکردنەوە، وەڵامی دایەوە "ئەو لە من گەنجترە، کەواتە ئەو دەبێ زیاتر بژیت: ئاخۆ دەبێ تا تەمەنی من هەر بژیت. ئێستا هێندەی ئەو کاتە بەهێزە کە هاتە باکور، من دەربارەی ئەوە دڵم باش دەخوێنێت!. تەنیا سەرمای بووە و نەخۆش کەوتووە، هەروەک باوکم کەمێک سەرمای بووە. تۆ دەڵێی باوکم چاک دەبێتەوە، باشە بۆچی ئەو چاک نابێتەوە؟"

وتم "باشە باش، بە هەر حاڵ پێویست ناکات سەری خۆمان بەم شتانەوە قاڵ بکەین، خاتوون گوێ بگرە و بیر بکەرەوە، من قسەی خۆم دەبەمە سەر - گەر دووبارە هەوڵی ئەوە بدەیت بچیتە بانەکانی وێزەرینگ، لەگەڵ من یان بە بێ من، ئەوا بە بەڕێز ئێدگار دەڵێم، تا ئەو ڕێگەت پێ نەدات، نابێ پێوەندیت لەگەڵ ئامۆزاکەت نوێ بکەیتەوە."

کاسی بە مۆنی منگەیەکی کرد "ئێ خۆ تازە پێوەندیمان ژیاوەتەوە."

وتم "کەواتە، نابێ ئەو پێوەندییە بەردەوام بێت."

" باشـــە با بزانین چۆن دەبێ." ئەمـــە وەڵامی بوو، پاشـــان بـە ڕاکـردن ڕۆیشت و منیشی لە دواوە جێهێشت.

ئێمـە هەردووکمان پێش نانی ئێوارە گەیشتینە ماڵەوە، سەرۆکەکەم وایزانی کە ئێمە ئەو ماوەیە هەر لە نێو پارکەکە پیاسەمان کردووە، بۆیە هیچ پرسیاری لەوە نەکرد ئێمە ئەو ماوەیە لە کوێ بووین. هەرکە چوومە ژوورەوە، زۆر خێرا چووم گۆرەوی و پێڵاوە تەڕەکانم گۆڕین، بەڵام دانیشتن بۆ ماوەیەک لە بانەکان هەر بۆخۆی کارێکی قەڵس و خراپ بوو. بەیانی ڕۆژی دواتر هەر پاڵ کەوتبووم، لە ماوەی سێ هەفتەدا نەمتوانی ئەرکەکانی خۆم بە جێ بگەیەنم: کارەساتێک هەرگیز پێش ئەو ماوەیە ڕووی نەداوە، لەو کاتەوە سوپاسگوزار بوم کە هیچم لێ نەهات.

خاتوو کاسرین وەک فریشتەیەک هەڵسوکەوتی دەکرد بە چاوەڕێکردنی من، لە تەنیاییدا ڕزگاری کردم و دڵخۆشی کردم، ئەو بەندیخانەیە بە تەواوی هێزی لێ بریبووم. بۆ جەستەیەکی بە جووڵەی وەک من زۆر بێزار و پەست بوو: هەر لەو ساتەی کە کاسرین بەڕێز لینتنی جێهێشت هەر لای من بوو. ژیانی لە نێوان هەردووکمان دابەش ببوو، بۆ دەقیقەیەکیش چییە ڕابواردن و خۆشی نەمابوو: ژەمەکانی پشت گوێ خست، وازی لە دەرس و یاریکردنی هێنا، بە حەوسەڵەترین کەس بوو بۆ چاودێریکردن. دڵێکی زۆر گەرمی هەبوو، هەر بەم شێوەیە باوکی خۆشدەویست، هەر بەم شێوەیە هەستیشی بۆ من هەبوو. وتم کە ژیانی لە نێوان ئێمەدا دابەش ببوو، بەڵام سەرۆک زووتر خانەنشین بوو، بە گشتی دوای سەعات شەش پێویستم بە هیچ نەبوو، بۆیە ئێواران هی ئەو بوو. شتێکی داماو بوو! هەرگیز نەمدەزانی دوای چا خواردنەوە چی دەکرد. هەرچەندە زۆرجار، کاتێ ساتی ئەوە دەهات بە من بڵێ شەو باش، هەستم بە ڕەنگێکی نوێ دەکرد بە سەر ڕوومەتەکانی و پەمەیییەک بە سەر پەنجە ناسکەکانییەوە، لە بری ئەوەی خەیاڵی ئەوە بکەم کە ئەو ڕەنگانە هی نێو بەیارەکانە، وتم نا ئەوە هی ئاگرە گەرمەکەی نێو کتێبخانەکەیە.



## بەشی بیست و چوار

دوای سێ هەفتە توانیم لە ژوورەکەم بێمە دەرەوە و بە نێو خانووەکەدا هاتوچۆ بکەم. یەکەم دانیشتنم لە یەکەم ئێوارەی دوای چاکبوونەوەم داوام لە کاسی کرد بۆم بخوێنێتەوە، چونکە چاوەکانم کز ببوون. ئێمە لە کتێبخانە بووین، سەرۆک چووبووە سەر جێگەکەی: بە دڵگرانی دەیخوێندەوە، خەیاڵم ڕۆیشت، بیرم کردەوە کە جۆری کتێبەکانم بۆ ئەو نەدەشیا، بۆیە پێم وت کە بە کەیفی خۆ کتێبێک هەڵبژێرێت و بیخوێنێتەوە. یەکێک لەو کتێبانەی کە خۆی زۆر حەزی لێ بوو هەڵبژارد و بۆ ماوەی سەعاتێک بەردەوام بوو و پاشان دەستی بە پرسیاران کرد.

" ئێلن، ماندوو نەبووی؟ باشتر نییە ئێستا بۆ خۆت پاڵ بکەوی؟ گەر ئەوەندە دانیشیت و نەخەویت نەخۆش دەکەویتەوە."

منیش وەڵامم داوە "نا، نا ئازیزەکەم، ماندوو نیم."

بە نادڵی دەستی بە خوێندن کردەوە، کەمێکی تر بەردەوام بوو ئیتر دەستی بە شاتە شات و فشە کرد، وتی "ئێلن من ماندوو بووم."

وەڵامم داوە "کەواتە واز بێنە و قسە بکە."

ئەمە خراپتر بوو: وەستا و هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و سەیری سەعاتەکەی کرد تا هەشت لێیدا، پاشان چووە ژوورەکەی، بە تەواوی خەواڵوو بوو، لە دەم و چاوە تووڕە و بۆز و ترشاوەکەیەوە دیار بوو، چاویشی هەر ورتە ورتیان بوو بۆ پشیە خەوێک. شەوی دواتریش زۆر بێ تاقەت بوو، ئیتر لە شەوی سێهەم هاتە لام و وتی سەرم زۆر ژان دەکا، دواتر منی بە جێ هێشت. هەڵسوکەوتەکەیم زۆر پێ سەیر بوو،

بۆ ماوەیەکی درێژ بە تەنیا مایەوە، منیش چووم لێم پرسی ئایا باشتر نەبوو، داوای لێ بکەم بێت و لەسەر قەنەفەکە پاڵ بکەوێت، باشترە لەوەی لە سەرەوە لە تاریکیدا پاڵ بکەوێت. کاسرینم نە لە سەرەوە نە لە خوارەوە دۆزییەوە. خزمەتکارەکان دووپاتیان کردەوە کە ئەویان نەبینیوە. گوێم لە دەرگای بەڕێز ئێدگار ڕاگرت، هەموو شتێک بێدەنگ بوو لەودیو دەرگاکانەوە. گەڕامەوە باڵەخانەکە، مۆمەکەم کوژاندەوە، لای پەنجەرەکە بۆ خۆم دانیشتم.

مانگ بریقەی دەدایەوە، بەفرێکی تەنک زەوی داپۆشیبوو، بیرم بۆ ئەوە چوو کە ڕەنگە کاسی لە بێ تاقەتییان چووبێتە نێو باخچەکە بۆ پیاسەکردن بۆ ئەوەی هەوایەکی پاک و ساف هەڵمژێت. تۆزێک لە دەرەوە ورد بوومەوە بینیم یەکێک بۆ نێو پەرژینی پارکەکە دەچێت، بەڵام ئەو کەسە کاسی نەبوو: کاتێ جەستەی کەوتە بەر ڕووناکی، یەکێک لە ئەسپەوانەکانم ناسییەوە. بۆ ماوەیەک وەستا، سەیری عارەبانەی سەر ڕێگەکەی دەکرد، پاشان کەمێک چووە پاشەوە وەک بڵێی شتێکی بینیبێت، دووبارە دەرکەوتەوە، ئەسپەکەی کاسی هێنا، ئا ئەوەتا کاسی خۆیشی دەرکەوت، دەچووە لای ئەسپەکەی. پیاوەکە کاسی بە نێو چیمەنەکەدا بردە لای ئاخوڕەکە. کاسی هاتە ژوورەوە و یەکسەر بۆ ئەو شوێنەی من چاوەڕێم دەکرد. دەرگاکەی بە هێواشی گار دا و پێڵاوەکانی لە بەفر هەڵتەکاند، کڵاوەکەی شل کردەوە، هاتە پێشێ، ئاگای لە وجوودی من نەبوو، خۆی لادا لایەک، کاتێ من لەپڕا هەستامەوە و خۆم ئاشکرا کرد. تۆقی لە جووڵانەوەی من: دەنگێکی سەرسوڕمانی لێوە هاتە دەر و وەستا.

سەیری دەم و چاویم کرد و دەستم پێ کرد "ئازیزەکەم خاتوو کاسرین، ئەوە سەعاتێکە بە سواری ئەسپ لە کوێ بووی؟ ئەی بۆچی هەوڵ دەدەی بە گێڕانەوەی چیرۆک فێڵم لێ بکەیت؟ لە کوێ بووی؟ قسە بکە!"

وەڵامی دایەوە "تا خوار پارکەکە چووم. چیرۆکم بۆ تۆ نەوتووە."

لێم پرسی "نەچوویە هیچ شوێنێکی تر؟"

بە منگەوە وەڵامی دایەوە "نەخێر."

بە دڵێکی پڕ لە خەمەوە وتم "ئۆهـ، کاسرین! تۆ خۆت باش دەزانی هەڵەت کردووە،





ئەگینا هەوڵ نادەیت ڕاستییەکەم لێ بشاریتەوە. ئەوە خەمم دەداتێ. حەز دەکەم سێ مانگان لە نێو جێگە نەخۆش بکەوم، لام خۆشترە لەوەی گوێ لەو درۆیانەی تۆ بگرم."

هاتە پێشەوە و دای لە زرمەی گریان، دەستی لە ملم کرد.

کاسی وتی "باشە ئێلن، زۆر دەترسم لە تووڕە بوونی تۆ. بەڵێنم پێ بدە کە لێم تووڕە نەبی، ئینجا ڕاستییەکەت پێ دەڵێم: ڕقم لەوەیە ڕاستییەکە بشارمەوە."

لە لای پەنجەرەکە دانیشتین، دڵنیام کردەوە کە هەر نهێنییەک بێت لای کەس باسی ناکەم، دەشمزانی کە مەسەلەکە چییە، ئیتر کاسی دەستی پێ کرد:

" ئێلن لە بانەکانی وێزەرینگ بووم، لەو ڕۆژەی کە تۆ نەخۆش کەوتی، هیچ ڕۆژێکم قورتار نەکردووە، هەموو ڕۆژێ سەردانی بانەکانم کردووە، جگە لە سێ ڕۆژ پێش ئەوەی تۆ نەخۆش بکەویت و دوو ڕۆژیش پاش ئەوەی چاک بوویەوە. کتێب و وێنەم دا بە مایکڵ بۆ ئەوەی هەموو ئێوارەیەک مینی ئامادە بکات، و پاشان بیباتەوە ناو ئاخوڕەکە: نابێ لەویش تووڕە بیت، چونکە ئەو هیچ گوناهی نییە. سەعات شەش و نیولە بانەکانی وێزەرینگ بووم، بە گتشی تا سەعات هەشت و نیو لەوێ دەمامەوە، پاشان هاتمەوە ماڵێ. چوونەکەم بۆ خۆشی و کات بەسەربردن نەبووە: تەواوی ئەو کاتەی ئەوێ پەست و نیگەران و بە خەم بوو. جار جارە دڵخۆش بووم: ئەویش هەفتەی جارێک. یەکەم جار، پێشبینی ئەوەم دەکرد کە کارێکی زەحمەتم لە پێشە قەناعەت بە تۆ بکەم کە ڕێگەم پێ بدەی بەڵێنەکەم لەگەڵ لینتن ببەمە سەر: چونکە کاتێ بە جێمان هێشت ڕۆژی دواتر دووبارە چوومەوە لای، بەڵام، هەر کە تۆ لە سەرەوە دەماویتەوە، لەو کێشەش ڕزگارم بوو. لە کاتێکدا مایکل دەرگای پارکەکەی قوفڵ دەدا دوا نیوەڕۆ، کلیلەکانم وەردەگرت، پێم وت کە ئامۆزاکەم زۆر حەز دەکات سەردانی بکەم، لە بەر ئەوەی نەخۆشە حەز دەکات منی لە لا بێت، ناشتوانێت بێتە گرەنج هەر دەبێ من بچمە لای، هەروەها باوکیشم ناهێڵێت بچم: پاشان قسەم لەگەڵ کرد دەربارەی ئەسپەکە. مایکڵ خولیای خوێندنەوەیە، هەروەها بیر لەوە دەکاتەوە کە زوو ئێرە جێ بێڵێت و ژن بێنێت، بۆیە داوای لێ کردم گەر کتێبی نێو کتێبخانەکەی بۆ بێنم، ئەویش لە بەرابەر ئەوەدا کارەکانی من جێبەجێ بکات: بەڵام حەزم کرد کتێبەکانی خۆمی بدەمێ، ئەوەیان زیاتر ئەوی قایل کرد.

" لە سەردانی دووەمم بۆ لینتن تۆزێ ڕۆحی بە بەردا هاتبووەوە، زیلا (کە خزمەتکاری ئەوانە) ژوورێکی پاک و ئاگرێکی باشی بۆ کردینەوە و پێی وتین کە هەرکە جۆزیف دەچێت بۆ نوێژ کردن و هاریتۆن لەگەڵ سەگەکانی دەچێتە دەرەوە - ئێمە ئازاد دەبین، هەرچی پێمان خۆش بوو دەمان کرد. هەندێ شەڕابی گەرم و نانی نەرمی بۆ هێنام، زۆر باش بوو لەگەڵمان، لینتن لەسەر کورسی بە قۆڵ دانیشت و منیش لەسەر کورسییەکی تەخت، ئیتر بەخۆشی پێکەنین و قسەمان کرد، زگمان پڕی قسە بوو: پلانمان دارِشت کە لە هاویندا چی بکەین و بۆ کوێ بچین. ئەوە دووبارە ناکەمەوە چونکە تۆ بە گەمژەم دەزانی.

"بەڵام جارێکیان نیمچە مشتومڕێکمان کرد. لینتن وتی کە خۆشترین شت ئەوەیە کە هاوینی گەرمی تەمموز بەم شێوەیە بە سەر ببەیت: لە بەیانی تا ئێوارە لە نێو بەیارەکاندا پاڵ بکەوی، هەنگەکانیش وەک خەون لە گوڵەکان بئاڵێن، کەوەکانیش لە دوورەوە خۆش بخوێنن، ئاسمانی سەر سەریشم شین و درەوشاوە و بێ هەور بێت. ئەوە باشترین بیرۆکەی بوو لەسەر خۆشی بەهەشت، ئەوە لای ئەو بەهەشت بوو: بەڵام خەیاڵی من ئەوە بوو: بە سەر دارێکی سەوزی گەورە سەر بکەوی، شنە بایەکی ڕۆژئاوا هەڵبکات، هەورە سپییەکانیش لەسەر سەرم خێرا ڕێ بکەن، نەک هەر تەنیا کەو، بەڵکو بگرە بولبولی کەناری و قەلەڕەشکە و واق واقیش لە لایەک ئاوازێکی خۆش پێکرا بژەنن، بەیارەکانیش لە دوورەوە دیار بن، دۆڵێکی فێنک دروست بکەن، بەڵام بە چیمەن و درەختی چڕ داپۆشرابن و بە شنە بایەکە لق و پۆپیان بلەرێتەوە، دارەکانیش دەنگی ئاویان لێ بێت و هەموو جیهان بە ئاگا بن و لە خۆشیدا بن. ویستی ئەو تەنیا ئەوە بوو بە ئارامی و ئاشتی پاڵ بکەوی، ویستی منیش سەماکردن بوو. من وتم کە بەهەشتی ئەو نیمچە زیندووە، ئەویش وتی بەهەشتی من سەرمەستە: من وتم لە بەهەشتی تۆدا بەس خەوم لێ دەکەوێت، ئەویش وتی ناتوانم لە بەهەشتی تۆدا هەناسە بدەم، ئیتر لێمان بووە مشتومڕ. لە کۆتاییدا ڕازی بووین کە هەردوو بەهەشت لە سات و کەش و هەوای خۆیدا تاقی بکەینەوە، پاشان یەکتریمان ماچ کرد و بووینەوە هاوڕێ.

" پاش ئەوەی سەعاتێکی تر دانیشتین، سەیری ژوورە گەورەکەم کرد کە ئەزرێکی



لووس و مافوور ڕێژ نەکرابوو، بیرم کردەوە کە چەند خۆشە ئێستا یاری تیا بکەی، گەر مێزەکەمان لابردبوایە، داوام لە لینتن کرد بە زیلا بڵێت کە یارمەتیمان بدات، پاشان دەستمان بە یاری گرگرانێ کرد، زیلا دەبوایە ئێمە بگرێت، ئێڵن تۆ ئەو یارییە دەزانی. لینتن وتی ئەو یارییە خۆش نییە. بەڵام ڕازی بوو کە یاری تۆپ تۆپانێ لەگەڵ من بکات. دوو تۆپمان لە نێو کەنتۆرەکە دۆزییەوە، لە نێو بووکە شووشە و ڕیشە و چەندین یاری تر دوو تۆپمان دۆزییەوە. یەکێکیان پیتی "کاف" ی لەسەر بوو ئەوەکەی تریش پیتی "ها". من پیتی "کاف"م هەڵبژارد چونکە یەکەم پیتی ناوی خۆم بوو، ئەویش "ها" چونکە پیتی ناوی هیتکلیف بوو، ناوی خۆی بەڵام، تۆپەکە بە پیتی "ها" هاتەوە، لینتن حەزی لێ نەبوو. من بە بەردەوام لە تۆپەکەی ئەوم دەدا، ئەویش هەر دووبارەی دەکردەوە، پاشان کۆکی و چۆوە سەر کورسییەکەی. ئەو شەوە زوو چاک بووەوە، زۆر دڵی خۆش بوو بە دوو سێ گۆرانی خۆش، ئێڵن گۆرانییەکانی تۆ، کاتێ کە ویستم بڕۆم، دەستی کرد بە پاڕانەوە کە شەوەکانی تریش بێم، منیش بەڵێنم پێ دا. من و مینی (ئەسپەکەی) وەک هەوا خێرا هاتینەوە ماڵەوە. ئیتر تا بەیانی خەونم بە بانەکانی وێزەرینگ و ئامۆزا خۆشەویستەکەم بینی.

بەیانی پاشتر زۆر خەمبار بووم، بەشێک لە بەر ئەوەی کە تۆ نەخۆش بووی و بەشێکیش لە بەر ئەوەی کە حەزم دەکرد باوکم بیزانیبا و ڕەزامەندی لەسەر چوونەکەی من هەبایە: بەڵام پاش چا خواردنەوە مانگەشەوێکی زۆر جوان بوو، هەرکە سواری ئەسپ بووم تاریکاییی نەما. بۆ خۆم بیرم دەکردەوە کە ئەم ئێوارەیەش وەک ئەوەی پێشتر دڵخۆش دەبم، ئەوەی کە زیاتر دڵی من خۆش دەکات لینتنەکەی منە. چوومە نێو باخچەکەیان و بە لای پشتەوەدا چووم، کاتێ هاریتۆن منی بینی، ئەسپەکەی لێ وەرگرتم و گوتی بڕۆ لە لای دەرگای پێشەوە بڕۆ ژوورەوە. ملی مینی لاواندەوە و وتی کە ئەسپێکی جوانە، دیار بوو دەیویست من قسەی لەگەڵ بکەم. تەنیا ئەوەندەم پێ وت کە بە تەنیا جێم بهێڵێت، ئەگەر نا ئەسپەکە لێی دەدات. بە زمانە شڕوپڕەکەی وەڵامی دایەوە "من ئازاری نادەم گەر ئەو ئازاری من نەدات" ئیتر بە زەردەخەنەیەکەوە سەیری قاچەکانی کرد. ویستم ئاماژە بۆ ئەسپەکەم بکەم شەقێکی تێ هەڵدات، بەڵام چوو دەرگاکەی کردەوە، کاتێ کە کلیلەکەی بەرز کردەوە

سەیری نووسینەکەی سەری کرد و بە زمانێکی تێکەڵ و پێکەڵ و ناجۆرەوە وتی "خاتوو کاسرین ئێستا دەتوانم بۆت بخوێنمەوە."

منیش وتم "زۆر باشە، دەی دوعا بکە با گوێمان لە تۆ بێت - تۆ زیرەک بووی!"

پیت بە پیت و بڕگە بە بڕگە ئەم ناوەی خوێندەوە "هاریتۆن ئێرنشۆ."

بە هاندانەوە وتم "ئەی پەیکەرەکان؟"

وەڵامی دایەوە "ئێستا ئەوانە ناتوانم."

بە دڵەوە بە نەزانینەکەی پێکەنیم و وتم "ئۆهـ، بەخوا تۆ گەمژەی!"

"بزەیەکی سەیر لێوەکانی گەمژەکەی داگیر کرد، خۆشی بۆ چاوەکانی گەڕایەوە، وەک بڵێی دڵنیا نەبوو لەوەی کە ئەم گفتوگۆیەی لەگەڵ من کردبێت: یان ئەوەتا ئەو مرۆڤە هەرگیز خۆشی نەبینیوە، یانیش بەڕاستی بزەی ناخۆشی بوو. گومانەکانم سڕییەوە کاتێ لەپڕا ڕۆیشتم و پێم وت لە بەردەمم لا بچێت، چونکە من بۆ بینینی لینتن هاتووم، نەک ئەو. لە بەر ڕووناکی مانگە شەوەکە بینیم کە ڕووی سوور هەڵگەڕا، دەستەکانی لەسەر دەسکی دەرگا لا برد، دەم و چاوی وێنەیەکی شەرمەزاریان دروست کرد. وایزانی وەک لینتن ڕووخۆشی لەگەڵ دەنوێنم، چونکە توانی ناوەکەی خۆی بخوێنێتەوە، زۆریش شپرزە هاتە بەر چاوم کە من بە گەرمی وەرم نەگرتەوە."

قسەم پێ بڕی و وتم "ئازیزەکەم، خاتوو کاسرین، بەسە، بوەستە! لێت زویر نابم بەڵام دڵیشم بە ڕەفتارەکانت لەوێ خۆش نییە. ئایا ئەوەت لە بیر چووە کە هاریتۆنیش وەک لینتن ئامۆزای تۆیە، هەست بەوە ناکەیت کە نەدەبوایە بەم شێوەیە هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکەی، ئەی ئەویش ئامۆزای تۆ نییە؟ بە لایەنی کەم ئەو دەست پێشخەری کردووە و لە تۆ نزیک بووەتەوە، حەزی کردووە وەک لینتن قسەی لەگەڵ بکەی، دیارە کە ئەو کوڕە داماوە نازانێت بە چاکی خۆی دەربخات: تۆ پێشتر ئەوەندە پشت گوێت خستووە ئیتر لە شەرمانا نازانێت چۆن لەگەڵت بجووڵێتەوە. دیارە ویستوویەتی ڕابردوو لە بیر بکات و دڵی تۆ خۆش بکات. تۆش کارێکی زۆر ناچیز و خراپت کردووە کە گاڵتەت بە هەوڵە شەپرێوەکەی کردووە. گەر تۆ لە کەش و هەوایەکی وەک ئەودا گەورە بووبایت، ئاوا دەبووی؟ با پێت بڵێم زۆر لە تۆ زیرەکتر و



داناتره، ئێستا ویژدانم ئاسوودە نییە کە تۆ ڕیسوات کردووە، چونکە هیتکلیفیش زۆر ناعادیلانە لەگەڵی دەجووڵێتەوە. "

کاتێ بینی من ئاوا بەرگری لە هاریتۆن دەکەم، حەپەسا و وتی "باشە ئێلن، جا بۆچی بۆی ناگریت؟ بەڵام بوەستە، گوێت لەوەش دەبێت کە چۆن پیتەکانی (أ، ب، ج)ی دەوت بۆ ئەوەی دڵم خۆش بکات، باشە تا ئێستا کەسێکی شارستانیت بینیوە کە لەگەڵ درندەیەک باش بێت! کاتێ ئەوم بە جێ هێشت چوومە ژوورەوە، لینتن لەسەر جێگەکەی پاڵ کەوتبوو، خۆی نیمچە هەستاندەوە بۆ ئەوەی بەخێرهاتنم بکات."

لینتن وتی "کاسرین خۆشەویستەکەم، ئەمشەو زۆر نەخۆشم، تۆ دەبێ ئەمشەو تەنیا قسەم بۆ بکەیت، منیش گوێ دەگرم. وەرە لە لام دانیشە. من دڵنیا بووم کە تۆ قسەی خۆت دەبەیتە سەر، ئەمشەویش پێش ئەوەی بڕۆی بەڵێنت لێ وەردەگرم کە جارێکی تر بێیتەوە."

، ئێستا زانیم کە نابێ گاڵتەی پێ بکەم، چونکە زۆر نەخۆش بوو. بە نەرمی دەستم بە قسە کرد و هیچ پرسیارم لێ نەکرد، بە هیچ چەشنێک توڕەم نەکرد. خۆشترین کتێبەکانی خۆم بۆی هێنابوو: داوای لێ کردم کە تۆزێک لە یەکێک لە کتێبەکان بخوێنمەوە، منیش خەریک بوو دەست بکەم بە خوێندنەوە، کەچی هاریتۆن خۆی بە ژوورەکەدا کرد: ژەهری لە ڕووی دەچۆڕایەوە. یەکسەر بەرەو ئێمە هات، قۆڵی لینتنی گرت و لەسەر جێگەکەی هێنایە خوارەوە.

بە دەنگێکی نیمچە تووڕە و نیمچە سۆزەوە وتی "بڕۆ ژوورەکەی خۆت!" دەم و چاوی تووڕە و ترش بوو. دووبارە وتی "ئەوەش لەگەڵ خۆت ببە گەر هاتووە بۆ بینینی تۆ: نابێ تۆ ئەوە لەگەڵ من بکەی. هەردووکتان لێرە بڕۆن!"

سوێندی لە ئێمە خوارد، هیچ کاتی بۆ لینتن نەهێشتەوە تا وەڵام بداتەوە، بە ڕاکێش ڕاکێش تا موبەقەکەی هێنا، هەرکە من بە دوایدا چووم، دەستی گردکردنەوە و مستی ئامادە کرد، پێ دەچوو لێم بدات. ئەو ساتە زۆر ترسام، نەمهێشت هیچ مستێکم پێ بکەوێت هەموی لە بۆش ڕاوەشاند، ئیتر ئێمەی دەرکردە دەرەوە. دواتر لای ئاگرەکە پێکەنینێکی تووڕە و شێتانەم بیست، کاتێ ڕووم بە ئاڕاستەی پێکەنینە

ناحەزەکە وەرگێڕا بینیم جۆزیفە دەستەکانی لە بەردەم ئاگرەکە لێک دەخشێنێت و دەلەرزێت و پێ دەکەنێت.

بە زمانە شڕوپڕەکەی وتی "دڵنیا بووم کە دەرتان دەکات! کوڕی باوکی خۆیەتی! ماڵ بەماڵی خۆی نەچێت حەڕامە! وەک من باش دەزانێت کە ئێوە چین، بەخوا باشی بە دەرەوە وەنان!"

گوێم بە گاڵتەی پیرە ناحەزەکە نەدا، لە ئامۆزاکەم پرسی "باشە بۆ کوێ بچین؟"

لینتن سپی هەڵگەڕا و وەک بی ناو ئاو دەلەرزی. ئێڵن ئەو کاتە ڕوخساری جوان نەبوو: نەک هەر ناشـــرین، زۆر ترسناک و بوودەڵە هاتە بەرچاوم، چونکە ڕووە لاوازەکەی و چاوە گەورەکانی پەیکەرێکی ترسناک و بێ هێز و زاخیان دروست کردبوو. پڕی دایە دەسکی دەرگاکە، هەژاندی: لە ژوورەوە داخرابوو.

بە دەنگێکی کز و لەرزینەوە وتی "گەر دەرگام لێ نەکەیەوە، دەتکوژم! گەر دەرگام لێ نەکەیەوە، دەتکوژم! هەی شەیتانی دۆزەخی! هەی شەیتان! دەتکوژم، هەر دەتکوژم!"

جۆزیف دووبارە دای لە قاقای پێکەنین و وتی "ئەوەتا باوکی هاتەوە! ئەوەتا باوکی! ئەوەی هاریتۆن کردی بە دەستم نەبوو بەلاّم بە دڵم بوو، گەر باوکت لێرە بوایە نەیدەتوانی دەستت بکاتێ!"

" توند دەستی لینتنم گرت و هەوڵم دا لە دەرگاکە دووری بخەمەوە، بەلاّم ئەوەندە دەلەرزی نەمتوانی سەرکەوتوو بم. پاشان ئەوەندە گریا تا دەستی کردەوە بە کۆکە ڕەشەکە، لەگەڵ کۆکین خوێن لە دەمی فڕکەی دەکرد، پاشان کەوتە سەر زەوی. ڕام کردە حەوشەکە، ئەوەندە تۆقیبووم نەخۆش کەوتم، بانگی زیلام کرد، تا هێزم لە بەر مابوو هاواری زیلام کرد. خێرا گوێی لە من بوو: خەریکی مانگا دۆشین بوو لە پشتەوە، خێرا دەستی لە کارەکەی بەردا و بەرەو ئێمە هات وتی چیتان بۆ بکەم؟ هەناسەم بۆ باسکردنی ڕووداوەکە لێبڕا بوو، ڕامکێشا لای خۆم و لینتنم پێ نیشان دا. هاریتۆن هاتە دەرەوە بۆ ئەوەی بزانی چ بەزمێکی ناوەتەوە، پاشان شتە داماوەکەی بردە سەرەوە. من و زیلاش دوای ئەوان چووینە سەرەوە، بەلاّم هاریتۆن لە سەرەوەی پەیژەکان منی وەستاند، پێی وتم کە نابێ من بچمە ژوورەوە. پێ ی وتم



کە دەبێ بچمە ماڵەوە. منیش قیژەیەکم ڕادا و وتم کە تۆ لینتنت کوشت، هەر دێمە ژوورەوە. جۆزیف سەیری دەرگاکەی کرد و وتی کە نابێ بچمە ژوورەوە، پێی وتم "کە خۆ من وەک ئەو شێت نەبوومە" هەر بەگریانەوە وەستام تا خزمەتکارەکە دەرکەوتەوە. پێمی وت کە پاش تۆزێکی تر باشتر دەبێت، بەلاّم ئێستا زۆر لەرز و تای گرتووە، منی گرت و هێنامیە نزیک خانووەکە.

" بە پەنجەکانم هەموو قژی خۆم دەرهێنا! هەنسکم دا و گریام تا چاوەکانم نیوە کوێر بوون، ئەو چەتوونەی تۆ سۆزی خۆتی بۆ دەڕێژی بەرامبەر بە من وەستابوو، جار جارە زۆری لە من دەکرد کە بێدەنگ بم، ئەوەشی ڕەت دەکردەوە کە هەڵەی ئەو نەبووە. لە کۆتاییدا، زۆر ترسا لەوەی کە وتم بە باوکم دەڵێم و دەبێ تۆ بچیە بەندیخانە و هەڵبواسرێی، دەستی کرد بە بەرگری لەخۆکردن، پاشان ڕای کرد بۆ ئەوەی تووڕەییەکەی خۆی بشارێتەوە، بەلاّم من وازم لێ نەهێنا: پاشان ناچاریان کردم کە بڕۆم، پاش ئەوەی کە سەد مەترێک لە بانەکان دوور کەوتمەوە، لە پەنا سێبەرێک بۆم هاتە دەرەوە و مینی وەستاند و منیشی توند گرت.

دەستی بە قسە کرد "خاتوو کاسرین، وا لە خەفەتان دەمرم، بەلاّم هەڵەی ...."

تا هێزم هەبوو شەپازللەیەکم لە بن گوێی کوتا، بیرم لەوە دەکردەوە نەوەک بمکوژێت. پاشان کە ئەسپەکەی لە دەست بەڕەلاّ بوو وەک برووسک بۆی دەرچووم و زۆر خێرا گەڕامەوە ماڵەوە، تا گەیشتمە ماڵەوە هیچ هۆشم لەسەر خۆ نەبوو.

ئەو ئێوارەیە، شەوباشم لێ نەکردی، ئێوارەی پاشتریش نەچوومە بانەکانی وێزەرینگ: زۆر حەزم دەکرد بچم بەلاّم زۆر ترسابووم، لەوە دەترسام گوێم لێ بێت کە لینتن مردووە، هەندێ جاریش دەتۆقیم کاتێ بیرم لە هاریتۆن دەکردەوە. لە ڕۆژی سێیەمدا تەکانێکم بە خۆم دا: نەمتوانی هیچی تر چاوەڕێ بکەم، جارێکی تر خۆم بۆ ئەوێ دزییەوە. سەعات پێنجی ئێوارە چووم، کاتێ بە ڕێگەوە بووم بیرم لەوە دەکردەوە کە بە دزی خۆم بگەیەنمە نێو خانووەکە، بچمە سەرەوە بۆ ژووری لینتن بێ ئەوەی کەس بزانێت. هەرچەندە سەگەکان دەستیان بە حەپە حەپ کرد کاتێ بۆنی نزیکبوونەوەی منیان کرد، زیلا پێشوازی لێ کردم و وتی "کوڕەکە زۆر باشتر بووە". زیلا ژوورێکی بچووک و ڕێک و مافوور ڕێژکراوی پێ نیشان دام، کاتێ لینتنم بینی

لەسەر قەنەقەیەکی بچووک پاڵ کەوتووە و یەکێک لە کتێبەکانی من دەخوێنێتەوە، زۆر خۆشحاڵ بووم. بەڵام بۆ ماوەی یەک سەعات نە قسەی لەگەڵ کردم و نە سەیریشی کردم: زۆر دڵتەنگ بوو. ئەوەی کە بە جارێ هەراسانی کردم ئەوە بوو کاتێ دەمی لێک کردەوە و وتی ئەوەی ڕووی دا خەتای تۆ بوو، هاریتۆن پێوەندی پێوە نەبوو! نەمتوانی وەڵامی ئەو قسەیە بدەمەوە، لە ژوورەوە خۆم خواردەوە، هەستامە سەر پێ و لە ژوورەکە ڕۆیشتم. دەنگێکی بووراوە وتی "کاسرین!" پێشبینی ئەوەی نەدەکرد کە من وەڵامی نادەمەوە: بەڵام ڕووم وەرنەگێڕا و ئاوڕم لێ نەدایەوە، دوو ڕۆژ پاش ئەو هەڵوێستە نەچوومەوە لای، سوور بووم لەسەر ئەوەی کە هیچی تر سەردانی نەکەمەوە. بەڵام هەستان و دانیشتن و خەو و خواردنم لێ بوو بە سندان، هیچ هەواڵێکم دەربارەی ئەو گوێ لێ نەبوو، بۆیە خێرا بڕیارەکەم بە هەوادا هەڵوەشاندەوە پێش ئەوەی پتەوتر بێت. هەر لە شوێنی یەکەمدا سەردانی کردنەکەم هەڵە بوو، دووبارەکردنەوەشم هەڵە بوو، قسەیەک هەیە دەڵێ "سواری کەرێ عەیبێک و دابەزین دووان!" مایکڵ هاتە لام و پرسیاری کرد مینی ئامادە بکات یان نا، منیش وتم "بەڵێ"بۆیە ئەرکێکم هاتە سەر شانی هەرکە منی بە سەر ئەو گردانەدا برد. ناچار بووم پەنجەرەکانی دەرەوە ببڕم و بچمە حەوشەکە: هیچی تر سوودی نەبوو کە ئامادەبوونی خۆم بشارمەوە.

کاتێ زیلام لە ژووری پێشوازی بینی، پێمی وت "سەرۆک لینتن لە خانووەکەیە." منیش چوومە ژوورەوە، هاریتۆنیش لەوێ بوو، بەڵام یەکسەر ژوورەکەی بەجێ هێشت. لینتن لەسەر کورسییە بە قوڵە گەورەکە دانیشتبوو، تۆزێ خەواڵوو بوو، من چوومە لای ئاگرەکە، بە تۆنێکی جدی دەستم بە قسە کرد، مەبەستی بەشێک لە قسەکانم ڕاست بوون :" لینتن لە بەر ئەوەی تۆ کەیفت بە من نایەت، وا دەزانی کە من بە ئەنقەست سەردانت دەکەم بۆ ئەوەی ئازارت بدەم، دیارە کە هەموو جارێ ئازارت دەدەم، لە بەر ئەو هۆیانە ئەوە دواهەمین چاو بە یەکتر کەوتنمان دەبێت: با ماڵئاوایی لە یەکتر بکەین، بەڕێز هیتکلیفیش ئاگەدار بکەرەوە کە تۆ هیچی تر حەز ناکەی من ببینیت، بۆ ئەوەی هیچی تر نەیەتە سەر و کۆکرم و واز لەو بابەتە بهێنێت."



لینتن وەڵامی دایەوە "کاسرین، دانیشە و کڵاوەکەت لەسەر بکەرەوە. تۆ زۆر لە من کەیف خۆشتری، تۆ دەبێ لە من باشتر بی. باوکم زۆر عەیب و عارەکانی من باس دەکات، زۆریش سووکایەتیم پێ دەکات بۆ ئەوەی تۆزێ بە هێز بم، بەڵام من گومانم لە خۆم هەیە. زۆرجار بە خۆم دەڵێم دەبێ قسەکانی باوکم ڕاست بن و من ئەوەندە بێ دەسەڵات و بوودەڵە بم، ئەو کاتە هەست بە تووڕەیی و پەستی دەکەم. من ڕقم لە هەموو کەسێکە! من بێ نرخ و بێ سوودم، تەبیعاتم زۆر خراپە، روحم زۆر بەدە، من هەمیشە وام، گەر تۆ دەتەوێت، ئاوا ماڵئاوایی خۆت بکە، تۆش یەخەت لە یەخەی من دەبێتەوە و ئەو ژانە سەرەت لە کۆڵ دەبێتەوە. کاسرین تەنیا ئەو دادوەرییەم لەگەڵ بکە: باوەڕ بکە کە گەر من شیرین و نەرم و نیان و بە بەزەیی و وەک تۆ باش بم، ئەوا زۆر لە تۆ دڵخۆشتر و تەندروستیر دەبم، هەروەها باوەڕیش بەوە بکە کە بەزەیی تۆ، نەرم و نیانی تۆ وای لە من کرد قووڵتر و شێتانەتر تۆم خۆش بوێت لەوەی کە من شایەنی خۆشەویستی تۆ بم: هەرچەندە من نەمتوانیوە و ناتوانم سروشتی خۆم بە تۆ نیشاندەم، من پەشیمانم و تۆبە دەکەم، تا دەمرم پەشیمانم و تۆبە لەو کارە دەکەم!"

هەستم کرد کە قسەکانی ڕاستن، هەستم بەوە کرد کە دەبێ لێی خۆش بم: هەرچەندە کە پاش ساتێکی تر دووبارە مشتومڕمان دەبێتەوە، دەبێ دیسان لێی خۆش بم. ئێمە ئاشت بووینەوە، هەردووکمان زۆر گریاین، تەواوی ئەو کاتەی کە لەوێ بووم گریاین: بە تەواوی بۆ ناخۆشییەکانمان نەگریاین، بەڵێ من زۆرم پێ ناخۆش بوو کە لینتن ئەو سروشتە چەواشەکارەی هەیە. هەرگیز دڵی هاوڕێکانی خۆش ناکات و کەسیش خێری لێ نابینێت، تەنانەت هەرگیز خۆیشی خۆشی لە هیچ شتێک نابینێت! لەو شەوە بە دواوە هەمیشە دەچوومە ژوورە بچووکەکەی، چونکە ڕۆژی پاشتر باوکی گەڕابووەوە.

وابزانم سێ جاران چاو لە هیوا و کەیف خۆش بووین، دڵخۆش وەک یەکەم شەوم، بەڵام دواتر سەردانەکەم هەمووی ترسناک و بە کێشمە کێش بوو: مردم لەگەڵ خۆپەرستییەکەی و تووڕەییەکەی و ئازارەکانی: بەڵام فێری ئەوە ببووم کە ئەوەکانی پێشتری پەسەند بکەم وەک تۆڵەیەکی بچووک بۆ ئازارەکانی. ئێستا بەڕێز هیتکلیف

به ئەنقەست ناهێڵێت بچمە لای، زۆر بە کەمی دەیبینم. ئەوەی ڕاستی بێت یەکشەممەی ڕابردوو، لە کاتی ئاسایی خۆم کەمێک زووتر چووم، گوێم لێ بوو هیتکلیف جوێنی بە لینتن دەدا و دڕندە ئاسا بە سەریدا دەینەڕاند لە بەر ئەو هەڵسوکەوتەی دوێنێ شەو کردی، نازانم چۆن پێی زانی، مەگەر گوێی ڕادێرابێت. لینتن بێ گومان هەڵسوکەوتێکی وروژێنەری کرد، ئەوە کاری کەس نییە تەنیا خۆم نەبێت، کاتێ چوومە ژوورەوە وانەکانی بەڕێز هیتکلیفم بڕی و ئەمەم پێ وت. دای لە قاقای پێکەنین، و چووە دەرەوە، وتی کە زۆر خۆشحاڵ بوو من بەم جۆرە دەڕوانمە مەسەلەکە. لەو کاتە بە دواوە، بە لینتنم وت کە کاتێ باسی ژیانە ناخۆش و تاڵەکەی دەکات دەبێ بە ئەسپایییەوە باسی بکات. ئێلن ئێستا گوێت لە هەموو شتێک بوو. ناتوانم نەچم بۆ بانەکانی وێزەرینگ، بەڵام دوو شت هەن خەمم دەدەنێ: هاوکات گەر تۆ تەنیا بە باوکم نەڵێیت، چوونەکەم کەس نیگەران ناکات. بە باوکم ناڵێی وانییە؟ گەر وا بکەی ئەوا ئەوپەڕی دڵڕەقی خۆت بەرامبەرم دەنوێنی."

وەڵامم داوە "بەیانی لەسەر ئەم بابەتە بڕیاری خۆم دەدەم. دەبێ هەندێ بیری لێ بکەمەوە، پاشان کەیفی خۆتە هەر چی دەکەیت بیکە، تۆ ئێستا بڕۆ بیری لێ بکەرەوە."

لە ژوورەکەی کاسی هاتمە دەرەوە یەکسەر چوومە ژووری باوکی، بە دەنگێکی بەرز هەموو چیرۆکەکەم بۆ باس کرد: جگە لە گفتوگۆکانی کاسرین لەگەڵ ئامۆزاکەی و ناوی هاریتۆنیشم نەهێنا. بەڕێز ئێدگار بەم باسە تۆقی و پەست بوو، زۆریش لەوە پەشۆکاوتر بوو لەوەی بە منی وت. لە بەیانییەکەدا، کاسرین زانی کە من ناپاکیم لەگەڵ متمانەکەی ئەو کردووە، بەوەشی زانی کە هیچی تر نابێت بە نهێنی سەردانی بانەکان بکات. ئەوەندە بێ ئومێد بوو دەستی بە گریان کرد و هەموو شتێکی لێ قەدەغە کرا، بۆیە لە باوکی دەپاڕایەوە کە بەزەیی بە لینتن بێتەوە: دوا بڕیاری باوکی بۆ هێنانەوەی ئومێدەکانی کاسرین ئەوە بوو کە بەڵێنی پێ دا نامەیەک بۆ لینتن دەنووسێت و پێی دەڵێت گەر حەز دەکات با ئەو بێتە گرەنج، ئیتر کاسی نەچێت بۆ ئەوێ. پێشی وت کە هیچی تر چاوەڕێی کاسی مەکە بێت بۆ بانەکانی وێزەرینگ. جا نازانم بەڕێز ئێدگار ئاگەداری باری تەندروستی لینتنە کاتێ ئەم بڕیارەی دا، چونکە گەر بیزانیبا ئەوا لەو بڕیارەشی پەشیمان دەبووەوە.



## بەشی بیست و پێنج

خاتوو دین وتی "گەورەم ئەو شتانە زستانی ڕابردوو ڕوویان دا. نزیکەی ساڵێک بەر لە ئێستا. زستانی ڕابردوو، بیرم لەوە نەکردەوە، دوای کۆتایی دوانزە مانگی تر، دەبێ بێگانەیەک دڵخۆش بکەم و ئەم شتانەی بۆ باس بکەم! ئێستا، کێ دەزانێت تۆ تا چەند خۆت بە بێگانە دەزانی؟ تۆ زۆر لەوە گەنجتری هەر بەم شێوەیە بۆ خۆت بژی، بە سەرێک بیر دەکەمەوە کە کەس بەرگەی جوانی کاسرینی نەدەگرت، هەر کەسێک بیدیبا خۆشی دەویست. تۆ وا پێدەکەنی، بەڵام بۆچی ئاوا دەمت بەش بووەتەوە کاتێ من باسی کاسرین دەکەم؟ ئەی بۆچی داوات لە من کرد وێنەی ئەو هەڵواسم لەسەر شوێنی ئاگردانەکەت؟ بۆچی؟"

هاوارم لێ هەستا "هاوڕێ باشەکەم، بوەستە! زۆر ئاساییە کە من کاسرینم خۆش بوێت، بەڵام ئایا ئەو منی خۆش دەوێت؟ زۆر گومانم لەوە هەیە کە هێمنییەکەی خۆم جێ بهێڵم و دەست بە بیرکردنەوە بکەم: ئێ دواتر خۆ ماڵم لێرە نییە. جیهانی من زۆر سەرقاڵە، تەنیا بۆ قۆڵەکانی دەبێ بگەڕێمەوە. بەردەوام بە. ئایا کاسرین گوێڕایەڵی باوکی بوو؟"

خزمەتکارەکە (دین) بەردەوام بوو. "بەڵێ گوێی لێ گرت، چونکە خۆشەویستی باوکی هێشتا لە پێش هەموو شتێک بوو، ئێدگار بێ تووڕە بوون قسەی دەکرد: وەک یەکێک قسەی دەکرد کە چۆن سەروەت و سامانی بۆ دوژمنەکانی بە جێ دێڵێت، کاتێ وشە یادەوەرییەکانی تاکە هاوکار دەبن کە بە جێیما بۆ ڕێبەری کردنی کچەکەی. ئێدگار چەند ڕۆژێک دواتر بە منی وت "ئێلن زۆر حەز دەکەم خوشکە

زاکەم نامەیەک بنووسێت یان هەواڵێکی نەبوو. بە دڵسۆزی پێم بڵێ تۆ چۆن بیر لەو دەکەیتەوە: ئایا باشتر بووە، ئایا هیوایەک هەیە چاکتر بێتەوە، وا دەبێتە پیاو، تۆزێ باشتر نەبووە؟"

وەڵامم داوە "گەورەم زۆر ناسکە. زۆر زەحمەتە زاخی پیاوەتی تیا بێت: بەڵام دەتوانم ئەوە بڵێم کە بە باوکی ناچێت، هەروەها گەر خاتوو کاسرین خوانەخواستە مێردی پێ بکات، ئەوا کۆنترۆڵی خۆی لە دەست دەدات: مەگەر زۆر گێل و گەمژە بێت کچەکەت. بەڵام سەرۆک کاتت زۆر دەبێت ئاشنایەتی بکەیت و خۆت بیبینیت بزانە بە کەڵکی کچەکەت دێ: چوار ساڵی دەوێت کە بگاتە تەمەنی تەواوی خۆی. "

ئێدگار هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا، چووە لای پەنجەرەکە، بە نیگایەکی پڕ لە خەمەوە سەیری گیمەرتۆنی دەکرد. پاش نیوەڕۆیەکی تۆزاوی بوو، بەڵام خۆری مانگی دوو بە نێو تۆزەکەدا تیشکی دەدایەوە، تەنیا دوو درەختەکەی نێو حەوشەکەمان لێ دیار بوو، هیچ شتێکمان لێ دیار نەبوو، هەروەها گۆڕەکانی کەنیسەشمان بە ئاستەم دەهاتە بەرچاو.

ئێدگار لە بەر خۆیەوە دەستی بە قسە کرد "زۆرجار دوعام دەکرد کە ئەو شتە لێمان نزیک نەبێتەوە، ئێستاش وا خەریکە دەچمەوە نێو قەپێلکی خۆم، زۆر دەترسم. بیر لەو ساتە دەکەمەوە کە دێمە خوارەوە، زاوا بێ زاخەکە کەمتر شیرینە لەوەی من زووتر پێشبینی دەکەم، لە چەند مانگێکدا یان کەمتر، ڕەنگە هەفتەیەک هەڵبگیرێت و لە نێو بۆشاییەکەی خۆیدا بە تەنیا پاڵ بکەوێت! ئێلن زۆر دڵم بە کاسییە بچووکەکەم خۆش بوو: لە شەوەکانی زستان و ڕۆژەکانی هاویندا ئەو کچە تاکە هیوای زیندووی من بوو. بەڵام زۆر دڵخۆشتر دەبم لەوەی کە بۆ خۆم لە نێو ئەو بەردانە گۆڕێکم چنگ بکەوێت و بچمە ژێر ئەو کەنیسەیە: پاڵ بکەوم بە درێژایی ئێوارەکانی حوزەیران، لەسەر چیمەنە سەوزەکانی گۆڕی دایکی، زۆر حەز دەکەم کە بچم لای ئەو پاڵ بکەوم. دەتوانم چی بکەم بۆ کاسی؟ چۆن دەبێ بەجێی بێڵم؟ یەک سات بیر لەوە ناکەمەوە کە لینتن کوڕی هیتکلیفە، بیریش لەوە ناکەمەوە کە کاسی لە من بسەنێت، گەر بتوانێت دڵخۆشی بداتەوە دوای مردنی من. گرنگی بەوە نادەم کە هیتکلیف بە کۆتایی خۆی دەگات، سەرکەوتوو بوو لە دزینی دوا بەزەییم! بەڵام ئایا



لینتن بێ نرخە - تەنیا ئامێرێکی بێ هێزە بۆ باوکی - ناتوانم کاسی لەو بتۆرێنم! بەڵام زۆریش زەحمەتە کە ڕوحی تێک بشکێنم، تا لە ژیان ماوم نابێ دڵتەنگی بکەم، زۆریشم پێ ناخۆشە بمرم و بە تەنیا جێی بهێڵم. ئاخ ئازیزەکەم حەز ناکەم بکەویتە ژێر دەستی هیتکلیف! وا باشترە بە خوای بسپێرم، پێش خۆم لە ژێر زەوی بنێم. "

وەڵامم داوە "گەورەم هەر بە خوای بسپێرە. گەر تۆش لە دەست بدەین، ڕەنگە، بەڵام خوا نەخواستە - بەڵام گەر خوا مەیلی لێ بێت، کەسمان ناتوانین قسە بکەین. پاش تۆ من دەبم بە هاوڕێ و ئامۆژگارکەری. خاتوو کاسرین کچێکی زۆر باشە: لەوە ناترسم کە زۆر بە هەڵەدا دەچێت، خەڵکی کە ئەرکی خۆیان دەکەن هەمیشە دواجار پاداشتی خۆیان وەردەگرێت."

بەهار هات پێش، هێشتا سەرۆکەکەم هێزی نەهاتبووەوە بەر، بەڵام دەیتوانی بە پێ بچێتە نێو زەوییەکانی لەگەڵ کچەکەی. بۆ بیرکردنەوە کەم ئەزموونەکانی، ئەمە خۆی لە خۆیدا هێمای نۆژەنکردنەوەیە، ڕوومەتەکانی کز ببوون، چاوەکانی پڕشنگدار بوون، کاسرین دڵنیا بوو کە باوکی چاک بووەتەوە. لە حەڤدەهەمین ساڵیادی لە دایک بوونیدا، ئێدگار نەچووە نێو کەنیسە: باران دەباری، وتم "گەورەم وا دیارە ئەمشەو ناچیتە دەرەوە؟"

وەڵامی دایەوە "نەخێر، ئەمساڵ کەمێک دوای دەخەم." دووبارە نامەیەکی بۆ لینتن نووسی، تیایدا باسی ئەوەی کرد کە زۆر حەز دەکات چاوی پێی بکەوێت، هیچ گومانم لەوە نییە کە باوکی ڕێگەی پێ نادات بێت بۆ ئێرە. هەر واش بوو، بە نامەیەک وەڵامی ئێدگاری دایەوە کە بەڕێز هیتکلیف ناهێڵێت بێم بۆ گرەنج، نووسیبووی کە بەزەیی و باشی خاڵم زۆر خۆشحاڵی کردووە، بەڵام هیوای خواست کە جارێک لە پیاسەکانی چاوی پێی بکەوێت، باسی ئەوەشی کرد کە تا هەتایە پێوەندی نێوان خۆی و ئامۆزاکەی هەروا بە دووری نامێنێتەوە.

ئەو بەشەی نامەکەی سادە بوو، دیار بوو کە قسەکان هی خۆی بوون. هیتکلیف زانی کە دەتوانێت بە باشی لە کاسرین بپاڕێتەوە، پاشان نامەکە دەستی پێ کرد، لینتن وتی "من داوای ئەوە ناکەم کە کاسی سەردانی ئێرە بکات. ئایا من هەرگیز کاسی نابینم لە بەر ئەوەی کە باوکم لێ ناگەڕێت بێمە سەردانی و تۆش ناهێڵیت

کاسی بێتە سەردانم؟ ئێ باشە جار جارە پێکەوە لەگەڵ کچەکەت بە سواری ئەسپ بەرەو بانەکانی وێزەرینگ وەرن، با لەوێ چەند وشەیەک ئاڵوگۆڕ بکەین، با لە بەر چاوی تۆ قسەکان بکەین! ئێمە هیچمان نەکردووە، گوناهی ئێمە چییە ئاوا لە یەکتریمان جودا دەکەنەوە، خۆ تۆش لە من تووڕە نیت: چونکە هیچ هۆیەک نییە تۆ ڕقت لە من بێتەوە، خاڵی خۆشەویستم خۆت ئەوە پەسەند دەکەیت! بەیانی نامەیەکی خۆشم بۆ بنێرە، پێم بڵێ، بۆ خۆت شوێنێک هەڵبژێرە یەکتری ببینین، بەس تکا دەکەم ئەو شوێنە سرەسکرۆس گرەنج نەبێت. پێم وایە کە بە یەک چاو پێکەوتن قەناعەتت بەوە دێت کە من بە باوکم ناچم، سیفەتەکانی من و باوکم ئەرز و ئاسمانیان بەینە: ئەو خۆی دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە من زیاتر خوشکەزای تۆم نەک کوڕی ئەو، هەرچەندە من هەڵەم زۆرە کە وام لێ دەکەن شایەنی کاسرین نەبم، کاسرین لەوان خۆش بووە، تۆش لە بەر خاتری کچەکەی خۆت لێیان خۆش بە. تۆ خۆشت ئەوەت بۆ دەردەکەوێت کاتێ تەندروستیم بەرەو باشی دەچێت، بەڵام گەر من لە هەموو هیواکان بێ بەش بم، بە تەنیا بم، هیچ کەس لێم نزیک نەبێتەوە، خۆشەویستانی خۆم نەبینم، باشە پێم ناڵێ چۆن دڵخۆش و باش بم؟"

ئێدگار، هەرچەندە هەستی بە کوڕەکە کرد، ڕازی نەبوو بەوەی داواکارییەکەی جێبەجێ بکات، چونکە ناتوانێت لەگەڵ کاسرین بڕواتە دەرەوە. لەگەڵ ئەوەشدا وتی لەوانەیە لە هاویندا یەکتری ببینن: لە هەمان کاتدا، حەزی لێ بوو جار جارە نامە بنێرێت، بۆ ئەوەی ئامۆژگاری بکات تا باشتر بێت، دەیزانی کە لە نێو خێزانەکەیدا چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکەن. لینتن بە گوێی کرد، بۆیە هەمیشە نامەی دەنووسی و هەموو گلەیی و گازندەکانی خۆی تیادا باس دەکرد. بەڵام دواتر باوکی زۆر بە توندی چاودێری دەکرد، سووریش بوو لەسەر ئەوەی کە هەموو وشەیەکی ئێدگاری پێ نیشان بدرێت، بۆیە لە بری نووسینی ئازار و نەهامەتییە تایبەتی و کەسییەکانی، هەموو بیرە تایبەتییەکانی دەنووسی، دڕندایەتی و قەدەغەکردنی لە ئامۆزاکەی باس نەدەکرد، هەر پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە بەڕێز ئێدگار بە زووترین کات بیبینێت، یان لەوە دەترسا کە بە بەڵێنی بەتاڵ و حەتاڵ هەڵیبخەڵەتێنن.

کاسی لە ماڵەوە گوێگرێکی زۆر باش بوو، هەروەها لە نێوان کاسی و لینتندا



قەناعەتیان پێ کرد کە هەفتەی جارێک پێکەوە بە سواری ئەسپ لە ژێر پاسەوانی من شوێنێک لە نزیک گرەنج دیاری بکەن لە نێو بەیارەکاندا: مانگی شەش هات هێشتا بڕیاری خۆی نەدابوو. ساڵانە بەشێک لە داهاتەکەی بۆ داهاتووی خاتوو کاسی لادەدا لایەک. سروشتی حەزی دەکرد کە بوەستێت، یان بە لایەنی کەم لە ماوەیەکی کورتدا بگەڕێتەوە، خانووی باوباپیرانی، ئێدگار کاسی بە تاکە میراتگری خۆی دادەنا پاش مردنی خۆی، بەڵام ئاگەداری ئەوە نەبوو کە کچەکەی بە خێرایی وەک خۆی لە ناو دەچێت. پێموایە هیچ دکتۆرێک سەردانی بانەکانی نەدەکرد، کەس بەڕێز لینتنی نەبینی باسی نەخۆشییەکەی بکات. من بەش بەحاڵی خۆم، هەستم بەوە کرد هەستە خراپەکانم هەڵە بوون، لە ژیانمدا نەمبینیوە هیچ باوکێک ئاوا بە دڕندەیی مامەڵ لەگەڵ کوڕەکەی بکات کە لەسەر لێواری مەرگە، هیتکلیفم بینی زۆر دڕندانە مامەڵەی لەگەڵ کوڕەکە دەکرد. ئەو کوڕە هەر پلانێکی هەبایە بۆ باشتر بوون یان زیندوو بوونەوە ئەو باوکەی لە باری دەبرد.

## بەشی بیست و شەش

سەرەتای هاوین تێپەڕیبوو کاتێ ئێدگار بە دڵگرانی بە پیر داواکەی کاسی و لینتن هات، من و کاسرین یەکەم گەشتمان بە سواری ئەسپ دەست پێ کرد بۆ بینینی ئامۆزاکەی. ڕۆژێکی گەرم و وشک بوو: تیشکی خۆر ون ببوو، ئاسمانێکی وشک کە هەڕەشەی بارانی پێوە دیار نەبوو: شوێنی ژوانەکەمان لای بەردە ڕێ نیشاندەرەکان بوو لە لای چوارڕیانەکە. کاتێ گەیشتینە ئەوێ، کوڕێکی شوان وەک پەیامنێرێک بە دیار کەوت، پێی وتین "سەرۆک لینتن دەڵێ با بێنە زەوی بانەکانی وێزەرینگ، من ناتوانم زیاتر بێم."

وتم "دیارە سەرۆک لینتن ڕێکەوتنەکەی خاڵی لە یاد نەماوە. پێی وتین شوێنی چاوپێکەوتن هەر لە زەوی گرەنج نەچێتە دەرەوە، ئەوەتا ئێمە دەمێکە لێرەین و بە قسەی ئەومان کردووە."

کاسی وتی "باشە باش ئێمە سەری ئەسپەکانمان پێکەوە دەنێین کاتێ دەگەینە لای ئەو، گەشتەکەمان بەرەو ماڵ نزیک دەبێتەوە."

بەڵام کاتێ گەیشتینە لای لینتن، شوێنەکە چارەگە میلێک لە دەرگای خانووی ئەو دوور بوو، ئەو ناوە هیچ ئەسپێکی لێ نەبوو، لەسەر ئەسپەکانی خۆمان هاتینە خوار، ئەسپەکانی خۆمان لە نزیک ئەو شوێنە جێ هێشت. لەسەر پارچە چیمەنێک پاڵکەوتبوو چاوەڕێی نزیکبوونەوەی ئێمەی دەکرد، هەڵنەستایەوە تا ئێمە زۆر لێی نزیک بووینەوە.

پاشان بێ هێز هاتە پێشەوە، ڕەنگ زەرد و ماڵۆیران بوو، یەکسەر وتم "بۆچی





سەرۆک لینتن، تۆ چۆن هاتووی بۆ ئێرە، خۆت نەبینیوە چەندە نەخۆش و بێ هێزی!"

کاسرین بە چاوێکی پڕ لە خەم و سەرسوڕمانەوە سەیری لینتنی کرد: خێرا خۆشی لەسەر لێوەکانی بۆ ترس و دڵتەنگی گۆڕا، لە بری ئەوەی پیرۆزبایی لە یەکتر بکەن کە دەمێکە چاوەڕێی ئەو چاوپێکەوتنە دەکەن، باسی ئەوە کرا کە لینتن لە جاران زۆر خراپتر بووە؟

لینتن هەر دەلەرزی و دەستی درێژ کرد وەک بڵێی داوای هاوکاری بکات بۆ ئەوەی خۆی ڕاست بکاتەوە، وتی "باشتر نەبوومە، هیچ باشتر نەبوومە!" ئەوکاتە چاوە شینەکانی لەسەر کاسی قەتیس مابوون، بە زمانی نیگاکانەوە خۆشەویستی خۆیان بۆ یەکتر دووپات کردەوە.

کاسی بەردەوام بوو "بەڵام تۆ زۆر خراپتر بووی، خراپتر لەو ساتەی بۆ دوار جار تۆم بینی، زۆر لاوازتر بووی، و .."

لینتن خێرا قسەی پێ بڕی و وتی "من زۆر ماندووم. زۆر گەرمە بە کەڵکی ڕۆیشتن نایەت، با لێرە کەمێک پشوو بدەین. زۆر جار لە بەیانیاندا زۆر نەخۆش دەبم - باوکم دەڵێت کە من خێرا گەشە دەکەم."

کاسی بەم قسە قایل نەبوو، دانیشت و لینتنیش لە تەکیەوە دانیشت.

کاسی هەوڵی دا کەمێک خۆشی و کامەرانی بخاتە دڵی لینتن، وتی "ئەمە شوێنێکە وەک بەهەشتەکەی تۆ وایە. بیرت دێ دوو ڕۆژان ڕێکەوتین لەسەر ئەوەی کە لەسەر خۆشترین بیرکردنەوەکانمان بە سەر بەرین؟ ئەم شوێنە زۆر لە بەهەشتی تۆ نزیکە، تەنیا هەور بە ئاسمانەوە خۆیان مەڵاس داوە، بەڵام زۆر نەرم و بێ ئاون، زۆر لەوە خۆشترە تیشکی خۆر لە دەرەوە بێت. هەفتەی داهاتوو، گەر بتوانی، لە پارکەکەی گرەنج یەکتری دەبینین و بەهەشتی من تاقی دەکەینەوە.

پێ دەچوو لینتن ئەوەی لە بیر نەمابێت کە کاسی باسی چی دەکات، چونکە زۆر بە زەحمەت دەیتوانی بەردەوامی ببەخشێت بە گفتوگۆکە. کاتێ کاسی دەستی بە قسە کرد، لینتن لە بەر خراپی باری تەندروستی حەزی لە بابەتەکان نەبوو، زۆر خەیاڵی لای خۆشییەکانی کاسرین نەبوو، ئەم هۆیانە وایان لە کاسی کرد کە نەتوانێت بێ ئومێدی و پەستییەکەی بشارێتەوە. لینتن بە تەواوی شپرزە و شڵەژا بوو. لە بری

خوليا و خۆشی بينينی كاسی، خۆ هيچ ئاگای له چوار دەوری نەبوو. زۆر له منالێك خراپتر بوو كه گورو بۆ شتێك دەگرێت و به هيچ شتێك ژير نابێتەوە، ديار بوو له گيانی خۆی بێزار بوو، هەروەها خۆشی و قسەی دەوروبەری له باتی دڵخۆشی دانەوە بوون به هەڕەشەيەك بۆ ئەو. من و كاسرين هەستمان پێ كرد كه ئەم بينينەی به سزايەك زانی نەك سوپاسگوزاری، لينتن هيچی تر بەرگەی بينينی ئێمەی نەگرت. كاسی بێ هيچ شك و گومانێك پێشنياری ڕۆيشتنی كرد. ئەو پێشنيارە چاوەڕوان نەكراو بوو، لينتنی له بێ ئاگاييیەكەی به خەبەر هێنا، بەو پێشنيارە زۆر تووڕە بوو. لينتن به ترس و ڕاڕاييیەوە سەيرێكی بانەكانی كرد، له كاسی پاڕاوە كه به لايەنی كەم نيو سەعاتی تر بمێنێتەوە.

كاسی وتی "بەڵام پێم وايە كه تۆ له ماڵ زياتر هەست به ئارامی بكەيت نەك لێرە به بێ هێزی دابنيشيت، ئەمڕۆ ناتوانم دڵت خۆش بكەم به هۆی چيرۆك و گۆرانی و قسەكانم: تۆ زۆر له من داناتر بووی، له ماوەی ئەو شەش مانگەدا، ئێستا زۆر حەز به سەروسەربردەكانی من ناكەيت، ئەگينا گەر بمتوانيبا دڵت خۆش بكەم ئەوا بێگومان دەمامەوە."

لينتن وەڵامی دايەوە "بمێنەوە، بۆ خۆت لێرە پشوو بدە. وا بير مەكەرەوە يان مەڵێ كه من زۆر نەخۆشم: نەخۆشی من هی ئەو كەش و هەوا قورس و گەرمەيە، زۆريش به پێ ڕۆيشتم، پێش ئەوەی بێی، زۆر به پێ ڕۆيشتم. به خاڵم بڵێ كه من تەندروستيم زۆر باشتر بووە، پێی دەڵێی؟"

خانمە ژيكەڵەكەی من وتی "لينتن پێی دەڵێم كه تۆ وات وتووە، من ناتوانم ئەوە بڵێم." سەيری دەم و چاوی كرد كه تەندروستی له بری باشبوون، زۆر خراپتر بووە.

لينتن نيگا پڕ له پرسيارەكەی پێ بڕی و بەردەوام بوو "پێنجشەممەی داهاتوو وەرەوە بۆ ئێرە.هەروەها سوپاسی خاڵم بكه كه ڕێگه به تۆ دەدات بێيتە سەردانی من - كاسرين زۆر سوپاسی منی پێ ڕابگەيەنە. هەروەها گەر تۆ چاوت به باوكم كەوت و له منی پرسی، پێی مەڵێ كه من زۆر بێدەنگ و گەمژە بووم لەگەڵ تۆ: له پێش چاوی باوكم خۆت خەمناك و حەپەساو مەكە، وەك ئێستا، چونكه زۆر تووڕە دەبێت."

كاسی وتی "هيچ گرنگی به تووڕەيی ئەو نادەم، خوای دەكرد شێت دەبوو."



ئامۆزاكەی به لەرزينەوە وتی "بەڵام لای من گرنگە. لێمی هار مەكە، كاسرين چونكه لەگەڵم زۆر خراپە."

من لێم پرسی "بەڕێز لينتن ئايا هيتكليف زۆر لەگەڵت توند و تۆڵە؟ ئايا ڕق و كينەكەی ئێستا دەخاتە ڕوو، مەبەستم به ئاشكرا ڕقی لێت دەبێتەوە؟"

لينتن سەيری منی كرد، بەڵام وەڵامی نەدامەوە. پاش ئەوەی ده دەقيقەی تر كاسی لای ئەو دانيشت، كه سەر به گێژەوە به سنگی كاسی كردبوو، هيچی نەوت جگه له ناڵە و نووزەی ئازارەكانی جەستەی، كاسی ڕووی وەرگێڕا و دەستی كرد به هەنسك و منيش لەگەڵ خۆی به گريان هێنا، بەڵام نەيهێشت لينتن بزانێت چونكه به بينينی ئەمە ئازارەكانی زياتر دەبوو.

دواجار كاسرين به گوێمی چرپاند "ئێلێن ئەوە بووە نيو سەعات؟ نازانم ئيتر بۆچی بمێنينەوە. لينتن خەوی لێ كەوتووە، باوكيشم دەيەوێ ئێمە زوو بگەڕێينەوە."

وەڵامم داوە "باشە، خۆ نابێ بەخەوتوويی به جێی بێڵين. چاوەڕێ بكه تا له خەو هەڵدەستێت، تۆزێ سەبرت هەبێ. له ماڵەوە ئەوەندە به پەرۆش بووی سەرت خواردين تا هاتينه دەرەوە، ئێستاش بينينەكەت هەر ئەوەندە بوو!"

كاسرين ئەمجارەيان پرسی "بۆچی حەزی كرد من ببينێت؟ پێشتر بەو هەموو تووڕەييیەوە زياتر كەيفم پێ دەهات لەو ميزاژە به پەرۆش و ئارامەی ئێستای. ئەم يەكتر بينينەی ئەم جارەمان وەك بڵێی ئەركێك بوو به زۆری پێيان جێبەجێ كردبێت، وا بوو، وابزانم له بەر ترسی باوكی بوو، گەر منی نەديبايە ئەوا باوكی تێی هەڵدەدا . بەڵام من وەها به ئاسانی دڵی بەڕێز هيتكليف خۆش ناكەم، جا نازانم چ مەرامێكی له پاڵ ئەوە هەيە وا هانی لينتن دەدات له من نزيك بكەوێتەوە. هەرچەندە ئێستا خۆشحاڵم كه تەندروستييەكەی باشتر بووە، به داخەوە وەك جاران خۆشەويست نييە، وەك جارانيش سۆزی بەرامبەر به من نانوێنێت، چونكه شتەكە ديارە به زۆرييە."

وتم "كەواتە تۆ وا دەزانی كه لينتن ئێستا تەندروستی باشترە؟"

وەڵامی دايەوە "بەڵێ، چونكه هەروەك خۆت دەزانی پێشتر هەميشە ئازارێكی ئێجگار زۆری هەبوو. ئەو كاتە تەندروستی باش نەبوو كه پێمی وت به باوكم بڵێم

باشە، بەڵام ئێستا باشترە، زۆر باشترە."

وتم "خاتوو کاسی ئایا لێرەدا تۆ جیاوازی لەگەڵ من. من وەک تۆ بیر ناکەمەوە، پێم وایە ئێستا تەندروستی زۆر لە جاران خراپترە."

ئا لێرەدا لینتن بە ترس و تۆقینەوە ڕاپەڕی و پرسی کێ ناوی هێناوە، کێ بانگی کردووە.

کاسرین وتی "نەخێر کەس ناوی تۆی نەهێناوە، دیارە خەونت بینیوە. نازانم چۆن بەیانیان دەتوانی بێیتە دەرەوە."

لینتن سەری بەرز کردەوە و لە مڕومۆچییەکەی ئێمەی ڕوانی، وتی "وابزانم گوێم لە دەنگی باوکم بوو، ئێوە دڵنیان کەس قسەی نەکرد، کەس بانگی نەکردووم؟"

کاسرین وەڵامی دایەوە "ئێمە زۆر دڵنیاین. تەنیا من و ئێلن لێرە بووین و باسی تەندروستی تۆمان دەکرد. لینتن بەڕاستی ئێستا بەهێزتر بووی لە چاو ئەو کاتەی کە لە زستان لە یەکتر جودا بووینەوە؟ گەر بەهێزتری، دڵنیام لەوەی کە یەک شت هەیە بەهێزتر نەبووە - ڕێز و سۆز و خۆشەویستیت بۆ من بەهێزتر نەبووە: قسە بکە - وایە یان نا؟"

کاتێ لینتن وەڵامی دایەوە فرمێسک لە چاوەکانی ڕانەوەستان و ئۆقرەیان نەگرت لە ژێر پێڵووەکاندا "بەڵێ، بەڵێ ڕاست دەکەی!" هێشتا لە ژێر کاریگەری دەنگە خەیاڵییەکە بوو، بە لا چاوێکی سەیری ئەم لاو ئەو لای دەکرد بە دوای خاوەنەکەیدا دەگەڕا.

کاسی هەستایە سەر پێ و وتی "با ئەمڕۆ بەس بێت. ئەوەش ناشارمەوە کە زۆر نارەحەت و بێ ئومێدم لە یەکتر بینینەکەمان، بەڵام جگە لە تۆ، لای کەس باسی ناکەم: هیچی تریش لە بەر ترسی بەڕێز هیتکلیف ناوەستم و ناجووڵێمەوە."

لینتن بە منگەوە وتی "وس، هششش! لە بەر خاتری خوا، وسبە! وا هیتلکیف دێت بۆ ئێرە." پاشان خۆی بە قۆڵی کاسریندا شۆڕ کردەوە، هەوڵی دا توند بیگرێت، بەڵام ئەو کاتە کاسی بە تەواوی خۆی لێ دوور خستەوە، فیکەیەکی بۆ مینی لێدا، کە وەک سەگێک گوێڕایەڵی بوو.



لە نێو کەوشەکەی بۆ لای مینی وەک سپرینگ هەڵدەبەزییەوە، وتی "پێنجشەممەی داهاتوو لێرە دەبم. ماڵ ئاوا، ئێلن خێرا کە!"

بەم شێوەیە بەجێمان هێشت، بە ئاستەم هۆشی لای ڕۆیشتنەکەی ئێمە بوو، زۆر لەوە دەترسا هاکە باوکی بە دیار بکەوێت.

پێش ئەوەی بگەینە ماڵەوە، دڵساردییەکەی کاسرین وردە وردە ڕووی لە بەزەیی و پەشیمانی کرد، هەستی بە هەڵە کرد، بەڵام هەستەکانی خۆی شاردەوە، زۆر گومانی هەبوو لە حاڵەتی ڕاستەقینەی لینتن، حاڵەتی جەستەیی و کۆمەڵایەتی: لەوەیاندا یارمەتیم دا، ئامۆژگاریم کرد کە زۆر لەسەر ئەو بابەتە نەڕێسێت، پێم وت کە لە گەشتی دووەممان، لە بینینی دووەممان دەتوانین بە ڕاستی و دروستی بڕیار بدەین. سەرۆکەکەم پرسیاری لە گەشتەکەمان کرد. کاسرین دەستی بە قسە کرد و سوپاسی ئامۆزاکەی پێ گەیاند و تەواوی ڕووداوەکەی بۆ گێڕایەوە: منیش کەمێک تیشکم خستە سەر قسەکانی، چونکە زانیم چ دەشارمەوە چیش ئاشکرا دەکەم.

## بەشی بیست و حەوت

حەوت ڕۆژ بە سەر چاوپێکەوتنەکەدا تێپەڕی، هەر ڕۆژە و حاڵەتی ئێدگار بە جۆرێکی سەیر دەگۆڕا. ئەو ئاژاوەیەی پێشتر بە چەند مانگێک دروست بوو و پێش دەهات، ئێستا بە چەند سەعاتێک هەموو لایەکی هەراسان دەکرد. من ئێمە هێندەمان نەمابوو دەستەمۆ بین، کاسرین بە هەڵسوکەوتە خێرایەکەشی ڕەتی کردەوە کە دەستەمۆ بکرێت: لە نێو نهێنیدا دابەش بوو، یەکەم جار گومان بوون، پاشان بوون بە ڕاستەقینە. دڵی ئەوەی نەبوو باسی گەشتەکەی بکات، کاتێ پێنجشەممە داهاتەوە، بە بیرم هێنایەوە، ڕەزامەندیشم وەرگرتبوو کە بیبەمە دەرەوە: چونکە کتێبخانەکە کە باوکی ڕۆژانە ماوەیەکی زۆری بە سەر دەبرد، زۆر بەرگەی نەدەگرت– ژوورەکەشی ببووە هەموو جیهانی ئەو. هیچ ساتێک قەناعەتی بەوە نەهات بچێتە سەر پێخەفەکەی و سەر بە بالیفەکە بکات، یان ئەوەتا لە لای باوکی دابنیشێت. ڕووی کاسی زەرد و پووچ ببوو لە بەر خەم و خەفەت، ئێدگاریش بە خۆشحاڵییەوە ڕەوانی کردە دەرەوە بۆ ئەوەی کەش و هەوایەک بگۆڕێت، بە هیوای ئەوەی کە کاتەکانی هەر بە تەنیایی بەسەر نەبات، مەبەستی ئەوە بوو کە گەر بمرێت کاسی بە تەنیا نەمێنێتەوە.

بەو چەند قسەیەی کە کردی، من لەوە تێگەیشتم کە ئێدگار بیرۆکەیەکی جێگیری هەبوو، خوشکەزاکەشی بە خۆی دەچوو، لە بیرکردنەوەدا بەو دەچوو، چونکە نامەکانی لینتن هیچ سیفەتە خەوشدارەکانی ئەویان نەخستە ڕوو. منیش هەمیشە هەڵەکانم ڕاست دەکردنەوە، بۆ خۆم بیرم دەکردەوە کە سوودی چییە لە دوا



ساتەکانی ژیانیدا لەگەڵ زانیاریدا سەری زیاتر بێشێنم چونکە دەسەڵاتی هیچ نەما بوو، هیچی پێ نەدەکرا.

گەشتەکەمان تا دوای نیوەڕۆ دوامان خست، دوا نیوەڕۆیەکی زێڕینی مانگی ئاب بوو: هەر هەناسەیەک لە گردەکانەوە پڕ بوون لە ژیان، هەر کەسێک لەسەر لێواری مەرگ بوایە و ئەو هەناسانەی هەڵمژیبا، دەژیایەوە. ڕووی کاسرین وەک تابلۆیەک وابوو، سێبەر و تیشکی خۆر ڕەنگێکی دیکەیان بە کەش و هەواکە بەخشیبوو. بەڵام سێبەرەکان زیاتر دەمانەوە، و تیشکی خۆریش ناوە ناوە خۆی ون دەکرد، دڵە داماوەکەی کاسرین خۆشی لەو کەش و هەوایەش نەدەدی.

سەیری لینتنمان کرد لە هەمان ئەو شوێنەی دەڕوانی کە کاسی پێشتر هەڵیبژاردبوو. خانمە گەنجەکەی من گەشایەوە، پێی وتم کە بڕیاری داوە زۆرتر بمێنێتەوە، کە من ئەسپەکە بگرم و لای ئەسپەکە بمێنمەوە، بەڵام من ڕەتم کردەوە: پێم وت کە تۆ لە ئەستۆی من دایت، ناتوانم بۆ ماوەی یەک دەقیقەش لێت دوور بکەومەوە. بۆیە پێکەوە سەرکەوتین. ئەم جارە بەڕێز لینتن زیندووتر پێشوازی لێ کردین: هەرچەندە ڕوحی کەسێکی پتەو نەبوو، ڕوحی خۆشی نەبوو، بەڵکو زیاتر بە ترس دەچوو.

زۆر بە زەحمەتی قسەی پێ دەکرا، بۆیە هەر لە کورتی دەیبڕیەوە "زۆر درەنگە! ئایا باوکت نەخۆش نییە؟ وامزانی تۆ جارێکی تر سەردانم ناکەیت."

کاسرین سڵاوەکەی خۆی قووت داوە کە ئامادەی کردبوو، کاسرین وتی "بۆچی بە ڕاشکاوانە قسە ناکەی؟ بۆچی یەکڕاست ناڵێی تۆم ناوێت؟ لینتن زۆر سەیرە کە ئەوە بۆ دووەم جارە تۆ منت بە مەبەست هێناوەتە ئێرە، دیارە دەتەوێ هەردووکمان خەفەتخانی بکەیت، ئەگینا هیچ هۆی تر نییە!"

لینتن دەستی بە لەرزین کرد و بە لا چاوێک سەیری کرد، نیمچە پاڕانەوە و نیمچە شەرمەزار، بەڵام ئامۆزاکەی ئۆقرەی لێ بڕابوو، بەرگەی ئەو قسانەی ئەوی نەدەگرت.

کاسی وتی "باوکم زۆر نەخۆشە. بۆچی لە تەک ئەو بانگ دەکرێم؟ بۆچی نامەت نەنارد لە بەڵێنەکەم خۆش ببیت، گەر حەز بکەیت من نایپارێزم؟ وەرە! حەز دەکەم بۆم شی بکەیتەوە: هیچی تر یاریکردن و شتی بێ مانا لە بیرمدا جێگەیان نابێتەوە.

هیچی تر ناتوانم بە سۆزەکانت سەما بکەم!"

لینتن بە منگەوە وتی "سۆزەکانم! سۆزەکانی من چین؟ لە بەر خاتری خوا، وا خۆت تووڕە مەکە! تا پێت خۆشە ڕیسوام بکە، من گەمژەیەکی بێ نرخ و ترسنۆکم، لەوە زەلیلتر چی؟ تووڕەیی تۆ زۆر بێهێزترم دەکات. ڕقت لە باوکم بێتەوە، بیرێک لە من بکەرەوە."

کاسرین بە سۆزێکەوە وتی "قسەی قۆڕ! بەخوا کوڕێکی دەبەنگ و بێ ئەقڵی! ئەها دیسان دەستی بە لەرزین کرد: وەک بڵێی من بەڕاستی دەستی دەگەینمێ! لینتن پێویست ناکات قسە لەسەر بیرکردنەوە بکەیت: کێ هەیە هێندەی من بەرگەی بیرکردنەوە لە تۆ بگرێت. ون بە لە بەر چاوم! دەچمەوە ماڵێ: کارێکی دەبەنگانە دەکەم گەر هیچی تر لەگەڵ بەرد هەڵسوکەوت بکەم، دەی فوستانەکەم بەردە!گەر بەزەییم بە گریان و ڕووە ترسناکەکەی تۆ بێت، دەبێ دەماری پیاوەتیت ببزوێت و ئەو بەزەییە ڕەت بکەیتەوە. ئێڵن پێی بڵێ ئەم هەڵسوکەوتە چەندە بێ شەرمانەیە. هەستەوە، خۆت وەک زیندەوەرێکی خشۆک نیشان مەدە، هەستەوە!"

فرمێسک لەسەر ڕووی لینتن جۆگەلەیان بەست، ئازار نەخشەی بێ هێزی لەسەر و فەساڵیدا دروست کرد، هەوڵی دا لاشە بێهێزەکەی لە ئەرز بکاتەوە: تۆقیبوو و وەک بی ناو ئاو دەلەرزی.

بە هەنسکەوە دەنگی ڕادا "ئۆه! ناتوانم بەرگەی ئەوە بگرم! کاسرین، کاسرین منیش خائینم، بەڵام حەز ناکەم ئەوەت پێ بڵێم! بەڵام برۆ بەجێم بێڵە، منیش دەکوژرێم! کاسرین خۆشەویستەکەم، ژیانم لە ژێر دەستی تۆدایە: تۆ وتت کە منت خۆش دەوێت، گەر منت خۆش دەوێ، ئەمە ئازارت نادات. گەر منت خۆش دەوێت، بەجێم ناهێڵی؟ ئەی کاسرینی دڵ چاک و بە بەزەیی و شیرین! دەی ڕازی بە بۆ ئەوەی هەردووکمان پێکەوە بمرین!"

خانمە گەنجەکەی من، کە بینی زۆر زەلیل و داماو بووە، داچەمایەوە بۆ ئەوەی هەڵیبستێنیتەوە. هەستە کۆنەکانی زاڵ بوون بە سەر تووڕەییەکەی، دیار بوو ئەم قسانەی دوایی لینتن زۆر کاریان تێ کردبوو.

کاسی پرسی "بە چی ڕازی بم؟ ڕازی بم لە لات بمێنمەوە! پێم بڵێ ئەو قسە نامۆیە



مانای چییە، منیش ئەو کاتە ڕازی دەبم. تۆ خۆت دژی وشەکانت دەوەستییەوە و منت شێواندووە! هێمن بە، بە ڕاشکاوی قسە بکە، هەر ئێستا هەرچی هەیە لەسەر دڵت بیڵێ. لینتن بریندارم ناکەی، وانییە؟ ناهێڵی هیچ دوژمنێک ئازارم بدات، دەتوانی ڕێ لە دوژمنەکانم بگری؟ وابزانم تۆ بۆ خۆت زۆر ترسنۆکی بەڵام خائینێکی ترسنۆک نیت بۆ باشترین هاوڕێت."

لینتن پەنجەکانی لێک خشاند و وتی "بەڵام باوکم هەڕەشەی لێ کردم. زۆر لێی دەترسێم، زۆر لێی دەترسێم! ناوێرم ئەو قسە بکەم!"

کاسرین بە هەستێکی سووکایەتی پێکردنەوە، وتی "ئێ دە باشە! نهێنییەکەی خۆت بپارێزە: من ترسنۆک نیم. خۆت ڕزگار بکە: من لە کەس ناترسم!"

خانەدانییەکەی کاسرین فرمێسکەکانی لینتنیان زۆرتر کرد: هاواری لێ هەستا و دەستی بە گریان کرد، دەستەکانی کاسرینی ماچ کرد کاتێ بۆ هاوکاری کردنی درێژ کرد، بەڵام هێشتا جورئەتی ئەوەی نەبوو قسە بکا. بیرم لەوە دەکردەوە کە دەبێ ئەو خەمە چەندە گەورە بێت، سوور بووم لەسەر ئەوەی کە کاسرین هەرگیز نابێ ئازار بچێژێت بۆ ئەوەی لینتن یان هەر کەسێکی تر لەسەر حیسابی ئازارەکانی سوودبەخش بێت، بە ویستی باشی خۆم، کاتێ گوێم لە دەنگێکی چڵکن بوو لە نێو چیمەنەکان گوێمی دەزرنگاندەوە. سەرم بەرز کردەوە، بینیم بەڕێز هیتکلیف لەسەر سەرمەوە وەستاوە، لە بانەکانەوە هاتبوو. چاوی لەسەر دوو ئامۆزاکە، دوو پەپوولەکە هەڵنەگرت، هەرچەندە هەردووکیان لە بەر هەنسکەکانی لینتن گوێیان لە دەنگی هیتکلیف نەبوو، بەڵام ئەو دەنگە گوێکانی منیان کون و کاس کرد، وتی: "نیلّی تۆ بەلاش لەو نزیکانە، لە بانەکانی وێزەرینگ نابیت، شتێک هەر هەیە، بۆیە لێرەت دەبینم. لەگەڵ گرەنج چۆنی؟ دەی قسە بکە. پڕوپاگەندە زۆرن. ئینجا بە تۆنێکی هێواشتر وتی "دەڵێن کە ئێدگار لینتن لەسەر جێگە کەوتووە و نزیکە مەرگە: زۆر موبالەغەی لەسەر نەخۆشییەکەی دەکەن؟"

وەڵامم داوە "نەخێر وا سەرۆکەکەم دەمرێت. نەخۆشییەکەی زۆر ڕاستە. مردنی ئەو بۆ هەموومان ناخۆشییە، بەڵام بۆ خۆی خۆشییە!"

پرسی "بە ڕای تۆ پاش چەندی تر دەمرێت؟"

وتم "نازانم."

سەیری دوو ئامۆزاکەی کرد کە چاوی لە سەریان هەڵنەدەگرت، بەردەوام بوو "لە بەر ئەوەی لینتن نەیتوانی ژیانی خۆی بخاتە مەترسییەوە کەمێک کار بکات یان هەر نەبێ سەری بەرز بکاتەوە، کاسرینیش لە بەر ئەو ناتوانێت بجووڵێتەوە - چونکە ئەو کوڕە ئەوەندە بێ زاخە منی کوشتووە، زۆر سوپاسی خاڵی دەکەم گەر خێرا پێش کوڕەکەی من بمرێت! بەخوا جوانە! ئایا یارییەکە زۆر درێژەی خایاند؟ هەندێ وانەم پێ وتووە لەسەر گریان. ئایا سۆزی لەگەڵ خاتوو کاسرین باشە، باش دەگری؟"

وەڵامم داوە "باش بگریت؟ نەخێر ئەوپەڕی پەستی خۆی ڕاگەیاندووە. سەیری کە، لە بری ئەوەی لەگەڵ خۆشەویستەکەی لەسەر ئەو گردانە پیاسە بکات، دەبێ ئێستا لە نێو جێگە بێت، لە ژێر دەستی دکتۆر بێت."

هێتکلیف منگەی لێوە هات "لە ڕۆژێک یان دووانی تر وای لێ دێت. "وەک شێر نەڕاندی "هەستەوە لینتن، هەستە سەر پێ. ئێستا ساتی ئەوە نییە لەسەر ئەو چیمەنە پاڵ بکەوی!"

دیسان لینتن سەری شۆڕ کرد و لە ترسان ئەم ناوەی لێ ببووە کونە مشک، لە نیگای باوکی تۆقی. بە ڕای من ئەو حاڵەتە دواهەمین لووتکەی زەلیلی و پەککەوتنە. زۆر هەوڵی دا بە گوێی هێتکلیف بکات، بەڵام گوڕ و تینی تیا نەما بوو، دووبارە سەری شۆڕ کرد و کەوتە سەر زەوی. بەڕێز هێتکلیف چووە پێشەوە و بەرزی کردەوە، سەری لەسەر بەردێک دانا.

کاسی بەو پەڕی تووڕەیی و هەڵچوونەوە وتی "ئێستا زۆر تووڕە بوومە و گەر فەرمان بەو ڕوحە کزەی خۆت نەدەی - بە نەفرەت بی! ڕاستەوخۆ هەستەوە دەی!"

وتی "باوکە هەڵدەستمەوە. بە تەنیا جێم بێڵە، ئەگینا دەبوورێمەوە. ئەوەی تۆ پێت خۆش بوو کردم، دڵنیام کە هەموو شتێکم کرد. کاسرین ئەوەت پێ دەڵێ کە من دڵخۆش بووم! کاسرین وەرە لای من، دەستەکانتم بدەرێ."

باوکی وتی "دەستەکانی من بگرە، لەسەر پێی خۆت بوەستە. هەر ئێستا کاسرین قۆڵی خۆی دەکاتە پرد بۆ تۆ: ئەوە ڕاستە، سەیری کە. خاتوو کاسرین تۆ وا دەزانی من شەیتانێکم بۆ خۆم، هەر بە هەوەس ئەو ترس و تۆقینە دروست بکەم. بۆ خۆت



کچی باش بە و لەگەڵی بچۆوە ماڵێ، دەی وا دەکەی؟ دەلەرزێت گەر من دەستی لێ دەم."

کاسرین چرپاندی "لینتن ئازیزەکەم، ناتوانم بچم بۆ بانەکانی وێزەرینگ: باوکم لێی قەدەغە کردووم. هێتکلیف ئازارت نادات: تۆ بۆچی ئەوەندە دەترسێیت"

وەڵامم داوە "هەرگیز ناتوانم بچمەوە ئەو ماڵە. من بە بێ تۆ جارێکی تر ناچمەوە ئەو ماڵە!"

باوکی دڕندە ئاسا نەڕاندی "بوەستە! ڕێز لە بڕیارەکەی کاسرین دەگرین. نیڵی تۆ بیبە ژوورەوە، منیش بە بێ دواکەوتن بە گوێی تۆ دەکەم هەر ئێستا دکتۆر بانگ دەکەم."

وەڵامم داوە "تۆ کاری خۆت باش ئەنجام دەدەی. بەڵام من لەگەڵ خانمەکەم دەمێنمەوە: بۆ ئەوەی پێت بڵێم کە تۆ هەرگیز کوڕەکەت لا گرفت نەبووە."

هێتکلیف وتی "تۆ زۆر ڕەقی. ئەوە دەزانم: بەڵام تۆ ناچارم دەکەیت کە لە مناڵەکە هەڵدەم و قیژەی لێ بڵند کەم تا هەست و سۆزی تۆ بجووڵێنی؟"

هەندێکی تر هاتە پێشەوە، وەک نیازی گرتنی مرۆڤە ناسکەکەی هەبێت، بەڵام گەڕاوە پاش، لینتن خۆی لە پەنا ئامۆزاکەی گرت، لێی پاڕایەوە تا لەگەڵی بچێت، وا دەنووزایەوە هیچ کەس نەتوانێت داواکەی ڕەت بکاتەوە. هەرچەندە من ڕازی نەبووم، بەڵام نەمتوانی ڕێگەش لە کاسی بگرم: ئەوەی ڕاست بێت، چۆن دەتوانێت خۆی ڕەتی بکاتەوە؟ نەمانزانی بۆچی ئەو کوڕە ئاوا لە باوکی دەترسا، لە ژێر دەستی باوکی دەیناڵاند، لە ترسی ئەو نەیدەتوانی هەنگاوێک بهاوێژێت، بە تەنیا جووڵەیەکی باوکی ئەو کوڕە دەتۆقی. گەیشتینە ئەوێ، کاسرین چووە ژوورەوە، منیش وەستام چاوەڕێم کرد تا کاسرین لەسەر کورسییەک دایمەزراند، پێشبینی ئەوەم دەکرد هەر خێرا بێتە دەرەوە، کاتێ بەڕێز هێتکلیف پاڵی بۆ پێشەوە پێوەنام، وتی "خانووەکەی من نەخۆشی پەتای تیا نییە، نیڵی، ئەمڕۆ حەز دەکەم ڕووخۆش بم لەگەڵتان، دانیشە، لێ گەڕێ با دەرگاکە پێوەدەم."

دەرگاکەی داخست و کلیلی دا. زۆر ترسام.

دەستی بە قسە کردەوە "پێش ئەوەی بچیە ماڵەوە دەبێ لێرە چایەک بخۆیتەوە. من

هەر خۆمم، بە تەنیام. هاریتۆن چووەتە دەواجنێک لە لیـیز، زیلا و جۆزیفیش بۆ خۆشی چوونەتە گەشتێک، من هەر بە تەنیا فێر بوومە، دیارە کە هاوەڵێکی باشم هەیە، گەر بتوانم بە دەستی بێنم. خاتوو کاسرین لای لینتن دانیشە. ئەوەی هەمە بە تۆی دەبەخشم: خەڵاتەکە بە زەحمەتی پەسەند دەکرێت، بەڵام هیچی ترم نییە بیبەخشم. مەبەستیشم لەم خەڵاتە لینتنە، بەڵێ من لینتنت پێشکێش دەکەم. چۆن دەتوانێت بڵێ نا! سەیرە کە چ هەستێکی دڕندانەم هەیە بۆ هەر شتێک کە بمترسێنێت! ئایا من لەو کاتە لە دایک بوومە کە یاسا لە دایک نەبووە و چێژەکانیش وا خۆش نەبوون، دەبێ بەرامبەر ئەو دوو شتە زۆر باش مامەڵە لەگەڵ خۆم بکەم، بەڕاستی ئێوارەیەکی خۆشە."

هەناسەیەکی هەڵکێشا و بە دەست لە مێزەکەی کوتا و سوێندی بە دۆزەخ خوارد کە ڕقی لێیانە."

کاسرین وتی "من لە تۆ ناترسم!" کاسرین دواهەمین بەشی قسەکەی هیتکلیفی گوێ لێ نەبوو، هەستایە سەر پێ، چاوە ڕەشەکانی پڕ بوون لە سۆز و بڕیار. وتی "ئەو کلیلەم بدێ: هەر دەبێ بمدەیتێ! گەر لە برسانیش بمرم لێرە چای و ئاو ناخۆمەوە."

هیتکلیف کلیلەکەی لە دەستی خۆی توند گرێ دا کە لەسەر مێزەکە مابووەوە. سەری بەرز کردەوە، بە جۆرێک لە سەرسوڕمانەوە دەیڕوانییە ئازایەتییەکەی کاسرین، پێ دەچوو دەنگی کاسرین، نیگا و دەنگی دایکیانی بە بیر هێنابێتەوە. لەپڕا پڕی دایە کلیلەکەی دەست هیتکلیف کە تۆزێ پەنجەکانی شل کردبوونەوە، هێندەی نەما بوو کلیلەکەی لە دەست بفڕێنێت: بەڵام ئەم کارەی کاسرین لەو خەیاڵەی دایکی بە ئاگای هێنایەوە، خێرا توند دەستی خۆی داخستەوە.

هیتکلیف وتی "کاسرین لینتن ئێستا پێت دەڵێم بۆ خۆت دانیشە ئەگینا دەتگرم و لەو ئەرزەت دەکوتم، ئەو کارەشم خاتوو دین شێت و هار دەکات."

بێ ئەوەی گوێ بداتە ئەو قسانە، کاسرین دەستە داخراوەکانی گرت و پڕی دایەوە کلیلەکان. دووبارەی کردەوە "ئێمە دەڕۆین!" هەموو هەوڵەکانی خۆی خستە گەڕ بۆ ئەوەی کلیلەکان لە دەستی هیتکلیف بێنێتە دەر، هەرکە زانی بە نینۆکەکانی هیچی



پێ ناکرێت، ئینجا توند بە ددانەکانی هەوڵی دا. هیتکلیف بە لا چاوێکی سەیری منی دەکرد، سەیرکردنێک پێی دەوتم کە تۆ تەداخول نەکەی. کاسرین زۆر مکوڕ بوو لەسەر کردنەوەی پەنجەکانی هیتکلیف. لەپڕێکدا پەنجەکانی کردنەوە، خێرا کلیلەکانی ئازاد کرد و توند بە دەستەکانییەوە گوشی، هیتکلیف بە دەستەکەی تری توند کاسی گرت کاتێ کە ویستی ڕابکات، لەسەر ئەژنۆ بۆ لای مرۆڤەکەی تر ڕایکێشا و دوو شەپازللەی لەم لاو ئەو لای ڕوومەتی کوتا، بۆ ئەوەی لینتن و خۆیشی پێ بترسێنێت کە هەوڵی ڕۆیشتن نەدەن."

بەم دیمەنە توندوتیژ و دۆزەخییە، بە گڕژی بە ڕوویدا قیژاندم "تۆ زۆر هیچ و پووچی!" دەستم کرد بە گریان، "تۆ زۆر هیچ و پووچی!" کە مستێکی دا لە سنگم، بێدەنگ بووم: پەست بووم، هەناسەم لە بەر بڕا، گەرامەوە پاش و سەرم گێژی خوارد و هێندەی نەمابوو بخنکێم، وابزانم فشاری خوێنیشم زۆر بەرز بووبووەوە. دیمەنەکە لە ماوەی دوو دەقیقەدا تەواو بوو، کاسرین ئازاد کرا، هەردوو دەستی لە بنا گوێی دانا دەیویست بزانێ گوێچکەکانی کار دەکەن یان نا. وەک بی ناو ئاو دەلەرزی، بە سەر مێزەکەدا ڕاکشا و هەموو گیانی تۆقیبوو.

چەقاوەسووەکە بە مۆنی وتی کاتێ داچەمایەوە و کلیلەکانی هەڵگرتەوە کە کەوتبوونە خوارەوە "بینیت، چۆن من دەزانم سزای منداڵ بدەم. هەروەکو پێم وتی بڕۆ لای لینتن و بۆ خۆت بگری! بەیانی دەبم بە باوکت - ئەو باوکەی کە لە چەند ڕۆژێکی تر دەبیتە خاوەنی - ئیتر زۆر لەو دیمەنانە دەبینی. ئەزانی تۆ زۆر بەرگەی دیمەنەکان دەگریت، تۆ زۆر بێهێز نیت: ڕۆژانە چێژ لەو دیمەنانە وەردەگریت، گەر بتوانم ئەو شەیتانەی نێو چاوانم دووبارە دەربهێنمەوە!"

کاسی لە بری لینتن ڕای کردە لای من، لەسەر ئەژنۆدا کەوت و ڕوومەتە ناسکەکانی بە سەر کۆشی من کرد، بە دەنگێکی ئێجگار بەرز دای لە زرمەی گریان. ئامۆزاکەی وەک کیسەڵ خۆی لە نێو قەپێلکەکەی گرمۆڵە کردبوو، وەک مشک هەست و خوستی نەدەهات، پیرۆزبایی لە خۆیی دەکرد، دەتوانم بڵێم کە ئەو دیمەنە توندوتیژە لەسەر ئەو نەبوو، بۆیە پیرۆزبایی لە خۆی دەکرد. بەڕێز هیتکلیف کە زانی ئێمە هەموومان کفتوسۆ کەوتووین، هەستایەوە و خێرا هەندێ چای بۆ خۆی

دروست کرد. ئیسکان و پیاڵەکان پێشتر ئامادە کرابوون. چایەکانی تێکرد و کووپێک چای دا بە من.

وتی "چارەت بەرە ئەو لاوە، نەخۆش. برۆ یارمەتی باڵندەکەی خۆت و خۆم بدە. خۆم ئامادەم کردووە، خۆ ژەهراوی نییە. دەچمە دەرەوە لە ئەسپەکانتان دەگەڕێم."

یەکەم بیرکردنەوەمان دوای ڕۆیشتنی ئەو ئەوە بوو کە چۆن بچینە دەرەوە. هەوڵی دەرگاکەی موبەقمان دا، بەڵام لە دەرەوە داخرابوو: سەیری پەنجەرەکانمان کرد - ئەوەندە تەسک بوون تەنانەت کاسیش نەیدەتوانی بە نێویاندا بچێتە دەرەوە.

لینتن کە دەیزانی ئێمە هەردووکمان زیندانی کراوین، هاوارم بۆ برد "بەڕێز لینتن، تۆ دەزانی کە باوکە دۆزەخییەکەت چی لە خەیاڵدایە و چی دەکات، بۆیە دەبێ پێمان بڵێی مەبەستی لە زیندانیکردنی ئێمە چییە ئەگینا هەر دوو گوێچکەکانت لە بنەوە دەبڕم، هەروەک باوکت وای لە هی کاسرین کرد."

کاسرینیش وتی "بەڵێ لینتن دەبێ پێمان بڵێی، من لە بەر خاتری تۆ هاتمە ئێرە، گەر قسە نەکەی ئەوا پیسی و دڕدۆنگی تۆم بۆ بەدیار دەکەوێت."

لینتن وەڵامی دایەوە "زۆر تێنوومە، هەندێ چایەم بۆ بێنە، پاشان پێتان دەڵێم. خاتوو دین، تۆ لاچۆ لە بەر چاوم. حەز ناکەم لەسەر سەرم ڕا بوەستی. ئێستا کاسرین هەندێ فرمێسکی چاوەکانم برژێنە ناو کووپە چایەکەم. من ئەوە ناخۆمەوە. کووپێکی ترم بۆ بێنە." کاسرین یەکێکی تری بۆ هێنا، تۆزێ فرمێسکی خۆی تێ کرد. زۆر قێزم لە لینتن و چایەکەش بووەوە، هیچی تر ترسی پێوە دیار نەبوو. ئەو ئازارەی کە هەیبوو لە نێو بەیار و چیمەنەکاندا، نەمان کاتێ هاتە نێو بانەکانی وێزەرینگ، بۆیە پێم وا بوو کە زۆر بە سەردانەکەی ئێمە سەرگران ببوو. ئەمەش وای دەردەخست کە هیچی تر ترسی نەما بوو، چونکە ئەو ئەرکەی کە هیتکلیف پێی سپاردبوو، بە ئەنجامی گەیاند.

پاش هەڵدانی قومێک لە فرمێسک و چایەکە، بەردەوام بوو "باوکم دەیەوێت ئێمە بۆ یەکتری بین و ببین بە ژن و مێردی یەکتر. بەوەش ئاگەدارە کە باوکت ناهێڵێت تۆ مێرد بە من بکەیت، باوکیشم لەوە دەترسێت گەر ئێمە ئەوەندە چاوەڕێ بکەین، من بمرم، بۆیە دەبێ بەیانی ئێمە زەماوەندێک بۆ خۆمان بکەین، تۆ ئەمشەو تا بەیانی



لێرە دەمێنیتەوە، بۆیە گەر هەرچی هیتکلیف وتی تۆ دەبێ ئەنجامی بدەی، ئەوا ڕۆژی دواتر دەچیتەوە ماڵەوە، منیش لەگەڵ خۆت دەبەی."

من هاوارم لێ هەستا "تۆش لەگەڵ خۆی ببات، بەخوا فێڵێکی جوانە! تۆ ببیتە مێردی کاسی؟ بۆچی ئەو کابرایە شێتە! یانیش وا دەزانێت ئێمە هەموومان دەبەنگین. پێت وایە کە کچێکی ئاوا شۆخ و شەنگ، ناسک و جوان، تەندروست و باڵا ڕێک خۆی بە مەیموونێکی گوڕووی وەک تۆ ببەستێتەوە؟ ئایا کێ ئەوەی دەچێتە ئەقڵەوە کە تۆ بەو هەموو بێ زاخی و بێ توانایی خووەتەوە ببیتە مێردی کاسرین لینتن؟ کەواتە تۆ بە فێڵ ئێمەت هێناوەتە ئێرە، هەی تەڵەکەبازی دووڕوو: ئێستا ئاوا بە گەمژەیی و پیسی سەیرمان مەکە! زۆر باش دەتوانم ئێستا وەک دڕندان بتهەژێنم، دەتوانم لە ناوت بەرم لە بەر ئەو خەڵەتاندن و درۆ و دەلەسە و فڕو فێڵانەی لەگەڵ ئێمەت کرد."

تۆزێکم هێنا و برد، بەڵام زوو دەستی کرد بە کۆکین، ئیتر وەک جاران دەستی کرد بە ناڵە و گریان، کاسرینیش ڕیسوا و سەرزەنشتی کرد.

بە نەرمی ڕووی وەرگێڕا و وتی "ئەمشەو تا بەیانی لێرە بمێنمەوە؟ نەخێر شتی وا ناکەم. ئێڵن هەموو دەرگاکانی ئەم خانووە دەسووتێنم، هەر چۆنێک بێت، دەبێ لێرە بچمەوە دەرەوە."

کاسرین خۆی کارەکانی ئەنجام دەدا لە بەر هەڕەشە ڕاستەوخۆکەی، بەڵام لینتن هەستابووەوە دووبارە لە بەر خۆپەرستییەکەی خۆی. بە دەستە بێ هێزەکانی زللەیەکی لە بناگوێی کاسرین قایم کرد و بە دەم هەنسکەوە وتی "تۆ منت ناوێ، ناتەوێ من ڕزگار بکەیت؟ ناهێڵی لەگەڵ تۆ بێمە گرەنج؟ ئۆهـ، کاسرینی خۆشەویست! هەر چۆنێک بێت، نابێ بڕۆیت و بەجێم بێڵی. دەبێ بە گوێی باوکم بکەیت، هەر دەبێ بە گوێی بکەیت!"

کاسرین وەڵامی دایەوە "من دەبێ بە گوێی خۆم بکەم. نابێ ئەو پلانە دڕندانەیەی سەر بگرێت. تەواوی ئەم شەوە لای ئەو بم! خۆی بە چی دەزانێت و چۆن بیر دەکاتەوە؟ دەبێ هەر بەو خەیاڵەوە بمرێت. یان ئەوەتا دەرگاکە دەشکێنم، یانیش ئەوەتا دەیسووتێنم، هەر دەبێ لێرە بچمەوە دەرەوە. هێمن بە! تۆ هیچ مەترسیەکت

لەسەر نییە، لینتن ڕێگەم لێ مەگرە، من باوکم لە تۆ خۆشتر دەوێ! "ئەو ترس و تۆقینەی هیتکلیف لە دڵی چاند بوو، گەڕایەوە سەر ترسنۆکییەکەی خۆی. کاسرین خەریک بوو شێت و هار بێت، زۆر پەست ببوو: بەڵام هەر سوور بوو لەسەر ئەوەی کە بچێتە ماڵەوە، یەکەم جار خۆی هەوڵیدا، قەناعەتی پێ کرد کە زاڵ بێت بە سەر ئازارە خۆپەرستییەکەی. کاتێ ئەوان مشتومڕی ئەوە بوون، خاوەن زیندانییەکە گەڕایەوە، هاتە ژوورەوە.

هیتکلیف وتی "وەحشەکانی (ئەسپەکان) ی ئێوە ڕۆیشتوون. چییە لینتن دیسان دەستت بە فنگە فنگێ کردەوە؟ کاسرین چی لە تۆ دەکرد؟ وەرە، وەرە بەسە بڕۆ بخەوە. کوڕەکەم لە ماوەی یەک دوو مانگدا دەتوانی بێیتەوە سەرە خۆت و تۆڵەی ئەو ستەمانەی ئێستای لێ بکەیتەوە. تۆ بۆ خۆشەویستییەکی پاک ئاوات بە سەر هاتووە، وایە یان نا؟ ئەگینا هیچ شتێکی تر نییە لەم جیهانە سەری تۆ بێشێنی، ئەویش دەبێتە خاوەنی تۆ! ئەوەتا، بڕۆ بخەوە! ئەمشەو زیلا لێرە نابێت، خۆت ڕووت بکەرەوە. وس وس! نوقەت لێوە نێ! گەر لە ژووری خۆت بی، من لێت نزیک ناکەومەوە: پێویست بە ترس ناکات. تۆ کاری خۆتت بە زیادەوە کرد، ئەوانی تر بۆ خۆم لێ گەڕێ."

ئەم قسانەی کرد و دەرگاکەی بۆ کوڕەکەی کردەوە تا تێپەڕێت، لینتن چووە دەرەوە، کە هەرچەندی سەرم هێنا و برد زاخی پیاوەتیم لەو کوڕە بەدی نەکرد. قفڵەکە کلیل درایەوە. هیتکلیف لە ئاگرەکە نزیک کەوتەوە کە من و خاتوو کاسرین بێدەنگ لەوێ وەستابووین. کاسرین سەری بەرز کردەوە، دەستی تا ئاستی ڕوومەتی هیتکلیف بەرز کردەوە: تا هێزی هەبوو زللەیەکی لێ دا، هیتکلیف هەستی بە ئێش کرد. هیچ کەس لەو هەڵوێستانە قسە ناکات، بەڵام هیتکلیف دڕندە ئاسا تێهەڵهاتەوە و وتی "ئۆه، خۆ تۆ لە من ناترسی؟ تۆ زۆر بوێری: بەڵام ترسێکی زۆرت پێوە دیارە!"

کاسرین وەڵامی دایەوە "بەڵێ ئێستا دەترسم، چونکە گەر بمێنمەوە، باوکم زۆر پەرێشان دەبێت: منیش بەرگەی ئەوە ناگرم لێرە بم و باوکیشم بناڵێنێت - بەڕێز هیتکلیف ڕێگەم پێ بدە با بچمە ماڵەوە! بەڵێنت پێ دەدەم کە مێرد بە لینتن بکەم: باوکیشم حەز دەکات من مێردی پێ بکەم، من لینتنم خۆش دەوێت. تۆ بۆچی کارێکم





بە زۆری پێ دەکەیت کە خۆم بە حەزەوە ئەو کارە دەکەم؟"

من هاوارم لێ هەستا "لێی گەڕێ با زۆریت لێ بکات. سوپاس بۆ خوا، لەسەر زەوی یاسا هەیە! هەرچەندە ئێمە تازە زیندانی کراوین بەڵام یاسا هەر هەیە. گەر کوڕی من بوایە، پێم دەوت: بێ پیاوی ئاینی کاری وا مەحاڵە ئەنجام بدرێت!"

چەتوونەکە وتی "بێدەنگ! تۆ شەیتانێکی بۆ خۆت! نامەوێ تۆ قسە بکەی. خاتوو کاسرین منیش بەشداری خەمتم کە باوکت بە دەستی ئازارەوە دەناڵێنێت: من لەسەر ئەو قەناعەتە خەوم لێ ناکەوێت. بە هیچ شێوەیەک قەناعەتم بەوە نایەت کە تۆ لێرە بچیتە دەرەوە و پاشان مێرد بە کوڕەکەم بکەیت، بۆیە دەبێ بیست و چوار سەعاتی تر لە ژێر بانەکانی من بمێنیتەوە. سەبارەت بە بەڵێنەکەشت، بەڵێ تۆ قسەی خۆت دەبەیتە سەر و مێرد بە کوڕەکەم دەکەیت، بەڵام لێرە ناچیتە دەرەوە تا ئەو بەڵێنەت جێبەجێ نەکەیت!"

کاسرین گریانێکی تاڵ لە قووڵایی ناخیەوە دەهاتە دەر، وتی "هەر هیچ نەبێ ئێلن بنێرە با باوکم بلێت کە من سەلامەتم! ئەی باوکی داماوم! ئێلن ئێستا وا دەزانێت کە ئێمە ون بووینە. باشە چی بکەین؟"

هیتکلیف وەڵامی دایەوە "نەخێر وا نازانێت! بەڵکو ئێستا بیر لەوە دەکاتەوە کە ئێوە لە چاوەڕێکردنی ئەو ماندوو بوونە بۆیە چوونەتە دەرەوە بۆ ئەوەی هەندێ کاتی خۆش ڕابوێرن. تۆ ناتوانی نکۆڵی لەوە بکەیت کە بە خۆشی خۆت هاتیە نێو خانووەکەی من، تۆ بە دوای کوڕەکەمدا هاتی. لە تەمەنێکی وەک تۆشدا، شتێکی زۆر ئاساییە کە بە کەیفی خۆت کاتی خۆش بە سەر بەریت و بێ ئەوەی پرس بە کەس بکەیت! تۆ تەنیا یەک پیاوی نەخۆش لە پشتەوەت هەیە، ئەو پیاوەش باوکتە. کاسرین، کاتێ ڕۆژە خۆشەکانی تۆ دەست پێ دەکات، ڕۆژە خۆشەکانی باوکت لە بار دەچن. دەتوانم بڵێم کە باوکت تۆی بە نەفرەت کرد کاتێ هاتیە نێو ئەم جیهانە (منیش بە لایەنی کەم). گەر تۆی خۆش ویستبا، منیش تۆم خۆش دەویست. من تۆم خۆش ناوێت! چۆن بتوانم تۆم خۆش بوێت؟ هەر بۆ خۆت بگری. لێرە بە دواوە هەر گریان دەبێتە بەشی تۆ، تا لینتن چاک دەبێتەوە: نامە پڕ لە ئامۆژگارییەکانی باوکت زۆر دڵی منیان خۆش دەکرد. لە دوا نامەیدا دەڵێت کە لینتن لە من دوور بکەوێتەوە،

کاتێکیش کە تۆ دەبیتە ژنی لینتن، لینتن دەبێ لەگەڵت باش بێت، چاودێریت بکات، بەڕاستی هەستێکی باوکانەیە بەرامبەر بە کچی خۆی. بەڵام لینتن لە ژیانیدا بەس چاودێری خۆی دەکات لەگەڵ خۆی باش دەبێت. لینتن دەتوانێت کەمێک ستەمکار بێت. دەتوانێت زۆرترین پشیلە ئازار بدات، بەڵام گەر ددانەکانیان پێوە نەبێت و چڕنووکەکانیشیان شکاو بێت. تۆ دەتوانی چیرۆکی خۆش خۆش بە خاڵی بڵێی لەسەر بەزەیییەکەی، کاتێ کە دووبارە دەچیەوە ماڵێ، دڵنیات دەکەمەوە."

من وتم "تۆ زۆر ئازای بۆ وەسفکردنی سیفەتەکانی کوڕەکەت. بۆچی باسی ئەوە ناکەیت کە کوڕەکەت زۆر بە خۆت دەچێت: ئەو کاتە هیوادارم کە خاتوو کاسرین نەک جارێک بەڵکو دووجاران بیر لەو ئەفسانەیە بکاتەوە!"

هیتکلیف وەڵامی دایەوە "نامەوێ ئێستا زۆر لەسەر سیفەتە باشەکانی قسە بکەم، چونکە کاسرین یان دەبێ پەسەندی ئەوە بکات مێردی پێ بکات یانیش هەر لە زیندانی بمێنێتەوە، تۆش هەر دەبێ لەگەڵ ئەو بیت، تا سەرۆکەکەت دەمرێت. دەتوانم هەردووکتان لێرە پەلبەست بکەم و بتانشارمەوە. گەر گومانت هەیە، هانی بدە بۆ ئەوەی لە بەڵێنەکەی پەشیمان بێتەوە، ئەو کاتە دەرفەتت دەبێت بۆ بڕیاردان!"

کاسرین وتی "من لە بەڵێنەکەم پاشگەز نابمەوە. هەر ئێستا مێردی پێ دەکەم، گەر پاش ئەوە ڕێگەم پێ بدەی بچمەوە سرەسکرۆس گرەنج. بەڕێز هیتکلیف تۆ مرۆڤێکی زۆر دڕندەی، ئەوەتا لە پێستی مرۆڤ خۆت حەشارداوە، تۆ بە هیچ شێوەیەک ناتوانی هەموو خۆشییەکانی من لە ناو بەریت. گەر باوکم بەوە بزانێت کە بە ئەنقەست بەجێم هێشتووە و پێش ئەوەی بچمەوە لای بمرێت، ناتوانم دوای ئەو دیمەنە بژیم؟ دەست لە گریان هەڵناگرم، لێرە دەستەوئەژنۆ لە بەر پێیەکانت دەکەوم، هەڵناستمەوە، چاوەکانیشم لەسەر ڕووت هەڵناگرم تا تۆ ئاوڕێکم لێ دەدەیتەوە! نا، ڕووت لێم وەرمەگێڕە! سەیرم کە! هیچ شتێک نابینیت لە ناوت بەرێت. من ڕقم لە تۆ نابێتەوە. تووڕەش نیم لەوەی کە لێت داوم. خاڵە، پێم بڵێ، تۆ لە ژیانتا هەرگیز کەست خۆش نەویستووە؟ هەرگیز؟ ئەها! دەبێ جارێک سەیرم بکەی. من زۆر بوودەڵەم، ناتوانی پەشیمان بیتەوە یان بەزەییت پێم بێتەوە."

هیتکلیف دڕندە ئاسا ڕاچەنی و هاواری لێ هەستا "ئەو پەنجانەت لابەرە، بچۆ



ئەولاوە، ئەگینا تێت هەڵدەدەم. من هەرگیز مار پێوەی نەداوم. تۆ چ شەیتانێکی خەون بە گەستنی منەوە دەبینی؟ من ڕقم لە تۆیە!"

شانەکانی هەڵتەکاند، خۆی ڕاهەژاند، ڕق و لووت بەرزی لە جەستە و چاویدا دەباری، کاتێ من هەستامە سەر پێ و دەوم بەش کردەوە تا قسەیەک لەسەر ئەو جەربەزەیی و ستەمە بکەم، کورسییەکەی تووڕ پاڵ دا پشتەوە، ویستم قسە بکەم، بەڵام زۆر ترسام لەو هەڕەشەیەی گەر قسە بکەم دەمباتە ژوورێکی تر بە تەنیا زیندانیم دەکات. دونیا تاریک داهات، گوێمان لە دەنگێک بوو لە دەروازەی باخچەی خانووەکە. هیتکلیف خێرا چووە دەرەوە: دەیزانی کێیە، ئێمە نەماندەناسی. بۆ ماوەی دوو سێ دەقیقە قسەیان کرد و هیتکیف بە تەنیا گەڕایەوە.

بە کاسرینم وت "وامزانی ئەوە ئامۆزاکەتە، هاریتۆن. خۆزگە دەهات! کێ چووزانێ ڕەنگە بشهێت هەر وەک ئێمەی لێ بکات؟"

هیتکلیف کە گوێی لە من بوو، وتی "سێ خزمەتکار بوون لە گرەنجەوە هاتبوون سۆراخی ئێوەیان دەپرسی. دەبوایە کەمێک پەنجەرەکە بکەیتەوە و دەنگت هەڵبڕیبا: بەڵام زۆر باش بوو کە وات نەکرد. دڵنیام تۆ حەز دەکەی کاسی لێرە بمێنێتەوە."

کە ئێمە هەردووکمان بەوەمان زانی ئەو هەلەمان لە کیس چوو، ئیتر خەفەت و شپرزەییمان زیاتر بوو، تا سەعات نۆ ئێمە گریاین. پاشان ئێمەی بە نێو موبەقەکەدا بردە سەرەوە ڕێک بۆ ژووری زیلا، بە کاسرینم وت کە گوێڕایەڵ بێت: بیرم لەوە دەکردەوە کە لە ژوورەکەی زیلا بە نێو پەنجەرەیەکدا بچینە کووخێک و لەوێشەوە ڕابکەین. هەرچەندە پەنجەرەکە وەک ئەوانەی خوارەوە تەسک بوو، کووخەکە سەلامەت بوو بۆ هەوڵ و بازدانمان، چونکە وەک خوارەوە هەموو شوێنێک داخرابوو. هیچمان پاڵ نەکەوتین: کاسرین چووە لای پەنجەرەکە، نیگەران و دڵپڕ چاوەڕێی بەیانی دەکرد، کاتێ پێم دەوت وەرە تۆزێک پشوو بدە، هەمیشە هەناسەیەکی قووڵی سارد وەڵامی بوو. لەسەر کورسییەکە دانیشتم، خۆم دەهێنا و دەبرد، چەندین بڕیار و پلانم بە مێشکدا دەهاتن، بەڵام هیچیان سوودی نەبوو. ئەوەی ڕاستی بێت هۆیەکی سەرەکی لەو زیندانییە خۆم بووم، بۆ خۆم بیرم دەکردەوە کە من لە هیتکلیف تاوانبارترم، چونکە ئەو کچە بە من سپێردرابوو، دەبوایە چاک چاودێریم کردبوایە.

سەعات حەوتی بەیانی هیتکلیف هات پرسی کە ئایا لینتن هەڵساوە یان نا. کاسرین ڕایکردە لای دەرگاکە و یەکسەر وەڵامی دایەوە "بەڵێ"، پاشان هیتکلیف دەرگاکەی کردەوە و کاسرینی لەگەڵ خۆی برد. هەستامەوە بۆ ئەوەی بە دوایدا بچم، بەڵام دەرگای کلیل داوە. ئیتر دووبارە خاو بوومەوە.

وەڵامی دایەوە "ئارامت هەبێ. پاش کەمێکی تر نانی بەیانیت بۆ دەنێرم."

دەستم بە پەنجەرەکانەوە گرت و ڕامهەژاند، کاسرین بە هاوارەوە پرسی بۆ چی تا ئێستا قسەیەکم نەکردووە؟ وەڵامی دایەوە، من سەعاتێکی تر بەرگەی دەگرم، پاشان ڕۆیشتن. دوو سێ سەعات بەرگەم گرت، دواجار گوێم لە تەپەی پێیەک بوو، بە تەپەی پێی هیتکلیف نەدەچوو."

دەنگێک پێمی وت "دەرگاکە بکەرەوە، تۆزێ خواردنم بۆ هێنای."

هەر زوو وتم کە ئەوە هاریتۆنە، هەندێ خواردنی بۆ هێناوم بۆ ئەوەی بژیم.

سینییەکەی دا دەستم و وتی "بیگرە."

وتم "یەک دەقیقە ڕاوەستە."

هاواری لێ هەستا "نەخێر" هەموو نزا و تکای منی ڕەت کردەوە کە بە سەر دەممدا هات.

من ئەو ڕۆژە بە تەواوی لە ژوورێ زیندانی کرام، تەواوی شەوەکەش، دواتر شەوێکی تر، شەوێکی تریش هەر لە زیندان مامەوە. پێنج شەو و چوار ڕۆژ لە زیندانی بانەکانی وێزەرینگ مامەوە، ئەو ماوەیە جگە لە هاریتۆن، کە هەموو بەیانیان دەمبینی، کەسی ترم نەدەبینی. ئەویش جۆرێک بوو لە خاوەن زیندانەکە. کەڕ و لاڵ بوو بەرامبەر قسەکانی من، هەست و سۆزی بەرامبەر بە هیچ شتێک نەبوو.



## بەشی بیست و هەشت

لە بەیانی پێنجەم، یان باشترە بڵێم دوای نیوەڕۆ، تەپەیەکی جیاواز لە دەرگاکە نزیک بووەوە - سووکتر و کورتتر، ئەم جارەیان کەسەکە هاتە ژوورەوە. کە سەرم بەرز کردەوە، بینیم زیلایە، شاڵێکی سووری لە بەردا بوو، کڵاوێکی ڕەشی ئاوریشمی لە بەردا بوو، سەبەتەیەکی ناسکی بە دەستەوە بوو.

دەستی بە قسە کرد "ئۆه، خاتوو دین ئازیزەکەم! ئەزانی لە گیمەرتۆن باس باسی تۆیە. من هەرگیز باوەڕم بە قسەکان نەدەکرد، دەیانوت کە تۆ لەسەر ئەسپێکی ڕەش لە نێو زەلکاوێکدا چەقیبووی، هیتکلیف دەڵێ کە تۆی ڕزگار کردووە، تۆی لێرە پاراستووە! دەیوت کە تۆ بەرەو دوورگەیەک دەچووی، ئەوە ڕاستە؟ گوایە تۆ لە نێو چاڵێکدا بوویت، ماوەی چەند لە نێو چاڵەکەدا بووی.؟ خاتوو دین هیتکلیف تۆی ڕزگار کردووە، ئەوە ڕاستە؟ بەڵام تۆ زۆر لاواز نەبووی، پێشتر ڕەنگت وا نەبوو، وانییە؟"

وەڵامم داوە "هیتکلیف دڕندەیەکی ڕاستەقینەیە! بەڵام دەبێ باجەکەی بدات. پێویست بەوە ناکات ئەو چیرۆکانە لەسەر من دروست بکات: هەموو شتێک ڕوون دەبێتەوە!"

زیلا پرسی "مەبەستت چییە؟ ئەو چیرۆکە ڕاست نییە: تەواوی لادێکە باسی ئەوە دەکەن - باسی ئەوە دەکەن کە تۆ لە نێو زەلکاوێک، چاڵێک ون بوویت، کاتێ هاتمە ژوورەوە بانگی هاریتۆنم کرد، هاریتۆن وتی "ڕووداوگەلێکی زۆر سەیر ڕوویان داوە، کاسرین و خاتوو دین زۆر گوناه بوون!" حەپەسا بوو، وامزانی کە چیرۆکی تۆی

نەزانیوە بۆیە باسی پڕوپاگەندەکەم بۆ کرد. هاریتۆن گوێی شل کرد، زەردەخەنەیەکی هاتێ و وتی "زیلا، گەر لە نێو زەلکاوێکدا ون ببن ئەوا ئێستا لە دەرەوە دەبوون. نێلی دین ئێستا وا لە ژوورەکەی تۆ بەند کراوە. کاتێ کە دەچیە سەرەوە ناتوانی پێی بڵێیت ڕابکات، ئەوەتا کلیلەکە، بیگرە و بڕۆ سەردانی بکە. ئاوی تیا نەماوە، ئەوەندە گریاوە وشک بووەتەوە، بە باڵ دەفڕێ بۆ ماڵەوە گەر دەرگام لێ کردبایەوە، بەڵام فەرمانم پێ کراوە کە توند دەرگای لەسەر گار بدەم. دەتوانی پێی بڵێیت هەر ئێستا بچێتە گرەنج گەر بتوانێت، لە منەوە پەیامێک وەرگرە، خانمە گەنجەکەی بە تازیەی باوکی ڕاناگات."

بە واق وڕمانەوە وتم "ئۆهـ، زیلا، زیلا! خۆ بەڕێز ئێدگار نەمردووە؟"

وەڵامی دایەوە "نا، نا ئازیزەکەم. هێمن بە، دانیشە. زۆر نەخۆشە هێشتا نەمردووە. کاتێ لە ڕێگە دکتۆر کینیسم بینی پرسیارم لێ کرد، وتی: بەڕێز ئێدگار ئەوپەڕی ڕۆژێکی تر بژیت."

لە بری دانیشتن، بە پەلەپرووزێ چوومە دەرەوە و خێرا خۆم گەیاندە خوارەوە چونکە ڕێگە چۆڵ بوو، کەس لەوێ نەبوو ڕێگەم لێ بگرێت و زیندانیم بکاتەوە. یەک بە یەک ژوورەکانی خانووەکەم پشکنی تا کەسێک بدۆزمەوە هەواڵی کاسرینم پێ ڕابگەیەنێت. شوێنەکە بە تیشکی خۆر پڕ کرابووەوە، دەرگاکانیش لەسەر پشتێ کرابوونەوە، بەڵام کەسم نەبینی. دوودڵ بووم لەوەی کە یەکسەر بچمەوە ماڵێ یان بچم بە دوای کاسریندا بگەڕێم، کۆکەیەکی سووک سەرنجمی بۆ لای ئاگردانە کە کێش کرد. لینتن لەسەر قەنەفەکە پاڵ کەوتبوو، بە تەنیا بوو، پەرداخێک شەربەتی لە بەردەم بوو بە قەمیش هەڵیدەمژی. بە چاوێکی پڕ لە تۆزوخۆڵ و بێ تاقەتییەوە لە منی ڕوانی. بە گرژی پرسیارم لێ کرد "خاتوو کاسرین لە کوێیە؟" وام بە سەر دا قیڕاند بۆ ئەوەی بیترسێنم و قسە بکات. توند گرتم و ڕامچڵەکاند. بەڵام هەر بە بەڕائەتەوە شەربەتەکەی هەڵدەمژی.

وتم "کاسرین ڕۆیشتووە؟"

وەڵامی دایەوە "نەخێر. هەر لە سەرەوەیە: نابێ بڕوات، ئێمە ناهێڵین لێرە بڕوات."

قیڕاندم "هەی گەمژەی ترسنۆک، تۆ ناهێڵیت بڕواتە دەرەوە. هەر ئێستا پێم بڵێ



لە چ ژوورێکدایە، ئەگینا قیڕە بڕت دەکەم."

لینتن وەڵامی دایەوە "گەر هەوڵی ئەوە بدەیت بچیتە لای کاسرین ئەوا باوکم قیڕەبڕت دەکا. باوکم پێم دەڵێت کە نابێ لەگەڵ کاسرین نەرم و نیان بم: کاسرین ئێستا ژنی منە، ئێستا بۆ ئەو دەبێتە شەرم من جێ بهێڵێت. هیتکلیف دەڵێت کە کاسرین ڕقی لە من دەبێتەوە و حەز دەکات بمرم، بۆ ئەوەی موڵک و پارە و پوولی من بۆ خۆی بێت، بەڵام نابێ پارە و پوول و موڵکی من بۆ ئەو بێت: نابێ بچێتەوە ماڵەوە! هەرگیز نابێ بچێتەوە! -با بۆ خۆی هەر بگریت تا زگی بە ژان دەکەوێت، تا پێی خۆشە با هەر بگریت!"

تۆزێک لەسەر جێگەکەی جوولایەوە و پێڵووەکانی تروکاند، وەک بڵێی خەوی دەهات.

وتم "بەڕێز لینتن، ئایا لە بیرت چوو زستانی پار کاسرین چەند لەگەڵ تۆ باش و بە بەزەیی بوو، بیرتە خۆشەویستی خۆتت بۆ ئەو دووپات کردەوە، بیرتە کە کاسی کتێبەکانی خۆی بۆ هێنای و گۆرانی بۆ دەوتی، زۆر جار بەو باو و باران و بەفر و کرێوەیە ئەو ڕێگە دوورەی دەبڕی و دەهاتە لات؟ ئەو هەموو شتانەت بیر چوونەوە؟ گەر ئێوارەیەک نەیتوانیبا بێتە سەردانت ئەوا تا بەیانی دەگریا نەبادا تۆ بێ ئومێد بیت، بیرتە ئەو ساتانە هەستت بەوە دەکرد کە سەد ئەوەندەی هەموو کەسێک بۆ تۆ باش بووە: ئێستاش هەرچەندە دەزانی کە باوکت ڕقی لە هەردووکتانە، کەچی هەر باوەڕت بە درۆکانی کرد. تۆ لای باوکت گرت و دژی کاسرین وەستایەوە. ئەوەیە وەفا و دڵسۆزیت بەرامبەر کارە چاکەکانی کاسرین، ها؟"

لینتن شێوەی سەر و فەساڵی گۆڕا، قەمیشەکەی لە لێوەکانی دەرهێنا و مووچڕکێکی بە لەشیدا گێڕا.

بەردەوام بووم "ئایا کاسرین بۆ ئەوە دەهاتە بانەکانی وێزەرینگ چونکە ڕقی لە تۆ بوو؟ بۆ خۆت بیر بکەرەوە! سەبارەت بە پارە و موڵکی تۆش، کاسرین هەر نازانێت کە تۆ هیچ پارە و پوولت هەبێ. تۆ دەڵێی کاسرین نەخۆشە و بە تەنیاشت جێهێشتووە لەو خانووە نامۆیە! تۆ هەستت بەوە نەکردووە کە دەبێ کێ پشتگوێ بخرێت! کاسرین زۆر دڵی لای ئازارەکانی تۆ بوو، تۆ تەنیا بیر لە ئازارەکانی خۆت

دەکەیتەوە، ئەها تۆ هەرگیز بیر لە ئازارەکانی ئەو ناکەیتەوە! بەڕێز لینتن سەیرکە وا من فرمێسک لە چاوەکانم ناوەستن، خۆ من تەنیا خزمەتکارێکم، ئیتر دڵم لای ئازارەکانی ئەوە، ئێ خۆ تۆ دەبێ بیپەرستی، بەڵام ئەوەتا فرمێسکەکانت بۆ خۆت قەتیس کردووە، ئەوەتا بۆ خۆت پاڵکەوتوویی و ئەویش هیچ، ئەها هەست بەو شتانە ناکەیت! تۆ کوڕێکی زۆر خۆپەرست و دڵڕەقی!"

لینتن بە تووڕەیی وەڵامی دایەوە "ناتوانم لەگەڵ کاسرین بمێنمەوە. من ئەوە لە خۆم بێزارم. کاسرین ئەوەندە دەگریت کە من بەرگەی ئەو هەموو گریانە ناگرم. هەرچەند پێی دەڵێم کە بە باوکم دەڵێم گەر کڕ نەبیتەوە، کەچی هەر واز لە گریان ناهێنێت. جارێکیان بە باوکم گوت، هات هەڕەشەی لێ کرد کە دەبێ بێدەنگ و هێمن بێت، بەڵام هەرکە لە ژوورەکە چووە دەرەوە، دەستی بە گریان کردەوە، تا بەیانی نووزە و ناڵە و گریانی بە ئاسماندا دەڕۆیشت، لە سەریشم هاوار کرد کە بەو گریانە خەوم لێ ناکەوێت."

هەرکە زانیم ئەو ئامۆزا بێ کەڵک و دڵڕەقە بەزەیی بە کاسرین نایەتەوە کە لە ژێر ئەشکەنجە و ئازاری ئەقڵیدایە، پرسیم "ئایا بەڕێز هیتکلیف لە دەرەوەیە؟"

وەڵامی دایەوە "لە حەوشەکەیە، قسە لەگەڵ دکتۆر کینیس دەکات، دکتۆر دەڵێت خاڵم لەسەر لێواری مەرگە، کۆتاییەکەی ڕاست بوو. من زۆر خۆشحاڵم چونکە پاش ئەو من دەبم بە سەرۆکی گرەنج. کاسرین هەمیشە بە خانووی خۆی باسی گرەنجی دەکرد. ئێستا خانووی ئەو نییە! خانووی منە: باوکم دەڵێت هەر چی کاسرین هەیەتی، ئێستا موڵکی منە. هەموو کتێبە خۆشەکانی هی منن، کاسرین بە تەما بوو هەموو کتێبەکانی خۆی بدات بە من، باڵندە جوانەکان و ئەسپە خنجیلانەکەی بدات بە من، گەر کلیلی ژوورەکەمان وەرگرم، فڕێی دەدەمە دەرەوە، بەڵام ئەوەشی پێ دەڵێم کە ئێستا هیچی نییە بدات بە من، بەڵکو هەموو شتەکانی ئەو هی منن. پاشان دەستی بە گریان کرد و دوو وێنەی هەڵگرت، وتی کە دەبێ ئەو دوو وێنەیەم هەبێت چونکە یەکێکیان هی دایکمە ئەوەکەی تریشیان هی باوکمە، وێنەکان بە گەنجی گیراون. هەر دوێنێ پێم وت کە ئەو وێنانەش هی منن، ویستم لێیان وەرگرمەوە. بەڵام نەیهێشت: پاڵێکی پێوەنام و ئازاری دام. من دەستم بە لەرزین کردەوە - بەم



لەرزینەی من ترسا - گوێی لەوە بوو باوکم دێت، چوارچێوە زێڕینەکەی وێنەکەی شکاند و وێنەی دایکی دەرهێنا و دای بە من. بەڵام وێنەی باوکی شاردەوە: باوکم پرسیاری کرد مەسەلە چییە، منیش بۆم شی کردەوە. باوکم وێنەی دایکی کاسی لە من وەرگرت و فەرمانی بە کاسرین کرد کە وێنەکەی تر بداتە من، ئەویش ڕەتی کردەوە، ئیتر باوکم لێی دا، هەموو وێنەکەی شکاند و بە پێ پان و پەڵیسی کردەوە. "

پرسیم "باشە تۆ خۆشحاڵ بووی کاتێ باوکت لە کاسرینی دا؟" ویستم هانی بدەم قسە بکات.

لینتن وەڵامی دایەوە "گەشامەوە. گەشامەوە کە بینیم باوکم لە سەگێک یان ئەسپێک دەدات، زۆر خراپ لێی دەدات. یەکەم جار زۆر خۆشحاڵ بووم چونکە شایەنی سزادان بوو بەرامبەر بەوەی پاڵی بە من وەنا: بەڵام کاتێ کە باوکم ئێمەی جێهێشت، منی بردە لای پەنجەرەکە و لا ڕوومەتی بە من نیشان دا، بینیم کە تا ژێر چەناگەی هەڵزڕاوە، دەمی پڕی خوێن بوو، پاشان پارچە شکاوەکانی وێنەکەی هەڵگرتەوە و چوو دانیشت و سەری بە دیوارەکە کرد لەو کاتەوە هیچی تر قسەی لەگەڵ من نەکردووە: وا هەست دەکەم کە لە بەر ئازار ناتوانێت قسە بکات. حەز ناکەم بەم شێوەیە بیر بکەمەوە، بەخوا بوونەوەرێکی خراپە، خۆ هەر بەردەوام دەگریت، ڕەنگی زەرد و زڕ بووە، زۆری لێ دەترسم."

وتم "دەتوانم کلیلەکەم بدەیتێ؟"

وەڵامی دایەوە "بەڵێ کاتێ کە چوومە سەرەوە، بەڵام ئێستا ناتوانم بچمە سەرەوە."

پرسیم "لە کامە ژوورە؟"

هاواری لێ هەستا "ئۆه، پێت ناڵێم لە کامە ژوورە. ئەوە نهێنییە. کەس نازانێت، هاریتۆن و زیلاش نازانن. بە خوا منت ماندوو کرد - بڕۆ دەی لاچۆ لە بەر چاوم!" ڕووی لە من وەرگێڕا و چاوەکانی داخستنەوە.

بیرم کردەوە کە بڕۆم بێ ئەوەی بەڕێز هیتکلیف بزانێت، تا لە گرەنج فریادڕەسێک بهێنم بۆ کاسرین. کاتێ گەیشتمە گرەنج، خزمەتکارەکان سەریان سوڕما و سەیر تەماشایان دەکردم، بە بینینی من زۆر کەیفخۆش بوون، کاتێ کە زانییان خانمەکەیان سەلامەتە، دوو سێیەکیان ڕایان کردە لای دەرگای بەڕێز ئێدگار بۆ

ئەوەی هەواڵی کچەکەی پێ ڕا بگەیەنن: بەڵام من بۆ خۆم ئەم هەواڵەم پێ ڕاگەیاند. کاتێ بەڕێز ئێدگارم بینی، زۆر گۆڕابوو، تەنیا بە چەند ڕۆژێک تەواوی ڕوخساری گۆڕابوو! بە خەمباری پاڵ کەوتبوو و چاوەڕێی مردنی دەکرد. زۆر گەنج دەهاتە بەر چاوم: هەرچەندە تەمەنی خۆی ٣٩ ساڵان بوو، بەڵام بە لایەنی کەم دە ساڵ گەنجتر دیار بوو، بیری لە کاسرین دەکردەوە، چونکە بە منگەوە ناوی کاسرینی هێنا. دەستم لە دەستی دا و قسەم کرد: سەرۆکی ئازیزم، کاسرین دێتەوە. سوپاس بۆ خوا، زیندووە و باشە، ئەمشەو دەگەڕێتەوە."

هەستم دەکرد لەگەڵ ئەم هەواڵە هەموو گیانم کەوتبووە لەرزە لەرز: نیمچە هەستایەوە، بە پەرۆشەوە سەیری چوار دەوری خۆی کرد، پاشان لە هۆش خۆی چوو، بوورایەوە. هەرکە بە هۆش خۆی هاتەوە، یەکسەر باسی سەردانەکەم کرد بۆ بانەکانی وێزەرینگ کە بە زۆری بوو. وتم هیتکلیف بە زۆری منی بردە ژوورەوە: کە ئەمە تەواو ڕاست نەبوو. کەم دژی لینتن قسەم کرد، هەموو دڕندایەتییەکەی باوکیشم باس نەکرد، مەبەستم ئەوە بوو هیچی تر خەمی بۆ زیاد نەکەم، ویستم یارمەتی بدەم لەسەر لێواری مەرگە، کەمێک درەنگتر بمرێت باشترە.

یەکسەر بیری بۆ ئەوە چوو کە مەبەستی دوژمنەکەی بۆ مسۆگەرکردنی موڵکی خۆیەتی، مەبەستی ئەوەیە کە تەواوی موڵکی ئێدگار بۆ خۆی بێت، دەیزانی کە خوشکەزاکەی و خۆی لەسەر لێواری مەرگ بوون. بەڵام، هەستی بەوە کرد کە وەسیەتنامەکەی بگۆڕدرێت: لە بری ئەوەی سەروەت و سامانی بۆ کاسرین بێت، وتی با بۆ مناڵەکانی بێت کە دوای کاسرین دەمێننەوە. ئەوە مانای ئەوەیە کە گەر لینتن بمرێت سەروەتەکە بۆ بەڕێز هیتکلیف نابێت.

دوای وەرگرتنی فەرمانەکان لە سەرۆکە نیمچە مردووەکەم، پیاوێکم نارد بچێت پارێزەرێک بهێنێت، چوار پیاوی تریشم ڕاسپارد بە چەکەوە کە بچن کاسرین لەو زیندانییەی بانەکانی وێزەرینگ ڕزگار بکەن. هەردوو لا زۆر دوا کەوتن. یەکەم جار ئەو خزمەتکارە هاتەوە کە بە دوای پارێزەرمدا ڕەوان کردبوو. وتی: پارێزەر بەڕێز گریین لە ماڵ نەبوو کاتێ گەیشتمە ماڵەکەیان بۆیە دوو سەعات چاوەڕێم کرد تا گەڕایەوە، دواتر بەڕێز گریین وتی کە تۆزێک کاری هەیە لە نێو لادێکە بەڵام تۆ بڕۆ



من پێشی بەیانی دەگەمە سرەسکرۆس گرەنج . چوار پیاوەکەش بە بێ کاسرین گەڕانەوە. ئەوانیش وتیان: کاسرین زۆر نەخۆش بوو، ئەوەندە بێ تاقەت بوو نەیتوانی لە ژوورەکەی خۆی بێتە دەرەوە، هیتکلیف بە ئاسانی ڕێگەی پێ داین چاومان بە کاسرین بکەوێت. پاش قسەکانیان بە سەریاندا قیژاندم و پێم وتن کە من ئەو قسانە نابەمە لای سەرۆکەکەم، باسی ئەو دەبەنگییە ناکەم کە لە بانەکانی وێزەرینگە، تا ڕۆژ مابێت دەبێ ئەو کچە، ئەو زیندانییە بگەڕێتەوە ئێرە. دەبێ ئەمشەو باوکی هەر بیبینێت، بەڵێنم پێ داوە هەر دەبێ چاوی بە کچەکەی بکەوێت، بڕۆن بیهێننەوە گەر ئەو شەیتانە لە نێو دەرگاکەی خۆی بکوژن، بە هیچ شێوەیەک بە دەست بە تاڵی مەگەڕێنەوە!

خۆشبەختانە لە گەشت و گرفتەکان ڕزگارم بوو. سەعات سێی شەو چوومە خوارەوە بۆ ئەوەی سوراحیەک ئاو ببەم بۆ سەرەوە، بە سوراحیەوە بە نێو هۆڵەکەدا ڕۆیشتم، لەپڕا یەکێک بە تیژی لە دەرگای پێشەوەی دا، ئەو دەرگا لێدانە ڕاپەڕاندم، وتم "ئەها! ئەوە بەڕێز گریین هات، پارێزەرەکە" بۆ خۆم بیرم کردەوە، کە بەم شەوە تەنیا بەڕێز گریین دێت بۆ ئێرە. بەردەوام بووم، ویستم یەکێکی تر بنێرم بۆ ئەوەی دەرگاکە بکاتەوە، بەڵام دەرگا لێدانەکە دووبارە کرایەوە، ئەمجارەیان وەک یەکەم جار توند نەبوو. سوراحیەکەم لەسەر مێزەکە دانا و خۆم خێرا چووم دەرگاکەم کردەوە. ڕووناکی مانگ لە دەرەوە ئەوەی خستە ڕوو کە پارێزەرەکە نەبوو. خانمە گەنجەکەم، کاسرینی خۆم بە سەر ملمدا کەوت و بە هەنسکەوە و وتی "ئێلن، ئێلن! پێم بڵێ باوکم زیندووە؟"

هاوارم لێ هەستا "بەڵێ، بەڵێ زیندووە فریشتەکەم، دەبێ هەر سوپاسی خوای بکەین کە تۆش دووبارە لەگەڵ ئێمە زیندوویت!"

ویستی بەو هەناسە بڕکێیەی خۆیەوە ڕێک ڕابکاتە سەرەوە بۆ ژووری بەڕێز ئێدگار، بەڵام من لەسەر کورسییەک دامنیشاند، تۆزێ ئاوم پێ خواردەوە و ڕووم جوان سڕییەوە، دوای پاککردنەوە تۆزێ ڕەنگی هاتەوە بەرێ. پاشان وتم دەبێ من یەکەم جار بچم و هەواڵی گەڕانەوەت پێ ڕابگەیەنم، پێی بڵێم کاسرین لەگەڵ هیتکلیفی گەنج دڵخۆشە. سەیری کردم و پێی وتم بۆچی ئامۆژگاریم دەکات کە

قسەی ڕاست نەکەم، بەڵام دڵنیای کردمەوە کە سکاڵا ناکات.

نەمویست لە کۆبوونەوەکەیان ئامادە بووم. بۆ ماوەی چارەگە سەعاتێک لە بەر دەرگاکە وەستام، پاشان چوومەوە سەر جێگەم. پەستی کاسرین بە قەد خۆشییەکەی باوکی بێدەنگ بوو! کاسرین لە ڕواڵەتدا هاوکاری باوکی کرد و هێمنی کردەوە، وای خستە ڕوو کە چاوەکانی پڕن لە خۆشی.

بەڕێز لۆکوود، بەڕێز ئێدگار زۆر بە کەیف خۆشی مرد. بەڵی ڕوومەتەکانی کاسی ماچ کرد و وتی "بۆ لای دایکت گەشت دەکەم، تۆش ئەی منالّە خۆشەویستەکەمان، دواتر وەرە بۆ لامان!" دوای ئەوە جووڵە و قسەی لێ بڕا، بەڵام چاوی هەر لەسەر کاسرین بوو تا دوا ترپەی دڵی لە لێدان کەوت و ڕوحی دەرچوو. کەسمان هەستمان بە مردنەکەی نەکرد، مردنێکی زۆر پاک و بێ گەرد و بێ گرفت بوو.

کاسرین فرمێسکی لە چاو نەهاتە خوارەوە، ئیتر یان فرمێسک لە چاوەکانی وشکیان کردبوو، یانیش ئەوەتا خەمەکەی ئەوەندە قورس بوو نەیتوانی بە فرمێسک دەری ببڕێت، چاوەکانی وشک تا بەیانی ئەبڵەق مانەوە: تا نیوەڕۆ هەر دانیشت، هەر سووریش بوو لەسەر ئەوەی کە لای تەرمەکە بمێنێتەوە بەڵام من بە زۆری بردمە دەرەوە تا هەوایەک هەڵمژێت. پاش بوو سەرکەوتم لە لابردنی لە ژوورەکە، لە کاتی نانی ئێوارە پارێزەرەکە بە دیار کەوت، وتی کە لە بانەکانی وێزەرینگەوە هاتووە، لەوێ ڕێنمایی وەرگرتووە چۆن هەڵسوکەوت بکات. پارێزەرەکەش خۆی فرۆشت بە بەڕێز هیتکلیف: ئەمە هۆکاری دواکەوتنەکەشی بوو چونکە کاتێ سەرۆکەکەم ناردی بە دوایدا خۆی لێ گێل کرد. خۆشبەختانە دوای مردنی ئێدگار و گەیشتنەوەی کاری پارێزەرەکە هات، ئەگینا بەو هەواڵەوە بهاتبا ئێدگار زووتر دەمرد.

بەڕێز گرین حاڵەتەکەی قۆستەوە و فەرمانی بە هەموو کەسێک و بە هەموو شتێک دەکرد. جگە لە من هەموو خزمەتکارەکانی تری کردە دەرەوە. بەو دەسەڵاتەی کە هەیەتی فەرمانی دەرکرد کە نابێ بەڕێز ئێدگار لە تەک ژنەکەیەوە بنێژرێت، بەڵکو دەبێ لە پەرستگاکە لەگەڵ دایک و باوکی بنێژرێت. بەڵام تەنیا وەسیەتنامەکە هەبوو کە ئەو قسانە ڕەت بکاتەوە، هەرچەندی من هێنام و بردم قسەی من نەیخوارد. هیتکلیف و کوڕەکەی خێرا مەراسیمی تازیەکەیان بە ڕێ کرد بۆ ئەوەی تەرمی



ئێدگار ببەنە دەرەوە و دەست بە سەر خانووەکەدا بگرن.

کاسرین پێمی وت کە ئازاری ئەوەندە زۆر بوو، لینتن ژیانی خۆی خستە مەترسی و دواجار ئازادی کرد. کاسرین گوێی لەو پیاوانە بوو کە من ڕەوانم کردبوون لە بەر دەرگا مشتومڕیان بوو، کاتێ گوێی لە وەڵامەکانی هیتکلیف دەبێت تەواو بێ ئومێد و بێ هیوایان دەبێت. پاش ئەوەی کە من بانەکانی وێزەرینگم جێهێشت لینتن گوێزرایەوە بۆ ژوورێکی پێشوازی لە سەرەوە، زۆر دەترسا و لە بەر باوکی نەیدەوێرا بچێت کلیلی دەرگای کاسرین بێنێت. بۆیە فێڵێکی دەزانی کە دەرگاکە بکاتەوە و دابخات. کاتێ کە کاتی نوستنی هات، پاڕایەوە کە لەگەڵ هاریتۆن بخەوێت، تەنیا بۆ یەک جار داواکەی پەسەند کرا. کاسرینیان دزییە دەرەوە پێش بەرە بەیان. بە دەرگاکاندا ڕای نەکردبوو نەبادا سەگەکان پێی بحەپن و خورییەکەی لێ بکەنەوە ڕیس، بۆیە بە پەنجەرەی یەکێک لە ژوورەکان هاتبووە دەرەوە. خۆشبەختانە زۆر بە ئاسانی بە نێو پەنجەرەکەدا دەربازی دەبێت. لینتن کە یارمەتی دابوو لە کاتی ئازادکردن دواتر تووشی ئەشکەنجە و ئازاری زۆر دەبێتەوە.

## بەشی بیست و نۆ

ئێوارەی پاش تازیەکە، من و کاسرین لە کتێبخانەکە دانیشتبووین، خەم و سووی مردنی ئێدگار هەردووکمانی بێزار کردبوو، بیرمان لە داهاتوویێکی ڕەش دەکردەوە. بیرمان لە هیچ بەس لە هیتکلیفی دڕندە دەکردەوە.

ڕێکەوتین لەسەر ئەوەی کە باشترین چارەنووسی ئێمە لەوەدایە لە گرەنج بژین. بە لایەنی کەم تا لینتن لە ژیاندا مابێت: لینتن ڕێگەی پێ بدرێت لە گرەنج لەگەڵ کاسی بژیت و منیش وەک خزمەتکار لەگەڵیان بم. ئەم هەواڵ و ئەم ڕێکخستنە زۆر باش بوو، منیش زۆر خۆشحاڵ بووم کە کارەکەی خۆم وەردەگرتەوە، لەو قسانەدا بووین، یەکێک لە خزمەتکارە گەنجەکان بە ڕاکردن هات و وتی "هیتکلیفی شەیتان وا بەرەو ئێرە دێت دەرگاکانی لەسەر دابخەم؟"

گەر ئەو بڕیارەمان بدابایە، کات نەمابوو بۆ داخستنی دەرگاکان. نە لە دەرگای دابوو نە ناوی خۆشی بە دەرگاوانەکە وتبوو: خۆی بەسەرۆک دانابوو، سەرۆکیش دەبێ یەکڕاست بێتە ژوورەوە بێ ئەوەی یەک وشە بڵێت. لە دەنگی خزمەتکارەکەی ئێمە زانی کە ئێمە لە کتێبخانەکەین. هاتە ژوورەوە و ئەوی فڕێ دا دەرەوە و دەرگاکەی داخست.

هەمان ئەو ژوورە بوو کە پێش هەژدە ساڵ وەک میوانێک پێشوازی لێ کرا: هەمان مانگ بریقەی بە نێو پەنجەرەکەوە دەهاتە ژوورێ، هەمان پاییز دیمەنی خۆی لە دەرەوە ڕاخستبوو. تا ئێستا مۆمێکمان دانەگیرساندبوو، چونکە تەواوی خانووەکە ڕووناک بوو، تەنانەت وێنەی سەر دیوارەکانیش ڕوون دەهاتنە بەرچاو: سەرە



گەورەکەی خاتوو کاسرین و مێردە قێزەوەنەکەی بە دیوارەوە بوون. هیتکلیف تا لای ئاگرەکە هاتە پێش. کات هیچ لە کەسایەتی نەگۆڕیبوو. هەمان پیاوی جاران: ڕووە ڕەشەکەی ڕەق وەک بەرد، هیچ جیاوازی نەبوو بە بەراورد لەگەڵ پێشتر. کاتێ کاسرین ئەوی بینی هەستایە سەر پێ و بچێتە دەرەوە.

قۆڵی کاسی گرت و وتی "بوەستە! هیچی تر ڕا مەکە! بۆ کوێ دەچی؟ هاتوومە بتبەمەوە ماڵێ، هیوادارم کە کچێکی باش بیت و هانی کوڕەکەم نەدەیت گوێڕایەڵیم نەکات. نەمزانی چۆن سزای بدەم کاتێ زانیم دەستی لە هەڵاتنی تۆدا هەبووە: ئەوەندەی بێ هێزە تەنانەت بەرگەی مستێک چییە ناگرێت، بەڵام کاتێ ڕووی دەبینی دەزانی کە بەشی خۆی وەرگرتووە! پێرێ ئێوارە هێنامە خوارەوە، لەسەر کورسییەک دامنیشاند، پاش ئەوە هەرگیز دەستم لێ نەداوە. هاریتۆنم ناردە دەرەوە و بە تەنیا لەو ژوورە بووین. لە ماوەی دوو سەعاتدا، بانگی جۆزیفم کرد کە دووبارە بیباتە سەرەوە، ئیتر وا دەزانێت من هەمیشە لە لای ئەوم، وەک تارمایی هەمیشە لێی نزیکم، هاریتۆن دەڵێت شەوانە هەڵدەستێت و دەلەرزێت و بانگی تۆ دەکات لە من بیپارێزیت، جا تۆ کەیفت بە هاوڕێ بە نرخەکەت بێت یان نا، هەر دەبێ بێیت: ئێستا لینتن لە ملی تۆیە، من هیچ پێوەندیم بە سەرەوە نەماوە، دەبێ تۆ هەموو شتێکی بۆ بکەیت."

داوام لە هیتکلیف کرد "بۆچی کاسرین لێرە بەردەوام نەبێت، بەڕێز لینتن بنێرە بۆ ئێرە؟ لە بەر ئەوەی تۆ ڕقت لە هەردووکانە، غەریبیان ناکەی: ئەوان بۆ دڵە ناسروشتییەکەی تۆ بریتین لە پەتایەکی ڕۆژانە. "

هیتکلیف وەڵامی دایەوە "من بە دوای یەکێک دەگەڕێم خانووی گرەنجی بە کرێ پێ بدەم، دەمەوێ منداڵەکانیشم لە لای خۆم بن، دڵنیابە لەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو کچە قەرزداری من دەبێت چونکە من نانی دەدەم. پاش ئەوەی کە لینتن دەمرێت من لەو پەڕی ژیانێکی خۆش ڕاینگرم. ئێستا خێرا خۆت ئامادە بکە، وام لێ مەکە بە زۆری بتبەم."

کاسرین وتی "باشە. من لەم جیهانەدا تەنیا لینتنم هەیە خۆشم بوێت، تۆ هەموو شتێکت کرد کە ئێمە ڕقمان لە یەکتر بێتەوە، بەڵام ئێمە هەرگیز ڕقمان لە یەکتر

نابێتەوە. لێشت قەبووڵ ناکەم گەر من لە لای بم ئازاری بدەی، لێت قەبووڵ ناکەم جارێکی تریش من چاوترسای بکەیت، نەک هەر ئەوە بەڵکو سووکایەتیشت پێ دەکەم!"

هیتکلیف وەڵامی دایەوە "تۆ قارەمانێکی زۆر لووت بەرزی، بەڵام ئەوەندە کەیفم بە تۆ نایەت تا ئازاری ئەو بدەم:، تا ئەو لە ژیاندا بمێنێت تۆ زۆر سوود لە ئازارەکان وەردەگریت. من بە هیچ چەشنێک وا ناکەم کە ئەو ڕقی لە تۆ بێتەوە، یان تۆ لەو، بەڵکو ئەوە سروشتی خۆیەتی، وا فێر کراوە. وەک زراوی ئاژەڵ تاڵە بە وازهێنانی تۆ و ئەنجامەکانی: چاوەڕێی سوپاس مەکە بۆ ئەم تەرخانکردنە ماقووڵە. گوێم لێ بوو قسەی لەگەڵ زیلا دەکرد کە چۆن دەبێت گەر وەک من بەهێز بووایە. خۆشییەکە لێرەدایە، بێهێزییەکەی ژیرایەتییەکەی دەبزوێنێت کە بەدیلێک بۆ ئەو بەهێزییە بدۆزێتەوە."

کاسرین وتی: "دەزانم لینتن سروشتێکی خراپی هەیە. هەر هیچ نەبێ کوڕی تۆیە. بەڵام سروشتی من باشترە، چونکە لێی دەبوورم، چاک دەزانم کە منی خۆش دەوێت و لە بەر هەندێش من خۆشم دەوێت. بەڕێز هیتکلیف تۆ کەست نییە خۆشتی بوێت، لە بەر ئەوەی لەم جیهانە کەس تۆی خۆش ناوێت، ئاوا ئازارمان دەدەیت، ئێمە باش دەزانین کە تۆ هیچ هەست و سۆزت نییە، تۆڵەی خۆت لە ئێمە دەکەیتەوە. تۆ تێکشکاوی، وانییە؟ تۆ شەیتانی و ڕقت لە لینتنە چونکە یەکێک هەیە خۆشی بوێت؟ بەڵام کەس تۆی خۆش ناوێت - کاتێ کە دەمری کەس نییە بۆ تۆ بگریت! من خۆم بە تۆ ناگۆڕمەوە!"

کاسرین زۆر بە سەبر قسەی لەگەڵ دەکرد، بەڵام سەرکەوتووانە هەر وشەیەکی بەخەنجەرێک هەبوو، زۆر بەزەبر بوو: پێ دەچوو بڕیاری دابوو کە بچێتە نێو خێزانی داهاتووی و چێژ لە ئازاردانی دوژمنەکانی وەرگرێت.

خەزوورەکەی وتی "زۆر پەشیمان دەبیتەوە گەر هەر خۆت بە تەنیا لێرە بژیت، بۆیە پێت دەڵێم دەقیقەیەکی تر لێرە نەتبینم، بڕۆ شتەکان ئامادە بکە!"

کاسرین بە سووکایەتی پێکردنەوە ژوورەکەی بەجێهێشت. کە ڕۆیشت، دەستم کرد بە پاڕانەوە بۆ شوێنی زیلا لە بانەکان، داوام لێ کرد لە باتی زیلا من دەربکات، بەڵام




گوێی بۆ هیچ شتێک ڕانەدێرا. پێی وتم کە بێدەنگ بم، دواجار بۆ یەکەم جار چاوێکی بە ژوورەکەدا خشاند و سەیری وێنەکانی کرد. کە چاوی لەسەر خاتوو کاسرین (دایکی کاسرین) بوو، وتی "من ئەو وێنەیە لەگەڵ خۆم دەبەم. نەک لە بەر ئەوەی کە پێویستم پێیە بەڵام ..." لەپڕا ڕووی وەرگێڕا بۆ لای ئاگرەکە، دیار بوو بە دوای وشەدا دەگەڕا، زەردەخەنەیەکی هات و بەردەوام بوو "پێت دەڵێم کە دوێنێ چیم کرد! ئەو گۆڕلێدەرەم بانگ کرد کە گۆڕی ئێدگاری لێدا، گۆڕی کاسرینم پێ هەڵکەنی و کفنەکەی بۆ کردمەوە. یەکسەر گوتم هەر لەوێ، لای کاسرین لە نێو یەک کفن دەمێنمەوە: کاتێ دووبارە ڕووی کاسرینم کردەوە، هێشتا وەک خۆی بوو! دەیویست کارەکەم بۆ نەکات، بەڵام وتی دەگۆڕێت گەر هەوا پێی بکەوێت، بۆیە لایەکی کفنەکەم هەر کردەوە، پاشان دامپۆشییەوە: نەک لای لینتن، ئەو بە نەفرەت بێت! خۆزگە هەر لە نێو گۆڕەکەی دەسووتا. هەندێ بەرتیلم دا گۆڕلێدەرەکە لایبەرێت و گەر من مردم من لەوێ لە تەک کاسرین بنێژێت. وای لێ دەکەم: ئەو کاتەی کە لینتن دێتە لای ئێمە نازانێت کامە کامەیە!"

پێم وت "بەڕێز هیتکلیف تۆ قێزەوەنترین و دڕندەترین مرۆڤی سەر ڕووی زەوی. باشە سڵ لە دەست و پەنجە و ئەقڵت ناکەیتەوە واز لە مردووان ناهێنی، لە نێو گۆڕیش هەر بێزاریان دەکەیت؟"

وەڵامی دایەوە "نیڵی من کەسم بێزار نەکردووە. من تەنیا ویژدانم ئاسوودە کردووە، ئێستا هەست بە ئارامی دەکەم، تۆ هەلێکی باشترت دەبێ لە ژێر زەوی بمپارێزیت، کاتێ دەچمە ژێر گڵ. کاسرینم بێزار کرد، نەخێر! ئەو منی جاڕس و هەراسان کرد، شەو و ڕۆژ، بۆ ماوەی ١٨ ساڵ، بێ ئەوەی پەشیمان بێتەوە ئازاری منی دەدا - تا دوێنێ شەو، دوێنێ شەو هەستم بە ئارامی کرد. خەونم بەوە بینی کە بۆ دواهەمین جار لای ئەو خەوتووە خەوم لێ کەوت بوو، دڵم لە لێدان وەستابوو و ڕوومەتم لە ڕوومەتی ئەودا سڕ ببوو."

وتم "ئێ باشە خۆ ئێستا ئەو داماوە ئێسک و پرووسکیشی نەماوە ئیتر خەو بە چییەوە دەبینی؟"

هیتکلیف وەڵامی دایەوە "ئەو تواوەتەوە، منیش هەر کەیفخۆش بم! تۆ وا دەزانی

هیچ گۆڕانکاریم لەوە نەکردووە؟ ئەو گواستنەوەم لە کاتی لادانی کفنەکە کرد - بەڵام خۆشحاڵترم کە قسەی نەکرد تا من ئاڵۆیرم نەکرد. لەگەڵ ئەوەش، تا ئینتباعێکی جیا لەسەر سیفەتە بێ هەستەکانی وەرنەگرم، ئەو هەستە نامۆیە بە تەواوی لا ناچێت. زۆر سەیر دەستی پێ کرد. تۆ چاک دەزانی پاش ئەوەی کاسرین مرد من بوومە دڕندە. بۆ هەمیشە لە بەرە بەیانەوە تا بەرە بەیان، دوعام دەکرد ڕوحەکەی بگەڕێتەوە لای من! من زۆر باوەڕم بە تارماییەکان هەیە: قەناعەتم بەوە هەیە کە تارماییەکان دەتوانن و دەیکەن و لە نێو ئێمەدا وجوودیان هەیە! ئەو ڕۆژەی کاسرین نێژرا، بەفرێکی زۆر باری. شەوەکەی چوومە نێو کەنیسە. لە سەرمای زستان هیچی تری لێ نەبوو، چۆڵ و هۆڵ بوو. لەوە نەترسام کە مێردە دەبەنگەکەی زۆر دەرنگ دەچێتەلای، هیچ کەسی تر کاری بە سەر ئەوەوە نەبوو بیانهێنێتە ئەوێ. تەنیا بووم، تەنیا دوو مەتریش نێوانی من و کاسرین بوو. بە خۆمم وت "دووبارە لە باوەش خۆمی دەگرمەوە! گەر سەرمای بێت، وابزانم ئەوە بای باکورە کە من فێنک دەکاتەوە، گەر بێ هەستیش بێت، ئەوا دەخەوێت. لە کۆگای خانووەکە دەستم کردە بێڵێک، بە هەموو توانامەوە دەستم کرد بە هەڵکۆڵین تا گەیشتمە کفنەکە، هێندەی نەمابوو بگەمە مەبەستی خۆم، کاتێ گوێم لە هەناسەیەکی سارد بوو لە سەرەوەم، لە نزیک لێواری گۆڕەکە، داچەمایەوە. بە منگەوە وتم "گەر تەنیا بتوانم ئەو شتە دەربهێنم ئەوا خوای دەکرد بە شۆڤلان خۆڵی ئەم زەوییەیان بە سەر ئێمەدا دەکرد!" کەچی هەر بەردەوام بووم لە کارەکەم. هەر لە بنا گوێم، هەناسەیەکی تر هات. هەستم بە گەرمایی هەناسەکەی کرد. دەمزانی کە هیچ زیندەوەرێک لەو ناوە نییە کە پێک هاتبێت لە گۆشت و خوێن، بەڵام تۆ چەند درک بەوە دەکەیت کە یەکێک لە تاریکیدا دەرکەوت، منیش هەرئەوەندە، بەڵام هەستم کرد کە کاسی لەو ناوەیە: لە ژێر گڵەکە، لە نێو گۆڕەکە نەبوو، بەڵکو لەسەر زەوی بوو، ئا ئەوە هەناسەی کاسی بوو. هەستم کرد کە کاسی لە هەموو شوێنێکە، هەستم کرد وا لە تەکمەوەیە، لە پشتم، لە پێشم، لە دوور لە نزیک هامشۆ دەکات. دەستم لە کارە بە ئازارەکەم هەڵگرت و یەکسەر لێی نزیک بوومەوە: بێ ئەوەی قسە بکات دڵخۆشی دامەوە. ئا لەگەڵم بوو، هەر لە لام مایەوە تا گۆڕەکەم پڕ کردەوە، منی بردەوە ماڵەوە. نیلی ڕەنگە پێکەنینت بەم



قسانەی من بێت، بەڵام دڵنیا بووم کە ئەوم لێ بینی. دڵنیا بووم کە کاسی لەگەڵم بوو، نەمتوانی ئۆقرە بگرم و قسەی لەگەڵ نەکەم. گەیشتینەوە بانەکان، خێرا چوومە لای دەرگاکە. کلیل درابوو، بە بیرمە ئەو هیندلیە نەفرەت لێکراوە لەگەڵ خێزانەکەم دژی چوونە ژوورەوەی من وەستانەوە.

بە بیرمە وەستام و هەناسەم لێ بڕابوو، پاشان بە ڕاکردن چوومەوە سەرەوە، ڕێک چوومە ژوورەکەی خۆم و کاسرین. خێرا سەیری چوار دەوری خۆم کرد - هەستم کرد کاسرین لە لای منە - لە بەر چاوم بوو، بەڵام وەک بینینی ڕاستەقینە نەبوو! لەو هەموو دوعا و داواکارییانەم جگە لە سەرنجێک هیچی تر نەبوو! هیچ ساتێک نەمبینی. وەک شەیتانێک، هەروەک کە زیندوو بوو، خۆی بە من نیشان دا! هەندێ جار زۆر و هەندێ جاریش زۆر کەم، ئەو ئازارەی دایە من! کارێکی دۆزەخی بوو! هەستم دەکرد غیرەتم نەمابوو، گەر وەک غیرەتی پشیلە نەبێت ئەوا بە غیرەتی ئێدگار دەچوو. کاتێ لەگەڵ هاریتۆن لە نێو خانووەکە دانیشتم، پێ دەچوو کە لە دەرەوە دەنگی دەهات دەبێ بچم بیبینم، کاتێ کە چوومە نێو بەیارەکان بینیم کە بۆ لای من دێت. کاتێ کە لە ماڵ چوومە دەرەوە و خێرا گەڕامەوە، لە شوێنێکی بانەکانی وێزەرینگ بوو، دڵنیا بووم کە لە شوێنێکە، لە یەکێک لە ژوورەکانە، لە سەرەوەیە، نا لە خوارەوەیە! کاتێ لە ژووری ئەو نوستم - خەریک بوو گیانم دەردەچوو. نەمتوانی لەوێ بنووم، ئاخ نیلی چ مۆتەکەیەک بوو بە ملمەوە نووسابوو، هەر ساتێک چاوم لێک دەنا وامدەزانی لەو دیو پەنجەرەکەوەیە، یان ئەوەتا لە ژوورەوەیە، وامدەزانی وا دێتە ژوورەوە، کە چاوم دەکردەوە هیچ دیار نەبوو، چاوم دادەخست، وامدەزانی کە وا سەری بە هەمان بالیفی من کردووە کە بە منالی هەمیشە وای دەکرد، کە پێڵووەکانم دەکردەوە هیچم نەدەبینی. بە سەدان جار چاوم داخست و کردەوە نەمتوانی بۆ ساتێکیش بیبینم، تەنیا لە نێو مێشکمدا بوو. زۆر نائومێد بووم! کوشتمی! ناڵەم لە حەوت تەبەقەی ئاسماندا سەدای هەبوو، تا ئەو پیرە چەقاوەسووە کە باوەڕی وا بوو من لەسەر خۆم نیم، وای دەزانی کە من وڕێنە دەکەم، بە ئاگای هێنامەوە. ئێستا کە بینیم، کەمێک هێور بوومەوە. ڕێگەیەکی زۆر نامۆ بوو بۆ کوشتن: بست بە بست ئێسکەکانمی دەشکاند، کە ماوەی هەژدە ساڵ

ئازاری منی دا وەک ئەو شەوە نەبوو!"

بەڕێز هیتکلیف وەستا و نێوچەوانی سڕییەوە، قژی ئارەقە تەڕی کردبوو، هەموو گیانی لە ئازار و ترس و شەرمەزاری تەڕ ببوو، چاوەکانی لەسەر پڕووشکە سوورەکانی ئاگرەکە جێگیر کردبوو، ئەبرۆکانی نەدەجوولاند. ڕووی بە چەندین شێوە لێی نووسرابوو ئازار، ناخۆشی، خەم، دیار بوو بەو بابەتە زۆر زۆر بێ تاقەت ببوو. منیش هەرچەندە بێدەنگ بووم بەڵام حەزیشم نەدەکرد قسە بکات! پاش ماوەیەکی کورت، دەستی بە بیرکردنەوە کرد لەسەر وێنەکە. پاشان وێنەکەی هێنا خوارەوە و لەسەر قەنەفەکەی دانا، لەو هەڵوێستە کاسرین هاتە ژوورەوە، وتی من ئامادەم. پرسی کەی ئەسپەکەی ئامادە دەبێت.

هیتکلیف بە منی وت "بەیانی ئەمەم بۆ بنێرە." پاشان ڕووی لە کاسی کرد و وتی "بە بێ ئەسپەکەت دەتوانی ئەوە بکەیت: ئێوارەیەکی خۆشە، تۆ لە بانەکانی وێزەرینگ پێویستت بە ئەسپ نابێت، بۆ هەر گەشتێک بچیت، قاچەکانی خۆت خزمەتت دەکەن، وەرە بابڕۆین."

خانمە گەنجە شیرینەکەم وتی "ماڵئاوا ئێلن!"

کاتێ ماچی کردم، لێوەکانم وەک بەفر وا بوون، وتی "ئێلن بیرت نەچێت، سەردانم بکە."

باوکە نوێیەکەی وتی "ئاگەدار بە شتی وا نەکەیت! گەر حەزم لێ بوو قسەت لەگەڵ بکەم خۆم دێمە لات. نامەوێ بە هیچ شێوەیەک لە خانووەکەم بتبینم!"

بە دەست ئاماژەی بۆ کرد بە دوای بکەوێت. ئاوڕێکی دایەوە جەرگ و دڵمی بڕی، گوێڕایەڵی بوو و بە دوای کەوت. لە پەنجەرەکەوە تا لە باخچەکەش ون بوون هەر سەیرم کردن. هیتکلیف قۆڵی کاسرینی توند گرتبوو: خێرا بە ژێر درەختەکانەوەدا ڕۆیشتن، تا لق و پۆپەکان ئەوانیان شاردەوە.



## بەشی سی

سەردانێکی بانەکانم کرد، لەوەتەی لێرە لە گرەنج ڕۆیشتبوو کاسرینم نەبینیبوو: جۆزیف بە دەستە چرچەکانی دەرگای لێ گرتم، نەیهێشت بچمە ژوورەوە کاتێ داوای کاسرینم کرد. وتی خاتوو کاسرین مردووە و سەرۆکیشم لێرە نییە. بەڵام گەر زیلا لەسەر ڕێگە زانیاری پێ نەوتبام ئەوا باوەڕم دەکرد کێ مردووە و کێش زیندووە. زیلا کاسرینی بە کچێکی بە لووتبەرز دەزانی، کەیفیشی پێ نەدەهات، ئەمەم لە قسەکانی بەدی کرد. خانمە گەنجەکەم داوای هەندێ هاوکاری لێ کرد کاتێ یەکەم جار هاتە ژوورەوە، بەڵام بەڕێز هیتکلیف پێی وت کە بچێت بە دوای کاری خۆیەوە، و واز لە بووکەکەی بێنێت، زیلاش بە خۆشحاڵییەوە ڕۆیشت، ئافرەتێکی بیر تەسک و خۆپەرست بوو. کاسرین وەک منالان بەم پشت گوێ خستنە زۆر پەست و تووڕە بوو، پاشان داخی دڵی خۆی لەسەر دوژمنەکانی لای من هەڵڕشت، ئەوەندە بە ڕقو کینەوە باسی دەکردن وەک بڵێی زیلا هەموو تاوانەکانی کردووە. شەش هەفتە پێش ئێستا ماوەیەکی زۆر قسەم لەگەڵ زیلا کرد، پێش ئەوەی تۆ بێیت، ڕۆژێک کە لە بەیارەکان کۆبووینەوە، ئەمەی پێ وتم.

زیلا وتی "کاتێ خاتوو کاسرین گەیشتە بانەکان، یەکەم شت کە کردی یەکسەر ڕای کردە سەرەوە، بێ ئەوەی ئێوارە باش لە من و جۆزیف بکات، لە ژوورەکەی لینتن دەرگای لەسەر خۆی کلیل دا، تا بەیانی لەوێ مایەوە. لە بەیانییەکەیدا، هیتکلیف و هاریتۆن لەسەر نانی بەیانی بوون، هاتە خوارەوە و داوای کرد کە یەکێک بچێت بە دوای دکتۆرەوە؟ ئامۆزاکەی زۆر نەخۆش بوو.

هیتکلیف وەڵامی دایەوە "ئێمە دەزانین مێردەکەت نەخۆشە! بەڵام ژیانی دە

شڵینگی سووتای ناهێنێت، بۆیە من هیچی لێ سەرف ناکەم و خۆشم پێوە خەریک ناکەم."

وتی "نازانم چۆن بچمە لای دکتۆر، گەر یەکێک یارمەتی نەدات ئەوا دەمرێت!"

سەرۆک هاواری لێ هەستا "لەو ژوورە برۆ دەرەوە و هیچی تر باسی ئەو کوڕە لای من مەکە! هیچ کەس لێرە گرنگی بەوە نادات لینتن چی بەسەر دێت، دەمرێت یان دەژیت، گەر تۆ خەمتە ئەوا خۆت ببە بە پەرستاری ئەگینا لە سەرەوە وازی لێ بێنە و بە جێی بێڵە."

پاشان دەستی کرد بە بێزارکردنی من، منیش وتم من زۆر بە دەستی ئێوەوە ماندوو بوومە، ئێمە هەر کەسە و کاری خۆی هەیە، کاری ئەویش چاوەڕێکردنی لینتن بوو: بەڕێز هیتکلیف پێی وتم کە ئەو کارە بۆ کاسرین خۆی جێ بێڵم.

نازانم چۆن پێکەوە ڕێکیان خست. لینتن بە شەو و بە ڕۆژ لە بەر ئازار دەیناڵاند، کاسرین زۆر کەم پشووی دەدا: ڕووی سپی هەڵگەڕابوو، چاوەکانی قورس ببوون. هەندێ جار دەهاتە موبەقەکە، بەس بە سواڵکەران دەچوو، خەڵک لێی دەترسا. بەڵام من هەر بە گوێی سەرۆکم دەکرد: خاتوو دین هەرگیز ناوێرم بە گوێی سەرۆک نەکەم، هەرچەندە بیرم لەوە دەکردەوە کە کارێکی هەڵە دەکات دکتۆر نەهێنێت، هیچ بە دەستی من نەبوو، نە دەمتوانی ئامۆژگاری بکەم نە ناڕەزایی دەربڕم. بۆیە قەت تەداخولی هیچم نەدەکرد. یەک دوو جار، پاش ئەوەی کە دەنوستین، بە ڕێکەوت دەرگاکەم دەکردەوە، دەمبینی کاسرین لەسەر پەیژەکان دانیشتووە و دەگریت، پاشان بە خێرایی دامدەخستەوە، چونکە نەوەک خۆم پێ نەگیرابا و تەداخولم بکردبا. ئەو ساتانە زۆر بەزەییم پیا دەهاتەوە، دڵنیام: لەگەڵ ئەوەشدا من حەزم نەدەکرد شوێنەکەم بەجێ بێڵم. تۆ دەزانی کەس نایەوێ کاری خۆی لە دەست بدات.

دواجار شەوێک زۆر بە جورئەتەوە خۆی کرد بە ژوورەکەم، زۆری ترساندم، وتی "بە بەڕێز هیتکلیف بڵێ کەوا کوڕەکەی دەمرێت - ئەمجارەیان دڵنیام کە دەمرێت. هەستە هەر ئێستا برۆ پێی بڵێ."

ئەمەی وت و دووبارە ون بوو. بۆ ماوەی چارەگە سەعاتێک گوێم گرت و دەستم بە لەرزین کرد. هیچ شتێک لە گۆڕێ نەبوو، خانووەکە هێمن و خامۆش بوو.



بە خۆم وت، ڕەنگە کاسرین بە هەڵەدا چووبێت. لینتن هەروایە، لێی ڕاهاتووە. پێویست ناکات سەریان بێشێنم، ئیتر خەو بۆ خۆی بردمەوە. بەڵام خەریک بوو ببۆرژێم کاتێ زەنگێکی تیژ بێداری کردمەوە - تاکە زەنگ کە هەمان بوو بۆ مەبەستی لینتن دانرابوو، سەرۆک پێمی وت بچم بزانم چ باسە، پێیان بڵێم کە ئەو دەنگە جارێکی تر دووبارە نەبێتەوە.

پەیامەکەی کاسرینم پێ وت. هەر لە بەر خۆیەوە هەموو شتێکی بە نەفرەت دەکرد، پاش چەند دەقیقەیەک بە خۆ و بە مۆمێکەوە هاتە دەرەوە، چووە لای ژوورەکەیان. بە دوایدا چووم، بینیم خاتوو کاسرین لای دەرگاکە دەستەو ئەژنۆ دانیشتووە. خەزووری چووە سەرەوە، ڕووناکییەکی دا لە ڕووی لینتن، سەیری کرد و دەستی لێ دا، کوڕەکە هەست و خوستی نەبوو، پاشان گەڕایەوە لای کاسرین.

هیتکلیف وتی "کاسرین ئێستا هەست بە چی دەکەیت؟"

کاسرین بێدەنگ بوو.

هیتکلیف دووبارەی کردەوە "هەست بە چی دەکەیت؟"

کاسرین وەڵامی دایەوە "لینتن سەلامەتە و منیش ئازادم. دەبێ هەستم باش بێت." پاشان بە تۆنێکی تاڵ وتی کە نەیتوانی هیچی تر بیشارێتەوە "تۆ چەند لەمێژە منت بەجێ هێشتووە تا بە تەنیا لەگەڵ مردن بجەنگم، هەست بەوە دەکەم و تەنیا مردنیش دەبینم! هەست بە مردن دەکەم!"

جا بەڕاستی بە مردن دەچوو. هەر ڕەنگی مردووانی هەڵگرتبوو! تۆزێ شەڕابم دایێ. هاریتۆن و جۆزیف، کە بە دەنگی زەنگەکە بە ئاگا هاتن و گوێیان لە ڕۆیشتنی ئێمە بوو لە دەرەوە، ئێستا هاتنە ژوورەوە. وابزانم جۆزیف هار ببوو بە لابردنی کوڕەکە. هاریتۆنیش زۆر پەست ببوو. هەرچەندە زیاتر سەیری کاسرینی دەکرد نەک بیر لە لینتن بکاتەوە. بەڵام سەرۆک پێی وت کە بچێت دووبارە بخەوێتەوە: ئێمە پێویستمان بە یارمەتی هاریتۆن نەبوو. پاشان بە جۆزیفی وت کە تەرمەکە لە ژوورەکە بێنێتە دەرەوە، بە منیشی وت کە بچمەوە ژوورەکەی خۆم، خاتوو کاسرین بە تەنیا مایەوە.

لە بەیانیدا، منی نارد کە بە کاسرین بڵێم بێتە خوارەوە بۆ نانی بەیانی: جلی لە

بەردا نەبوو، پێ دەچوو تازە خۆی ئامادە کردووە بۆ خەوتن، وتی زۆر نەخۆشم. کە زۆر پێی سەرسام بووم. ئەمەم بە بەڕێز هیتکلیف وت و وەڵامی دامەوە "باشە، با نەخۆش بێت و خۆی بخات دوای تازیەکە، ئێستا برۆ سەرەوە هەرچی پێویستە بۆی ئامادە بکە، هەرکە باشتر بوو پێم بڵێ."

بە پێی قسەکانی زیلا کاسی بۆ ماوەی دوو هەفتە لە سەرەوە مایەوە. زیلا ڕۆژانە دوو جار سەری لێ دەدا، بەڵام تۆزێک ڕووخۆشتر بوو لەگەڵی.

جارێکیان هیتکلیف چووە سەرەوە و وەسیەتنامەکەی لینتنی پێ نیشان دا. هیتکلیف خۆی دەستی هەبوو لە وەسیەتنامەکە کە هەموو مافێکی کاسرین لە موڵکی خۆی و باوکی پێشێل کرابوو. ئەوە بە ویستی لینتن نەبوو، بەڵکو بە هەڕەشە و ترسی کوشتن هیتکلیف پێی کرد. کاتێ کاسرین بۆ ماوەی یەک هەفتە لە بەر مردنی باوکی لای نەبوو. هەرچی زەویوزار هەیە لەسەر ناوی کاسرین نامێنێت، بەڕێز هیتکلیف لەسەر خۆی و ژنەکەی تاپۆی کردبوو. بە شێوەیەکی یاساییش ئەم کارەی ئەنجام دابوو، نازانم چۆن! ئیتر کاسرین بێ هاوڕێ و بێ پارە و موڵک مایەوە.

زیلا وتی "جگە لە من و ئەو جارەی هیتکلیف، هیچ کەسی تر لە ژوورەکەی کاسرین نزیک نەکەوتەوە. کەس هەر لێشی نەدەپرسی. یەکەم جار کە کاسرین لە سەرەوە هاتە خوارەوە لە نیوەڕۆیەکی یەکشەممە بوو. هاواری لێ هەستا، کاتێ نانی ئێوارەم بۆ برد، کە هیچی تر بەرگەی ئەوە ناگرم لە بەر سەرما بم، پێم وت کە سەرۆک چووەتە سرەسکرۆس گرەنج، من و هاریتۆنیش لە چوون ڕێگەمان لێ نەگرت، هەرکە گوێی لێ بوو هیتکلیف ئەسپەکەی تاودا، کاسرین دەرکەوت، ڕەشی پۆشیبوو، قژە لوولە درێژەکانی لە پشت گوێکانییەوە شانە کردبوو.

زیلا وتی "من و جۆزیف بە گشتی هەموو یەکشەممەیەک دەچووین بۆ پەرستگاکە، دەزانی کە ئێستا هیچ بەڕێوەبەرێکی نییە. هەمیشە پێی دەڵێن شوێنی میتۆدیستەکان یان باپتیستەکان (نازانم کامەیە) با بڵێین کەنیسەکەی گیمەرتۆن. جۆزیف ڕۆیشتبوو، بەڵام یەکسەر بیرم بۆ ماڵەوە چوو. هەمیشە گەنجەکان باشترن بۆ نیگایەکی گەورەکان، هاریتۆنیش بەو هەموو شەرمەزارییەی خۆیەوە هەڵسوکەوتی



باش نییە. پێم وت کە ئامۆزاکەی لەگەڵ ئێمە دادەنیشێت، کاسرینیش هەمیش پێی خۆش بوو کە خانووەکە بە ڕێزەوە بێت، بۆیە چەک و شتومەکەکانی لە ماڵەوە دانا، کاتێک کە ئەو مایەوە. ئیتر دەستی بە هەواڵ و قسە کرد و چاوەکانی هەر لەسەر جل و دەستەکانی بوون. بینیم کە دەیویست خۆی لە کاسرین نزیک بخاتەوە، ویستی خۆی ڕووخۆش و پێکەنیناوی دەربخات، منیش نەدەوێرام پێبکەنم کە سەرۆک لەوێ بووایە، یارمەتیم پێشکێش کرد، نوکتە و گاڵتەم پێ کرد. ئیتر توورە بوو و هەموو گیانی ئارەقی لێ دەچۆڕایەوە.

کە زیلا منی بینی بە شێوازی ڕەفتارەکەی سەرگرانم، بەردەوام بوو "ئێستا خاتوو دین قەت بیرت لەوە نەکردووەتەوە کە کاسرین زۆر باشە بۆ بەڕێز هاریتۆن، پێت وا نییە بیرۆکەیەکی دروستە: بەڵام دەبێ شانازییەکەی بە هەموو شێوەیەک بپارێزین. باشە ئێستا ئەو هەموو فێربوون و ناسکی و جوانییەی چ مانایەکیان هەیە بۆ ئەو؟ وەک من یان تۆ هەژارە، بەڵکو هەژارتریشە: تۆ دەڵێیت منیش کاری خۆم دەکەم."

هاریتۆن ڕێگەی بە زیلا دا تا هاوکاری بکات، زیلاش زەمینەی بۆ خۆش کرد، کاتێ کە کاسرین هات، هاریتۆن کە هەڕەشەکانی پێشتری لە بیر چووبوونەوە، هەوڵی دا بە هۆی خزمەتەکانییەوە کەمێک پەسەند بێت.

زیلا وتی "فەرموو خاتوون، وەرە ژوورەوە، سپی وەک بەفر، بەرز وەک شازادە." من هەڵسامەوە شوێنەکەی خۆم پێشکێش کرد. لووتی بەو چاکییەی بەرز هەڵبڕی و وتی نەخێر. هاریتۆنیش هەستایەوە وتی فەرموو دانیشە، فەرموو لای ئاگرەکە دانیشە: هاریتۆن پێی وت دڵنیام لەوەی کە وا لە برسانا هەناوت دێشێت.

کاسرین وشەکانی زۆر بە سووکییەوە وت "ئەوە مانگێک زیاترە لە برسانا دەمرم."

ئینجا کورسییەکی بۆ خۆی هێنا و کەمێک لە دووری هەردووکمان دانیشت. دانیشت تا گەرم بووەوە، دەستی کرد بە سەیرکردنی چوار دەوری ژوورەکە، ژمارەیەک کتێبی بینی لەسەر مێزەکە، هەستایەوە سەر پێیەکانی تا کتێبەکان بێنێت بەڵام زۆر بەرز بوون دەستی نەگەیشتە کتێبەکان. هاریتۆن تا ماوەیەک تەماشای کرد پاشان جورئەتی کرد و یارمەتی دا، فوستانەکەی هەڵکرد، فوستانەکەی بە دەستی بۆ هەڵگرت.

ئەو هەوڵە هەنگاوێکی زۆر باش بوو بۆ هاریتۆن. کاسی سوپاسی نەکرد. بەڵام هاریتۆن هەر دڵی خۆش بوو چونکە کاسی هاوکارییەکەی پەسەند کرد، ئیتر هاریتۆن گەڕایەوە پاشێ کاتێ کاسی سەیری کتێبەکانی دەکرد، جار جارە سەری دەهێنا خوارەوە بزانی چی هەیە لە نێو کتێبەکان، یان وێنەکانی نێو کتێبەکە ببینێت، هەروەها زۆر سەرسام بوو بەو شێوازەی کە کاسی بە پەنجەکانی پەڕەی کتێبەکانی هەڵدەدایەوە: بۆیە هاریتۆن کەمێک کشاوە پاش بۆ ئەوەی لە بری کتێبەکان سەیری کاسی بکات. بە دوای شتێکدا دەگەڕا بیخوێنێتەوە. پاشان هاریتۆن چاوی بڕییە کەزییە ئەستوورە ئاوریشمییەکانی: نەیدەتوانی ڕووی ببینێت، ئەویش هاریتۆنی لێ دیار نەبوو. وەک منالان هیچ ئاگای لە خۆی نەمابوو، خۆی لە مۆمەکە نزیک کردەوە، لە پەنا مۆمەکە دەستی بۆ قژی برد و بەر تاڵە مووێکی کەوت، وەک بڵێی وا چەقۆیەکی دەکەن بە ملیدا، کاسی هەستی بە شتێک کرد و ئاوڕێکی کتوپڕی دایەوە.

بە تۆنێکی قێزەوەنەوە، هاواری لێ هەستا "ئێستا لاچۆ لە بەر چاوم! چۆن دەوێری دەست بکەیتە من؟ بۆچی لەوێ وەستاوی؟ من چارەی تۆم ناوێت! گەر جارێکی تر نزیک بیتەوە لێم ئەوا دووبارە دەچمە سەرەوە."

بەڕێز هاریتۆن کشایەوە پاش، وەک دەبەنگێک وا بوو: لەسەر قەنەفەکە بە هێمنی دانیشت، کاسی بۆ ماوەی نیو سەعاتێکی تر پەڕەکانی کتێبەکانی هەڵدایەوە، دواجار هاریتۆن هاتە لای من و بە گوێمی چرپاند: زیلا بۆ داوای لێ ناکەیت تۆزێک بە دەنگ بۆ ئێمە بخوێنێتەوە؟ پەست بوومە هێندەی ئاوا بێ کار دانیشم، زۆر زۆر حەز دەکەم گوێی لێ بگرم! نەڵێی من داوام کردووە، بۆ خۆت داوای لێ بکە."

یەکسەر وتم "خاتوو کاسرین، ئەوا بەڕێز هاریتۆن پێی خۆشە کە تۆ تۆزێک بە دەنگ بۆمان بخوێنیتەوە. زۆر حەزی لێیە، زۆر حەز دەکات گوێ لە کتێب بگرێت."

کاسی دەموچاوی گرژ و مۆن کرد و سەری بەرز کردەوە، وەڵامی دایەوە "بەڕێز هاریتۆن و ئێوەش هەمووتان کارێکی زۆر باش دەکەن گەر لەوە تێبگەن کە من بە هیچ شێوەیەک سواڵفەی ئێوە وەرناگرمەوە چونکە هەمووتان دوو ڕوون! من تەنیا سەرزەنشتتان دەکەم، هیچم نییە بە ئێوەی بڵێم. کاتێ من ویستم ژیانم ببەخشم بە



ئێوە، یان ئەوەتا ڕووەکانتان ببینم ئێوە هەمووتان ڕووتان لە من وەردەگێڕا. بەڵام گلەیی لە ئێوە ناکەم و بۆ ئەوەش نەهاتوومەتە خوارەوە، بۆ ئەوە هاتوومەتە خوارەوە چونکە زۆر سەرمامە لە سەرەوە، نەهاتووم قسەی خۆشتان لەگەڵ بکەم و تێکەڵتان بم." هاریتۆن دەستی پێکرد "بۆچی گلەیی لە من دەکەیت، من چیم پێ دەکرا بۆ تۆ؟"

خاتوو کاسرین وەڵامی دایەوە "ئۆهـ، تۆ زۆر شازی. من هەرگیز ئەو جۆرە بایەخەم بە کەس نەداوە"

هاریتۆن هەستایەوە بە نەرمی چووە بەرامبەری، وتی: بەڵام چەندین جار ویستم یارمەتیت بدەم، زۆر جار لە بەڕێز هیتکلیف داوام کردووە کە ڕێگەم پێبدات یارمەتیت بدەم ...

کاسرین وتی: بێدەنگ بە! دەچمە دەرەوە یان ئەوەتا دەچمە شوێنێکی تر، زۆر لەوە باشترە ئەو دەنگە قێزەوەنەی تۆم گوێ لێ بێت.

هاریتۆن لە بەر خۆیەوە وتی خوای دەکرد دەچووی بۆ دۆزەخ! چەکەکەی هەڵگرت و هیچی تر پێوەندی بە کاروباری یەکشەممانەوە نەبوو. ئێستا بای خۆی بە ئازادی قسەی کرد، کاسرینیش درکی بەوە کرد کە تەنیاییەکەی سەرەوە بۆ ئەو باشە، بەڵام سەرماوسۆڵ ناچاری کرد هەردەم بێتە خوارەوە، سەرەڕای لووتبەرزییەکەی ناچار بوو لەگەڵ ئێمە زیاتر و زیاتر تێکەڵ بێت. منیش بیرم لەوە دەکردەوە کە نابێ هیچی تر بە سووکایەتییەوە بڕوانێتە سروشتە باشەکەی من. منیش وەک ئەو ڕەق بووم، لە نێو ئێمە کەس خۆشی نەدەویست و کەیفی پێ نەدەهات: شایەنی ئەوەش نییە یەکمان یەک قسەی لەگەڵ بکەین و با بۆ خۆی ڕێزی خۆی ڕاگرێت. با لەگەڵ سەرۆک ئاوا بجووڵێتەوە، کە هەرچییەکی بکات تێی هەڵدەدات. چەندە ئازار لە ژێر دەستی سەرۆک بچێژێت، ئەوەندە ژەهراویتر دەبێت لەگەڵ ئێمە!

یەکەم جار کە گوێم لەم قسانەی زیلا بوو، بڕیارم دا کە ئەوانە بەجێ بێڵم و کووخێک بە کرێ بگرم و کاسرین بەرمەوە لای خۆم و لەگەڵ من بژیت: بەڵام بەڕێز هیتکلیف بە خێرایی خانووێکی سەربەخۆ بۆ هاریتۆن دابین دەکات، بۆیە حاڵی حازر هیچ چارەسەرێک شک نابەم تاوەکو مێردێکی تر نەکاتەوە، ئەوەشیان بە دەست من نییە.

بەم شێوەیە چیرۆکی خاتوو دین کۆتایی هات. قسەی دکتۆرەکە کورتی هێنا، من زووتر چاک بوومەوە و گوڕو تینم هاتەوە بەر، هەرچەندە هەفتەی دووەم بوو لە مانگی یەک، پێشنیارم کرد کە سواری ئەسپ بم و ڕۆژێک و دووان بچمە دەرەوە، بە سواری ئەسپ بچمە بانەکانی وێزەرینگ، بۆ ئەوەی بە خاوەن خانووەکەم بڵێم کە شەش مانگی داهاتوو لە لەندەن بە سەر دەبەم، هەروەها گەر پێشی خۆش بێت، ئەوا بۆ خۆی خانووەکە دوای مانگی دە بە کرێ بدات. من زستانێکی تر لێرە بە سەر نابەم.



## بەشی سی و یەک

دوێنێ ڕۆژێکی پڕشنگدار و هێمن و سارد بوو. هەروەکو پێشنیارم کرد چوومە بانەکانی وێزەرینگ: خزمەتکارەکەم (ئێڵن) داوای لێ کردم کە نامەیەکی بگەیەنمە دەست کاسرین، منیش ئەوەم ڕەت نەکردەوە، چونکە ئەو ئافرەتە شایەنی هەموو شتێک بوو، نابێ هیچ داوایەکی ڕەت بکرێتەوە. کە گەیشتمە بانەکانی وێزەرینگ دەرگای پێشەوە لەسەر پشتێ بوو، بەڵام دەرگای تۆڵە سەندنەوە داخرابوو، لە دواهەمین سەردانمدا، لە نێو باخچەکەدا بانگی هاریتۆنم کرد، زنجیری دەرگاکەی شل کردەوە و چوومە ژوورەوە. هاریتۆن بە پێی پێویست کوڕێکی قۆز بوو. ئەمجارە دوای چیرۆکەکەی خاتوو دین بە تایبەتی سەیرم کرد، بەڵام ئەوەی لەسەر خۆی بوو ئەرکەکانی بە باشی ئەنجام دەدا.

پرسیارم کرد لە هاریتۆن ئایا بەڕێز هیتکلیف لە ماڵە یان نا؟ وەڵامی داوە: نەخێر، بەڵام بۆ نانی ئێوارە دێتەوە. پاش وەڵامەکەی یەکسەر بێڵەکەی دەستی فڕێ دا و بەدوام کەوت، وەک پاسەوانێک بەدوام کەوت نەک وەک پێشوازیکردن لە میوانێک.

پێکەوە چووینە ژوورەوە. کاسرین لەوێ بوو، دیار بوو خەریکی ئامادەکردنی هەندێ میوە بوو بۆ ژەمی نیوەڕۆ: بە پێچەوانەی ئەو ساتەی بۆ یەکەم جار بینیم، ئەمجارەیان زۆر تووڕە و توند دیار بوو. ئەو کچە چاوەکانی بەرز نەکردنەوە تا سەیرم بکات، وەک جاران و وەک چیرۆکەکەی ئێڵن بێ ئەوەی حیساب بۆ کەس بکات کارەکەی خۆی دەکرد، هەرگیز وەڵامی چەمینەوە و بەیانی باشی منی نەداوە.

بۆ خۆم بیرم کردەوە "کچێکی ڕوو خۆش نییە، خاتوو دین لە سەرەتای چیرۆکەکەی

دەیویست قەناعەتم پێ بکات کە باوەڕ بە ڕووخۆشییەکەی بکەم. ڕاستە زۆر جوانە، بەڵام فریشتە نییە."

هاریتۆن بە دڵنیاییەوە پێی وت کە شتەکانی بباتە موبەقەکە. پاڵێکی بە شتەکانەوە نا و وتی "بۆ خۆت بیانبە" چووە لای کورسییەکە کە لە لای پەنجەرەکە بوو، ئا لەوێ سەیری باڵندەکانی دەرەوەی کرد. بە مەبەستی ئەوەی سەیرێکی باخچەکە بکەم، لێی نزیک بوومەوە: هەر لێی چوومە پێش تا نامەکەی ئێڵنم لەسەر ئەژنۆی دانا، هاریتۆن بەمەی نەزانی، بەڵام کاسرین بە دەنگێکی بەرز پرسی: ئەوە چییە؟ لایبە!"

بەو هەڵسوکەوتەی زۆر بێزار بووم و بە تەوسەوە پێم وت "ئەوە نامەی خزمەتکارە کۆنەکەتە، ئەو خزمەتکارەی لە گرەنج خزمەتی تۆی دەکرد." کاتێ کە زانی نامەکە لای ئێڵنەوە هاتووە زۆر حەزی کرد یەکسەر بیکاتەوە و بیخوێنێتەوە بەڵام هاریتۆن نامەکەی هەڵگرت و خستیە نێو گیرفانی قاپووتەکەی و وتی دەبێ بەڕێز هیتکلیف یەکەم جار تەماشای بکات. کاسرین بە بێدەنگی ڕووی لە ئێمە وەرگێڕا و دەستەسرەکەی دەرهێنا و بە چاوەکانییەوە گرت، ئامۆزاکەشی بۆ ماوەیەک ویستی هەستەکانی چاک بکاتەوە، پاشان نامەکەی دەرهێنا و لەسەر ئەزر لە تەک کاسرینی دانا. کاسرین نامەکەی هەڵگرت و چەند پرسیارێکی بە پەرۆشەوە لە من کرد دەربارەی زیندانییەکانی گرەنج، پرسیاری ماقووڵ و بێ مانا، پاشان سەیری گردەکانی کرد و لە بەر خۆیەوە وتی: دەبێ بە سواری ئەسپ بچمەوە ئەوێ! دەبێ هەر بچمە سەر ئەو گردانە! ئۆە! هاریتۆن زۆر ماندوو و بێ تاقەتم!" پاشان سەرە جوانەکەی بە لێواری پەنجەرەکە کرد، نیمچە گریان و نیمچە ئاخ هەڵکێشان، هۆشی لە ئێمە نەبوو، نوقمی خەمۆکییەکەی بووەوە: گوێی بەوە نەدا کە ئێمە لەوێین و سەیری دەکەین، هەر ئاگاشی لە ئێمە نەبوو.

پاش ئەوەی بۆ ماوەیەک بێدەنگ دانیشتم، وتم "خاتوو کاسرین، تۆ نازانی و ئاگەدار نیت کە من هەموو سەروسەربوردەی ئێوە دەزانم؟ بۆیە من بە نامۆ دەزانی و نایێیت قسەم لەگەڵ بکەی. خزمەتکارەکەم هەرگیز لە ستایشی تۆ ماندوو نەدەبوو، بۆیە زۆر بێ ئومێد دەبێت گەر بە بێ هەواڵێکی تۆ بگەڕێمەوە، گەر بشزانێت کە تۆ نامەکەت وەرگرت و هیچت نەوتووە، زۆر زۆر تووڕە دەبێت!"



بەم قسەیە، دیار بوو مەیلی گۆڕا و پرسیاری کرد: ئایا ئێڵن کەیفی بە تۆ دێت؟"

بە دوودڵی وەڵامم داوە "بەڵێ، بەڵێ زۆریش."

بەردەوام بوو "پێی بڵێ کە وەڵامی نامەکەی دەدەمەوە بەڵام هیچ شتێکم پێ نییە پێی بنووسم: نە کاغەز نە پێنووس. کتێبێکیشم لە لا نییە کە کاغەزێکی لێ بکەمەوە."

هاوارم لێ هەستا "هیچ کتێبێکت لا نییە! تۆ چۆن بێ کتێبەکانت دەژی؟ هەرچەندە بۆم نییە ئەو پرسیارانە بکەم، بەڵام ئێوە کتێبخانەیەکی گەورەتان هەبوو، ئێستا کتێبەکانم لە گرەنج لێ ببەن ئەوا زۆر پەست و نائومێد دەبم!"

کاسرین وتی "کاتێ کتێبەکانم لە لا بوون هەمیشە دەمخوێندنەوە. بەڵام بەڕێز هیتکلیف هەرگیز ناخوێنێتەوە، بۆیە بڕیارێکی دەبەنگانەی دا کە کتێبەکانم لە ناو بەرێت. بۆ ماوەی یەک هەفتە لە بەر کتێبەکانم هۆشم لە خۆم نەبوو. هیچ کتێبێکم بۆ نەماوە، تەنیا ئەوە نەبێت جارێک چوومە نێو کتێبە ئاینییەکانی جۆزیف و جارێکیش بە دزی چوومە ژوورەکەی هاریتۆن هەندێ چیرۆک و کتێبی لاتینی و یۆنانی خۆم لەوێ دۆزییەوە. هەموو ئەمانە هاوڕێی کۆنی من بوون. ئەمانەم لەگەڵ خۆم هێنا بەڵام هەموویان دزی و هەموویان سووتاند. تۆ هاریتۆن هیچ سوودێکت لەو کتێبانە نەبینی، بۆچی هەمووت سووتاندن، تۆ هەمیشە ئیرەییت بە من هاتووە، هەر تۆش بوویت ئامۆژگاری بەڕێز هیتکلیفت کرد کە ئەو گەنجینە پڕ لە کتێبەم لێ بدزێت؟ بەڵام زۆربەیانم لە مێشکم ماوە، هەمووی نووسراوەتەوە لە دڵمدا چاپ کراون، کەس ناتوانێت ئەوانە لە مێشک و دڵم دەربهێنێت!"

هاریتۆن سوور هەڵگەڕا کاتێ ئامۆزاکەی ئەو کارە دزێوانەی لێ ئاشکرا کرد، ئینجا دەستی کرد بە پاساو هێنانەوە و بەرگریکردن.

بۆ ئەوەی هاریتۆن ڕزگار بکەم، وتم "بەڕێز هاریتۆن زۆر حەز دەکات زانیاری و مەعریفەتی خۆی بەرەو پێشەوە ببات. ئەو ئیرەیی بە تۆ نابات بەڵام حەزی لە کتێبەکانی تۆ بوو. پاش چەند ساڵێکی تر قوتابییەکی زۆر زیرەکی لێ دەردەچێت."

کاسرین وەڵامی دایەوە "لە هەمان کاتیشدا دەیەوێت من بخاتە ژێر گڵەوە! بەڵێ گوێم لێیە کە هەوڵی خوێندنەوە و نووسین دەدات، ئای کە هەڵەی سەیر سەیر دەکات!

حەز دەکەم چێڤی چەیس وەک دوێنێ دووبارە بکەیتەوە: ئێجگار سەیر بوو. گوێم لێت بوو، گوێم لێت بوو کە لە نێو فەرهەنگەکە بە دوای مانای وشە قورسەکاندا دەگەڕای، پاشان دەستت کرد بە نەفرەتکردن چونکە نەتدەتوانی مانای وشەکان بخوێنیتەوە!"

کوڕە گەنجەکە زۆر هەستی بە شەرمەزاری کرد کە کاسرین بە نەزانینی پێکەنی، پاشان خۆیشی دای لە قاقای پێکەنین بۆ ئەوەی بە سەرە خۆی نەهێنێت. منیش هەمان بیرۆکەم هەبوو، بەسەرهاتەکەی خاتوو دینم بیر هاتەوە و وتم "بەڵام هەر یەک لە ئێمە بای خۆی هەڵە دەکات لە ژیانیدا، ئایا مامۆستاکانمان گاڵتەمان پێ دەکەن کاتێ کە هەڵە دەکەین یان هاوکاریمان دەکەن بۆ ئەوەی زیاتر فێر بین؟"

کاسرین وەڵامی دایەوە "ئۆه! مەبەستم ئەوە نییە بواری فێربوونی ئەو سنووردار بکەم، بەڵام مافی ئەوەی نییە شتەکانی من بۆ خۆی بەرێت و بە هەڵە و پەڵە بیخوێنێتەوە و گاڵتە بە وشەکانی نێو کتێبەکە بکات! ئەو کتێبانە بە پەخشان و شیعرەکانەوە لای من زۆر پیرۆزن، بۆیە ڕقم لەوە دەبێتەوە ئەو کتێبانە بە دەمی ئەو بخوێنرێنەوە! لەگەڵ ئەوەش، جوانترین دێڕەکانی منی هەڵبژاردووە کە من هەمیشە بۆ خۆم دووبارەم دەکردنەوە، بەڵام ئەو بە هەڵە و گاڵتەجارییەوە دەیخوێنێتەوە."

سنگی هاریتۆن بۆ ماوەیەک بێ هەناسە و بێ خوست بوو: هەستی بە تووڕەیی و تاوان دەکرد، من هەستامەوە، بۆ ئەوەی شەرمەزاری و سەرزەنشتییەکەی هاریتۆن بپۆشم، چوومە لای دەرگاکە، وەستام و سەیری دەرەوەم کرد. ئەویش وەک منی کرد و ژوورەکەی بەجێهێشت، بەڵام زوو بەدەرکەوتەوە، شەش کتێبی لە دەستەکانییەوە بوو، فڕێیدایە سەر کۆشی کاسرین، وتی "ها بیانگرە! هەرگیز جارێکی تر حەز ناکەم نە بیانخوێنمەوە نە گوێشم لێیان بێت!"

کاسرین وەڵامی دایەوە "ئێستا نامهەوێنەوە. ئەو کتێبانە لەگەڵ تۆ حیسابیان بۆ دەکەم و لەگەڵ ڕقم لێیان دەبێتەوە."

کاسرین یەکێک لە کتێبەکانی هەڵگرت کە کرابووەوە، دەستی کرد بە خوێندنەوە بە تۆنی یەکێک کە تازە فێر دەبێت، پاشان دەستی بە پێکەنین کرد. وتی "ئەها گوێ بگرە ئەمە دێڕەکانی شیعرێکی فۆلکلۆرە."

بەڵام هاریتۆنی خۆویست هیچی تر بەرگەی ئەو ئازارانەی نەگرت: گوێم لێ بوو،



بە خەمەوە سەیری زمانی کاسرینی دەکرد. دیار بوو کاسرین ئەم هەڵەی قۆستەوە و تا پێی خۆش بوو هەستەکانی هاریتۆنی بریندار کرد، هاریتۆنیش تەنیا بە جووڵانەوەی هەموو ئەندامەکان لەشی قەرەبووی ئەو شەرمەزارییەی دەکردەوە، پاشان کتێبەکانی هەڵگرتەوە تووڕ هەڵیدایە نێو ئاگرەکە. لەسەر و فەساڵی هەردووکیان گریان و شین و ڕۆڕۆم بەدی کرد. بەڵام هاریتۆن لەپڕێکدا هەستی بەوە کرد کە بەم کارەی تۆڵەی خۆی کردووەتەوە و سەرکەوتوو بووە بەرامبەر بە دوژمنەکەی یان بڵێین ئامۆزاکەی.

کاسرین لێوە وشکبووەکانی دەمشت و بە چاوێکی ماندووەوە دەیڕوانی، وتی : بەڵێ دڕندەیەکی وەک تۆ هەر ئەوەندە لەو کتێبانە فێر دەبێت.

هاریتۆن بە توندی وتی : ئێستا وا باشترە بۆ تۆ، زمانت بگری.

تووڕەیییەکەی قسەی زیاتر بەرهەم هێنا، خێرا هاتە لای دەروازەکە، لەو شوێنە کە جێم کرد تا تێپەڕێت. هاریتۆن دەرگا بەردینەکانی بڕیبوو، بەڕێز هیتکلیف هاتە سەرەوە و بەرامبەری هاریتۆن بووەوە، شانی گرت و پرسی "کوڕم ئێستا چی دەکەیت؟"

هاریتۆن وتی "هیچ ، هیچ ناکەم" خۆی تەنیا کرد و هەوڵی دا پەژارە و تووڕەیییەکەی بشارێتەوە.

هیتکلیف سەیرێکی کرد و هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا.

من لە پشت هیتکلیف بووم، بە منگەوە وتی "سەیرە گەر خۆم تووڕە بکەم. بەڵام کاتێ لە ڕوویدا سەیری باوکی دەکەم، لێرە هەموو ڕۆژێ شتی زۆرتر دەبینم! ئای کە چەند بە شەیتان دەچێت؟ حەز ناکەم بشیبینم چونکە چارەی کەسیانم ناوێت."

هیتکلیف چاوەکانی خستنەوە سەر زەوی و بە میزاژەوە چووە ژوورەوە. ڕووێکی ماندوو و نیگەران و ترشاوی هەبوو بۆ قسەکردن. هەرگیز ئاوا هیتکلیفم نەبینیوە پێشتر. بووکەکەی لە پەنجەرەکەوە ئەوی بینیبوو بۆیە ڕایکردە نێو موبەقەکە، جا من بە تەنیا مامەوە.

لە وەڵامی سڵاوەکەی من، هیتکلیف وتی "بەڕێز لۆکوود خۆشحاڵم کە دووبارە لە دەرەوە دەتبینم. بەشێکی لە پاڵنەرە خۆپەرستییەکەیە کە پێم وا نییە بتوانم هەر

ئێستا زەرەرەکەت پڕ بکەمەوە لەو بێ حەوسەڵەییەدا. زۆر پێم سەیرە چی تۆی هێناوەتە ئێرە."

وەڵامم دایەوە "گەورەم لەوە دەترسم بێکاری بێت. لە بەر هەندێ هەفتەی داهاتوو دەچمە لەندەن، بۆیە دەبێ ئاگەدارت بکەمەوە کە هەست ناکەم بتوانم ئەو دوانزە مانگەی کە لە سەری ڕێکەوتبووین لە سرەسکرۆس گرەنج بمێنمەوە. پێم وایە هیچی تر ناتوانم لەوێ بژیم. "

هیتکلیف وتی "بەڕاستیتە، ماندوو بووی ئەوەندە لە جیهان دوور کەوتیتەوە؟ گەر هاتووی تا پارە نەدەی بۆ ئەو شوێنەی کە ناتەوێت، ئەوا گەشتەکەت بێ سوودە: بۆ جاری دووەم من خانووی بە کرێ نادەم بە کەس. "

تۆزێ تووڕە بووم و وتم "نەهاتووم بۆ ئەوەی داوای ئەوەت لێ بکەم پارەم لێ خۆش بیت. هەر ئێستا لەگەڵت یەکلایی دەکەمەوە؟ دەفتەری تێبینییەکانم لە گیرفانم دەرهێنا.

بە خۆشییەوە وەڵامی دایەوە "نا، نا، تۆ زۆر شت دوای خۆت جێ دەهێڵی تا قەرزەکانت پێ پڕ بکەیتەوە گەر نەگەڕێیتەوە: من زۆر بە پەلە نیم. دانیشە و نانی ئێوارەمان لەگەڵ بخۆ، هەر میوانێک دوا سەردانی بێت و جارێکی تر نەگەڕێتەوە پێشوازی لێ دەکەین. کاسرین شتەکان بێنە ژوورەوە، لە کوێی؟

کاسرین دەرکەوت و سینییەک چەقۆ و چەنگاڵی هێنابوو.

هیتکلیف لە لایەکەوە بە کاسرینی وت "دەتوانی لەگەڵ جۆزیف نان بخۆیت، لە موبەقەکە بمێنەوە تا ئەو میوانە دەڕوات."

زۆر بە نادڵی گوێڕایەڵی فەرمانەکانی بوو: بەڵام هەستی ئەوەی نەبوو یاخی بێت. لە نێو قۆشمەچی و دژە مرۆڤەکان دەژیت، ئیتر ئەوەشی دەیانبینێت باشتر نین لەو مرۆڤانەی ئێرە.

بەڕێز هیتکلیف لە لایەک گرژ و مۆن، هاریتۆن لە لایەکی دیکەوە بێدەنگ، ژەمێکی زۆر ناخۆشم خوارد، بۆیە خێرا خواحافیزیم کرد. حەزم کرد بە دەرگای پشتەوەدا بڕۆم بۆ ئەوەی هەندێ قسە لەگەڵ کاسرین بکەم و پیرە جۆزیفیش بێزار بکەم، بەڵام هاریتۆن فەرمانی پێ درا کە ئەسپەکەم تا دەرەوە بهێنێت، هیتکلیف خۆی تا دەرەوە



لەگەڵم هات، بۆیە نەمتوانی کارەکەم بکەم.

کاتێ بە ئەسپەوە بە ڕێگەدا دەگەڕامەوە، بۆ خۆم بیرم دەکردەوە "ژیان لە بانەکانی وێزەرینگ زۆر قێزەوەن و ناخۆشە! بە دەردی خاتوو ئێلێن وتەنی ژیانی کاسرین بەس ژیان نییە، بەس لە نێو مرۆڤان ناژیت. ئەو کچە ژیانی بەس دوورە لە خۆی و ڕۆمانسییەت و پێکەنین. دەبێ چۆن بژیت، سەیرە!"

## بەشی سی و دوو

مانگی نۆی ساڵی ١٨٠٢ داوەت کرام بۆ وێرانکردنی بەیارەکانی هاوڕێیەکم لە باکور، لە گەشتەکەم بۆ خانووی هاوڕێکەم، پێشبینیم نەدەکرد کە ١٥ میل مابوو بگەمە گیمەرتۆن. شاگردی چایخانەکەی سەر ڕێگەکە پەقرەجێک ئاوی لە دەست بوو لە بەردەم ئەسپەکەی منی دادەنا، لە هەمان کاتدا عارەبانەیەک سەوزە بە وێدا تێپەڕی، سەوزەکان زۆر تازە و جوان بوون، پیاوەکە وتی "تۆ بەرەو گیمەرتۆن دەچی، ها؟ بە خوا خەڵکی تەمبەڵی لێیە و دانەوێڵە ناکەن!"

لە بەر ئەوەی من لە گیمەرتۆن ژیابووم و چێژی ژیانە ترسناک و بێمەکەم وەرگرتبوو، دووبارەم کردەوە "گیمەرتۆن؟ ئەها! دەزانم. چەند لێرەوە دوورە؟"

کابرا وەڵامی دایەوە "بە سەر ئەو گردانەوە نزیکەی چواردە میلە، ڕێگەیەکی سەختە."

لەپڕا مووچڕکێکم تێ گیرا و بڕیارم دا سەردانێکی سرەسکروس گرەنج بکەم. دەوروبەری نیوەڕۆ بوو، بە خۆمم وت کە شەوەکەش لەوێ بە سەر دەبەم گەلێ چاترە لەوەی لێرە لەم چایخانەیە ببەمە سەر. لەگەڵ ئەوەشدا، دەتوانم ڕۆژێک زووتر مەسەلەکانم لەگەڵ خاوەن خانووەکە یەکلایی بکەمەوە و خۆم لە ئاریشە و سەریەشەی داگیرکردنی دراوسێ دووبارە ڕزگار دەکەم. تاوێک پشووم دا و بە خزمەتکارەکەم وت پرسیاری ڕێگەی لادێکە بکات، هەرچەندە ئەسپەکانمان زۆر ماندوو ببوون، بە سێ سەعات توانیمان ئەو ڕێگەیە دوورە ببڕین.

لەوێ بەجێم هێشت و خۆم بە تەنیا بە نێو دۆڵەکەدا شۆڕ بوومەوە. کەنیسە



ڕەساسییەکە، ڕەساسیتر بوو، حەوشە تەنیاکەی لە جاران تەنیاتر بوو. مێگەلە مەڕێکم بینی لەسەر چیمەنی گۆڕستانەکە دەلەوەڕان. کەش و هەوایەکی گەرم و خۆش بوو، زۆر گەرم بوو بۆ گەشت، بەڵام گەرمییەکەی نەبووە ڕێگرم بۆ چێژ وەرگرتن لەو دیمەنە جوانەی سەرەوە و خوارەوە: خۆ مانگی هەشت نییە ئاوا گەرمە، من دڵنیام وام لێ دەکات مانگێکی تریش بە تەنیا لێرە بەسەر بەرم. لە زستاندا هیچ شتێک ئەوەندە ترسناک نییە، لە هاویندا هیچ شتێک ئەوەندە ئیلاهی نییە لە چاو ئەو شیوە تەسکانەی لای ئەو گردانە، هەروەها لە چاو تەفرەدان و فێڵی ئەو بەیارانە.

پێش زەردەپەڕ گەیشتمە گرەنج، لە دەرگام دا بۆ چوونە ژوورەوە، بەڵام خێزانەکە چووبوونە پشتەوە، توندتر لە دەرگام دا لە لای ئاگردانی موبەقەکە، هەر گوێیان لێ نەبوو. چوومە نێو حەوشەکە. لە ژێر هەیوانەکە کچێکی نۆ دە ساڵان دانیشت بوو، درومانی دەکرد و پیرەژنێکیش لە نێو دەرگاکە جگەرەی دەکێشا.

لە پیرەژنەکەم پرسی "ئەرێ خاتوو دین لە ژوورێیە؟"

وەڵامی دایەوە: نەخێر لێرە ناژیت: لە سەرەوە لە بانەکانی وێزەرینگ دەژیت.

بەردەوام بووم: کەواتە تۆ خزمەتکارەکەی؟

وەڵامی دایەوەک بەڵی خانووەکە دەپارێزم

وتم: باشە من سەرۆک، بەڕێز لۆکوودم. ئایا هیچ ژوورێک هەیە منی لێ بحەوێننەوە، گەر هەبێت باشە؟ دەمەوێ ئەمشەو لێرە بمێنمەوە."

بە سەرسوڕمانەوە هاواری لێ هەستا "بەڕاست تۆ سەرۆکیت! گەر نەشبێت، شوێنی تۆ هەر دەکەینەوە!"

دار جگەرەکەی دانا و چووە ژوورەوە، کچەکەش بە دوای کەوت و منیش دوای ئەوان چوومە ژوورەوە. هەندێ بە گارەگار بوون، پێم وتن کە هێمن بن. پێم وتن کە من دەچم پیاسەیەک دەکەم تا دێمەوە گۆشەیەکم بۆ ڕێک بخات بۆ ژووری دانیشتن و نانی ئێوارە و ژوورێکیش بۆ نوستن. پێم وتن کە ئەو ژوورانە خۆڵاوی نەبن، و ئاگرێکی باشیشیان لێ بێت. پێ دەچوو ئامادە بوو کە درێغی نەکات لە کارەکانیدا، بانەکانی وێزەرینگ مەبەستی چوونە دەرەکەی من بوو، پێش ئەوەی بڕۆم لە حەوشەکە گەڕامەوە بۆ ئەوەی بپرسم.

لە پیرەژنەکەم پرسی "هەموو شتێک ئارامە لە بانەکان؟"

سۆتەکە جگەرەی ڕشت و وەڵامی دایەوە "ئێمە چووزانین!"

دەمویست بپرسم بۆچی خاتوو دین گرەنجی جێ هێشتووە، بەڵام نەمویست زیاتر ڕەزای خۆم گران بکەم، بۆیە ڕووم وەرگێڕا و ڕۆیشتم، بە تەنیا بەڕێ کەوتم، خۆر بە ئاستەم لە پشتمەوە بوو، بەیارێکی چڕ لە پێشەوەم بوو، یەک لادەچوو ئەوی تر دەگەشایەوە، کاتێ پارکەکەم جێ هێشت، بە سەر ڕێگە بەردینەکە بەڕێ کەوتم بۆ خانووی بەڕێز هیتکلیف. پێش ئەوەی بگەمە ئەوێ، ڕووناکی خۆر لای ڕۆژئاوا تەواو بوو و تاریکی کرد، بەڵام دەمتوانی هەموو بەردەکانی سەر ڕێگەکە ببینم، هەموو تاڵێکی چیمەنەکەم دەبینی، ئەویش بە هۆی ڕووناکی مانگەکەوە بوو. نە سەرکەوتم و نە لە دەرگاشم دا - خۆی کرابووەوە، وتم دیارە شتەکان لێرە باشتر بوونە. لە نێو درەختە بە بەرەکانی خانووەکە چەندین میوەی جۆراوجۆر زۆر بە جوانی شۆڕ ببوونەوە.

هەردوو دەرگاو پەنجەرەکە کرابوونەوە، ئێستاش وەک جاران ئاگرێکی گەش لە نێو ئاگردانەکە ئەو ناوەی ڕووناک کردبووەوە. گەر خانووێکی بچووک بوایە کەس لە بەری خۆی ڕا نەدەگرت، بەڵام بانەکانی وێزەرینگ زۆر گەورە بوو کە هەر یەکەو لە شوێنێک، لە ژوورێک بۆ خۆی دادەنیشت. ژوورەوە خەڵکی لێ بوو، زۆر دوور نەبوون لە پەنجەرەکە، هەر لە حەوشەکە ئەوانم لێ دیار بوو و گوێم لە قسەکانیان بوو، وەستام بۆ ئەوەی گوێیان لێ بگرم، هەر حەزم لێ بوو بزانم چی دەڵێن و باسی چی دەکەن.

دەنگێک وەک زەنگی زیوین، بە شیرینی وتی "بە پێچەوانەوە! تۆ زۆر دەبەنگی ئەوە بۆ جاری سێیەمە! جارێکی تر پێت ناڵێم. بە بیرت بێت ئەگینا بە قژی ڕاتدەکێشم!"

یەکێکی تر بە تۆنێکی نەرم وتی "دەی باشە بە پێچەوانەوە، ئێستا ماچم بکە، بۆ ئەوەی باشتر بە بیرم بێتەوە."

"نەخێر، لە سەرەوە ڕا بخوێنەوە بێ ئەوەی یەک هەڵە بکەیت."

قسەکەرەکە دەستی بە خوێندنەوە کرد: گەنجێک بوو، جلێکی جوانی پۆشیبوو و لەسەر مێزەکە دانیشتبوو، کتێبێکی لە پێش بوو. زۆر کەیفخۆش بوو، چاوەکانی



لەسەر پەڕەی کتێبەکە لاچووبوون لەنگەریان لە شوێنێکی خەیاڵی گرتبوو، کەچی شەپازڵلەیەک بە بنا گوێی کەوت و بە ئاگا هاتەوە. ئەوەی وانەی پێ دەوتەوە لە پشتییەوە ڕاوەستابوو، ئەو کاتە بازنەکانی دەستی دەدرەوشانەوە، کاتێ دەچەمایەوە ڕووێکی بۆری هەبوو، زۆر باش بوو کە قوتابییەکە ڕوخساری کچەکەی نەدەبینی ئەگینا هەر بۆی نەدەخوێندرایەوە.

وانەکە تەواو بوو، هەردوو لا ئازاد بوون. بەڵام قوتابییەکە داوای پاداشتی کرد، بە لایەنی کەم پێنج تەڕە ماچی وەرگرت، بەڵام بە نەرم و نیانی گەڕایەوە. پاشان هاتنە لای دەرگاکە، لە گفتوگۆکەیان ڕا دیار بوو کە ژوانێک دادەنێن بۆ ئەوەی بچنە نێو بەیارەکان و پیاسییەک بکەن. گەر لەو ساتە خۆم دەرخستبا ئەوا هاریتۆن زۆر ڕقی لێم دەبووەوە، بۆیە سووڕامەوە لە لای موبەقەکە چوومە ژوورەوە. لەو لایەوە کەس نەیزانی من هاتوومە ژوورەوە، لای دەرگاکە هاوڕێ کۆنەکەم خاتوو دین دانیشتبوو، دروومانی دەکرد و لە بەر خۆیەوە گۆرانییەکی دەوت، کە ناوە ناوە وشەی ناڵێبووردەیی و سووکایەتی پێکردنی تێ دەخست، پێ دەچوو ڕەنگدانەوەی ژیانە ناخۆشەکەی بێت لە بانەکانی وێزەرینگ.

کاتێ لێی چوومە پێش، خاتوو دین دەیویست دەست بە گۆرانییەکی تر بکات، بەڵام بازی دایە سەر پێیەکانی و هاواری لێ هەستا "ئۆه، بەڕێز لۆکوود، ئەوە تۆی، چۆن بەم شێوەیە هاتیە ئێرە؟ دەبوایە لە سرەسکرۆس گرەنج بوای. دەبوایە ئاگەدارمان بکەیتەوە پێش ئەوەی سەردانمان بکەیت!"

وەڵامم داوە "ئا لێرە دەمێنمەوە، شوێنم بۆ ئامادە کراوە لە گرەنج. دووبارە بەیانی دەڕۆمەوە. باشە تۆ چۆن هاتووی بۆ ئێرە، خاتوو دین قسەم بۆ بکە."

پاش ئەوەی تۆ چووی بۆ لەندەن، هێندەی نەبرد زیلا کارەکەی جێ هێشت و بەڕێز هیتکلیف حەزی لێ بوو من شوێنەکەی بگرمەوە، لێرە بم تا تۆ دەگەڕێیتەوە. تۆ ئێستا وەرە ژوورەوە! ئایا بەم ئێوارەیە لە گیمەرتۆنەوە ڕا هاتی؟"

وەڵامم داوە "لە گرەنجەوە هاتووم، هەر لەوێش ژوورم بۆ مانەوە بۆ ڕێک دەخەن، هاتووم بۆ ئەوەی کارەکەم لەگەڵ سەرۆکەکەت تەواو بکەم، چونکە پێم وا نییە جارێکی دەرفەت هەبێت بێمەوە بۆ ئێرە"

منی هێنا ناو خانووەکە، نیلّی وتی "گەورەم چ کارێک؟ ئێستا ڕۆیشتووە و وەها زووش ناگەڕێتەوە."

وەڵامم داوە "دەربارەی کرێی خانووەکە."

خاتوو دین وتی "ئۆه، کەواتە دەبێ لەگەڵ خاتوو کاسرین قسە بکەیت. یان لەگەڵ من. بەڵام کاسرین هێشتا فێر نەبووە ئەو کارانە بکات، من لە باتی ئەو کارەکانی بۆ دەکەم: کەسی تر نییە."

واقم وڕما!

خاتوو دین بەردەوام بوو "ئۆه! دیارە گوێت لەو هەواڵە نەبووە کە هیتکلیف مردووە!"

بە سەرسوڕمانەوە هاوارم لێ هەستا "هیتکلیف مردووە! ماوەی چەندە مردووە؟"

" ئەوە سێ مانگە: وەرە دانیشە، کڵاوەکەتم بدەرێ، هەموو شتێکت بۆ باس دەکەم. بوەستە، خۆ نانت نەخواردووە؟"

وتم "هیچم ناوێ: لە گرەنج فەرمانم کردووە نانی ئێوارەم بۆ ئامادە بکەن. تۆش وەرە دانیشە. لە خەونیش بیرم لە مردنی ئەو کابرایە نەدەکردەوە! ئێستا پێم بڵێ شتەکان چۆن ڕوویان دا. تۆ دەڵێی گەنجەکان وەها زوو ناگەڕێنەوە؟"

" نەخێر - دەبێ هەموو ئێوارەیەک لێیان تووڕە بم و سەرزەنشتیان بکەم لە بەر پیاسە درەنگانەکانیان: بەڵام بۆ من نەهاتوون. تۆ زۆر ماندوو و شەکەت دیاری، بە لایەنی کەم تۆزێ بیرە کۆنەکەی ئێمە بخۆرەوە، حاڵت باشتر دەبێت."

پێش ئەوەی ڕەتی ئەو بیرەیە بکەمەوە، خاتوو دین بە خێرایی چوو هێنای، گوێم لە جۆزیف بوو دەیوت ئەوە چییە بابە بەو ئان و ساتە هاوڕێی لە تەمەنی خۆت بووەتە میوانت! لەوەتەی سەرۆک نەماوە بە کەیفی خۆتان دەکەن!"

بەڵام خاتوو دین هەر وەڵامیشی نەدایەوە، دوای دەقیقەیەک یەکسەر هاتە ژوورەوە، جامێکی پڕ لەو بیرە کۆنە هێنابوو کە من زۆر بە پەرۆشەوە هەڵم دا. پاشان مەستی کردم بە چیرۆک و مێژووی هیتکلیف. هەروەکو باسی کرد ئەو کابرایە کۆتاییەکی زۆر سەیری هەبوو.

خاتوو دین دەستی بە گێڕانەوە کرد: دوو هەفتە پاش ڕۆیشتنی تۆ، بانگ کرام بۆ



بانەکانی وێزەرینگ. منیش لە بەر خاتری کاسرین بە کەیف خۆشیەوە پەسەندم کرد. یەکەم چاوپێکەوتنم لەگەڵ کاسرین منی حەپەساند و زۆر خەمم پێی خوارد: زۆر زۆر گۆڕابوو لەوەتەی لێک جودا ببووینەوە. بەڕێز هیتکلیف هیچ هۆکارێکی پێ نەوتم بۆچی ئەو بڕیارەی داوە من بێمە ئێرە، تەنیا ئەوە نەبێت پێمی وت کە دەمەوێ تۆ لێرە بیت، زۆریش ماندوو ببوو لە دیتنی کاسرین: پێی وتم دەبێ ژوورێکی دانیشتن بۆ خۆم ڕێک بخەم و کاسرینیش لای خۆم دابنێم. ڕۆژانە بە زۆری و بە ناچاری یەک دوو جار چاوی پێی دەکەوت. کاسرین بەو هەلە زۆر خۆشحاڵ بوو، پاشان وردە وردە کتێبەکانم بۆ دزییەوە، بە تایبەتی چەند وتارێکیش کە لە گرەنج زۆر کەیفی بەوانە دەهات، ئامۆژگاریم کرد کە دەبێ لەگەڵ ئەو ژیانەی ئێرە خۆمان ڕابێنین، خۆمان مورتاح بکەین. ئەو خەیاڵە زۆری نەبرد. کاسرین یەکەم جار زۆر تووڕە و توند بوو، لە بەر یەک شت ئەویش چوونە نێو باچخچەی لێ حەرام کرابوو، بۆیە لەوەش ڕانەهاتبوو کە لە چوار دیواری بچووک لە بەهاردا ژیان بە سەر ببات. منیش زۆرجار بە تەنیا جێم دەهێشت لە بەر کاروباری خانووەکە. بۆیە ناڕەزایی دەربڕی لە تەنیایی. ئەوەی لای باشتر بوو دمە دم لەگەڵ جۆزیف بکات لە نێو موبەقەکە بەس بە تەنیا دانەنیشێت. من گوێم بە شەڕە قسەکانی ئەوان نەدەدا: بەڵام زۆرجار هاریتۆن بە ناچاری دەچووە موبەقەکە، کاتێ سەرۆک ویستی بە تەنیا لە نێو خانووەکە هامشۆ بکات! لە سەرەتادا کە هاریتۆنی دەبینی بێدەنگ دەبوو یانیش لەوێ دەڕۆیشت، یاخود هەمیشە لێی تووڕە دەبوو و ڕووی دەشکاندەوە، هاریتۆنیش هەمیشە تووڕە و بێدەنگ دەبوو. پاش ماوەیەک کاسرین هەڵسوکەوتی خۆی گۆڕی و نەیتوانی بە یەک جاریش هاریتۆن بە تەنیا جێ بهێڵێت: هەمیشە قسەی لەگەڵ دەکرد، گاڵتەی بە گەمژەیی و کارەکانی دەکرد، هەمیشە پێی دەوت چۆن بەرگەی ئەو ژیانەت گرتووە کە تا ئێستا ژیاوی. چۆن هەموو ئێوارەیەک بە تەنیا دانیشتووە و سەیری ئاگری کردووە و پاشان نووستووە.

جارێکیان کاسرین پێی وتم "ئێلّن هاریتۆن زۆر بە سەگ دەچێت، وا نییە؟ کاری خۆی دەکات و خواردنی خۆی دەخوات و پاشان دەخەوێت! دەبێ چ ئەقڵێکی ترسناک و ڕەشی هەبێت! ئایا هاریتۆن تۆ قەت خەون دەبینی! گەر خەون ببینی، خەونەکانت دەربارەی چییە؟ بەڵام تۆ ناتوانی قسەم بۆ بکەی!"

پاشان سەیری کرد بەڵام هاریتۆن نە دەمی لێک کردەوە نە جارێکی تر سەیری کردەوە.

کاسرین بەردەوام بوو "ڕەنگە ئێستا خەون ببینێت. هەروا شانەکانی هەڵدەتەکێنێت. ئێڵن پرسیاری لێ بکە."

وتم: "گەر ئاقڵ نەبیت ئەوا بەڕێز هاریتۆن بە سەرۆک دەڵێت بتنێرێتە سەرەوە! "هاریتۆن نەک هەر تەنیا شانەکانی هەڵدەتەکاند بەڵکو دەستەکانیشی گرمۆڵە دەکرد و مستی لێ دروست دەکردن و وەک بڵێی بەکاریان بێنێت.

لە حاڵەتێکی تردا، کاسرین وتی "دەزانم بۆچی هاریتۆن قەت قسە لەگەڵ من ناکات کاتێ من لە نێو موبەقەکەم. ئێڵن لەوە دەترسێت کە من پێی پێبکەنم، تۆ ڕات چییە؟ جارێکیان خۆی فێری خوێندنەوە دەکرد، منیش لە بەر ئەوەی گاڵتەم پێ کرد و پێی پێکەنیم کتێبەکانی سووتاند و لە ناوی برد: ئەی توخوا ئەمە دەبەنگ نییە؟"

وتم "ئەی باشە تۆش لووتبەرز نەبووی. وەڵامی ئەوەم بدەرەوە."

کاسرین بەردەوام بوو "بەڵی تۆ ڕاست دەکەی من لووتبەرز بووم. بەڵام پێشبینی ئەوەم لێ نەدەکرد ئەوەندە گەمژە بێت. ئەم جارە هەوڵ دەدەم پێی دەڵێم: هاریتۆن گەر ئێستا کتێبێکت بدەمێ لێمی وەردەگریت!"

کاسرین کتێبێکی هەڵگرت و دای بە هاریتۆن، بەڵام ئەو لێی وەرنەگرت، بۆیە کاسرین وازی نەهێنابا، ڕەنگە هاریتۆن ملی بشکاندبا. بەڵام کاسرین وتی "باشە ئەوە کتێبەکە لە نێو چەکمەجەی ئەو مێزە دادەنێم و ئێستا دەچم دەخەوم."

پاشان کاسرین بە گوێمی چرپاند بۆ ئەوەی چاودێری هاریتۆن بکەم بزانم دەست لە کتێبەکە دەدات یان نا، دواتر ڕۆیشت. بەڵام هاریتۆن بە هیچ شێوەیەک تخوونی کتێبەکە نەکەوت، بۆ بەیانییەکەی ئەوەم بە کاسرین وت زۆر پەست و بێ ئومێد بوو. بینیم زۆر پەشیمان بوو لەو لووتبەرزی و بەرزە فڕییەی پێشتری: کاتێ کە لە ژوورەوە کارم دەکرد و خۆم بە شتێکەوە مژوڵ دەکرد، کتێبێکی دەهێنا بە دەنگی بەرز بۆمی دەخوێندەوە. کاتێ هاریتۆن لەوێ دەبوو، بە گشتی لە بەشێکی زۆر خۆش دەوەستا، کتێبەکەشی بە ئاوەژوویی دادەنا: زۆر جار ئەمەی دووبارە دەکردەوە، بەڵام هاریتۆن زۆر کەللە ڕەق بوو، لە بری ئەوەی دەست بکاتە کتێبەکە یان قسەیەک لەگەڵ



کاسرین بکات دەچوو لەگەڵ جۆزیف دەستی بە جگەرە کێشان دەکرد. پێکەوە لەگەڵ جۆزیف بە ئاشتی دادەنیشتن هەریەکە و لە لایەکی ئاگرەکە، جۆزیفی پیر گوێی گران بوو لە سەرکۆنەکانی کاسرین نەدەگەیشت، بە دەردی خۆی وتەنی گەنجەکە کاری خۆی دەکرد بۆ ئەوەی ئەوەی کاسرین پشت گوێ بخات. لە ئێوارە خۆشەکاندا هاریتۆن خۆی بە چەکەوە خەریک دەکرد و کاسرینیش دەمی بەش دەکردەوە و هەناسەی ساردی هەڵدەکێشا، وازی لە من نەدەهێنا بە ناچاری قسەی پێ دەکردم، کاتێکیش من دەستم بە قسە دەکرد ڕای دەکردە حەوشەکەوە یان باخچەکە، دوا جار خۆی پێ نەگیرا و هاواری لێ هەستا و وتی کە لەم ژیانە بێ تاقات بووە: ژیانی بێ کەڵک و بێ سوودە.

بەڕێز هیتکلیف، کە زۆر بە کەمی خۆی لە ئێمە دەگەیاند و قسەی لەگەڵ کەس نەدەکرد، هاریتۆن ئێرنشۆی لە ژوورەکەی دوور خستەوە. هاریتۆنی داماو هەموو ساتەکانی لە موبەقەکە بە سەر دەبرد. جارێکیان لەسەر گردەکان گوللەیەکی لە دەست دەرچوو بە باسکی خۆی کەوتەوە، پێش ئەوەی بگاتەوە ماڵێ خوێنێکی زۆری لە بەر ڕۆییبوو. لە ئەنجامدا لە لای ئاگرەکە پاڵ کەوت و قاتێکیش لە لایەن سەرۆکەوە زەلیل کرا و تا تۆزێک هاتەوە سەرە خۆی. ئەو حاڵەتە زۆر باش بوو بۆ کاسرین کە خۆی لە هاریتۆن نزیک بکاتەوە: بە هەر حاڵ ئەمە وای لێ کرد کە ڕقی لە ژووری سەرەوە بێت: منی ناچار دەکرد کار لە خوارەوە بدۆزمەوە، بۆ ئەوەی ئەویش لەگەڵم بێت.

جەژنی "سوپاسکردن" کەوتە ڕۆژی دووشەم، جۆزیف لەو ڕۆژەدا لەگەڵ چەند مەڕێک چووە گیمەرتۆن، دوای نیوەڕۆ، منیش لە موبەقەکە سەرقاڵی کاروبار بووم. ئێرنشۆ وەک جاران بە مۆنی لە گۆشەی ئاگردانەکە دانیشت بوو، خانمە گەنجەکەش (کاسرین) لە لایەک دانیشتبوو وێنەی لەسەر پەنجەرەکە دروست دەکرد، لە بەر خۆیەوە گۆرانی دەوت. ناوە ناوە سەیرێکی ئامۆزاکەی دەکرد و دیار بوو ئۆقرەی لێ بڕابوو، ئامۆزاکەشی جگەرەی دەکێشا و سەیری دەروازەی دەرەوەی دەکرد. هەندێک چوومە لای کاسرین بۆ ئەوەی دڵخۆشی بدەمەوە، بەڵام بێ هوودە بوو، بۆیە دواجار تەقییەوە و وتی "هاریتۆن هاتمە ئەو قەناعەتەی کە من زۆر خۆشحاڵ دەبم تۆ

ئامۆزای من بیت، من قەبووڵمە گەر تۆ توورە و توند نەبی لەگەڵما."

هاریتۆن هیچ وەڵامی نەبوو.

کاسرین بەردەوام بوو "هاریتۆن، هاریتۆن، هاریتۆن! گوێت لێمە؟"

بە دەموچاوێکی گرژ و ترشاوەوە وتی "چارەی تۆم ناوێت، دوور کەوە لێم!"

کاسرین لێی چووە پێشەوە و دەستی بۆ دار جگەرەکە برد و وتی "ئەو دار جگەرە بدە من"

پێش ئەوەی کاسرین دار جگەرەکە لە دەمی دەربهێنێت، دار جگەرەکە شکابوو. هاریتۆن لە کاسرین توورە بوو و جگەرەیەکی تری دەرهێنا.

کاسرین هاواری لێ هەستا "بەسە هاریتۆن، دەبێ گوێم لێ بگری، من ناتوانم قسە بکەم گەر ئاوا لە خۆت بکەیت"

هاریتۆن تووڕەهاتر وتی "لاچۆ هەی شەیتانی بەدفەڕ! بەسە وازم لێ بێنە!"

کاسرین پێی داگرت و وتی "نەخێر، وازت لێ ناهێنم: نازانم چی بکەم تا تۆ قسەم لەگەڵ بکەیت. تۆ زۆر کەللە ڕەقی، ناتەوێ تێبگەیت. کاتێ پێت دەڵێم دەبەنگ، مەبەستم هیچ شتێک نییە: مەبەستم ڕیسوا کردن و شکانەوەی ڕووی تۆ نییە. وەرە، هاریتۆن با فێرە خوێندنەوەت بکەم: تۆ ئامۆزای منی، تۆ دەبێ ببیت بە خاوەنی من."

هاریتۆن وەڵامی دایەوە "من لەگەڵ تۆ خۆم فێرە خوێندنەوە ناکەم، تۆ زۆر لووتبەرزی، هەروەها تۆ زۆر بە فرتوفێڵ و ئۆینبازی! هەر ئێستا دەچم بۆ دۆزەخ، ڕوح و جەستەم دەسووتێنم، گەر تۆ لێرە لە تەک خۆم ببینم. هەر ئێستا لە بەر چاوم ون بە!"

کاسرین ڕووی گرژ بوو، چۆوە لای پەنجەرەکە و دەستی کرد بە کرۆشتنی لێوەکانی، بە هەموو چەشنێک دەیویست هەنسکەکانی بشارێتەوە.

من لێرە تەداخولم کرد "بەڕێز هاریتۆن، تۆ دەبێ هاوڕێ بیت لەگەڵ ئامۆزاکەت. دەبێ ببیت بە هاوڕێی چونکە وا دان بە هەڵەی خۆی دادەنێت و داوای لێبووردن دەکات. گەر ببیت بە هاوەڵی ئەوە ژیانی هەردووکتان زۆر خۆش دەبێت، کاسرین زۆر سوودی بۆ تۆ دەبێت. تۆش دەبی بە پیاوێکی تر.



هاریتۆن هاواری لێ هەستا "چ هاوەڵێک، ئەو هاوەڵەی ڕقی لێم دەبێتەوە، من بەپیاو دانانێت دڵخۆشی بکەم! نەخێر، گەر بمکاتە شای هەموو جیهان، جارێکی تر ناچمە ژێر باڵی ئەو لووتبەرزە."

کاسرین بە گریانەوە وتی "ئەوە من نیم ڕقم لە تۆ دەبێتەوە، بەڵکو ئەوە تۆی ڕقت لە من دەبێتەوە! تۆ بە قەد بەڕێز هیتکلیف بگرە زیاتریش ڕقت لە منە. "

هاریتۆن ئێرنشۆ دەستی پێکرد "تۆ درۆزنێکی بەدفەڕی. بۆچی من ئەوم توورە کردووە، بۆچی من هیتکلیف لە تۆ هار دەکەم؟ کە تۆ گاڵتەت پێ کردم و ڕیسوات کردم - دەی بزانە تووشی تاعوونم ناکەیت، لاچۆ لە بەر چاوم، ئەگینا من لە مووبەقەکە دەڕۆمە دەرەوە!"

کاسرین چاوەکانی وشک کردەوە و وەڵامی دایەوە "نەمزانی تۆ بەشی منت وەرگرت. منیش لە هەموو کەسێک بەختم نەبوو، بەڵام ئێستا سوپاست دەکەم، لێت دەپاڕێمەوە کە لێم خۆش بیت: دەتوانم لە نێو پاش چی بکەم؟"

گەڕایەوە لای ئاگرەکە و دەستەکانی درێژ کرد. هاریتۆن وەک هەوری برووسک هەژێن ڕوخساری ڕەش هەڵگەڕا و پەست ببوو، مستەکانی توند کردبوون، نازانم دەیویست لە کێ بدات. چاوی هەر لەسەر زەوی گیر کرد بوو. کاسرین زۆر پەست و دڵتەنگ و پەرێشان بوو، لەم هەڵسوکەوتە سەگانەیەی پەشۆکاو ببوو، چونکە هیچ بڕیاری نەدا، چووە لای هاریتۆن و بە سەرسامییەوە ماچێکی لە ڕوومەتی کرد. کچە جوانەکە وایزانی من نەمبینیوە، گەڕایەوە پاش، ئەمجارە چۆوە لای پەنجەرەکە، زۆر شپرزە ببوو. سەرم لەقاند و پێم باش بوو، پاشان ڕووی سوور هەڵگەرا و وتی "ئێلن، باشە چیم کردووە؟ تۆقە ناکات و سەیرم ناکات: دەبێ وا خۆم دەربخەم کە من کەیفم پێ دێت - پێی بڵێم کە ئێمە هاوڕێین."

نازانم ئایا هاریتۆن بەو ماچە قەناعەتی کرد یان نا: زۆر ئاگەدار بوو، چەند دەقیقەیەک، ڕووی بە کەس نیشان نەدا، پاشان ڕووی بەزر کردەوە، لە شەرمان نەیدەزانی چاوەکانی لە کوێ لەنگەر بگرن.

کاسرین کتێبێکی هێنا لە نێو کاغەزی سپی جوان پێچابوویەوە، بە قردێلەیەکی سپی توندی کردبوو، لە سەری نووسیبوو پێشکێشە بە "بەڕێز هاریتۆن ئێرنشۆ"،

کاسرین منی کردە باڵیۆزی خۆی و ئەم دیارییەی پێ گواستمەوە بۆ هاوڕێ کەللە ڕەقەکەی.

کاسرین وتی "ئێلن گەر ئەم کتێبەی وەرگرت، ئەوا پێی بڵێ کە کاسرین خۆی دێت فێرت دەکات بە دروستی بخوێنیتەوە، گەر ڕەتیشی کردەوە، دەچمە سەرەوە، هەرگیز جارێکی تر خۆمی تێناگەیەنم."

دیارییەکەم وەرگرت و چووم پەیامەکەم گەیاند، کاسرین بە پەرۆشەوە لە دوورەوە سەیری دەکردین. هاریتۆن پەنجەکانی لێک نەکردنەوە، بۆیە منیش کتێبەکەم لەسەر ئەژنۆی دانا. وەری نەگرت و فڕێشی نەدا. گەڕامەوە سەر کاری خۆم. کاسرین سەری خۆی خوار کردەوە لەسەر مێزەکە، تا گوێی لێ بوو کە ئامۆزاکەی جووڵایەوە، پاشان خۆی دزییەوە، چووە تەنیشت ئامۆزاکەی دانیشت. هاریتۆن دەستی بە لەرزین کرد و ڕووی تاریک بوو: هەموو تاڵی و ترشی و تووڕەیی و ڕقەکەی نەمابوو: یەکەم جار جورئەتی نەبوو قسە بکات، نەیتوانی یەک برگە چییە وەڵامی نیگا پڕ لە پرسیارەکەی کاسرین بداتەوە، کاسرین بە منگەوە وتی : هاریتۆن بڵێ لێت خۆش دەبم. هەر تەنیا بە وشەیەک زۆر دڵخۆشم دەکەیت.

هاریتۆن شتێکی وت کەس گوێی لێ نەبوو.

کاسرین بە پرسیارەوە وتی "کەواتە تۆ دەبی بە هاوڕێم، ها؟"

هاریتۆن وەڵامی دایەوە "نەخێر، لە ژیانتدا هەموو ڕۆژێ خەجاڵەت دەبی لە بەرمن، چەند خەجاڵەت بی ئەوەندە من دەناسیت، من بەرگەی ئەوە ناگرم."

کاسرین وەک هەنگوین زەردەخەنەیەکی شیرینی هاتێ و زیاتر لێی چووە پێشەوە، وتی "کەواتە نابیتە هاوڕێم؟"

ئیتر هیچی تر لە قسەکانیان نەگەیشتم، بەڵام کە سەیرم کردن هەردووکیان سەریان بە سەر کتێبە پەسەند کراوەکە کردبوو، گومانم لەوە نەما کە ڕێکەوتننامەکە لە لایەن هەردوو لاوە پەسەند کرا، لەو کاتە بە دواوە دوژمنەکان بوون بە هاوپەیمانی یەکتر و هاوڕێی گیانی بە گیانی یەکتر.

زۆریان خوێند، هەرگیز سەریان لەسەر کتێبەکە هەڵنەگرت تا جۆزیف هاتەوە. جۆزیفی داماو زۆر حەپەسا و شڵەژا کاتێ ئەو دیمەنەی بینی کە کاسرین لەسەر یەک کورسی لەگەڵ هاریتۆن ئێرنشۆ سەریان پێک کردبوو و دانیشتبوون، کاسرین



دەستی لەسەر شانی هاریتۆن دانابوو، بەو دیمەنە کاسرین لەو پەڕی خۆشیدا بوو: ئەو دیمەنە ئەوەندە کاری لە جۆزیف کرد، نەیتوانی ئەو شەوە هیچ لەسەر ئەو بابەتە قسە بکات، دیار بوو دیمەنەکە سڕی کردبوو. هەست و سۆزی بە هەناسەیەکی سارد و سڕ دەربڕی کاتێ ئینجیلەکەی لەسەر مێزەکە فڕێ دا و نووسینەکانی لەسەر کتێبەکەی دانا کە ئەمڕۆ فێری ببوو. لە کۆتاییدا خۆی بۆ نەگیرا و بانگی هاریتۆنی کرد.

وتی: ئەمانە بدە سەرۆک، ئێستا بڕۆ سەرەوە بۆ ژووری خۆت.

وتم "وەرە کاسرین دەبێ بچینە ئەو لاوە: کارەکانی خۆم کردووە. ئامادەی بڕۆین؟"

دیار بوو ئەوەی پێ خۆش نەبوو، وەڵامی دایەوە "هێشتا نەبووەتە سەعات هەشت!"

دواتر ڕووی لە هاریتۆن کرد و وتی "هاریتۆن، ئەو کتێبە لەسەر لێواری ئاگردانەکە بەجێ دێڵم، بەیانی هەندێ کتێبی تر دێنم."

جۆزیف وتی "هەر کتێبێک بەجێ بێڵی فڕێی دەدەمە ناو ئەو ئاگرە."

کاسی هەڕەشەی کرد کە کەس نابێ دەست لە کتێبخانەکەی یان کتێبێکی بدات، کاتێ بە لای هاریتۆن تێپەڕی زەردەخەنەیەکی تێ گیرا و بە دەم گۆرانی وتنەوە چووە سەرەوە: دەتوانم بڵێم دڵی زۆر خۆش بوو، لەوەتەی هاتووەتە بانەکانی وێزەرینگ ئەوە بۆ یەکەم جارە ئاوا کەیف خۆش بێت، جگە لەو ساتانەی بۆ یەکەم جار سەردانی لینتنی کرد، ئەوە یەکەم جار بوو لە بانەکان خەندە لەسەر لێوانی ببینم.

ئەو لە یەکتر نزیکبوونەوەیە خێرا گەشەی کرد، هەرچەندە جار جارە نەدەچوونە لای یەکەوە. هاریتۆن بە خۆزگەیەک شارستانی نەدەبوو، خانمە گەنجەکەی منیش فەیلەسووف نەبوو، ئەوەندە خۆگریش نەبوو، بەڵام هەردووکیان بیریان لە یەک شت دەکردەوە، یەکێکیان هەستی بە سەربڵندی دەکرد ئەوەکەی تر حەزی دەکرد سەری بڵند بێت، دواجار زۆر لە یەکتر نزیک بوونەوە، تا ئێستا کە دەیانبینی.

بەڕێز لۆکوود بینیت، چەندە ئاسان بوو دڵی خاتوو کاسرین ببەیتەوە. بەڵام ئێستا، خۆشحاڵم تۆ هەوڵی بردنەوەی دڵی ئەوت نەدا. تاجی هەموو خۆزگەکانم یەکگرتنەوەی ئەو دوو فریشتەیە بوو. لە ڕۆژی زەماوەندیاندا ئیرەیی بە کەس نابەم: من ئێستا دڵخۆشترین ئافرەتم لە سەرانسەری ئینگلتەڕادا!

## بەشی سی و سێ

لە بەیانی ڕۆژی دواتر، هاریتۆن نەیتوانی بچێتە سەر کارەکانی، بۆیە لە ماڵەوە مایەوە، من زۆرم پێ ناخۆش بوو چونکە خانمەکەی من تووشی گرفت دەبوو گەر تەواوی ئەو ڕۆژە لای ئامۆزاکەی بوایە. کاسرین پێش من هاتە خوارەوە، یەکسەر چووە باخچەکە، لەوێ ئامۆزاکەی بینی هەندێ سووکە کاری دەبرد بەڕێوە، کاتێ چووم بانگم کردن بۆ نانی بەیانی، بینیم کە قەناعەتی بە هاریتۆن کردووە هەموو ئەم ناوە پاک بکاتەوەو بەرنامەیان دانابوو بچن لە گرەنج درەختی جوان بهێنن.

تۆقیم لەو وێرانکارییەی کە بە ماوەی نیو سەعات ڕووی دا، درەختەکانی کشمیشی ڕەش چاوی جۆزیف بوون، کاسرینیش ئەو درەختانەی لە ڕەگ و ڕیشەوە هەڵکێشا و گوڵی نوێی لە شوێن چاندنەوە!!

هاوارم لێ هەستا "ئەوەتا ئەوە هەمووی بە سەرۆک نیشان دەدرێت! هەر لەو دەقەی تۆ هاتیتە نێو باخچەکان هەمووی بۆ دەچێتەوە، باشە چۆن بەرگری لە خۆت دەکەیت و چ پاساوێک دەهێنیتەوە بۆ ئازادکردنی خۆت بۆ نێو باخچەکە؟ ئەم مەسەلەیە دەتەقێتەوە: بزانە چ گۆبەندێکمان پێ ساز دەکەن! نازانم ئەو هاریتۆنە بۆ نەچووە سەر کار و وازی لەو کچە نەهێنا تا کار بەم ڕادەیە گەیشت!"

هاریتۆن بە سەرسامییەوە وتی "لە بیرم چوو کە ئەمانە هی جۆزیفن، بەڵام پێی دەڵێم من ئەم کارەم کردووە. "

ئێمە هەمیشە ژەمەکانمان لەگەڵ بەڕێز هیتکلیف دەخوارد. هەمیشە لە بری کاسرین چایەم ئامادە دەکرد، بۆیە لەسەر مێزەکە زۆر پێویست بووم. عادەتەن



کاسرین لە تەنیشت من دادەنیشت، بەڵام ئەمڕۆ دزەی کردووەتە لای هاریتۆن، تێبینی ئەوەم کرد کە هەموو دوژمنایەتی و ڕقەکەی بەرامبەر بە هاریتۆن گۆڕاوە بە هاوڕێیەتی!

کاتێ چووینە ژوورەوە، بە گوێی کاسرینم چرپاند : ئێستا ئاگەدار بە زۆر قسە لەگەڵ ئامۆزاکەت ناکەیت. زۆر قسە کردنت لەگەڵ ئەو بێگومان بە بەڕێز هیتکلیف تووڕە و بێزار دەکات و بە دەست هەردووکتانەوە شێت و هار دەبێت.

کاسرین وەڵامی دایەوە "نەخێر زۆر قسەی لەگەڵ ناکەم و ئاگەداری خۆم دەبم."

دەقیقەیەک پاشتر، چووە لای هاریتۆن، گوڵی بەهاری لەسەر قاپەکەی دانا.

هاریتۆن نەوێرا لەوێ قسەی لەگەڵ بکات: نەیدەوێرا هەر تەماشاشی بکات، ئیتر کاسرین دەستی بە گاڵتەکردن کرد تا وای لێ هات دوو جاران گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە بە هاریتۆن پێکەنین. من ڕووم لێ گرژ کرد و پاشان کاسرین نیگایەکی سەرۆکی کرد: کە بیری سەرۆک لای هەندێ بابەتی تر بوو نەک دانیشتوانی سەر مێزەکە، هەر کە هاریتۆن دەمی کردەوە کاسی بەردەوام بوو، هەر زۆر لێی چووە پێشەوە. پاشان دەستی کردەوە بە قسە قۆڕەکانی و هاریتۆن دەستی بە پێکەنین کرد. بەڕێز هیتکلیف بە خۆی هاتەوە و چاوەکانی خێرا خزاندە سەر ڕووەکانمان، کاسرین بە بوغز و ڕق و کینەوە سەیری نێو چاوانی کرد ئەمجارە کەڵلە ڕەقیشی پێوە دیار بوو، بۆیە هیتکلیف هار بوو.

هیتکلیف هاواری لێ هەستا "بەختت هەیە لێم نزیک نیت! ئەوە چ شەیتانێکە لە ناخت وات لێ دەکات بەم شێوەیە بە بەردەوامی بەو دوو چاوە دۆزەخییە سەیری من بکەیت! بەسە دووبارە وجوودی خۆت لێرە بە بیر من مەهێنەوە. وامزانی پێکەنینم لە بیر بردیەوە."

هاریتۆن بە منگەوە وتی "هەڵەی من بوو."

سەرۆک پرسیاری کرد "دەڵێی چی؟"

هاریتۆن چاوی خستەوە سەر قاپەکەی بەردەمی و دانپیانانەکەی دووبارە نەکردەوە. بەڕێز هیتکلیف کەمێک سەیری کرد و پاشان بە بێدەنگی دەستی بە نانی بەیانی کرد. لەو دانیشتنەدا هیچی تر پێشبینی بێزاریمان نەکرد: بەڵام کاتێ

جۆزیف لە دەرگاکە دەرکەوت، بە لێوە لەرزیوەکان و چاوە بۆگەنەکانی ئاشکرای کرد کە درەختەکانی دەرەوە هەڵکێشراون. دەبوایە کاسی و ئامۆزاکەی بدیبایە پێش ئەوەی ئاشکرای بکات، بۆ ماوەیەک شەویلاگەکانی وەک مانگا لێک دەنا کاتێ کاوێژ دەکات، دووبارە دەستی بە قسە کردەوە کە بە زەحمەتی هەرئەوەندەی لێ تێگەیشتم: مووچەکەی خۆمم بدەرێ و من لێرە دەڕۆم! سەرۆک مەبەستم هیچ شتێک نییە بەڵام بەرگەی ئەو ناگرم. لە خۆڕا چووە ناو باخچەکە و درەختەکانی هەڵکێشاوە! من لەگەڵ ئەو کارانە ڕا نەهاتووم!

هیتکلیف قسەکانی پێ بڕی و وتی "ئێستا هەی گەمژە پێم بڵێ چیت دەوێ. لە کورتی بیبڕەوە! گرفتت چییە؟ تەداخولی بەینی تۆ و نیڵی ناکەم. نیڵی بۆی هەیە بتخاتە نێو چاڵی خەڵووزەکەوە من پێوەندیم بە سەرەوە نییە."

جۆزیف وەڵامی دایەوە "مەسەلە نیڵی نییە! سوپاس بۆ خوا نیڵی هیچ عەیبی نییە. ئەو هەموو دارەکانی نێو باخچەکەی هەڵکێشاوە، نازانم بۆ چی وای کردووە ..."

بەڕێز هیتکلیف پرسیاری کرد "ئەو گەمژەیە سەرخۆش بووە؟ هاریتۆن هیچ هەڵەیەکت بەرامبەر کردووە؟"

هاریتۆنی گەنج وەڵامی دایەوە "بەڵێ دوو سێ درەختم هەڵکێشاوە. بەڵام دووبارە دەیانچێنمەوە."

سەرۆک پرسی "ئەی باشە بۆ هەڵتکێشان؟"

کاسرین زمانی گەڕا و هاواری لێ هەستا "ویستمان هەندێ گوڵ لەوێ بچێنین. هەموو هەڵەی من بوو چونکە من پێم وت ئەو درەختانە هەڵکێشێت."

خەزوورەکەی بە سەرسامییەوە پرسی "ئەی باشە چ شەیتانێک ڕێگەی بە جەنابت داوە بچینە نێو باخچەکە و دەست لە شتێک بدەیت؟ هاریتۆن، تۆ کێ فەرمانی پێ کردی گوێڕایەڵی بیت؟"

هاریتۆن بێدەنگ بوو، ئامۆزاکەی وەڵامی دایەوە "ناشێ ئەوەندە پارچە زەوییەشمان لێ قەدەغە بکەیت بۆ جوانکاری، پاش ئەوەی ئەو هەموو زەوییەی منت زەوت کردووە بۆ خۆت!"



هیتکلیف وتی "هەی سۆزانی بێ ئەمەک، زەوی تۆ! تۆ هەرگیز بستە زەوییەکت نەبووە"

کاسرین کە گەزەی لە دواهەمین پارووە نانەکەی دەدا، بەردەوام بوو "هەروەها هەموو پارەی منیشت بۆ خۆت بردووە!"

هیتکلیف وتی "بێدەنگ! نانەکەت تەواو کە و لێرە بڕۆ!"

شتە نەقۆرایەکە هەر نەیبڕیەوە "ئەی پارە و زەوی هاریتۆن. ئێستا من و هاریتۆن هاوڕێین، و هەموو شتێکیشی دەربارەی تۆ، پێ دەڵێم!"

سەرۆک شڵەژا: ڕووی زەرد هەڵگەڕا و هەستایەوە، بە ڕقێکی کوشندەوە چاوەکانی لە کاسی بڕی.

کاسرین وتی "گەر لێم بدەیت، ئەوا هاریتۆن هەردوو چاوت دەردێنێت. بۆیە بۆ خۆت دانیشە."

هیتکلیف برووسکە ئاسا وتی "گەر هەر ئێستا هاریتۆن نەتباتە ژوورەکەی خۆت، ئەوا لێی دەدەم تا دەیبەمە نێو دۆزەخ. ئەی جادووکەری نەگریس! چۆن دەتوانی هانی هاریتۆن بدەی دژی من؟ لایبەرە لە بەر چاوم! گوێت لێمە؟ پەلی بگرە و بیبەرە موبەقەکە! ئێڵن گەر ئەم جارە ڕێگەی پێ بدەی بێتە بەرچاوم ئەوا دەیکوژم!"

هاریتۆن هەناسەی لێ بڕابوو هەوڵی دا قەناعەت بە کاسرین بکات لە بەر چاوی نەمێنێت.

هیتکلیف دڕندانە هاواری لێ هەستا "هەر بە ڕاکێش ڕاکێش لایبەرە لە بەر چاوم! ئایا دەمێنیتەوە و قسەی زیاتر دەکەی؟" پاشان چووە پێش تا بۆ خۆی فەرمانەکەی خۆی جێبەجێ بکات.

کاسرین وتی "هەی دڕندە هیچی تر هاریتۆن بە گوێت ناکات. لێرە و پاش بە قەد من ڕقی لە تۆ دەبێتەوە."

هاریتۆن لێی نزیک بووەوە و وتی "بەسە بەسە! گوێت لێ ناگرم بەم شێوەیە قسەی لەگەڵ بکەیت. بڕۆ لێرە."

کاسرین هاواری لێ هەستا "بەڵام تۆ دەبێ نەهێڵیت ئەو لە من بدات، وانییە؟"

هاریتۆن بە جدی وتی "وەرە، باشە، وەرە"

زۆر درەنگ کەوت: هیتکلیف پەلی گرت.

هیتکلیف بە هاریتۆنی وت "ئێستا تۆ بڕۆ! واز لەو جادووکەرە بێنە! ئەمجارەیان وای لێ کردم هیچی تر بەرگەی نەگرم، بۆیە ئێستا وای لێ دەکەم بۆ هەتا هەتایێ ئاقڵ بێت!"

دەستی لە قژی کاسی گیر کرد، هاریتۆن هەوڵی دا نیگاکانی هێور کاتەوە، دڵی هیتکلیفی خۆش دەکرد ئەم جارە ئازاری نەدات. چاوە ڕەشەکانی هیتکلیف ئاگری لێ دەباری، ئامادە بوو کاسرین پارچە پارچە بکات، منیش خۆم ئامادە دەکرد بۆ ئەوەی ڕزگاری بکەم، کاتێ لەپڕا پەنجەکانی لە قژی بەربوون، ئەمجارە چنگی لەسەر و باسکی گرت و ڕووی گرت. پاشان دەستەکانی بە سەر چاوەکانی داهێنا، ساتێک وەستا تا خۆی گورجوگۆڵ بکاتەوە، ئینجا ڕووی لە کاسرین کرد و وتی : تۆ دەبێ فێری ئەوە بیت جارێکی تر بەم شێوەیە لەگەڵم نەجووڵێیتەوە، ئەگینا بەڕاستی بە جارێک دەتکوژم! لەگەڵ خاتوو دین بڕۆ و لەگەڵ ئەو بە، بە گوێی ئەو بکە. سەبارەت بە هاریتۆن ئێرنشۆش گەر بزانم گوێ لە تۆ ڕادەگرێت، ئەوا دەینێرمە ئەو شوێنەی کە نانی خۆی پەیدا بکات! خۆشەویستی تۆ هاریتۆن سەرشۆڕ دەکات و سواڵی پێ دەکات. نیلی بیبە و هەمووتان لێرە بڕۆن، جێم بهێڵن!

خانمە گەنجەکەم بردە دەرەوە: کاسرین زۆر لە هەڵاتنەکەی خۆشحاڵ بوو بەرگە بگرێت، ئەوەکەی تر بەدوایدا کەوت، بەڕێز هیتکلیفیش تا نانی ئێوارە لە ژوورێکدا بوو. ئامۆژگاری کاسیم کرد تا نانی ئێوارە لە سەرەوە بخوات، بەڵام هەر کە کاتێکی دۆزییەوە منی نارد بانگی کاسی بکەم. قسەی لەگەڵ کەسمان نەدەکرد، زۆر کەمی خوارد، پاشان ڕاستەوخۆ چووە دەرەوە، پێ دەچوو تا پێش ئێوارە نەگەڕێتەوە.

کاتێ کە هیتکلیف لە دەرەوە بوو، دوو هاوڕێ نوێیەکە لە نێو خانووەکە هاتنەوە تەک یەک. گوێم لێ بوو کاسرین هانی هاریتۆن دەدا کە هەموو شتێکی بەڕێز هیندلی کە دەکاتە باوکی هاریتۆن ئاشکرا کرد و پێی وت کە خەزوورەکەی چی لەگەڵ باوکی کردووە. هاریتۆن وتی من سەری خۆم بە یەک وشە نایەشێنم لە حزوور سووکاتییەکەی ئەو: ئەوە شەیتانێکە بۆ خۆی، نایسەلمێنێت. کاسرین زۆر زەمی



هیتکلیفی کرد. کاسرین زۆر تووڕە بوو و هانی هاریتۆنی دەدا، بەڵام هاریتۆن بە چەند ڕێگەیەک هێوری دەکردەوە، بە هۆی پرسیاری ئەوەی چۆن ڕێگە بە هیتکلیف دەدات بە خراپە باسی باوکی بکات؟ پاشان کاسی لەوە گەیشت کە هاریتۆن ناوێرێت لە بەردەم هیتکلیف دەم هەڵبڕێت، بەوەشی زانی کە هاریتۆن زۆر بە توندی بەندە بە هیتکلیف کە زەحمەتە ئەو کۆت و زنجیرەی نێوانیان بشکێت، ڕاهاتبوو بە سیفەتە خراپەکانی هیتکلیف، کە دڕندایەتییەکی دەویست تا بەرەنگاری بێتەوە. بۆیە کاسرین لەو ڕووداوە بە دواوە دڵێکی باشی نیشان دا، و ناڕەزایی و دەربڕینە خراپەکانی سەبارەت بە هیتکلیف نەخستە ڕوو و لە لای منیش دانی بەوەنا کە پەشیمانە لەوەی کە ویستی بەینی نێوان هاریتۆن و هیتکلیف بوروژێنێت: ئەوەی ڕاستی بێت باوەڕ ناکەم هەرگیز برگەیەکی لە گۆ هاتبێتە دەر، لەو کاتە بە دواوە لە مەڕ چەوسێنەرەکەی.

کاتێ ئەو سووکە شەڕە قسەیە کۆتایی هات، دووبارە بوونەوە هاوڕێی یەکتر، وەک جاران وەک قوتابی و مامۆستا سەرقاڵی وانەکانی خۆیان بوون. پاش ئەوەی کارەکانی خۆم کرد، هاتمە ژوورەوە لایان دانیشتم. کاتێ سەیرم کردن هەستم بە ئارامی و خۆشی کردو خۆشم نەمزانی کات چۆن بە سەر چوو. دەزانی کە هەردووکیان وەک منالی خۆم حیساب دەکەم: تا ئێستا من شانازیم بە کاسی دەکرد، وا ئێستا هاریتۆنیش سەرم بەرز دەکاتەوە. بە ماوەیەکی زۆر کورت ڕاستگۆیی و گەرمی و زیرەکییەکەی شوێنی کەمتەرخەمی و دەبەنگی و جەربەزەییەکەی گرتەوە کە پێشتر فێری ببوو. ئەمانە هەموو سەرچاوەی دڵسۆزی کاسرین بوون. بیرە ڕۆشنەکەی سیفەتەکانی ڕۆشنکردنەوە، ڕوح و سەربەرزی خستە سەر کەسایەتی: ئەو هاریتۆنەی کە لە کاتی شاد بوونم بە کاسی لە بانەکانی وێزەرینگ زۆر جیاوازە لەگەڵ ئەو هاریتۆنەی ئێستا، زۆر جیاوازە لەو هاریتۆنەی کە لە کراگس بینیمان. کاتێک من پێیان سەرسام بووم، زەردەپەڕ سڕایەوە و تاریک داهات و سەرۆکیش گەڕایەوە. لەپڕا هاتە سەرەوە، لە ڕێگەی پێشەوە هاتە ژوورەوە، چاوی بە هەرسێکمان کەوت، چاوی بە دیمەنێکی سەیر کەوت، هەر ئەوەندە وێڕا گەیشتین کە سەرمان بەرز بکەینەوە و سەیری بکەین. بە خۆمم وت کە هیچ شتێکی خراپیان

نەکردووە، ئیتر پێویست ناکات سەرۆک تووڕە بێت. بڵێسەی ئاگرەکە سەری هەردووکیانی ڕووناک خستە ڕوو، ڕوویان وەک دوو منداڵی بە پەرۆش دەهاتنە بەرچاوان، هەرچەندە هاریتۆن تەمەنی بیست و سێ ساڵ و کاسی هەژدە بوو هەریەکەیان ڕوح و هەستی فێربوون و داهێنانیان تیا بوو، هەردووکیان تا ئەو ساتە نە ئەزموونی باش و نە هەستی پێگەیشتنیان بە خۆوە بینیبوو.

پێکەوە چاوەکانیان بەرز کردەوە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی بەڕێز هیتکلیف: تۆ تا ئێستا سەرنجی ئەوەت نەداوە کە چاوەکانیان پێک دەچێت، چاوی هەردووکیان بە چاوەکانی کاسرین ئێرنشۆ (دایکی کاسی و پووری هاریتۆن) دەچوو. کاسرینی ئێستا هیچی بە کاسرینی دایکی نەدەچوو جگە لە نێوچەوان و کونە لووتە کەوانەییەکەی. بەڵام وێکچوونی هاریتۆن زۆر لەو زیاتر بوو: لە هەموو کاتێکدا تاک بوو، پاشان هەیبەتێکی تایبەتی هەبوو، لە بەر ئەوەی هەستەکانی زەنگ و توانستە ئەقڵییەکانی بێ هێز بوون بۆ هەر چالاکییەک. پێم وایە ئەو وێکچوونە بوو بەڕێز هیتکلیفی بێ چەک کرد: بە تووڕەیییەکی زۆرەوە چووە لای ئاگرەکە، بەڵام خێرا تێهەڵچۆوەو کاتێ سەیری پیاوە گەنجەکەی کرد: یان دەتوانم بڵێم سیفەتی گۆڕی، چونکە هەر لەوێ بوو. کتێبەکەی لە دەستی هاریتۆن وەرگرت و سەیری لاپەڕە کراوەکەی کرد و پاشان بێ قسە دایەوە دەستی، کاسرینی بە لاوە نا: هاریتۆن تۆزێک لە پشتییەوە وەستابوو، هەردووکیان ڕۆیشتن، منیش خەریک بوو بڕۆم، بەڵام پێی وتم دانیشە.

تۆزێک لەو دیمەنە ڕاما، پاشان وتی "ئەنجامێکی سەیرە، ها؟ یاخیبوونێکی پووچە بۆ کارە توندوتیژەکانم؟ ئامێر بە کرێ دەگرم بۆ ڕووخاندنی هەردوو خانووەکە، خۆیشم مەشق دەکەم تا وەک هیراکلسی بە توانا کار بکەم، کاتێکیش هەموو شتێک ئامادە بوو و هاتە ژێر دەسەڵاتی خۆم، ئەو کاتە ویستم دەبێت بۆ ئەوەی هەردوو بنمیچی خانووەکە وێران بکەم! هاوڕێ کۆنەکانم لە منیان نەداوە، ئێستا کاتی خۆیەتی تۆڵەی خۆم لە نوێنەرەکانیان بکەمەوە: دەتوانم ئەوە بکەم، کەسیش ناتوانێت بموەستێنێت. بەڵام سوودەکەی لە کوێوەیە؟ گوێ بە لێدان و کوتان نادەم: ناتوانم خۆم تووشی ئەو ئاریشەیە بکەم دەستم بەرز بکەمەوە! وەک ئەوە وایە کە تەواو ئەو



کاتانە من کرێکاریم کردووە و شکۆمەندی خۆمم بیر چووەتەوە. ئەمە زۆر دوورە لە حاڵەتەکە: توانای ئەوەم لە دەست داوە چێژ لە وێرانکرنی ئەو دووە ببینم، زۆریش بێ تاقەتم ناتوانم تێکیان بشکێنم.

هیتکلیف وتی: نیڵی گۆڕانێکی سەیر بەدی دەکەم. ئێستا لە ژێر سێبەری ئەو گۆڕانە دام. من چی تر خولقی ئەوەم نەماوە لە ژیانی ڕۆژانەمدا بخۆم و بخۆمەوە. ئەو دووەی کە ژوورەکەیان جێهێشت تاکە دوو ئامێرن کە ماددیانە دێنە پێش چاوم، ئەو دەرکەوتنەش ئازار و ئەشکەنجەم دەدەن. قسە لە بارەی کاسرین ناکەم: حەزیش ناکەم بیر بکەمەوە، بەڵام زۆر حەز دەکەم لە بەر چاوم ون ببایە: وجوودی کاسی لەم ماڵە تەنیا هەستەکانم دەشێوێنن. هاریتۆنیش بە شێوەیەکی جیاواز کارم تێ دەکات: ئێستا گەر کارێک بکەم بێ ئەوەی شێت بم ئەوا هەرگیز جارێکی تر نایبینمەوە! ڕەنگە تۆش لەگەڵ ئەو ڕایەی من بیت، کە من وا خەریکە بە دەستیانەوە شێت دەبم. گەر بتوانم وەسفی هەزاران فۆرم و بیرۆکەی ڕابردوو بکەم کە دەستەبەری دەکات. بەڵام ئەوەی پێت دەڵێم لای کەس باسی ناکەیت، زۆریش بیرم لای ئەو بەرنامەیە کە دامناوە، دواجار لە مێشکم دێتە دەر و جێبەجێ دەبێت.

هیتکلیف بەردەوام بوو "پێنج دەقیقە پێش ئێستا هاریتۆنم وەک گەنجێتی خۆم هاتە بەرچاو، نەک وەک مرۆڤێک! بە چەندین ڕێگە هەستم پێی کرد، کە مەحاڵ دەبوو بە شێوەیەکی ئەقڵانی هەوڵی وەستاندنیم دابا. پێش هەموو شتێک، حەز و خۆشەویستی بۆ کاسرین و نزیکبوونەوەیان لە یەکتر ترسێکی شوومی بۆ من پێش هێناوە. ڕەنگە تۆش وا بیر بکەیتەوە ئەوەیان هەموو خەیاڵمی داگیر کردووە، بیر دەکەمەوە: دەبێ دژی من هاوپەیمانێکیان ساز نەکردبێت؟ باشە کاسرین (دایکی کاسرین) چی بەبیر نایەتەوە؟ ناتوانم سەیری ئەو ئەزرە بکەم، بەڵام سیفەتەکانی ئالایەکی سەربەخۆیان دروست کردووە! لە هەموو هەورێکدا، لەسەر هەموو درەختێک - شنەی با بەشەو و ڕۆژ - وێنەی کاسرین چوار دەوریان گرتووم! ئاساییترین ڕووی پیاو و ئافرەت - سیفەتەکانی خۆم - گاڵتە و بەزمم پێ دەکەن. تەواوی جیهان لێم بووەتە دێوەزمەیەک، بووەتە مارێکی درێژ و لە ملم ئالاوە لەوەتەی کاسرینم لە دەست داوە، یان لەوەتەی مردووە! سەرەڕای ئەوەش، ڕووی هاریتۆن بریتی بوو لە تارمایی

خۆشەویستییە نەمرەکەی من، ئەو تارماییە بووەتە دڕک لە خۆشی و ناخۆشی و ئازار و شکۆمەندیم چەقیوە... بەڵام دووبارەکردنەوەی ئەو بیرۆکانە بۆ تۆ زیاتر تووڕەم دەکەن: تەنیا ئەوەت بۆ ڕوون دەکاتەوە کە بۆچی دەبێ من بە تەنیا بم، هاوڕێیەتی لەگەڵ هاریتۆن هیچ سوودی نییە، جگە لە ئازار هیچی تری بۆ من نییە: سەرەڕای هەموو ئەمانەش نازانم بە چ شێوەیەک ئەو هاریتۆنە سەگانییە و ئامۆزاکەی وا سەریان پێکەوەناوە. هیچی تر حەوسەڵەم لەگەڵیان نەماوە! هەموو شتێک دەگۆڕێت!!."

پێ دەچوو لە سەرە خۆی نەمابێت، بۆیە بە پرسیارێک لە دونیای خەیاڵ هێنامەوە "بەڕێز هیتکلیف مەبەستت چییە لە گۆڕان؟" هەرچەندە بە بڕوای خۆم نە مەترسی لە دەستدانی هەستەکانی هەبوو نە ڕوحیشی دەدا: زۆر بەهێز و تەندروست بوو، بەڵام هەر لە مناڵییەوە ئەو کوڕە حەزی بەوە بوو لەسەر شتی ڕەش بگیرسێتەوە، و خەیاڵی سەیر سەیر بکات. جگە لە ترس و خەیاڵ و بیرە ڕەشەکانی، بیروڕای لە هەموو خاڵێکی تر لەگەڵ هی من تێکی دەکردەوە.

وتم "نازانم تا گۆڕانەکە ڕوونەدات، نازانم چییە. ئێستا نیمچە هەستی پێ دەکەم."

پرسیم "خۆ هەست بە هیچ نەخۆشییەک ناکەیت، وا نییە؟"

وەڵامی دایەوە "نەخێر نیلّی، هیچ نەخۆشیم نییە"

بەردەوام بووم "کەواتە لە مردن ناترسیت؟"

وەڵامی دایەوە "ترس لە مردن؟ نەخێر! نە ترسم لە مردن هەیە، نە هەستی پێ دەکەم نە هیواشی بۆ دەخوازم. جا بۆچی لە مردن بترسم؟ من گوزەرانم زۆر باشە، کارێکی زۆر باشم هەیە، هیچ ترس و گومانم نییە، من نامرم تا یەک تاڵە مووی ڕەش بە سەرمەوە مابێت. لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانم لەم بارودۆخەدا بەردەوام بم!! دەبێ هەناسەدان بە بیر خۆم بهێنمەوە، ڕۆژانە لە یادم دەچێت هەناسە بدەم - هەروەها خۆم بە بیر دڵی خۆم دەهێنمەوە بەردەوام بێت لە لێدان و هەر ترپەی بێت!! بەڵام دڵم لە وەڵامدا باز دەدات و دەچەمێتەوە: بە هۆی ئەو ترپانەی دڵمەوەیە بچووکترین کار بێ بیرکردنەوە دەکەم، بە هۆی ئەو ترپانەوە زیندوو و مردووم بۆ لێک جیا ناکرێتەوە، بیرکردنەوەکانم هیچ پەیوەست نین بە جیهانی ڕاستەقینەوە. من ئێستا یەک تاکە



ئاواتم هەیە کە بە هەموو وجوود و توانستمەوە هەوڵ دەدەم ئەو ئاواتەم بهێنمە دی. دەمێکە تەمای ئەو ئەو ئاواتەم هەیە، لەو باوەڕ دام کە بەم زووانە ئەو ئاواتەم دێتە دی - چونکە وا خەریکە بە هەموو گیانمدا ڕۆ دەچێت و سەری لە هەناوی ناوم: وا خەریکە قووتم دەدات، وا خەریکە جێبەجێ دەبێت. دانپیانانەکانم ویژدانمیان ئاسوودە نەکردووە، بەڵام ڕەنگە بمکەن بە قەشمەرجار! ئۆه خوایە! شەڕێکی درێژە، خۆزگە تەواو دەبوو!"

وردە وردە لە ژوورەکە چووە دەرەوە، بە دەم ڕۆیشتنەوە شتی سەیر سەیری لە بەر خۆیدا دووبارە دەکردەوە، بە دەردی جۆزیف وتەنی، باوەڕم کرد کە ویژدانی سەر زەوی لێ کردووەتە دۆزەخ. لە خۆمم پرسی چۆن ئەو کابرایە کۆتای پێ دێت. هەرچەندە پێشتر بە دەگمەن ئەو شتانەی دەدرکاند، تەنانەت بە نیگاکانیشی، ئەوە عادەتی بوو، گومانم لێی نەبوو: بۆ خۆی دووپاتی کردەوە، بەڵام نەک بۆ ڕوحی، هەموو ئەمانە واقیعەکەیان پێ نیشان دەدا. بەڕێز لۆکوود ئەوەت لێ بەدی نەکرد کاتێ بینیت: لەو ساتەی کە من قسە دەکەم، ژیانی وەک جاران بوو، بەڵام زۆر حەزی لە تەنیایی دەکرد، و خۆیشی لە کەس نەدەگەیاند و پێوەندی بە سەر زۆر شتەوە نەبوو.

## بەشی سی و چوار

چەند ڕۆژێک دوای ئەو ئێوارەیە، بەڕێز هیتکلیف هیچی تر لە ژەمەکانیش لەگەڵ ئێمە دانەدەنیشت، هەروەها کاسرین و هاریتۆنیشی لە یەکتر جودا نەدەکردەوە، بەڵام بە هیچ شێوەیەک نەیدەویست چاوی بەو دووانە بکەوێت. ڕقی لە هەستەکانی خۆی دەبووەوە، بۆیە هەمیشە خۆی دەشاردەوە، خۆی ون دەکرد، لە ماوەی بیست و چوار سەعاتدا یەک ژەمی سووکی دەخوارد تەنیا بۆ ئەوەی لە ژیاندا بمێنێت.

شەوێکیان، هەموو نوستبوون، گوێم لێ بوو هیتکلیف چووە خوارەوە و بە دەرگەی پێشەوەدا چووە دەرەوە. بەڵام گوێم لەوە نەبوو بێتەوە ژوورێ، کە ڕۆژ بووەوە هێشتا هەر نەهاتبووەوە. ئەو کاتە لە مانگی چواردا بووین: کەش و هەوا گەرم و خۆش بوو، چیمەنەکان سەوز دەچوونەوە و تیشکی خۆر زۆر بە جوانی دار سێوەکانی دەدرەوشاندنەوە. پاش نانی بەیانی، کاسرین سوور بوو لەسەر ئەوەی کە کورسییەکەم ببەمە ژێر دواهەمین درەختی خانووەکە و لە تەک ئەودا دانیشم و کارەکانیشم بکەم. سەیری هاریتۆنی دەکرد کە بە تەواوی لە ڕووداوەکە چاک بووبووەوە، باخچە خنجیلانەکەی کاسی ڕێک دەخست، کە بە هۆی کاریگەری نارەزاییەکانی جۆزیف باخچەکەی گوێزرایەوە ئەو گۆشەیە. زۆر ئارام و دڵخۆش بووم لە بەر تیشکی خۆری بەهار و ئاسمانی شین بە سەرمەوە. کاسرین تا نزیکی دەروازەی دەرەوە چوو بۆ ئەوەی هەندێ ڕەگی گوڵی بەهار لەوێ بێنێت، بەڵام هەر ئەوەندەم زانی بە هەناسە بڕکێوە هاتەوە و پێی وتین کە بەڕێز هیتکلیف وا دێتەوە ژوورێ. هەروەها ئەوەشی وت کە بە شێوەیەکی شپرزە و شێواو قسەی لەگەڵ کردووە.



هاریتۆن پرسی: ئەی چی وت؟

کاسرین وەڵامی دایەوە: پێی وتم بە زووترین کات لە بەرچاوی ون بم. بەڵام زۆر لە جاران جیاوازتر بوو، ساتێک وەستام سەیرم کرد وەک جاران نەبوو.

هاریتۆن پرسی: چۆن بوو؟

کاسرین وتی: وا دەزانی دڵخۆش و پڕشنگدار بووە. نەخێر، هیچ نەبوو، زۆر وروژابوو، دڕندە و خۆشحاڵ بوو!

بۆ خۆم بیرم کردەوە "کەواتە چوونە دەرەوەی شەوانی دڵخۆشی دەکات!" ئەوەی ڕاستی بێت منیش وەک کاسرین واقم وڕمابوو و قسەکانی ڕاست بوون، نەمدەوێرا دووپاتی قسەکەی کاسرین بکەمەوە، چونکە ئیتر هەلی وەردەگرت و دەستی بە گاڵتە و گەپ و کارەکانی خۆی دەکرد، کە ئەمانەش بۆ ئەو باش نەبوون. بۆیە بە مەبەستی شتێک خۆم گەیاندەوە ژوورێ. هیتکلیف لەدەرگا کراوەکە وەستابوو، ڕەنگ زەرد بوو و هەموو گیانی دەلەرزی: لەگەڵ ئەوەشدا خۆشییەکی سەیر لە چاوەکانی بەدی دەکرا، ئەمە تەواوی ئاکاری ڕووی گۆڕیبوو.

وتم "نانی بەیانی دەخۆیت؟ شەو تا بەیانی لە دەرەوە پیاسەت کردووە، ئێستا برسیت بووە!" دەمویست قسەی لێ دەربینم و بزانم لە کوێ بووە، بەڵام ڕاستەوخۆ ئەو پرسیارەم لێ نەکرد.

سەری نەرێی لەقاند و وتی "نەخێر برسیم نییە." وەک بڵێی دەیزانی دەمەوێ قسەی لێ دەربینم و ئەو هەلە بقۆزمەوە.

شڵەژام: وابزانم کاتی ئەوە نەبوو قسەی لێ دەربینم.

وتم "وابزانم کارێکی دروست نییە لەو ساتانە بچییە دەرەوە، دەبێ لە ناو جێگە بیت، کەش و هەوا تەڕە نابێ لە دەرەوە بیت. وابزانم خراپ سەرمات بووە و تاشت گرتووە: ئێستا گرفتێکت هەیە!"

هیتکلیف وەڵامی دایەوە "هیچ شتێکم نییە کە بەرگەی بگرم. زۆر دڵخۆشم دەکەیت گەر بچییە ژوورەوە و بە تەنیا جێم بێڵی و بێزارم نەکەیت. "

گوێڕایەڵی بووم: کاتێ بە تەنیشتییەوە تێپەڕ بووم گوێم لە هەناسەی بوو، خێرا وەک هەناسەی پشیلە هەناسەی وەردەگرت و دەدایەوە.

بە خۆمم وت "بەڵێ! وابزانم تەواو نەخۆش کەوتووە. سەرم لەوە دەرناچێت ئەو

شەوە لە دەرەوە چی کردووە."

ئەو نیوەڕۆیە لەگەڵ ئێمە دانیشت بۆ نانی نیوەڕۆ، قاپێکی پڕی لە چێشت لە دەست من وەرگرت، وەک بڵێی بیەوێت هیچی تر بەڕۆژوو نەبێت و دەست بە نان خواردن بکاتەوە.

ئێستا وەڵامی قسەکەی بەیانی دامەوە، وتی "نیڵی نە سەرمام بووە و نە تاشم گرتووە. ئێستاش ئامادەم ئەو خواردنەی تۆ بە منت بەخشی بخۆم، چونکە ئەوە کارێکی عادیلانەیە."

دەستی دایە چەقۆ و چەنگاڵەکەی، ویستی دەست بە نان خواردن بکات، دوو پارووە نانی نەخوارد لەپڕا وەستا. چەقۆ و چەنگاڵەکەی لەسەر مێزەکە دانایەوە، زۆر بە پەرۆشەوە سەیری پەنجەرەکەی کرد، پاشان هەستایە سەر پێ و چووە دەرەوە. بینیمان لە باخچەکە دەهات و دەچوو کاتێک ئێمە نانمان دەخوارد، هاریتۆن وتی دەچم پرسیاری لێ دەکەم بۆچی نان ناخوات: وایزانی کە ئێمە بە جۆرێک عاجزمان کردووە. کاتێ ئامۆزاکەی گەڕایەوە، کاسرین پرسی "باشە، دێتەوە نانەکەی بخوات؟"

هاریتۆن وەڵامی دایەوە "نەخێر، چونکە برسی نییە: بە ئاستەم خۆشی پێوە دیار بوو، منیش بێزارم کرد کاتێ دوو جار قسەم لەگەڵ کرد، پاشان پێی وتم کە خێرم دەگاتێ گەر بە جێی بهێڵم: دیار بوو پێی سەیر بوو من چۆن ئاوا ڕووخۆشم لەگەڵ خەڵکی. "

چێشتەکەیم بە قاپەوە لە نێو فڕن دانا بۆ ئەوەی هەر گەرم بێت، پاش سەعاتێک یان دووان هاتەوە ژوورێ، کە هاتە ژوورێ، ژوورەکە زۆر ئارام و هێمن بوو، شتێکم لێ بینی کە زۆر ناسروشتی بوو، بەڵێ زۆر ناسروشتی بوو. خۆشی لە ژێر ئەبرۆ ڕەشەکانیدا دیار بوو، جار جارە بە زەردەخەنەیەک ددانەکانی بە نەرمی بە دیار دەکەوتن، بالای دەلەرییەوە، نەک لە بێهێزی و سەرما بوونەوە بەڵکو لە بزە و خۆشییەوە بالای دەلەرییەوە.

نیازم وا بوو لێی بپرسم مەسەلە چییە، کێ دڵخۆشی کردووە؟ بەڵام دواتر وتم "بەڕێز هیتکلیف هیچ هەواڵی خۆشت گوێ لێ بووە؟ سەیرە ئەمڕۆ دڵت خۆشە!"

وتی "هەواڵی خۆش لە کوێ بێت بۆ من؟ من دڵم خۆشە چونکە برسیمە، خۆشییەکەی لەوەدایە نانم پێ ناخورێت!"



وەڵامم داوە "ئەوەتا نانەکەت هەر ماوە بۆچی ناخۆیت؟"

بە خێرایی بە منگەیەکەوە وتی "ئێستا ناخۆم. تا ئێوارە چاوەڕێ دەکەم. نیڵی جارێکی تر لێت دەپاڕێمەوە و داوات لێ دەکەم کە هاریتۆن و نەقۆراکەی تر ئاگەدار بکەرەوە کە خۆیان بە من نیشان نەدەن و لێم دوور بکەونەوە. نامەوێ کێشە لەگەڵ کەس بنێمەوە: دەمەوێ هەر خۆم بە تەنیا لەم شوێنە بم."

لێم پرسی "ئایا هیچ هۆیەکی نوێ هەیە بۆ ئەو خۆ بە دوور گرتنەی تۆ؟ بەڕێز هیتکلیف پێم بڵێ بۆچی ئاوا نامۆی؟ دوێنێ شەو لە کوێ بوویت؟ ئەو پرسیارانە ناکەم تا بێزارت بکەم، بەڵام.."

بە پێکەنینەوە قسەی پێ بڕیم، وتی "بەڵێ ئەو پرسیارە زۆر من بێزار دەکات. باشە وەڵامت دەدەمەوە. دوێنێ شەو لە بەر دەم دەرگای دۆزەخ بووم. ئەمڕۆ لە بەر دەرگای بەهەشتم. وا چاوم لە سەریەتی: ئەوەتا سێ مەتر ماوە بە خزمەتم بگات! ئێستا تکات لێ دەکەم بڕۆ وازم لێ بێنە! هیچ شتێکت گوێ لێ نابێت بترسێنێت، تکایە وازم لێ بێنن."

ژوورەکە و مێزەکەم پاک کردەوە، زۆر بە شپرزەیی و دوودڵییەوە ڕۆیشتم.

ئەو نیوەڕۆیە لە خانووەکە نەچووە دەرەوە، کەسیش تەنیاییەکەی لێ تێک نەدا، تا سەعات هەشتی ئێوارە، هەرچەندە پێی نەوتبووم بەڵام مۆمێکم هەڵگرت و نانی ئێوارەم بۆ برد. سەری بە پەنجەرەیەکی کراوەدا شۆڕ کردبووەوە، بەڵام سەیری دەرەوەی نەدەکرد: ڕووی لە شوێنە تاریکەکە کردبوو. ئاگرەکە بەس خۆڵەمێش بوو، ژوورەکە زۆر سارد بووبووەوە، بایەکی سارد لە لای دار و درەختەکانی گیمەرتۆنەوە توند هەڵی دەکرد و لە هەموو پەنجەرە کراوەکانی ئەو ژوورەدا دەگیرسانەوە، ئەو ناوەیان زۆر سارد کردبوو. بۆیە پێداهاتم یەک بە یەک پەنجەرەکانم داخستەوە تا گەیشتمە پەنجەرەکەی ئەو.

بۆ ئەوەی بە ئاگای بهێنمەوە، لێم پرسی "ئەو پەنجەرە داخەم؟"

کە قسەم کرد ڕووناکی مۆمەکە دەموچاوی ڕووناک کردەوە. ئای بەڕێز لۆکوود نازانم چۆن باسی ئەو دیمەنە و ئەو ساتە بکەم! نازانم چۆن باسی ئەو چاوە ڕەشە قووڵانە بکەم! باسی ئەو زەردەخەنە و ڕەنگە زەردەی بکەم! لە بەر چاوم بەڕێز هیتکلیف نەبوو بەڵکو جنێک بوو، لە ترسی خۆم، مۆمەکەم بە دیوارەکە وەنا و

کوژایەوە و بە تاریکی لەو ناوە مامەوە.

بە دەنگە ئاشناکەی وەڵامی دایەوە "بەڵێ دایخە. ئەوەتا، ئا لەوێ ئازار و ئەشکەنجەی پاک هەیە! بۆچی مۆمەکەت ئاوا لێ کرد؟ خێرابە، یەکێکی تر بێنە."

بە خێرایی چوومە دەرەوە و بە ترس و تۆقینەوە بە جۆزیفم وت "سەرۆک وتی ئاگرێک بێنە و مۆمەکە داگیرسێنەوە." بە جۆزیفم وت بچێت چونکە من نەوێرام بچم.

جۆزیف ئاگرێکی لە نێو مەشخەڵەکە برد و بەرەو ئەوێ چوو: بەڵام یەکسەر لەگەڵ خۆی هێنایەوە، هەروەها سینی نانی ئێوارەشی لە دەستەکەی تری بوو، وتی بەڕێز هیتکلیف چووە سەر جێگەکەی بۆ ئەوەی بخەوێت و وتیشی هیچ ناخۆم. گوێمان لێ بوو ڕاستەوخۆ بە سەر پەیژەکان کەوت، یەکسەر نەچووە ژوورەکەی خۆی، بەڵکو چووە ئەو ژوورەی کە پێخەفێکی ترسناکی لێ بوو: هەروەکو پێشتر باسم کرد، پەنجەرەی ئەو ژوورە زۆر فراوانە و هەموو کەس دەتوانێت بە نێویدا بچێتە دەرەوە، یان بێتە ژوورەوە، کە ئەو ژوورەی هەڵبژارد زانیم بە نیازە ئەمشەویش بچێتە دەرەوە، ئەو ژوورەشی بۆیە هەڵبژاردبوو تا ئێمە شکی لێ نەکەین شەوانە دەچێتە دەرەوە.

بۆ خۆم بیرم کردەوە "ئەوە دڕندەیە یان خوێنمژە؟" من شتم لەسەر ئەو جۆرە کەسانە خوێندبووەوە. پاشان هەموو ئەو ڕۆژانەم بە بیر هاتنەوە کە چۆن لە منداڵیدا بەخێوم کرد، چاودێریم کرد تا بوو بە گەنج، لە هەموو شوێنێک لەگەڵیدا بووم و بە دوای دەکەوتم. کەچی ئێستا ئاوا ترس و بیم و تۆقینی لێ نیشتووە. کاتێ کە بۆرژام لە خەیاڵما یەکێک پێی دەوتم "باشە ئەو شتە ڕەشە ناشرینە لە کوێوە هاتووە، پیاوێکی باش کاتی خۆی لەگەڵ خۆی هێنایەوە بۆ ماڵی خۆی؟" ئیتر بە چاوێکی خەواڵوو و نیمچە خەونێکەوە بۆ خۆم دایک و باوکێکم بۆ دانا، هەمیشە بیرم دەکردەوە دەبێ لە کوێوە هاتبێت، بە هەموو شێوەیەک سەرم هێنا و برد هەموو ژیانی کوڕەم بە خەیاڵدا هاتەوە تا مردن و تازیەکەشی، نەمزانی ئەو کوڕە لە کوێوە هاتووە. لە خەیاڵما گۆڕلێدەرەکە دەیپرسی بۆ چی ئەو کابرایە هیچ نازناوی باوباپیرانی نییە. نەماندەتوانی تەنانەت تەمەنیشی پێ بڵێین بۆیە تەنیا بە یەک وشە وەڵامی گۆڕ لێدەرمان دایەوە وتمان ناوی "هیتکلیف"ە. ئەو خەیاڵەم ڕاست دەرچوو. ئێمە وامان بە سەر هات. گەر لە لای حەوشەکەوە بێیتە ژوورەوە، لەسەر کێلەکەی



تەنیا ناو و بەرواری مردنەکەی لەسەر نووسراوە.

ئیتر ئەو شەوە تا بەیانی خەوم بە هیتکلیف بینی. بەیانی هەستامەوە و چوومە نێو باخچەکە، زۆر زوو بوو، ویستم بزانم هیچ شتێک یان ئاسەوارێک دیار نییە بە پەنجەرەکەیەوە. هیچ شتێکی لێ نەبوو، نیشانەیەکی لێ نەبوو دەری بخات کە شەو چووبێتە دەرەوە. بە خۆمم وت "دیارە ئەمشەو لە ماڵ نەچووەتە دەرەوە. کەواتە ئەمڕۆ ئاسایی دەبێت." نانی بەیانیم بۆ تەواوی خێزانەکە ئامادە کرد، ئەوە عادەتی خۆم بوو، بەیانیان زوو هەڵدەستام خۆم نانی بەیانیم ئامادە دەکرد، بەڵام بە هاریتۆن و کاسرینم وت کە هی خۆیان لە ژوورێکی تر بخۆن چونکە سەرۆک هیتکلیف دێتە خوارەوە با چاوی پێیان نەکەوێت. بۆیە ئەوانیش نانەکەیان بردە دەرەوە و لە ژێر دارێک دانیشتن، منیش مێزێکی بچووکم بۆ بردن بۆ ئەوەی بە ئیسراحەت نانەکە بخۆن.

کاتێ کە هاتمەوە ژوورێ، بەڕێز هیتکلیفم لە خوارەوە بینی. هیتکلیف و جۆزیف باسی هەندێ کاری نێو کێڵگەکەیان دەکرد، زۆر بە دروستی و ڕەوانی فەرمانی بە جۆزیف کرد، بەڵام بە خێرایی قسەی دەکرد، سەری بە بەردەوامی بە لایەکدا وەردەگێڕا، هەمان دەربڕینی پێشووی هەبوو، تەنانەت بە زیادەشەوە. کاتێ جۆزیف ژوورەکەی جێهێشت، لە هەمان ئەو شوێنە دانیشت کە بە گشتی هەر ئەوێی بۆ دانیشتن هەڵدەبژارد. کووپێک قاوەم لە بەردەمی دانا . هاتە پێشەوە و باسکی لەسەر مێزەکە دانا و سەیری دیواری بەرامبەری دەکرد، بە چاوە ماندووەکانی لەسەر تا خوار سەیری دیوارەکەی دەکرد، پاشان بۆ ماوەی یەک دەقیقە زۆر بە پەرۆشەوە چاوەکانی لەسەر دیوارەکە لەنگەریان گرت.

هەندێ نانم لە بەردەمی دانا و وتم "وەرە تا گەرمە نانەکەت بخۆ: ئەوە سەعاتێکە چاوەڕێت دەکات."

گرنگی بە من نەدا، یان ئەوەتا هەر منی نەدیبوو، زەردەخەنەیەکی گرت. بەڵام لە پێش چاوی من ددانەکانی لێک جیر دەکردنەوە نەک زەردەخەنە.

هاوارم لێ هەستا "بەڕێز هیتکلیف! سەرۆک! وا مەکە توخوا وا مەکە، وا سەیر مەکە وەک بڵێی وێنەیەکی سەیری لەوێیە، چی دەبینی."

هیتکلیف وەڵامی دایەوە "توخوا، وامەکە دەی بەرزتر هاوار بکە. ڕووت وەرگێڕە و

پێم بڵێ، هەر تەنیا خۆمانین؟"

وەڵامم داوە "بێ گومان، هەر تەنێ خۆمانین."

بە دوودڵی گوێڕایەڵی بووم، وەک بڵێی هێشتا بە تەواوی دڵنیا نەبووم کە تەنێ من و ئەوین یان نا. دەستێکی بە مێزەکە داهێنا هەرچی بۆ نانی بەیانی دانرابوو ڕایماڵی، ئیتر سەری بە مێزە بەتاڵەکە کرد و سرتر ڕوانییە شوێنی مەبەستی خۆی.

ئێستا زانیم کە سەیری دیوارەکەی نەدەکرد، هەستم کرد کە سەیری شوێنێک دەکات دوو مەتر لە خۆیەوە دوورە. هەرچییەک بووبێت، دیار بوو بە جۆرێک لە جۆرەکان جارێک بە ئازار و جارێک بە خۆشی پێوەندی لەگەڵ دەکرد. دەنگی لێوە نەدەهات بەڵام لە زمانی سەروفەساڵی ڕا دیار بوو قسە لەگەڵ یەکێک دەکات. شتە خەیاڵییەکەش جێگیر نەبوو: چونکە چاوەکانی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگوێزرایەوە، تەنانەت کاتێ قسەی لەگەڵ من دەکرد هەر جارە و سەیری شوێنێکی دەکرد. کاتێ شتەکانم لە بەردەمی دانایەوە، پێم وت کە شتێک بخوات. ئیتر هۆشی لای من نەبوو، دەستی بۆ نانەکە دەبرد، دەستی بە لایەکی تردا دەچوو، دەستی لەسەر مێزەکە ڕادەگرت، نەیدەزانی بۆ چ مەبەستێک دەستی ڕەوان دەکات. بە ڕای من ئاگای لە خواردن و مێز و من نەبوو.

دواجار ئارامم گرت و دانیشتم، هەوڵم دا ئەو شتە خەیاڵییەی بەرچاوی نەهێڵم. تا لێم تووڕە بوو و هەستایە سەر پێ، لێمی پرسی: بۆچی لێم ناگەڕێیت بە تەنیا نانەکەم قوزەلقورت بکەم؟ بۆیە ئیتر شتەکانم لە پێش دادەنا و دەڕۆیشتم. ئەو وشانەی گوت و خانووەکەی جێهێشت، هێواش هێواش بە نێو باخچەکەدا ڕۆیشت و لە دەروازەکەوە ون بوو.

کات درەنگی داهێنا، ئێوارەیەکی تر هات. نەمدەتوانی تا درەنگ چاوەڕێ بکەم، کاتێکیش تا درەنگ دەمامەوە ئیتر خەوم لێ دەزڕا و نەمدەتوانی بنووم. پاش نیوەی شەو گەڕایەوە، لە بری ئەوەی بچێتە سەر جێگەکەی، لە خوارەوە لە ژوورێکدا خۆی بەند کرد. بۆ ماوەیەک گوێم ڕادێرا، دواجار ماندوو بووم و چوومە ژوورەکەی خۆم. چونکە نەمتوانی لەوێ پاڵ بکەوم، بە سەدان خەیاڵ و بیرکردنەوەی جۆراوجۆر مێشکیان هەراسان کردم.

تەپەی پێی بەڕێز هیتکلیفم ناسییەوە، بە بێ باکی خش خش دەیدا لە ئەرزەکە،





زۆرجار بێدەنگییەکەی دەشکاند بە هۆی ناڵەیەک یان ئارەزوویێکی قووڵەوە. هەمیشە چەند وشەیەکی لە بەر خۆ دووبارە دەکردنەوە، ئەوەی من لێی تێدەگەیشتم تەنیا ناوی کاسرین بوو، لەگەڵ چەند وشەیەک کە دەربڕی ئازار و ئەشکەنجەی ناو ناخی بوو، وەک بڵێی بۆ یەکێکی بەرامبەری قسە دەکات، هێواش و بە جدی قسەی دەکرد، قسەکانیش لە قووڵایی ناخییەوە هەڵدەقوڵان. تاقەتی ئەوەم نەبوو یەکسەر بچمە ژوورەکەی خۆم، بەڵام ویستم لەو خەونەی بە ئاگای بێنمەوە، بۆیە لە لای ئاگردانی موبەقەکە کەوتم. ئەو زووتر لە من بێدار بووەوە. یەکسەر دەرگاکەی کردەوە و وتی "نیلی وەرە بەیانییە، بە ڕووناکییەکەتەوە وەرە ژوورەوە."

وەڵامم داوە "وا سەعات چوار لێی دا. مۆمێکت دەوێ بچییە سەرەوە: دەتوانی یەکێک بەو ئاگرە داگیرسێنی."

وتی "نا، نامەوێ بچمە سەرەوە. وەرە ژوورەوە، ئاگرێکم بۆ بێنە، هەرچییەکت دەوێ لە ژوورەکە ئەنجامی بدەی، سەربەستی."

وتم "دەبێ خەڵووزەکە خۆش بکەمەوە، پێش ئەوەی هیچ شتێک بکەم."

لە هەمان کاتدا هەر دەهات و دەچوو. هەنسکەکانی ئەوەندە بە حەسرەت و گەورە بوون دەرفەتی ئەوەی نەبوو لە نێوان هەنسکەکانەوە هەناسە بدات.

هیتکلیف وتی "کە ڕۆژ بووەوە بە دوای گریینددا دەنێرم. دەمەوێ هەندێ کاری یاساییم بۆ جێبەجێ بکات، چونکە هێشتا لەسەر خۆمم دەتوانم باش بیر لە مەسەلەکان بکەمەوە، ئێستا دەتوانم بە هێمنی کارەکانم بکەم. هێشتا وەسیەتنامەکەم نەنووسیوە، ئەی چۆن موڵکەکەم جێ بهێڵم! ناتوانم ئەو کارە بکەم. خۆزگە هەموو ماڵ و موڵکم لە ناو دەبرد لەسەر ڕووی زەوی."

قسەم پێ بڕی و وتم "بەڕێز هیتکلیف من وا ناڵێم. با وەسیەتنامەکەت بمێنێت: کاتت ماوە تۆبە بکەیت لەو هەموو ناعەدالەتییەی ئەنجامت داوە! هەرگیز باوەڕم نەدەکرد کە تۆ وا شپرزە و پەشۆکاو بیت: هەموو شتێک، موڵک و سەروەت و سامانت سەرچاوەی هەڵەکانی خۆتن. تۆ هۆشت لە خۆ نەبوو ئەو سێ ڕۆژەی ڕابردوو، وەرە هەندێ خواردن بخۆ ئینجا کەمێک پشوو بدە. بڕۆ ئێستا لە بەردەمی ئاوێنەیەک سەیری خۆت بکە، ئینجا دەزانی چەندە پێویستت بە خواردن و پشوودانە. ڕوومەتەکانت لاواز و بەتاڵ بوونە، چاوەکانت زەق، وەک کەسێک کە لە

برسان بمرێت و لە خەوان کوێر بێت."

هیتکلیف وەڵامی دایەوە "ئەوە هەڵەی من نییە کە ناتوانم خواردن بخۆم و پشووش بدەم. دڵنیات دەکەمەوە کە لە دەستی کەسدا نییە. بەم زووانە هەم خواردن دەخۆم و هەمیش بۆ تا هەتایە پشوو دەدەم. بەڵام تۆ قسە لەگەڵ پیاوێک دەکەیت شەڕ لەگەڵ ئاو و خواردن و پشوودان دەکات! دەبێ یەکەم جار بگەمە مەرامی خۆم ئینجا پشوو دەدەم. باشە بیر لە بەڕێز گریین مەکەرەوە: چونکە من هیچ ناعەدالەتیم نەکردووە. بۆیە تۆبەش لە هیچ ناکەم. زۆر زۆر دڵخۆشم، هێشتا بە قەد دڵی خۆم دڵخۆش نیم. خۆشحاڵی ڕوحم وا خەریکە جەستەم دەکوژێت. بەڵام خودی ڕوحم تێر ناکات."

هاوارم لێ هەستا "سەرۆک، تۆ دڵخۆشی؟ دڵخۆشییەکی نامۆیە! گەر منت ئاوا بە تووڕەیی نەدیبا، ئەوا هەندێ ئامۆژگاریم دەکردی کە دڵخۆشتریان کردبای."

پرسی "چ ئامۆژگارییەک؟ دەی بیڵێ."

وتم "بەڕێز هیتکلیف بۆ خۆت باش ئەوە دەزانی کە هەر لە تەمەنی سیانزەساڵییەوە تۆ خۆپەرست ژیاوی و نەبووی بە مەسیحی، لەو کاتەوە هەرگیز ئینجیلێکم بە دەستەوە نەبینیوی. وابزانم ناوەڕۆکی کتێبەکەت لە بیر کردووە، ئێستاش کاتی ئەوەت نەماوە بیخوێنیتەوە. ئایا ناردن بە دوای کەسێکەوە ئازارت پێ ناگەیەنێت - وەزیرێک لە هەر وڵاتێک بێت بە لاتەوە گرنگ نییە - ئازارت پێ ناگەیەنێت ئەوەی بۆ شی بکەیتەوە، نیشانت بدات کە تۆ چەندە دووری و لە شتە پیرۆزەکانیش دوور کەوتییەوە، ئەوەشت پێ نیشان بدات کە تۆ شایەنی بەهەشت نیت، تاوەکو گۆڕانێک ڕوو نەدات پێش ئەوەی دەمریت؟"

هیتکلیف وتی "نیڵی من زیاتر ناچارم تا تووڕە. چونکە ئەو شتانەی تۆ بیرم دەخەیتەوە جەرگبڕن، حەز دەکەم ئێستا بچمە ژێر گڵ و ئێوارەش یەکسەر بۆ حەوشەی کەنیسەکە. گەر پێتان خۆش بێت، تۆ و هاریتۆن لەگەڵم وەرن: دەبێ بە تایبەتی ئاگەداری ئەوە بن کە گۆڕلێدەرەکە ئەوەی پێم وتووە سەبارەت بە دوو کفنەکە جێبەجێی بکات! پێویست ناکات هیچ وەزیرێک بێت، هیچ شتێکیش پێویست ناکات لە سەرم بخوێنرێت - دڵنیات دەکەمەوە من بەهەشتی خۆم بە دەست هێناوە، بەهەشتی ئەوانی تر بێ بەها و ئاشکرایە بۆ من."

بە کوفرەکەی حەپەسام و وتم "با وا دابنێین تۆ بەو کەللە ڕەقییەی خۆت بەردەوام



بووی، بەو شێوەیەش مردی، ئەی ئەگەر قەبووڵیان نەکرد لە زەوی کەنیسە بتنێژن؟ ئەوەت پێ چۆنە؟"

وەڵامی دایەوە "ئەو کارەی ناکەن. گەر واش بکەن ئەوا دەبێ بە نهێنی من لەوێ لابەری، گەر ئەو کارە پشتگوێ بخەیت، ئەوا دەیسەلمێنیت کە مردوو نابێ سووکایەتی پێ بکرێت!"

هەرکە زانی ئەندامانی خێزانەکەی گەڕانەوە یەکسەر چۆوە نێو کونەکەی، ئەوجا ئازادتر هەناسەم دا. بەڵام دوای نیوەڕۆ، کاتێک جۆزیف و هاریتۆن لەسەر کاریان بوون، دیسان هاتە نێو موبەقەکە، بە نیگایەکی دڕندانە پێی وتم بێم لە نێو خانووەکە دانیشم: ویستی یەکێکی لەگەڵ بێت. ڕاشکاوانە پێم وت کە شێوازی قسەکردن و هەڵسوکەوتی زۆری ترساندم، نە حەوسەڵەم هەبوو نە حەزیشم لێ بوو بە تەنیا لەگەڵی بم.

بە پێکەنینێکی پڕ لە خەم وتی "دەزانم تۆ من بە شەیتان دەزانی. هەندێ جار زۆر ترسناکە لە ژێر بنمیچێکی شایستە بژی." پاشان ڕووی خۆی بە ئاڕاستەی کاسرین وەرگێڕا ،کە لەوێ بوو، بە گاڵتەجاڕییەوە وتی "دەبەنگ تۆ دێیت؟ ئازارت نادەم. نەخێر ئازارت نادەم! بۆ تۆ خۆم لە شەیتان خراپتر کردووە. یەکێک هەیە گەر لەگەڵم بێت ناترسێت! بەخوا چیرە، هەی بە نەفرەت بی! گۆشت و خوێنی هیچ کەسێک تەنانەت هی منیش بەرگەی تۆ ناگرێت."

هیچی تر لە هاوڕێیەتی کەس نەپاڕایەوە. کاتێ خۆرئاوا بوو چۆوە ژوورەکەی خۆی. تەواوی شەوەکە تا بەیانی گوێمان لە ئاه و ناڵە و نووزەی بوو. هاریتۆن نیگەران بوو دەیویست بچێتە ژوورەوە، بەڵام پێم وت بچێت دکتۆر کینیس بێنێت و دەبێ بچێتە ژوورەوە و بیبینێت. کاتێ کینیس هات، داوام لێ کرد بچێتە ژوورەوە، کە دەرگاکەم کردەوە، بینیم کە لە ژوورەوە کلیلی داوە، هیتکلیف نەفرەتی لە هەموومان دەکرد. باشتر دەبوو گەر بەتەنیا جێمان هێشتبا، بۆیە دکتۆرەکە ڕۆیشت.

ئێوارەی دواتر زۆر تەڕ بوو: تا کازیوەی بەیانی نم نم باران باری و بەیانی بە نێو خانووەکەدا چووم، بینیم پەنجەرەی سەرۆکم کراوەتەوە، ئەو بارانە بە تەواوی دەهاتە ژوورێ. بەخۆمم وت: ناکرێ لەسەر جێگە بێت: ئەو ئاوە هەموو ژێری تەڕ کردووە. یان ئەوەتا هەستاوە یانیش چووەتە دەرەوە. بەڵام من هیچی تر سەری خۆمی پێوە

نایەشێنم، ئازایانە دەچم تەنیا سەیرێکی دەکەم.

زۆر هەوڵم دا بە کلیلێکی تر دەرگاکە بکەمەوە، سەیری ژوورەوەم کرد، بینیم بەڕێز هیتکلیف لەوێیە لەسەر پشت کەوتووە. چاوەکانی منیان بینی زۆر توند و بە پەرۆش بوون، زۆر ترسام، پاشان زەردەخەنەیەکی هاتێ. بیرم بۆ مردن نەچوو: بەڵام دەموچاو و قورگی بە ئاوی باران شۆرابوونەوە، شتەکانی سەر جێگەکەی تەر ببوون، دەستم گەیاندێ هیچ هەست و خوستی نەبوو. لاچاوێکی هەر لە پەنجەرەکە بوو. دەستێکی شکابوو، هیچ خوێن لە شوێنە شکاوەکەی نەدەهات، کە پەنجەکانم بە دەماری وەنا، ئیتر دڵنیا بووم کە گیانی دەرچووە و مردووە!

پەنجەرەکەم داخستەوە، قژە ڕەش و درێژەکەیم بە سەر نێوچەوانیدا داهێنا. هەوڵم دا چاوەکانی دابخەم، هەرچەندی کردم چاوەکانی دانەخران. دیار بوو گاڵتەیان بە هەوڵەکانی من دەهات، هەروەها لێو و ددانە سپییەکانی گاڵتەیان بە من دەهات! دیسان دەستم کرد بە ترس، وەک ترسنۆکان هاوارم بۆ جۆزیف کرد. جۆزیف سەرکەوت و دەنگی لێوە هات، بەڵام نەیوێرا دەستی بکاتێ.

جۆزیف هاواری لێ هەستا "شەیتانەکە ڕوحی چووە دەر! بزانە بە مردوویش چاوی هەر لە تۆڵەیە! بە مردوویش گاڵتەی بە ئێمە دێت! تاوانباری گەورە چووە ڕێی خۆی!" هەر ئەوەندەم زانی جۆزیف لەسەر ئەژنۆکانی کەوت و دەستی بۆ ئاسمان بەرز کردەوە، دەستی کرد بە سوپاسکردنی خوا کە سەرۆکەکەی بە مافی خۆی گەیشت.

بەو دیمەنە ترسناکە حەپەسام، بە ویستی خۆم نەبوو بیرو هۆشم بۆ جۆرێک لە دڵتەنگییەکی سامناک چوو. بەڵام هاریتۆنی داماو، لە هەموویان زیاتر دەردەسەری بە دەستی هیتکلیف بینی، تاکە کەس بوو کە بەڕاستی ئازاری چەشت. شەوێ تا بەیانی لای تەرمەکە دانیشت، زۆر کوڵ بۆ چەوسێنەرەکەی دەگریا. دەستەکانی لە باوەش دەگرت و ڕووە دڕندانەکەی ماچ دەکرد لە کاتێکدا ئەوانی تر هەموو بە مردوویش لێی دەترسان، کەس لەو باوەڕەدا نەبوو هاریتۆن بەم شێوەیە دڵی بۆ چەوسێنەرەکەی بسووتێت، هەرچەندە مردوو هەر ناخۆشە لە بەر چاوت بێت.

بەڕێز کینیس سەری سوڕمابوو بە شێوەی مردنی سەرۆک. ڕاستییەکەم شاردەوە کە بۆ ماوەی چوار ڕۆژە نانی نەخواردووە، لەوە ترسام ئەوەک گرفتم بۆ بنێتەوە و بڵێت بۆچی نانت نەداوەتێ. دواییش قەناعەتم بەوە هێنا کە بە ئەنقەست نەبوو نانی



نەدەخوارد، بەڵکو دەرەنجامی نەخۆشییەکەی درم بوو.

لە بەر چاوی هەموو دەر و دراوسێکان هەروەکو خۆی دەیویست بە هەمان شێوە ناشتمان. هاریتۆن و من و گۆڕلێدەر و شەش پیاوی دیکە کفنەکەم هەڵگرت، لە تەواوی ئەوانی تر گەیشتین. شەش پیاوەکە ڕۆیشتن کاتێ تەرمەکەیان لەسەر گۆڕەکەی دانا: ئێمە ماینەوە تا دایانپۆشی. هاریتۆن، زۆر دەگریا، چیمەنە سەوزەکەی هەڵدەکەنی و خۆی بە جوانی دایدەنا: دیمەنێکی زۆر هێمن بوو. تەرمەکە دەتوت خەوی لێ کەوتووە! بەڵام گەر پرسیار لە خەڵکی ئەم ناوە بکەیت سوێند بە ئینجیل دەخۆن کە هیتکلیف دەڕوات: هەموو ئەو کەسانەی لێ بوو کە لە نزیک کەنیسە یان لە نێو بەیارەکان چاویان پێ کەوتبوو، تەنانەت ئەوەی لە نێو ئەو خانووەش لەگەڵی دانیشتبوون. چیرۆکی سەیریان لێ دەگێڕایەوە، کە من و تۆ گوێمان لێ نەبووە! ئێستاش ئەو جۆزیفە پیرەی ئێستا وا لە مویەقەکە لای ئاگرەکە دانیشتووە دەڵێت کە دوو کەسی بینیوە کە بە نێو پەنجەرەی ژووری هیتکلیف دەڕوانن لەوەتەی مردووە چاویان هەر لەو پەنجەرەیە - مانگێک پێش ئێستا زۆر شتی سەیر بە سەر من هات. ئێوارەیەک دەچوومە گرەنج - ئێوارەیەکی تاریک بوو، برووسک هەڕەشەی دەکرد - هەرکە سووڕامەوە لە بانەکانی وێزەرینگ، چاوم بە کوڕێک کەوت کە مەڕێک و دوو بەرخی بە پێشە خۆیدا بوو. زۆر بە نامۆیی دەگریا، پێ دەچوو کە بەرخەکان زۆر بزاو بوون و بە ڕێکی نەدەڕۆیشتن.

لێم پرسی "قوتە پیاوەکەی من، مەسەلە چییە؟

بە گریانەوە وتی "ئەوەتا هیتکلیف و ئافرەتێک لە ژێر ئەو درەختەوەن."

من هیچم نەبینی، بەڵام نە بە خۆی و نە مەڕەکەی نەدەڕۆیشتن بۆیە پێم وت کە ڕێگەی خوارەوە بگرێت. دیار بوو تارماییەکانی لە بیرە خۆی بردەوە، بە تەنیا بە نێو بەیارەکاندا چوو، دواتر ون بوو هیچم نەبینی. لەو ساتە بە دواوە ناوێرم بە تاریکی بچمە دەرەوە و زۆریش دەترسێم گەر بە تەنیا لەم خانووە نەگبەتە بم: من لێرە ناتوانم بژیم، زۆر حەز دەکەم، کاسرین و هاریتۆن ئێرە جێ بێڵن و بچینەوە گرەنج.

وتم "کەواتە ئەوان دەچنە گرەنج، وانییە؟"

خاتوو دین وەڵامی دایەوە "بەڵێ. هەرکە بوون بە هاوسەری یەکتر، وابزانم لە سەری ساڵی نوێ زەماوەند دەگێڕن."

وتم "ئەی باشە کێ لە بانەکانی وێزەرینگ دەژیت؟"

خاتوو دین وتی "بۆچی، جۆزیف لەگەڵ کوڕێک لێرە دەمێننەوە، چاودێری خانووەکە دەکەن. ئەوان لە موبەقەکە دەژین و ئەوانی تریش هیچ قسە ناکەن."

وتم "ئەی باشە تارماییەکان چییان بە سەر دێت؟"

نیلّی سەری نەرێی لەقاند و وتی "نەخێر، بەڕێز لۆکوود، من پێم وایە ئێستا مردووەکان لە بەهەشتدان: شتێکی باش نییە بە گاڵتەوە باسی مردووان بکەین."

لەو قسانەدا بووین، دەرگای باخچەکە کرایەوە، هاریتۆن و کاسرین لە پیاسە هاتنەوە.

لە پەنجەرەکەوە ئەوانم بینی و وتم "ئەوانە هاورێی هیچ شتێک نین. پێکەوە تەنها لە دوو شەیتان دەچن."

هەرکە لە دەرگا بەردینەکە نزیک بوونەوە، وەستان بۆ ئەوەی دواهەمین نیگایان پێشکەشی مانگ بکەن، یان ڕاستتر بڵێم لە ژێر ڕۆشنایی مانگ دواهەمین نیگای خۆشەویستی ئاڕاستەی یەکتر بکەن. حەزم لێ بوو من لەگەڵ خاتوو دین نەبینن، بۆیە خۆم کرد بە موبەقەکە، ئەوان هاتنە ژوورەوە منیان نەبینی و جۆزیفیش کە لە موبەقەکە بوو منی نەناسییەوە. ئیتر لە دەرگای پشتەوە بەرەو ماڵ بەڕێ کەوتم.

چوونەوەم بۆ ماڵەوە درێژەی خایاند چونکە بە لای کەنیسەکەدا چوومەوە. کاتێ بە لای دیوارەکانی کەنیسەکەدا ڕۆیشتم هەستم کرد ڕوو لە بۆگەنبوون و وێرانبوونە، تەنانەت لە ماوەی حەوت مانگدا تەواو وێران ببوو: زۆربەی پەنجەرەکان شکابوون، پارچە شووشە لێرەو لەوێ ئەرزیان پۆشیبوو، دیار بوو کە بنمیچەکە دڵۆپەی بارانی پاییزی دەکرد. گەڕام تا سێ کێلم لە لێژایی بەیارەکاندا دۆزییەوە: ئەوەی ناوەڕاستیان ڕەساسی بوو لە نێو بەیارەکاندا ون ببوو: گۆڕی ئێدگار لینتن بە چیمەن داپۆشرابوو، بەڵام هی هیتکلیف گۆڕێکی ڕووت بوو.

لە ژێر ئاسمانی بێ خەم، تۆزێک لای گۆڕەکان مامەوە: سەیری پەپوولەکانم دەکرد لە نێو دارو دەوەنەکاندا باڵە فرکێیان بوو، گوێم لە شنە بایەکی نەرم بوو لە نێو چیمەنەکە، واقم ورمابوو لەوەی کێ بەوە باوەڕ دەکات ئەوانەی لە ژێر ئەو گڵەن ئێستا لە خەوێکی پڕ لە شەڕدا نین!



## پێڕست


بەشی یەکەم ..... 5
بەشی دووەم ..... 12
بەشی سێیەم ..... 25
بەشی چوارەم ..... 41
بەشی پێنجەم ..... 51
بەشی حەوتەم ..... 65
بەشی هەشتەم ..... 79
بەشی نۆیەم ..... 91
بەشی دەیەم ..... 112
بەشی یانزەم ..... 134
بەشی دوانزەم ..... 148
بەشی سیانزەم ..... 165
بەشی چواردەم ..... 178
بەشی پانزەم ..... 190
بەشی شانزەم ..... 200
بەشی حەڤدەم ..... 206
بەشی هەژدەم ..... 227
بەشی نۆزدەم ..... 238
بەشی بیستەم ..... 243
بەشی بیست و یەک ..... 251
بەشی بیست و دوو ..... 272
بەشی بیست و سێ ..... 280
بەشی بیست و چوار ..... 290
بەشی بیست و پێنج ..... 302
بەشی بیست و شەش ..... 307
بەشی بیست و حەوت ..... 313
بەشی بیست و هەشت ..... 328
بەشی بیست و نۆ ..... 337
بەشی سی ..... 344
بەشی سی و یەک ..... 352
بەشی سی و دوو ..... 359
بەشی سی و سێ ..... 371
بەشی سی و چوار ..... 381